تصوير أبو عبد الرحمن الكردي

فەرمانڕەوایانی قۆچی زێڕین

لە سوڵتان سلێمانی قانوونییەوە تا ئەتاتورک

نووسینی: نۆیل باربەر
وەرگێڕانی: ڕێبوار کەریم وەلی

فەرمانڕەوایانی قۆچ زێڕین

لە سوڵتان سلێمانی قانوونییەوە تا ئەتاتورک

■ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی
ت (٢٩٩٩٢)

■ کتێبی ژمارە: (٢١)

■ کتێب: فەرمانڕەوایانی قۆچ زێڕین
لە سوڵتان سلێمانی قانوونییەوە تا ئەتاتورک

■ نووسینی: نۆیل باربەر

■ بەرگ: سەربەست عومەر

■ چاپی یەکەم: هەولێر - ٢٠٠١

■ ژمارەی سپاردن (٣)ی ساڵی ٢٠٠١دراوەتێ.

■ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە / هەولێر

ئەم کتێبە بەو ناونیشانەی خوارەوە. لە لایەن «عەبدولڕەزا هۆشەنگی مەعدەوی»یەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی فارسی

Lorfs of the Golden Horn
by: Noel Barber
First Published 1973 by
Macmillan London, Limited.

پێرست

پێشەکی ٥

بەشی یەکەم: بەرەو دارمان

فەسڵی یەکەم: کۆشکی سوڵتان ١١
فەسڵی دووەم: درزە مەترسیدارەکان ٢٣
فەسڵی سێیەم: فرمانڕەوایی ئافرەتانی حەرەمسەرا ٤٨
فەسڵی چوارەم: سالآنی قەفەس ٦٧
فەسڵی پێنجەم: فرمانڕەوایی وەزیران ٨٣

بەشی دووەم: پیاوە نەخۆشەکی ئەوروپا

فەسڵی شەشەم: سوڵتانەی فەڕەنسایی ١٠٣
فەسڵی حەوتەم: بەرەو کریمە ١٢٤
فەسڵی هەشتەم: شێتەکەی کۆشکی دۆڵمە باخچە ١٣٣
فەسڵی نۆیەم: شاری پیلانگێڕی ١٤٨
فەسڵی دەیەم: ئابلوقەی پلۆنا........................١٦٥
فەسڵی یازدەهەم: کوشتنی نیشتمانپەروەرێک ١٧٩
فەسڵی دوازدەهەم: سەربازی نەبەرد و سوڵتانی مەلعون ١٩٥

بەشی سێیەم: دیکتاتۆرە نوێیەکان

فەسڵی سێزدەهەم: سێیانەی ناپیرۆز ٢١٠
فەسڵی چواردەهەم: یاخی ٢٢٩
فەسڵی پازدەهەم: ئاگرکەوتنەوەکەی ئەزمیر................٢٤٧
فەسڵی شازدەهەم: دیکتاتۆر........................٢٥٥
کۆتایی خەونەکە ٢٧٦
بەڵگەنامەکان ٢٧٨
وێنەکان ٢٨٣

پێشکەشە بە:
دەستەکانی... چاوەکانی ...

وتەیەکی کورت

تاکو ئێستا لە کوردستان، تاکی کورد مێژووی وڵاتانی دەوروبەر؛ تورک، فارس و عەرەب لە روانگەی هەڵوێستی نەتەوەیی کورد [کە بەدرێژایی مێژوو لەلایەن ئەو نەتەوانەوە چەوسێندراوەتەوە] دەخوێننەوە و، زۆرجاریش دەبینین بەچاوی گومان و بەدبینییەوە لە مێژوویان دەڕوانێ. ئەگەر مێژوو بەوە وەربگرین کە بریتیە لەو گۆڕانکارییانەی کە مرۆڤی گەیاندۆتە ئەمڕۆ و، مرۆڤ لە هەر قۆناغێکی دیاریکراو و لە هەر ناوچەیەکدا بەپێی پێکهاتەی نەتەوەیی و نیشتیمانیی ئەو ناوچەیە بەشداریی لە درووستبوونی مێژوو کردووە ، ئەوا ئێمەی کوردیش بەو زوڵم و زۆرداریيەی کە بەدرێژای مێژوو لێمان کراوە، بەشداریمان لە مێژووی ناوچەکە و جیهاندا کردووە و، بۆمان هەیە لە دەریچەی بەرژەوەندییەکانی خۆمانەوە سەیری مێژوو بکەین. ئەمە بەشێکە لە روانگەی ئێمە بۆ تێڕوانینی مێژوو، بەشەکەی تری بەو پێشکەوتنەی کە مرۆڤ بەخۆیەوە بینیوە، گەیشتۆتە قۆناغێک کە پێویستە مرۆڤ لە شوێنی خۆیەوە هەنگاوێکیش ئەولاتر بڕوات و بەچاوی دنیاوە سەیری مێژوو بکات. بۆیە زۆر گرنگە ئێمەی کورد جیا لە روانگەی نەتەوەییمان بۆ مێژووی نەتەوەکانی دەوروبەرمان، بە چاوی دنیا لەو مێژووە بڕوانین و دیوەکەی تری هەقیقەتیش ببینین. میخائیل گۆرباچۆف لە کاتی دەست پێکردنی پرۆستریکا قسەیەکی بەنێوبانگی هەیە و دەڵێ:لەوانەیە هەقیقەت روویەکی لە تۆوە دیاربێت و، تۆ تەنها ئەو رووە دەبینی کە لە تۆوە دیارە، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەنگاوێک ئەولاتریش بڕۆین و رووەکەی تریش ببینین. ئینجا بۆیە ئەگەر ئێمەی کورد بمانەوێ مێژوو بخوێنینەوە دەبێ واقیع بینانە بە مێژووی ناوچەکەدا بچینەوە تاکو باشتر خۆشمان بناسین و باشتر ئەو گۆڕانکارییانە هەڵبسەنگێنین کە بەسەر کورددا هاتوون. زۆر گرنگە مرۆڤ بتوانێ دوژمنەکەی خۆی وەکو ئەوەی کە هەیە ببینێ، نەک وەکو وەک ئەو کەسەی کەخۆمان دەمانەوێ بیبینین؛ چونکە سرووشتی مرۆڤ بە شێوەیەکە کە لە هەڵسەنگاندنی زاڵم دا، ئەو زوڵمەی کە لە مرۆڤ دەکرێ بە سەر هەموو شتێکدا زاڵ دەبێ و ئەمەش رێ لە هەڵسەنگاندنی واقیعیانە دەگرێ. جاری واهەیە دەوڵەت یان لایەنێکی زاڵم لەو پەڕی زۆرداریشدا هەندێ لایەنی ئیجابی هەیە کە ئێمە نەمانتوانیوە بیبینین، یانیش ئەو ئیجابیاتانە ئێمەیان نەگرتۆتەوە.بۆیە ئەگەر ئێمەی کورد بمانەوێ لە مێژووی خۆمان و ناوچەکە بگەین ، پێویستە زۆر بێلایەنانە مل لەبەر وەرگێڕانی مێژووی گەلانی دەوروبەر و تەنانەت جیهانیش بنێین، خۆ ئەگەر بکرێ خەڵکانی خۆشمان دەست بەنوسینەوەی مێژووبکەن، ئەوا کارێکی زۆر باشە. بەڵام بەوەی کە ئەمڕۆ لەبەردەستدایە دەکرێ جارێ تەنها بەوەرگێڕانی لایەنی جیاجیا، هەوڵ بۆ هێنانەکایەی خوێندنەوەی جیاجیا بدەین.

ئەم کتێبەی بەردەستتان کە لە نووسینی نوسەرێکی رۆژئاواییە،باس لە بەسەرهاتی سوڵتانەکانی عوسمانی دەکات لە ماوەی پێنج سەدەدا، کە تێیدا ئەم خەلیفە بەنێو موسڵمانانە وەک نمونەی دڵڕەقی، درۆ، دیکتاتۆرییەت، چەوساندنەوە و زەوتکردنی مافی هاووڵاتیان و ...هتد، خۆیان بەدیار دەخەن. کتێبەکە لە کۆی گشتیدا ، باس لە مێژوویێک دەکات کە بە هۆی کاریگەریی لایەنە جیاجیایە دەرەکی و ناوەکییەکان بەباری نیگەتیڤدا ، پڕە لە کارەسات و مەینەتی؛ ئەو کاریگەرییانەی کە هەموو مێژوونووسێک بە سانایی هەستیان پێناکات و نایانبینێت و هەر ئەم کاریگەرییەتیانەشن کە لە کۆتاییدا فاتیحا بۆ مەرگی گەورەترین ئیمپراتۆرییەتی بە نێو ئیسلامیی جیهان دەخوێنن.

ژیان و بەسەرهاتی(٣٦) سوڵتانی سیلسیلەی عوسمانی کە لە سلێمانی قانوونیی سەرسیلسیلەی

فرمانڕەوایانی (*قۆچی زێڕین- قرن الذهب*)ەوە دەست پێدەکات و لەسولتان عەبدولمەجید دا کۆتاییان پێدێت، لەم کتێبەدا کۆکراوەتەوە. دواتر باسێک لە هاتنی ئەتاتورک و ئەو گۆڕانکارییانە دەکات کە تورکیا لەو ماوەیەدا بەخۆیەوە بینیون.

ئەڵبەتە پێویستە ئەوەش لەیاد نەکرێت کە نووسەر لە هەندێک شوێندا زۆر بە قوڵی بەناخی ڕووداوەکاندا شۆڕ نەبۆتەوە و لە باسکردنی هەندێ شتی لەبابەت کوشتاری ئەرمەنییەکاندا، تەنها پشتی بەو ڕاپۆرت وبەڵگەنامانە بەستووە کە ئەوروپایی و ئەمەریکاییەکان لەو بارەیەوە خستوویانەتە ڕوو.هەروەها باس لە هەندێ دابونەریتی ووەها دەکات کە ڕەنگبێ بۆ ئێمەی رۆژهەڵاتی زۆر جێی سەرنج نەبن، بەڵام پێویستە ئەوەمان لەیاد بێت کە ئەم کتێبە بۆ خوێنەرێکی رۆژئاوایی نوسراوە و، بۆ ئەوان هەموو شتێ تازەیی خۆی هەیەو ئێمەش بۆ کەم نەکردنەوە لە بایەخی کتێبەکە وەکو خۆی وەرمانگێڕاوە و دەستکاریمان نەکردووە. ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی کە لەسەرەتادا مایەی ترس و دڵەڕاوکێیی وڵاتانی ئەوروپایی بوو لە ماوەیەکی کورتدا کەوتە سەر سەراولێژی لەنێوچوون و فەوتانەوە و هەموو هەوڵێکیش بۆ رزگارکردنی لە لەنێوچوون لە گەڵ شکستدا بەرەورووو بۆوە و بەم پێیە دوای دەیان ساڵ لە باڵادەستیی تورکەکان بەسەر بەشێکی گەورەی دنیا، ئەمجارەیان نۆرەی ئەوەبووکە ئیمپراتۆرییەت لە ترسی هێرش و پەلاماری نێچیرەکانی دوێنێ و ڕاوچییەکانی ئەمرۆ، پەنا بەرێتە بەر وڵاتانەوە.

خوێندنەوەی مێژووی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی بۆ ئێمەی کورد زۆر گرنگەو گرنگییەکەش لەوە دایە کە بەر لە هەموو شتێک بەشێک لە میللەتی ئێمە لەگەڵ ئەو ئیمپڕاتۆرییەتەدا ژیاوە و، بۆیە دەبێ بزانین هەیکەل، ئایدۆلۆژیا، ئایین و بەکارهێنانی ئایین لە نێو ئیمپڕاتۆرییەتە چۆن بووە و، ئێمەی کورد وەکو هاوئایینی ئەمانە، چۆن مامەڵەمان لەگەڵدا کراوە، چۆن مامەڵە لەگەڵ گەلان و نەتەوەکانی دیکەی نێو ئیمپڕاتۆرییەتدا کراوە کە لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتەدا بوونە. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین بزووتنەوەیەکی سیاسیی توندڕۆی ئیسلامی لەکوردستان و تێکڕای ناوچەکە هەیە کە زۆر بە سۆزەوە باس لە قۆناغی پڕشنگداری حوکمی ئیسلامییەکان لە ناوچەکە دەکات و مەبەستیشیان لەو حوکمە، قۆناغی دەسەڵاتدارییەتی عوسمانییەکانە.

ئیسلامییەکان ئیدعای ئەوە دەکەن کە لەو قۆناغەدا[سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان]، هیچ زوڵمێک لە نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆرییەت نەکراوە و بۆیە کورد لەو سەردەمەدا هیچ هەست و سۆزێکی نەتەوەیی نەبووەو، هەستی بە جیاوازیی نەتەوەیی لەگەڵ تورکدا نەکردووە. هەربۆیە زۆرجار هەندێ لەو کەسانەی کەدەیانەوێ بە بیروڕای ئیسلامی باس لە مێژوو بکەن، ئەمین زەکی بەگ بەنمونە دێننەوە و دەڵێن کە لە سەرەتای کتێبەکەی خۆی کە لەسەر مێژووی کورد نووسیویەتی، باس لەوە دەکات کە تا سەردەمی کۆماری لە تورکیا، هەستی بەوە نەکردووە کە کوردە یان تورکە.

دیارە ئەوەی هەندێ خاوەنفکری ئیسلامی دەیکەن، هەڵگێڕانەوەی مێژووە؛ چونکە ئەگەر مێژوو بخوێنینەوە زۆر بەروونی دەبینین کە لەدوا قۆناغی بەر لە هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ، چەندین ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی نەتەوەیی کە بەشێکی زۆریان هی کورد بوونە، لەدژی ئەم دەسەڵاتدارانەدا ئەنجامدراوەو، ئەمەش بەڵگەی بوونی فکری قەومییە لە نێو نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆرییەت.

بۆیە ئەگەر خاوەنفکری ئیسلامیی ئەمڕۆ، سوڵتانەکانی عوسمانی، تێڕوانیین و بۆچونەکانیان، شێوەی گرتنەدەستی دەسەڵات [کە لەم کتێبەدا دەبینین چۆن براکانی خۆیان قەتڵوعام کردوون و بەدەیان ساڵ لە قەفەسدا ڕایانگرتوون]، تێڕوانینیان بۆئافرەت[کە هەیانبووە پتر لە ٩٠٠ژنیان هەبووە]، سیاسەت و.....هتدیان بە نمونەی دەسەڵاتی ئیسلامیی نمونەیی بێننەوە، غەدرێکی یەکجار گەورەیان لە ئایینی ئیسلام کردووە.

بەشێکی دیکە لەم کتێبە باس لە قۆناغی کۆماری و سەرهەڵدانی تورکەلاوەکان و ڕووداوەکانی

دوای تێشکانی تورکیا لە جەنگی جیهانیی یەکەم و بەدەرکەوتنی مستەفا کەمال ئەتاتورک دەکات.
قوناغی کۆماری بۆ جارێکی دیکە غەدری لە کورد کرد و لە هەقیقەتدا چ تورکە لاوەکان و چ مستەفا کەمالیش، لە رووی سیاسەتی شۆڤینییانەیان لە هەمبەر کورد و ئەرمەنی [کە دوا نەتەوە بوون کە لە دوای دابەشبوونی میراتی پیاوە نەخۆشەکەی ئەوروپا لەگەڵ تورکیادا مابوونەوە]درێژەپێدەری سیاسەتی عوسمانییەکان بوون، بەلام بە شێوەیەکی مۆدێرنتر.
ئەوان بەبیانووی جیاجیا هەوڵی سرینەوە و لەنێوبردنی ئەو نەتەوانەیان دا. ئەرمەنییەکان کە ژمارەیان کەم بوو بەئاسانی قەتلوعام کران، بەلام کوردەکان کە رەنگبێ لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ژمارەیان نزیکەی (٥) ملیۆن کەس بووبێت، لەنێو بردنی یەکجارەکییان ئاستەم بووە بۆیە نکۆڵی لەبوونیان کراوە و بە تورکی شاخاوی لە قەڵەم دراون.
ئەم قۆناغە لە روویەکی دیکەشەوە بۆ ئێمە گرنگە کە ببینین هەرکاتێ ناسیۆنالیزمی دەوروبەرمان ویستبێتیان توانیبێتی خۆی کۆی کاتەوە ، لەسەر حیسابی ئیمە بووە.
لایەنی دیکەی ئەم قۆناغە بریتیە لەوەی کە کەمالیزم کۆتایی بە دەسەلاتدارییتی پاشکەوتوو و نەگونجاو لە گەڵ سەردەمی عوسمانییەکان، هێنا.راستە کە حوکمی کۆماری لەسەرەتادا دیکتاتۆرانە جولایەوە، بەلام نابێ باس لەو راستییەش نەکەین کە هەر ئەو حوکم و ئەو قۆناغە بوو کە سەرەتاکانی بە مەدەنی بوونی هێنایە نێو کۆمەڵگای تورکی. ئەم تورکیایەی کە ئەمرۆ دەیبینین راستە لە رووی هەڵوێست لە گەڵ کورددا حکومەتێکە کە دان بەبوونی نەتەوەی کورد دانانێت، بەلام هەر ئەم تورکیایە لە بەشە تورکەکەیدا کۆمەڵگایەکی شارستانی و پێشکەوتووە کە بە هیچ شێوەیەک نکۆڵی لێ ناکرێ.
ئەمەی ئەمرۆ لە تورکیا هەیە تەجرەبەیەکی نوێیە بۆ بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگای رۆژهەلاتی و، کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی کۆمەڵگای رۆژهەلاتی بەسەر تەکنۆلۆژیا، پێشکەوتن، دیموکراسی سیاسی و تەنانەت پێرەوکردنی بەشێکی زۆر لە مافەکانی مرۆڤ بە تایبەت بە بەشداری پێکردنی ئافرەت لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و...هتد.
تورکەکان بە فرێدانی بەشێکی زۆر لەو دابونەریتانەی کە رێگر بوون لە بەردەم پێشکەوتنیان، توانییان لەچاو ولاتانی دەوروبەریاندا بگەنە ئاستێکی وەها کە بەهیچ شێوەیەک لە گەڵ ئاستی دواکەوتوو و لەپاشی ولاتانی دەوروبەردا بەراورد ناکرێ. تورکیا لە رووی سیستەمی کۆمەلایەتی و سیاسی[بۆ تورکەکان] ، بازاڕی ئازاد، نزیکبوونەوە لە ئەوروپا، گەلێ هەنگاوی مەزنی هاویشتووە و گەلێ قۆناغی لە رووی مەدەنییەتەوە بڕیووە کە لە ولاتانی دەوروبەر و تەنانەت لە نێو ئێمەی کوردیشدا، ئەو قۆناغانە بەشێکن لە بەرنامەی سیاسیی بزووتنەوەی سیاسی بۆ گۆرانکارییەکان. ئەمە ئەوە دەردەخات کە تورکەکان لە پێشەوەن، بۆیە دەبێ ئەم لەپێشەوە بوونە بەدوور لە بەرچاوتەنگیی نەتەوەیی دیراسەت بکرێ و، لایەنە ئیجابییەکانی لێی بکۆڵدرێتەوە. بۆیە بۆ تەواوکردنی زانیارییەکان، پێویستە خوێنەر قۆناغەکانی پێش وپاش ئەو سەردەمەی کە ئەم کتێبە باسیان لێوە دەکات بخوێنێتەوە.
ئەو کەموکورتییەی کە ئەمرۆ بەرۆشنفکری کوردەوە دیارە ئەوەیە کە راستە رەنگبێ مێژووی جیهان بزانێت، بەلام بەوردی مێژووی رۆژهەلات و ئەو ناوچەیەی نەخوێندۆتەوە کە خۆی تێیدا دەژییەت. بۆیە دیسان پێویستە لە رووی وەرگێرانی مێژووەوە بایەخێکی یەکجار زۆر بە مێژووی گەلانی دەوروبەر بدرێت.
لە کۆتایشدا ئەوەندە دەڵێین: راستە هیند و پاکستانییەکان لە دژی دەسەلاتی کۆلۆنیالیستییانەی بەریتانیاییەکان دەجەنگان و بە سەربەخۆیی ولاتەکانیان خوێنیان دەبەخشی، بەلام ئەوە قەت بە مانای ئەوە نەبوو کە ئەوان نکۆڵی لە فەرهەنگ، مێژوو، کلتور و مەزنیی بەریتانیاییەکان بکەن.


داڕمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی
١٦٨٣-١٩١٢
سنوورەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵی ١٦٩٩
ئەو ناوچانەی لەلایەن وڵاتانی بیانییەوە دەستیان بەسەرداگیرا، یان ئەوەتا کەوتنە ژێر چاودێرییەوە
ئۆتریش
ڕوسیا
بەریتانیا
فەرەنسا
وڵاتانی سەربەخۆ
ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٢
میل
٢٠
٤٠٠
ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا
دەریای قەزوین
تەفلیس
گورجیا
تاران
ئێران
سعودیە
حیجاز
مەککە
عەدەن
کەنداو
بەسرە
دیجلە
دیمەشق
قودس
سینا
میسر
سودان
لیبیا ١٩١٢
سیرنائیکا
بەنغازی
تەرابلوس
تونس
جەزائیر ١٨٨٣
ئیسپانیا
مەدرید
فەرەنسا
شکستی تورکەکان ١٦٨٣
ڤیێنا
ئۆتریش
ڕۆمانیا
بولغاریا
سربستان ١٨٧٨
مۆنتینیگرۆ
تورکیای ئەورووپا
یونان
١٨٣٠
کریت
قوبرس
١٧٨٧
دەریای سپی ناوەڕاست
ئەنقەرە
تورکیا
دەریای ڕەش
سیباستۆپۆل
باتوم
١٧٠٢
١٨٥٩
١٧٨٤
١٧٨٣

بەشی یەکەم

ساڵانی دارمان

فەسڵی یەکەم

کۆشکی سوڵتان

لەساڵەکانی نێوەڕاستی سەدەی شانزدەهەم، کە ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی لەو پەڕی شان و شکۆی خۆی دابوو و، سنورەکانی لەدەروازەکانی ڤییەنناوە تا یەمەن و عەدەن و لە سنورەکانی ئێرانەوە تا شاری ئۆران لە رۆژئاوای ئەلجەزایر درێژەیان هەبوو و، سوڵتان سلێمان فرمانڕەوایی بەسەر شەش لەسەیرو سەمەرەکانی دنیادا دەکرد، هیچ شارێ لەڕووی شان وشکۆوە خۆی لەقەرەی قوستەنتەنییە نەدەدا و لەنێو ئەو شارەیشدا هیچ جێگەیەک لەدنیادا وەک ئەو دنیا داخراوەی کە لەودیوی (بابی هومایون) بوو و، پێیدەگوترا کۆشکی سوڵتان، نەبوو.
دیوارەکانی ئەم قەڵا مەزنە، بەسەر دەریای مەرمەڕەو کەنداوی داردانێڵ دا دەیانڕوانی و بەو پێنج هەزار کەسە دانیشتووەی نێویەوە، بەشارێک لەنێو پایتەختدا لەقەڵەم دەدرا کە (بابی سەعادەت) ناو جەرگەکەی و، لە هەمانکاتدا حەرەمسەرای سوڵتانیش بوو. واتا ئەو شوێنەی کە سەدان کەنیزەک و کۆیلەی جوانکیلەی تێدا دەژیان و لەلایەن خواجەسەرایانی ورگ ئەستوور و ڕوومەت لۆچاوییەوە، شەو و رۆژ ئێشکەیان لێدەگیرا.
لەو سەردەمەدا، قوستەنتەنییەش بەجوانترین شاری جیهان لەقەڵەم دەدرا. لەو شارەدا کە لەسەر حەوت گردی نێوان گەرووی بسفۆڕ و دەریای مەرمەڕە و کەنداوی داردانێڵ بنیادنراوە، دیمەنی دەریای شین و دارستانە لێژەکانی داری کاج و خانووە یەک نهۆمەکانی گەڕەکی قەرەباڵغی «پڕا» هارمۆنیەکی سەیریان خوڵقاندبوو و، دیمەنێکی یەکجار جوانی هەبوو. ئەم شارە شارێکی نێودەوڵەتی بوو و، تێیدا ئۆسقۆفی کەلیسای ئۆرتۆدۆکس لەنزیک تەویلەی سوڵتان کە (٤٠٠) سەر ئەسپی تێدا راگیرابوو، مەراسیمی ئایینیی بەرپادەکرد. لەبازاڕە سەرداپۆشراوەکەیدا(قەیسەری)، یەهودی و عەرەبە مەغرەبییەکان کە لەدەست ئیسپانیای فەردیناند و ئیزابێل رایانکردبوو و، پەنایان هێنابۆبەر ئەوێ، لەتەک یەکتریدا کاریان دەکرد. لەولای بازاڕ، سربەکان لە گەڕەکێکدا دەژیان کە بەحەسرەتی شارەکەیان نێویان نابوو(بەلگراد).
بەربەر و رەش پێستەکانی ئەفریقاو خەڵکانی کەنارەکانی دەریای سوور،

بەپاسەوانی لەو عەمبارانەوە خەریکبوون ،کە لە رۆخ دەریا بینادنرابوون و دەرمان و عاج و قوماشی ئاوریشمیی هاوردەی ولآتانی دوردەستیان تێدا کۆکرابۆوە.

لەو شارەدا نەتەوە و رەگەزەو نەژادی جۆراجۆر لەژێر یاسا توونددەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، بەیەکەوەو، لە ئاشتی و ئارامیدا دەژیان. رەنگبێ یادگارەکانی ئیمپراتۆرییەتی لەدەستچووی بیزانس، کە هێشتا لە شێوەی گۆرەپانی ئەسپ تاودان و کەلیساکانی ئەیاسۆفیا و ئیرنی پیرۆز و عەمباراوی هەزار ستوندا مابوونەوە، لەوبەینەدا رۆلیان هەبوو. لە کۆلآنە تەنگ وباریک وپڕ لە قوڕو چلپاوەکانی شارو، خانووە بناغەسست و دارینەکانی، کە بەبلێسە ئاگرێک ئامادەی رمان و لەناوچوون بوون، دەنگی ژیانی ئەو هاوولآتیانە دەبیستـرا کە رەنگی پێستیان وەک جلەکانیان لێکدی جیاواز بوون، بەلآم دانیشتوانی کۆشکی سولتان کە لەنێو پارکە پانو بەرین و، ئەو ڤێللا شکۆدارانەی کە دەیانڕوانیە سەر دەریاو جەنگەڵە لێژەکانی کاج دا دەژیان، هیچیان نەدەبیست.

کۆشکی سولتان دنیایەکی داخراو بوو کە لەسەرانسەریدا، گومەزی زێڕین و منارەی نوک تیژی بڵیند هەبوون و بێبشەی دارسنەوبەرەکان، کەپر، کۆشک و ڤێللاکانی بەدیواری مەرمەڕو کاشیکراوی رەنگاورەنگ وبریسکەدار، رەونەق و شکۆیەکی تایبەتییان هەبوو.

بێدەنگییەکی تەواو بەسەر گۆلە دەستکرد و گوڵزارە پڕ لە گۆڵی تێکەڵ بەبۆنی چیمەنە سەوزەکان و درەختەبەردارەکان و کۆلە گوڵە رۆزەکاندا زاڵ بوو و، تەنها دەنگی سەدان نافورەی نێو حەوزەکان سنوری ئەو بێدەنگییەیان دەبەزاند.

لەنیوەی یەکەمی سەدەی شانزدەهەمدا، ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەوپەڕی شان و شکۆو مەزنی دابوو و، بەر لەوەی بکەوێتە سەرسەراولێژی لەنێوچوون و پارچە پارچەبوون، هیچ پاشایەتییەک لەدنیادا خۆی لەقەرەنەدەداو، بۆ ماوەیەکی درێژ حوکمی بەسەر بەشێک لەم دنیایەی ئەمڕۆدا دەکرد. هەرچەندە لەو سەردەمەدا، ئەورووپاش لەچەرخی زێڕینی رێنیسانسدا دەژیاو لەشان و شکۆ بێ بەش نەبوو؛ لەوکاتەدا، (ڤایسیلی ئیڤانۆڤیچ)ی شازادەی مەزنی مۆسکو، خەریکی بنیادنانی بناغەی ئیمپراتۆرییەتێکی مەزن بوو، پاپ لیۆنی دەیەم، شاری رۆمای کردبوو بە (باخی رۆشنبیران)، هانری هەشتەم لەبەریتانیاو شارلی پێنجەم کە بەشارلکن بەنێوبانگ بوو، بەسەر ئیسپانیا و فرانسوای یەکەم بەسەر فەرەنسادا حوکمیان دەگێرا.

لەباشوری ئەورووپاش و لە کۆماری ڤینیز، کە بەدەروازەی ئەورووپا بەسەر رۆژهەلآت لەقەڵەم دەدرا (گریتی) کە نازناوی دۆچەی هەبوو، فرمانڕەوایی دەکرد. هێشتا پتر لە سی ساڵ بەسەر دۆزینەوەی ئەمەریکا لەلایەن کریستۆف کۆڵۆمبسەوە تێنەپەڕی بوو.

ئەورووپا لە خەوی هەزار ساڵەی سەدەکانی ناوەڕاست بەخەبەر هاتبوو و، دەستی کردبوو بە پێکهێنانی یەکەم کەشتی گەلی جەنگی و بازرگانی و، یەکەم سوپای رێکخراو و جێگیری دروست کردبوو، کە دەیانتوانی لە گۆرەپانەکانی شەڕدا

تۆپخانه بەکار بێنن. بەلام سەرەڕای ئەمە، سولتان سلێمان لەگۆڕەپانی شەڕدا بەسەر هەموو ئەو ولاتانەدا زاڵ بوو و، لەنێوخۆی ولاتەکەشی دا، بەیارمەتی میعمارە بەناوبانگەکەی کە نێوی (سینان)بوو، بەدرووستکردنی مزگەوت، قوتابخانەو نەخۆشخانەی ئەوتۆوە خەریکبوو کە لەڕووی هونەری بیناسازییەوە خۆیان لە قەرەی کاری وەستا بەنێوبانگەکانی ئەوروپا دەدا.

لەو سەردەمەدا، (مایکل ئانجیلۆ) لەهەوڵی درووستکردنی گومەزی کەلیسای سەنپییێری رۆما بوو و، فرانسوای یەکەمیش دەستی بە نۆژنکردنەوەی کۆنە کۆشکی لۆڤەر کردبوو.

سەرەڕای ئەوەی کە سلێمان سەرکردایەتیی سێزدە جەنگی کردبوو، بواری ئەوەی پەیداکردبوو کە کۆمەڵە یاسایەکی پێشکەوتوو پیادە بکات و راسپێردراوانی گەندەڵی دەوڵەت و، لەوانە یەکێ لە زاواکانی خۆی لەسەر بنەمای ئەو یاسایانە لە سێدارە بدات. سلێمان، وردبینانە ودەست پێگرتووانە، خەزێنەی ولاتە پان و بەرینەکەی خۆی بەڕێوەدەبردو بەبەردەوامی خەرجییەکانی سوپا پەنجا هەزار کەسییەکەی خۆی دابین دەکرد. حەزێکی بەهێزی بەلای ئەدەبیاتدا هەبوو و، خۆی بە قوتابی ئەرستۆ دەزانی. ئەسکەندەری مەقدۆنی قارەمانی پەسندکراوی ئەوبوو و، لەسەردەمی جەنگدا بیرەوەرییەکانی رۆژانەی خۆی دەنووسییەوە و، لە کاتی ئاشتیشدا شیعری دەگوت.

باڵیۆزی ڤینیز لە قوستەنتەنییە، سولتان سلێمان بەپیاوێکی باڵا بەرزی بەژن باریک، کەسایەتییەکی بەسام، نێوچاوانی درێژ، چاوی رەشی کاریگەر، لووتی چەماوەو سمێلی ئەستوور و ریشی دولک ئاسا کە تا رادەیەک دەمی دادەپۆشی، وەسف کردووە. باڵیۆزی نێوبراو دەڵێ رووخساری خۆڵەمیشی بوو و، دەمی بێ بەزمییایەتییەکی پشتاوپشتی پێوە دیاربوو، کابرایەکی زۆر دلڕەق و پابەند بەپیادەکردنی رۆتین و نەریتەکان بوو بەتایبەت لە مەراسیمی نوێژی هەینی کە شەقامەکانی شار پڕ دەبوو لە حەشامەت؛ لەو رۆژەدا سلێمان خۆی بۆ بەشداریکردن لەو مەراسیمەدا ئامادە دەکرد، کە لە مزگەوتی جامیعی ئەیاسۆفیادا بەرپادەکرا. (چۆخەدار) واتا جل راگری سولتان، پێشتر جلەکانی ئامادەکردو بەبۆنی عود دەیرازاندنەوەو بۆنخۆشی دەکردن.

سلێمان عەبای ئاوریشمی دەپۆشی، کە یەخەو سەردەستەکانی لە کەوڵی قووزی سپی بوو و، مەندیلە هێلکەییەکەی لەسەردەنا کە تەنیشتەکەی بەدەرزییەکی ئەڵماس پەرێکی تاووسی لێندرابوو.

ئەسپە سپییەکەشی بەزین و بەرگ کراوی ئامادەبوو.

لەیەکەم حەوشی کۆشکی سولتان دا کە درێژی دیوارەکانی دەوروبەری دەگەیشتە (٥) کیلۆمەتر، ژمارەیەک لەپیاوانی دەوڵەت کە دەتگوت لەناو کتێبی هەزارو یەک شەو هاتوونەتەدەر، چاوەڕوانی ئەوەبوون کە خواوەندگاریان سواری ئەسپ بێ و، بەو جادە شۆستەیەی کە بەناو ساختومانە تێکەڵ و پێکەڵە دەوڵەتیەکاندا تێپەڕدەبوو، تێپەڕببێت. لەڕۆژی هەینیدا، لەناو ئەو ساختومانانەدا

هیچ جوڵەیەک نەدەبیندرا، بەڵام لەڕۆژانی دیکەی هەفتەدا حەشامەتێکی نزیک بە پێنج هەزار کەسیان لەخۆوە دەگرت. دوای ئەمە، بەرلەوەی بگەیتە دەروازەی (بابی هومایون)، لەلای راستی نانەواخانەو لەلای چەپی عەمبارێکی ئازاڵە (داری قەڵاشکەری)ی لێبوو، کە دەیتوانی باری(٥٠٠) کەشتی لەخۆدا جێ بکاتەوە. پاسەوانانی بیور لەسەرشان، کەقژی دەستکردیان لەسەر بوو و، زوڵفەکانیان لاچاویانی دادەپۆشی بۆ ئەوەی چاویان بەو کەنیزەکانەی حەرەمسەرا نەکەوێ کە بۆ داربردن دەهاتن، لەوێ بەرێز وەستابوون.

باڵیۆزی ڤینیز سەبارەت بە کۆشکی سوڵتان نووسیویەتی:« *وابێ دەچوو کە لەساختومانەکەیدا هیچ جۆرە جوانی و هاوئاهەنگیەک بەکار نەبردرابێت*»، بەڵام ئەم باڵیۆزە بەهەڵەدا چووە، چونکە وەک چۆن حەرەمسەرا بەجەرگەی کۆشکی سوڵتان لەقەڵەم دەدرا، ئاوهاش کۆشکی سوڵتان نێو جەرگەی ئیمپراتۆرییەت و شوێنی دانیشتنی سوڵتان و بارەگای دەسەڵات بوو و، تێکەڵەیەک لەساختومانە دەوڵەتی و دەربارییەکانیان پێک دەهێنا. وەک ئەوەی کۆشکی پاشایەتیی باکینگهام لەگەڵ ساختومانە دەوڵەتییەکانی وایت هاڵ تێکەڵ بە یەکدی بکرێن و بیانخەنە نێو پارکێکی دەورەدراوەوە. لەتەنیشت دەروازەی بابی هومایون، نێردراوانی وڵاتانی سەربە ئیمپراتۆرییەت لەچاوەڕوانی بەجێهێنانی رێزو کڕنۆش بردن و پێشکەشکردنی دیارییەکانیان بە (خەلیفە الله فی الارض) بوون. لەو رۆژە تایبەتییەدا چەند سەرە ئەسپێکی رەسەنی عەرەبی، دووزنجیر فیل، بارێک کەوڵە قووز و سمۆرەی نایاب و گران بەها، زومرڕدێکی بەقەدەر هێلکەی مریشک و گروهێک کیژی سپی پێستی جوانکیلەی چەرکەس پێشکەشی سوڵتان دەکران. لەدوولای رێڕەوی سوڵتان، سەربازانی یەنیچەری کە بەکەسانی هەڵبژاردەی سوپا لەقەڵەم دەدران، بە مەندیلی سپی، ئێلەگی زێردووراو، شەڵواری بەرین و چەکمەی چەرمیی زەردەوە، بەرێز وەستابوون. سوپای یەنیچەری، لەو کوڕە مەسیحییە کەمتەمەنانە پێکدەهات کە ساڵانە لەهەر چوار لای ئیمپڕتۆرایەتی عوسمانیەوە کۆ دەکرانەوەو، لە قوتابخانەی تایبەتدا پەروەردەدەکران و رادەهێندران. باڵیۆزە بیانییەکان، بەجلی ئەرخوانیی سیم دوراو، هاورێ لەگەڵ ئەندامانی باڵیۆزخانەکانیان لە تەنیشت دەروازەی دیوان کە بەسەر حەوشی دووەمدا دەیڕوانی، لە چاوەڕوانی بەجێ هێنانی رێز و ئیحترام بوون.(١)

دەروازەی نێوبراو چەند بورجێک و گومەزی کەللەشەکری شێوەی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپاو زیندانێکی لەخۆوە گرتبوو. لەسەر ئەو دەروازەیە هەندێ نێزەیان چەقاندبوون کە سەری براوی کەسایەتییە پایەبەرزەکانیان پێوەدەکردن تا پێش رووناکی خۆر بگرن و لە قوڵتاییەکانی ئەملاوئەولای دەروازەکەش سەری ئەو کەسانە بەسەر نێزەوە دەکرا کە پلەیان لەپاشا کەمتربوو.

وەزیری گەورە، یان سەرۆک وەزیران لەکاتێکدا کە دوو کەسایەتی پایەبەرز بەجبەی کوڵکی لێوار لە کەوڵی قووز دووراو، بەپێنج هەنگاو لەپێشەوە دەڕۆیشتن و گوپاڵە سەر زیوینەکانی خۆیان لەزەوی دەکوتا، گەیشتە جێ. ئەگەر چی هەر ناو

ناوه سەرۆک وەزیران بەتوندو تیژی و دڵڕەقییەوە لادەدراو یەکێکی دیکەی لەجێ دادەنرا، بەڵام ئامادەبوان بە مەندیلە کەڵلەشەکری شێوەکەی کە زنجیری زێڕ بەولاوئەولایدا شۆڕ ببۆوە، دەیانناسییەوە

نزیکەی هەزار کەس لە کەسایەتییە کەم‌ پایەخترەکانی دیکە، کە پتر بەدەست و پێگرو زیادە لەقەڵەم دەدران و لەوانە تاڵ گرەوە، ئەستێرەناس و دەروێش، رووبەری حەوشی یەکەمیان پڕکردبوو.

تەباخ باشی، لەکاتێکدا کە کڵاوێکی تیژی بوتڵ شێوەی لە سەربوو و، کەوچکێکی گەورەشی لەسەر شان دانابوو، چەک راگرباشی کە شمشێری سوڵتانی لەنێو کالانێکی قەدیفەی سووردا راگرتبوو، راوچی باشی بەکڵاوە قۆچ شێوەکەی کە لەژێری بێگەرد درووستکرابوو، بەرپرسانی بۆن و بەرامەکانی سوڵتان، راسپێردراوانی پارێزگاریکردن لەبولبول و کەنارییەکان و پاسەوانی بازو باڵندە شکارییەکان، لەناو ئەم کۆمەڵە حەشامەتە دادەبیندران.

ئەوکاتە باوی ئەوەبوو دوڕ وگەوهەری بریسکەدار بە مەندیل و کالانی شمشێرەکانەوە بکەن و پەڕی وشترمر لە کڵاوەکانیان وەبدەن و جلی زێڕدووراو و شەڵواری فش و جبەی ئەتڵەس بەسەردەستە و یەخەی لە کەوڵە سمۆرەو قووز بپۆشن. هەموو کەس، بەبێ سێ ودوو دەیتوانی دراوسێیەکەی خۆی لەرێگەی ئەو جلانەوە بناسێ کە بەپێی یاسا لەسەری بوو بیکاتەبەری. بەپێی ئەم یاسایانە شێوەو رەنگی مەندیل و سەردەستەو یەخەی پیاوان دیاریدەکرا. بۆ نموونە وەزیرەکان مەندیلی سەوزو موفتییەکان (پیاوانی ئاینیی) مەندیلی سپی و راسپێردراوانی نێو دەربار مەندیلی سوور و شێخەکان (دادوەران) مەندیلی سپییان لەسەر دەنا.

لەسەرووی هەموو ئەو کەسایەتییە پایەبەرزانە، پیاوێک هەبوو کە جگە لەشەخسی سوڵتان، ئەوانی دیکە هەموو لێیدەترسان و ئەو کابرایەش سەرۆکی خواجە سەرایانی حەرەمسەرا،یان قزڵەر ئاغا (ئاغای کچان- وەرگێر) بوو. ئەم کابرایە دەسەڵات و سامانێکی زۆری هەبوو و، تەنانەت رێگەی پێدرابوو کە هەندێ خوڵام و نۆکەری هەبێت؛ چونکە ئەو کابرایە، بەڕێوەبەرو چاودێری خەرجییەکانی حەرەمسەراو تاکە رێگەی پەیوەندیی حەرەمسەرا بەدنیای دەرەوەوە بوو.

پیاوێکی ناحەز و خەسێندراو بوو. هەیکەل و قیافەیەکی ترسناکی هەبوو و، بەجلە رەسمییەکانی خۆی، کەبریتی بوون لە کراسی ئاوریشمی گوڵدار، پشتێنی پان و جبەیەکی یەخەوسەردەستە لە کەوڵی قووز دووراو کە شاقەلەکانی لەزەوی دەخشان و، کڵاوێکی بەقەدەر کاسەیەکی نەباتی گەورەکە درێژییەکەی دەگەیشتە (٦٠) سانتی مەتر، لەتەنیشت دەروازەی (بابی سەعادەت) وەستابوو. وێڕای ئەو هەموو کەش و فشە، قزڵەرئاغا لەهەڕەتی لاویەتیدا، لەلایەن کۆمەڵێک کۆیلەفرۆشەوە لەیەکێک لە لادێیەکانی ئەفریقا رفێندرابوو و، دواتر خەساندبوویان و بەچەند پیاسترێک وەک خوڵام و نۆکەر فرۆشتبوویان و سەرەڕای ئەو هێزو دەسەڵاتەیش کە لەنێو حەرەمسەرو دەرباری پاشادا هەیبوو، پیاوێکی گەندەڵ و نەخوێندەوارو تووندوتیژبوو. بەهۆی ئەو نوقسانیەی کە لەخۆیدا شک دەبرد، بەشێوەیەکی مەترسی

دار هەوەسبازبوو.
لەکاتێکدا کە ئەفسەرانی پایەبەرزی کۆشکی سەڵتەنەت ؛ کلیلدار باشی، مەتیەرباشی، مەندیل دارباشی و چەک راگرباشی وجل راگرباشی، سلێمانیان لەنێوخۆیان گرتبوو، سوڵتان لەکۆشک هاتەدەر. لەدەوروبەری سوڵتان گروپێک سەرباز بە بەکاربردنی شێوازێکی ساکار، واتا بە لەسەرنانی کڵاوی پەڕ درێژ، سوڵتانیان لە نیگای خەڵکی دەپاراست و بەقەولی باڵیۆزی ڤینیز: *« ئەوان حاڵەتی پەردەیەکی تەنکیان هەبو، کە لە پشتییەوە تەنها بۆ ساتێک مەیسەر بوو روخساری جیدی و عەبووسی سوڵتان ببیندرێت.»*
ورده ورده کەژاوەی سوڵتان بەدەنگی شەپیور و هاواری جارچیان، لە دەروازەی بابی هومایون تێدەپەڕی و دەچووە نێو شەقامە قەرەباڵغەکانی شارەوە. دوو خوڵامی مندالکاری ئەسپ سوار لەپێش کەژاوەی سوڵتانەوە دەرۆیشتن و دوو مەندیلی سوڵتانیان بەدەستەوە گرتبوو و، نیشانی ئەو خەڵکەیان دەدا کە لەو لاو ئەم لای شەقام بەرێز وەستابوون . مەبەستیان لەم کارە ئەوەبوو کە سوڵتان لەکاتی گەیشتنی بۆ مزگەوت یەکێک لەم دووانە سەردەنێ، بەلام زۆرینەی خەڵک ئەم کارەیان بەجۆرێک لەدەربڕینی دڵنەوایی لەلایەن سوڵتانەوە لێکدەدایەوە.
کاتێک کە سوڵتان بەسەربازانی یەنیچەرییەوە گەیشتە مزگەوت، چەکمەکانی داکەندو لەجیاتیان جوتێ پێلاوی قەدیفەی کردەپێ؛ چونکە هیچکەس بۆی نەبوو بەپێلاوەوە بەسەر ئەو فەرشانە بکەوێ کە موسڵمانەکان نوێژیان لەسەر دەکرد. لەوکاتەدا سلێمان لەو پەیژەیە بەسەرکەوت کە دەگەیشتە ئەو ژوورە تایبەتییەی کە بۆ نوێژی سوڵتان دیاریکرابوو و، سەرتاسەریشی بەگوڵ و میوە رازێندرابۆوە.
کاتێ کە مەراسیم کۆتایی پێهات، سوڵتان وەک چۆن هاتبوو ئاوهاش گەڕایەوە کۆشکەکەی تا بەشداری لەمیوانداریی پرشکۆی نانی نیوەڕۆی رۆژی هەینیدا بکات. پتر رۆژانی هەینی میوانان رێگەیان پێدەدرا تا لەگەڵ سوڵتاندا لەسەر یەک مێز نان بخۆن. تەنانەت مێزەکانی خواردنی هانری هەشتەمی پاشای بەریتانیا، کە بەسێ ساڵ لە سلێمان گەورەتربوو، خۆیان لە قەرەی خۆراکە رەنگاورەنگ و جۆراوجۆرەکانی سەر مێزی سوڵتان نەدەدا، کە خۆی لەنزیک بە پەنجا جۆری جیاوازدەدا و بەهۆی دووسەد خزمەتکاری جلی ئاوریشمی سوری یەکدەست لەبەر و کڵاوی سیم دووراو لەسەرەوە دەگەیەندرایە سەر سفرە. ئەم دووسەد کەسە، لە مەتبەخەوە تا هۆڵی نانخواردن بەرێز وەستابوون و ئامادەی خزمەتکردن بوون.
کاتێ کە میوانان دەگەیشتنە ئەو هۆڵی نانخواردنەی کە فەرشی گرانبەهای لێراخرابوو و، دیوارەکانیشی بە پەردەی زێر دووراو رازێندرابۆوە، خزمەتکارە لاوەکان، دەست لەسەر ئەژنۆ، تا بۆیان کرابا دادەهاتنەوەو کڕنۆشیان بۆ دەبردن و بەخێریان دەهێنان. دواتر میوانەکان لەسەر سفرەیەکی گەورە، کە رووپۆشێکی زیوینی لەسەربوو، دادەنیشتن. دەفرەکانی خواردن کە سەرپۆشێکی لبادی رەشی لێوار سپییان لەسەردانرابوو، دەست بەدەست دەگەڕان تا دەگەیشتنە بەردەم سوڵتان و میوانە پایەبەرزەکانی، کە لەلای سەرەوەی سفرەکە دانیشتبوون. تەنها

گۆشتی ئەو ئاژەڵانە دەخورا کە بەنێوی خواو بەشێوەی ئیسلامی سەربڕابوون. بەو مانایەی کە قورگی ئاژەڵەکە بەشێوەیەک ببڕدرێت کە قورگ و دەماری ملی بەتەواوەتی ببڕدرێت. هەرکە نان خواردن کۆتایی پێدەهات، دەفری بەتاڵیان لەکاتێکدا لەسەر پۆشەکەی هەڵگەڕێندرابۆوەوە، دەگەڕاندەوە.

خواردەمەنی و خۆراک لەچوار لای ئیمپراتۆرییەتەوە دەگەیشتە قوستەنتەنییە؛ خورما و هەڵوژەو تەماتە لەمیسرەوە، هەنگوین (کە لەجیاتی شەکر بەکاردەهێندرا) لەدوورگەی کێرت، رۆن لەیۆنان و رۆنەکەرەش کە لە پێستە دابوو، لەرۆمانیاوەو لەرێگەی دەریای رەشەوە دەگەیشتە قوستەنتەنییە. سەدوپەنجا چێشت لێنەر لە (١٠) مەتبەخی گەورەی گومەزداردا، ئارەقە رێژان خەریکی لێنانی گۆشتی دوو سەد سەر مەڕبوون، کە خواردنی سەرەکیی ئەم میواندارییە بوو. نانخواردن زۆربەی کات بەخواردنی هەڵقوم کە بەشیرنەمەنیی بەتام و دڵخوازی تورکەکان لەقەڵەم دەدرا، کۆتایی پێدەهات.

لەگەڵ نان خواردن مەشروباتی روحی نەدەخورایەوە، بەڵام جۆرەها شەربەتی رەنگاورەنگ کە لە پێکی پڕ لە بەفرو سەهۆڵ کرابوون، هەناوی میوانەکانیان فێنک و دەمیان شیرین دەکردن. بەفرو سەهۆڵی نێوبراو لە کێوەکانی ئۆڵۆمپی یۆنانەوە دابین دەکراو، بەسەر پشتی کەرەوە تا مودانیا کە کەوتبۆ سەر لێواری دەریای رەش دەهێندراو، لەوێشەوە بەکەشتی دەهێندرایە قوستەنتەنییە و لەچاڵە بەفرە سرووشتیەکاندا دەپارێزرا.

نیرۆنی ئیمپراتۆری رۆمیش خواردنەوەکانی خۆی بەم شێوەیە فێنک دەکردەوە.

هەزاران کەس لە خزمەتکارانی بچوک ئامادەی بەجێهێنانی بچوکترین خواستی سوڵتان بوون. باخەوان باشی کە کاری میرغەزەبیشی لەئەستۆبوو،سەرکردایەتیی گروهێکی هەزار کەسیی باخەوانانی دەکرد، کە لە کڵاوە لولەک شێوەکانیانەوە بەئاسانی دەناسرانەوە. سەد خۆشنووسی دەربار لە بورجی خۆش نووساندا بەدرێژایی رۆژ خەریکی نووسینەوەی بڕیار و فرمانەکانی سوڵتان بوون کە لەسەر کاغەزی رەنگاورەنگ دەنوسران. هەریەک لە گروهە خزمەتگوزارییەکان ژووری تایبەتیی خۆیان هەبوو؛ لە (٦٠) بەرپرسی راخستنی فەرشەکانەوە بگرە تا (٢٠٠) راسپێردراوی پاراستن و پاسەوانیکردن لە بازەشکارییەکان و (٥٠) شیرینی دروستکەر و ٢٠٠ نانەوا، کە بەکردنی نانی تایبەت بۆ سوڵتان لەئاردی سپی بۆرسەو شیرەوە خەریکبوون، هەر هەموو ژووری تایبەتیی خۆیان هەبوو. هەرکەس بەپێی کارەکەی خۆی رۆژانە بەشە نانی خۆی دەدرایە. بۆ نمونە بەشی هەر پاشایەک دە نان بوو، بەڵام جۆری نانی چینە ناوەندەکان هێندە باش نەبوو؛ چونکە ئاردی سپی بۆرسەیان لەگەڵ ئاردی ناوەندیی یۆنان تێکەڵ بەیەکدی دەکرد و دەیان دانێ، لەکاتێکدا کە فەراش و خزمەتکارەکان تەنها نانی بۆری یۆنانیان دەدرایە.

نانی باش بەرادەیەک لەناو عوسمانیەکاندا بایەخ و بەهای هەبوو کە نانەواکانی قوستەنتەنییە مزگەوتی تایبەتی خۆیان هەبوو و، ساڵی جارێکیش وەک پاداشت دەستێک جلوبەرگیان دەدرایە.

* * *

بێگومـان کـاتێ مـەراسـیـمی نوێژی هەینی تەواودەبوو، سلێـمـان دەحەسـایەوە. هەرچەندە کە ئێمە نازانین پاشماوەی کاتەکەی چۆن بەسەر دەبرد، بەلاّم پێدەچوو لەبەرئەوەی رۆژانی هەینی دیوانی هومایونی(٢) پێک نەدەهێندراو کۆ نەدەبۆوە، لای دەرەوەی بەجێ بێـلێ کـە هیچ ئافـرەتێک مـافی ئەوەی نەبوو پێی تێ بنێ و رووی دەکردە حەرمسەراوە کە تەنها سوڵتان و خواجەسەرایان رێگەیان پێدرابوو بچنە ئەوێوە.

لەپێنج دەرگـای گـەورەوە رێ بۆ حـەرەمـسـەرا هەبوو، بەلاّم دەرگـای سـەرەکی کەوتبۆ حـەوشی دووەمی پشت سـاختـومـانی دیوانەوە. هەروەها دەکرا لە حەوشی سێیەمیشەوە بچیتە نێو حەرەمسەراوە.

دیمەنی ئەم حەوشەیە جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ فەزای نیمچە رەسمیی حەوشی یەکـەم و دووەمـدا هەبوو؛ چونکە لەوێ، واتا لـەودیوی دەروازەی (بابی سـەعـادەت)، لەپڕێکا هەموو شتێ دەگۆڕاو حەوشە بەبەرد فەرش کراوەکان کە لە کارمەند و خزمەتکارەکان جمەیان دەهات، جێی خۆیان دەدا بەباخێکی بەرین کە کۆشکی سوڵتان بەدیوارە مەرمەڕو پەردە زێڕدووراوەکانییەوە، کەوتبۆ ناوەڕاستیەوە. لە گۆشەیەکی حەوشی سێیەمەوە دەرگایەک رووەو جادەی زێڕین دەکرایەوە کە تاکە رێگەی پەیوەندیی نێوان دنیای پیاوان و دنیای ئافرەتان بوو و، ئەویش بریتی بوو لە دالاّنێکی سـەر داپۆشـراو کـە لێوەی دەچوونە ژوورەکـانی شـاژنی دایک و ئەو کەنیزەکانەی کە گەیشتبوونە پلەی هاوسەری سوڵتان. هەروەها مزگەوتی حەرەمسەراش هەر لەسەر ئەو دالاّنەوە بوو.

حەرمسەرای سوڵتان ساختومانێکی هێندە گەورە نەبوو و، بگرە لەچەند ڤیللا و کۆشکێکی بچوک بچوک پێکدەهات کە هەندێکیان تارمەی پڕ لەگوڵ و باخچە و کۆچک و هەیوانیان هەبوو و بەبێ ئەوەی لەپێشترەوە نەخشەی بۆ داڕێژرابێ، تا داوێنی گردەکان و لەوێشەوە تا لێواری دەریا درێژەی هەبوو. لەدەوروبەری کۆشکی گرنگترین ئافرەتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، واتا شاژنی دایک، یان *(سـولـتـان والیده)* بنیادنرابوو.

شـاژنی دایک، فرمانڕەوایی بەسەر حەرەمسەراو چارەنووسی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانیدا دەکرد؛ چونکە سوڵتان دەیتوانی سەدان ژنی مارەکراوی هەبێ، بەلاّم نەیدەتوانی پتر لە دایکێکی هەبێ و پێغەمبەری ئیسلامیش گوتبووی (بەهەشت لەژێر پێی دایکان دایە).

کـاتێ کـە سلێمـان لەسـەر تەختی پاشایەتی دانیشت، شاژنی دایک بەڵێنی وەفادارای و هاوکاری لەتەواوی ئەندامانی حەرەمسەرا وەرگرت و پێگەو دەسەلاّتی خۆیشی پتەوکرد. تەنانەت هاوسەرەکانی سوڵتانیش مافی ئەوەیان نەبوو بەبێ مۆڵەت وەرگرتن، یان وەرگرتنی کاتی چاوپێکەوتنی لەپێشڕا دیاریکراو،شاژنی دایک ببینن و گەورەترین خاتون یان خۆشەویستیرین ژنی سوڵتان نەیدەتوانی لە بەرامبەر ئەودا بەبێ جلی شیاو وبەجێهێنانی نەریتی دیاریکراو بوەستێ و، لەسەری بوو کە

دەستەکانی لەسەرسینگ دانێ وپێی بڵێ *«تاجی سەری ئافرەتانی حیجاب دار»*.

لەسەردەمی کۆنەوە، کە حەرەمسەرا وەک حەساوگەیەک بۆ ئەو جەنگاوەرانەی کە هێندە بە کاروباری جەنگ وسیاسەتەوە خەریک بوون و بواری ئەوەیان نەبوو بەژنەکانیان رابگەنی لێهاتبوو، زنجیرە یاساو نەریتێکی ورد و رێکوپێکی تێدا پیادە دەکرا. جەنگاوەرانی نێوبراو کە ناچار بوون بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ لەماڵەکانیان دووربن، ساناترین رێگەی زیندانیکردنی ئافرەتەکانیان لەوەدا دۆزیبۆوە کە بیان سپێرنە دەست خواجەسەرایان و لەحەرەمسەرادا نیشتەجێیان بکەن. دواتر ئەم رێگە ساناو بە سوودە بەشێوەیەکی پلە بەندکراوی پڕ لەرۆتین، لەکۆشکی پاشایانیش پیادەکرا. ئەم پلەبەندکردنە لە نزمترینی ئەو کەنیزەکانەوە کە دەیان لەژورێک دەنووستن و بەهیوای ئەوەبوون کە بەڵکو رۆژێک بتوانن سەرنجی سوڵتان بۆلای خۆیان راکێشن، دەستی پێدەکرد و تا ژنە قەمپاتمەکان، کە بۆ ماوەیەکی کورت سەرنجی سوڵتانیان بولای خۆیان راکێشابوو، بەلام کە منداڵیان نەببوو وەلاوەنرابوون درێژەی هەبوو و، لە هاوسەرانی رەسمیی سوڵتان، کە ژمارەیان سنورداربوو و بەختیرایی دەکەوتنە بن دەستی (سوڵتان والیدە)وە، کۆتاییان پێدەهات. هاوسەرانی رەسمی سوڵتان پێیان دەگوترا *«سوڵتانە»*(٣)و لەبەر ئەوەی کە منداڵیان ببوو، خانووی تایبەتی و خزمەتکاری خۆیان هەبوو. ژمارەی ئەم ئافرەتانە پتر چوار دانەبوو کە (کوڕ)یان ببوو و، داوتر مامانی کۆشک منداڵەکانی دیکەی لەبەردەبردن.

لەنێوان ئەم چوار سولتانەیەشدا رکابەری و مافی لەپێش بوونێکی توند بەرقەراربوو کە هیچ کامێکیان تەنانەت ئەو ئافرەتەیان کە خاتوونی عەزیزو خۆشەویستی سوڵتانیش بوو، نەیدەتوانی لەسەرووی ئەو ئافرەتانەوە بێت کە بەر لە ئەو منداڵیان ببوو.

هەموو ئەو ئافرەتانە لەسەرەتادا وەک کەنیزەک هاتبوونە نێو کۆشکی سوڵتانی عوسمانییەوەو، دواتر بەبڕینی پلەکان گەیشتبوونە پلەی هاوسەریەتی سوڵتان و بەم پێیە دەتوانین بڵێین سەرجەم سوڵتانەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کوڕی ئەم کەنیزەکانە بوون.

ورده ورده رۆتینی نێو حەرەمسەرا پەرەی سەند و تەنانەت گەیشتە خەوگەی سوڵتانیش؛ ئەو کارانەی کە بۆ هەڵبژاردنی ئافرەتێک دەکران کە تەنها یەک شەو لەگەڵ سوڵتاندا دەنووست، بۆ خەڵکی خوێنگەرم و کەم تەحەمول زۆر ناخۆش بوون. لەبەر ئەوەی کە لەقۆناغی یەکەمدا دەبوایە سوڵتان فرمانەکانی دایکی جێبەجێ بکات تا رێگەی پێ بدات کە کەنیزەکە جوانکیلەکان بەبەردەمی دا تێپەڕن.هەرکاتێ یەکێک لەو کەنیزەکانە سەرنجی سوڵتانی رابکێشابایە، ئەوا بەئیشارەتێک لەڕیز دەریاندێناو دوای ئەمەش چەندین کاتژمێری پێدەچوو تا ئەو کیژەیان بۆ نووستنێکی یەکشەوە لەگەڵ سوڵتاندا ئامادە دەکرد؛ سەرەتا دەیانبردە حەمام و کوڵێکی باشیان بۆ دەکرد و جوان دەیان شێلاو، ئەم کارەیش پتر بەدەستی تاقمە کچێکی جوانکیلەی نێو حەرەمسەرا بەئەنجام دەگەیشت. دواتر تەواوی تووک و مووە

زیادەکانی لەشی کچەیان هەڵدەکەند، بۆدرەو رۆنی بۆن خۆشیان لەلەشی دەسوو، نینۆکەکانیان رەنگ دەکردو سەرتاپای لەشی کچیان بەبۆن ویەرامی وا دەرازاندەوە کە مرۆڤیان پێ مەست دەبوو. بۆ ئەو جێگەیانەش کە عارەقەی دەکرد، خەنەیان بەکاردێناو چاویشیان پڕ لە کل دەکرد.

بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە سوڵتان خاوەنی جوانترین کەنیزەکەکانی ئیمپراتۆرییەت بوو، دەبوایە ئەم کارە زۆر نەخایەنێ و زوو لە رازاندنەوەو جوان کردنی کچە ببنەوە؛ کەچی وانەبوو و، ئەم کارە زۆری دەخایاند. کاتێ کچێکی دەست لێنەدراویان دەنارده ژووری نووستنی سوڵتان، ئافرەتانی حەرەمسەرا بەگەرم و گوڕییەوە تابەیانی لە پشت دەرگەی ژووری نووستنی سوڵتان کۆدەبوونەوەو دوو مۆمی گەورەی بەژن ئاسا تا بەری بەیانی لە ژووری نووستنی سوڵتاندا دادەگیرسێندران. زۆربەی کات، سوڵتان زووتر دەچۆ سەر جێگەو لەگەڵ گزنگی بەیانیشدا لەجێ دەردەچوو و دەچووە گەرماوەوە؛ چونکە بەپێی یەکێ لەفەرموودەکانی پێغەمبەری موسڵمانان پاکوخاوێنی لەباوەڕەوەیە.

گەرماوی تایبەتی سوڵتان لەسێ ژوور پێکدەهات کە دیوارەکانی هەرسێکیان لەبەردی مەڕمەڕ بوو. ژووری یەکەم ئەو شوێنە بوو کە جلیان لێدادەکەندو، دیوارەکانی قولابەو قولفەی زێڕی بەمرواری رازێندراویان لێداکوترا بوو بۆ ئەوەی جلیان پێدابکرێ.

ژووری دووەم واتا سەرشۆر، تەنانەت لەسەردەمی سوڵتان سلێمانیشدا زۆر مۆدێرن بوو و زۆر بە بانیۆکانی ئەمرۆ دەچوو؛ بەو جیاوازییەی کە لە دوولای ژورەکە، کۆسپ وسەکۆ بۆ دانیشتن وپاڵپشت درووستکرابوو. ئاو لە لەگەنێکی مسی دا کە لەژێر حەمامدا دانرابوو گەرم دەکرا و تەنها ئاوی زووڵاڵی کانیاوی تێدەکرا.

کاتێ کە سوڵتان خەریکی خۆ شوردن بوو، کچە لاوەکە جلو بەرگی سوڵتانی دەپشکنی و چی لە گیرفانەکانیدا دۆزیبایەوە، بۆ خۆی هەڵدەگرت و ئەمەش لەلایەن سوڵتانەوە رێگەی پێدرابوو تا هاوسەرانی یەک شەوەی چییان مەبەست با لەگەڵ خۆیاندا بیانبردبایە.

ئەوجا مێژوو و کاتی خەوتنی کیژەکە لەگەڵ سوڵتاندا بەوردی لە دەفتەرێکدا تۆمار دەکرا؛ بۆ ئەوەی ئەگەر دوای نۆ مانگ منداڵێکی بووبایە جێی هیچ گومان و شوبهەیەک نەبێ. دواتر کچە دەگەڕێندرایەوە ژوورەکەی خۆی و ئەگەر نەیتوانیبا کوڕێکی ببێت ، ئەوا رەنگبوو هەرگیز نەتوانێ جارێکی دیکە بە دیداری سوڵتان شاد بێتەوە.

ئەم مەراسیمە بەلای خاتوو (فرانسیس ئەلیۆت)ەوە هێندە جوان و شاعیرانە بووە، کە لە کتێبی *«بیرەوەرییەکانی ئافرەتێکی بێکار لە قوستەنتەنییەدا»* نووسیویەتی: *«دەبوایە قزلەر ئاغا؛ ئەو خولامەڕەش و قەڵەوەی کە سەرتاپای لەشی لەژێرو ئاڵتوونی جۆراوجۆرگیرابوو و لەکاتی رۆیشتندا وەک زەنگۆڵە دەنگیان دەهات، ببینی کە چۆن سەرپەرشتی کاری خواجەسەرایانی دەکرد. یەکێ لە خواجە سەرایان تاقمە شازادە خانمێکی بەرەو کلاسەکانی وانە گوتنەوە رێبەری دەکرد،*

یەکێکی دیکەیان (شاژنی دایک)ی، کە حیجابی ئیسلامی پۆشیبوو و رووخساری نەدەدیتراو کۆمەڵە کەنیزەکێکی بەدواوە بوو، دەبرد لای کورەکەی (سوڵتان). نەفەری سێیەمیان سوڵتانەی ئەورۆژی رووەو حەمام دەبرد و چوارەمینیان چاوەڕێی هاتنی کیژۆڵەی جوانی دیکە بوو تا رێو شوێنی ژیانی نێو حەرەمسەرایان فێر بکات. ئەم کیژە تازەبابەتانەش بۆ ئەوە بوون تا هەر کاتێ سوڵتان لە ئەوانەی نێو حەرەمسەرا بێزار بوو، ئەوا هی تازەی بنێرنە باوەشەوە.

ئەم کچانە پتر ئەلبانی،یۆنانی، چەرکەسی و گورجی بوون کە جاری واهەبوو وەک دیاری پێشکەشی سوڵتان دەکران و سەردەمێک لەلایەن چەتەو رێگرانەوە دزرابوون، یان لەبازارەکانی کۆیلە فرۆشیی ئاسیا کردرابوون. هەموویان سوور و سپیاویان کردبوو و، جلی سەرنجراکێشان پۆشیبوو. لەم دنیا ئەفسووناوییەدا خواجە سەرایان دەسەڵاتیان بەدەستەوەبوو و، بەڕادەی پەرستن سوڵتانیان کە چەند ساڵ جارێ دەگۆڕدرا، خۆش دەویست.»

بەڵام لەڕاستیدا، دیمەنی شاعیرانەی ئەو کەنیزەکە جوانکیلەو بۆنخۆشانەی کە پاڵیان دابووە بالیفە ئەتڵەسەکان، پڕبوو لە خەم و دەرد، جگە لەوانەی کە شانسیان هەبوو و، توانیبوویان سەرنجی سوڵتان بۆلای خۆی راکێشن، ژیانی ئەوانی دیکە لەسەریەک شێوەو پڕبوو لە دووبارەبوونەوە. هەندێکیان بەشدارییان لەپیلان و نەخشەکاندا دەکرد و تەنها ژمارەیەکی کەمیان کەبەپەنجەی دەست دەژمێردران و لەوانی دیکە بەرزەفڕتربوون، دەرفەتی ئەوەیان پەیدا دەکرد کە لاقیان بگاتە ژووری نووستن و باوەشی سوڵتان. ژیانی بێ پیاوی و بێبەش بوونیان لەزۆرشتی پێویست دەبووە هۆی پەیوەندی جنسی تایبەت لەنێوانیاندا و تەنانەت جاری واهەبوو عەشقبازییان لەگەڵ خواجەسەرایاندا دەکرد؛ بۆیە هەر ناو ناوە حەکیمی کۆشک ناچاربوو بەوردی خواجەسەرایەکان بپشکنێ تا دڵنیابێ لەوەی کە خەساون و پیاوەتییان تێدانەماوە. وێڕای خواجەسەرایان، خولامە منداڵکارەکانی حەرەمسەراش جێی سەرنجی ئافرەتانی حەرەمسەرابوون؛ ئەو هەرزەکارو مێرد منداڵانە بەوردی پەروەردە کرابوون و هەمیشە جلی ئەتڵەسی بریسکەداریان دەپۆشی و ناوی لەبابەت گوڵەسوورە، مێخەک،سونبول و نێرگزیان لێنابوون.

رەنگبوو خواجەسەرایان و مێرد منداڵان توانیبێتیان تارادەیەک ئارەزووەکانی ئافرەتانی حەرەمسەرا دابمرکێنن، بەڵام ئەوان پتر ئاسانترین وباوترین رێگەیان هەڵدەبژارد کە بریتی بوو لە هاوجنسبازی و دوو ئافرەت یەکترییان دادەمرکاند.

(*ئۆتاویانوبۆن*)ی باڵوێزی ڤینیز لە قوستەنتەنییە، باس لە «کچە لاوە دڵڕفێن و هەوەسبازەکانی حەرەمسەرا» دەکات و نووسیویەتی: « *هیچکەس مافی ئەوەی نیە کەرەستەی خۆ راحەت کردنیان بخاتە بەردەست. بۆ نمونە کاتێ حەزیان لەخواردنی خەیار بێت، ئەوا خەیارەکەیان بەوردکراوی دەدەنێ نەبادا بەخەیاری ساغ خۆیان راحەت بکەن.*»

ئافرەتانی حەرەمسەرا،کە هەرلەبنەڕەتدا لەژیانی ئاسایی بێبەش بوون، ئەودەمە ژیان تەنگی پێ هەڵدەچنین و ناڕەحەتییان دەگەیشتە لووتکە، کە ئاغاو خاوەنەکەیان

دەمرد، یان لەسەڵتەنەت لادەدرا. لەو کاتەدا سوڵتانی نوێ دەسبەجێ تەواوی ئەو کەنیزەکانەی کە هی سوڵتانی بەر لە خۆی بوون، دەناردە کۆشکێکی دوور کە پتر بەشوێنی حەسانەوەی ئافرەتە خانەنشینکراوەکان دەچوو تا کۆشک؛ تورکەکان پێیان دەگوت :(کۆشکی فرمێسک). جاری واش هەبوو سوڵتانی نوێ یەکێک لە خاتوونەکانی پێشووی بەپاشایەکی خۆشبەختی جێی سەرنجی خۆی دەبەخشی، بەڵام ئەوانی دیکە مەجبوربوون ڕۆژانی دیکەی تەمەنیان لەوپەڕی نائومێدی و بێ هیواییدا بەسەربەرن.

* * *

حەرەمسەرای سوڵتان سلێمانی خاوەنشکۆ، (٣٠٠) کەنیزەکی تێدابوو کە لە کۆمەڵە ساختومانێکی تێکەڵو پێکەڵدا دەژیان. هەریەک لەم کچە لاوانە فێری ئەوەکرابوون کە چیبکەن بۆ ئەوەی بتوانن ببنە جێی سەرنجی سوڵتان و هەمووشیان شانازییان بەوەوە دەکرد کە توانیبوویان لەگەڵ سوڵتاندا بخەون.
لەگەڵ ئەوەشدا حەرەمسەرا گرفتێکی تایبەتی بۆ سوڵتان خوڵقاند، کە ئەگەر بابو باپیرانی سوڵتان زیندوو بانایە، ڕەنگبوو سەریان سوڕبمێنێ و، تەنانەت لێشی بەقین دابچن. مەسەلەکە ئەوەبوو کە هەرکە کەنیزەکی یەکەم سەرنجی سوڵتانی ڕاکێشاو کوڕو جێنشینێکی بۆ سوڵتان هێنایە دنیاوە و بەسوڵتانەی یەکەم بەناویانگ بوو، کەنیزەکێکی ڕوسی کە تازە دەستگیرابوو، پێشکەشی سوڵتان کرا.
دوای نۆمانگ کچە ڕوسییەکە کوڕێکی بوو و، بەم پێیە بوو بەسوڵتانەی دووەم. لەو مێژووە بەولاوە سوڵتان سلێمان سەیری ڕووی کەسی نەکردو تا ئەو دەمەی کە ئەم ئافرەتە زیندوو بوو، پێی وەفادارما. ئەم جۆرە عەشق و وەفادارییە، کە لەوسەردەمەدا تەنانەت بە خەیاڵیشدا نەدەهات، یەکەم درزی خستە نێو بەرەبابی عوسمانییەوە و، وردە وردە ئەم درزە هێندە پەرەی سەند کە بناغەی مەزنترین ئیمپراتۆرییەتی سەر ڕووی زەویی هەڵتەکاندو بنەماکانیی سست و لاوازکرد.

* * *

فەسڵی دووەم

درزە مەترسیدارەکان

سلێمان لەساڵی ١٥٢٠ (٩٢٦ـی کۆچی)، لەتەمەنی (٢٦) ساڵیدا لەسەر تەختی سەڵتەنەت دانیشت و سێ هۆکاری گرنگ لە دەستپێکی موبارەکی گرتنە دەستی دەسەلاتدا یارمەتیان دا. یەکێکیان ئەوەبوو کە ئەو تاقە کوڕی سەلیم بوو و، لەم رووەوە لە یاسای براکوژی بەدووربوو، کە ببووە هۆی ئەوەی یەکێ لەباپیرەکانی دووبراو هەشت برازای خۆ بکوژێ تا بتوانێ بەبێ رکابەر دەسەلات بگێڕێ. دووەمیان ئەوەبوو کە وێڕای ئەوەی کە باوکی بەکابرایەکی (دڵڕەق) بەنێوبانگ بوو، بەڵام لەهەمانکاتدا بابایەکی روناکبیر بوو کە بۆ ماوەی (١٦) ساڵ سلێمانی لەکاری سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵات بەردابوو. سێیەمیان لەو سەردەمە پڕ لە فێڵ و پیلان گێڕییەدا، خاوەنی برادەرێک بوو کە هەموان ئارەزووی ئەوەیان دەکرد برادەرێکی ئاوهایان هەبێ.

ئەم کابرایە پێیدەگوترا ئیبراهیم و یۆنانیەکی مەسیحی بوو، کە لەشاری پارگای سەرلێواری دەریای ئیونی لەدایک ببوو، لەلایەن کۆمەڵێک چەتەی دەریاییەوە دزرابوو و، وەک خولام بەبێوەژنێکی تورک فرۆشرابوو. ئەم ئافرەتە وا شێت و شەیدای ببوو کە مۆسیقاو فەلسەفە و زمانەبیانیەکانی فێرکردبوو؛ بەشێوەیەک کە ئیبراهیم زۆر بەئاسانی دەیتوانی بەتورکی و فارسی و یۆنانی وئیتالیایی قسە بکات.

سلێمان لە تەمەنی نەوجەوانیدا بۆ یەکەمجار ئیبراهیمی بینی بوو و، لەنووسینگەی خۆیدا کاری پێراسپاردبوو. ئیبراهیم، بە تەمەن ساڵێک لە سلێمان گەورەتربوو. باڵای لە ئاستی ئاسایی کورتتر و رووخسارێکی کەرەن زەر وکراوەی هەبوو و، بەردەوام خەندەی لەسەر لێوان بوو. ئاشکرایە کە کاتێ سلێمان چووە سەر تەخت و بوو بە سوڵتان، ئیبراهیمیش قاچی گەیشتە کۆشکی سوڵتان و ئەم دووانە وەک دوو دۆستی هەمیشەیی مانەوە؛ بەیەکەوەنانیان دەخوارد، سواری قایەغ دەبوون و لەکاتی جەنگیشدا لەیەک چادرو تەنانەت لەسەر یەک جێ دەنووستن. لەبەرئەوەشە کە هەندێ لەمێژوونووسان پێیانوایە پەیوەندیی جنسی یان لەنێوانیاندا هەبووە. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە کارێکی وا لەو سەردەمەدا شتێکی ئاسایی بووەو بەقەدەر ئێستا بە ناماقوڵ و دوور لەڕەوشت لەقەڵەم نەدەدرا.

ئیبراهیم برادەرێکی وەفادارو راوێژکارێکی بەنرخ بوو کە لە هەندێ بواردا

لەئاغـاکەی خـۆی شـارەزاتر و تـەنانـەت لێـهاتووتریش بـوو. ئەو بەکاری بێ بایەخی لەبابەت قوشچی (باڵندەڕاگر) و سەرۆکی منداڵەکەم تەمەنەکانی نێو کۆشک دەستی پێکرد، بەڵام لەمـاوەی سێ سـاڵ دا سـەرەتا بوو بـەسـەرۆکی پاسـەوانانـی خـەوگـەی سـەڵتـەنەتی، والی، وەزیرو دواتریش بوو بە سەرۆک وەزیران. تەنانەت لەڕوانگەی ئەو یاسـایانەی کـە لـەنێـو ئیـمـپـڕاتۆرییـەتی عـوسـمـانـی بۆ بەرزبوونەوەی ئاسـتی کاربەدەستی ولێپرسـراویەتی دیاریکرابوون و بەپێی هەوەس و مەیلی سوڵتان بوون، پێشڤەچوونی خێرای ئیبراهیم مایەی سەرسوڕمانی هەموان بوو.

برادەرایەتی نێـوان ئـەم دووانە،کـە لە تەمـەنی لاویەتی دا دەسـتی پێکردبوو، بەتێپەڕبوونی کات وا قوڵ و پتەو ببوو کەهەماهەنگیەکی تەواوی لەگەڵ ئەوکارەدا هەبوو کە سلێمان بە ئیبراهیمی راسپاردبوو.

هەمـوو سـاڵێ هاوینان، کـە سلێـمـان ئەندامـانی کـۆشک و حـەرەمسـەراکـەی دەگواسـتەوە کوێستـانی ئەدیرنە، ڕۆژەکانی خۆی لەگەڵ ئیبراهیم و ژمـارەیەک بازی ڕاوچی، لە ناوچەیەکی بەرینی نیمچە زۆنگاویدا بەسـەردەبردو، بەڕاوی قازو باڵندەی دیکەوە خـەریک دەبوو. سلێـمـان فرمـانی دا بەشـێک لەو زۆنگاوانە وشک بکرێن، لە سـەرلێواری رووبـاری ماریتسـاش باخێکی چەندین کیلۆمەتریی گـەورەیان بنیـادنا و گوڵە سوورەو گوڵی جۆراوجۆرو داری میوەیان تێدا چاند. هەموو عەسران ئیبراهیم لەخێوەتە مـەزنەکەی سوڵتـان دا بەدیداری سلێـمـان شاددەبوو و، جـاری واش هەبوو کە سلێمان سـەردانی ئیبراهیمی دەکردو چێژیان لە ئاوازی مۆسیـقاو شـیعر گوتن دەبرد. تاشل و کوت دەبوون لە ئەدیرنە دەمانەوە و، کاتێ دەگەڕانەوە قوستـەنتەنییە کە *«دەنگی بۆقەکان بێزاریان دەکردن.»*

هەرگیز ئەو دوو برادەرە گیانی بەگیانیـە ئەوەیان بەخەیاڵدا نەهاتبوو کە ڕۆژێک برادەرایەتییـەکەیان لەئاکامی ئیرەیی ئافرەتانی حـەرەمسـەرادا کۆتـایی پێ بێت و کۆتاییەکی وا خـەمناکی هەبێ.

«هاوسـەری یەکـەمـی» سلێمـان ناوی گوڵبـەهـارو خـەڵکی مۆنتینیگرۆ بوو. کاتێ سکی لە سلێـمـان پڕبوو و، مسـتـەفای کوڕی بوو، بەشـێوەیەکی ئۆتۆمـاتیکی پلەی سوڵتـانەی پێ بەخشرا. گوڵبـەهـار وەک هەموو ئافرەتانی دیکە کە مێردێکی عاقڵیان هەیەو چاو لەدەرنیـیـە، لەبارودۆخی خـۆی رازی بوو و، هیـچ گلەیی و گـازندەیەکی ئەوتۆی نەبوو تا ئـەو دەمـەی کـە لەپڕێکا ژیانی هێـمنی حـەرەمسـەرا لەبەر یەک هەڵوەشا.

هێشتا چەند ڕۆژێک بەسەر دانانی ئیبراهیم لەپۆستی سەرۆک وەزیران لە مانگی حوزەیرانی سـاڵی ١٥٢٣ دا، تێنەپەڕی بوو کە کۆماندۆزە تورکەکان لە گالیسی تاقمە ئافـرەتێکیـان بەدیل گرت. لەنـاویاندا کـچێکی روسـی هـەبوو کە لەبەر قـۆشمـەیی و جوانی ناویان نا (خورەم)کە واتاکەی دەیکردە دەم بەبەخـەندە و دایاننا کە بینێرنە حـەرەمسـەرای سـوڵتـان. لە حـەرەمسـەرا لـەبەر ئەوەی کـە روسـی نەژادبوو پێـیـان دەگوت: روکسلانە کە تەحریفی وشەی «روسـی هێلانە» بوو.

روکسـلانە هێندە جـوان نەبوو، بەڵام بەژن و باڵایەکی باریک و سـەرنجڕاکێـشی

هەبوو؛ بەتایبەت لە قسەخۆشی و قۆشمەییدا کە بەخێرایی توانی سۆز و سەرنجی سوڵتان بۆ لای خۆی راکێشێت. لەو پۆرترێتەی (جینتیله بلینی) شێوەکاری ڤنیژی لەروکسلانەی کێشاوەتەوە، روکسلانە بەکوڵمی بەرجەستەو قژی سووری بەم لاو ئەولادا شۆڕبۆوە وە دیارە. چەند ریزە مروارییەکی لە ملەو بالاکەی بەئاشکرا ئەوەدەردەخات کە لەنەژادی (سلاڤ)ەو هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە سوڵتان وا شێت و شەیدای بێت. روکسلانە دوای چەند مانگ کوڕێکی بوو کە نۆبەرەی پێنج منداڵەکانی دیکەی بوو و، سلێمان بەڕادەیەک لەو هەواڵە خۆشحاڵ بوو کەخێرا منداڵەکەی بەنێوی باوکییەوە کرد و ناوی نا (سەلیم).

ئێستا، روکسلانە ببوو بە سوڵتانەی دووەم و بەپێی پلەبەندیی نێو حەرەمسەرا، لەدوای لەدوای شاژنی دایک و گوڵبەهار بەسێیەم ئافرەت لەقەڵەم دەدرا. وا بڵاو ببۆوە کەوا سوڵتان نەک هەر چێژ لە نوستن لەگەڵیدا دەبینێ، بگرە کەیفی بەوە دەهات کە لەگەڵیشی دا بدوێ و سوڵتان چەندین کاتژمێر سەبارەت بەکاروباری دەوڵەتی گفتوگۆی لەگەڵدا دەکردو لەباخەڕەنگین و تەنیشت حەوزە نافورەدارەکان و ئەو مێرگانەی کە وشترمری ماڵییان تێدا بەخێودەکرا، پیاسەیان دەکرد.

روکسلانە هەستی دوربینی و زیرەکی تایبەت بەکچانی لادێی تێدابوو و، گومان لەوەدانیە کە سوڵتان لەبەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت دا سودی لەڕێنوێنییەکانی وەردەگرت و ئەمەش لە دەرباری عوسمانیدا شتێکی تازەبوو.

بێگومان روکسلانە مێردەکەی خۆی لەکانگای دڵەوە خۆش دەویست، بەڵام هەوڵی بێ پسانەوەی بۆ بەدەستهێنانی هێزو دەسەڵات، لەنێو حەرەمسەرادا بابەتێکی تازەبوو. ئەو ئافرەتێکی زیرەک و لێهاتوو بوو و، بەسەبرو لەخۆبووردووییەوە رووەو گەیشتن بەئامانجەکانی هەنگاوی دەنا. بەڵام زۆری پێنەچووکە هەندێ گیروگرفت هاتنە ئاراوە؛ چونکە دیارە سلێمان چێژی لەهەڵسان و دانیشتن لەگەڵ نزیکەکانیدا دەبردو بەشێک لەکاتی خۆی لەگەڵ گوڵبەهارو کوڕەکەیدا بەسەردەبرد. کوڕەکەی ئەودەم پارچەلانە بوو و دەکرا بکرێتە جێگری سوڵتان. دیار نیە ئاخۆ ئایا ئەو هێشتا حەزی لەگوڵبەهاربووە یان نا، بەڵام لەو جێگەیەی ڕا کە حەزێکی بەهێزی لە هاودەمی روکسلانەبووە، پێناچێ مەیلی بەلای کەسی دیکەدا هەبووبێ و دیدارەکانی سلێمان لەگەڵ هاوسەری یەکەمیدا تەنها لایەنی دیدارێکی دۆستانەی هەبووە کە وەک باوکێک ویستوویەتی ئاگاداری بارودۆخی پێشکەوتنی کوڕەکەی بێت.

سەرەڕای ئەمە هەریەک لە سوڵتانە ـ کان خاوەنی مافی ژن و مێردایەتی بوون و سوڵتان لەسەری بوو کە هەرکات نۆرەیان هات لەگەڵیاندا بخەوێت، بەڵام هەر جارەی کە سوڵتان دەچووە لای گوڵبەهار، ئەوا روکسلانە بەسەختی نارەحەت دەبوو. وایلێهات رۆژێکیان ئەم دوو ئافرەتە تێرتێر یەکتریان کوتا. ئەو رۆژە روکسلانە چیدیکە خۆی پێڕانەگیرا بەنێو خواجە سەراکاندا تێپەڕی و خۆی گەیاندە ژووری گوڵبەهار و دەستی لە تیتکی نا. بەر لەوەی خواجە سەرایان و کەنیزەکەکان بتوانن لێکیان بکەنەوە، روکسلانە هەقی خۆی درایەوە گوڵبەهار پڕ بەدەستی قژە زەرد و زێڕینەکانی روکسلانەی رنی و دەموچاوشی خەوشدارکرد.

ئەم کارەی گوڵبەهار کە دیارە بۆ پاراستنی مافی ژن و مێردایەتیی خۆی بوو، کاردانەوەیەکی خەراپی هەبوو و خەراپ بەسەریدا شکایەوە؛ چونکە روکسلانە بەبیانووی ئەوەی کە دەموچاوی بریندارببووە، رۆژێک خۆی نیشانی سوڵتان نەدا و جگە لەمەش زۆر ژیرانە مامەڵەی کردو هیچ جۆرە شکایەتێکی لای سوڵتان نەکرد. تا وایلێهات سلێمان تەسلیم بوو و، لەو هەرایەدا لای روکسلانەی گرت .

هەواڵی لێکدان و پێکدادانی نێو حەرەمسەرا بە خێرایی لە دیوارەکانی حەرەمسەرا تێپەڕی و گەیشتە دەرباری عوسمانی. بەپێی راپۆرتی (پیترۆ براگادنیۆ)ی باڵیۆزی ڤینیز لە قوستەنتەنییە: *« هەچەندە کە گوڵبەهار لە پلەی سوڵتانەی یەکەمدا مایەوە، بەڵام سوڵتان بەتەواوەتی لەبەرچاوی کەوت و لەوکاتە بەولاوە ئیدی سلێمان کەمترین بایەخێکی پێ نەدا .»*

روکسلانە بەسەبرو لەخۆبووردووییەوە چاوەڕێی کاتێک ما، کە بتوانێ بەیەکجاری گوڵبەهار لەکۆڵ خۆی بکاتەوەو لەدەستی رزگاری بێت؛ ئەو دەرفەتەش کاتێ رەخسا کە مستەفای کوڕی گوڵبەهار گەورەبوو. سوڵتان مستەفای کردەو والیی مەغنیسا، کە کەوتبۆ نزیک ئەزمیرو دایکیشی لەگەڵی چوو. بەم شێوەیە بۆ چەندین مانگ لە دەربار دوورکەوتنەوە.

دوای ماوەیەک لەم کارە شاژنی دایک کۆچی دوایی کردو روکسلانە خۆی لەپلەی ئافرەتی یەکەمی حەرەمسەرا دا دیتەوەو بۆ ئەوەی کە پتر پێگەی بەهێز بێت، سوڵتانی ناچارکرد مستەفاودایکی بنێرێتە ویلایەتێکی زۆر دوورتر لەو جێگەیەی کە پێشتر لێی بوون.

ئێستا کە، هێزو دەسەڵاتی روکسلانە بەسەر سلێماندا بەرادەیەک بوو کە ڤینیزییەکی دیکە نووسیویەتی:*« ئەو (واتا سوڵتان) وا شێت و شەیدای ئەو ئافرەتە بووە و، بڕوایەکی وای پێ پەیداکردووە کە بووەتە هۆی سەرسوڕمانی ژێردەستە و رەعیەتەکانی سوڵتان . ئەوان دەڵێن: روکسلانە، سوڵتانی جادوو کردووە و لەم رووەوە خەڵکی پێیدەڵێن (جادی) یان ساحیرە. سەرکردەکانی سوپا و دەربارییەکان، رقیان لەخۆی و منداڵەکانی دەبێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی سوڵتان خۆشی دەوێ کەس خیرەتی ئەوەی نیە دەم بکاتەوە. من لەهەموو جێگەیەک گوێم لێبووە کە خەڵک بەخەراپە باسی خۆی و منداڵەکانی دەکەن و زۆر مەدحی کوڕی یەکەم و دایکی (واتا گوڵبەهار) دەکەن.»*

سلێمان وایەخسیری دەستی ئەم ئافرەتەببوو کە لەمێژووی عوسمانیدا شتی وا نەبیندراوەو، روکسلانەش سودی لەم پێگە بەهێزەی خۆی وەرگرت و دوا داواکاریی خۆی خستەڕوو کە ئەویش هاوسەرییەتی رەسمی لەگەڵ سوڵتان بوو.

ئەم داواکارییە تەنانەت سلێمانیشی تووشی سەرسوڕمان کرد؛ چونکە ئەومافانەی کە ئەو وەک سوڵتانە هەیبوو، روکسلانەیان دەهێنایە ریزی گوڵبەهار کە دایکی جێنشینی سوڵتان بوو و، ئەو عەشقەیش کە سوڵتان لەهەمبەر ئەودا هەیبوو، وایکردبوو کە بکەوێتە سەرووی هەموو ئافرەتانی حەرەمسەراوە. لەسێ سەدە پێشترەوە، هیچ کام لە سوڵتانەکانی عوسمانی لەگەڵ هیچ ئافرەتێک هاوسەرییەتی

رەسمییان نەبوو.
هۆی ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە جارێکیان هاوسەرێکی مارەکراوی یەکێ لەسوڵتانەکانی عوسمانی بە یەخسیری کەوتبۆ دەست دوژمن و ناچاریان کردبوو بەڕووت و قووتی خواردن و خواردنەوەیان بۆبێنێ. لەبەرئەمە سوڵتانەکانی عوسمانی بڕیاریان دابوو بۆ خۆ بەدوورگرتن لە ڕووداوی سەرشۆڕکاری وەها، هەرگیز ئافرەتانی حەرەمسەرا لەخۆیان مارە نەکەن. بەڵام ڕوکسلانە ئافرەتێکی ئاسایی نەبوو، بیانوویەکی وای خستەڕوو کە سوڵتان نەیتوانی ڕەتی بکاتەوە. ئەو بۆ سەلماندنی وەفاداری و ئەوینی سلێمان بەخۆی، وای لە سوڵتان کردبوو کە ژمارەیەک لەکەنیزەک و ئافرەتانی جوانی حەرەمسەرا بەمێرد بدات و ئێستاکە بیانووی ئەوەی گرت کە مادامەکی ئەو کەنیزەکانە بتوانن مێرد بکەن و ماف و ئیمتیازاتی تایبەت بەخۆیان هەبێ، بۆچی ئەو کە خاتوونی یەکەمی حەرەمسەراو جێی سەرنجی گەورەترین سوڵتانی سەر ڕووی زەمینە هێشتا دەبوایە کەنیزەک و کۆیلەبێت؟ ڕوکسلانە بیانووی ئەوەی دێنایەوە کە مادام بۆتە موسڵمان و ڕێوشوێنە ئاینییەکان بەوردی ئەنجام دەدات و پارەیەکی باش (لەپارەکانی سلێمان) بۆ بینادنانی مزگەوت و کاری خێر تەرخان دەکات و زانایانی ئاینیی و پیاوانی ئاینیش لێی ڕازین، بۆچی هاوسەری ڕەسمی و مارەکراوی سوڵتان نەبێ؟ لەڕاستیدا ئەو دەیزانی کە سوڵتان وا شێت و شەیدایەتی کە بەئاسانی دەتوانێ نەریتەکان لەژێر پێی بنێت.
لەکاتێکدا کە تەواوی دانیشتوانی قوستەنتەنییە تووشی سەرسوڕمان بوون، خوتبەی هاوسەریەتی سلێمان و ڕوکسلانە لەلایەن پیاوێکی ئاینییەوە خوێندراو، ڕوکسلانە لە سلێمان مارەکرا . سلێمان لەبەردەم مەلاکەدا بەڵێنی دا کەوا:« *من ئەم ئافرەتە لە کۆتی کۆیلەتی ئازاد دەکەم و دەیکەم بەهاوسەری خۆم. ئەوەی کەمی خۆیەتی لای خۆی دەمێنێتەوە.*»
یەکێ لەکارمەندانی بانکی (سان جۆرجۆ)ی سەربە کۆماری جێنێوا لەمبارەیەوە نووسیویەتی: « *لەم هەفتەیەدا، لەم شارە یەکێ لەسەیرترین و سەرسوڕهێنەرترین ڕووداوەکان ڕوویدا، کە لەمێژووی سوڵتانەکانی عوسمانیدا پێشینەی نەبووە. سوڵتان سلێمان کەنیزەکێکی ڕوسی کەنێوی ڕوکسلانەیە مارەکردو پلەی (ئیمپراتریس)ی پێبەخشی. بەم بۆنەیەوە میوانداری و ئاهەنگی پڕشکۆ سازدران کەهەر هەموویان لەناو کۆشکەکانی ئیمپراتۆرییەتدا بەرپا کران.*» ئینجا بەناڕەحەتییەکی ئاشکراوە درێژەی پێدەدا: «*خەڵکی لەسەرانسەری وڵات باسی ئەم کارەی سوڵتان دەکەن و هیچکەس ناتوانێ لەوە بگات کە بۆچی سوڵتان وایکرد.*»(٥)
ئەگەرچی مەراسیمی مارەکردنی ڕوکسلانە بەساکاری بەڕێوەچوو، بەڵام ئەو ئاهەنگانەی کە دوای مارەکردنەکە سازدران، زۆر پڕشکۆ بوون. بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو دەرباری سوڵتان سلێمان شکۆو مەزنییەکی وای پەیداکردبوو کەببوە هۆی سەرسوڕمانی ئەوروپاییەکان. بەڵام هیچ کام لەو ئاهەنگانە، تەنانەت ئاهەنگی مەراسیمی سونەت کردن کە لەسەردەمی سلێمان دا داهێندرا، لەگەڵ ئاهەنگی

بوکێنیی روکسلانەدا بەراورد نەدەکران.
کاتژمێرێک بەر لە دابەشکردنی قاوەڵتی، کە بریتی بوو لەنان و زەیتوون بۆ هەژاران و نان و پەنیرو میوەو مرەبای پەڕەی گوڵ بۆ دەوڵەمەندان، شەقامەکانی قوستەنتەنییە لەحەشامەت جمەی دەهات. شەقامە سەرەکییەکان بەئاڵقەی گوڵ و ئالای ئەرخەوانی رەنگی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و ئالای سەوزی ئیسلام رازێندرابوونەوە. لەسەر هەموو چوارڕیانەکان، میوە فرۆشەکان بەفرۆشتنی تەماتەی درشتی ماردین و هەرمێی بەتامی ئازەربایجان و ترێی ئاڵتونی رەنگی ئەزمیر و هەڵوژەی شیرینی تەمسویرەوە خەریکبوون. لە گۆشەیەکی دیکە دڵ و گورچیلەو جەرگ، لەسەر مەقلیی گەڕۆک لەشیش دەدراو دەبرژێندرا و، بەمەش ئیشتیهای ریبوارانیان دەورووژاند.
شەربەتفرۆشانیش کە بازاڕیان گەرم بوو، شەربەتە رەنگاورەنگەکانی خۆیان بە قاڵبە بەفرو سەهۆڵ سارد دەکرد و دیمەنی شوێنەکەی خۆیان بەنافورەیەکی بچوک کە ئاوی فێنکی بەولاوئەملادا دەپرژاند، رازاندبۆوە. شەربەتەکانیان بریتی بوون لە؛ شەربەتی لیمۆی تێکەڵ بە هەنگوین کە بۆن و بەرامی خۆشیان ئاوێتە کردبوون، شەربەتی وەنەوشەو هەنگوین کە پتر سەرنجی خەڵکی رادەکێشاو گرانتریش بوو.
دەستفرۆشەکانی دیکە بەدەست گوڵاویان بەشیربرنجی نێو قاپە مسییەکان دا دەکرد و، بەکەوچکی گەورە لە دەفری بچوکتریان دەکردن و بەخەڵکیان دەفرۆشت. ئاومیوەی فێنکیش مشتەرییەکی زۆری هەبوو، باش دەفرۆشرا. قاوەفرۆشەکانیش بازاڕیان گەرم بوو؛ چونکە لەو سەردەمەدا سلێمان رێگەی بە بازرگانێکی عەرەب دابوو قاوەخانەیەک بکاتەوەو، ئەوشتەی کە یەکێ لە تورکە بوغراکانی ئەوسەردەمە بە (دوژمنی رەشی خەو و جیماع) ناوی هێنابوو، بەخەڵک بفرۆشێ.
لەسەرانسەری وڵاتەوە دیاری جۆراوجۆریان بۆ سوڵتان ناردبوو. ئەم دیارییانە کە بریتی بوون لە فەرشی گرانبەها، کەرستە نێومال و دەفری زێڕو زیو، بەسەرپشتی دووسەد گوێدرێژەوە بە نێو شەقامە سەرەکییەکانی شاریاندا تێپەڕاندن. دوو خولامی منداڵکاری جلی زەردووری لەبەر، رێشمەی ئەو کەرانەیان گرتبوو و، بەدوای خۆیاندا رایان دەکێشان. بەدوای ئەوانەدا دووسەد وشتر، کە دیاریی گرانبەهای جۆراوجۆریان لێ بارکرابوو و لە ویلایەتە دوورە دەستەکانی وڵاتەوە نێردرابوون، رێگەیان دەبڕی. سەدو شەست خواجە کە نیوەیان سپی ونیوەکەی دیکەیان رەش پێست بوون و دیاری دەوڵەمەندو بازرگانانیان دەبردە خزمەت روکسلانەی تازە ئیمپراتریس، پاشقەڕۆی ئەم کاروانە پرشکۆیەیان پێک دەهێنا.
کاتێ ئەم کاروانە لەدەروازەی بابی هومایون تێپەڕی و لەپشت دیوارە بڵیندەکانی کۆشک وسەرای سوڵتان لەبەرچاوی خەڵک ونبوو، کاروانێکی دیکە بەڕێکەوت کە ئەویش نانەواکانی شاربوون و باری دوازدە عارەبانەی گەورە نانی سەر بەکونجییان فڕێ دەدایە نێو خەڵک. دوا بەدوای ئەوان عارەبانەیەکی دیکە بەڕێوەبوو کە شەش گامێش رایان دەکێشاو نانێکی گەورەی چەند سەد کیلۆیی

لەسەر بوو کە نانەواکانی شار لە تەندوورێکی تایبەتیدا کە بە خۆڵەمێش دایان پۆشی بوو و برژاندبوویان، پێشکەشی سوڵتان و هاوسەرە تازەکەیان دەکرد.

ئەم ئاهەنگانە هەفتەیەک درێژەیان هەبوو. هەموو شەوێ کە دنیا تاریک دادەهات و هەزاران فانۆس کوچەو کۆڵانەکانی شاریان رووناک دەکردەوە، لەگۆڕەپانی ئەسپ تاودان، واتا ئەو جێگەیەی کە کۆن بیزانسیەکان بەداشقەو ئەسپەکانیان غار غارێنیان تێدادەکرد، شوێنێکیان بۆ سوڵتان و هاوڕێیانی دابین دەکرد.

بەشێکی ئەم شوێنەیان بەپەردە داپۆشیبوو بۆ ئەوەی روکسلانەو ئافرەتانی حەرەمسەرا بتوانن لەپشتیەوە سەیری ناو گۆڕەپانەکە بکەن و ئاگایان لەوە هەبێ کە چ باسە. بەرنامە بریتی بوو لە پێشبڕکێی جۆراوجۆری زۆرانبازی، تیرهاویشتن بە کەوان، سیحر بازی و نمایش کردنی گیانلەبەرە سەیرو سەمەرەکانی ئاسیاو ئەفەریقا. کارمەندی بانکی جێنێوا دەنووسێ: *«دوو سەر زەڕافە بەملی درێژیانەوە کە دەت گوت سەر لەئاسمان دەدەن، لەو گیانلەبەرانەبوون کە نمایش دەکران.»*

هەزاران کەس لە دەوروبەری گۆڕەپانەکە دەوەستان و تەنانەت بەداروردەختی ئەو ناوە هەڵدەگەڕان تا بەڵکو بتوانن لەدوورەوە چاوێکیان بەسوڵتان سلێمان بکەوێت، یان پشکێکیان لەو دیاری و دراوانە بەرکەوێ کە خولامەکانی سوڵتانە لەگەڵ پارچە نانێک ومیوەدا بەسەر خەڵکیاندا دابەش دەکردن.

سلێمان و جەماعەتەکەی سەرەڕای ئەحکامی قورئان کە خواردنەوەی حەرام کردبوو، دژایەتیان لەگەڵ خواردنەوەی پێکێک شەڕابدا نەبوو، بەڵام کاتێ یەکێ تووشی مەستی بوویاو کردەوەی ناشایستی ئەنجام دابایە، ئەوا سزایان دەدا و ئەم سزادانەش بەقەمچی لێدان دەستی پێدەکردو بە بەگەرووداکردنی قومە قوڕ قوشمێک کۆتایی پێدەهات.

مارەکردنی روکسلانە یەکەم ئاڵقەی ئەو زنجیرە رووداوانە بوو کە بوونە هۆی داڕمانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی؛ چونکە لەوێ بەولاوە تا سەدە ونیوێک کاریگەریی ئافرەتانی حەرەمسەرا بەسەر کاروباری دەوڵەتدا، چەسپا. لەکاتێکدا کە روکسلانە بەوردی خەریکی چاودێری ئەو رکابەرانەبوو کە رەنگبوو ببنە کۆسپی سەر رێگای، بەرەوڕوی گرفتێکی بچوک و ئازاردەربۆوەو، ئەویش مەودای نێوان حەرەمسەرا و دەرباری سوڵتان، یان بابی عالی بوو. تا نێوەڕاستی سەدەی شانزدەهەم، حەرەمسەرا لەکۆشکێکی کۆندا بوو کە محەمەد فاتیح دوای دەست بەسەراگرتنی قوستەنتەنییە لەساڵی ١٤٥٣ (٨٥٧ی کۆچی) بنیادی نابوو. بەڵام دوای ئەوە سوڵتانەکانی دیکە چۆڵیان کردو کردیان بەبارەگای حکومەت. روکسلانە هەستی بەوەکرد کە ئەگەر ئەو ومێردەکەی لەژێر میچێکدا بژین، ئەوا ژیانی ئاسانتر دەبێ و لەمەیشدا بەختی هەبوو؛ قوستەنتەنییە کە زۆربەی خانووەکانی لەدارو تەختە دروستکرابوون، وەک بەرمیلێکی بارووت وابوو کە مەترسی ئاگرتێبەربوون بەبەردەوامی هەڕەشەی لێدەکرد و یەکی لەسامناکترین ئاگرکەوتنەوەکانی مێژوو لەساڵی ١٥٤١ (٩٤٨ی کۆچی) لەو شارەدا رویداو ئەم شارەی لەگەڵ خاکدا یەکسان کرد. ئاگر کەوتنەوەکە لە لەنگەرگای دەریاوە دەستی پێکردو بەخێرایی گەیشتە ناو

شارو ساختومانە کۆن و رزیوەکانی کۆشکی سوڵتانیشی گرتەوەو کەنیزەک و ئافرەتانی حەرەمسەرا بەهاوار هاوارەوە ئەوێیان جێهێشت و لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا ئەم بینایە کۆنە بوو بەخۆڵەمێش.

ئاشکرایە کە دەبوایە ژنی سوڵتان لە شوێنێکی نوێی ئەوتۆ دانیشتەجێ بوایە کە شایستەی دانیشتنی شاژنێک بوایە. لەمڕووەوە روکسلانە گواستیەوە کۆشکی گەورە.ئەم شوێنە لەسەردەمی سوڵتان محەمەدی فاتیحەوە بەبارەگای بەڕێوەبەرایەتییە دەوڵەتییەکان لەقەڵەم دەدراو تەنها یەک بینایەی نوستنی تێدابوو. وادانرابوو لەو شەوانەیدا کە سوڵتان نیازی چوونی حەرەمسەرای نەبێت لەوێ بخەوێت. کاتێ روکسلانە و ئەوانەی لەگەڵیدابوون هاتنە نێو کۆشکی تازەوە، تەنانەت سلێمانیش تووشی سەرسوڕمان بوو؛ چونکە روکسلانە سەد خوڵام و سەدان خواجەسەراو خوڵامی منداڵکارو بەرگدروو و سێورساتچی(٦) بەجلی رازاوەوە لەگەڵ خۆیدا هێنابۆ بابی عالی. هەروەها هەر کاتێ حەزی لێبوایە بەئاسانی بەوێدا هاتووچۆی دەکردو لەکاتێکدا کە گروهێکی سی کەسی لە خوڵام و کەنیزەک بەدواوەی بوون، دەهاتە نێو بابی عالیەوە.

هیچ مێردێک لە بارودۆخێکی وەهادا ناتوانێ جگە لە نارەزایەتییەکی بچوک بەو لاوە هیچ کارێکی دیکە بکات.

کۆشکی کۆن کە لەئاکامی ئاگر کەوتنەوەدا وێران ببوو و لەگەڵ خۆیدا خەزێنەکانی سوڵتانیشی لەنێو بردبوو، ماوەیەکی زۆری دەویست تا سەر لەنوێ بنیادبنرێتەوە.کەواتا دەرگایەکی تایبەتییان لەنێوان شوێنی نوێی روکسلانەو ئاپارتمانە بچوک و دوو ژوورییەکەی سوڵتاندا کردەوە و، روکسلانە لە تەنیشت مێردەکەی نیشتەجێ بوو.

بۆ سوڵتانە کارێکی ئاسان بوو کە لە جادەی زێڕین تێپەربێت و بەو قالدرمەیەدا سەرکەوێت کە دەچووە بورجی تایبەتیی سوڵتان و، لەپشت ئەو پەنجەرە کون کونەی کە بەسەردیواندا دەڕوانی دانیشێ و بەبێ ئەوەی کەس بیبینێ، گوێ لەقسەی وەزیرو کاربەدەستانی وڵات بگرێ. لەم رێگەیەوە روکسلانە شارەزاییی سەبارەت بەهونەری بەڕێوەبردنی وڵات پەیداکرد.

ئێستا واپێدەچوو کە روکسلانە گەیشتبێتە هەموو ئاواتەکانی، بەڵام هێشتا دوو پەڵە هەور ئاسمانی بێگەردی ژیانییان داگرتبوو؛ یەکیان ئەوەی کە خەڵک مستەفای جێگری رەسمی سوڵتانیان بەڕادەی پەرستن خۆش دەویست و ئەویش مستەفای بەلەمپەری سەر رێگای سەلیمی کوری دەزانی، ئەوەی دیکەیان ئەوەبوو کە ئیرەیی بەو دەسەڵات وتوانایەوە دەبرد کە سوڵتان خستوویە بەردەستی ئیبراهیم.

* * *

بەدرێژایی ئەو سالانە سوڵتان هەموو کاتی خۆی بەڕابواردن لەگەڵ ئافرەتانی حەرەمسەراو پالدانەوەوە بەسەر نەبردبوو. سەبارەت بە ژیانی تایبەتی و هەروەها ئازایەتی سوڵتانەکانی عوسمانی لێکدانەوەی هەڵە هەیە. ئەگەرچی گەندەڵی و بەدڕەوشتی زۆربەی جێنشینەکانی سلێمان بووە هۆی لەنێوچوون و دارِمانی

ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی، بەڵام لەنێو ئەوانەشدا کەسانێک هەبوون کە مەیلێکی یەکجار زۆریان بەلای جەنگدا هەبوو کە بەقەدەر ئافرەت و رابواردن کە قەت لێی تێر نەدەبوون ئارەزووی جەنگیان هەبوو و هەوڵیان دەدا لەیەک کاتدا ئەم دوو ویستەیان بهێننەدی. لەبنەڕەتدا تورکەکان عاشقی جەنگن. هەروەک تراکتاتوس(٧) دەنووسێ: *«ئەوان (تورکەکان) وەک ئەوەی بۆ شایی لێیان گێڕابنەوە، ئاوا لەدەورەی یەکدی کۆدەبوونەوە».*

سلێمان پتر لە هەموو شتێک سەرکردەیەکی شەڕکەرو بەجەرگ بوو. ئاگای لەهەموو لایەنەکانی خۆشبەختی وڵاتەکەی بوو، بەڵام مەیدانی جەنگی پێ لە کوڕی راوێژکاری باشتربوو. راستە کە هاونیشتمانییەکانی نازناوی (قانونی) یان پێ بەخشیبوو، بەڵام لەڕاستیدا یاساکانی ئەو لەهەندێ داهێنانی سەمەرە لە نەریتە باوەکان پتر چیدی نەبوون، کە تێیاندا هەوڵدرابوو کەمایەسییەکانی ژیانی رۆژانە پڕبکرێنەوە. ئەو، ئەم ناوبانگەی لەو رووەوە بەدەست هێنابوو کە سوڵتانەکانی بەر لەئەو، هیچ مەیلێکی ئەوتۆیان لەم بوارەدا لەخۆیشیان نەدابوو و، پتریش لەو رووەوەبوو کە بەهۆی ئارەزووی ئەم کابرایە بەجەنگ، فێرگەیەکی تایبەت و باوەڕپێکراوی فێرکردنی هونەری جەنگی بۆ لاوەکان دامەزراندبوو. لەدوای هەر جەنگێک هەزاران یەخسیر و کۆیلەی نوێ دەهێندرانە نێو ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی و یەک لەسەرپێنجیان دەدرانە سوڵتان. سەرەڕای ئەمانە ژمارەیەکی زۆر (*کوڕی پێشکەش کراو*)یان کوڕانی بەدیاری هێندراو هەبوون کە بەپێی مەراسیمێکی کۆن، هەر چوار ساڵ جارێک راسپێردراوانی سوڵتان بۆ دۆزینەوەی باشترین ولێهاتووترین، هەزرەکارو نەوجەوانانی ئەو ناوە هێرشیان دەکردە سەر خێزانە غەیرە موسڵمان وگوندە مەسیحی نشینەکان. لەو گوندانەدا شاندێکیان پێکدەهێناو وەک چۆن ئەسپ و جوانوویان هەڵدەبژارد، ئاوهاش کوڕانی جوانکیلەو بەتواناییان بەمەبەستی پەروەردەکردن بۆ خزمەتی سوڵتان، هەڵدەبژارد.

ئەگەرچی ئەم نەریتە وەک کارێکی بێ بەزەییانە دەهاتە پێش چاو، بەڵام کوڕانی بەڕەوشت و زیرەکی مەسیحی، لەخزمەت سوڵتان و بابی عالی دا، داهاتوویەکی باشتر لەژیانی نێو کێڵگە هەژارانەو شاخاوییەکانیان چاوەڕێی دەکردن. کاتێ ئەم کوڕانە دەهاتنە نێو فێرگەی بابی عالی، وەک ئەندامی ئەو خێزانەیان لێدەهات کە بەرزترین کاربەدەستانی دەوڵەتی وسوپاییان لێهەڵدەبژێردرا.

پڕۆگرامی وانەکانی ئەم فێرگەیە لەهی زانکۆی تازە بنیادنراوی بۆڵۆنیای ئیتالیایی پێشکەوتر بوو و، وانەی تیۆری و پەروەردەکردنی لەشی لەخۆوە دەگرت؛ چونکە سلێمانیش وەک ئەفلاتون لەو باوەڕەدابوو کەوا (عەقلی باش لە لەشێکی ساغ دایە).

پڕۆگرامی فێرگەکە گەلێک سەخت بوو؛ کوڕەلاوەکان دەبوایە هەموو رۆژێ خۆیان بشۆن و هەموو هەفتەی جارێک نینۆکیان بکەن و هەفتەی دووجار ریشیان بتاشن و هەموو رۆژێ دەستەسڕێکی خاوێن هەڵگرن و مانگی جارێکیش قژیان کورت کەنەوە. هەموو رۆژێ دەیانپشکنین بۆ ئەوەی نەوەکا شیرنەمەنی ودەرمانیان حەشاردابێ.

بەتایبەتیش دەرمان، کە هێزی جنسی یانی دەوروژاند. هەروەها بۆ ئەوەی ئەوەکا نامەی دڵدارییان لەکورانی دیکەوە پێ گەیشتبێ، لەبەر ئەوەی ئەولاوانە بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی جنسییان لەگەڵ ئافرەتاندا نەبوو، بێگومان هاوجنس بازی لەناو ئەولاوانە لەبرەو دابووەو، بۆ سوڵتانەکانیش کە خوشیان چێژیان لەم کارەدەبرد، ئەوا فێرگەی ناوبراو دەبێ شوێنێکی باش بووبێ بۆ راوکردنی کوڕی جوانکیلە.

ئاشکرایەکە خواردنەوەی مەشروب بۆ ئەو کورە بەدیاری هێندراوانە بە تەواوەتی یاساغ بوو؛ مەگەر ئەوەی کە لەکاتی نەخۆشی دا و دکتۆر بۆی نووسیبان و ئەودەمیش باخەوانانی کۆشک، گۆزە شەرابێکیان لە پەتێک دەبەست و لەسەر دیوارەوە شۆڕیان دەکردەوەو، لاوە نەخۆشەکەش قومێکی لێدەخواردەوە.

هیچ کام لەو لاوانە مافی ئەوەیان نەبوو بەبێ ئیزنی تایبەتیی سوڵتان پێ بنێنە دەرمانگەوەو، تەنانەت بەبێ ئیزنی سوڵتان مافی ئەوەیان نەبوو ددانیان بکێشن. ئەگەر بهاتایە دوکتۆری ددان هەڵەی بکردایەو ددانی ساغی لاوێکی بەهەڵە هەڵکێشابایە، ئەوا سوڵتان فرمانی دەدا ددانێکی دوکتۆریان وەک سزای هەڵەکەی دەکێشا.

سەرەڕای ئەم پرۆگرامە سەختە، هەریەک لەم کوڕەلاوانە بواری گەیشتن بە بەرزترین پلەوپایە دەوڵەتی و لەشکرییەکانیان لەبەردەم دابوو؛ چونکە ئەوە تەنها تورکەکان نەبوون کەبەردەوامی فرمانڕەواییان بەسەر ئیمپراپۆرییەی عوسمانیدا دەکرد و، بگرە ژمارەیەکی زۆر لەو کۆیلانە دوای تێپەڕاندنی ئەم پرۆگرامە سەختە باشتر لە تورکە ئاساییەکان ئامادەی بەڕێوەبردنی ئیمپڕاتۆرییەتی پان وبەرینی عوسمانی دەبوون.

ژان فرانچێسکۆ مۆروزینی، باڵیۆزی ڤینیز ئەم بارودۆخە لەڕستەیەکدا کورت دەکاتەوە کە کۆیلەکان بەبەردەوامی دووپاتیان دەکردەوەو ئەویش ئەوەبوو کە دەیانگوت: «*من شانازی بەوەوە دەکەم کە خولامی فرمانڕەوای مەزن بم.*» ئەمە دەیسەلمێنێ کەوا کۆیلەکان، ئەم ئیمپراتۆرییە مەزنەیان بەڕێوە دەبردو ئەوان بازووە راستەقینەکانی هێزو دەسەلات بوون. هەرکاتێ سوڵتان چووبایە جەنگ، ئەوا کاروباری ولاتی دەسپاردە دەست یەکێک لەو کەسانەی کە خۆی بەخولام یان کۆیلە دەزانی و مافی ژیان و مردنی خۆی لەدەستی سوڵتاندا دەدیت. هەر لەم رووەشەوە بوو کە هەر کاتێ سوڵتان حەزی لێبوایە دەیتوانی یەکێک لەو کۆیلانە بکاتە سەرۆک وەزیرو دواییش بیداتە دەست میرغەزەب ولەملی بدات.

سوڵتان ئەو هێزو دەسەلاتەی لەهەمبەر سەربازانیشی دا هەبوو؛ چونکە هەروەک چۆن زیرەکترین و وریاترین کورانی دەرچووی فێرگە کاروباری ئیداری ولاتیان پێ دەسپێردرا، ئاوهاش بەهێزترین ولێهاتووترینیان لەنیو هێزی هەڵبژاردەی سەربازیی (یەنیچەری)دا، کاریان پێ دەسپێردرا و دەبوون بە کاربەدەستی سەربازی و سەرکردەی سوپایی.

یەنیچەری، هێزێکی تایبەتی بوو کە لەساڵی ١٣٣٠ (٧٣٠ـی کۆچی) تەنها لەو کورە بەدیاریهێندراوانە پێکهێندرابوو و، هیچ هێزێک خۆی لەبەر ڕانەدەگرت.یەکەم برگەی

دەستووری نێوخۆیی یەنیچەرییەکان ئەوەبوو کە بەشێوەیەکی کوێرانە ملکەچی بڕیارەکان بن. جلی یەکرەنگ لەڕەنگی شینی تۆخیان لەبەربوو و، کڵاوێکی لبادی سپییان لەسەر دەنا. کڵاوی ئەفسەرەکانیان بەپەڕی وشترمر و مەلی بەهەشت رازێندرابۆوە. سوێندیان خواردبوو کە هەرگیز ژن نەهێنن و موچەیەکی باشیشیان وەردەگرت. بەڕادەیەک تێرخواردن بوون کە قۆناغی فێرکردنی سەربازییان پتر بە چێژبردن لە خواردنی جۆراوجۆرەوە بەسەردەبرد. یەکێ لەپلەکانی ئەفسەران شۆرباچی باشی بوو و، عەریف و خاوەن پلەی وەک چێشت لێنەر باشی و سەقاباشی یشیان هەبوون. مەنجەڵی گەورەی پلاو کە بەبەردەوامی بۆیان لێدەنرا، بەپێی ئەو هێزانە رەنگ کرابوون و لەرەنگی مەنجەڵەکانیانەوە هێزەکانیان دەناسرایەوە. هەر کاتێکیش یەنیچەرییەکان گلەییەکیان هەبوایە، مەنجەڵەکانی خۆیان وەک هێمای نارەزایی سەرەونخون دەکرد و ئەوەش بەمانای ئەوەبوو کە ئامادەنین خواردنی سوڵتان بخۆن.

سلێمان کە دیتی سوپاو سەربازێکی وەها باش و ملکەچ و ئازای هەن، یەکساڵ دوای دانیشتنی لەسەر کورسیی دەسەڵات، بڕیاری دا بچێتە جەنگی ئەورووپا مەسیحیەکان و یەکەم ئامانجیشی دەستبەسەراگرتنی قەڵای پتەوی بەلگراد، واتا «شاری سپی» بووکە کەوتبۆ سەرکەنارەکانی باشوری رووباری دانۆبەوە.

لەو سەردەمەدا جەنگکردن پێویستی بەکۆمەڵێ رێورەسمی تایبەت هەبوو و، لەسەرەتادا دەبوایە لەلایەن بەرزترین پلەی ئایینیەوە پەسند بکرێت ولایەنی شەرعی بەخۆوە بگرێت. ئینجا وەک هەنگاوی دووەم دەبوایە باڵیۆزی وڵاتی دوژمن بخەنە بەندیخانەوە. دوایی لەرێوەڕەسمێکدا، سەرۆک وەزیر ئەسپێکی زین و بەرگ کراوی جەنگی و شمشێرێکی بەخشڵ نەخشێندراوی پێدەبەخشراو، مونەجیم باشی یان ئەستێرەناس باشیی دەرباری عوسمانی، کات وڕۆژی هێرشەکەی دیاری دەکرد. بەڵام هەمیشە بواری خۆ بەدەستەوەدان بەدوژمن دەدرا.

لە ١٦ی شوباتی ساڵی ١٥٢١ (٧ی ربیع الاول ـی٩٢٧ی کۆچی)، سلێمان بە شان و شکۆیەکی بێوێنەوە قوستەنتەنییەی رووەو بەلگراد بەجێهێشت.

سێهەزار وشتر کە کەرەستەی جەنگ و تەقەمەنی و ئازووقەیان لێبارکرابوو، بەرلەوەی سوڵتان لە حەوشی یەکەمی بابی عالی چاوی بەهێزە هەڵبژاردەکانی خۆی بکەوێت، بەرێکەوتبوون و قوستەنتەنییەیان جێهێشتبوو.

ئەسپی فەوجە سوارە نیزامەکان بەقوماشی زێڕ وسیم دووراو رازێندرابوونەوەو، هەریەک لەسوارەکانیش پەڕی رەشی درێژەیان لەکڵاوەکانیان وەدابوو و، بەپێی ئەو پلەو پایانەی کە لەسوپادا هەیانبوو، جلی ئەتڵەسی زەردو زەرکفتی جۆراوجۆریان پۆشیبوو.

هەرسوارەو تێرێکی بەسەر زینەکەی دا دابوو، کەلایەکی بۆ کەوان و لەلایەکەی دیکەی بۆ تیرەکانی بوو. قەڵغانێکیان بەدەستی راست و شمشێرێکیشیان بەدەستی چەپەوە بوو و، گورزێکی ئاسنینی گەورەشیان بەزینەکەیانەوە کردبوو.

پیادە نیزامەکانیش پەڕی درێژیان لە کڵاوەکانیان وەدابوو و، لەچاوی بینەراندا

حاڵەتی جەنگەڵێکیان هەبوو کە ڕێگەی دەبڕی. دوابەدوای ئەوان هێزی سامناکی یەنیچەری بەتفەنگەوە دەهاتن. سوڵتان بەجلی زێرینی خۆی لەکۆتایی لەشکر، سواری ئەسپە جەنگییە پڕشکۆکەی ببوو و، لەکاتێکدا کە سێ منداڵ گۆزەی ئاو و قاپوت و کەوانەکەیان هەڵگرتبوو، ڕێگەی دەبڕی. ڕێکوپێکی سەربازی لەسوپای سوڵتان سلێماندا لەهەموو سوپاکانی دیکە پترو توندتربوو. پائۆلۆ جوڤیۆ لەو بارەیەوە نووسیویەتی: *«ئەم ڕێوپێکیە لە ڕاهێنانە سەختەکانیانەوە سەرچاوە دەگرێ کە تەنانەت لە ڕاهێنانەکانی لژیۆنەکانی ڕۆمی باستانیش توندترن. ئەوان لەهەموو ڕوویەکەوە لە سەربازەکانی ئێمە باشترن؛ چونکە یەکەمیان: بەبێ قەیدو شەرت ملکەچی بڕیاری سەرکردەکانیانن، دووەمیان: لەگۆڕەپانی جەنگدا بچوکترین بەهایەک بەگیانی خۆیان نادەن و سێیەمیان: دەتوانن ماوەیەکی زۆر بەبێ نان و ئاو بەسەر ببەن و بەخواردنی چەند دنکە جۆ و گەنمە شامییەک خۆیان تێرکەن».*

سەربازانی عوسمانی دەیانتوانی لەکاتی پێویستدا بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ لەو ناوچانەدا بژیەن کە دوژمن کاولی کردبوون. بەشە خواردنی ئەوان بریتی بوو لە نەختێ ئارد و دەرمان و خوێ، کە لە ئاویان دەکردو تێکیان دەدا. ئینجا دەیان خستە سەر ئاگر تا هەڵدەچوو و، وەک حەلیم (چێشتی کەشک)ی لێدەهات و دوایی لەقاپی بچوکدا دەیانخوارد.

هەندێکیان کیسەی بچوکی پڕ لە گۆشتی وشککراوەی (گا) یان پێبوو کە هەر ئاوا دەیان خوارد. جاری واش هەبوو گۆشتی ئەو ئەسپانەیان دەخوارد کە دەکوژران. دیارە هەرکاتێکیش بۆیان لوا با، دزییان لە گوندەکانی سەر ڕێگەش دەکرد.

باب وباپیرانی سلێمان دووجار هەوڵی دەستبەسەراگرتنی بەلگرادیان دابوو، بەڵام لەهەردوو جارەکەدا شکستیان خواردبوو. ئەمجارەیان سلێمان بەیارمەتی سێهەزار وشتری دیکە کە لە ئاسیاوە خواردن و ئازووقەیان بۆ هێنابوو، شاری بەلگرادی گەمارۆدا و یارمەتی کاریگەری سەربازە پیادەکانی کە ئەرکیان ئەوەبوو بە لاشەکانی خۆیان خەندەکی دەوروبەری شار پڕکەنەوە، توانی دەست بەسەر بەلگراد دابگرێ. ئەگەر سەربازە نێوبراوەکان زیندوو بمابان ئەوا خەڵاتدەکران و ئەگەریش بمردبان ئەوا بەڵێنی ئەوەیان پێدابوون کەوا وەک شەهید بەبێ سێ و دوو دەچنە بەهەشت.

هێشتا شەش مانگ بەسەر ڕۆیشتنی سلێماندا تێنەپەڕی بوو، کە وەک قارەمانێکی سەرکەوتوو گەڕایەوە قوستەنتەنییە. بەدەستبەسەراگرتنی بەلگراد، دوایین لەمپەری سەر ڕێگای ئەورووپای باکور لەنێو بردرابوو.هەر لەم ڕووەوە دۆچەی ڤینیز، لەنامەیەکدا بۆ دەوڵەتی بەریتانیا ئەم سەرکەوتنەی سلێمانی *«بۆ جیهانی مەسیحیەت زۆر دڵتەزێن و گرنگ»* لەقەڵەم دابوو.

سلێمان کاتی بەفیرۆ نەداو، ساڵێک دوای ئەوە هێرشی کردە سەر دوورگەی ڕۆدس، کە لە قەڵاکۆنەکەیدا شاسوارانی سەنت جان (یوحەننای قێدیس) لەسەردەمی جەنگە سەلیبییەکانەوە نیشتەجێبوون و سلێمان دوای (١٤٥)ڕۆژ

گەمارۆدان، توانی دەستی بەسەردا بگرێ. ئەم سەرکەوتنە لەسەر تورکەکان گران وەستا؛ چونکە دەقاتی بەرگری کاران لەهێرشبەران کوژران و، لەم رووەوە سلێمان تا سێ ساڵ دواتر هیچ شەرێکی دیکەی ئەنجام نەدا.

ئەم رووداوانە هاوکاتبوو لەگەڵ پتەوبوونی دۆستایەتی نێوان ئیبراهیم و سلێمان و بەنێوبانگ بوونی خێرای ئیبراهیم. پێ دەچوو رۆژ بەرۆژیش هەم نێوبانگی ئیبراهیم پتربێت و هەمیش دۆستایەتییەکەی لەگەڵ سوڵتاندا، پتەوتربێت. هەندێ جار ئەم دوو کەسە جلی یەکدییان دەپۆشی و کاتێ لێکدیش دووربانایە، نامەی دۆستانەیان بۆ یەکدی دەنارد. زۆربەی کات لەیەک ژوور دەنوستن و، جێی سەرسورمان نیە ئەگەر دەرباری عوسمانی لەو پەیوەندییە بەقین داچێ و تەنانەت مقومقۆی ریسوایی دەبیسترا؛ چونکە بەلای پیاوانی دەرباری عوسمانییەوە بەهیچ شێوەیەک شایستە نەبوو کە گەورەترین فرمانڕەوای سەرزەوی میهرو موحیبەتێکی وەهای لەهەمبەر کۆیلەیەکدا هەبێ.

ورده ورده ئیبراهیم نوقمی ژیانێکی دەست بڵاوانەوە و گەندەڵی هاوشێوەی سەردەمی بیزانس بوو و، ئەمەیش خەڵکی تورەی قوستەنتەنییەی نارەحەت و قین لەدڵ دەکرد. دەتگوت ئیبراهیم هەوڵی ئەوە دەدا تا لەشان و شکۆدا بەپێش ئاغاکەی بکەوێتەوە. لەکۆشکێکی وەک کۆشکی سوڵتاندا دەژیا و دیاری و بەرتیلێکی زۆری لەو کەسانە وەردەگرت کە خوازیاری ئەوەبوون لەژێر فرمانیدا کاربکەن. قایەغە تایبەتیەکەی (١٢) سەوڵ لێدەری هەبوو. هەرکاتێ کە سواردەبوو، هەشت کەسی گاردی رێزگرتن و (١٢)ئەسپی رازاوەی بەدواوەبوون. سوڵتان موچەیەکی وای بۆ دیاری کردبوو کە دووقاتی موچەی سەرۆک وەزیرانی پێشوو بوو، بەڵام ئەمە بەلای ئەوەوە بایەخی نەبوو؛ چونکە عادەت وابوو هەرکاتێ سەرۆک وەزیران لادرابایە، دەستبەجێ دارونەداری لە لایەن سوڵتانەوە دەستی بەسەردا دەگیرا. لە ئاکامدا لەمانگی ئایاری ساڵی ١٥٢٤ (رجب-ی٩٣٠ی کۆچی)، سوڵتان خوشکەکەی خۆی پێشکەشی ئیبراهیم کردو بەدرێژایی نۆشەو نۆ رۆژ زەماوەندو ئاهەنگ لە گۆڕەپانی ئەسپ تاوداندا بەرقەرار بوو و، سەرانسەری شەقامەکانی شار نوقمی شادی و رابواردن بوون.

متمانەو باوەڕیی سوڵتان بەئیبراهیم وەک فەرماندەیەکی جەنگ و سەرۆک وەزیرێکی نایاب لە جێی خۆی بوو. سەرەڕای ئەوەی کە ئیبراهیم بوغراو لەخۆڕازی بوو و، بەرتیل و دیاری لە خەڵک وەردەگرت، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەرکەکانی خۆی وەک سەربازو سیاسەتمەدارێک بەباشترین شێوە بە ئەنجام دەگەیاند. لەگەڵ ئەوەشدا خۆ دەرخستنەکانی و، بەتایبەت کاتێ ئەو ئەنگوستیلە یاقوتەی فرانسوای یەکەمی فەرەنسای دەکردە پەنجەوە، دەرباریەکانی نارەحەت دەکرد.

کاتێک کە دوای چەندین ساڵ شەڕوپێکدادانی سنوری، شەڕی هەنگاریا دەستی پێکرد، ئیبراهیم لەشەڕی کۆتایی کە لە دەشتی *موهاچ* روویدا، قارەمانیەتییەکی بێوێنەی لە خۆی نیشاندا. ئەمە جەنگێکی بێبەزەییانە بوو کە تێیدا تورکەکان خۆیان لە بەیەخسیرگرتنی دوژمن دەپاراست و ئەوەی بکەوتبایە دەستیانەوە لەملیان دەدا.

دوابەدوای ئەو رووداوە سولتان سلێمان لە ٣١ی ئابی١٥٢٦ (٢٢ی ذیقعدەی ٩٣٢ی کۆچی)، لەدەفتەری بیرەوەری رۆژانەیدا بەشێوازی تایبەتی خۆی کە هەمیشە لەگێڕانەوەدا کەسی سێیەمی بەکاردەبرد نووسیویەتی:

«*ئیمپراتۆر لەسەر تەختی زێڕینی خۆی دانیشتووە و، وەزیر و بەگەکان رێزو ستایشی خۆیان بەبۆنەی کوشتنی ٢٠٠٠ یەخسیری جەنگ، بۆ ئەو دەردەبڕن.*» دواتر بەکورتی ئەوەی پێوە زیادکردووە نووسیویەتی: «*بارانێکی بەخوڕ دەبارێ.*» لەم جەنگەدا، بەسەریەکەوە ٢٠٠ هەزار کەس کوژران و ١٠٠ هەزار کەس وەک کوێلە نێردرانە قوستەنتەنییە.

* * *

لەوکاتەدا سلێمان تەمەنی ٣٢ سالان بوو، براگادنیۆی بالیۆزی ڤینیز ئاوا وەسفی دەکات و دەڵێ: «*رووخسارێکی هەڵبزرکاوی وەک مردووان، بەژنێکی باریک، لوتێکی چەماوەو ملێکی درێژی هەبوو. سیماکەی بەهیچ جۆرێ سەرنجی مرۆڤی رانەدەکێشا.*» هەروەها لەدرێژەیدا دەڵێ: «*بەڵام کاتێ دەستیم ماچکرد، هەستم کرد زۆر بەهێزو بەتوانایەو دەڵێن دەتوانێ کەوانێکی قایم پتر لە هەموو کەس بچەمێنێتەوە. میزاجێکی سەودایی هەیەو لەڕادەبەدەر حەزی لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەتە و لەهەمانکاتیشدا پیاوێکی پیاوانە، بوغراو بزۆز، بەڵام جارجارە نەرم و میهرەبانە.*»

ئەم کابرایە بەفرمانڕەوای گەورەترین ئیمپراتۆرییەتی سەرڕووی زەوی لەقەڵەم دەدرا، کە بۆ ماوەی سێ سەدە دوای ئەوەی هۆزی بچوکی عوسمانی، لە ئاسیای نێوەڕاستەوە بەرەو رۆژئاوا رۆیشتبوو و توانیبووی پەرە بەسوپا بچوکەکەی خۆی — کە خاوەنی هێزی جولانەوەو تووندوتیژییەکی بێ هاوتابوو— بدات و سەرەتا توانیبووی جێ پێی خۆی لەناوچەکانی باشوری رۆژئاوای ئاسیای نێوەڕاست قایم بکات و دواتر سنوری خۆی فراوان بکات و بەیارمەتی تۆپخانە بێهاوتاکەی وڵاتێکی نوێ داگیر بکات. ئێستا ئەم ئیمپراتۆرییەتە خەوی لە دەسەڵاتدارە ئاسیایی و ئەوروپاییەکان حەرام کردبوو.

لە سنوری ئیمپراتۆرییەتە پان و بەرینەکەی سولتان سلێماندا، شارەکان ، وڵاتەکان، رووبارەکان و کێوەکان وەک فەرهەنگی جوگرافیایی تەنها وەک هێماونیشانەی بچوک لەقەڵەم دەدران. ئێستانلی *لین پۆڵ* لەمبارەیەوە نووسیویەتی : «*بەناوبانگترین شارەکانی مێژوو و ئایین لەو سەردەمەدا لەناو سنوری تورکیادا بوون و جگە لە رۆماو سیراکۆزو تەختی جەمشید، تەواوی شوێنە گرنگە باستانییەکان لەنێو سنوری تورکیادا بوون. لەو شوێنە باستانیانەی کە کەوتبوونە نێو سنوری ئەو وڵاتەوە دەتوانین ناوی کارتاژ، ممفیس، سور، نەینەوا، بابل و پالمیر (تەدمر) بهێنین. هەروەها شاری وەک، ئەسکەندەرییە، قودس، ئەزمیر، دیمەشق، نیقیە (ئەزنیق)، بۆرسا، ئەسینا، فیلیپس و ئەدیرنەو شاری وەک ئەلجەزیرە، قاهیرە، مەککە، مەدینە، بەسرا، بەغدا و بەلگراد، گوێڕایەڵی فرمانەکانی سولتانی قوستەنتەنییە بوون.*» رووباری وەک نیل، ئوردون،رووباری عاصی، دیجلە، فورات،

دانۆب، هیبرۆس (ماریتسا)و ئیلیسۆس، بەنێو سنووری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا دەهاتن و سەرانسەری لێواری ڕۆژهەڵاتی دەریای نێوەڕاست لە کەنارەکانی یۆگسلاڤیاوە تا کەنارەکانی ئەلجەزایر بە موڵکی ئەو وڵاتە لەقەڵەم دەدران.

دەریای نێوەڕاست، دەریای ڕەش، دەریای سوور، دەریای مەرمەرەو دەریای ئازۆف بەئاوەکانی تورکیا لەقەڵەم دەدران و هیلالی عوسمانی لە زنجیرە کێوەکانی ئەتڵەس ــ لەڕۆژئاوای ئەفریقاوە ــ، تاکێوەکانی قەوقاز، بەسەر لوتکەکانی ئاتۆس، سینا، ئارارات، کرمل، تۆڕۆس، ئیدا (پسیلۆریتی)، ئۆڵۆمپ، پیلیۆن، هاکمۆس و کارپات و تەنانەت بەسەر بەرزاییەکانی ئاکرۆکۆریتۆسەوە دەشەکایەوە.

سەرنجی سلێمان هەمیشە بۆلای ئەورووپا بوو و، زانیارییەکی زۆری سەبارەت بەو کیشوەرە کۆکردبۆوە. لە باوکیەوە نەخشەیەکی بۆ بەمیرات مابوو کە کریستۆف کۆلۆمبس لە کاتی دۆزینەوەی دەریای نوێ دا کێشابوویەوەو دواتر ونی کردبوو. سەیر لەوەدایە عوسمانییەکان کە مەسیحییەکان وەک سوک تەماشاکردنێک پێیاندەگوتن (بەربەر)، پلانە جەنگییەکانی خۆیان لەسەر بنەمای نەخشەیەک دادەڕشت، کە کەنارەکانی ڕۆژئاوای ئیسپانیا و فەرەنساو ئەفریقاو ئۆقیانووسی ئەتڵەسی و کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەمەریکای باکورو ناوەندی بەباشی نیشان دەدا.

دوای ئەوە کە سلێمان دەستی بەسەر هەنگاریادا گرت، ڕووی خۆی رووەو دوایین دەروازەی ئەورووپا، واتا ڤیەننا وەرگێڕا کە لەو سەردەمەدا شارێکی بچوک بوو و، بریتیبوو لەچەند کەلیساو شوێنێکی پیرۆز کە لەدەورەی کەلیسای کۆمەڵگەی سەن ئیستێفان بنیادنرابوون. لە ٨٠٠ ساڵ بەرلەوەکاتەوە، واتا لەسەردەمی شەڕی تورک کە سوپای عەرەب لەسەردەستی شارڵ مارتل تێکشکێندراو لەناوەندی فەرەنسا پاشەکشێی کردبوو، جیهانی مەسیحیەت هەرگیز لەگەڵ مەترسییەکی لەو چەشنەدا بەرووڕوونەببۆوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتە ئەورووپاییەکان واتووشی ناکۆکی و هەرەشەی جۆراوجۆری سەربازی بوون کە نەیانتوانی یارمەتییەکی ئەوتۆ پێشکەش بەبنکەی ڤیەننا بکەن و لەئاکامدا سلێمان وئیبراهیم توانییان لە دوایین ڕۆژەکانی مانگی ئەیلولی ١٥٢٩ (محرم ـی ٩٣٦ی کۆچی) دەورەی بدەن وبیخەنە ئابڵۆقەوە. دوای خۆبەدەستەوەدانی (بودا)، ئیدی بیانوو بۆخۆ بەدەستەوەنەدانی ڤیەننا نەمابوو و، چاوەڕێ دەکرا لەماوەیەکی کورتدا بکەوێتە ژێر دەستی عوسمانییەکانەوە. سلێمان سوپایەکی پتر لە چارەکە ملیۆنێک سەرباز و سێسەد تۆپی لەگەڵ دابوو و، ڤیەننا تەنها بە ١٦٠٠٠ سەربازو ٧٢ تۆپ دەپارێزرا کە لەنێو حەساری شاردا ــ کە مەترو نیوێک پان بوو و هیچ جۆرە مەرجێکی سەربازی و جەنگی تێدانەبوو ــ، سەنگەریان گرتبوو.

لەدەوروبەری شار، تاچاو حوکمی دەکرد خێوەتە ڕەشەکانی سوپای سلێمان لە ناو دەشتە سەوزەکاندا هەڵدرابوون و سوارە نیزام بەدڵڕەقی و توندوتیژییەکی بێوێنە گوندەکانی دەوروبەریان تاڵان دەکرد. هەروەها سوپای تورک چوارسەد زەورەق و بەلەمی بچوکی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو و، هاویشتبوونیە نێو رووباری دانۆبەوە، بەڵام تۆپخانە دوور هاوێژەکەی سلێمان بەهۆی زریان و باوباران لەنیوەی

ڕێگا بەجێ مابوو.
لەگەڵ ئەوەشدا سلێمان سێ هەفتەی تەواو، بەبەردەوامی هێرشی کردە سەر ڤیەننا. بەڵام هیچی بەهیچ نەکرد. لەئاکامی ئەو هێرشانەدا دەشتەکانی دەوروبەری ڤیەننا وا رووتانەوە کە تەنانەت سلێمان لەتێرکردنی سوپاکەیدا تووشی گیروگرفت بوو.
سلێمان چاری نەما جگە لەوەی واز لە گەمارۆدانی ڤیەننا بێنێ. لەدوایین شەودا بڕیاریدا بڕێکی زۆر لەغەنیمەت و کەلوپەلە بەتاڵان هێندراوەکان، لەژێر دیوارەکانی شاری ڤیەننا دا بسوتێنن. دوایی ئافرەت و کچە جوانەکانیان بەمەبەستی فرۆشتن لەبازاڕی کۆیلەکاندا جیاکردەوە باقی یەخسیرەکانی دیکەیان، کە زۆربەیان لادێ نیشنەکانی ناوچەکە بوون و بەهیچ شێوەیەک بەشدارییان لەجەنگدا نەکردبوو، بەزیندوویی و بە بەرچاوی دانیشتوانی شاری ڤیەنناوە کە لەسەر حەسارەکەوە سەیری ئەو کارەساتەیان دەکرد، خستە نێو ئاگرەو سووتاندیانن.
سلێمان و ئیبراهیم بەبێ ئەوەی مەترسی تاقیب کردن و سەرلەدوونان لەلایەن دوژمنیان لەسەر بێ، گەڕانەوە قوستەنتەنییەو، لەوێ نووشوستی و شکست خواردنی خۆیان لەگرتنی شاری ڤیەننادا بەدرۆدەلەسە وەک سەرکەوتنێکی مەزن نیشاندا. بەڵام هیچ هۆکارێک نەیدەتوانی ئەو ڕاستیە تاڵە بشارێتەوە کەوا بۆ یەکەم جار ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی لەبەرامبەر دوژمنێکی لاوازدا شکستی خواردبوو.
خاڵێکی گرنگی دیکە کە ئەودەم پەسند نەدەکرا ئەوەبوو کە ئەگەر باوباران ڕێیان لەگەیشتنی تۆپخانە قورسەکەی سلێمان نەگرتبایەو ئەو تۆپانەگەیشتبانە پای دیوارەکانی ڤیەننا، ئەوا بەدڵنیاییەوە سلێمان ئەو شارەی دەگرت و بێگومان ئەودەمیش ڕێڕەوی مێژوو دەگۆڕا.

* * *

ئێستاکە چاخی زێڕینی سلێمان گەیشتبۆ لوتکەی خۆی؛ ئەو نەتەنها لە جەنگەکانی سەر زەویدا سەرکەوتووبوو، بگرە هێزی دەریاییشی کە لەژێر فرمانی سامناکترین ئەمیرولبەحەری سەردەم، واتا خەیرەدینی ریش سوور(باربارۆسا)بوو، سەرکەوتنی مەزنی بەدەست هێنابوون. خەیرەدین چەتەیەکی دەریاییی تاوانکاری موسووری لوت چەماوەبوو، کە سلێمان خستبوویە ژێر رکێفی خۆی و خزمەتی دەوڵەتی عوسمانیی پێدەکرد. سلێمان بە شمشێرێکی بەئاڵتون نەخشێندراو خەڵاتی کردبوو و، نازناوی کاپودان پاشای پێبەخشیبوو. هەروەها سلێمان گەلە کەشتییەکی تازەی خستبۆ بەردەست کە کەشتی سەوڵیی خێرای تێدابوون و، هەرکام لەو کەشتییانە بەهێزی بازووی پەنجا سەوڵ لێدەری شەڕانی و ناحەز بەڕێوەدەبران. ئەو کەشتییانە کە رووی سەرەوەیان چەندین تۆپی جەنگییان لەسەربوو، وەک ئەو قایەغانەی کە ئەمڕۆکە لە پێشبڕکێکاندا بەکار دەهێندرێن، درێژییان هەشت بەقەدەر پانییان بوو و سەوڵ لێدەرانیان پتر یەخسیری شەڕ و جاری واش هەبوو کۆیلەکان بوون کە قاچیان بەزنجیر لێکدی بەستبوون و سەوڵە درێژەکانی دەستیان بەخێرایی بەرەوپێش و پاش دەبرد.
خەیرەدینی ریش سوور، کەنارەکانی ئەفەریقاو ئەورووپای بەهێرشە ئازایانەکانی

خۆی وێران کرد. هەروەها دەستدرێژیی کردە سەر زۆر شوێنی وەک ئیتالیا ، ئیسپانیا و دورگەکانی سیسل و تەنانەت کەنارەکانی دەریای ئەدریاتیک. لە ئەفەریقا شاری تونسی بەبیانووی ئەوەی کە سوڵتان بەنی حەفەس کابرایەکی گەندەڵ و بەدرەوشتە، داگیرکرد. بێگومان سوڵتانی تونس خاوەنی ئەو جۆرە ئاکارانە بوو ، چونکە هەموو هێز و توانای خۆی بۆ دروستکردنی حەرەمسەرایەک خستبۆگەر، کە چوار سەد کوڕوکچی جوانکیلەی تێدابوو، بەڵام نەدەبووایە خەیرەدین کە خۆی چەتەیەکی دەریایی بوو، وانەی ڕەوشت فێری سوڵتان بەنی حەفەس بکات.

خەیرەدینیش وەکو ئیبراهیم ئاگاداری ئەوە بوو کە هەرکاتێ تاڵان و بڕۆی دەست بکەوێ، دوای پڕکردنی خەزێنەکانی خۆی، هەندێ دیاری شیاویش بۆ سوڵتان بنێرێ و هەرکاتێ لە سەفەرێکی دەریاییی پڕ لە کوشت و کوشتار و تاڵان وبڕۆ دەگەڕایەوە قوستەنتەنییە، چلی ئەرخەوانیی دەکردە بەر دووسەد منداڵ و، کوپەو گۆزەی پڕ لە زێڕوزیوی دەخستنە سەرشان. لەپشت سەری ئەوانەوە کۆمەڵە منداڵێکی دیکە کیسەی پڕ لە دراوی زێڕیان لەسەرشان بوو و، دوابەدوای ئەوانیش دووسەد پیاوکە هەر یەکەو کیسە پارەیەکیان پێبوو، بەڕێوەبوون. لە کۆتایشدا دووسەد یەخسیری کافر کە پەڕۆی سپی لەشێوەی تەوقیان لەمل بەسترابوو، تێدەپەڕین. خەیرەدین ئەوانەی وەک دیاری دەبردە لای سوڵتان و دوای ئەوەی کە دەستی سوڵتانی ماچ دەکرد، دیاری و جلوبەرگی گرانبەهای پێدەبەخشرا .(٨) کاتێ خەیرەددین مرد، سلێمان فرمانی دا ئارامگەیەکیان لەبەردی گرانیتی ڕەساسی لەتەنیشت ئاوەکانی بسفۆر بۆ دروستکردو، هەروەها فرمانی دا بەپیتی عەرەبی لەسەر کێلەکەیان نووسی:« *لێرە گەمیەوان (ناخودا)ی دەریاکان ئۆقرەی گرتووە.*» کاتێ لەلایەن هێزی دەریایی و زەمینییەوە ئەو سامانە زۆرە بەسەر قوستەنتەنییەدا دەڕژا، دەرباری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی شانو شکۆ و ڕەونەقێکی پتری بە خۆیەوە دیت؛ کۆشکی تایبەت بە سوڵتان لەو دیوی دەروازەی (بابی سەعادەت)، دیوارەکانی لەمەڕمەڕەی سپی و ناوکەشی دیوارەکانیشی لە بەردی بەخشڵ نەخشێندراو بوو. پەردەی پەنجەرەکانی لە تۆڕی زێڕ بوون و، سوڵتان زۆربەی کات دوای نیوەڕۆیان، لەم کۆشکە قەشەنگەدا پاڵی دەدایە بالیفی زێڕین و زیوین وپێخەفی قەدیفەی سووریان پێدادەدا .

سوڵتان هەرگیز جلەکانی خۆی و تەنانەت پەستەکە بەیاقوت نەخشێندراوەکانی خۆی دووجار نەدەپۆشی. خواردنی لەسەر مێزێکی زیوی نەخشێندراو و، لە دەفری زیوەدا دەخوارد. پتر حەزی لەخواردنی گۆشت ماسی بسفۆرو خواردنی قەروقاوڵ بوو و شەڕابی لە جامی فیرۆزەی یەکپارچەدا دەنۆشی.

تەنانەت قایەغ چوارینەکانی بەشێوەیەکی شکۆدار، بەپەردەی ڕەنگاوڕەنگی مرواری لێدووراوەوە ڕازێندرابوونەوە. میچە پاقلاوەیی شێوەکەشیان، هێندەیان یاقوت و فیرۆزە لێدووریبوون کەلە دوورەوە دەبریسکانەوە.

گومان لەوەدانەبوو کە سوڵتان ڕووی خۆی رووەو ژیانی پرشکۆ و پڕ لە ڕابواردنی

چاخی بیزانس وەرگیرابوو. سامانی زۆر، ساختومانی ئەستون دار، کلێساو تەنانەت ئەو مزگەوتانەی کە تازە درووست دەکران، کەوتبوونە ژێر کاریگەرییەتی بیناسازی بیزانسییەوە و ئەوانە شایەدی ئەوەیان دەدا کە تورکەکان دوای دەست بەسەراگرتنی قوستەنتەنییەو دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، ئێستا وا خەریکە رووەو گەندەڵی و لادان دەچن.

دانیلۆ دۆلودویسی ڤینیزی کە لەساڵی ١٥٣٤(٩٤١ی کۆچی)، سلێمانی لەتەمەنی چل ساڵیدا دیتووە، ئاوا وەسفی کردووە: *«پیاوێکی بالابەرز، بە لوتی چەماوەوە،کە کاروباری دەوڵەتی پتر لە جاران داوەتە دەست ئیبراهیم و حەزی لەرابواردن و پاڵ دانەوەیە.لە مەسایلی ئاینیدا دەمار گرژەو ژیانێکی ئاسایی و پڕ لە تەندرووستیی هەیە. وا بلاوە کەوا هۆش و ژیری بەئەندازەی پێویست نییەو تەنانەت هێزو وریایی پێویستی سولتانێکی گەورەی نییە. لەم رووەوە بەرێوەبردنی کاروباری ئیمپراتۆرییەتەکەی خۆی سپاردۆتە دەست سەرۆک وەزیرانەکەی ئیبراهیم و بەبێ رەزامەندی و رای ئەو خۆی و دەربارییەکانی هیچ بریارێکی گرنگ دەرناکەن . ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئیبراهیم بەبێ راوێژکردن لەگەڵ سولتان و گەورەکانی ولاتدا، چی حەز لێ بێت دەیکا.»*

ئیبراهیمیش وەک هەموو ئەو کەسانەی کە بەخێرایی قۆناغەکانی پێشکەوتن دەبڕن و دەگەنە دەسەلات، وردە وردە رادەی بوغرایی و لەخۆبایی بوونی پتر و مەترسیدارتر دەبوو. لەمیوانداریيەک کە لەساڵی ١٥٣٣ (٩٣٩ی کۆچی) رێکخرابوو، فرمانیان بە بالیۆزە بیانیەکان دا بەر لەوەی دیارییەکانی خۆیان پێشکەش بکەن، داوێنی جلە زێردووراوەکانی ئیبراهیم ماچ بکەن. دواتر قسەیەکی سەرسوڕهێنەری بەم شێوەیە بۆ بالیۆزە نێوبراوەکان کرد: *« ئەوە منم کە ئەو ئیمپراتۆرییەتە مەزنە بەرێوە دەبەم. هەر بریارێکی کە من دەری بکەم دەبێ جێبەجێ بکرێت و دەسەلاتی تەواوم بۆ دانانی یاساو لادان و دانانی کاربەدەستان هەیە. هەرشتێ کە من بیبەخشم کەس مافی ئەوەی نیە بیستێنێتەوەو ئەو شتەیش کە نەیدەم، کەس ناتوانێ رەخنەی لێبگرێ. هەرکاتێ سولتانی گەورە بیەوێت شتێک بەیەکێک ببەخشێ ئەگەر من رام لەسەر نەبێ ئەوا سەرناگرێ. هەمووشتێ ،بە شەرو ئاشتی و خەزێنەوە لەبەردەستی منداییە. من ئەو قسانە لەخۆراناکەم و بۆ ئەوەمە کە غیرەتتان پێ ببەخشم تا ئازادانە قسە بکەن.»*

* * *

ئەوە یەکەمجار نەبوو کە ئیبراهیم وا بەئاشکرایی قسەی دەکرد. ئەم کارەشی دەبووە هۆی خۆشحالیی دوژمنە بێ شومارەکانی و لە هەموویانیش گرنگتر روکسلانە. گومان لەوەدانیە کە روکسلانە یەکێک بوو لەوانەی کە لەدژی ئیبراهیم دەستی دایە پڕوپاگەندەکردنی نارەوا.

ئەو ئافرەتە، بەدرێژایی ئەو سالانە تەنها بەدوای ئامانجێکەوە بوو کە ئەویش دەستە بەرکردنی تاج و تەخت بوو بۆ سەلیمی کوڕی، بەلام مستەفای کوڕی گوڵبەهار لەمپەری سەر رێگەی کوڕەکەی بوو و، تاڕادەیەکیش ئیبراهیم، کە

کاریگەرییەتییەکی باشی بەسەر مێردەکەیدا هەبوو. روکسلانە لەو باوەڕە دابوو کە ئیبراهیم دەسەڵات و تواناکانی سوڵتانی داگیرکردووە و هەندێ لە دەربارییەکانی سوڵتانیش لەگەڵ روکسلانەدا هاوڕابوون. دیار نیە ئاخۆ ئەو کاتەی سلێمان ناچاربوو لەنێوان ژنەکەی و برادەرە گیانی بەگیانیەکەی یەکێکیان هەڵبژێرێت چ ئەفکارێکی پڕ لەنهێنی لە کەللە دابووە، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەیزانی کە لەئاکامدا ململانێی ئەو دوو کەسە بەتراژیدیایەک کۆتایی پێدێت؛ ئەو دەبوو لەوە گەیشتبێت کە هەرگز ئیبراهیم خیانەتی پێ نەکردووە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە هەق بەلای روکسلانەدابوو، بەتایبەتی کاتێ قسەکردنەکانی ئیبراهیم یان کە لەولاو ئەولا ئەنجامی دەدان بۆ سوڵتان دەگێڕایەوە. بەراستی واپێدەچوو کە ئیبراهیم شێت بووبێت.

بەدەیان کەس لە دەربارییەکانی سوڵتان بەسەرسوڕمانەوە گوێبیستی ئەو قسەیەی ئیبراهیم ببوون کە گوتبووی: « *ئەگەر ئەو (واتا سوڵتان) فرمانێک بداو من دژی بوەستم ئەوا ئەو فرمانە جێبەجێ ناکرێت، بەڵام ئەگەر من فرمانێک بدەم و ئەو دژایەتی بکات ئەوا بەدڵنیاییەوە جێبەجێ دەکرێ.*»

چەند مانگێک پەیوەندیی نێوان سوڵتان و ئیبراهیم رووی لەگرژی ناو، سوڵتان گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئیبراهیم بووەتە مایەی مەترسیی، بەڵام لەهەمانکاتدا تووشی عەزابی ویژدان ببوو لەبەر ئەوەی کە سوێندی خواردبوو تا زیندووبێ خۆی لە ئیبراهیم تووڕە نەکات و لێی بەقین دانەچێت . ئێستاکە پێویستی بەوە هەبوو کە رێگەیەک بۆ شکاندنی سوێندەکەی خۆی بدۆزێتەوەو ئەم رێگەیەش لەلایەن یەکێ لەراوێژکارە یاساییەکانی دیوانەوە خرایە بەردەم سوڵتان بەوەی کە بەسوڵتانی گوت: « *ئێوە سوێندتان خواردووە کە تازیندوو بن نەیکوژن. وابکەن کاتێ ئێوە لەخەودان و نووستوون، بیخنکێنن؛* چونکە *ئەو کەسەی نوستبێ، بەکردەوە زیندوو نییە. بەم شێوەیە دەتوانن بەسزای خیانەتی خۆیی بگەیەنن و ئێوەش سوێندەکەتان لێنەکەوێ.*»

چ راست چ درۆ، پێدەچوو رێگەیەکی باش بێت و لەگەڵ دابونەریتی تورکەکاندا دەگونجا. لەم رووەوە سوڵتان پەسندی کرد و بێئەوەی بهێڵێ کەس ئاگادار بێ، بەخێرایی پیادەی کرد.

لە ١٥ی ئازاری ١٥٣٦ (٢ی شەوالـی ٩٤٢ی کۆچی)، ئیبراهیم وەک جاران بەمەبەستی خواردنی نانی ئێوارە لەگەڵ سوڵتاندا، روویکردە بابی عالی. ئیبراهیم نەیدەتوانی هیچ جۆرە شوبهەو گومانێکی هەبێ؛ چونکە سوڵتان زۆر بەگەرم و گوڕی پێشوازی لێکرد و بچوکترین ئاماژەیەکیشی بەرووداوەکانی ئەو دواییە نەداو بەهیچ جۆرێ نکۆڵی لەوەفاداری ئەو لەهەمبەر سوڵتاندا نەکردو، بگرە بەپێچەوانەوە بەپێی نووسینی مێژوونووسان هێمنانە بەخواردنی نانی ئێوارەوە خەریک بوون و سەبارەت بە کاروباری وڵات و کاری رۆژی دوایی دوان. ئەوجا سوڵتان وای نیشاندا کە خەوی دێت و پێشنیازی ئەوەشی بە ئیبراهیم کرد کە شەو لەوێ لە ژوورەکەی تەنیشت ئەودا بخەوێ.

ئیدی کەس ئیبراهیمی بەزیندوویی نەدیتەوە؛ بۆ بەیانی لاشە خنکێندراوەکەیان لەبەردەم دەروازەی (بابی سەعادەت دا) دۆزییەوە، بەلام وادیار بوو کە ململانێیەکی سەخت لەنێوان سەرۆک وەزیران و ئەو خولامە کەڕولانەدا رویداوە کە بۆ کوشتنی راسپێردرابوون. هەندێ پەلەخوێن بەسەر دیوارەکانی ژوورەکەوە بوون کە تا یەک سەدە دواتر هەر بەوێوەبوون وشوێنیان مابوو.

دەیانگوت ئەو شەوە لەهەژمەتان سولتان خەوی لێنەکەوتبوو، بەلام روکسلانە بە ماچە تەڕەکانی خۆی نەهێشتبوو سولتان گوێی لەدەنگی زرم و هۆڕی ژوورەکەی تەنیشتی بێت. چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەرە کە رەنگبێ هەندێ لق و پۆپیشیان پێوەنابێ.

* * *

دوای ئیبراهیم، سێ کەسایەتی بێ بایەخ یەک بەدوای یەک جێی ئەویان گرتەوە. یەکەمیان گیرۆدەی دەستی کاروباری حەرەمسەراکەی بوو؛ چونکە ئەو کاتەی کە کرا بە سەرۆک وەزیر، لەکۆشکەکەیدا لانکی چل منداڵ رادەژێندرا و ئەوکاتەیش کە بەنەخۆشی تاعون مرد، ١٢٠ منداڵی لەپاش بەجێما. دووەمیان تەنها ساڵێک سەرۆک وەزیر بوو و لادرا. سێیەمیان خواجەسەرایەک بوو کە پۆستی مەزنی سەرۆک وەزیرایەتیی پێبەخشرا و، لە ساڵی ١٥٤٤ (٩٥١ی کۆچی) لەسەرکار وەلانرا. بەلام کەسی چوارەم لەوان زۆر گرنگتربوو؛ نێوی رۆستەم پاشاو زاوای سولتان و مێردی کچەکەی روکسلانە بوو. هەرکە رۆستەم بوو بە سەرۆک وەزیر، لەگەڵ رۆکسلانەدا بوونە هاوپەیمانی یەکدی؛ چونکە بەرژەوەندی هەردوولا وایدەخواست کە لە جیاتی مستەفای کوڕی گوڵبەهار، سەلیم ببێتە جێگری سولتان. بەلام ئەوان ناچاربوون ماوەی (٩) ساڵ واتا تاساڵی ١٥٥٣ (٩٦٠ی کۆچی) راوەستن بۆ ئەوەی روکسلانە بتوانێ ئەو تاوانە بەسولتان دووپات بکاتەوە کە دەرهەق بە ئیبراهیم ئەنجامیدابوو.

ئەگەرچی مستەفا لاوێکی جوان و ئازاو بەجەرگ و خۆشەویستی خەڵک بوو، بەلام بۆ جارێکی دیکەو دووبارە، روکسلانە توانی پیلانەکەی خۆی جێبەجێ بکات. مستەفا لە نێو سەربازانی سوپاکەی سولتاندا زۆر خۆشەویست بوو و کەس گومانی لەوە نەبوو کە لەداهاتوودا جێی باوکە تەمەن (٦٠) سالاناکەی خۆی دەگرێتەوە. (گیوم پۆستەل)ی نووسەری فەرەنسایی لەوبارەیەوە نووسیویەتی: « *مستەفا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرەوشت و خوێندەوارو وریا بوو و، لەهەموو روویەکەوە ئامادەی گەیشتنە تاج و تەخت بوو. بەلام رۆستەم و روکسلانە بۆ بەدناوکردنی و لابردنی لەسەر رێگا، دەستیان دابۆ چاندنی تۆوی بەدگومانی و بۆ جارێکی دیکە ئەوەی دەرهەق بە ئیبراهیمیان کردبوو، بەرامبەر بە مستەفا، دووپاتیان کردەوە.*»

بۆ جارێکی دیکە سولتان بابەتەکەی خستە بەردەم راوێژکارە یاساییەکانی و چیرۆکێکی خەیاڵیی لەبارەی کۆیلەیەک بۆ گێڕانەوەکە لە کاتێکدا جێی متمانەی خاوەنەکەی بووە، هەستاوە پارەوپولی خاوەنەکەی دزیوەو لە دژی دەستی

بەپیلانگێڕی کردووە. دیارە مەبەستی سوڵتان لە کۆیلەکە مستەفای کوڕی بوو ولەمبارەیەوە پرسی بەموفتی کردو موفتی دەربار کردو موفتی دەرباریش فتوای ئەوەیدا کە ئەگەر کەسێکی ئاوها هەبێ ئەوا دەبێ بەئەشکەنجەو کوشتن سزابدرێت.

دوای دەرچوونی ئەم فتوایە، لە ٢١ی ئەیلولی ١٥٥٣ (١١ی شەوال-ی ٩٦٠ی کۆچی) کاتێک کە سوڵتان لەگەڵ سوپاکەی لەئاسیای نێوەڕاست بوو، مستەفای بانگ کردە چادرەکەی خۆی. هاوەڵەکانی مستەفا پێیانگوت کە نەچێ، بەڵام مستەفا بەشێوەیەکی سەرزەنیشتکارانەوە پێیگوتن ئەگەر بڕیار وابێ گیانی لەدەست بدات، باشتر وایە بەدەستی کەسێک بێت کە هێناویەتە دنیاوە.

چادری مستەفا لەتەنیشت چادری پاشایەتی هەڵدرابوو و، ڕۆژی دوایی بەپێی نەریتی باوی ئەودەمە، بەسواری ئەسپ ئەو مەودا کورتەی نێوان دوو چادرەکەی بڕی. چادری سوڵتان زۆر مەزن و پڕشکۆبوو و بەسەر چەند حوجرەیەکدا دابەش دەبوو و، زەوییەکەی بەفەڕشی گرانبەها داپۆشرابوو و دیوی ناوەوەی بەقوماشی زێڕدووراو ڕازێندرابۆوە. لەچوار دەورەی هۆڵەمەزنەکەی نێو چادرەکە، مێزو کورسی دانرابوون و لەنێوەڕاستی هۆڵەکەش، مێزێکی پێچکە کورتی زیو دانرابوو.

مستەفا سڵاوی لە پاسەوانەکانی سوڵتان کردو لەئەسپ دابەزی، بەدوو قەراوڵەکەی پێش خۆی گوت لەبەردەرگا بوەستن و چاوەڕێی بن. ئینجا بە مەبەستی دیتنی باوکی پێی نایە چادرەکەوە، بەڵام لەجیاتی دیداری باوک لەگەڵ خوڵامی کەڕ ولاڵدا بەرەوڕووبۆوە کە یەکێکیان گوریسێکی ئاوریشمی پێبوو. ئەودەمە واباو بوو کە پیاوی گەورەیان بەگوریسی ئاوریشم دەخنکاند و ئەوەش دەبووە هۆی ئەوەی کە کاری خنکاندنەکە خێراتر بەئەنجام بگات . هەروەها بۆ ئەوەی کەس نەزانێ کێ کووشتوویەتی پێشتر زمانی ئەو خوڵامانەی کە بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو کارە رادەسپێردران، دەبڕدراو پەردەی گوێچکەکانیشیان دەدڕاندن. بەپێی گوتەی خەڵک، مشتومڕێکی توندو لێکدان وپێکدادانێکی سەخت لەنێوان مستەفا کە بەرگری لەخۆی دەکردو ئەو خوڵامانەی کە دەبوایە بیخنکێنن، ڕوویدا و بەدرێژایی ئەو ماوەیە سلێمان لەپشت پەردەکەوە وەستابوو و گوێی دەدایە ئەو شەڕو پێکدادانە. کاتێک کارەکە کۆتایی پێهات و کوڕە خۆشەویستەکەییان کوشت، بێئەوەی بچوکترین هێمای بەزەیی یان پەشیمانی تێدابیبیندرێت، لەپشت پەردەکە هاتەدەرەو بەووردی سەیری تەرمی کوڕەکەی کرد.

هەر کە سوڵتان گەڕایەوە قوستەنتەنییە، درۆیەکی گەورەیان ڕێکخست؛ گوایە نامەیەک گەیشتبۆ دیوانی هومایون کە بەمەرەکەبی سپی لەسەر کاغەزی ڕەش، هەواڵی کوشتنی کوڕە خۆشەویستەکەی سوڵتانی تێدا نووسرابوو. سلێمان مەندیلەکەی خۆی بەزەوی داداو یەخەی خۆی دادڕی و فرمانیدا تەواوی فەڕشەکانی کۆشک بەبەراوەژوویی ڕابخەن و سێ ڕۆژ بۆ کوڕە ناکامەکەی پرسە دانێن. ژمارەیەک مەڕیان سەربڕین و بەسەر هەژاراندا دابەشیان کردن. لەڕۆژی ناشتنی تەرمی مستەفادا، دەرمانێکیان لەچاوی ئەو ئەسپانە کردبوو کە تەرمەکەیان دەگواستەوە سەرقەبران و بەردەوام ئەسپەکان فرمێسکیان دەڕشت.

ئێستاکە رێ بۆ سەلیمی کوڕی روکسلانە والابوو.

* * *

دەبێ سلێمان لە دوایین سالەکانی سەڵتەنەتەکەیدا زۆر نارەحەت بووبێت. دوو ساڵ دوای کوشتنی کوڕەکەی، (ئۆژییە گیزلین دۆبووز بەک)ی باڵیۆزی ئیسپانیا لە قوسەنتەنییە لەو بارەیەوە نووسیویەتی: *«بەسەرنجدان لەوەی کە سلێمان سالانێکی دووروودرێژ بە سەلامەتی و کامەرانیەوە ژیاوە، ئێستا پێدەچێ پێستی دەمووچاوی لەبەر نەخۆشییەکی شاراوە وارەش هەڵگەرابێت.دەنگۆی ئەوە هەیە کەوا تووشی شێپەنجە، یان برینی گەدە بووبێت. کاتێ رێگەدەدا باڵیۆزێک سەردانی بکات، ئەوا لەترسی ئەوەی نەوەکا بیرەوەرییەکی تاڵ لای کابرا بەجێی بێڵێ، سووراو لەدەم و چاوی دەداو، لەو باوەڕە دایە کە کاتێ ولاتانی بیانی بزانن هێشتا تەندرووست و بەهێزە، پتر لێیدەترسێن.*

من هەندێ هێمای حاشا لێنەکراوم لەکاتی خواحافیزیدا تێدا بەدی کردن و دیتم دەموچاوی لەگەڵ ئەوکاتەی کە بۆ یەکەمجار دیتبووم زۆر جیاوازە.»

پێنج ساڵ دوای کوژرانی مستەفا، روکسلانەش مرد و لەبەر ئەوەی کە ئافرەت بوو مردنەکەی بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدرا. سلێمان رێگەی بەخۆی نەدا لە ناوشوێنە گشتییەکاندا پرسەی بۆ دانێن. دەرگاکانی ساختومانەکەی روکسلانە مۆرومۆم کران و لەوێ بەدواوە سلێمان بەتەنیا نانی دەخوارد. (دۆمینی)ی سکرتێری باڵیۆزخانەی ڤینیز لەو بارەیەوە نووسیویەتی: *« سولتان لەماوەی ئەو چەند مانگەی دواییدا زۆر کزبووە و وەک مردووانی لێهاتووە. بەهۆی نەخۆشی شەکرەوە لاقی ئەستوور بوونەوە و دەموچاویشی ئاوساوە. رەنگێکی سەیری بەخۆوە گرتووە. لە مانگی ئازاری رابردوودا، دووجار لەخۆ چووە و لەوکاتەوە تائێستا جارێکی دیکەش وای لێهاتۆتەوە، لە خۆچوونەکەی ئەم دواییەی بەشێوەیەک بووە کە ئەوانەی لەدەوروبەری بوونە گومانیان لەوە هەبووە داخۆ زیندووە یان مردووەو هیوایەکی ئەوتۆیان بە ژیانی نەبووە.»*

سوڵتان کەموکورتی رۆحیشی تێدا بەدی دەکرا و وەک بەرەبابەکەی چیتر حەزی نەدەکرد بەشداری لە دانیشتنەکانی دیواندا بکات. ئەم کارەش بووە هۆی ئەوەی کە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە دەسەلاتی سوڵتان کەم بێتەوە؛ چونکە وا باوبوو کە دەبێ سوڵتان ئاگای لەهەموو ئەو رووداوانە بێت کە لەولاو ئەولای ئیمپراتۆرییەتەکەیدا روویان دەدا. ئەو پێشینەیەی کە لە بەخشینی پلەوپایە بەرزە دەوڵەتییەکان بەهاوڕییانی و لەوانە ئیبراهیم و رۆستەم بەرقەراری کردبوو، بووە هۆی پەیدابوونی خوی ناپەسندی پارەپەرستی و ماڵ کۆکردنەوەو خۆ دەوڵەمەندکردن. کاتێ دوای ماوەیەکی کورت لەمەرگی روکسلانە، رۆستەمیش کۆچی دوایی کرد، سامانێکی زۆری لەپاش بەجێما و، ئەمەش بۆ کەسێک کە ژیانی وەکو کۆیلەیەک لە فێرگەی کوڕانی بەدیاری هێندراوەوە دەستی پێکردبوو، سەرسووڕ هێنەربوو.

سامانی نێوبراو بریتیبوو لە: ٨١٥ گوند، ٤٧٦ ئاشی ئاو، ١٧٠٠ کەنیزەک و

خولام، ٢٩٠٠ زرێ، ٨٠٠٠ مەندیل، ٧٦٠ شمشێر، ٦٠٠ بەرگ قورئان و ژمارەیەکی زۆر کڵاوزرێی زێرین و لغاو ورکێفی زێری ئەسپ و دوو ملیۆن دراوی زێر.

ئەو نەریتەی کە سلێمان لەوالاکردنی دەستی برادەرانی خۆی بۆ پارەکۆکردنەوەو کڕین و فرۆشتنی پلەوپایە دەوڵەتییەکاندا دایهێنابوو، وەک نەخۆشییەکی کوشندە بە سەرانسەری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا بڵاوبۆوە. بەڵام لەهەموو شتێ خەراپتر ئەوەبوو کە ئەو قۆناغە، بوو بەدەستپێکی فرمانڕەوایی کردنی ئافرەتانی حەرەمسەرا کە حەرەمسەرایان وەک ناوەندێکی فیتنەو پیلانگێڕی لێکردبوو و بەم پێیە بوونە هۆی ئەوەی داهاتوویەکی شوم چاوەڕێی وڵات بکات. ئەو قۆناغە کاتێ دەستی پێکرد کە روکسلانە بەئاشکرا دەیگوت: « من شەو و رۆژ لەگەڵ سوڵتاندا دەژیم و هەر کارێکی حەزم لێی بێ پێیدەکەم.»

لەگەڵ ئەوانەشدا سلێمان کەسایەتییەکی بەرجەستەبوو. لەڕادەبەدەر دڵ رەق بوو، بەڵام نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کەوا لەو سەردەمەدا بێڕەحمی و دڵڕەقی شتێکی ئاسایی بوو و تەنها تایبەتیش نەبوو بە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە.

لە ئەوروپاش نمونەی زۆر لەدەمارگیریی توندوتیژی ئایینی بەرچاودەکەوت کە خەڵکیان بەناوی کافرو مورتەدەوە بەزیندوویی دەسوتاندو ئەشکەنجەیان دەدان. رەنگبێ هەر لەبەر ئەو دڵڕەقییەی ئەو سەردەمەش بوو بێت کە خەڵکی ئەو سەردەمە کەمتر لە خەڵکی ئەمڕۆ لە ئەشکەنجەدان دەترسان و ئەشکەنجەدانیان پێ سزایەکی ئاسایی بووە.

ئەگەرچی سەردەمی سەڵتەنەتی سلێمان بەهۆی کوشت و کوشتارە خێزانییەکانی نێوخۆییەوە لەککەدار ببوو، بەڵام لەهەمانکاتدا ژیانی هانری هەشتەمی پاشای بەریتانیا کە لەگەڵ سلێماندا هاوچەرخ بوو، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هی سلێماندا نەبوو.

سلێمانیش وەک زۆربەی کەسایەتییەکانی سەردەمی رێنیسانس، بەیەک ئەندازە دڵرەق و هەستورر بوو؛ شیعری دەگوت و بایەخێکی تایبەتیشی بەمەسەلە سیاسییەکان دەدا.

بەقەدەر ئەوەی لەشەڕدا توندو دڵڕەق بوو، تەلارو کۆشکی مەزنی درووست دەکردن. وێڕای ئەو مزگەوتە گەورەو مەزنەی کە لە قوستەنتەنییە ناوی ئەوی بەسەرەوەیە، بەهاوکاری میعمارەکەی (سینان) کە ئەویش کوڕە خولامێکی بەدیاری هێندرا و بوو،بینای جۆر بەجۆری لە عەمباراوی چل ستوونەوە بگرە تا دیواری دەورەی شاری کۆنی (قودس)ی درووست کردن.

لەگۆڕەپانی شەڕیشدا سەرکردایەتی ئەو سوپایەی کە لەڕووی رێکوپێکییەوە لەسەرووی هەموو سوپاکانی دنیابوو، دەگرتە ئەستۆ و ئێرانییە شیعەکان و مەجەرە کافرەکان، ئەو دوژمنانە بوون کە لەڕادەبەدەرو رقی لێیان دەبۆوەو ئەغڵەب بۆخۆی بەشەخسی هێرشی دەکردنەسەر. بەبڕوای ئەوروپاییەکان سلێمان مەتەڵێک بوو کە هەڵنەدەهێندرا، بەڵام لەماوەی سەڵتەنەتە درێژەکەیدا قوستەنتەنییە بوو بەناوەندی باڵیۆزخانە بیانیەکان وتەنانەت ئەلیزابێتی یەکەمی شاژنی بەریتانیا، لەبەرامبەر

پاشـای کـاتۆلیکی ئیـسـپـانیـادا، داوی یارمـەتی لەسلێـمـان کـرد. پەیماننـامـەی دۆسـتـایەتی نێـوان سلێـمـان و فـەرەنسـا کـە لەسـاڵی ١٥٣٥ (٩٤٢ی کـۆچی) دا ئیمزاکرا، بەدرێژایی دوو سەدە بەفاکتۆرێکی چارەنووسساز لەگۆڕەپانی سیاسیی ئەورووپا لەقەڵەم دەدرا.

سلێمان بەو شێوەیەی کە خۆی حەزی لێدەکرد، واتا لە گۆڕەپانی جەنگدا مرد. تەمەنی ٧٢ سالان بوو کە لەشکرەکەی بۆ شەڕکردن لەگەڵ ماکسی میلینی دووەمی ئیمپراتۆری ئۆتریش بەڕێخست. سوڵتانی پیر بەڕادەیەک کزولاواز ببوو کە تەنانەت نەیدەیوانی سواری ئەسپ بێت . لەم رووەوە خستبوویانە نێو کەژاوەیە کەوە، بەڵام هێشتا گوڕوتینی دەروونی خۆی لەدەست نەدابوو؛ چونکە لەسەر رێگەی خۆی و لەشاری بودا فرمانی دا پاشای ناوچەکە بەتاوانی بێ توانایی لەسێدارە بدەن.

ئەو لەوکاتەیدا کە هێزەکانی لەگەڵ هێزە ئۆتریشی و ئەڵمانیاییەکاندا خەریکی شەڕێکی خوێناوی بوون، لەشەوی پێنجی ئەیلولی ساڵی ١٥٦٦ (١٩ی سەفەری ٩٧٤ی کۆچی)، لەنێو چادرەکەی خۆیدا کۆچی دوایی کرد، بەڵام هەواڵی مردنی بۆ ماوەی سێ هەفتە بەپەنهانی هێڵدرایەوەو، پزیشکە تایبەتییەکەیان خنکاند بۆ ئەوەی نەوەکا ئەم نهێنییە ئاشکرا بکات. هەموو ئەوانەش بۆ ئەوەبوو تا سەلیمی کوڕی روکسلانە کە ئەودەم لە ئاسیای نێوەڕاست بوو، دەرفەتی ئەوە پەیدا بکات خۆی بگەیەنێتە قوستەنتەنییە.

چەند رۆژێک تەرمی سوڵتانیان بەچاوی والاو دەموچاوی سوراو لێدراوو قژی رەش کراوەوە، لەسەرتەخت دادەنیشاند، لەناو چادرەکەی خۆیدا کە تەنها سەرۆک وەزیرو هەندێ لەو خولامانەی کە ئاگایان لەنهێنیی مەرگی سوڵتان بوو و، رێگەیان پێدرابوو هاتووچۆی بکەن، دایاننابوو. ئەم شانۆگەرییە ترسناکە هەموو رۆژێ دووپات دەکرایەوە تاکەس ئاگادار نەبێ و خەڵکەکە نەزانن کە سوڵتان مردووە. پەیامەکانیان لە پەیکەکان وەردەگرت و دەیانبردنە نێو چادری سوڵتان و وەڵامەکانیان دەهێنانەوە. تەنانەت کاتێ شەڕ کۆتایی پێهات و چادری پاشایەتییان کۆکردەوە، تەرمی سلێمانیان خستە نێو گالیسکەیەکەوەو بەشێوەیەک بوو کە رووخساری عەبوس و تێکسرماوی لەدوورەوە بەباشی دەبیندراو سەربازەکانیشی کە رووەو قوستەنتەنییە دەگەڕانەوە، هەلهەلەیان بۆ لێدەدا.

کاتێ ئەم مەوکیبە گەیشتە نزیک پایتەخت، هەواڵی مردنی سوڵتانیان بڵاوکردەوە. هەر لەوێ سەلیم خۆی کرد بە سوڵتان و کاتێ کە پیاوان وزانایانی ئایینی مردنی سلێمانیان راگەیاند، دەنگی هاوارو شیوەن و فیغانی خەڵک لەناو درەختەکانی جەنگەڵدا دەزرینگایەوەو گەڵای درەختەکانی دەلەراندەوەو ئەوانەی لەسوڵتانەوە نزیکبوون ئەو دیمەنەیان بە هاودەردی سروشت لەگەڵ ئەو خەڵکەداو لەهەمبەر ئەم کارەساتە گەورەیە تەفسیرکرد.

تەرمی سلێمانیان شوشت و بەپێی نەریتە ئایینییەکان، دەستەکانییان لەسەر سینگی داناو لۆکەیان لەگوێ و لوت و زاری ئاخنی و لەدواساتدا کە دەیانویست لەکفنێکی ئاوریشمیی باوێن، یەکێ لەپیاوانی ئایین وەڵامی ئەو پرسیارانەی بەگوێدا

چرپاند کە فریشتەکانی بەردەرگای بەهەشت (نەکیرو مونکیر) لێیدەکەن. ئەوجا لەسەر لاکەلەکەی چەپە درێژیان کرد و سەریان لە قیبلە کرد و لەتەنیشت ئەو مزگەوتەی کە سینان بۆی دروستکردبوو، شاردیانەوە. قورئان خوێنەکان ماوەی چل شەو چل رۆژ، هەر رۆژەی چل جار قورئانیان بۆ خەتم کرد.

* * *

فەسڵی سێیەم

فرمانڕەواییی ئافرەتانی حەرەمسەرا

لەو مـاوە سـێسـەد سـاڵیـیـەی کـە بەسـەر دامـەزراندنی دەوڵەتـی عوسـمـانیـدا تێدەپەڕی، دە سـوڵتانی بەرایی، ئیمپڕاتۆرییەتێکی بەهێزیان بەسی ملیۆن نفوس کە بە ٢٠ زمان دەئاخڤین، پێک هێنابوو و، هـەر بستێکی ئەو خاکە، بەزەبری شمشێری سـوڵتـانە جـەنگاوەرو دلێرەکانی عوسـمـانی کە خۆیان سـەرکردایەتی سوپاکـانیـان دەکرد، بەدەست هێندرابوو.

ئەگـەرچی دلڕەق و بێـبـەزەیی بوون، بەڵام لەهەمـانکاتدا سـیـاسـەتوانێکی لێوەشاوەی ئەوتۆبوون کە لەوسەردەمە دا لە دنیادا هاوتایان نەبوو.

حـەزیـان لە هونەر و جوانی بوو و، مێـژوونـوس وبیناسازو شـاعـیـریشـیـان تێدا هەڵکەوتبوو. بەکورتیەکەی رەنگبێ عوسمانی گەورەترین سیلسیلەیەک بێت کە دنیا بەخۆوەی دەیتووە، بەڵام ئێستاکە لە پڕێکا هەمـوو شتـێ گۆڕا بوو و، لە نێوچوون و لادان و داڕمان جێی شـان و شکۆی پێشووی گرتبۆوە؛ دلێرانی گۆڕەپانەکانی جەنگ جـێی خـۆیان دابـوو بەو پیاوانـەی کە زۆربەی کـاتی خـۆیـان لە نێو حـەرەمسـەرا دا بەسـەر دەبرد. پلەوپایە بەرزە دەوڵـەتیـەکـان ببـوون بە وەسـیـلەی مـاڵ کـۆکـردنەوەو گیرفـان پڕکردن و، سەیر لە وەدابوو کە ئەم بارودۆخە تاسەدەی بیستـەمیش درێژەی کێشا. ئیدی قسە لەسـەر یەک دوو سۆڵتانی لێنەوەشاوەو بێ توانا نەبووکە لە هەموو سیلسیلەیەکدا هەن، بگرە ئەم لادان و داتەپینە وەک هێڵێکی نەپچڕاوەی لێـهاتـبوو کەوا کەم تـا زۆر هـەموو ئەو (٢٥) کەسـەی دوای سلێـمـان لەسەر تـەختـی سـەڵتـەنەت دانیشـتن، هیچ کامیـان بەبێ جیاوازی،توانا و تایبەتمەندییەکانی سوڵتانێکی بەهێزو لێوەشاوەیان تێدا بەدی نەدەکرا .بەشێوەیەک کە پرۆفیسۆر بارنێت میلەر لەکتێبی *«لە پشت دەروازەکـانی بابی عـالی»* دا، نووسـیـویەتی: «*مـەودایەکی گـەورە لەنێوان سلێـمـان و ئەو جـێنشـینانەی کـە هەر لەدوای ئەو جـێگەیان گـرتەوە درووست بوو.ئەوانەی لەدوای سلێمـان لەسـەر تەخت دانیشـتن، نە سـەرکردەیەکی سـەربازی باش بوون و نەسیاسـیەتمەداریکی لێوەشـاوە؛ ئەوان بە بەهۆی ژیانی گۆشەگیرانە وبێکارییەوە تووشی خـەمۆکی ببوون و خۆشـی و لەززەتەکـانی ژیانیان لە کـاری بێ بەرنامـە، بەڕەڵایی و سـەرسـەرییـایەتیـدا دەدۆزییـەوە.*» ئەم گـــۆڕانە بەڕادەیەک سـەرسووڕهێنـەرەکە هەندێ لە مێـژوونووسـان ئەگەری ئەوەیان خسـتۆتەڕوو، کـە بنەمـاڵەی عـوسـمـانی لەگـەڵ مـەرگی سلێـمـاندا لەناوچووەو خـەڵکی دیکە جـێی

سولتانیان داگیرکردووە.

سەلیم دەمو چاوێکی ئاوساوی هەبوو و پتر بەو کەسانە دەچوو کە بە بەردەوام دەیانخواردەوەو لەو رووەوە خێرا نازناوی (مەیخۆر) یان سەردابڕی. هێشتا چەند مانگێک بەسەر دەسەلاتدارییەتی سەلیمەوە تێنەپەڕی بوو، کە لە هەر چوارلای پایتەخت پڕووپاگەندەی ئەوە بلاوبۆوە کە سلێمان باوکی راستەقینەی سولتانی نوێ نەبووە.

(فۆن هامێر) کە گەورەترین نووسەری مێژووی عوسمانییە، ئاماژە بەم پڕۆپاگەندانە دەکات و لەو بارەیەوە نووسیویەتی: « *ئەگەرچی راستی ئەم پڕۆپاگەندانە ناسەلمێندرێن، بەلام دوورنیە ئافرەتێکی سەرسەری و سەربزۆزی وەک روکسلانە یەکێک لە ئەویندارەکانی خۆی هێنابێتە حەرەمسەراوە.*»

ئەگەرێکی دیکەی ئەم باسە ئەوەیە کەوا باوکی راستەقینەی سەلیم، ئیبراهیم بووبێ؛ چونکە (لوئیجی باسانۆ)ی مێژوونووسی ئیتالیایی، کەکاتی خۆی بە منداڵی و لەسالانی سەرەتای سەڵتەنەتی سلێمان وەک خۆلام لەدیوانی عوسمانیدا بووە، پێ لەسەر ئەوە دادە گرێ کە لەسەرەتادا روکسلانەی دایکی سەلیم لای ئیبراهیم بووە و دواتر لە لایەن ئەوەوەپێشکەشی سولتانی کراوە. ئاشکراشە کە کەنیزەکێکی وا جوان و رازاوە بۆ ماڵینی ژوورەکانی حەرەمسەرا نەهاتبۆ دنیاوە.

راستی مەسەلەکە هەرچییەک بێت، بە قەولی (لۆرد ئۆرسلی)ی مێژوونووسی ئینگلیزی: «*پیاو سەبارەت بەوەی کە ئایا خوێنی راستەقینەی بەرەبابی عوسمانی لە دەماری ئەو (٢٥) سولتانەی دوای سلێماندا گەڕاوە یان نا؟ دەکەوێتە گومانەوە.*»

* * *

یەکەم کاری سەلیم پاش گرتنە دەسەلات ئەوەبوو کە تەواوی ئافرەتانی حەرەمسەراکەی باوکی بۆ ئەدیرنە دوورخستنەوە و ژنە نوێیەکەی، واتا سولتانە نوربانوی دایکی کوڕە گەورەکەی خۆی، هێنایە حەرەمسەراوە. نوربانو، بە (١٥٠) خزمەتکارەوە پێی نایە حەرەمسەرای سەڵتەنەتییەوەو خۆی ئامادەکرد بۆ ئەوەی وەک روکسلانە بەسیاسەت بازییەوە خەریک بێت. مەرگی روکسلانە کاری ئەوی ئاسانتر کرد و ئیدی مەجبور نەبوو لەگەڵ شازنی دایکدا رکابەری بکات. بەلام نوربانو چاوەڕێی دەرفەتێکی لەباری کرد و ئەم دەلیڤەیەش بە مردنی سەلیم هاتەکایەوە؛ دوای مردنی سەلیم، خۆی بوو بە (سولتان والیدە)و جڵەوی کارەکانی گرتەدەست.

هۆی ئەم چاوەڕوانییە چەندین ساڵەیە ئەوە بوو کە سەلیم بە بەردەوام مەست و سەرخۆش بوو و، و لەلای خۆیەوە بچوکترین بایەخێکیشی بە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات نەدەدا. بەلام شانسی هەبوو؛ دوایین سەرۆک وەزیری سلێمان واتا (سوقولەلی محەمەد)ی لەباوەکییەوە بۆ بەمیرات مابۆوە، ئەم کابرایە بەلێزانی و کارزانیەوە کاروباری وڵاتی بەڕێوەدەبرد و لەشکری دەناردە بەرەکانی شەڕ.

نوربانو تێگەیشتبوو کەوا لەڕوانگەی دانیشتوانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و وڵاتانی ئەوروپاوەش، سوقولەلی باشترین و تۆکمەترین پەردەیە بۆ داپۆشینی ناشایستی و لێنەوەشاوەیی مێردەکەی و سولتانیش بەم بارە ڕازی بوو و، هەرگیز

لەگۆڕەپانی شەڕدا سەرکردایەتی سوپاکەی نەگرتە دەست و بگرە لەجیاتی ئەمە، لە دوورەوە شەرابی دەخواردەوە.

ئەم خووە ناشیرین ودزێوە بەخێرایی بەنێو سەرانی وڵاتدا بڵاوبۆوە. تەنانەت موفتی و پیاوانی ئاینیش، یاساکانی شەرعی پیرۆزیان خستە ژێر پێ و بەپێچەوانەی فرمانی قورئانی پیرۆز، دەستیان دایە شەراب خواردنەوە. لەم ڕووەوە لەبازاڕی قوستەنتەنییە باوی ئەو نوکتەیە بوو کە دەیانگوت: *«ئەرێ ئەمرۆ کێ پارەی خواردنەوەکەمان دەدا، مەلا، قازی یان خەلیفە؟»*

(حافظ)ی شاعیری بەناوبانگی ئێرانی، لەژێر کاریگەرییەتی ئەم رەوتەدا شیعرێکی گوتووە کە تێیدا هاتووە: *«نۆشینی شەراب شیرینترە لە ماچی کچانی لاو»*(١٠). کاتێ موسڵمانە خواپەرستەکان داوایان لە موفتی شار کرد کە رێگە نەدا ئەم شیعرە بڵاوبێتەوە و فتوای ئەوەبدات کە بەپێچەوانەی رێنماییەکانی شەرعە، موفتی ئەم کارەی نەکردو فتوای ئەوەی دا کە: *«مادامەکی سوڵتان خۆی شەراب دەخواتەوە، تەواوی ژێردەستەکانی مافی ئەوەیان هەیە لاسایی بکەنەوەو شاعیرەکانیش پێی هەلابڵێن.»*

ئەو وێنەی کە (باربارۆ)ی باڵیۆزی ڤینیز لە سەلیم بۆ ئێمەی جێهێشتووە بەو شێوەیەیە: *«هەر کەسێ دەموچاوی ئاوساوی بدیبایە کە بەهۆی زێدەڕۆیی لەخواردنەوەی شەرابدا، سوورهەڵگەڕابوو و، چاوی بەهەیکەلی ئەستوورو کردەوە سەرسەرییانەکەی بکەوتبایە، مومکین نەبوو وەک سەرکردەیەکی جەنگی یاخود فرمانڕەوایەک رێزی لێ بنێ.*

ئەو هەڵسان و دانیشتنی لەگەڵ ئافرەتان و خواجە سەرایانی پێ لە کاروباری ئیداری وڵات گرنگتربوو. هەموو کاتی خۆی بەگەمەی شەهەوانی و خواردنەوەی شەرابی قوبرس بەفیڕۆ دەدا.» کاتێ بەئاشکرا رایگەیاند کەوا بیر لەداهاتوو ناکاتەوە و تەنها بۆ چێژ وەرگرتن لەژیانی رۆژانە دەژییەت، فەلسەفەی ژیانی خۆی ئاشکرا کرد.

ئەو شەڕانەی کە ڕوویاندەداو ئەو سەرکەوتنانەی کە بەنێوی ئەوەوە تۆمار دەکران، بەلایەوە گرنگ نەبوون. تەنها یەکجار بایەخی بەجەنگ دا و ئەو جارەش کاتێک بوو کە تورکەکان لەشکرکێشییان بۆسەر قوبرس کرد. لێرەدا پەلەی ئەوەی بوو هەرچی زووتر سەرکەوتن بەدەست بێنن بۆ ئەوەی بتوانێ عەمبارەکانی خۆی لە شەرابی نایابی قوبرسی پڕبکات. سەلیم بوتڵە شەرابێکی بە یەک قوم هەڵدەداو بۆ خواردنەوەی رۆژانەی پێویستی بەشەرابی پتر هەبوو. هەر لەبەر ئەوەش کاتێ یەکێ لە وەزیرە رکابەرەکانی سوقولەلی پێشنیازی ئەوەی کرد سوپایەک بنێرن بۆ داگیرکردنی قوبرس کە ئەودەم سەر بە کۆماری ڤنیزبوو، خێرا پێشنیازەکەی پەسندکرد.

سوقولەلی دژی ئەم شەڕەبوو، بەڵام سەلیم لەماوەی هەشت ساڵی دەسەڵاتی خۆیدا یەک جار بەرهەڵستی بڕیاری سەرۆک وەزیرەکەی خۆی بۆوە و ئەویش ئەو جارەبوو، کە هەوڵی داگیرکردنی قوبرسیان داو هۆیەکەشی زۆر روون بوو؛ سەلیم

دەیەویست عەمبارەکانی خۆی بە شەڕابی نایابی قوبرسی بئاخنێ.
سەلیم توانی دوای ئابلۆقەیەکی سەخت و دڵرەقییەکی وەحشیانە لەدژی دانیشتووە مەسیحیەکانی ئەو دورگەیە، ئامانجەکەی خۆی کە هەمان بەدەستهێنانی شەڕاب بوو،بهێنێتەدی. سەربازە تورکەکان ڕێگەیان پێدرا نیکۆزیا تالان بکەن و سێ هەزار کەس لەدانیشتوانی ئەو شارەیان قەتڵوعام کرد. کاتێ شارۆچکەی فاماگۆستا، دوای دوو ساڵ بەرگریی دلێرانە کەوتە دەست تورکەکان، تەواوی سەربازانی نێو بنکە سەربازییەکەی ئەو شارە، قەتڵوعام کران و فەرماندە دلێرەکەییان کە ناوی براگادنیۆ بوو، بەزیندوویی کەوڵ کرد و پێستەکەیان پڕ لە کا کرد و بۆ نیشاندان خستیانە بەرچاوی سەربازە تورکەکان. ڕەنگبێ بێ جێ نەبێ ئەگەر باس لەوەش بکەین کە هاوکات (ئیڤانی تۆقێنەر)ی قەیسەری روسیا، دەستی بەسەر شاری وتین ئێشتاین داگرت و، فرمانی دا سەری فەرماندەی فینلەندییەکان کە لە شەڕدا بەرگرییەکی قارەمانانەی کردبوو، ببڕن بەسەر نێزەی وەکەن و لەسەر ئاگر بیبرژێنن.
مەسیحییەکان لەو ڕەشەکوژییەی کە لە قوبرس دا ڕوویدا، تووشی ترس و سام ببوون. بەتایبەت کە تورکەکان پێشتر بەڵێنیان دابوو سەربازانی بنکە سەربازییەکەی دوورگەکە پەنا دەدەن. لەمڕووەوە، دەوڵەتی ڤینیز و ئیسپانیا دەستیان خستە نێو دەستی یەکتری و گەلە کەشتییەکیان خستە ژێر فرمانی دۆن *خوان ئۆتریش*،کە لە دوو سەد کەشتیی سەوڵی پێکهاتبوو و، رایانسپارد تا بۆ هەتایە کۆتایی بەفەرمانڕەوایی تورکەکان لە دەریای ناوەڕاستدا بێنێ.(١١) لەبەرامبەردا تورکەکانیش گەلە کەشتییەکی مەزنتریان بەسێسەد کەشتیی سەوڵی، کۆکردەوەو ناردیانە مەیدانی جەنگ. سەوڵ لێدانی کەشتییەکانی هەردوولا لەئەستۆی ئەو کۆیلانە بوو کەوا لەدوو ریزی (٥) کەسیدا دادەنیشتن و سەوڵێکی گەورەیان پاش و پێش پێدەکرد. ئەوەش لەکاتێکدا بوو کەنیوەی لەشیان و لەپشتێن بەسەرەوەیان رووت بوو و، قاچیان لە خوارەوە زنجیرا کرابوو. هەرکە گەلە کەشتیی تورک لە داردانێل دەرچوو، مەچەکی هەریەک لەو سەوڵ لێدەرانە قوڵفە وزنجیری تێخرا، بۆ ئەوەی بواری هیچ جۆرە بەرگری، یان ڕاکردنێکیان لەبەرامبەر ئەو قەمچییانەی کە پێیان دەکەوتن نەمێنێ .قەمچی بریتی بوو لە پەتێک کە لە ئاودا دەیانخووساند تاپتر بێشێنێ .ئەم ئەشکەنجەیە عەزابێکی دیکەشی لەگەڵدا بوو کە بەپێی گێڕانەوەی کۆیلەیەکی مەسیحی بەم شێوەیە بوو : «*زۆربەی کات چەند منداڵێکی هاروهاجی تورک، چێژ و ڕابواردنی خۆیان بە ئەشکەنجەدان وسووکایەتی کردن بە یەخسیرەکان وەدەست دێناو ئەوان « واتا یەخسیرەکان » دەبوایە بە سەبر و دان بەخۆ داگرتنەوە ئەم سوکایەتی پێکردنانە تەحەمول بکەن و گلەیی نەکەن . تەنانەت دەبوایە دەست و پێی ئەم منداڵانە ماچ کەن و لێیان بپاڕێنەوە بۆ ئەوەی وازیان لێبێنن ولێیان نەدەن*.»
کۆیلەکان چەندین ڕۆژ لەنێو دەریای نێوەڕاستدا بەسەوڵ لێدانەوە خەریکبوون تا لە مانگی ئۆکتۆبەری ١٥٧١ (جمادی الأخر-ی ٩٧٩ی کۆچی) لە کەنداوی لیپانێو

رووبەڕووی گەلە کەشتیی دوژمن بوونەوە. هەرچەندە ژمارەی کەشتی تورکەکان لەهی دوژمن پتربوو، بەڵام دیسان شکستێکی سەختیان بەگەرودا کرا و تورکەکان ٢٦٦ کەشتییان لێ نغرۆ بوو،(٥٠) هەزار تورک کوژران و پانزدە هەزار کۆیلەی مەسیحیش ئازادکران. بەڵام ئەم سەرکەوتنە هێندەی نەخایاند؛ چونکە دوای ماوەیەکی کورت هێزو سەرکەوتووەکان بڵاوەیان لێکرد و ئەم هێزە تۆکمە بێ هاوتایە لێک هەڵوەشایەوە. لەلایەکی دیکەوە سوقولەلی بەخێرایی بەدروووستکردنی گەلەگەشتیەکی دیکەوە خەریک بۆوە و بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و لەماوەی (١٨) مانگدا توانی گەلەکەشتیەکی مەزن پێک بێنێتەوە. بەشێوەیەک کە کاتێ ئاشتی لەنێوان قوستەنتەنییەو ڤینیزدا بەرقەراربوو، سوقولەلی توانی بە توانجەوە بە باڵیۆزی ڤینیز بڵێ: «*ئێمە بە داگیرکردنی قوبرس بازوویەکی ئێوەمان بڕی، کەچی ئێوە بەتەفرو توونا کردنی گەلەکەشتیەکەی ئێمە، تەنها ریشی ئێمەتان بڕی. بازووی بڕاو پێوەناندرێتەوە، بەڵام ریشی هەڵکەندراو سەر لەنوێ وبەهێزتر لەجاران دەڕوێتەوە.*»

سەلیمی (مەیخۆر)، دوای سەڵتەنەتێکی (٨) ساڵە بەشێوەیەک کە لەگەڵ ژیانی دانەدەگونجا، مرد. دوای ئەوەی چەند بوتڵە شەرابێکی قوبرسی خواردبۆوە، ئارەزووی ئەوەی کردبوو بچێ لەجێگەیەک کە بای وێدەکەوت خۆی بشوا. هەرکە قاڵدرمەکان سەرکەوتبوو و گەیشتبۆ سەر عەردی مەڕمەڕ کراوی حەمام، لەپڕا خلیسکی بردبوو و سەراوسەر بەربووبۆوە و، بەهۆی شکانی کەللەسەری دەمودەست مردبوو.

لە کانوونی یەکەمی ساڵی١٥٧٤ (رمضان-ی ٩٨٤ی کۆچی)، سوڵتان موڕادی سێیەمی کوڕی سەلیم، جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست و نوربانوش بوو بە شاژنی دایک. جارێکی دیکە زنجیرە ململانێیەکی توونددلەنێو حەرمسەرادا دەستی پێکردەوە. ئەو ململانێیە یەک سەدەی خایاندو تورکەکان بە (کادنلەر سەڵتەنەتی-فرمانڕەواییی ئافرەتان) ناوی دەبەن. لەم سەردەمەدا ژمارەیەکی زۆر شاژنی دایک و سوڵتانە، لەسەرەتادا بەنهێنی وهێمنانە و دواتر بە دڕندەخوویی، بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و سامان، لەگیانی یەکدی بەربوون.

* * *

نوربانو، وەک یەکەم سوڵتانەی سەلیم لە کۆشکێکی جوان و رازاوەی کۆتایی شەقامی زێڕیندا دەژیا. ئێستا دوای ئەوەی کە بووە شاژنی دایک، گۆڕانێکی زۆری بەسەر بارودۆخی خۆی داهێنا و، شوێنی دانیشتنی خۆی گواستەوە بۆ سەرەتای جادە نێوبراو و نزیک شوێنی کوڕەکەی،تا لە دەرگاکانی چوونە ژوورەوەی حەرەمسەراو دیوانی هومایونەوە نزیک بێت و بتوانێ بچێتە ژوورەکەی سەر بورج و لەوێوەش گوێی لەو قسانە بێت کە لە دیواندا دەکرێن.

موڕادی سێیەم کابرایەکی توندی وەها نەبوو کە نوربانو لە سەرۆکاریکردنیدا تووشی گرفت بێت، بابایەکی لاواز، رەنگ زەرد و بەژن ناوەندی بوو، ریشێکی درێژی سووری هەبوو و لەڕادەبەدەریش حەزی لە تریاک کێشان بوو.

لەو سەردەمە خەڵکی پێیان وابوو هۆی ڕەنگ زەردیی سوڵتان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تریاک کێشانە.ئەمە هەر قسەبوو، بەڵام کاتێ وازی لە تریاک کێشان هێناو رووی کردە شەراب خواردنەوە، قەڵەو و گووپن بوو، ئەمەش تارادەیەک راستی ئەو قسانەی سەلماند کە لەبارەیەوە دەکران. حەزی لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و شتی لەو بابەتە نەبوو و، پتر خەریکی نیگارکێشان و سەعات دروووستکردن بووا.

حەزی لێبوو سەر لەبەیانیان کاتی خۆی لەگەڵ شاعێران و نیگار کێشان و نووسەراندا بباتە سەر و هەر لەم رووەوەیەکە لە سەردەمی ئەودا ژیانی هونەری و فەرهەنگی قوستەنتەنییە نووزەی هاتەوەبەر.

موراد کتێبێکی بەنێوی *«مەهارەت نامە»* نووسی و بەو مینیاتۆرانەی کە خۆی کێشابوونیەوە، رازاندییەوەو چاپی کرد. هەروەها خەڵکی دیکەشی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی لەو بابەتەو ئەو کتێبانەی کە خۆی حەزی لێبوون، هاندەدا.

نوربانو زۆر کەیفی بەو جۆرە کارانە نەدەهات؛ چونکە ئیش و کاری دیکەی هەبوو و، پتر بیری لای رکابەرە بەهێزەکەی بوو. ئەم رکابەرەش کەس نەبوو جگە لە سوڵتانە بافو، کە دایکی تاقە کوڕەکەی مورادبوو. سوڵتانە بافو لە حەرەمسەرادا بە (سەفیە) بەناوبانگبوو، خواست و ئاواتەکانی زۆر لە هی شاژنی دایک پتربوون و لە شێوەی خواست و ئاواتەکانی روکسلانەبوون.

سوڵتانە بافو لە یەکێک لەخێزانە ئەشرافیەکانی ڤینیز بەنێوی (بافو) بوو. بەپێی هەموو ئەو چیرۆک و سەربوردانەی کە لەبارەیەوە گوتراون، سوڵتانە ئافرەتێکی موزەردی زۆر جوان بووەو لەکاتی رۆیشتندا وەک ئەوە وابووە کە سەما بکات. ئەو قسەو گوتانەی کە باس لە هاتنی بۆ حەرەمسەرای سوڵتان دەکەن، جیاوازو دژ بەیەکن.

هەندێک پێیان وایە کە گەمیەوانێکی تورک بەیەخسیری لەگەڵ خۆیدا هێنابوویە قوستەنتەنیەو هەندێکی دیکەش پێیان وایە راسپێردراوێکی نهێنی بووە کە ڤینیزییەکان ناردوویانەتە نێو حەرەمسەرای سوڵتانی عوسمانییەوە.

(بافو)یان لەتەمەنی سێزدە ساڵیدا پێشکەشی موراد کردو شاژنی دایک لەڕادەبەدەر رەقی لێدەبۆوە. هەر ئەو رۆژەی کە موراد دەسەڵاتی گرتە دەست، ململانێی نێوان ئەو دوو ئافرەتە ئاشکرابوو، ململانێیەکە لەنێو حەرەمسەرایەکدا روویدەدا کە ئێستاکە پڕبوو لە ڕێڕۆی تاریک و شێدار کە لێیانەوە دەچوونە ئەو ژوورە نوێیانەی کە رۆژبەرۆژ پتر دەبوون.

ئەم ژووروساختومانانە وابێ بەرنامەیی قوت دەکرانەوە کە لەسەردەمی مورادد بەتەواوەتی هەماهەنگی ورێکی شوێنەکەیان شێواندبوو.

سوڵتان و سوڵتانە جوانەکەی لەشوێنێکی پڕشکۆی مەزن دادەژیان، کە حەوزی مەلەوانی و تەنانەت دەریاچەی تایبەتیشی تێدابوو. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە لەتەنیشت ئەوانەوە و لەحەرەمسەرادا، ئافرەتە قەمپاتمەکان، شەش شەش و حەوت حەوت، لەژووری بچوک ونارێکدا لەسەرزەوی دەنووستن و چاوەڕێی ئەوەبوون کە بەڵکو رۆژێک دابێ بتوانن سەرنجی سوڵتان بۆلای خۆیان راکێشن.

نوربانو کۆمەڵە ئامانجێکی هەبوو؛ یەکەم ئامانجی ئەوەبوو (سوقولەلی) واتا سەرۆک وەزیران، کە پێیوابوو لەرادەبەدەر راست کردارەو سازشکردن لەگەڵیدا سەختە، لەسەر رێی خۆی لاببات. لەم رووەوە بەهاوکاری قزڵەر ئاغا، کە لەو سەردەمەدا خواجەیەکی پارەپەرست و کرێت بوو و بەفرۆشتنی پلەوپایە دەوڵەتییەکان سەروەت و سامانێکی باشی پێکەوەنابوو، هەوڵیدا پلانێکی وا رێک بێخێت کە لەئاکامدا سوقولەلی پێ لەسەر کار لابدات. ئەوە کارێکی ئاسان نەبوو؛ چونکە سوقولەلی کابرایەکی دەستپاک و جێی متمانەی سوڵتان بوو و، زۆر ئەستەم بوو کە لەخۆڕا بەخیانەت تاوانبار بکرێت. بەم پێیە نوربانو نەخشەیەکی دارشت و ئەو خاڵەی کردە نیشانە کە موراد زۆری بەلاوە گرنگ بوو، ئەویش پارەبوو.

موراد کابرایەکی زۆر پیسکە و قرنیسێکی وەهابوو کە زۆر بەبێ شەرمی پلەوپایە دەوڵەتییەکانی دەفرۆشت و چیشی دەستکەوتبایە، لەژێر سەری و لەبن دۆشەگەکەی خۆیدا حەشاری دەدا. وای لێهات جێی نەما پارەی تێدا حەشاردا، بۆیە فرمانیدا لە ژێر تەختە خەوەکەی چاڵێک لێدەن و رۆژێ چی دەستکەوتبایە، بەشەو لەو چاڵەی دەکرد. کاتێ دایکی پێیگوت کەوا سوقولەلیش بەفرۆشتنی پلەوپایە دەوڵەتییەکانەوە خەریکەو بەو شێوەیە مافی ئەو زەوت دەکاو لەپارەو دەرامەتی ئەو دەدزێ، موراد بەرقداچوو و، بڕیاری دا سوقولەلی بکوژێت. کوشتنی سەرۆک وەزیران بەشێوەیەک رێک خرا کە وەک دەست درێژییەکی ئاسایی و لەکاتی دانیشتنی دیوانی هومایونیدا، کەتێیدا سەرانی وڵات لەسەر تەختی درێژ و لە سێ لای دادەنیشتن، بەئەنجام بگات. سوقولەلی لەنێوەڕاستی تالارەکە دادەنیشت و وەزیرەکانی دیکەش لەلای راستەی دادەنیشتن. لەوکاتەدا سەربازێک کە داواکاریەکی بەدەستەوەبوو، هاتە ژوورو بەرەولای سەرۆک وەزیر چوو. هەرکە لێی نزیک کەوتەوە، خەنجەرەکەی خۆی لەسەردڵی سوقولەلی رۆکرد. دەیان کەس شمشێریان هەڵکێشا بۆئەوەی دەمودەست بکوژ بەسزای تاوانەکەی بگەیەنن، بەڵام هەر لەوکاتەدا لەپشت پەنجەرە کون کونەکەوە دەنگی سوڵتان بەرزبۆوە و سەربازە بکوژەکەی بەخشی. هەموو شتێک لە جێی خۆی بوو؛ مەسەلەکە بەئاسانی و بێئەوەی هیچ سەرئێشەیەک بۆ سوڵتان بنێتەوە، کۆتایی پێهات. تەنها شتێک کە راست دەرنەچوو ئەوەبوو کە موراد دەیویست دوای کوشتنی سوقولەلی دەست بەسەر سەروەت و سامانەکەیدا بگرێ. کەچی کاتێ چوون ماڵ و حاڵی سوقولەلییان پشکنی، دیتیان سەروەت و سامانێکی ئەوتۆی نەبووەو کابرایەکی هەژار و بێ پارە بووە.

سوقولەلی دوایین سەرۆک وەزیربوو کە توانی دوای سەدان ساڵ، وڵات بەرێکوپێکی و لێهاتوویەوە بەڕێوەبەرێت؛ لەماوەی ئەو دوازدە ساڵەی کە بەسەر مەرگی سلێماندا تێدەپەڕی، ئەوتوانیبووی قوبرس و چەند ویلایەتێکی رۆژئاوای ئێران و یەمەن بخاتە نێو سنووری ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانیەوەو، (تونس)یش لەژێر دەستی ئیسپانیا دەرهێنێتەوە کە بۆ ماوەیەک داگیری کردبوو. ئەو وڵاتەی کە موراد، یان باشتر وایە بڵێین دایکی دەسەڵاتی بەسەردا دەگێڕا، لە باکورەوە، لە هەنگاریا

تاکو کەنداو و سودان لە باشور، لە ڕۆژهەڵاتەوە، لەدەریای قەزوێن و سنوری ئێرانەوە تا ئۆران و تونس لەڕۆژئاوا ،درێژی هەبوو. هەروەها دەریای سپی نێوەڕاستیش هێشتا هەر لە نێو سنوری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدابوو.
لەوێ بەدواوە پۆستی سەرۆک وەزیران دەست بەدەست دەبوو. کارامەیی ولێزانیی ئەو کەسانەی کە پۆستەکەیان بەدەستەوە دەگرت هیچ بایەخێکی نەبوو، بگرە بەندبوو بەوەی کە سوڵتان حەزی لەکێ بێ پۆستەکەی ببەخشێت. شەوێکیان موراد بەجلی ئاساییەوە بە ناو بازاڕی قوستەنتەنییە دادەگەڕا، گوێی لەقسەی چێشت لێنەرێک بوو بە نێوی فەرهاد، کە گلەیی لە نارێکی و بەهەڵە بەڕێوەبردنی وڵات هەبوو، موراد هەندێ پرسیاری لێکرد و وەڵامەکانی بەشیاو و لەجێی خۆ زانین. ڕۆژی دواتر کابرای چێشت لێنەریان بانگ کردە باب عالی و خستیانە جێی سەرۆک وەزیرانی ئەوسا. بەو شێوەیە فەرهادی گومناو، بوو سەرۆک وەزیرانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی!.

* * *

دوای لەنێوچوونی سوقولەلی، شاژنی دایک ئاراستەی هێرشەکانی خۆی ڕووەو ڕکابەرە بە هێزەکەی، واتا سوڵتان بافو وەرگێڕا. ئاشکرایە کەوا نەیدەتوانی بیکوژێت، بۆیە بڕیاری دا بۆ جارێکی دیکە بەهاوکاری قزڵەرئاغا، بافو لەبەرچاوی سوڵتان بخات و بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەکی زۆر کچی جوان و ڕازاوەی وەهای کە زۆر لە سوڵتانە بافو جوانترو دڵگیرتربوون، ناردە ژووری نووستنی سوڵتان. موراد کە پێدەچێ کابرایەکی بێ ئیرادە بووبێ، لەوکاتەدا هێشتا تووشی گەندەڵی نەببوو. ئەو وێنەیەی موراد کە لە مۆزەخانەی بەریتانیادا هەیە، گوزارشت لە جیاوازیی ڕووخساری دەکا لەگەڵ سەرەتای دەست بەکاربوونی وەک سوڵتان؛ لەو کاتەدا پیاوێکی بەژن ناوەندی و زۆر قەڵەوە و، دەڵێی ئەوەی مل بێ پێوەی نییە وسەری بەخڕی کەوتۆتە نێو شانەکانیەوە. ڕەنگی دەموچاوی سوورو سپییەو قیافەیەکی پاشایانەو جوان وپتەوی هەیە. ریشی کەمڕەنگ و نیمچە بۆرەو، جلەکانی زۆر ڕازاوەو پڕشکۆن. موراد حەزی لە لەززەتەکانی ژیان بوو و، زۆریش کەیفی بەمۆسیقا دەهات. هەرکاتێ لەناو حەرەمسەرادا کۆنسێرتێکی ڕێک بخستایە، فرمانی دەدا چاوی مۆسیقاژەنە پیاوەکان ببەستن. عاشقی ئاهەنگ گێڕان و میوانداری بوو. بەکورتیەکەی پیاوێکی وابوو کە سەرەڕای ئەوینی بافو، لەبەرامبەر جوانی ئەو کەنیزەکە پەری ئاسایانەی، کە ڕۆژانی هەینی دایکی پێشکەشی دەکردن، خۆی پێ ڕانەدەگیردرا.
بەتایبەت کە دایکی و سەرانی وڵات لەو کاتەدا هانیان دەداو دەیانگوت: سوڵتانەی ئیتالیایی تەنها توانیوەتی منداڵێکی ببێ و چیدی زگی نابێ و ئەویش لەسەریەتی بۆ مانەوەی سیلسیلەی عوسمانی پتر منداڵ بێنێتە سەردنیاوە. لەئاکامدا چیوای پێنەچوو کە حەرەمسەرای سوڵتان پڕبوو لە جوانترین کچان و گوڵانی سەرتۆپی بازاڕەکانی کۆیلە فرۆشیی ڕۆژهەڵات و قزڵەرئاغا لەو کارەیدا هێندە جیدی بوو، کە نرخی کچی جوان لەبازاڕدا تاڕادەیەکی زۆر بەرزببۆوە.

بەسەرکەوتنی نوربانو لەسیاسەتەکەیدا، موراد لەو ئافرەتانەی کە هەریەکەو لەرِەگەزێگ بوون، بوو بەخاوەنی (١٠٣)منداڵ. بەلاّم عەشقە رێبوارییەکان شتێک بوون و ئەوینی قوڵی ئەو بەبافو شتێکی دیکە. هەرچەندە کە ئیدی بافو شەوانە لەگەڵ سوڵتاندا نەدەنووست، بەلاّم بەدرێژایی رۆژ لەگەڵیدابوو. کاتێ کە نوربانو لە ساڵی ١٥٨٣ (٩٩١ی کۆچی)، دنیای جێهێشت، بافو هەناسەیەکی راحەتی هەڵکێشاو، بوو بە حاکمی حەرەمسەرای سوڵتان. ئەو بەوە رازی بوو کە مێردەکەی بەشەو لەگەڵ ئەم وئەودا رابوێری، بەلاّم لەبری ئەوە گوێ لەبیروبۆچوونەکانی لەمەڕ بەرِێوەبردنی ولاّت بگرێ.

لەو ساڵانەیدا کە شەرِو ناکۆکی لەنێو ئافرەتانی حەرەمسەرادا لە ئارادابوو، وردە وردە سیما و شێوەی شاری قوستەنتەنیە دەگۆرِا.

بێگومان زۆربەی خەڵکی شار، کە لە دەرەوەی کۆرِو کۆمەڵی پاشایەتیدا دەژیان، ئاگایان لەو ململانێیە نەبوو کە لەو دیو دەروازەی (بابی سەعادەت) لە ئارادابوو. ژیانیان زۆر سەخت بوو، بەشێوەیەک کە (گیبۆن)، سەبارەت بە قوستەنتەنییە نووسیویەتی: « *هەڵکەوتی جوگرافیایی قوستەنتەنییە، کە لە شوێنێکی زۆر جوان و کەنار دەریابوو، بەشێوەیەکی سرووشتی کردبووی بە پایەتەختی ئیمپراتۆرییەتێکی مەزن. هەرچەندە کۆلاّنەکانی بێ ناونیشان بوون و خانووەکانی لەدار و تەختە و لەرزۆک بوون، بەلاّم گۆشەو کەناری ئەم شارە کەلێ شوێنی خۆش و رازاوەی بۆ رابواردن و کات بەسەربردن لێبوو.* »

لەو جێگەیەی را کە ئاو لە ئایینی ئیسلام دا رۆڵێکی بەرچاوی هەیەو سەرچاوەی پاکو خاوێنی و ژیانە، لەسەرانسەری شاردا کانیاویان درووست کردبوون. هەموو کاتێ ئاو وەک خێرو بەرەکەتێکی ئیلاهی لەقەڵەم دەدرا و ئێستاکە لەو شارەدا، لەشێوەی کانیاو و حەوزو عەمباراو، دەخرایە بەردەستی خەڵک.

ئاوی کانیاوەکانی کوێستان بەهۆی تونێلی ژێر زەوییەوە دەگەیشتە شارو لەعەمباراو و بورجی ئاوی تازە درووستکراودا، کۆ دەکرایەوە.ئینجا هەر لەوێش دەپاڵێوراو دەدرایە ماڵی دەوڵەمەندان و عەمباراوە گشتییەکان.

گەرماو (حەمام)ە کانی شار زۆر پرشکۆبوون و ئاوی گەرم و هەڵمیان هەبوو.بازاری گەورەی قوستەنتەنییە کە دیواری بەرزی لەدەورەبوو، هەشت دەروازەو (٦٧) دالاّنی تێدابوو ،و نەتەنها شوێنی کۆبوونەوەی خەڵک بوو، بگرە سوپەر مارکێتێکی بێ وێنەش بوو، کە (٤٠٠٠) دوکان و مەغازەی تێدابوو کە تێیاندا لە وشترەوە بگرە تا مورەبای پەڵکی گوڵ دەکراو دەفرۆشرا.

لەباکوری بسفۆر و لە گەرِەکی *پرا* و *کالاّتا* (١٢) کە لەو سەردەمەدا بەدەوروبەری شار لە قەڵەمدەدرا، شوێنی عەیش و نۆش و رابواردنی وا پرشکۆی لێبوو، کە شەو تاکو بەیانی پربوون لەمشتەری. ئەو کەسانەیش کە زۆریان خواردبایەوە، پەرداخی گەورەی چەلاوی سەروپێیان فرِدەکرد و پێیان وابوو کە ئەگەر وابکەن، بەیانی خومار نابن و تووشی ژانە سەریش نابن. لەسەرانسەری شاردا پتر لە سێسەد دوکانی سەروپێ فرۆشی لێبوو کە سەروپێ و گیپەیان بە سیرێکی زۆرەوە لێدەنا؛ چونکە

بەپێی قسەی ئەولیا ئەفەندی نووسەری تورک: «*ناکرێ سەروپێ بەبێ سیر لێبندرێت؛ چونکە هەرچەندیش سیر بۆنێکی پیسی لێبێت، بەڵام هەمدیس بەیەکێک لە خێرو بەرەکەتە ئیلاهییەکان لەقەڵەم دەدرێت.*»

ئەوانەی کە دوای خواردنی گیپە و سەروپێ ویستبایان خۆیان لەدەست بۆنی سیرەکە رزگار بکەن، دەفری گەورەی مەشکەفی سەربە باوی، کە زەنجەفیل و دارچینیشیان بەسەرداکرابوو، هەڵدەقوڕتاند و هەندێ لەوانەیش کەنەیاندەویست گوێیان لەپرتە و بۆڵەی ژنەکانیان بێت، لە دوکانەکەی تەنیشت سەروپێ فرۆشەکە عەتری گوڵی سور، یان سوومبوڵ و بەرەی سنەوبەریان بەسەرو گوێلاکی خۆیان دا دەکرد.

ئەوانەی کە دەوڵەمەندبوون، پتر جلی جوانی لە بابەت عەبای درێژ و فەراجیان دەپۆشی کە بەقەدیفەی بۆرسا گوڵدۆزی کرابوون. خانووەکانیان ڤێللاو کۆشکی پرشکۆی ئەوتۆبوون کە کەوتبونە نێو دارستانەکانی سنەوبەرو چنارو لە کەنار کەنداوی داردانێڵ بنیادنرابوون. ئەغڵەبی خەڵکی و تەنانەت ئەوانەی کە داهاتێکی ناوەنجییان هەبوو، لەماڵەوە کۆیلەی رەش پێست (خولامکارە) یان راگرتبوو کە بە پاکو خاوێنی و ئیش و کاری ماڵەوە خەریکبوون.

چێشت لەسەر ئاگردان لێدەنراو، خولامکارە رەش پێستەکان، بە پەڕی وشترمر باوەشێنی ئاگرەکەیان دەکردو پۆلووەکانیان دەگەشاندنەوە.

لە بچوکترین و ئاساییترین ماڵەکانیشدا حەرەمسەرا هەبوو؛ تەنانەت ئەگەر ئەو حەرەمسەرایەتایبەت بووبێت بە تاکە ئافرەتێکی داپۆشراوەوە.پیاوەکان هەمیشە بەتەنیا نانیان دەخواردو خواردن لەسەر ڕەفەیەکی گەڕۆکەوە لە بەشی دەرەوەڕا دەنێردرایە حەرەمسەراوە.

بازاڕ پڕی سەوزەو کەرستەی هەرزان بوو و، خەڵکی هەژارو دەست کورت بەئاسانی دەیانتوانی خواردنیان پێ ئامادەبکەن. هەروەها سیروپیوازیش بۆتێکەڵ کردن بەگۆشتی نەکوڵەک وسەروپێ فراوان بوو.شیروماست وبرنج زۆر هەرزان بوو .ئەوانەی کەشوێنی کارکردنیان لەماڵەکانیان دووربوو، چەند سەلکەپیوازێکیان لەگەڵ یەک دوونان لەبەرپشتی خۆیان دەبەست وبەم پێیە بۆ نانخواردن تەنها پێویستیان بەشتێکی زۆرئاسایی هەبوو کە ئەویش ئاو، یان کانیاوێکی پاک بوو؛ چونکە دەبوایە بەر لەنانخواردن دەموچاوی خۆیان بشۆن و ئەمە لە ئاییندا فەرز کرابوو.

لەزستاندا، ژووری ماڵەکانیان بەمەقڵیی ڕەژوو کە خۆڵەمێشیان بەسەردا دەکرد، گەرم دادەهێنا. ئەم توێژە خۆڵەمێشە تا ماوەیەکی زۆر و دوای ئەوەی کە خولامکارەکە جێی رادەخستن ژووری گەرم رادەگرت. مەسەلەی خولامکارە و گرفتی لەو بابەتە لەئارادا نەبوو، چونکە بازاڕی کۆیلە فرۆشیی قوستەنتەنییە جگە لەڕۆژانی هەینی، هەموو ڕۆژێ لەبەیانییەوە تا نیوەڕۆ کراوە بوو. ئەم بازاڕە لە شێوەی کاروانسەرایەکی بچوک بوو کە دەرگایەکی داری گەورە و حەوشێکی بەرینی هەبوو، چواردەورەی بە ژووری بچوک و هەیوانی ئەستووندار گیرابوو تا کۆیلەکرِان

بتوانن تێیدا بحەسێنەوە. ئەم بازاڕە تایبەت بوو بەکڕین و فرۆشتنی کەنیزەکی ماڵەوە کە ئەغڵەبیان رەش پێست بوون و کڕیاران بەوردی لە ددان و ماسولکەو دەست و پێی کۆیلەکانیان دەڕوانی و ئەو کارەیان پتر لە ماڵات و ئەسپ کڕین دەچوو تا مرۆڤ کڕین.

ئاشکرایە کەوا کڕینی کچێکی جوانکیلەی چەرکەسی، یان گورجی بۆ هاوسەری و رابواردن، مەسەلەیەکی دیکە بوو؛ چونکە باشترین و جوانترینی ئەو کچانەیان بۆ سوڵتان دەبردو لەڕاستیدا کچی چەرکسی وا دەگمەن ببوون کە بازرگانە کۆیلە فرۆشەکان ناچاربوون چۆن لەوڵاتی دیکە ئەسپ و ماینی رەسەنیان پەروەردە دەکرد، ئاوهاش بە پەروەردەکردنی کچانی جوانی چەرکەسییەوە خەریک بن. کێڵگەکانی پەروەردەکردن و راهێنانی کچانی چەرکەسی، سودێکی بۆ وەچەکانی داهاتووش هەبوو؛ چونکە ئەو باوک و دایکانەی کە زانیبوویان کچەکانیان لەبازاڕەکانی قوستەنتەنییەدا چەند پڕ بایەخن، رازی دەبوون لەسەر ئەوەی کە کچەکانیان بکووتن تا لەمەترسی تووش بوون بە نەخۆشی ئاوڵە کە دەموچاویانی دەگۆڕی و کرێتی دەکردن و جوانییانی لەنێو دەبرد، بیانپارێزن.

کووتان لەدژی نەخۆشی ئاوڵە لە قەوقاز و وڵاتی چەرکەسەکانەوە دەستپێکرد و دواتر هاتە رۆژئاوا، لەنێو پزیشکەکانی قوستەنتەنییەشدا باو بوو. هەرچەند پزیشکان لێهاتوو و بەتوانا بانایە دیسانیش چارەسەرکردنی ئافرەتانیان بەلاوە ناخۆش بوو؛ چونکە هەرگیز بواری ئەوەیان پێنەدەدان لەنزیکەوە سەیریان کەن و چارەسەریان بکەن. لەمڕووەوە ئەوان هەرچییەکیان لەدەست هاتبایە ئەنجامیان دەدا و پتر کاریان بریتی بوو لەوەی کە زێروو لەسەر لەشی نەخۆش دانێن و ئەم کارەش بەهۆی کەنیزەک و خواجە سەرایانەوە ئەنجامدەدرا. بەرهەمهێنان و دەستاودەست پێکردنی زێروو لەکۆنتڕۆڵی حکومەت دابوو و، ژمارەیەکی زۆریشیان دەناردە ئەڵمانیاو روسیا. باشترین جۆری زێروسو لە ئەنادۆڵ دەستدەکەوت و، بەوە بەناوبانگبوون کە پتر لەهەموو جۆرەکانی دیکە خوێنی نەخۆش دەمژن. کاتێ چارەسەرکردن بەهۆی (زێروو)ەوە کۆتایی پێدەهات، بەشێوەی تایبەتیی تورکەکان،کە بریتی بوو لەپێداکردنی قاوەی کووتراو بەشوێنی برینەکە، بەری خوێنیان دەگرت و ئەمەیش لەهەمانکاتدا دەبووە هۆی ئەوەی نەخۆش ئارام بێت. بەڵام کاتێ قاوەکە وشک دەبوو، سەر جێگەی نەخۆش پڕدەبوو لە قاوەی وشک و وەک خیز دەرژایە سەر جێگەو نەخۆشەکان پێی سەغڵەت دەبوون.

لەو سەردەمەدا، ئەغڵەبی پیاوانی تورک لەوە رازیبوون کە یەک ژنی مارەکراویان هەبێ و ئەوەش رەنگبێ لەبەر ئەوە بووبێت کە جیازی بووک لەلایەن ماڵی زاواوە دەکرا. پتر کوڕان لەتەمەنی سێزدە و چواردە ساڵیدا کچانی یازدە و دوازدە ساڵییان دەهێنان و هیچ شتێکیان لەبارەی هاوسەرییەتی و ژن و مێردایەتییەوە نەدەزانی. جیابوونەوە (تەڵاق)یش کارێکی ئاسان بوو، بەڵام هەندێ شتی بەدواوەبوو؛ چونکە بەپێی یاساکانی ئیسلام، هیچ پیاوێک نەیدەتوانی ئافرەتێکی تەڵاقدراو مارەبکاتەوە مەگەر سێ مانگ و دەرۆژ بەسەر تەڵاق دانەکەیدا

تێپەڕبووبایە. ئەگەر پیاوێک دوو جار ژنەکەی تەڵاق دابایە، هەمدیس دەیتوانی دوای کۆتایی هاتنی ماوەی دیاریکراو (عدە) بۆ لای بگەڕێتەوەو سەلەنوێ مارەی بکاتەوە، بەڵام ئەگەر ئەمجارەش تەڵاقی بدابایەوەو دوای تەڵاقدان ویستبای بۆ جاری چوارەم مارەی بکاتەوە، نەیدەتوانی مەگەر ئەوەی کە ژنەکەی مێردی بە یەکێکی دیکە بکردایەوە، واتا ئەودەم دەیانگوت بەجاش مارەکراوەتەوە.

ئەم کارە بۆ پێشگیریکردن لە گرتنەبەری ڕێگەی تەڵاقدان دانرابوو، کاری بەجاش مارەکردنەوەش ببووە هۆی ئەوەی کە بۆ کۆمەڵە خەڵکێک پیشەیەکی نوێ درووست بێت؛ کابرا دەبوو بە مێردی یەک شەوەی ئەو ئافرەتانەی کە سێ تەڵاقە ببوون. ئەم کەسانە پتر خەڵکی پیر و لەکارکەوتووبوون و بەپارە ئەم کارەیان ئەنجامدەداو مەترسی ئەوەیان نەبوو کە بچنە لای ئەو ئافرەتانەی کە لێیان مارە دەکران.

تەڵاق و ژن هێنانەوە، لەناوچینێکی دانیشتوانی قوستەنتەنییەدا لەبرەو دابوو، ئەو چینەش ئەو پیاوانە بوون کە چەند ژنێکی قەمپاتمەیان هەبوو، ئەم کارەی ئەوان دەبووە هۆی ئەوەی کە لەماڵەوە دا لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا تووشی شەڕو هەرا و لەئاکامدا تەڵاقدان بن، بەتایبەتیش کاتێک کە ئافرەتەکان هەستیان بەوەدەکرد پیاوەکەیان لەرووی بەئەنجام گەیاندنی ئەرکی هاوسەرییەتی دا مافیانی پێشێل کردووە؛ چونکە عادەت وابوو ئەگەر کابرایەک شەش ژنی قەمپاتمەی هەبوایە و هەر شەش شەوەکەی هەفتە لەلای ئەو ئافرەتانە بوایە، دەبوایە شەوی هەینی لای ژنە مارەکراوەکەی خۆی بایە.

ئاشکرایە کە بۆ چێژ وەرگرتن لە ژیانی قوستەنتەنییەی سەدەی شانزدەهەم، دەبوایە پیاو تورک بوایە، چونکە ژیانی دانیشتوانی دیکەو غەیرە تورکی وەکو مەسیحییەکان کۆمەڵێ کۆت و پێوەندی لەسەردانرابوو؛ ئەرمەنییەکان مەجبوربوون چەکمەی سوور، یۆنانییەکان چەکمەی رەش و جوولەکەکانیش چەکمەی شین لەپێ بکەن. هەروەها مەسیحیەکان مەجبوربوون دیواری ماڵەکانیان رەش کەن و هەمیشە جلی رەشیش بپۆشن و هەرکاتێ لە کۆڵاندا تووشی موسڵمانێک بووبانایە، دەبوایە لە ئەسپەکەی خۆیان دابەزن و ڕێز لە موسڵمانەکە بنێن.

گەشیتارو گەڕیدە مەسیحییەکان، بەردەوام تووشی ئەو موسڵمانانە دەبوون کە لە بە جێگەیاندنی رووکارەکانی ئاییندا، لەگەڵ یەکدیدا لەرکابەری دابوون و پێیان سەغڵەت دەبوون. یەکێ لەو گەڕیدە ئینگلیزانە کە نێوی (فایف موریسۆن)ەو لەو سەردەمەدا سەردانی تورکیای کردووە، بەنارەحەتییەوە لەوبارەیەوە نووسیویەتی:« *تورکێک بەگرژی کڵاوەکەمی لەسەرسەرم لابردو لەکاتێکدا کە سەراوین بەدەستیەوە گرتبوو، گوتی: کڵاوەکەت دەڵێی قاپە و واباشە میزی تێکەم. دوایی کڵاوەکەمی فڕیدایە سەر خاک و خۆڵی زەوی و من بەسەبرو لەخۆبوردنەوە هەڵمگرتەوە.*»

* * *

ئەو دیپلۆماتە بیانییە تاک و تەرایانەیش کە لەو سەردەمەدا لە قوستەنتەنیەدا ئاکنجی ببوون، بەتایبەتی یەکەم باڵیۆزی ئینگلیز کە لەلایەن شاژن ئەلیزابێتی

یەکەمەوە لە ناوەڕاستی سەڵتەنەتی مورادا، نێردرابۆ قوستەنتەنییە، لەگەڵ جۆرێکی دیکە لە ئاستەنگەکاندا بەرەوڕوو بوون؛ هەرچەند کە ئەلیزابێتی قرچۆک باڵیۆزێکی ناردبۆ دەرباری عوسمانی کە دەبوایە زۆر بەلێهاتوویی دیپلۆماسییەتی ئەو وڵاتە پیادە بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قرۆشێک موچەی نەدەدایە.

ئیدوارد بارتۆن، دووەم باڵیۆزی شاژن، ناچاربوو بۆ دابینکردنی بژێوی خۆی، داوای ڕۆژانە لە شاژن بکات؛ چونکە لەڕاستیدا ئەو نوێنەری کۆمپانیای ئینگلیزیی بازرگانیکردن لەگەڵ تورکیا بوو و هەرچەندە کە وەک باڵیۆزی شاژنی ئینگلیز کاری دەکرد، بەڵام موچەکەی لەبودجەی کۆمپانیاکەوە دەدرا.

ئەو باڵیۆزە سەرەتاییانەی وەک بارتۆن، لەڕاستیدا بەر لەوەی باڵوێزێکی دیپلۆماتیک بن، بازرگان بوون . لەپێنج ساڵی سەرەتای چالاکییەکانی کۆمپانیای بازرگانی کردن لەگەڵ تورکیادا، گەمییە ئینگلیزییەکان بیست و دووجار لەنێوان قوستەنتەنیە و ئینگلیزدا هاتووچۆیان کردو قوماشی خوری، قەڵایی، قورقوشم، چەرم وپێستی کەروێشکیان هێنایە تورکیا و لەوێشەوە ئاوریشمی خاو، (نیل) ڕۆن، کشمیش، شەڕاب، شاڵی بەدەست چندراو و خوری وشتریان بردە ئینگلیز.

لەو سەردەمەدا باشترین کاڵای تورکیا کە لە ئینگلیز نێوبانگێکی باشی هەبوو، خوری پەزەکانی ئەنقەرە بوو کە لە شارێکی بەو نێوەوە دەهێندرا و ئەمرۆکە پێی دەڵێن ئەنکارا . خوری نێوبراو لەو سەردەمەشدا هەر بەنرخ بوو؛ چونکە تورکەکان لەوە تێگەیشتبوون ئەگەر خورییەکە لە پەزەکە بکەنەوە، یان بەواتایەکی دیکە بیبڕنەوە، ئەوا ڕەق و زبر دەبێ، لێ ئەگەر مەڕەکەیان سەربڕیبایەو کەوڵیان کردبایە و ئینجا بیانفرۆشتبایە، ئەوا وەک ئاوریشم نەرم و جوان دەمایەوە.

ئیدوارد بارتۆن، سەر ئەنجام توانی شاژن ڕازی بکا کە هەندێ دیاری بۆ سوڵتان بنێرێت، بەڵام سەختترین کاری دیپلۆماتەکان ئەوەبوو کە کاتی چوونە لای سوڵتان وەربگرن و بتوانن بچنە حزووری سوڵتان . بارتۆنیش کاتێ کە ویستی دیارییەکانی شاژن پێشکەشی سوڵتان بکات، لەگەڵ ئەم گرفتەدا ڕووبەڕووبۆوە. ئەو دیارییانەی شاژن بۆ سوڵتانی ناردبوون، بریتی بوون لە دوازدە دەفری زێڕ، ٣٦ تۆپە قوماشی ئاوریشمی دەرەجەیەکی ئینگلیزی، ٢٠ تۆپە قوماشی زێڕدووراو، ١٠ تۆپە قوماشی ئاوریشم، شەش پارچە دەفری چینیی دەرەجە یەک و هەندێ شتومەکی بەنرخی دیکە...

لەو ڕۆژەیدا کە بۆ دیداری سوڵتان دیاری کرابوو، بارتۆن لەکاتێکدا کە جلی ڕەشی پۆشی بوو، لە باڵیۆزخانەی ئینگلیز کە کەوتبۆ گەڕەکی پڕاوە بەشێوەیەکی ڕەسمی هاتە دەرو بە قایەغ بەکەنداوی داردانێل دا تێپەڕی. ئەوانەی لەگەڵی دابوون بریتی بوون لە حەوت کەس لەهاوکارانی کە هەموویان جلی یەکدەستی خەنەیی تۆخیان پۆشی بوو. کاتێ بارتۆن لە نزیک ئەو شوێنەی کە پێشتر بابی عالی بوو لە بەلەم دابەزی، کەشتییەکی بازرگانی ئینگلیزی، وەک ڕێزلێنانێک چەند گوللە تۆپێکی تەقاندن. دووپاشاو چل جارچیی ئەسپ سوار، پێشوازییان لەبارتۆن و هاوڕێیانی کردو بەسواری ئەسپ تا حەوشی یەکەمی کۆشکی سوڵتانیان هێنان و لەبەردەم

دەروازەی دووەم کــــە دوو بورجی هەبوون و ســـــەری بڕاوەی کــــارمــــەندە سەرپێچیکارەکانیان پێوە دەکرد، لەئەسپ دابەزین.
چوونە لای سـولتـان، دنیایەک ڕۆتین و ئەمـلاو ئەولای دەویست. گاردی ڕێزلێنان لەتەنیشت ئەو جادەیەی کە دەچووە باڵەخانەی دیوانی هومایونی، بەڕیز وەستابوون. دوای ئەوەی، بارتۆن بەبەردەمی ئەوانەی کە بۆ ڕێزلێنانی وەستابوون تێپەڕی، لەنێو باڵاخانەی دیوان، باڵیۆزی ئینگلیز نامەی ئەلیزابێتی دایە سەرۆک وەزیران و دواتر نانی نیوەڕۆیان خوارد.
خوانێکی درێژ لەیەکێ لەهۆڵەکان و لەسەر فەرشە گرانبەهاکان ڕاخرا و، سەدان دەفـری خـواردن و جـۆرەها گـۆشـتـی کـولاو و سـوورکـراوەی حـەیوان و پلاوی جۆربەجۆرو زەلاتەی باشیان لەسەردانا. تەواوی ئامادەبوان لەسـەر ئەژنۆ دانیشتن و دەستـیـان بە خـواردن کرد. دەیان خزمـەتکار لـەو مـەشکانەی کە بەشـانیـانەوە بوو، شەربەتی گولاویان بۆ میوانان لەپەرداخ دەکردو دەیاندایە دەستیان.
نانەکە بەبێدەنگی و هـێمنی خـورا و، دواتر مـیوانەکـان لەجێی خـۆیان رابوون. لەوکاتـەدا خولامە ڕەش پێستـەکان لەسـەر خواردنی بەرمـاوەی میوانەکان لێیان بوو بەهەرا و ئەمەش بەهیچ جۆرێک شایستەی میوانی و مەجلیسێکی لەو بابەتە نەبوو.
سـولتـان لە تالاری تـەخت و لەحـەوشـی سـێـیـەم، واتا لە دیوی دەروازەی (بابی سـەعـادەت) چاوەڕێ بوو، بەلام بەر لەوەی ڕێگە بەبارتۆن بدەن بچێتـە لای سـولتـان، ناچاریان کرد جلێکی تایبەت بپۆشێ. جبەیەکی زێڕدووراویان بـەسـەر شـانی دادا و بردیانە نێو سـاختومانەکەوە. ئینجـا دەستکرا بە پێشکەشکردنی دیارییەکان و سەد خزمەتکار لەڕیزێکی درێژدا، یەک بەیەک دیارییەکانیان بەدەستەوە گرتبوو و نیشانی سـولتـانیـان دەداو، ئەوەش لەکاتێکدا بوو کە هێـشـتـا بارتۆن سـولتـانی نەبینیبوو. تاقمێکی زۆر لە خـواجەسەرایان و خولامانی کەڕولاڵ و کورتەبنە، دەورەی بارتۆنیان دابۆو و، لێنەدەگەڕان بچێتە تالاری تەختەوە کە سولتان لەوێ دانیشتبوو.
کـاتێ کـە دوایین خـزمــەتکار بەدوایین تۆپـە قـومـاشی دیارییـەوە چووە تالاری تەخـتـەوە، ڕێگەیـان بەبارتۆن دا کـە بەدوای ئـەودا بچـێـتـــە ژوورەوە. بەلام بەپێی دابونەریتی باوی ئەو سـەردەمـە کە پتر لەڕوانگەی مـەترسی لە پەلاماردانی گـیانی سـولتـانەوە بوو، دوو پاشا سـەرقـۆڵی جبەکەی باڵیۆزیان گرتبوو و، بەرەو تەختـیـان دەبرد. مـوارد لە کۆتایی هۆڵەکە لەسـەر تەخت دانیشـتبـوو و، جگە لە پاشـایەک نەبێ کە بەکووری و سـەرشۆڕی لەتەنیشتی وەستابوو، کەس لەو ناوە نەدەدیترا.
سولتان جبـەیەکی گرانبەهـای پۆشی بوو و، لەسەر تـەختێکی زێڕ کە لە تواوەی (٨٠) هەزار دراوی زێڕ دروستـکرابوو و، لەلایـەن ڕەعیەتە مـیـسرییـەکانییـەوە وەک دیاری پێشکەشی کرابوو، دانیشتبوو. لە ژوور سەری، فەرشێکی ئاوریشمی سەوز، کـە تان و پۆیەکـەی لە زیو و مـرواری بوو، بەدیوارەوە هـەڵواســرابوو. بـارتۆن کـە هێـشـتـا بەدەست پاشـاکـانەوە بوو، کـڕنۆشی برد و دەسـتی پڕ لە ئەنگوسـتـیلەی مـورادی مـاچ کرد. ئینجـا پاشـاکان بەتووندی کێشـایانەوە پشتـەوەو بەرەو دەرگـای هۆڵەکەیان برد و ئەم دیدارە سەیرو سەمەرەیە کۆتایی پێهات. بارتۆن لەکاتێکدا کە

دوو هەزار سوار بەڕێیان دەکرد بەرەو قایەغەکەی خۆی گەڕایەوە.
لەو سەردەمەدا گۆڕینەوەی دیاری زۆر باو بوو، بەڵام پێدەچوو دەرباری قوستەنتەنییە کەوتبێتە ژێر کاریگەرییەتی دیارییەکانی ئەلیزابێتەوە؛ چونکە کاتێ کە موراد مرد، جێگرەکەی لەنامەیەکدا ئەلیزابێتی بە *«نەجیبترین ئافرەتی سەر رووی زەوی»* لەقەڵەم دا.
شاژن ئەلیزابێت، هەندێ دیاریشی بۆ سوڵتانە بافو ناردبوو کە بریتیبوون لە وێنەیەکی خۆی لە چوارچێوەیەکی نەخشێندراو بەیاقووت و ئەڵماس، سێ دەفری زێڕ، دە تۆپ قوماشی زێڕ دووراو، قوتویەکی زۆر جوان کە کەرەستەی ئارایشی لە زێڕوزیو درووستکراوی تێدابوون و دوو پارچە دەفری چینیی نایاب.
بافو لە گەیشتنی ئەو دیارییانە زۆر خۆشحاڵ بوو و، لەرێگەی قزلەر ئاغاوە لە بارتۆنی پرسی کەوا شاژن ئەلیزابێت حەزی لەچ جۆرە دیارییەکە؟ بارتۆن پێشنیازی کرد کە دەستە جلێکی ئافرەتانەی پڕشکۆ کە ریشووی لێدەندرێ و لەناو تورکیادا زۆر جوانەو لەدەرەوەشدا دەگمەنە، دەتوانێ جێی سەرنجی شاژن ئەلیزابێت بێت. بافو ئەم پێشنیازەی پەسندکرد و بەپەلە جلەکەی بەنامەیەکەوە ناردە خزمەت شاژن ئەلیزانێت کەتێیدا هاتبوو: *« من سڵاوە دۆستانەکانی خۆم دەنێرمە حزووری خاوەنشکۆی بەرێز. بولبولان بە ئاوازە دڵگیرەکانیان هەرگیز ناتوانن وەک ئەم نامە ساکارەی من پەیامی خۆیان بگەیەننە گوێی خاوەنشکۆ. ئەو دۆستایەتییە تایبەتییەی کە هەر کام لە ئێمە لەهەمبەر یەکدی هەمانە، وەک باخێکی پڕ لە گوڵ و باڵندەی دەنگخۆشە. من هەمیشە لەلای سوڵتان وەک نوێنەری خاوەنشکۆ دەبم ودەتوانن دڵنیابن کە لەهەموو بارووذۆخێکدا هەوڵدەدەم رەزامەندی جەنابتان بەدەست بێنم.»*
بارتۆن دەبێ دیپلۆماتێکی زیرەک بووبێ؛ چونکە توانیبووی هێمایەکی تایبەت لەنێوان باڵیۆزخانەکەی و لەندەندا بەرقەرار بکات. لەو هێمایەدا سوڵتان ژمارە (١٠٥) و شاژن ئەلیزابێت ژمارەیان (٩) بوو. لەم رووەوە کاتێ موڕادی سێیەم لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٥٩٥ (جمادی الاول‌ی ١٠٠٣ی کۆچی)دا، هەشت ساڵ بەر لەمردنی ئەلیزابێت کۆچی دوایی کرد، بارتۆن ئەم رستەیەی خستە سەر ئەو راپۆرتانەی کە دوو هەفتە جارێک دەیناردە لەندەن: *« ١٠٥ یەکجار نەخۆشە و هەندێک دەڵێن مردووەو بەدوای کوڕەکەیاندا ناردووە.»*
لەڕاستیدا، چوار رۆژ بەر لەوەی بارتۆن ئەم نامەیە بۆ شاژن ئەلیزابێت بنێرێت، موراد بەهۆی نەخۆشی گورچیلەو (فێ)وە مردبوو. زیادەڕۆیی لەخواردن و خواردنەوەش بەیەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی مردنی موراد لەقەڵەم دەدران ، بەشێوەیەک کە باڵیۆزی ڤینیز نووسیویەتی:« خواردنی موراد بریتی بوو لە گۆشتی چەورو قورسی حەیوان ، شۆربای خەست و ئەو خواردنانەی کە یارمەتی زۆر پەرینیان دەدا ؛ چونکە هەمیشە غەرقی دەریای شەهوەت بوو.» موراد لەکاتی مردنیدا ، پەنجا ساڵی تەمەن بوو، (٢٥) ساڵیشی حوکم کرد. (٢٠)کوڕ و (٢٧) کچی لەپاش بەجێما و حەوت لە ژنەکانی لەکاتی مردنیدا زگیان هەبوو.

* * *

سوڵتانی نوێ، محەمەدی سێیەم، بیست و نۆ ساڵی بوو و، پیاوێکی کەتەی ریش و سمێڵ ئەستوور و خاوەنی هەیکەلێکی سامناک بوو. هەروەها مەیلێکی نائاساییی بەلای توندوتیژی و دڵڕەقیدا هەبوو. لەو باسەیدا کە لە مێژمخانەی بەرتیانیا سەبارەت بەو نووسراوە، هاتووە کە چۆن باوکی لەبەر خاتری ئەو رەوشت و کردەوانەی بۆ ویلایەتە دووردەستەکان دووری خستۆتەوەو، چۆن رق و قینە سەرشێتانەییەکەی جار جارە بوونەتە هۆی ئەوەی کە کاری وەحشیانەی لە بابەت داغکردنی مەمکی ئافرەتان ئەنجام بدات.

هەرکە محەمەد زانی باوکی مردووە، بەسواری گەمییە سەوڵییە تایبەتییەکەی (ئەمیرولبەحر)ی عوسمانییەوە گەڕایەوە بابی عالی. لەو کاتەدا، سەعات نۆی بەیانیی رۆژێکی ساردو سەرمای مانگی کانوونی دووەم بوو و، محەمەد لەشوکرانەی ئەوەی کە سەفەرەکەی بەسەلامەتی بەئەنجام گەیشتووە، تەواوی کۆیلە سەوڵ لێدەرەکانی ئازادکردو فرمانێکی ناردە حەڵەب تا نیو ملیۆن بنەگوڵی سونبول بێنن و بەر لەمەراسیمی ناشتنی باوکی لەو شوێنە بیان چێنن کە ئەو لێی دابەزیووەو بیکەن بەگوڵزار. کاتێ کە محەمەد بەعەبای ئەرخەوانی رەنگی خۆی، لەدوای تەرمی باوکییەوە رووەو مزگەوتی ئەیاسۆفیا دەڕۆیشت، تێکڕای دانیشتوانی قوستەنتەنییە، بەڕیز لەسەر شەقام وەستابوون و فەرماندەکانی گاردی تایبەتیی سوڵتان، چڵە دارخورمایان لەسەرسەری سوڵتان رادەوەشاند و دەرباریییە رەشپۆشەکان بەنیشانەی ماتەمینی، مەندیلێکی بچوکی رەشیان لەسەر نابوو.

هێشتا تەرمی سوڵتانی کۆچکردوو نەخرابۆ نێو گۆڕەوە، کە محەمەد چووە دیداری بافو.

دوازدە ساڵ بەسەردوا دیداری نێوان ئەم دایک و کوڕە دا تێپەڕ دەبوو، کەس نازانێ لەم دیدارە چارەنووسسازەدا دایک و کوڕ چییانگوت، بەڵام زۆربەی مێژوونووسان لەو باوەڕەدانە کە دایکی دڵڕەق و تینووە دەسەڵاتی محەمەد، بەکوڕەکەی خۆی گوت یاسای براکوژی پیادە بکات.

محەمەد سەرەڕای ئەوەی بە رووخسار خۆی لەم کارە نارەحەت نیشان دەدا- کە ئەم حاڵەتە لەناو فرمانڕەوایانی عوسمانی دا زۆر دەگمەن بوو-، سەرئەنجام پێشنیازەکەی دایکی پەسندکردو بەبێ ئەوەی کات بەفیڕۆ بدات فرمانی دا تێکڕای برایە هەق و زڕەکانی کە ژمارەیان ١٩کەس بوو، بۆ دەست ماچ کردن بێننە لای. بەتەمەنترینی ئەو منداڵانە یازدە ساڵی بوو و، هەموویان منداڵی جوان و بەڕەوشت بوون.

هەرکە ئەو منداڵانە هاتنە تالاری تەختەوە، محەمەد پێی گوتن لەهیچ نەترسێن و نیازی ئەوەی نییە ئازاریان بدات، تەنها دەیەوێ بەیەکەوە سوونەتیان بکات. چەند دەلاکێک و هەندێ خزمەتکاری کەڕلاڵیش، لەژوورەکەی تەنیشتی هۆڵی دانیشتنی محەمەد، چاوەڕێی فرمان بوون.

سەرەتا، منداڵەکان یەک بەیەک بەدەستی دەلاکەکان سوونەت کران و دواتر لە

ژوورەکەی تەنیشت بەشێوەیەکی وەستایانە بەدەستی خولامە کەروڵاڵەکان و بەدوعای خێری موفتی شارەوە، بەپەتی ئاوریشمی خنکێندران. بەیانی رۆژی دواتر تەرمی منداڵەکانیان خستنە نێو نۆزدە تابووتی بچوکەوەو سوڵتان بەپێی نەریتی باوی ئەو سەردەمە، بەر لەوەی لەتەنیشت باوکیان بیاننێژن، سەردانی ئەم دیمەنە سامناکەی کرد.

ئەم تاوانە دڕندانەیە، بەپێی یاسای بەناوبانگ بە *ژیاننامە*، کە لەلایەن سوڵتان محەمەدی فاتیحەوە بەمەبەستی خۆ بە دوورگرتن لەو مەترسیانەی کە لەسەر مەسەلەی جێنشینی دەهاتنە ئاراوە، بەئەنجام گەیشت. لەو یاسایەدا هاتبوو:« *زۆربەی یاسادانەران رایانگەیاندووە هەر کام لە کورانی بەنێوبانگی من کە دەبنە سوڵتان، مافی ئەوەیان دەبێ تەواوی براکانی خۆیان لەسێدارە بدەن تا لەم رێگەیەوە ئاشتی لەسەرروی زەوی پایەدار بمێنێ.کەواتا ئەوان دەتوانن بەویژدانێکی ئاسوودەوە ناوەرۆکی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن*»، بەڵام ئەوەی کە (*مافیان هەبێ*)، زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوەیدا کە دایکێک کورەکەی خۆی ناچار بکات ئەم یاسایە دڕندانە و نامرۆڤانەیە جێبەجێ بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا، محەمەد رووخساری خۆی بەباشی پاراست و کاتێ هەواڵی مەرگی برایەکانیان پێدا، کە بەپێی نەریتی ئەودەمە بە مەرەکەبی سپی لەسەر پەڕاوی رەش نوسرابوو، بە پەلە بڕیاریدا مەراسیمێکی ماتەمینی رەسمی رێکبخرێت و تێکڕای پیاوان و کاربەدەستانی وڵات بەشداری تێدا بکەن.

رۆژی دوای ماتەمینی، محەمەد فرمانیدا بەبۆنەی داهاتنی وەرزی بەهار، حەرەمسەرا بێننەدەرو بەقەولی مەعروف ماڵ تەکێنی بکەن و ئەوەش بەمانای ئەوەبوو کە تێکڕای ژنە قەمپاتمەکانی باوکی ناردە ئەدیرنە. بەم پێیە ئەم ئافرەتانەش چوونە لای ئەو ئافرەتانەی کە بەر لەوان نێردرابوونە ئەوێ و هێشتا هەندێکیان لەوپەڕی جوانی و رازاوەیی دابوون.

ژمارەی ژنەکانی موراد هێندە زۆربوو کە ناچار بوون تەواوی گالسیکە، داشقەو ئەسپ و گوێدرێژ وهێسترەکانی دەرباری سوڵتان بۆ گواستنەوەیان بەکاربێنن. جگە لەو حەوت بێوەژنەی کە زگیان هەبوو و لە سۆنگەی ئەوەوە خرانە گوونیە و هەڵدرانە بسفۆڕەوە،تێکڕای ئافرەتانی دیکەی حەرەمسەرایان گواستەوە بۆ حەرامسەرای کۆن . ئیدی دایکانی ئەو نۆزدە مێر منداڵەی کە رۆژی پێشتر کوژرابوون، دەیانتوانی لەو شوێنە نوێیەدا بەهێمنی بگرین و بۆ منداڵەکانیان فرمێسک بڕێژن، چونکە ئەگەر پێشتر دەنگی گریان و رۆڵەرۆیان لە بابی عالیدا بەرگوێی سوڵتان کەوتبایە، ئەوا دەمودەست فرمانی خنکاندنیانی دەردەکرد.

بافو، وەک (مسالینا)ی ئیمپڕاتریسی بەنێوبانگی رومی باستان، بەئەنقەست دەستی دایە گەندەڵ کردنی کوڕەکەی و وای بەباش زانی کە ئاسانترین ئەوزار بۆ پاراستی دەسەڵاتەکەی ئەوەیە کە هەموو هەفتەی جارێک فەزای حەرەمسەرا بە ئافرەتانی جوان و پەری شێوە بگۆڕێت و بەم شێوەیە سوڵتان سەرگەرم بکات. بەپێی گێڕانەوەی (فاین مۆریسۆن)ی گەڕیدەی ئینگلیزی کە بۆ کارێکی واپڕ

لەدەردەسەری دامەزرێندرابوو: «*کاتێک محەمەد لەسەر تەخت دانیشت، سوێندی خوارد کە هەرگیز هیچ ئافرەتێک قەمپاتمە نەکات و جگە لە سوڵتانەکەی خۆی لەگەڵ هیچ ئافرەتێکی دیکەدا نەخەوێت و ئەم سوێندەشی لەبەر نارەحەتی خۆی لەکوشتنی برایەکانی خواردبوو، بەڵام زۆری پێنەچوو کە پەنجا کچی زۆر جوانی خاوەن کچێنییان پێشکەش کردو لەماوەی چەند مانگێدا (٥٠٠) ئافرەتی جوان هاتبوونە نێو حەرەمسەراکەیەوە*».

ئێستاکە ئیدی بافو هەموو دەسەڵاتێکی بەدەستەوەبوو. لەماوەی هەشت ساڵی بەناو دەسەڵاتدارییەتی کوڕەکەیدا، بافو بواری ئەوەی نەدا هیچ شەڕێک لە نێوان ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و نیشتمانەکەی (ڤینیز)دا، ڕووبدات و بۆ گەیاندنی نامە و پەیامەکانی خۆی بە باڵیۆزی ڤنیز لە قوستەنتەنیەو شاژنی فەرەنسا کاترین دۆمیدسی، سوودی لەئافرەتێکی یەهودی بەنێوی کیارتسا وەردەگرت کە زۆربەی کات زێڕو زیو و خشڵی ئافرەتانی بۆ فرۆشتن دەهێنایە نێو حەرەمسەراوە.

بافو، کاریگەرییەتییەکی بێوێنەی بەسەر کوڕەکەیەوە هەبوو، بەڵام تەنها یەک جار نەبێ وئەویش ئەوکاتەی کە ئاگری شەڕی نێوان عوسمانی و مەجەر هەڵگیرسا، نەیتوانی سود لەم کاریگەیەتییەی ببینێ و ڕەوتی ڕووداوەکان بەپێچەوانەی ویستی ئەوەوە بوو. بافو لەو باوەڕەدا بوو کە ئەگەر کوڕەکەی بچێتە گۆڕەپانی شەڕەوەو لەبەرچاوی نەمێنێ، ڕەحمی لەسەر نامێنێ و پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە کوڕەکەی نەچێتە گۆڕەپانی جەنگەوە، بەڵام لەساڵی ١٥٩٣ (١٠٠١ی کۆچی)، کاتێ ویلایەتەکانی ترانسیلوانی و والاشی لەدژی دەسەڵاتی عوسمانی ڕاپەڕین و هێزەکانی ئۆتریش و مەجەر بەسەرۆکایەتی (ماکسیمیلین)ی ئیمپراتۆری ئۆتریش هاتنە نێو تخوبەکانی عوسمانیەوە، محەمەد ناچاربوو خۆی بچێتە بەرەی جەنگەوە.

بەر لەوەی لە قوستەنتەنییە تێبگەن کەچی ڕوویداوە، هێزەکانی دوژمن لەڕووباری دانۆب پەڕینەوە و تورکەکانیان لەچەند پێگەیەکی گرنگ وەدەرنا. دەبوایە تورکەکان بەخێرایی بکەونە خۆ و لەم ڕووەوە بە محەمەدیان گوت کە پێویستە ئاڵاکەی پێغەمبەری خوا لە خەزێنە دەربێنێ و لە ژێریدا سەرکردایەتیی هێزەکانی بکات. محەمەد دوای ماوەیەک دوودڵی لەوەی بچێ یان نەچێ، سەر ئەنجام بڕیاری دا ئەم کارە بکات و ئەم کارەشی تاکە کارێکیەتی کە بەدرێژایی ژیانی وێڕای نارەزایەتیی دایکی بڕیاری لەسەرداوە و ئەنجامی داوە. بەڵام لەڕاستیدا محەمەد خۆی سەرکردایەتی هێزەکانی نەکردو هیچ ڕۆڵێکیشی لەبەڕێوەبردنی جەنگەکەدا نەبوو، لەکاتێکدا لە گۆشەیەکەوە دوور لە گۆڕەپانی جەنگ وەستابوو، سەیری شەڕەکەی دەکردو سەرجەم دەسەڵات و تواناکانی سپاردبۆ دەست سەرۆک وەزیران.

هێزەکانی هەردوولا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەدەشتی (سێرتس)ی هەنگاریا لەگەڵ یەکدی لەجەنگدا بوون. لەدوو ڕۆژی یەکەمدا ئۆتریشییەکان ئەوەی کەوتە بەرامبەریان لەنێویان برد و محەمەد ترسی لێ نیشت و پێشنیازی پاشەکشێی کردو تەنها ئازایەتی ولێهاتوویی ئیتالیاییەک بەنێوی (چیکالا) کە موسڵمان ببوو و لەناو سوپای عوسمانی دا دەجەنگا، تورکەکانی لەشکستی یەکجارەکی ڕزگار کرد.

لەرۆژی سێیەمی جەنگدا ئەم کابرایە سەرکردایەتیی دژە هێرشێکی سوارە نیزامی کردو بەتەواوەتی چارەنووسی جەنگی گۆڕی؛ سی هەزار ئۆتریشی و مەجەر کوژران و ماکسیمیلین ناچار بوو بۆ رزگارکردنی گیانی خۆی رابکات. تەواوی ناوچە داگیرکراوەکان دەستیان بەسەرداگیرایەوە و، محەمەد توانی وەک سەرکەوتوو (فاتح)ێکی جەنگ بگەڕێتەوە قوستەنتەنییە و وەک قارەمانێک پێشوازی لێبکرێت.

ئێستا کە، کاریگەری و توانای بافو لەهەموو کاتێک پتر ببوو؛ بافو لەبەرامبەر بەرتیلدا سەرۆک وەزیری دەگۆڕی و بە فرۆشتنی پلەوپایە رەسمییەکانی دەوڵەت نەوەستا بوو، بگرە پلەوپایە دادوەری و سوپاییەکانیشی دەفرۆشت.

سەرانی وڵات و ئەوانەی کە بەتەنگ پاراستنی پلەوپایەکانیانەوە بوون، ناچار بوون بەرتیل بدەنە بافو. دیارە ئەمەش بووە هۆی هاتنەکایەی گەندەڵییەکی فراوان لەنێودامودەزگاکانی حکومەتدا؛ چونکە هەر خاوەن پلەوپایەیەک کە هەستی بەوەدەکرد ماوەی پلەوپایە کراوەکەی کۆتایی پێهاتووە، بەرلەوەی بافو پلەکەی بەیەکێکی دیکە بفرۆشی، دەستی دەکرد بە تالان و برۆی خەڵکی ولە گیرفانەکانی خۆی دەئاخنی.

جارێکیان سەرۆک وەزیرێک کە بودجەیەکی زۆری بۆ درووستکردنی گەلە کەشتیەکی نوێ پێ بەخشرابوو، سوڵتانی بردە کەنار دەریاو لەدوورەوە چەند کەشتیەکی کۆن و داڕزاوی وەک کەشیتی تازە درووستکراو نیشانی سوڵتانی داو بودجەی درووستکردنی گەلە کەشتیەکەشی لەباخەڵ نا.

محەمەدی سێیەم لەتەمەنی پەنجاودوو ساڵیدا مرد و مەرگی سوڵتان بووە مایەی خۆشحاڵی خەڵکی. ئەو دوایین سوڵتانێک بوو کە توانی لەسەردەمی دەسەڵاتی باوکیدا بەئازادی بژییەت و نۆزدە برایەکەی، دوایین شازادەبوون کە بەپێی یاسای براکوژی لەنێوبران. بەڵام ئەم کارە بەمانای ئەوە نەبوو کەشازادەو جێگرەکانی دیکە بەڕاحەتی و بەبێ ترسی خنکان و کوشتن بژییەن و لەهەندێ بواریش دا هەق بەلای ئەواندا بوو.

هێشتا زۆر بەسەر مردنی محەمەددا تێنەپەڕی بوو کە بافوشیان بەخنکاوی لەسەر جێگا دیتەوە، بەڵام مەرگی ئەو بەمانای کۆتایی هاتنی فرمانڕەوایی و دەسەڵاتدارییەتی ئافرەتانی حەرەمسەرا نەبوو. ئەو شازادانەی کە دوای محەمەد لەسەر تەخت دانیشتن، چارەنووسێکی زۆر خراپترو شوومتر لەوەی محەمەد چاوەڕێیان بوو؛ بۆ ئەوەی کە دڵنیابن هەرگیز شازادەکان لەدژی سوڵتان ڕاناپەڕن و پیلانی دژ ناگێڕن، هەموویانیان لە ساختومانێکی نێو کوشکی سوڵتاندا زیندانی کردن و دیوارێکی بڵیندیشیان بەدەوری ساختومانەکەدا هەڵچنی و نێویان لێنا قەفەس، کە بەڕاستی نێوەکەی لەجێی خۆی بوو.

فەسڵی چوارەم

سالآنی قەفەس

قـەفـەسی بـابی عـالی، وەک قـەفـەسـە ئاسـاییـەکـانی دیکە شـیـشی ئاسنینی لە دەورەنەبوو، بگرە دەرگـای ئاسنین و قـوفـڵـی مـەحکەمی پێـوەبوون و بریتـی بوو لەسـاختـومـانێکی دووقـاتی خـۆڵەمێشی رەنگ ولەنێو جـەرگەی دیوارە بڵـیندەکـانی حەرەمسـەرا دابوو و، کەوتبۆ بەرامبەر ژوورەکانی سوڵتانەی ئەودەم.

حەوش و باخـچەی رازاوەی هەبوون و دیوارەکانی بەباشترین جۆری کاشیکاریی بابی عـالی لەقـەڵەم دەدران، لەگەڵ هەمـوو ئەوانەشدا شتێکی سـامناکی تێدا بەدی دەکرا؛ قـاتی خـوارەوەی هیچ پەنجەرەیەکی تێدا نەبوو کە بەسـەر باخـچەو حـەوشەدا بروانێ و لـە پەنجـەرەکـانی قـاتی سـەرەوەشـەوە تەنـهـا دیمەنی بێ کـۆتاییی دەریا دەبیندرا.

بەدرێژایی دوو سـەدەی دوای ئەو مێژووە، جاری واهـەبوو لە تەمەنی دوو سـاڵیـەوە شـازادەکانیـان دەخستە نێو ئەو قـەفەسـەوە کە دواتر، یان لەسەر تەخت دادەنیشتن یانیش لەکـۆتایی دا دەخنکان و ژیانی پڕ لەمـەینەتییـان کـۆتایی پێدەهـات . یەکێ لەشـازادەکـان نزیکەی پـەنجـا سـاڵ بەبێ ئەوەی تاکـە جـارێک رێگەی پێ بدرێت بێتـەدەرەوە، لەو قـەفەسـەدا ژیاو، کاتێ وەک سـوڵتـان لەسـەر تەختیـان دانیشـاند، توانای قسەکردنی نەمابوو!

· تەنـهـا هـۆگرو هـاودەمی ئەم شـازادە چارەڕەشانە، خـولامـە کەڕولاڵەکان بوون و ئەوانیش نەیاندەتوانی هەواڵی دنیـای دەرەوەیان پێ بگەیەنن و حـەرەمسـەرایەکی بچوک کە چەند کە نیزەکێکی تێدابوو بەتاکە هـاودەمی ئەو شازادانە لەقەڵەم دەدران. ئەو کەنیزەکانەش کە پێیان دەنایە نێو قـەفەسـەوە، دەست بەجێ تووشی چارەنووسی ئاغاکانیان دەبوون و هـەرگیز مافی ئەوەیان نەبوو لەقەفەس بێنەدەر و ئەگەر لە ڕووی بێ ئاگاییەوە حـامیلە بووبانایە، ئەوا دەست بەجێ دەیان هێنانە دەرەوەو لەئاوەکانی بسفۆردا نغرۆیان دەکردن. بەڵام ئەمە زۆر بەدەگمـەن روویدەدا؛ چونکە ئەو ئافرەتانە پتـر لە رێگای دەرهێنانـی رەحـم، یان بـە بەکـارهێنانـی ئەو دەرمـانانەی کـە پزیشکەکانی حـەرەمسـەرا لە بۆن و عەمبـەرو عود و هێل وزەنجەفیل وبیبەرو مێخەک درووستیان دەکرد، خۆیان نەزۆک دەکرد.

سـوڵتـان ئەحـمـەدی یـەکەم کـە لەسـاڵی ١٦٠٣ (١٠١٢ی کـۆچی) جـێی سـوڵتـان مـحـەمـەدی گـرتەوە، ئامـادە نەبوو یاسـای دڕندانەی براکوژی جێبـەجێ بکات و لەم

رووەوە رێگە چارەی قـەفـەسی هێنایە ئاراوە. رەنگبێ لە بەر دۆزینەوەی ئەو رێگە چارە مرۆڤانەیەی کە دەبووە هۆی نەکوشتن و ژیانی براکانی شانازیشی بەخۆیەوە کردبێ، بەلام بەئاسانی دەکرێ کاریگەرییەتی شومی سالانی درێژی زیندان بەسەر ئەو کەسانەوەی کە نیوەی تەمەنیان لە قـەفەسدا تەنها بە خواردن و نووستنەوە تێپەڕیبوو و، ئێستاکە بە ئیشارەتێک و لەپڕێکەوە دەبوونە سولتان، بێننە پێش چاو.

هەروەک (ن. م . پینرز) کە یەکێکە لە توێژەرەوە بە ناوبانگەکانی رۆژئاوا، سەبارەت بە حەرەمسەرای عوسمانییەوە نووسیویەتی: « *قـەفـەس پتر لەهەموو کۆشکێکی ئەوروپا، گۆڕەپانی گەمەی درندانەو دلڕەقی و خوێنرێژی بوو. لاوازی کەسایەتی، بەدەڕەوشتی و دەبەنگیی زۆربەی سولتانەکانی عوسمانی و دارمانی پێ بەپێی و لەنێوچوونی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە قەفەسەوە سەرچاوەی دەگرت.*»

ئەحمەد لە ماوەی ئەو چواردە ساڵەی دەسەلاتیدا، داهێنانێکی دیکەشی کرد؛ بەر لەوەی لە تەمەنی (٤٨) ساڵیداو بەهۆی نەخۆشی سیلەوە بمرێ، کێشانی تووتن و تەماکۆی بەنێو خەڵکی تورکیادا بڵاوکردەوە. لەسەرەتادا، پیاوان و رێبەرانی ئایینیی ولات، بە توندی دژایەتی ئەم کارەیان کرد و شێخولئیسلامی قوستەنتەنییە کە بە بەرزترین پلەی ئایینی نێو ولات لەقەڵەم دەدرا، بەکارهێنانی توتن و کێشانی مەنع کردو فتوای دا:« *کێشانی تووتن بەپێچەوانەی فەرموودەکانی قورئانە و کارێکی دزێو و ناپەسندەو پێویستە موسڵمانە راستەقینەکان خۆی لێ بەدوور بگرن.*»

ئەم فتوایە تا ئەوکاتە کاریگەر بوو کە زانایەکی دیکە گوتی لە قورئاندا شتێکی لەو بابەتە نییە ؛ چونکە زاناکە ئەوەی سەلماند کە لە قورئاندا ناوی تووتن نەهاتووە. بەم پێیە شێخولئیسلام ناچار بوو لە فتواکەی پاشگەزبێتەوە و دوای ئەمە بەرێژەیەکی یەکجار زۆر لەسەرانسەری تورکیادا، دەستکرا بە چاندن و بەرهەمهێنانی تووتن.

* * *

لەسەردەمی دەسەلاتدارییەتی ئەحمەددا، مستەفای جێگری، پتر لە دە ساڵی تەمەنی خۆی لەناو قەفەسدا بەسەر برد و لەم رووەوە ئەمە بە یەکەم نمونەی کاریگەرییەتی شومی ئەم کردەوە نامرۆییە بەسەر جۆری مرۆڤدا لە قەڵەم دەدراو لەم مێژووە بەدواوە هەموو سولتانەکانی عوسمانی لە ئەوانی پێش خۆیان شێت تر، گەندەڵتر و دەبەنگتر بوون. کاتێ مستەفا لەسەر تەخت دانیشت و جڵەوی دەسەلاتی گرتە دەست، بەتەواوەتی عەقڵ و هۆشی خۆی لەدەست دابوو و شێتێکی تەواوبوو.

دوو لەو خولامە مێرمندالانەی جێی سەرنجی خۆی، کردنە حاکمی دیمەشق و قاهیرە و ئەوە لەکاتێکدا بوو کە ئەوانە هێشتا مندال بوون و هیچیان نەدەزانی. یەکێ لە وەزیرکانی لادا بۆ ئەوەی پۆستەکەی بدا بەو کابرا لادێیەی کە لەکاتی راودا ئاوی دابۆیە. باڵوێزی فەرەنسای لەهیچ و خۆڕایی لە کۆشکی حەوت کەلوو دا زیندانی کرد. لەئاکامی ئەم کردەوە تەلاس و سەر شێتانەیە، دوای سێ مانگ زۆر بەرێزەوە لەدەسەلاتیان خست؛ راوێکی پێنج رۆژییان بۆ رێکخست و کاتێ لە ڕاو

گەڕایەوە، ئیدی سوڵتان نەمابوو. بۆیە بۆ جارێکی دیکە گەڕاندیانەوە نێو قەفەس.
دوای ئەو برازایەکەی عوسمانی دووەمیان لەساڵی١٦١٨ (١٠٢٧ی کۆچی)دا، کردە سوڵتانی عوسمانی. بەڵام بەداخەوە ئەو زۆر لە مستەفا شێتتر بوو؛ چێژی لە تیرهاویشتن بەکەوان وسێرەگرتن لە بوونەوەرە زیندووەکان وەردەگرت، لەم رووەوە یەخسیرەکانی شەڕیان بۆ ئەم گەمە شەیتانییەی سوڵتان دەکردە نیشانەو سووتەمەنی. بەڵام کاتێ یەخسیرەکان تەواوبوون و کەسیان نەمان، سوڵتان پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە دەبێ خوڵامە مێرمنداڵەکانی نێو کۆشک بۆ ئەم کارەی بەکاربێنن. دوای چوار ساڵ سەڵتەنەتی پڕ لەخوێن ڕێژی و کاری ناشایست، یەنیچەرییەکان بڕیاریان دا لەسەر کاری وەلانێن و لەدەسەلاتی بێخن. عوسمان کە هێشتا موی لێ نەهاتبوو، هەوڵی ڕاکردنی دا، بەڵام کاتێ یەنیچەرییەکان لەبڕیارەکەی خەبەرداربوون، بەبێ چەک هێرشیان بردە حەوشی یەکەمی بابی عالی و بەدارو ئازاڵە دەرگای بابی سەعادەتیان شکاندو هاتنە نێو حەوشەی سێیەمەوە کە تایبەت بوو بەسوڵتان. لەوێ هەواڵیان پێدرا کە عوسمان لە یەکێ لەژووره قایم و قوفڵ دارەکانی حەرەمسەرادا خۆی حەشارداوە. یەنیچەرییەکان ئەم دەرگایەشیان شکاندو عوسمانیان راپێچی زیندانی حەوت کەلوو کرد کە ئەودەم وەک زیندانی باستیلی فەرەنسا بوو. عوسمان لاوێکی چوار شانە بوو و، سەرشێتییەکەی هێزێکی شێتانەی پێ بەخشیبوو، بۆیە لەوکاتەیدا کە پەلاماریان دا (٦) لە پیاوانی یەنیچەریی کوشت و سەرئەنجام خۆیشی بەدەستی یەنیچەرییەکان کوژرا. ئەمە یەکەم جاربوو کە لەمێژووی عوسمانیدا یەکێ لە سوڵتانەکان بکوژرێت.
بەهەر حاڵ گرفت لێرەدا ئەوەبوو کە کێ لەجێی عوسمان دانێن؟ سەیر ئەوەبوو کە بڕیاریان دابۆ جارێکی دیکە مستەفای چارەڕەش و شێت لەقەفس دەرهێننەوەو بیکەنەوە سوڵتان، بەڵام ئەم کارە هەر بەزار خۆش بوو.
ئەوکاتەی یەنیچەرییەکان تاقمێکیان خەریکی کوشتن و دەستگیرکردنی عوسمان بوون، ژمارەیەکی دیکەیان بەدوای مستەفادا دەگەڕان. مستەفا دەرگای قەفەسی لێنەکردنەوە بۆیە یەنیچەرییەکان ناچار بوون سەربانی ساختومانەکەی قەفەس کون بکەن. کاتێ سەربانیان کون کرد، دیتیان مستەفا لەکاتێکدا کە دوو کەنیزەکی لەتەنیشتە، لەسەر بالیف دانیشتووە و وەک شێتان زەردەخەنەیەکی بەسەر لێوەوەیە.
یەکێ لە سەرەبازەکان بەگوریس لەکونەکەوە چووە خوارێ، بەڵام مستەفا ڕێگەی نەدا دەرگاکە بکاتەوەو سەرئەنجام کودەتاچییەکان بەناچاری دەست و پێی مستەفایان بەست و لە کولانکەکەوە هەڵیانکێشایە سەرەوە. پیلانگێرەکان دەیانویست مستەفا سواری ئەسپێک بکەن و نیشانی ئەو حەشامەتەی بدەن کە لە حەوشی یەکەمدا کۆببوونەوە، بەڵام مستەفا هێندە لاواز و بێ هێز ببوو کە خۆی پێ لەسەر ئەسپ ڕانەدەگیرا؛ چونکە بەهۆی ئەو ئازاوانەی لە کۆشکدا روویاندابوو، خوڵامەکان لەبیریان چووبوو نانی بدەنێ. بۆیە یەکسەر بردیانە هۆڵی تەخت و بەزۆری زۆرداری لەسەر تەختیان دانیشاند و نیشانی خەڵکیان دا.
خولی دەسەڵاتی مستەفا وەک خولی یەکەمی پڕبوو لە دەستەوستانی و شکست و

تەنها ساڵێک و چوار مانگی خایاند. دوای ئەو ماوەیە بەهێمنی خنکاندیان و بەیەکجاری لەکۆڵیان کردەوە.ئێستاکە ئیدی بەخێرایی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی بەرەو لە نێوچوون و دارمان دەچوو.

(سێرتامز رۆ)ی باڵوێزی جیمسی یەکەم، پاشای ئینگلتەرا، لە یەکێک لە راپۆرتە سەرەتاییەکانی خۆیدا نووسیویەتی: « *سەرانسەری سنوری ئیمپڕاتۆرییەتی سوڵتانی مەزن لەئاکامی ستەم و دەستدرێژی و تووندوتیژی چۆڵ کراوە و بەشێوەیەکە کە لە باشترین و پر پیت و بەرەکەتترین ناوچەکانی یۆنان و ئەنادۆڵدا، رەنگبێ پیاوێک سێ چوار رۆژ وتەنانەت شەش رۆژ سەفەر بکات بەبێ ئەوەی تووشی ئاواییەک یان گوندێک ببێ کە تێیدا بتوانێ خۆراک بۆ خۆی و ئالیک بۆ ئەسپەکەی دابین بکات.*

داهاتی خەڵک هێندە کەم بووە کە تەنانەت هیچ پارەیەکیان بۆ سەرانەدان و بەشە خۆراکی سەربازان و خەرجییەکانی کۆشکی سوڵتان نەماوە. رەنگبێ تا ماوەیەک ئەم خەرجیانە لەرێی ئەو پارەیەی کە لەخەزێنەدا هەیە، یان لەرێگەی ئەو باج و سەرانە زۆرەی کە خراوەتە سەر بازرگانان و کرێکارانەوە، دابین بکرێ و بخرێتە بەردەست دەسەڵاتدارە چاوبرسی و درندەخووەکانەوە.

لەوە پتر ناتوانم باسی ئەوەبکەم کە چۆن نەخۆشی وەک خۆرە کەوتۆتە گیانی ئیمپڕاتۆرییەت و لاوازی دەکات. ئێمە هەموو رۆژێ چاوەرێی گۆرانی فراوانتر و خوێزێژیی پترین. زاناترین کەسایەتییەکان خۆ لە گرتنە دەستی جڵەوی وڵات و بەرپرسیارییەتی ئەم کەشتیە شکاوە دەدزنەوە، بەڵام بەم زووانە دەبەنگ و شێتەکان ئەو کەشتییە لە گابەردێک دەدەن و خۆیان و خەڵکی دیکەش لەناودەبەن.»

جێی سەرسورمان نییە کە باڵیۆزی ئینگلتەرا، ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی بەکابرایەکی پیرو نەخۆش بچوێنێ کە لەبەر زۆری و جۆراوجۆری نەخۆشییەکانی شێت بووەو، تەواوی هێزو توانای خۆی لەدەست داوە. بۆیە ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی هەیبەت و سامی سەردەمی سوڵتان سلیمانی نەمابوو و، ئەوروپاییەکان وردە وردە ترسی ئەو سەردەمەیان لێ دەرەوییەوە، بەڵام لەوکاتەدا ئەوروپاییەکان لەگەڵ یەکتری و لەنێو خۆیاندا تووشی ناکۆکییەکی قووڵ ببوون ونەیاندەتوانی سوود لەم دەرفەتە زێرینە وەرگرن؛ وڵاتانی ئەڵمانی بەسەختی تووشی شەری ئاینیی ببوون، ئیسپانیا دوای مردنی فلیپی دووەم تووشی دارمان ببوو و، وەک تورکیا کەوتبۆ سەراولێژییەوە، روسیا بەدەست سەرهەڵدان و راپەرینی جۆراوجۆرەوە دەیناڵاند و بەریتانیاش بەگیروگرفتی نێو خۆیی و پەرلەمانییەوە خەریک بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرکام لەو وڵاتە ئەوروپاییانە ئەگەر مەبەستیان بایە دەیانتوانی بەتەنها هێرش بکەنە سەر ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی و لەو ئان و ساتەدا ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی بەهیچ جۆرێک بەرگری پێ لەخۆ نەدەکرا.

لەم کاتە پڕ لە ئاڵۆزی و پشێوییەدا، سوڵتانێک هاتە سەر گۆرەپانەکە کە بەتەواوەتی لەوانی دیکە جیابوو؛ کاتێ مورادی چوارەم لەساڵی ١٦٢٣ (١٠٣٢ی کۆچی)دا کرایە سوڵتان، تەنیا (١٠) ساڵ بەسەر تەمەنیدا تێپەڕیبوو و، ئەوەش بەو

مانایە بوو کە لانی کەم قەفەس نەیتوانیبوو کەسایەتییەکەی بشێوێنێ. دایکی دووربین و شارەزای موراد، کە ناوی کەوسەم بوو، جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست و بەلێهاتوویی و کارامەییەوە وەزیرو سەرۆک وەزیرانی باشی هەڵبژاردن. هەروەها وەک دایکێکی شەیدای کوڕەکەی، کارێکی سەمەرەی ئەنجامدا؛ کوڕەکەی هاندا تا هاوجنسبازی بکات، بەو هیوایەی بتوانێ لە پیلان و دەرئەنجامە مەترسیدارەکانی دەخالەتی ئافرەتانی حەرەمسەرا لە کاروباری دەوڵەت رزگاری بکات. ئەم ریگە چارەیە تا ماوەیەک کاریگەر بوو، بەڵام هەرکە موراد گەیشتە تەمەنی هەرزەکارییەوە و لە ساڵی١٦٣٢ (١٠٤١ی کۆچی)، جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست، ئەم پاژەی ژیانی خۆی بەتەواوەتی لەبیرکرد.

* * *

موراد لە هەموو روویەکەوە پیاوێکی مەزن بوو. هەیکەلێکی گەورەو پتەوی هەبوو و، بەنمونەی دڵڕەقی لەقەڵەم دەدرا. دوایین سوڵتانێکی بەجەرگ و ئازا کە لە قوستەنتەنییە فەرمانڕەوایی کردبێ، موراد بوو. چاوانی رەش و کاریگەری لەنێو دەمووچاویدا کە نیوەی بەریشە خەنەییەکەی داپۆشرابوو، دیمەنێکی تایبەتییان هەبوو. هەمیشە جلی ئەتلەسی شینی دەپۆشی و لە سەرانسەری ئیمپڕاتۆرییەتەکەیدا، لە ئەسپ تاوداندا رکابەری نەبوو. لەوسەردەمەدا تیرهاوێشتن بەکەوان، وەرزشێکی نیشمانی بوو و، تیرهاوێژەکان وەک زۆرانیگرەکانی یۆنانی باستان و یاریزانانی تۆپی پێی ئەمڕۆکە، بە قارەمانی نیشتمانی لەقەڵەم دەدران و هەرکام لەوانیش لایەنگری فەناتیکیان هەبوون. موراد دەیتوانی لەگەڵ باشترینیاندا پێشبڕکێ بکات و دەیتوانی لە گۆڕەپانی ئەسپ تاودانی قوستەنتەنیەدا کە سێسەد مەتر درێژبوو، تیرێک لەو سەرەوە بهاوێتە ئەم سەر. لەڕم هاوێژی و شمشێربازی و نیشانە پێکان بەتفەنگیش، کەس خۆی لەقەرە نەدەدا. لە زۆرانێ گرتنیشدا بێ هاوتابوو و، هەمیشە ئامادەبوو لەگەڵ باشترین قارەمانانی وڵاتدا زۆرانێ بگرێ. بەوە بەناوبانگبوو کە هیچکەس لەدنیادا نەیدەتوانی مستی بکاتەوە.

موراد لەیەکەم رۆژی دەسەڵاتدارییەکەیدا بەرەورووی قەیرانی یەنیچەرییەکان بۆوە کە بە درێژایی ساڵانی بێ سەروبەری پێشوو، رێکوپێکیی کۆنی خۆیان لەدەست دابوو؛ سوێندی خۆیان لەمەڕ ژن نەهێنانیان، ژێر پێ نابوو، کوڕانی خۆیان هێنابۆ نێو ئەم هێزەو پۆستی گرنگیان پێ سپاردبوون. ئەم بارودۆخە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ سەردەمی سلێماندا هەبوو کە هێزەکانی یەنیچەری تەنها لە لاوانی بەدیاری هێندراو و ئەو کۆیلە مەسیحیانەی کە لە جەنگەکاندا بەیەخسیر دەگیران و کەسایەتیان دیار نەبوو، پێک دەهات. لە سۆنگەی ئەوەی کە بەدرێژایی ساڵانی پێشوو سوڵتانێکی گەندەڵ جێی سوڵتانێکی گەندەڵی دیکەی گرتبۆوە، یەنیچەرییەکانیش لەخستنەڕووی داواکارییەکانیاندا رووقایمتر ببوون و ئێستا کار گەیشتبۆ ئەو جێیەی بەسەرەونخوون کردنی مەنجەڵەکانیان کە نەریتێکی کۆن بوو، دوایان لە سوڵتان دەکرد سەرۆک وەزیرو شانزدە لە سەرانی وڵات بکوژێ. موراد ناچاربوو تەسلیمی ئەو خواستەی یەنیچەرییەکان بێت، بەڵام هەستی بەوەکرد کە

زۆر بچوک کراوەتەوەو سوکایەتی پێکراوە، بۆیە هەر زوو بەزوو بڕیاری دا تۆڵەیان لێبکاتەوە. لەم رووەوە بەهێمنی ژمارەیەک لە سەربازە وەفادارەکانی دەوروبەری خۆی کۆکردەوەو لەکاتێکدا کە یەنیچەرییەکان بە هیچ شێوەیەک چاوەڕێی ئەم کارە نەبوون، سەرانی یەنیچەرییەکانی دەستگیر کرد و خنکاندنی و پتر لە شەش سەد کەسی لە بارەگاکانیاندا لە سێدارەدا. زۆری نەبرد موراد ڕێگەچارەیەکی ئاسانی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی وڵات دۆزییەوە؛ هەر بچوکترین گومانێکی لەیەکێک پەیداکردبایە، فرمانی دەدا لەملی بدەن.

لە ساڵی ١٦٣٧ (١٠٤٦ی کۆچی) دا، بەنێوی عەدالەت و دادپەروەرییەوە (٢٥)هەزار لە خەڵکی ژێر دەسەڵاتی خۆی لە سێدارە دا و لەوانە ژمارەیەکی زۆریشی بەدەستی خۆی سەربڕین.

« *تۆڵە بەسەبرە، ئەمما بەزەبرە* »یان « *قەرزکۆن دەبێ، بەلام نافەوتێ* » لە درووشمەکانی مورادبوون.

موفتی گەورە، لەبەرخاتری ئەوەی گلەیی لەبارودۆخی ڕێگاوبانەکان کردبوو، ملی بەپەتەوەکرا و، سەرۆکی ئۆرکێستراکەی خۆی لەبەرخاتری ئەوەی کە مۆسیقایەکی ئێرانی لێدابوو، لەسێدارەدا. لەگەڵ ئەوانەشدا ترپاککێشانی بەتەواوەتی وکێشانی جگەرەو نێرگەلەی لە شوێنە گشتیەکاندا یاساغ کرد. وەک هاروونە رەشید حەزی لەوەبوو شەوانە بەجلی ئاساییەوە لە کۆشک دەربچێ و سەردانی قاوەخانەکان بکات و ئەگەر لەو کاتەدا یەکێکی بدیبایە کە قەننە، یان نێرگەلە دەکێشێ، خۆی پێدەناساند و دەمودەست لەملی کابرای دەدا. جارێکیان باخەوانی کۆشک و ژنەکەی لەکاتی کێشانی نێرگەلەدا دیت، فرمانی دا قاچی هەردووکیان ببڕنەوەو لەکاتێکدا کە قاچیان خوێنی لێدەچۆڕایەوە، ئەم دووبەخت وەرگەڕاوەی بۆ عیبرەت نیشانی خەڵک دەدا.

ئاشکرایە، کە دوای ماوەیەک جڵەوی دڵڕەقی و دڕندەخوویی موراد لەدەست خۆیدا نەما و، خەڵکی بە تۆمەتی سەیرو سەمەرە ئەشکەنجە دەدا؛ جارێکیان کابرایەکی ڤینیزی بەنێوی زانتی ژورێکی زیادەی لەسەربانی ماڵەکەی خۆی درووست کردبوو، موراد بەبیانووی ئەوەی کە ئەم کابرایە دەیەوێ لەدوورەوە سەیری ئافرەتانی حەرەمسەرا بکات، فرمانی دا بەجلی ژێرەوە لە سێدارەی بدەن. جارێکیشیان پاچڤەکارێکی فەڕەنسایی ژوانێکی نهێنی لەگەڵ ئافرەتێکی تورک دا، دادەنێت، بە بیستنی ئەمە موراد فرمانیدا کابرای چارەڕەش لەچوار میخ بدەن. بەسەعات لەسەر دیواری کۆشکێک دادەنیشت و بەتفەنگ تەقەی لەو ڕێبوارە بێ تاوانانە دەکرد، کە بە بن دیواری کۆشکدا تێپەڕدەبوون و لانی کەم ڕۆژێ دەکەسی بەم شێوەیە دەکوشت. جارێکی دیکە فرمانیدا تاقمێک لە ئافرەتانی حەرەمسەرا کە لەنێو چیمەنی بەردەم حەرەمسەرا دانیشتبوون و پێکەوە قسەیان دەکرد، بە تاوانی ئەوەی گاڵەگاڵیان کردووە، لە دەریادا نغرۆ بکەن.

ڕۆژێکیان دیتی ئەو بەلەمەی کە تاقمێک لە ئافرەتانی حەرەمسەرای تێدابوو، لە بابی عالی نزیک بۆتەوە، فرمانیدا تۆپباران بکرێت . کاتێ سواری ئەسپ دەبوو

ودەچووە گـەڕان، هەر بەخت وەرگـەڕاوێک کـە بەپێـشی کـەوتبـایەوە، یان ڕێی لێبگرتبایە، خێرا دەیسپاردە دەست جەللاد. زۆر ڕوویداوە ئەم سولْتانە ستەمکارە بەتیروکەوان دڵی موسافیرە چارەڕەشەکانی کون کردبێ.

مـوراد چووبایە هەر جـێیـەک، قەرە عـەلی سـەرۆکی جـەللادەکانی لەگـەڵدابوو، ئەویش ژمارەیەکی زۆر بزمار و هۆرەی ئاسن و چەکوچی بۆ وردکردنی دەست وپێی خـەڵک و قـوتووی پڕ لە تۆزی کـوێرکـەری بەبەرپشـتـێنەوە بوو. لەکـاتـی دیکەدا کـە هەسـتی دڕندەخـوویـیـەکـەی کـەم دەبۆوە، ئینجـا حـەزی دەچووە ئەوەی ئازاری ئافرەتانی حەرەمسەرا بدات. بەپێی گێڕانەوەی (سـێرجـۆرج کـورتاپ) کـە لـەو سەردەمەدا سەردانی قوستەنتەنییەی کردووە:« *سولْتان حـەوزێکی مـەلەوانی هەبوو کە لە بەردی سماق دروستکرابوو و، نێوەڕاستیشی دوورگەیەکی پڕ لەدارو درەختی تێدابوو. بۆ ئەوەی کـەس نەتوانێ حـەوزەکە ببینـێ و نەوێرێ لێی نزیک بێتـەوە، لە دەوروبەری حـەوزەکـە حـەسـارێکی درووست کـردبوو و، فـەرشی جـۆراوجـۆری پێ هەڵواسیبوو. موراد کەنیزەکەکانی حەرەمسـەرای ناچار دەکرد خۆیان ڕووت کەنەوەو بچنە نێـو ئاوی حـەوزەکـەوە، ئینجا بەتفـەنگە ساچمـەزەنەکەی کە زیانێکی ئەوتۆی نەدەگـەیاند، سێـرەی لێـدەگـرتن. جـاری واش هەبوو ئاوی حـەوزەکـەی هێندە زیاد دەکرد کە کەنیزەکەکان تێیدا نقوم دەبوون و، بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆیان دەکەوتنە تەقەللاوە و ژمارەیەکی زۆریشیان کە مـەلەوانیان نەدەزانی، دەخنکان. کاتێ سولْتان لەو گـەمـە دڕندانەیە تێردەبوو، فرمـانی دەدا خـواجە سـەراکان ئاوی حـەوزەکـە بەتاڵ بکەن و ئەو ئافرەتانەیش کە نەمردوون ڕزگاریان بکەن.*»

لەو سـەردەمـەدا قـوسـتـەنتـەنیـیـە لەوپەڕی هەژاری و چارەڕەشی دابوو؛ لەسـاڵی ١٦٣٧ (١٠٤٧ی کـۆچی) دا، بـەهـۆی تاعـونەوە ڕۆژانـە پتـر لە ٥٠٠ کـەس گـیـانـیـان لەدەسـتـدەدا. بازرگانێکی ئینگلیزی بەنێوی (*ئـابـل کـوک*) کە لەوسـەردەمـەدا لە قوستەنتەنییە بووە، لەنامەیەکدا بۆ ماڵ و منداڵەکەی بەناهومێدییەوە نووسیویەتی:« *لەکاتەکانی ڕۆژدا، دەرچوون لەماڵەوە بێ مەترسی نییە و بەشـەویش لە سەرانسەری شاردا گیانلەبەرێک بەرچاو ناکەوێ. سەگەکان بەهۆی برسیەتییەوە هێندە بێپەروا و ڕووقایم بوونە کە پیاو ناوێرێ لێیان نزیک بێتەوە.*

خـەڵک کـڕین و فـرۆشتن بە تـەرمی مـردووەکـانیـان دەکـەن. پەرێشـانی خـەڵک ناهێندرێتە پێش چاو و مومکین نییە ئێوە بتوانن لەو حاڵە تێبگەن. تکاتان لێدەکەم داوا لە خـەڵک بکەن لە کـەلیـسـاکـان دوعـامـان بۆ بکەن؛ لەبارودۆخـێکی وەها شەپرێودابن و وا تووشی برسیەتی بووینە، کە تەنانەت مشکیش دەخۆین.»

سولْتان، هەمـوو ئەو بەدبەختی و ناکامییانەی بە ئاسایی وەرگرت و فرمانیدا پەنجا کەس لە سەرانی وڵات بەتۆمەتی ئەوەی نەیانتوانیوە پێشبینیی ئەم گرانییە بکەن ــ لەکاتێکدا کەس نەیدەتوانی پێشبنیی ئەو بارودۆخە بکات ــ، لە سێدارە بدەن. سەبارەت بەتاعونیش گوتی:« *ئەمساڵ هاوین خـواوەند خەڵکی هیچ وپوچ سزا دەدات. ڕەنگبێ لەزستانیشدا نۆرەی خەڵکی باش و درووستکار بێت!*»

مـوراد بە هەمـوو دڵڕەقی و دڕندەخـوویـیـەکـەیەوە لانیکەم وەک سـولْتـانەکـانی

دامـەزرێنەری ئیـمـپـراتۆرییـەتی عـوسـمـانی، دلێرو بەجـەرگ بـوو. لەسـاڵی ١٦٣٨ (١٠٤٨ی کۆچی)، یەکەم لەشکر کێشیی مەزنی خۆی لەدژی ئێران ئەنجامداو بەپێی نەریتی باوی کۆن، کە دەبوایە خۆی لەو دەست بەسەرداگرتنەدا بەشدار بێت، شاری بەغدای داگیرکرد. سلێمانی قانوونیش جارێک ئەم شارەی لەساڵی ١٥٣٤ (٩٤٠ی کۆچی) داگیـرکـردبوو و، خـسـتـبـوویە سـەر ئیـمـپـراتۆرییـەتی عـوسـمـانی، بەڵام جێنشـینەکانی لەدەسـتـیـان دابوو. لە ١٦٣٨/٣/٨ (سلخ ذیعـقـدە ١٠٤٧ی کۆچی)، ئاڵای ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەئسکۆداری کەنارەی ئاسیایی بسفۆر هەڵدراو، سـوپای مـەزنی سـوڵتـان، سـەفـەری (١١٠) رۆژی خۆیان رووەو سنورەکانی ئێران دەست پێکرد.

سـەفـەرێکی وا دوورو درێژ، پێـویسـتـی بەلانی زۆری کـەرسـتـەی رەفـاه و خـۆشگوزەرانی هەبوو؛ موراد بەپێچـەوانەی سلێمـان کە لەکـاتی شـەڕدا بەژیانی ئاسـایی سـەربازی قـەنـاعـەتی دەهـات، فـرمـانی دا شـانزدە لە ئافـرەتەکـانی حـەرەمسـەرای بۆ سـواری چەند گـالیسکەیەک بکەن و بەهۆی خواجەسـەرایانەوە پاسەوانییان لێبکرێت و لەم سەفەرەیدا لەگەڵی بن.(١٣)

ئۆردووگای ئسکۆدار بەشکۆو سەربەرزی رۆژهەلاتیی خۆی، بریسکەیەکی تایبەت بەخـودی هەبوو و ئێستا هەمـوو شـتێک ئامـادەی ئەم رێپـێـوانە دوورو درێژەبوو. ژمارەی سوپا بەو خەڵکەی کە لە گوندەکانی سەر رێگا بەسەرباز دەگیران، لە زیاد بووندا بوو و سـوپا وەک زێیـەکی پان و رەنگاورەنگی لێ هاتبـوو کـە سـەربازە لادێیەکان وەک جۆگەلەی بچوک دەرژانە نێویەوە. وایلێهات ژمارەی سوپاکەی موراد گـەیشـتـە نیو ملیۆن کـەس و هیچ کـەسێ لەو سـەردەمـەدا توانای ئەوەی نەبوو خـۆ لەبەرامبەر ئەم سوپایە بگرێ.

لە ١٦ی تشـرینی دووەمی سـاڵی ١٦٣٨ (١٤ی رجب-ی ١٠٤٨ی کـۆچی)، ئاڵای لەشکری عـوسـمـانی لەبەرامـبـەر شـاری بەغدا هەڵدرا و موراد بەغدای گـەمارۆدا. سـەربازگەی ئێران، بەنـاهومـێدییەوە بەرگری دەکردو مورادیش بەشـەخسی خۆی هێزی بزوێنەری پێویست و سەرکەوتووبەخشانەی دەدایە سوپاکەی و دەیورووژاندن؛ لەگـەڵ سـەربازانـدا سـەنگەری لێـدەداو سـەبـارەت بەدیاریکردن و تۆپبـاران کـردنی بنکەکانی دوژمن، راو سـەرنجی خۆی دەخسـتـەڕوو. سـەرەڕای ئەوەیش کە بەردەوام سەردانی چادرەکانی حـەرەمسەرای دەکرد، بەڵام ئەغلەبی شەوان زینی ئەسپەکەی خۆی لەجیاتی بالیف لەژێر سەر دەنا. لەیەکێک لەهێرشەکاندا، سەربازێکی کەتەی ئێرانی لەحەساری بەغدا هاتەدەر و داوای کرد کە بەجەرگترین سەربازی تورک بێتە شـەڕی و لەگـەڵی دەسـتـەو یەخـەبێت، مـوراد بەبێ دوودڵی و دواکـەوتن خـۆی چووە مـەیدانەوەو بەیەک لێدانی شمـشـێر سـەری کـابرای تا چەنـەگە قـەڵاشت و کردی بەدووڵەت. لەکۆتایی ئەوساڵەدا عوسمانییەکان توانیان دەست بەسـەر بەغدادا بگرن و موراد فرمانی دا سەربازی نێو سەربازگەکە قەتڵوعام بکەن. ئەم قەسابیە لەماوەی یەک رۆژدا بەئەنجام گـەیشت و لەو ٣٠,٠٠٠ کەسـەی کە لـەم سـەربازگـەیەدابوون، تەنهـا(٣٠٠) کـەسـیـان لێ قـوتار بوو. لەم بەینەدا رووداوێکی ترسـناکی دیکەش

رووداو ئەویش ئەوەبوو کە لە ئاکامی تەقینەوەی عەمبارێکی باروت، بەڕێکەوت چەند سەربازێکی تورک کوژران، موراد بە ئەندازەیەک رقی هەستا کە بڕیاریدا (٣٠) هەزار کەسی دیکە بکوژن، بەڵام ئەمجارەیان دانیشتوانی بێگوناهی شار، کە زۆربەیان ئافرەت و منداڵ و پەککەوتە بوون، بوونە قوربانی.

موراد زۆر حەزی لە پڕوپاگەندەکردن بوو، بۆیە بڕیاری دا ئاهەنگی ئەم سەرکەوتنەی خۆی بەشێوەیەک لەقوستەنتەنییەدا بگێڕێت کە تاماوەیەکی زۆر دانیشتوانی پایتەخت لەبیریان نەچێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش کاتی گەڕانەوەو ئەوکاتەی کە گەیشتنە نزیک قوستەنتەنییە، فرمانەکانی خۆی لەڕێگەی کۆتری نامەبەرەوە بەسەرانی وڵات راگەیاند .(١٤)

ئینجا کاتێ وەک سەرکەوتوویەکی جەنگ هاتە نێو قوستەنتەنییەوە، بەشکۆو گەورەییەکی وا کە نایەتە سەرزمان، چووە بابی عالی. ئەو لەکاتێکدا کە سواری ئەسپ جەنگییە رەشەکەی بوو، رزێ یەکی تایبەتی کە لە کاتی شەڕدا دەیپۆشی و تان پۆکەی لەزێڕو پۆلابوو، کردبۆ بەر خۆی و کەوڵە پڵینگێکیشی بەسەر شان دادابوو، کە لاچکەکانی بە دەرزیلەیەکی ئەڵماس وێک هێندرابۆوە.مەندیلێکی گەورەی لەسەرنابوو کە سێ جەقەی ئەڵماسی پێوەکرابوو، حەوت ئەسپی زین وبەرگ بە ئەڵماس نەخشێندراو و بیست ودوو کەس لە ئەشراف و ئەفسەرانی ئێرانیش کە هەریەکەی زنجیرێکی زێڕیان لەملدابوو، بەدوایدا دەڕۆیشتن.

تامەزرۆیی خەڵک بۆدیتنی سوڵتان بەڕادەیەک زۆربوو کە خەڵکی تەنانەت لەسەربانەکانی خۆیان کۆببوونەوە بەڵکو بتوانن لەدوورەوە چاویان بەسوڵتانی قارەمان و سوپا سەرکەوتووەکەی بکەوێ کە کەمەریان لەژێر باری دەستکەوت و غەنیمەتەکانی شەڕدا چەمابۆوە.تێکڕای کەشتییەکان وەک رێزلێنان تۆپیان تەقاند و ئەمەش بەشێوەیەک بوو، کە دەتگوت دەریا ئاگری گرتووە. ئەوە دوایین جاربوو کە سوڵتانێکی قارەمان و سەرکەوتووی جەنگ دەگەڕایەوە پایتەخت، بەڵام موراد توانیبووی دەست بەسەر بەغدادا بگرێتەوەو سەرەڕای هەموو دڵڕەقی و خوێنرێژییەکەی کە لە سۆنگەیەوە سەرتاسەری ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی نوقمی خوێن ببوو، لانیکەم دەکرێ بڵێین کە بەم کارەی خۆی توانیبووی بۆ ماوەیەکی کاتی، وڵاتەکەی لەداڕمان و لەنێوچوون رزگار بکات.

موراد لە شوباتی ١٦٤٠ (ذیعقدە-ی ١٠٤٩ی کۆچی) لەکاتێکدا کە بەهۆی زیادەڕۆیی لەمەی خواردندا تووشی تایەکی سەخت ببوو و، لەسەرەمەرگدابوو، دوا فرمانی خۆی لەمەڕ لە سێدارەدانی ئیبراهیمی برای دەرکرد کە دەبووە جێگری خۆی (چونکە بۆ خۆی منداڵی نەبوو). وایێدەچوو کە موراد حەزی لێ بووبێت ناوی وەک دوا سوڵتانی مەزنی سیلسیلەی عوسمانی لەمێژوودا تۆمار بکرێت و نەیویستووە ئیمپڕاتۆرییەتەکە بسپێرێتە دەست جێگرێکی لێنەوەشاوە، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم فرمانە لەلایەن شازنی دایک (کەوسەم) ەوە تەگەرەی خرایە بەردەم؛ چونکە وای لێکدابۆوە کە ئەگەر ئیبراهیم بمرێت ئەوا دەسەڵاتەکەی ئەویش کۆتایی پێدێت، بۆیە لەپەیامێکدا بەدرۆ بە موورادی راگەیاند کەوا ئیبراهیمیان

خنکاندووه، موراد بەبیستنی ئەم هەواڵە زەردەخەنەیەکی سامناکی کرد و مرد.

* * *

ئیبراهیم بیست و چوار ساڵان بوو، لە دووساڵییەوە لە قەفەسدا زیندانی کرابوو و، سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی مستەفا و عوسمان و مورادی لەنێو قەفەسدا بەسەربردبوو. هیچ زانیارییەکی سەبارەت بەسیاسەت و بەڕێوەبردنی جەنگ و شتی لەو بابەتەوە نەبوو. سەرانسەری ژیانی لە دڵەڕاوکێ و مەترسی خنکاندا بەسەربردبوو. هەربۆیە کاتێ سەربازەکان هاتنە نێو قەفەسەوە و پێیان ڕاگەیاند کە بۆتە سوڵتان، بڕوای نەکردو پێیوابوو هاتوون بیکوژن و بە یارمەتی کەنیزەکە نەزۆکەکان، هەرچی کەرەستەو کەلوپەلی نێو ماڵی بە بەردەستان هات، خستیە پشت دەرگای ژوورەکەی و تێیدا سەنگەری گرت.
هەموو هەوڵەکان بۆ ڕازیکردن و هێنانە دەری لەپشت ئەم سەنگەرە، لەگەڵ شکستدا بەرەوڕووبوونەوە. سەرئەنجام سەرۆک وەزیران ڕێگە چارەیەکی دۆزییەوە، ئەویش ئەوەبوو کە فرمانی دا تەرمی موراد بێننە حەوشەی قەفەسەوەو لەئیبراهیم پاڕانەوە کە لە پەنجەرەی نهۆمی سەرەوەڕا سەیری تەرمی موراد بکات. ئیبراهیم بەبینی تەرمی موراد بۆ چەند ساتێک لەترسان و لەخۆشیان ڕەق وەستا. ئینجا بەڕاکردن لەقاڵدرمەکان هاتە خوارێ و لەدەوری تەرمی موراد سووڕی دا و هاواری دەکرد: «*ئاخیرەکەی قەسابی ئیمپڕاتۆرییەت لەنێوچوو!*»
هەرکە ئیبراهیم لەسەر تەخت دانیشت، دەرکەوت کە پیسترین و بێ کەڵکترین سوڵتانی عوسمانییە. وێنەیەکی ماوە، لەو وێنەیەدا ڕوخسارێکی مۆن و ڕەش هەڵگەڕاوی وەک سەرخۆشانی هەیەو مەندیلەکەی بەلایەکدا لار بۆتەوە.
لەو ساتەوەی کە لەسەرتەخت دانیشت، تەنها یەک بیری لەمێشک دابوو ئەویش ئەوەبوو، کە چۆن تۆڵەی ساتە بەفیڕۆچووەکانی تەمەنی لەژیان بکاتەوە. بەڕادەیەک لە ڕابواردن و خۆشگوزەرانیدا زیادەڕۆیی کرد، کە تەنانەت ئافرەتانی حەرەمسەرا لێی کەوتنە تەقە و ناڕەزاییان دەربڕی. پێویست ناکا باسی ناڕەزایەتی سەرانی وڵاتیش بکەین، هەر لێی دەگەڕێین.
دایکە تینووە دەسەڵاتەکەی ئیبراهیم واتا کەوسەم، لە بەڕێوەبردنی کاروباری حەرەمسەرادا ناشی نەبوو؛ چونکە سێ سوڵتانی بەخێو کردبوو و، سێ جاریش ببووە شازنی دایک. بۆیە جارێکی دیکەش ڕێگەی بەنێوبانگی دابینکردنی کەرستەی خۆ سەرگەرمکردنی سوڵتانی گرتەبەرو بەدەیان کچی لاوی پەری ڕووخساری ناردە سەر جێگەی سوڵتان.
گرتنەبەری ئەم ڕێگایە هۆکارێکی دیکەشی هەبوو؛ ئیبراهیم سەرەڕای ئەوەی کە لەڕادەبەدەر حەزی لە نزیکی ئافرەتان بوو، جار جارە بەهۆی بێ توانایی جنسییەوە لەحاڵی خۆی بێزار دەبوو، دایکی نیگەرانی ئەوەبوو نەوەکا هیچ کوڕێک یان جێگرێکی لەدوا بەجێ نەمێنێ و وەجاخ کوێر بێت، چونکە ئیبراهیم دوایین پاشماوەی سیلسیلەی عوسمانی بوو.
سەر ئەنجام پاش دوو ساڵ لە گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن ئیبراهیمەوە،

یەکەم منداڵ، لەکۆی دە منداڵەکانی لە دایک بوو.

ئیبراهیم بەختی هەبوو؛ بەر لەوەی یەکەم منداڵی چاو بە دنیا هەڵێنێ، کەوسەم بردبوویە لای جادوگەرێک بەنێوی (جین چی حوسەین)، یان حوسێنی جنگر کە ئیدعای ئەوەی دەکرد دەتوانێ وابکا پیاو منداڵی لێ وەپاش کەوێ.

جادوی ئەم کابرایە لەگەڵ لە دایکبوونی یەکەم منداڵی ئیبراهیم تێکی کردەوە و ئیبراهیم کابرای جادوگەری خەڵات کردو، پلەوپایەکی گرنگی ئایینیشی پێبەخشی و سەروەتێکی زۆری بەسەردا باراندا.

بێ توانایی جنسی ئیبراهیم، کە بەدرێژایی تەمەنی لەگەڵی دابوو، سەرچاوەی لەحەزی بێ سنورو تینوێتی جنسیی ئەو کابرایەدا بوو کە بەرامبەر بەئافرەتان هەیبوو. زۆری پێ نەچوو کە ئافرەتانی حەرەمسەرای لەبەرچاوکەوتن و ناچاربوو لەگەڵ ئەو کەنیزەکانەدا بخەوێ کە مافی نارەزایەتی دەربرینیان نەبوو. لەم کارە دا دایکیشی نەیدەتوانی یارمەتی بدات، بەڵام کەسێکی دیکە هەبوو کە وێرای ئەوەی سوڵتانەی ئیبراهیم بوو، دەڵاڵێکی باشیش بوو. (*شەکەرپارە*) کە سوڵتانەی ئیبراهیم بوو، دوژمنی بابە کوشتەی کەوسەمیش بوو. شەکەرپارە یەکێک بوو لەو ئافرەتانەی کە سوڵتان زۆر کەیفی پێدەهات و شارەزایی و توانایەکی باشی هەبوو لە دۆزینەوەو رەوانەکردنی کچانی لاوی پەری شێوە بۆ باوەشی سوڵتان . شەکەرپارە گەیشتبۆ ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر بتوانێ کچی جوان و دڵخوازی سوڵتان بۆ کەیف و زەوقی سوڵتان راوبکاو بەسوڵتانیان بناسێنێ، دەسەڵات و پلەوپایەیەکی باشی دەبێ و، قەت لەبەر چاوی سوڵتان ناکەوێ. بەم پێیە ئیبراهیم گالیسکەیەکی بەخشڵ نەخشێندراوی پێ بەخشیبوو کە شەکر پارە بەمەبەستی دۆزینەوەی کچی جوان سەری شوێنی لەبابەت گەرماوە گشتییەکانی پێ دەدا.

ئەگەر لەم سەردانانەدا شەکەر پارە چاوی بەکچی موفتی گەورە نەکەوتبایە کە خەریکی خۆشوشتن بوو، ئەوا قەت ئەم نهێنییەی ئیبراهیم ئاشکرا نەدەبوو و، قەتیش ئاوا ریسوا نەدەبوو.

شەکەر پارە هەواڵی ئەوەی دایە سوڵتان کەوا جوانترین کچی قوستەنتەنییەی دۆزیوەتەوە.ئیبراهیم بەبیستنی ئەم هەواڵە کاردانەوەیەکی خێرای لەخۆی نیشاندا و دەیویست بەهەر نرخێک بێت ئەم پەری شێوەیە تام بکات، بەڵام بۆی دەرکەوت کە بەدەستهێنانی کچی کەسایەتییەکی وا پایەبەرزی ئایینی، کارێکی هێندە ئاسان نییە.

تەنیا یەک رێگە هەبوو و، ئەو رێگەیەش ئەوەبوو کە ئیبراهیم هەڵیبژارد؛ بەدوای موفتی دانارد و لەکاتێکدا کە موفتی لە ترسان واقی ورمابوو، خوازبینی لێکردو کچەکەی لێخواست. کاری وا لەمێژووی سیلسیلەی عوسمانیدا کە تێکرای سوڵتانەکانی کوڕی کەنیزەکەکان بوون، رووی نەدابوو، بەتایبەتیش کە موفتی هەندێ پڕوپاگەندەشی سەبارەت بە زیادەڕۆییەکانی حەرەمسەرا بیستبوو. بەڵام ئەوەشی دەزانی کە ئەگەر بە ئاگایی و لێزانییەوە هەنگاونەنێ، ڕەنگبێ سەری لەسەردانێ. بۆیە لە وەڵامدا گوتی: هیچ شتێک پتر لەو کارە خۆشحاڵی ناکا ئەگەر

بێتو کچەکەی ببێت بەهاوسەری سوڵتان، بەڵام هەروەکو سوڵتانیش ئاگادارە پێچەوانەی شەرعە ئەگەر پیاوێکی ئایینی بە زۆر کچەکەی خۆی بەمێرد بدات. بۆیە بەڵێنی دا کە هەموو هێزو توانای خۆی بۆ رازیکردنی دڵی کچەکەی بخاتەگەڕ، بەڵام ئەگەر دیسان کچەی رازی نەبوو ئیدی ئەو هیچ گوناهێکی نیە و ئۆباڵی ئەم کارەی ناکەوێتە ئەستۆوە.

هەروەک مەزندە دەکرا، دوای چەند رۆژێک موفتی زۆر بە ئەدەبەوە وەڵامی کچەکەی خۆی گەیاندە سوڵتان و ئەویش ئەوەبوو کە مێردی پێ ناکات. ئیبراهیم کە ئەمەی زۆربەلاوە گران بوو، رقی هەستاو فرمانی بەشەکەرپارەدا، کە هەر چۆنێک بێت کچی موفتی وا لێبکات کە رازی بێت. کاتێ شەکەرپارەش لەو کارەدا شکستی خوارد، ئیبراهیم فرمانی دا چاودێری کچە بکەن و رۆژێکیش ڕاسپێردراوەکانی کچەیان ڕفاندو هێنایانە حەرەمسەراوە.

ئێستا، کچی موفتی گەورە دەبوو بەترس و سامەوە لەو دیمەنە پڕ لە شەرمەزارییانەی حەرەمسەرا بڕوانێ، بەڵام ئەو کچێکی چاو نەترس بوو؛ چەندین شەو و رۆژ بەرگری لەخۆی کردو ئامادە نەبوو بچێتە پاڵ سوڵتانەوەو سەر ئەنجام سوڵتان ناچار بوو بە سەرزەنیشت و سووکایەتی پێکردنەوە، بینێرێتەوە لای باوکی. لەوێ بەدواوە، موفتی گەورە بوو بە دوژمنی بابەکوشتەی سوڵتان و سوێندی ئەوەی خوارد کە تا سوڵتان نەکوژێ، ئۆقرە ناگرێ.

لەم بگرەو بەردەیەدا ئیبراهیم بە ڕێنماییی دایکی، دەستی کرد بە لەنێوبردنی سەرانی وڵات و گەورەکانی نێودەوڵەت. کاتێ کەوسەم لای ئیبراهیم شکایەتی لەوە کرد کە ئازاڵەی پێویست بۆ سووتاندن لەنێو سۆپاکانی حەرەمسەرای نادرێتێ، ئیبراهیم سەرۆک وەزیرانی دەستگیر کردو دواتریش لە سێدارەی دا. کاتێکیش کە ژمارەیەک لە خواجەسەراکان لە ڕێی حەجدا بەدەستی چەتە دەریاییەکان ڕووتکران و بەپەلبەستکراوی برانە دوورگەی کێرت، ئیبراهیم لەشکرکێشییەکی سەرشێتانەی بۆ ئەم دوورگەیە کردو ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە کێرت موڵکی کۆماری ڤینیز بوو و، لەنێوان کۆماری ڤینیزو دەوڵەتی عوسمانیشدا پەیمانی ئاشتی هەبوو. ئەم شەڕەبووە هۆی گەمارۆدانی قەڵای کاندی کە چەپەری سەرەکیی دوورگەکەبوو و، بیست وپێنج ساڵی رەبەق لەبەرامبەر تورکەکاندا وەستا و بەرگری کرد.

کردەوە سەیرو ناوازەکانی ئیبراهیم، زۆر لەکارو کردەوەی شێتان دەچوون تا لە مرۆڤی ئاسایی؛ ریشی خۆی بەدنکە ئەڵماس دەڕازاندەوە، مەیلێکی نەخۆشانەی بەلای بۆنی عەمبەردا هەبوو و،ئەو بۆنەی لە ڕیش و جل و تەنانەت پەردەکانی ژوورەکەشی دەدا. کاتێ یەکێک لە ژنەکانی حەکایەتی پاشایەکی بۆ گێڕایەوە کە هەمیشە جلی لە کەوڵی سمۆرە دووراوی پۆشیبوو، ئیبراهیم بڕیاری دا ببێ بەپاشای کەوڵە سمۆرەپۆش و فرمانی دا تێکڕای جل و پەردەو تەنانەت دیوارەکانی ژوورەکەشی بە کەوڵی سمۆرە بڕازێننەوەو تەنانەت قاپوتی لە کەوڵە سمۆرە دروستکراو بە بەر پشیلەکانی کۆشکیش دابکەن. بەڵام دۆزینەوەی ئەو هەموو کەوڵە سمۆرەیە کارێکی هێندە ئاسان نەبوو، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە ئیبراهیم دیوانی

هومایونی کۆکردەوەو فرمانیدا لەسەرانسەری ئیمپڕاتۆرییەتەکەیدا، بەدوای کەوڵە سمۆرەدا بگەڕێن و سمۆرە راو بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، تەواوی ئەم کارە سەرشێتانانە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کارەساتە سامناکەی کە لە دوایی دواییەکانی سەڵتەنەتە (١٨) ساڵەکەیدا بووە هۆی قەتڵوعامی ئافرەتانی حەرەمسەرا، بەشتێکی ئاسایی لەقەڵەم دەدرێن. ئەم کارەساتە جەرگبڕە کاتێ دەستی پێ کرد کە شەکەرپارە هەواڵی ئەوەی گەیاندە سوڵتان کەوا لە شاردا پڕوپاگەندەی ئەوە هەیە گوایە یەکێ لە ئافرەتانی حەرەمسەرایان لە پاڵ پیاوێکدا دیووە. ئاشکرایە کە شتی وا مەحاڵ بوو، چونکە شەکەرپارە لە گێڕانەوەی پڕوپاگەندەکەدا نەباسی وردەکاری و چۆنیەتی دیتنەکەی دەکردو نەناوی ئافرەتەکەشی دەهێنا، بەڵام ئیبراهیم پێویستی بەبەڵگەو شاهید نەبوو، بۆیە باوەڕی بەقسەکانی شەکەر پارەکردو قزڵەر ئاغای راسپارد تا ئەو ئافرەتە بدۆزێتەوە. چەند ئافرەتێکی حەرەمسەرا خرانە بن ئەشکەنجەو ئازارەوە، بەڵام ئەوە هیچ سوودی نەبوو و، نێوی کەسیان نەدرکاند. دیار نیە ئاخۆ سەبارەت بەمە رێککەوتنێک لە نێو ئافرەتانی حەرەمسەرادا هەبووە، یان ئەوەتا لە بنەڕەتدا ئافرەتێکی وەها لەنێویاندا نەبووەو رووداوێکی وا کە شەرکەرپارە باسی لێوە دەکرد، درۆ و بوختانی هەڵبەستراوبوو؟

ئیبراهیم سێ رۆژی تەواو بە رق و قینەوە لەدەوروبەری حەرەمسەرا پیاسەی دەکرد، کاتێ محەمەدی کوڕی کە هێشتا بۆ هاویشتنە نێو زیندان بچوک دەهاتە پێش چاو، گاڵتەیەکی نابەجێی کرد، سوڵتان وا تووڕە بوو کە خەنجەرە بەخشڵ نەخێشێندراوەکەی لە کالان دەرهێنا و لەدەمووچاوی کوڕەکەی دا. برینێکی قووڵ و کوشندە نەبوو، بەڵام محەمەد تادوا ساتی ژیانی شوێنی ئەم برینەی بەدەموچاوەوە ما.

سەرئەنجام ئیبراهیم بڕیاری دا دەستبەکار بێت و وەک بەڕێوەبەری قوتابخانەکە کاتێ قوتابی کەتنکەر لە ریز نایەتەوە دەر و دان بەهەڵەکەی دانانێ، تەواوی قوتابیان تەمبێ دەکا، ئەویش بڕیاری دا تێکڕای ئافرەتانی حەرەمسەرا سزا بدات. هیچکەس و تەنانەت قزڵەر ئاغاش نەیدەتوانی پێشبینی ئەوە بکات کە ئیبراهیم بەتەمای چییە. ئیبراهیم بڕیاری دا جگە لەشەکەرپارە، تەواوی ئافرەتانی حەرەمسەرا، کە ژمارەیان خۆی لە (٢٨٠) ئافرەت دەدا، لە دەریا بهاوێ و لەنێویان بەرێ. بۆیە دەستە دەستە ئافرەتانی حەرەمسەرایان لێکدی بەستن و خستیاننە نێو ئەو جەواڵە گەورانەی کە بەردیان لەبن کردبوون و بردیاننە کەنار دەریاو هەر جەواڵێکیشیان خستە نێو بەلەمێکەوە. دواتر ئەو چەند بەلەمەیان بەپەتێکەوە لە بەلەمێکی گەورەتر بەست بۆ ئەوەی خواجەسەراکان بتوانن لە کەنار دەریا دووریان بخەنەوەو لەنێوڕاستی دەریادا، نغرۆیان بکەن.

تێکڕای ئافرەتانی حەرەمسەرا نغرۆ بوون، جگە لە یەکێکیان نەبێ کە سەری جەواڵەکەیان باش نەبەستبوو و،توانیبووی بەهەوڵ و تەقەللایەکی زۆر لەسەر ئاو بمێنێتەوە. کەنیزەکی نێوبراو دەستی بە هاتوهاوار و یاریدەخواستن کرد و

کەشتییەکی فەرەنسایی کە بەوێدا تێدەپەڕی رزگاری کرد. بەر لەوەی کەسەرئەنجام بگاتە پاریس، ئەو کارەساتەی کە بەسەر خۆی و ئافرەتانی حەرەمسەردا هاتبوو، بۆ ئەوانەی لە ناو کەشتییەکەدا بوون گێڕابۆوە.

بەرلەوەی هەواڵی ئەم رووداوە وەک پرۆپاگەندە بەنێو قوستەنتەنییەدا بڵاوبێتەوە، رووداوێکی دیکە روویدا کە شایەتی بۆ راستی ئەم کوشتارە سامناکە دەدا. یەکێ لەو سێ سەد مەلەوانانەی قوستەنتەنییە لەکاتی تێپەڕین بە بسفۆڕدا، لەکاتێکدا کە خۆی بەسەر لێوی بەلەمەکەیدا شۆڕکردبۆوە و لە پاشماوەی کەشتییەکی نغرۆبوو دەگەڕا، لەقووڵایی دەریادا چاوی بەهەندێک شت دەکەوێ کە دەجووڵێن ، بەپەلە خۆی دەهاوێتە نێو ئاوەوە.

هەرچەندە ئەوکاتە هێشتا چاویلکەی ژێر ئاو نەدۆزرابۆوە، بەڵام مەلەوانەکان دەیانتوانی بچوکترین شتەکان لە قوڵایی دەریادا ببینن؛ زاری خۆیان پڕ لەرۆنی شل دەکرد و هەر کە دەگەیشتنە نزیک شتەکانی ژێر دەریا، رۆنەکەیان رۆدەکرد و لەژێر ئاو وەک خڕۆکەی ورد و بریسکەداری لێ دەهات و مەلەوانەکان دەیانتوانی هەموو شتێ و تەنانەت دەرزییەکیش بدۆزنەوە.

مەلەوانی نێوبراو گێڕایەوە، لە قوڵایی دەریادا ژمارەیەکی زۆر کیسەی سەرگرێ دراوی دیووە کە لەشێوەی ئەستوونی لەگەڵ جووڵەی شەپۆلەکانی دەریادا، لاژە لاژیان بووە و،کاتێ سەری یەکێکیانی کردۆتەوە، چاوی بەتەرمی چەند ئافرەتێک کەوتووەو لەترسان رایکردووە و سەر ئاو کەوتۆتەوە.

لەماوەی چەند رۆژێکدا، ئەم هەواڵە بووە قسەی سەر زمانی کۆڕ و کۆمەڵی شاری قوستەنتەنییەو ئەمەش باشترین دەرفەتی دایە دەست موفتی گەورە تا تۆڵەی خۆی لەئیبراهیم بکاتەوە. موفتی ولایەنگرانی بڕیاریاندا ئیبراهیم لێبێخن و کوڕە حەوت ساڵانەکەی(محەمەد) لەجیاتی ئەو لەسەرتەخت دانیشێنن. بەڵام ئەم کارە دەبوو بەوردی و لێهاتووییەوە بەئەنجام بگات؛ لەسەرەتادا نامەیەکیان ئاراستەی شاژنی دایک (کەوسەم) کرد، کە ئافرەتێکی بەدەسەڵات بوو و، لەنامەکەدا هاتبوو: « *سوڵتانی هەنووکە لەئاکامی زوڵم و ستەم، وڵاتی عوسمانی بەرەو لەنێوچوون بردووە، فرمانڕەوایی وڵات کەوتۆتە دەستی ئافرەتانەوەو خەزێنەی وڵات ناتوانێ ئەو برسییانە تێر بکات و خەرجیی ئەوانی پێ نادرێت. خەڵک تووشی هەژاری و وەرشکستی بوونەو سوپای کافرەکان لەناوچە سنوورییەکان پەلاماری شارەکانیان داوین و گەلەکەشتییەکانیان گەرووی داردانێل یان بەستووە.* »

لەسەرەتا دڵ کەوسەم نەدەچۆ ژێر بار و بەرگری دەکرد، بەڵام سەرئەنجام خۆی دابەدەستەوەو رازی بوو لەسەر ئەوەی کە کوڕەکەی لێبێخن. شێخولئیسلام و موفتی گەورەی قوستەنتەنییە، کۆبوونەوەیەکی گەورەیان لەمزگەوتی ئەیاسۆفیا رێکخست و خواستەکانی خۆیان راگەیاند. خەڵک پشتیوانیی خۆیان بۆ دەربڕین و تەنانەت تاقە کەسێکیش نارەزایەتی دەرنەبڕی.

ئێستاکە رێگا والابوو؛ یەنیچەرییەکان رووەو دەروازەی بابی سەعادەت بەرێکەوتن و داوای دیداری ئیبراهیمیان کردو کاتێ چاویان بەسوڵتان کەوت و

بڕیاری کاربەدەستە ئایینیی و دەوڵەتییەکانیان بەکورتی بەسوڵتان ڕاگەیاند، ئیبراهیم بە هێمنی بڕیارەکەیانی قەبوڵ کرد؛ چونکە لەوە پتر چیدیکەی لەدەست نەدەهات.

ئیبراهیم لەسەر ئەوەرازی بوو بیگەڕێننەوە قەفەس و تا دوا ساتی ژیانی لەوێدا بژییەت، بەڵام هێشتا موفتی گەورە دڵی دانە کەوتبوو، دەیویست خوێنی ئەو کەسەی کە کچەی ڕفاندبوو، بڕێژێ. لەو جێگەیەوە کە ئەو ڕێبەرێکی ئایینی بوو، دەبوایە کارەکەی وا بەئەنجام بگەیەنێ کە لایەنی شەرعیی تێدا ڕەچاو کرابێ و کارەکەی بەپێی شەرع بێت . بۆیە هەرکە ئیبراهیمیان ناردەوە نێو قەفەس، تاقمێک لەپیاوانی ئایینی چاویان بەموفتی کەوت و بەپێی ئەو بەرنامەی کە پێشتر دایانڕشتبوو سەبارەت بەوەی کە *«ئەگەر هاتو پاشایەک لەجیاتی ئەوەی کارە گرنگەکانی وڵات بسپێرێتە خەڵکی کارامەو بەتوانا، ئەو پۆستانەی بەپارە بە خەڵکی ناکارامە فرۆشت، ئایا دەکرێ بەپێی یاساکانی شەرعی پیرۆز ئەم پاشایە لەکار لابدرێت و بکوژرێت؟»* پرسیان بەموفتی کرد. موفتیش لە کورتترین فتوایەکدا کە مەرگ و ژینی کەسێکی پێوە بەندبوو، گوتی: بەڵێ.

سەیر لەوەدایە ئەمجارەیان ئیبراهیم کە ساڵانێکی درێژی لە ترس و دڵەڕاوکێی خنکان بەدەستی خولامە کەڕولاڵەکان لە قەفەسدا بەسەر برد بوو، لەوە دڵنیابوو کە ئەم قەیرانە لەماوەی چەند ڕۆژێک کۆتایی پێ دێت و دەگەڕێتەوە سەر کورسی دەسەڵات. بۆیە کاتێ تاقمێک بەمەبەستی کوشتنی چونە نێو قەفەسەوە، ئیبراهیم بە پێچەوانەی (٩) ساڵ پێش، بەبێ ترس و بەڕوویەکی گەشەوە پێشوازی لێکردن. بەڵام ئەمجارەیان بە پێچەوانەی جاری پێشوو، نۆرەی ئەوەبوو پەتەکەی بخەنە ملەوەو خنکاندیان.

دەسەڵاتدارییەتی ئیبراهیم سەرەڕای ئەو سەرکەوتنە مەزنەی کە تورکەکان لە جەنگی قەزاقەکانی ناوچەی دۆن و داگیرکردنی شاری ئازۆف دا بەدەستیان هێنا، لە کۆی گشتیدا پڕبوو لە کارەسات ؛ جەنگی ناتەواوی کێرت خەزێنەی وڵاتی هەڵلووشیبوو و، بەتاڵی کردبوو، تەواوی ئەو سەرپێچیانەی کە لەسەر دەستی موراد بە توندوتیژی و بێباکییەوە چارەسەرکرابوون، سەر لە نوێ دەستیان پێکرا بۆوەو باری وڵات وەک جارانی لێهاتبۆوە، زۆربەی داهاتی وڵات لە حەرەمسەرا خەرج دەکرا، بۆیە خەڵک و سەرانی وڵات، بە کوشتنی سوڵتانیش دڵیان ئۆخەی نەدەکردو دەیانویست سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی ئافرەتانی حەرەمسەرا کۆتایی پێ بێت و ئەم کارەش بە کوشتنی (کەوسەم) دەهاتەدی.

کوشتنی دایکی سوڵتان بە پێچەوانەی ئەو نەریتەی کە تورکەکان سەبارەت بە کوشتنی سەرانی وڵات هەیانبوو، بە شێوەیەکی ترسناک و قێزەون بە ئەنجام گەیشت. کەوسەم کە پێشتر لەوە ئاگادار ببوو کە بە تەمان بیکوژن، لە ژوورەکانی تەنیشت جادەی زێڕین ڕایکردبوو و لە ژورێکی نزیک دەروازەی گالیسکە خانە کە کەوتبۆ پشت ساختومانی دیوانەوە، خۆی حەشاردابوو . یەنیچەرییەکان، تەواوی کۆشکەکانیان پشکنی و سەرئەنجام پیرەژنی تەمەن(٦٢) ساڵانی بێ ددانیان لە

باوڵێکی گەورەی جل و بەرگدا دۆزییەوە کە خۆی تێدا حەشار دابوو. یەنیچەرییەکان زۆر بە تووندوتیـژییـەوە پیـرەژنیـان راپێچ داو سـەرەتا ئەنگوسـتـیلەوگـوارە و بازنەکانیان لێکردەوە و جکەکانیشیان لە بەرداکەند ، ئینجا کە هیچی لە بەردانەما، قاچەکانیان گرت و تا بەر دەرکی دەروازەی گەورە رایانکێشا. پیرەژن تا دواسات هەر بەرگری دەکرد، بەڵام پەتێکیان خستە مل و خنکاندیان، خوێن لە گوێ و لووتی فڕکەی دەکرد و جلی بکووژەکانی سوور کرد.

شەکەر پارە تا ماوەیەکی باش چارەنووسێکی باشتری هەبوو؛ سوڵتانەی نێوبراو دوای مەرگی مێردی یەکەمی، سەر لە نوێ مێردی کردەوە. بەڵام کە مێردی دووەمیشی مرد، بووبە بەناوبانگترین دەڵاڵی قوستەنتەنییەو لەو کارەدا توانا و لێهاتووییەکی لە رادەبەدەری هەبوو. شەکەر پارە لە کڕین و فرۆشتنی کچانی لاو و راهێنانیان لە سەر سەما و گۆرانی گوتن و هونەرەکانی دڵداریداو دواتر ناردنیان بۆ لای کوڕانی لاو و پاشا دەوڵەمەندەکان، پسپۆڕ بوو. لەم رووەوە نازناوی (سوڵتانەی پیس)(١٥) یان پێ دا بوو.

ئێستا، کە شەکە پارە پیر ببوو، دوژمنەکانی مەرگێکی ئارامتریان بۆ هەڵبژارد بوو؛ بە پێی نەریتی باوی تورکەکان بە فنجانە قاوەیەک کە وردە شووشە و موویان تێکەڵکردبوو، دەرمان داویان کرد و دوای ئەوەی کە گەدە و ریخۆڵەکانی هەلابەهەلا بوون، چەند سەعاتێک ئازاری چێشت و مرد. نوێنەری بانکی جێنێوا لە راپۆرتێکدا کە لەوبارەیەوە ناردوویەتی، نووسیویەتی: « *پیرەژنی دڵڕەق کە بە سوڵتانەی پیس بە ناوبانگ بوو، کوژرا*.» لەو راپۆرتەدا بەئاسانی دەتوانین هێماکانی خۆشحاڵی لە روودانی رووداوەکە ببینین.

فەسڵی پێنجەم

فرمانڕەوایی وەزیران

بەدرێژایی سەدەونیوێک دوای ئەو مێژووە، کە بە سەردەمێکی چارەنووسساز لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئەوروپا لە قەڵەم دەدرێت، سوڵتانەکانی عوسمانی ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبوو. بارودۆخی سوڵتانەکان وەک ئەو پیرەمێردانە وابوو کە لەبەر پیری و بێزاربوون لە زێدەڕۆیی و ماندوێتی، دەیانویست پاشماوەی تەمەنیان بە هێمنی بەسەر بەرن و کارەکانی خۆیان دەسپاردە خەڵکی دیکە. سوڵتانەکانی عوسمانی هێشتا شان و شکۆی خۆیان لەڕووی ڕووخسارو کۆشک و تەلارەوە پاراستبوو؛ جگە لە لویسی چواردەهەمی پاشای فەڕەنسا کە بە سوڵتانی خۆر بە ناوبانگ بوو، هیچکام لە کۆشک وتەلارەکانی ئەوروپا خۆیان لەقەرەی کۆشک و تەلارەکانی عوسمانی نەدەدا. هێشتا سوڵتانەکانی عوسمانی هەوەسبازییەکانی خۆیان لەبابەت حەزی بێ سنوریان بەڕاو و عەشقیان بەچاندنی گوڵی لالە مابوو، بەڵام لە زۆربەی بوارەکاندا سنوری ئاساییان نەدەبەزاند.

محەمەدی چوارەم کە لە ساڵی ١٦٤٨(١٠٥٨ی کۆچی) لەسەر تەخت دانیشت، سیاسەتمەدارێکی گەورەی وەک سەرۆک وەزیرانی لە سوڵتانی پێشووەوە بۆ بە میرات بەجێما، کە کاروباری وڵاتی بەلێهاتوویی و زانابیەوە بەڕێوە دەبردو ڕێنمایی سوڵتانیشی دەکرد.

ئەم کابرایە یەکەم کەسی بنەماڵەی کۆپرولو بوو کە لە سەردەمی منداڵی و لایەن دایکی سوڵتانەوە، ئەم پۆستەی پێ بەخشرابوو. ئەندامانی بنەماڵەی کۆپرولو بە باوک و کوڕ و براوە، بۆ ماوەی سەدەونیوێک چارەنووسی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانییان بەدەستەوە بوو، بەڵام لەکاتێکدا کە سەرۆک وەزیرەکان کەسانێکی شارەزاولێهاتوو بوون ، بە پێچەوانەوە ئەو سوڵتانانەی کە یەک لەدوای یەک دەسەڵاتیان گرتەدەست، هەر هەموویان تەمبەڵ و نەزان بوون، بۆیە ڕازی بوون بەوەی کە جڵەوی کاروباری وڵات بسپێرنە دەست ئەو وەزیرانە.

لەو سەردەمەدا، چارەنووس یەکێ لە سەیرترین گەمەکانی خۆی کرد، لەو گەمانەی کە هیچکەس لە نهێنیەکانی تێناگا؛ چونکە سەرەڕای لێهاتوویی و کارزانی وەزیرەکان، ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی بەرەوڕووی شکستی یەک بەدوای یەک و سەختی ئەوتۆ بۆوە، کە لە ئاکامیان وردەوردە خاکەکەی پارچە پارچە دەبوو و، ئیدی وڵاتانی دەوروبەر ئەو ترسی و سامەی جاران لە هێزی سەربازی عوسمانی هەیان

بوو، دەرەوییەوە.
یەکەم کەسی بنەماڵەی کۆپرولو کە پۆستی وەزیرایەتی پێ بەخشرا، کابرایەکی ئەلبانی بوو بەنێوی محەمەد؛ کاری خۆی بە شاگردیی چێشت لێنەر لە کۆشکی سوڵتاندا دەست پێکرد و لەسەر راسپاردەی دایکی سوڵتان محەمەد کە نێوی (تەرخان) بوو، لە ساڵی ١٦٦٥ (١٠٦٦ی کۆچی)و لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا، کرایە سەرۆک وەزیر. ئەم دەست نیشانکردنەی سوڵتان، بەرای پاشاکانی ئەندامی دیوانی هومایونی، بە یەکێ لەهەوەسبازییەکانی سوڵتان لەقەڵەم دەدرا؛ ئەوان لەو باوەرەدابوون کە کۆپرولو لەرادە بەدەر پیرەو سەرەرای ئەوە نەخوێندەواریشە. بەڵام هیچ کاتێ سەرانی وڵات وا بەسەهو نەچوو بوون؛ کۆپرولو بەرلەوەی پۆستی وەزیرایەتی پێ بسپێردرێت، لە دیمەشق و تەرابلوس و قودس دا وەک پارێزگار(والی)، ئەوپەری لێهاتوویی لە خۆی نیشان دابوو، ئێستاش کە پۆستی وەزیری پێ سپێردرابوو، بە مەرجێک ئەوپۆستەی وەرگرتبوو کە سوڵتانی لاو گوێرایەڵی تەواوی کردەوەو بریارەکانی بێت و، کۆپرولو لەلادان و دانانی کاربەدەستانی وڵاتدا ئازادی و دەسەڵاتی تەواوی هەبێت.
پێدەچوو کۆپرولو بە باشی لە بەڵێنی سوڵتان، یان (دایکی سوڵتانەکان) تێگەیشتبێ، بۆیە تا لەداهاتوودا هیچ پاشگەزبوونەوەیەک روونەدات، مەرجەکانی خۆی بە موفتی گەورەش ئیمزا کرد. هەرکە ئەم بەزم و رەزمە کۆتایی هات، محەمەد کۆپرولو پتر لەوەی لە قاڵبی وەزیردابێ، پۆستی جێگری سوڵتانی هەبوو، بۆیە هەوڵیدا بەسوود وەرگرتن لەو دەسەڵاتە، کاروباری وڵات رێک بخات. ئەویش وەک موراد لەسەر ئەو بارەرە بوو کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پێویستە لەسەرەتادا دەزگای دەوڵەت لە بێژنگ بدرێ و شەرێکی بێ ئامان لەگەڵ خەڵکانی گەندەڵ و دزو بەرتیلخۆردا بەرپا بکات. کارمەندانی دەوڵەت، دادوەران و سەرانی سوپا لە بێژنگ دران و لەماوەی (٥) ساڵدا (٣٥) هەزار کەس لە سێدارە دران. زوولفەقاری سەرۆکی جەللادەکانی قوستەنتەنییە، دانی بەوەدا ناوە کە لەوماوەیەدا بە تەنهایی و بۆخۆی، نزیکەی(٥) هەزار کەسی خنکاندووە، بەڵام لە ئاکامدا تا رادەیەکی زۆر پێشگیری لە دزی و گەندەڵی کرا، هێزی دەریایی گیانی بەبەردا کرایەوەو گەلەکەشتیەکی نوێ دروستکرا و هاوێشترایە دەریاوە، سوپا بۆ جارێکی دیکە وەک هێزێکی رێکخراوی لێهات و چەندین شوێنی داگیرکراو دەستیان بەسەردا گیردرایەوە.
دوای هەموو ئەوانە و کاتێ کۆپرولو خەریکی ئامادەکردنی سوپایەک بوو تا هێرشی سەر مەجەرەکانی پێ بکات، تووشی نەخۆشییەکی کوشندەبوو. سوڵتان کە لە دەوروبەری ئەدیرنە خەریکی راو بوو، لەگەڵ بیستنی ئەم هەواڵە، بە پەلە خۆی گەیاندەوە قوستەنتەنییە. سەرۆک وەزیران لە کۆشکێکی سادە و بچوکدا دەژیا کە حەرەمسەرایەکی بچوکیشی هەبوو. سوڵتان چووە لای وەزیرو بە دڵێکی شکستەوە گوتی لە قوڵایی دڵمەوە ئامادەم دەساڵ لە تەمەنی خۆم ببەخشمە کۆپرولو تا رزگاری بێت. کاتێک داوای رێنمایی لە پیرەمێردی نەخۆش کرد، کۆپرولو بەبێ دوودڵی بە سوڵتانی گوت کە هەرگیز بەقسەی ئافرەتان نەکات، هەرگیز دەوڵەمەندێک نەکاتە

وەزیر و هەمیشە خەزێنەکەی بەپڕی و سوپاکەشی بەردەوام لە ئامادەباشیی جەنگدا ڕاگرێت. کاتێ وادەی مەرگی سەرۆک وەزیران نزیک بۆوە، سوڵتان داوپرسیاری خۆی لێکرد و لە کۆپرولوی پرسی کێ بکاتە جێگری؟ پیرەمێر لە وەڵامدا گوتی: « *من هیچ کەسێک ناناسم کە لە ئەحمەدی کوڕم لێهاتوو تربێت.*»

بەم شێوەیە ئەحمەد کۆپرولو لە تەمەنی (٢٦) ساڵیدا، واتا لەکاتێکدا کە تەنها (٦) ساڵ لە سوڵتان گەورەتر بوو، پۆستی سەرۆک وەزیرایەتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی پێ بەخشراو بە لێهاتوویی و شارەزاییەکی پتر لە باوکی بۆ ماوەی(١٥) ساڵی ڕەبەق دەسەڵاتی لە وڵاتدا گێڕا.

هەموو ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دیتبوویان، لەو باوەڕەدا بوون کە ئەحمەد لە ریزی سیاسەتمەدارە بەرجەستەو نایابەکانە و، خاوەنی ڕەوشتێکی سەرنجڕاکێش و پیاوانە بووە. ئەگەرچی کۆپرولو موسڵمانێکی پابەند بە ئایین بوو، بەڵام ئازادی تەواوی بەخشییە پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکە و فرمانی ئەوەی دا کە بە هیچ شێوەیەک ئازاریان نەدەن و توندوتیژیشیان لە هەمبەر نەکرێ. ڕێگەی بە مەسیحییەکانی قوستەنتەنییەدا تا کۆنە کەلیساکانی خۆیان نۆژەن بکەنەوەو کاتێ کە یەکێ لەسەرانی وڵات لەهەمبەر ئەم کارەدا نارەزایی دەربڕی و ڕایگەیاند، کەوا بەپێی یاساکان دەبێ نۆژەن کردنەوەی کەلیساکان تەنها بە داروبەردی خودی کەلیساکە بن، کۆپرولو لە وەڵامدا گوتی: «*ئەو کەسانەی کە ئەو یاسایەیان داناوە زۆر دەبەنگ بوونەو ئەو کەسانەش کە چوونەتە ژێر باری ئەم یاسایەوە لەوان دەبەنگترن. مەسیحییەکان دەیانەوێ ئەو کەلیسایانەی خۆیان نۆژەن بکەنەوە، کە بەدرێژایی ساڵانێکی دوور و درێژ بەر تاڵان و بڕۆ کەوتوون و تاڵان کراون. کەواتا لێگەڕێن با کەلیسای نوێ بنیاد بنێن. تەنها کارێک کە لەسەرمانە بیکەین ئەوەیە کە ئاگاداربین ئەم کارەیان لەسەر خەرجیی خۆیان بێت و لەسەرگیرفانی موسڵمانان نەبێت و، لەگەڵ ئەوەشدا سەرانەی خۆیان بە بەردەوامی بدەن. لەوە پتر پەیوەندی بە ئێمەوە نییە.*»

ئەو یەکەم سیاسەتمەدارێک بوو، کە بنەمای بازرگانی ئازادی لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا دارِشت و کاتێ داوایان لێکرد سەبارەت بە کڕین و فرۆشتنی کاڵاکان هەندێ یاساو ڕێسا دابنێت، لە وەڵامدا گوتی : «*قورئانی پیرۆز لەو بارەیەوە هیچی نەگوتووە. دەبێ کڕین و فرۆشتن بە ئازادی و بە ڕەزامەندی کڕیارو فرۆشیار بێت.*»

* * *

محەمەد هیچ کاتێ دەستی لەکاروباری سەرۆک وەزیر وەرنەدا، هەرچەند کە ئەویش وەک سوڵتانەکانی دیکەی عوسمانی هەوەسبازیی تایبەت بە خۆی هەبوون، بەڵام ئەم هەوەسانەی دژی کاروباری وڵات نەبوون و لەگەڵ یەکدیدا دەگونجان.

ئەو لە تەمەنی (٨) ساڵییەوە شێت و شەیدای ڕاووشکار بوو. هێزێکی پێکهاتوو لە (٨٠٠) باڵندەبازی بۆ ڕاوی باڵندەکان ڕێک خستبوو و هەریەک لە بازەشکارییەکانی ملوانکەیەکی مروارییان بە ملەوە بوو و، سەرپۆشەکانیشان لە قوماشی زێڕدووراوی بەمرواری نەخشێندراو بوو.

سولتـان هیچ گوێی له خـه‌راپی یان باشـیی کـه‌ش و هـه‌وا نه‌بـوو و، زۆربه‌ی کـات له‌ناوچه‌ی ئه‌دیرنه خه‌ریکی ڕاو بوو، تا سه‌ر ئه‌نجام شه‌وێکیان به‌هۆی ماندوویه‌تی و زێده‌ڕۆیی له‌نێو بازه‌شکارییه‌کانیدا گیانی له‌ده‌ست دا. دوا ڕاسپارده‌شی به قوشچی باشی ئه‌وه بوو که باش ئاگای له تانجییه‌کانی بێت. محه‌مه‌دی چواره‌م له یه‌کێک له ڕاوه‌کانیدا،(٣٠) هه‌زار که‌س له دانیشتوانی لادێیه‌کانی ئه‌وناوه‌ی کۆ کرده‌وه و بۆ ئه‌وه‌ی بتوانێ ڕاوشکار بکات، ناچاری کردن تـه‌پڵ لێده‌ن و ده‌نگه ده‌نگ بکه‌ن. له‌و ڕۆژه‌دا که ڕۆژێکی تۆف و سارد بوو، لێزمه‌باران چادره‌کاتییه‌کانی ئه‌و حه‌شامه‌ته زۆره‌ی ڕاپێچ داو له ئاکـامـدا (٣٠)کـه‌س گـیـانـیـان له‌ده‌ست دا. سـولتـان چووه سه‌رته‌رمی قوربانییه‌کان و تاکه شتێک که گوتی ئه‌وه‌بوو که‌وا:« *به دڵنیاییه‌وه ئه‌وانه پیـلانیـان له دژی من گـێـڕاوه.بۆیه به‌رله‌وه‌ی بتـوانن هـیچ کـارێک بکه‌ن، سـزای ئیلاهییان به‌سه‌ردا نازڵ بووه!*»

مـحــه‌مــه‌د زۆری کــه‌یفی بـه هونه‌ریش ده‌هات و ئه‌و مـێـژوونووسـانه‌یش کـه ڕووداوه‌کـانـی سـه‌رده‌مـی ئه‌ویان به ڕاووڕووییـه‌وه ده‌نووسـیـیـه‌وه‌و باسـیـان له ڕاوشکاره‌کانی ده‌کرد، لای زۆر خۆشه‌ویست بوون .یه‌کێ له‌و مێژوونووسانه‌ی که زۆر که‌یفی پێده‌هات نێوی (عه‌بدی) بوو. شه‌وێکیان لێی پرسی ئه‌مڕۆ چی له‌باره‌ی سه‌ڵته‌نه‌تی ئه‌وه‌وه نووسیوه؟ عه‌بدی به‌بێ پارێزییه‌وه له وه‌ڵامدا گوتی: چونکه ئه‌و ڕۆژه هیچ ڕووداوێک ڕووی نه‌داوه، هیچی نه‌نووسیووه. سولتان ده‌مودەست نێزه‌ی ڕاوی خۆی تێگرت و برینداری کردو ئینجا به‌سه‌ریدا قیژاند: «*ئه‌وجـا بابه‌تی نووسینت هه‌یه!*»

ئه‌گه‌رچی سولتان محه‌مه‌د مه‌یلی به‌لای سیاسه‌تدا نه‌بوو، به‌ڵام له‌هه‌ر کوێیه‌ک بوایه شان و شکۆی سه‌ڵته‌نه‌تی عوسمانی ده‌پاراست. دکتۆر(*جـان کـاوڵ*)ی جێگری سه‌رۆکی زانکۆی که‌مبریج که له‌کاتی سونه‌ت کردنی کوڕی سولتان له ئه‌دیرنه بووه، ئه‌م ڕاستییه دووپات ده‌کاته‌وه‌و ده‌ڵێ: «*شـازاده‌ی لاو له‌سـه‌ر ئه‌سپ بوو. ئه‌وانه‌ی له‌گه‌ڵی دا بوون به چه‌تری له‌په‌ڕی وشتـرمـر سـاز کراو سێبه‌ریان بۆ* دروست ده‌کـردو *له تیـشکی خـۆر ده‌یان پاراست و، تاقـمـێکیش پێش قـه‌راوڵ جاده‌که‌یان ئاوڕشێن ده‌کرد بۆ ئه‌وه‌ی ته‌پ و تۆزی ڕێگه‌که بمرێ.*

شازاده به شان و شکۆو ڕووی کـرده چادره‌که‌ی باوکی و ئه‌و پاسه‌وانانه‌ی که قـه‌مـچیـیـان به‌ده‌سـتـه‌وه بوو لێ نه‌ده‌گه‌ڕان خه‌ڵک نزیک بێتـه‌وه‌و ته‌نانه‌ت پیاوه به‌هه‌یبه‌ت و سه‌نگینه‌کانیش *له‌و پاسه‌وانانه ده‌ترسان که وه‌ک دێووشه‌یتان وا بوون . به‌دوای ئه‌واندا تاقمێک که پێک هاتبوو له(١٠٠)خولام، کیشتنه جێ و هه‌ریه‌که‌یان دارێکی درێژی(١٠) مه‌تریـان هه‌ڵگرتبوو و گوڵ و مۆمیـان پێوه‌کردبوو. ئینجا داره‌کـانیان له به‌رامبه‌ر چادری پاشایه‌تی دانا، به‌پێی نه‌ریتی ئه‌وسا (١٠) منداڵه هه‌ژاریش که پاره‌ی هـه‌قده‌ستی ده‌لاکیان نه‌بوو، هاوکات له‌گه‌ڵ کوڕی سولتاندا، سونه‌ت کران و بڕیاردرا تا کۆتایی ژیانیان موچه‌یه‌کی که‌میان پێ ببه‌خشرێت. مه‌راسمی سونه‌ت کردن به‌ده‌ستی نه‌شته‌رگه‌رێکی تایبه‌تی ئیتالیایی و به‌یارمه‌تی کوێزانێک و چه‌ند موکێش و قامیشێک به ئه‌نجام گه‌یشت و نه‌شته‌رگه‌ره‌که وه‌ک*

هەقدەست لە دەفرێکی زیوین دا،(٦) هەزار لیرەی پێ بەخشرا. دوای ئەوە، بەم بۆنەیەوە مەراسیمی ئاهەنگ گێران و پێشبڕکێی وەرزشی ئەنجام دران.»
زۆرجار سوڵتانی راوچی بەمانگ لە قوستەنتەنییە دوور دەکەوتەوە، بەڵام بابی عالی هەربە ناوەندی دەسەڵات لەقەڵەم دەدراو دەبوایە ئیشتیهای بێ کۆتایی هەزاران کارمەند و خەڵکی تەوەزەلی دانیشتووی ئەوێ، کە ژیان و کاریان لەوێ بوو، تێر بکرێ. گەڕیدەیەکی فەڕەنسی کە نێوی (ئۆبری دولامۆترای) بووە، باسی لەو بڕەگۆشتە کردووە کە ساڵانە بۆ بابی عالی هێندراوە و لەو بارەیەوە نووسیویەتی:
«٦٠،٠٠٠ سەرمەڕ–٢٠،٠٠٠ سەرگۆلک– ٢٠٠،٠٠٠ مریشک–١٠٠،٠٠٠ کۆتر–٣٠٠٠ *عەلەشیش.»*
بڕی ئەو خواردەمەنییانەیش کە لە بابی عالی خوراون، جێی سەرسوورمانە؛ بەڵگەنامەیەک کە سەبارەت بەو خواردەمەنی و کەرستانەی لە ساڵی ١٦٦٠ (١٠٧٠–ک) دراونەتە عەمباری کۆشک ماوەتەوە، باس لەوە دەکات کەوا لە ساڵێکدا: تۆن و نیوێک ماکارۆنی(هەرشتەی بیانی)، ٩٠تۆن نۆک،٩٠ تۆن نیسک، ٩٠ تۆن باینجان ،٣٠٠ تۆن پیاز، ١٢ بەرمیل نیشاستە، ٣٠ تۆن هەنگوین ،٢٠ تۆن مۆم ، شەش هەزار کەللە قەند، ٤.٥ تۆن بیبەر، ٤ تۆن مێخەک، ٤ تۆن گوێزی هیندی، تۆن و نیوێک زەنجەفیل، ١١٠٠ کیلۆ زەعفەران، ٥.٥ تۆن خوێ، ٥٠٠ بەرمیل رۆنی زەیتون، ٧٠ بەرمیل سرکە،٢٠ بەرمیل ئاولیمۆ، ٣٠ بەرمیل ئاوی بەرسیلە ، ٣ تۆن خەنە و ٤٠ کیلۆش عەمبەر، هێندراوەتە کۆشک.
باڵیۆزە بیانییەکانیش لەو خواردنانەیان دەخوارد و بارتۆن یەکێک لەوانە بوو کە سەردەمی سوڵتان سلێمان دا لەو خواردنانەی خواردبوو. هەروەها بەرلەوەی (جۆرجیۆ باتیستا دۆنادۆ)ی باڵیۆزی ڤینیزیش ببەنە حزوری سوڵتان، بردیانە سەر خوانێک کە (١٣٠) جۆرە خواردنیان لەسەردانا بوو و، خواردنەکانیش لەنێو دەفری چینیی باڵندەسەوز کرابوون. ئەوکاتە ئەو دەفرانە بەوە بەناوبانگ بوون کە کاریگەرییەتیی ژەهر لە نێودەبن.
لەسەردەمی سوڵتان محەمەددا،بەرنامەیەکی دیکەش خرایە سەر ئەم میواندارییەو ئەویش ئەو نوکتەیە بوو کە لە نێو پیاوانی کۆشکدا باوی بوو و خۆشبەختانە باڵوێزی ڤینیز تێنەدەگەیشت ئەگینا بە دڵنیاییەوە پێی تێک دەچوو؛ محەمەد کەیفی بە مەسیحییەکان نەدەهات و هەموو کاتێ بەزمانی تورکی ئەم قینەی دەردەبڕی، وایدانابوو کە هەرکاتێ یەکێ لە باڵیۆزە ئەوروپاییەکان دەچووە لای و سەرۆک وەزیر مۆڵەتی دیتنی لێ دەخواست، دەیگوت:*«ئەو سەگە نان بدەن و دوایی پەتکی کەن و بیهێننەلام.»* ئەو رۆژە دوای ئەوەی نانێکی باشیان دەرخواردی باڵوێزی ڤینیزدا، سەرۆک وەزیر چووە خزمەت سوڵتان و گوتی:*«سەگەکەمان نان داوەو پەتکمان کردووەو ئێستا حەزدەکا بێت تەپ و تۆزی تەختەکەی خاوەن شکۆ بلێسێتەوە!»سوڵتان* بەکورتی وەڵامی دایەوەو گوتی:*«کەواتا با سەگەکە بێتە ژوورەوە.»* ئینجا باڵیۆزی ڤینیز لەکاتێکدا کە زەردەخەنەیەکی سەرکەوتوانەی لەسەر لێوبوو، بێ ئەوەی ئاگای لە هیچ بێت، هاتە نێو تالارەوەو رێگەی پێدرا دەستی

سولّتان ماچ بکات.
ئەو وێنەیەی کە لە محەمەد بەجێماوە، محەمەد بە کابرایەکی بێبەش لە کامەرانی نیشان نادا، بە پێچەوانەوە دەموچاوێکی گەش و کراوەی هەیەو بەقسەی هەندێ لە مێژوونووسان هاوجنسبازیش بووە. هەرجارەی لە ئەدیرنە گەڕابایەوە، شێوەی هەلّسوکەوت و رەفتاری دەگۆڕا، چونکە رقی لەو رۆتینانە بوو کە دەبوایە لە قوستەنتەنییەو لە نێو کۆشکی سەلّتەنەتدا، پابەندیان بێت، هەروەها لە راویش بێ بەش دەبوو. ئینجا دووبرا هەقەکانی خۆیی بە بیردەهاتەوە وبە بەردەوام لەوە دەترسا پیلانێکی لە دژ بگێرن، سەرئەنجام ئەو ترسە وای لێکرد لەلای خۆیەوە بڕیار بدا براکانی بکوژێ. شاژنی دایک کە هەستی بەو مەترسییە کردبوو، هەموو شەوێ ئەو دوو شازادە لاوەی لە پاشخانەی ژووری نووستنی خۆیدا حەشاردەدان. وای لێهات شەوێکیان سولّتان بە خەنجەری هەلّکێشراوەوە خۆی بە ژووری دایکی دا کرد. ئەو دوو خولامە مێردمندالّەی کە لەوێ بوون، لە ترسان نوتقیان گیرا. بەلاّم یەکێکیان شاژنی دایکی وە ئاگاهێنا. تەرخان بە پەلە لەسەر جێگەکەی خۆی راست بۆوەو ئامێزی لە سولّتان دا و لێی پاڕایەوە کە بەرلەوەی مندالّەکانی بکوژێت، ئەو بکوژێ. بەم شێوەیە تەرخان توانی گیانی مندالّەکانی لە مەرگ رزگار بکات.بەلاّم ئەو دوو خولامە مێردمندالّەی کە ئەم دیمەنەیان بەچاوی خۆیان دیتبوو، بۆ رۆژی دواتر تەسلیمی جەللاد کران.

*   *   *

سیاسەتمەداریی ئەحمەد کۆپرولو بووە هۆی سەقامگیربوونی بارودۆخی نێوخۆیی ولاّت، بەلاّم لە گۆڕەپانی شەڕدا بەخت رووی لێوەرگێرا. ئەگەرچی توانی کۆتایی بە گەمارۆدانە(٢٥) سالّیەکەی قەلاّی کاندی بێنێت و دوورگەی کێرت بخاتەسەر سنوری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە، بەلاّم لەدوو جەنگی مەزندا کە بایەخی مێژوویان هەبوو، شکستی خوارد. ئەو جەنگانە یەکیان لە سالّی ١٦٦٣ (١٠٧٤ی کۆچی) روویدا کە ئەحمەد کوپرولۆ سوپایەکی سەدو بیست هەزار کەسی بە ١٢٣ تۆپەوە بردە شەڕی ئۆتریشییەکان. سوپا لە رووباری دانۆب پەڕییەوەو بەرەو باکوور هێرشی بردو سەرئەنجام لە دەوروبەری پەرستگەی سێنت گوتهارد بەرەورووی لەشکری ئۆتریش و مەجەرەکان بۆوە. ژمارەی سەربازانی عوسمانی لە سەرکاغەز لە هی سوپای دوژمن پتر بوون، بەلاّم لەبەرامبەر تۆپخانەی قورسی ئۆتریشییەکان، کە فەرماندە ئازاکەیان (پرەنس شارل دوک لۆرن) سەرپەرشتی دەکرد، خۆیان پێ رانەگیراو پەرتەوازە بوون. لە ئاکامدا دە هەزار سەربازی تورک کوژران و سی هەزاری دیکەشیان هەلاّتن و ئەمە یەکەم شکستی عوسمانییەکان بوو لەبەرامبەر ئۆتریشییەکاندا.
نۆ سالّ دوای ئەم جەنگە، کۆپرولو هێرشی کردەسەر پۆلّۆنیا کە سەرکردایەتیی سوپاکەی لە ئەستۆی (یان سوبیسکی)ی پاشای داهاتووی پۆلّۆنیاوە بوو. بۆ یەکەمجار دەنگی قەیسەری روسیا بلّند بۆوە کە هاودەنگ لەگەلّ پاشای پۆلّۆنیا لەبەرامبەر«دەخالەتی سەربازیی تورکیا» نارەزایەتی دەردەبڕی.

وەلامی پڕ لە بوغرایی، بەلام مسیبەتباری کۆپرولو ئەوە بوو کە:«*هێزی ئیسلام هێندە پتەو و بەهێزە کە یەکێتی روس و پۆلۆنیاییەکان بۆ ئێمە بچوکترین بایەخێکی نییە.*»

لە راستیدا ئەم یەکێتییە گرنگ بوو و، تورکەکان لەچەند شەڕێکی گەورەدا شکستیان خوارد. دوای چوار ساڵ هەندێ لەونیشانانە بەدەرکەوتن کەوا گوزارشیان لەوە دەکرد کە بەڵێ سوپای تورک، سوپا نەبەزەکەی جاران نییەو دەبەزێ.

ئەحمەد کۆپرولو چەند رۆژێ دوای ئیمزاکردنی پەیمانی ئاشتی، کۆچی دوایی کرد و بەلای هەمووانەوە ئاشکرابوو کەوا سوڵتان برا گچکەکەی ئەحمەد کۆپرولو (زادە)،کە بە قەدەر براگەورەکەی لێهاتوو و شارەزابوو، لەجێی دادەنێ، بەلام ئەمەیان تاکەچار بوو کە سوڵتان محەمەد دەستی لەکاروباری سیاسی وەرداو بەسوود وەرگرتن لە ماف و دەسەلاتەکانی پۆستی سەڵتەنەت، زاوا و شەریکەڕاوەکەی خۆی، قەرە مستەفای کردە سەرۆک وەزیر.

ئەم دەستنیشانکردنە گەلێ دەرەئەنجامی شومی لێکەوتنەوە؛ قەرەمستەفا نەک هەرکابرایەکی خوێنمژ بوو، بگرە لە ڕادەبەدەر گەندەڵ و پارە پەرستیش بوو. سالانی بەدبەختی و پڕ لە کارەساتی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی لە سەردەمی سەرۆک وەزیرایەتی ئەودا گەیشتە لوتکەی خۆی و ئەوەش کاتێک بوو کە لەساڵی ١٦٨٣(١٠٩٤-ی کۆچی)دا شاری ڤییەننای گەمارۆدا .

هەرچەندە کە سەرانی ولات و بەتایبەتیش سوڵتان مەیلیان بەلای جەنگدا نەبوو، بەلام قەرەمستەفا بەهۆی دەست رۆیشتوویی و خۆشەویست بوونی لای ئاغاکەی و بەتایبەتیش ئەو نامە ساختانەی کەلەلایەن کاربەدەستانی ولاتەوە سەبارەت بەهاودەنگیان بۆ جەنگ کۆی کردبوونەوە، بووە هۆی ئەوەی کە سەرئەنجام سوڵتان رەزامەندی خۆی لەسەر شەڕکردن نیشان بدات.

لەمانگی ئایاری ١٦٨٣ (جمادی الاخر-ی ١٠٩٤ی کۆچی)، قەرەمستەفا لەشکرێکی کۆکردەوە کە ژمارەیان بەپتر لە دووسەد هەزار کەس مەزندە دەکرا. چەند رۆژ بەرلەوەی سوپا رووەو مەیدانی جەنگ بکەوێتە رێ، سوڵتان بەمەبەستی هاورێیەتی و پشتیوانیکردن لە ئاوەڵ ڕاوەکەی، رازی بوو لەسەر ئەوەی خۆپێشاندانێکی گەورە ساز بدرێت و بۆ خۆی بێتە نێو چەکدارەکانییەوەو بەم شێوەیە عامەی خەڵک رەزامەندی خۆیان لەسەر ئەم جەنگە نیشان بدەن . رەنگبێ ئەمە سەمەرەترین نمایشێک بوو کە خەڵکی قوستەنتەنییە بۆ یەکەمجار دەیاندیت.

جەنگاوەرەکان لەچادری سەوز، سپی، سوورو نارنجیدا و، لە کەنارەی سەربە ئاسیای بسفۆڕ لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بوون. چادرگەی تایبەتیی سوڵتان، کەوتبۆ گۆشەیەکی ئەم چادرگە سوپاییە مەزنەو پەردەیان بۆ چادەرەکانی سوڵتان گرتبۆوە. لە نێوەڕاستی ئەم چادرگەیە، تاوڵێکی گەورەیان هەڵدا بوو کە لە سێ حوجرە پێکدەهات و بریتی بوو لە ژووری نووستنی سوڵتان، شوێنی میوانداری لێکردن و دادگا. هەموو جۆرە جوانکارییەک لە گەرماوی تورکی بە ئاوی بۆرییەوە بگرە تا

دەگاتە خولامی مێردمنداڵەی جوانکیلە و خواجەسەرای رەش پێست لە دەورووبەرو نێو ئەم تاوڵەدا دەدیتران. یەکێ لە ئەرکەکانی ئەم مێرمنداڵە جوانکیلانە ئەوە بوو کەکاتی سوڵتان قاچ و قولی تەزیبان، بیانشێلابایە و گەرمیان بکردایەوە.
چادری قەرەمستەفا کە لە تەنیشت تاوڵەکەی سولتان هەڵدار بوو، بەقەدەر تاوڵەکەی سوڵتان گەورەو پڕشکۆ بوو. یەکێ لەئەندامانی باڵیۆزخانەی ڤینیز بەنێوی(بنتی) بەچاوی خۆی ئەم تاوڵەو ئەوەی دیبوو کە چۆن سوڵتانەیان لە کۆشکەکەی خۆیەوە کە کەوتبۆ ئەوبەری بسفۆڕەوە، هێناوەتە لای سوڵتان. کاتێ قایەغی سەڵتەنەتی گەیشتە کەنار دەریا، سوڵتانە سواری گالیسکەیەکی بەزیو نەخشێنراو کراو بەرەو چادرگە کەوتەڕێ.
مەراسیمی رانانی سەربازی لەگەڵ ئامادەبوونی سوڵتان و تێپەڕاندنی ئاڵای سەوزی پێغەمبەری ئیسلام بەهۆی یەکێ لە فەرماندەکانی سوپاوە دەستی پێکرد. بەپێی نووسینی (بنتی) سەرەتا ئەو موفتییانەی مەندیلی واگەورەیان لەسەرنابوون کە پیاو بە زەحمەت دەیتوانی دەستی لێ بێنێتەوە، بەبەردەم سوپادا تێپەڕین. دوایی ژمارەیەکی زۆر سەگی گورگ بەزێن، بە وەڕین و هەراوهۆریاوە بەدیارکەوتن کە پیاو سامی لێدەکردن و لەگەڵ ئەوەشدا ئێلەگی زێڕدووراویان کردبوونە بەرو قلادەی سووریان لە مل کردبوون و لاق و لەتەریشیان سوور و زەرد کردبوون. دوا بەدوای سەگەکان، ئەو سوارانەی کە قلادەی پڵینگە شکارییەکانیان بەدەستەوە بو، بەدوو وشترەوە کە لاق و لەتەری ئەوانیشیان رازاندبووە، تێپەڕین.
یەکێک لە وشترەکان قورئانێکی لەسەر دانرابوو کە خرابۆ نێو قوتوویەکی سەوزەوەو ئەوەی دیکەشیان پارچەیەک لە عەبای پێغەمبەری موسڵمانانی لەسەر دانرا بوو.
دوایی سەد کەس لە هێزەکانی یەنیچەری لە کاتێکدا کە قابلەمەو قۆرییەکانی خۆیان پێک دەکێشاو تەقەتەقیان دەکرد، بەدوای ئەوانیشدا تیرهاوێژەکانی سوڵتان کە کلاوزرێیەکانیان لەبەر خۆر دەبریسکایەوە و سەرئەنجام سەد کەسی دیکە کە پێستی بەور و پڵینگیان بەسەر شان دادابوو و سەد سوارەی نێزەداری زرێ پۆش- ئەمە بە گۆڕانێک لەنێو سوپادا لەقەڵەم دەدرا- کە ئەسپەکانیان کەفیان لەدەم دەردەهات و جوتەیان دەهاویشتن، تێپەڕبوون.
سەرتاپای لەش و ئەسپەکانی ئەم سوارانە کە کلاوزرێی زێڕینی بە پەڕی رەنگاورەنگ رازێندراویان لەسەر نا بوو، بە پارچەی بچوکی ئاسن داپۆشرابوو، بەشێوەیەک کە تەنانەت تەنیشت و کەفلی ئەسپەکانیشیان داپۆشرا بوون و ئەو کلاوزرێیانەی کە لەسەریاننابوون سیمایەکی سەیری پێ بەخشیبوون. لغاو و رکێفی ئەو ئەسپانەش زەرکەش بوو و، لەکاتی رۆیشتندا دەنگیان لێوە دەهات.
ئینجا سەرۆک وەزیران لە کاتێکدا کە تاقیمێک دەهۆڵچی و شەیپوورچی (کە ئەمە بە مارشی سەربازی تورکیا لەقەڵەم دەدرا) لە پێشیەوە دەرۆیشتن، بەدیارکەوت.
بەدوای ئەویش دا ژمارەیەک خولامی مێردمنداڵەی کۆشک تێپەڕبوون، کە جلی

ڕەنگاوڕەنگیان پۆشیبوو و كڵاوە بەلادا شۆڕ بووەكانیان، زنجیری زێڕی باریكیان پێوەكرابوو.

هەردوا بەدوای ئەوانیش، سوڵتان محەمەد لە كاتێكدا كە جلێكی سپی بە خشڵ نەخشێندراوی پۆشیبوو، كەوڵە قووزێكی بەسەرشان دا دابوو و دەرزیلەیەكی ئەڵماسی گەورەشی لە مەندیلەكەی دابوو، بەدیاركەوت.

سوڵتان كە بەڕاوچی بەناوبانگ بوو، قیافەیەكی زۆر ئازایانە و بێ باكانەی نەبوو؛ بەپێی نووسینی (بنتی): «*قیافەكەی جیاوازییەكی زۆری لەگەڵ ئەو مەوكیبە پڕشكۆیەدا هەبوو كە هاوڕێیەتییان دەكرد. ئەو بە شانی داكەوتوو، لووتی باریك، تەنكەڕیش، ملی باریك و هەیكەلی لاوازی بەهیچ شێوەیەك شكۆو هەیبەتی پاشاو سوڵتانی نەبوو. لە هەموو ڕووخساریدا تەنها چاوە ڕەشەكانی سەرنجی مرۆڤیان ڕادەكێشاو ئەمەیش شتێك بوو كە تایبەت بوو بە سیلسیلەی عوسمانییەوەو هەمووان ئەو تایبەتمەندییەیان هەبوو.*»

شەش گالیسكە كە بەهۆی یابووی سپی بچوكەوە ڕادەكێشران و ئافرەتە شۆخ و سەرتۆپەكانی حەرەمسەرایان لێ سوار ببوون و، بیست وشتر كە كەلوپەلی ئەو ئافرەتانەیان لێ باركرابوون، پاشڕۆی ئەم سوپایە سەیروسەمەرەیان پێك دەهێنا. كۆمەڵە دەروێشێكی نیوەڕووت، كە بەروانكەی سەوزیان بەخۆوە كردبوون، لە دەوروبەری سوپا بەهەڵبەز هەڵبەز و بەدەم دەف و زوڕناوە، یاهو یاهویان بوو و، بەم شێوەیە هەستی ئایینیی سەربازەكانیان دەورووژاندو گوڕ وتینیان پێ دەبەخشین. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە بازرگانە كۆیلە فرۆشەكان بەهیوای دۆزینەوەی مشتەری، باشترین كالاكانی خۆیان دەخستەڕوو و(٢٠٠) شێتیشیان لە شێت خانە ڕاهێنابوو بۆ ئەوەی بە جوڵەو ئاكارەكانی خۆیان خەڵك بێننە پێكەنین. ئەم تاقمە شێتەیان بە زنجیری سپی، لێكدی بەستبوون و ژمارەیەك پاسەوانیش بە مەتارەی دەرمانەوە دەیانبردنە ئەم لاوئەولا و ئاگایان لێدەبوون تا ئەگەر سەركێشی، یان لادانێكیان ئەنجامدا، بەو دەرمانەی بەدەستیانەوە بوو، هێوریان بكەنەوە.

هەندێ لەشێتەكان ڕووت و قووت بوون و هیچیان لەبەردانەبوو، هەندێكیان دەگریان و هەندێكیشیان قاقا پێ دەكەنین و لە پاسەوانەكان دەپاڕنەوە لێیان نەدەن. لەو سەردەمەدا لێدان و كوتانی شێتەكان باو بوو و، بە جۆرە چارەسەركردنێكیش لەقەڵەم دەدرا.

لەوكاتەدا كەس نەیدەتوانی بیر لەوە بكاتەوە ئەو سوپایەی كە بەو شان و شكۆیە ڕووی دەكردە گۆڕەپانی جەنگەوە، ڕۆژێ دابێت تێك بشكێ، بەلام قەرەمستەفا خواستی ئیلاهی لە پێش چاونەگرتبوو؛ دوو ڕۆژبەر لەوەی سوپاكە بەرەو گۆڕەپانی جەنگ بكەوێتە ڕێ، تۆفانێكی سامناك هەڵیكردو سوپای سوڵتان زەرەرو زیانێكی زۆری پێگەیشت.تۆفان چادرەكانی هەڵكەندن و سەرانسەری چادرگەكەی لێكردنە قوڕوچڵپاو. بەلای توركەكان لە هەموو شتێ نەگبەتی تر ئەوە بوو كە با مەندیلەكەی سوڵتانی لە زەوی دابوو. هەموو ئەوانە بۆ ئەو سوپا پڕشكۆیەی كە سەربازەكانی جلی جوان و ڕازاوەیان پۆشیبوو و كڵاوی پەڕداریان لەسەر نابوو و، وەك ستونێكی

چەند کیلۆمەتری رووەو مەزنترین کارەساتی مێژوویی بەڕێکەوتبوون، بەنیشانەو هێمای شوم و نەگبەتی لەقەڵەم دەدران.
هەق وابوو بنکە سەربازییە لاوازە یازدە هەزار کەسییەکەی ژەنراڵ فۆن ئیشتارنبۆرگ کە لەپشت دیوارەکانی ڤییەننا سەنگەریان گرتبوو، لەبەرامبەر ئەم سوپا گەورەیەدا، یان دەروازەکانی شار بکاتەوەو یانیش بەهۆی برسییەتییەوە خۆ بەدەستەوە بدات و بەم شێوەیە قەرەمستەفاش سەرکەوتووی ئەم جەنگە نابەرابەرە بێت. لەمڕووەوە فەرماندەی عوسمانی کە لەسەرکەوتنی خۆی دڵنیابوو، هێرش کردنە سەرشاری دواخست و ئەم کارەش ئاکامی شومی لێکەوتنەوە. لەئاکامی ئەم بەدواخستنەدا، سوبیسکی دەرفەتی ئەوەی پەیدا کرد سوپاکەی خۆی لە پۆڵۆنیاوە بگەیەنێتە ڤییەننا و(پرەنس شارل لۆرن)یش هێزی یاریدەدەریان بۆ رەوانە بکات. لە کۆتایی مانگی ئاب دا، یەکێ لە سەربازەکانی سوپای سوبیسکی لەکاتێکدا کە نامەیەکی سەبارەت بە هاندانی گەمارۆ دراوەکان پێبوو، بە مەلە لە دانۆب پەڕییەوەو خۆی گەیاندە ڤییەننا. لە شەشی ئەیلول، واتا حەوت هەفتە دوای دەست پێبوونی گەمارۆی تورکەکان، گوللەی رووناک کەرەوە وەک هێمایەک بە گەمارۆدراوەکانی راگەیاند کەوا هێزی یاریدەدەری هەشتا هەزار کەسی گەیشتووەو ئامادەی یارمەتیدانیانە.
یەکەم ئەرکی سوبیسکی و شارل لۆرن ئەوە بوو کە دەست بەسەر ئەو بەرزاییانە دابگرن کە بەسەر ڤییەننایاندا دەڕوانی و ئەم کارەشیان کرد. ئەوشەوە سوبیسکی قسەی بۆ سەربازەکانی کردو گوتی:« *ئەمڕۆکە ئەرکی ئێمە تەنها رزگارکردنی شارێک نییەو بگرە رزگارکردنی دنیای مەسیحییەتەو ڤییەنناش دڵی ئەو دنیایەیە. سەربازانی دوژمن بە دیتنی ئێوە هیوای خۆیان لەدەست داوە، نائومێد بوونە، چەربەزەیان نەماوەو بەم زووانە ئەم دۆڵانە دەبن بە مەزارگەیان.*
فرمانی من لەیەک رستەدا کورت کراوەتەوەو ئەویش ئەوەیە کە: بەدوای مندا وەرن چونکە کاتی ئەوە هاتووە کە ئێوەی لاو، ئازایەتی و نەبەردیی خۆتان نیشان بدەن.»
لەیەکێ لە رۆژە خۆشەکانی مانگی ئەیلول، لە کاتێکدا کە هێشتا تەم و مژی بەرەبەیان دۆڵەکانی دەوروبەری شاری داپۆشیبوو و مژدەدەری رۆژێکی گەرم بوو، سوبیسکی و شارل لۆرن هێرشی خۆیان دەست پێ کرد. قەرەمستەفا کە لە زۆری ژمارەی سەربازەکانی بۆ سەرکەوتن دڵنیا بوو، فرمانی دا ئەو ۳۰٫۰۰۰ یەخسیرەی کە لەسەر رێگای ڤییەننا دەستگیریان کردبوون، بکوژن و هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە کە دوژمنەکانی بتوانن هێڵەکانی بەرگری سوپا گەورەکەی تێک وپێک بشکێنن و بڵاوەی پێ بکەن، بەڵام ئەوە روویدا و تەنانەت سوپای یەنیچەری تارومار بوو و، تەواوی لەشکرگەی تورکەکان کەوتەبەر دەستی ئەوروپاییەکان.
دەستکەوتی ئەوروپاییەکان یەکجار زۆر بوو؛ سوپای تورک ۳۰۰ تۆپ، ۹۰۰۰ عارەبانە تەقەمەنی و ۲۵۰۰۰ چادری لێ بەغەنیمەت گیرا. تورکەکان کە ترس دایگرتبوون، بەهەموو لایەکدا رایاندەکرد و هەر بابا بوو خۆی رزگار بکا. دوازدە

پاشاو فەرماندەی یەکە سەربازییەکان کوژران. بەڵام قەرەمستەفا، کە چاوی ڕاستەی بریندار ببوو و بە دەسرەیەک بەستبووی، توانی خەزێنەی سوپاو ئاڵاکەی پێغەمبەر قوتار بکات.

نزیکەی (٦)ی دوای نیوەڕۆ، سوبیسکی کە تا ئەودەمە نانی نەخوارد بوو، گەیشتە چادرە پڕشکۆکەی قەرەمستەفا، کە وەک کۆشکێکی بچوک وابوو. سوبیسکی بەدیتنی ئەو هەموو شان و شکۆ و گەورەییەو، دیتنی ئەو هەموو دەفرە زێڕو زیوانەو، ئەو کەرستە گرانبەهایەی ئەوێ ، بەتایبەت ئەو باخچە بچوکەی کە بە حەوزو نافورەیەکی بچوکەوە لە گۆشەیەکی چادرە کە بۆ چەند کەروێشک و پشیلەو تووتیەک دروست کرابوو، واقی وڕما و شاگەشکە بوو. هەرکە قەرەمستەفا گەیشتە ئەدیرنە، وای لە خۆی کرد کە سوڵتان لەو شکستە گەورەیەدا بەبێ تاوانی بزانێت و بیبەخشێت، بەڵام قەرەمستەفا لەکاتی گەڕانەوەیدا لە بەرەی جەنگ هەڵەیەکی گەورەی کردبوو، کە بەگران لەسەری وەستا؛ قەرەمستەفا لەترسی ئەوەی نەوەکا پاشای شاری بودا لە هەنگاریا، کە شکست و ئابرووچوونەکەیی دیبوو، لای سوڵتان شایەدیی لەسەر بدات، هەستا بە لە سێدارەدانی ئەو کابرایەکە لە هەمانکاتدا زاوای سوڵتان واتا مێردی خوشکی سوڵتان بوو. خوشکی سوڵتان کە لەڕادەبەدەر نارەحەت ببوو، بڕیاری دا بەهەر شێوەیەک و بەهەر نرخێک بێت خۆی بگەیەنێتە قوستەنتەنییەو براکەی لەو ڕووداوە ئاگادار بکات و ڕووی ڕاستەقینەی شکستەکەی قەرەمستەفا بخاتە ڕوو. بەڵام لەبەر ئەوەی نەیدەوێرا بە ئاشکرا بچێتە قوستەنتەنییە جلەکانی خۆی گۆڕی و لە حەرەمسەرا هاتە دەرو بەنهێنی ڕێی پایتەختی گرتەبەر.

لە قوستەنتەنییە ئەندامانی دیوانی هەمایون و سەرانی یەنیچەری پشتیوانی خۆیان بۆ قسەکانی خوشکی سوڵتان دەربڕی و بەناچار محەمەد بە پێچەوانەی ویستی دەروونیی، ڕای خۆی گۆڕی. کاتێ کە جەللادە پەت بەدەستەکان بەرەو لای قەرەمستەفا چوون، قەرەمستەفا داوای ئەوەی کرد ڕێگەی پێبدەن دەستنوێژ هەڵگرێ و نوێژ بکات. ئەم داوایەی جێبەجێ کراو ئینجا لە کاتێکدا کە لەسەر چۆک دانیشتبوو، بۆ خۆی ئاڵقەی پەتەکەی کردە ملی خۆی و گوتی: *«خوا وای ویستووە»*. دوای ئەوەی کاری جەللادەکان کۆتایی پێهات، کەللەسەری قەرەمستەفایان پڕلە کا کردو بەسەردەروازەی دیوانی هومایونیانەوە کرد.

ئەو ڕۆژە (٢٥)ی ئەیلولی ساڵی ١٦٨٣ (١٢ی شەوال-ی ١٠٩٤ی کۆچی) بوو. ئەگەرچی پێدەچێ هێشتا تورکەکان سەرنجی بایەخی مێژوویی ئەو ڕۆژەیان نەدابێ، بەڵام ئەو ڕۆژە دوایین هەوڵی عوسمانییەکان بوو بۆ پەرەپێدانی سنوری ئیمپراتۆرییەتەکەیان کە بەرەوڕووی شکست بۆوە، ئیدی لەو ڕۆژە بەدواوە ناچار بوون بەردەوام لە دۆخی بەرگریدا بن تا هێرش بردن.

* * *

وڵاتانی دیکە کە خۆیان لەمەتەرێز نابوو و چاوەڕێی ئەم دەرفەتە بوون، بەبێ دواکەوتن دەستیان کردە هێرش بردنەسەر عوسمانی. پاپا، جیهادو جەنگی سەلیبیی ڕاگەیاند، ڕێبەرانی کۆماری ڤینیز بە یارمەتی پاپاو شاسوارانی سێنت

جان، کە لە (رۆدس)ەوە رووەودوورگەی مالّتا کۆچیان کرد بوو، گەلە کەشتییەکیان ئامادە کرد، هێزی وشکانی ڤینیزییەکان هێرشیان کردەسەر بۆسنیا، ئەلبانیاو یۆنان و دەستیان بەسەر شاری ئەسینادا گرت . لەهەمان کاتیشدا، سوپای ئۆتریش لە کرۆواتیا سوپای تورکەکانی بە چۆکدا هێناو ویلایەتی نێوبراوی دوای(١٥١) ساڵ لەژێر دەسەڵاتی تورکەکان رزگار کرد. پرەنس(شارل لۆرن)یش توانی دەست بەسەر قەڵای (بودا)دا بگرێ کە(١٤٥) ساڵ بوو لەژێر دەستی تورکەکان دابوو. ئاشکرایەکە ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی تورک لەوشەڕانەدا گیانیان لەدەست دا، بەڵام سوڵتان توانی لەم قەیرانە سەختەدا سەری خۆی رزگار بکات و بە سەلامەت بۆی دەرچێ؛ سوڵتان، بە ناچاری (زادە کۆپرولو)ی برای ئەحمەد کۆپرولوی کردە سەرۆک وەزیران و ئەویش پێی لەسەر ئەوە داگرت کە دوای چل ویەک ساڵ پاشایەتیی بێهودە، پێویستە سوڵتان محەمەد لەسەر کار وەلابنرێت، بەڵام بەمەرجێک هیچی لێنەکەن و نەشی کوژن. دوای بەدەست هێنانی رەزامەندی ئەندامانی دیوانی هومایون و فەرماندەکانی سوپا، سلێمانی برای محەمەد کە تا ئەو دەم بیست وپێنج ساڵی تەمەنی خۆی لە قەفەسدا بەسەربرد بوو، لە قەفەس هێنرایەدەرو محەمەدیان رەوانەی شوێنەکەی ئەو کردو سلێمانی لاوازو رەنگ زەردیان کردە سوڵتان.

دوایین کەسی بەرجەستەی بنەماڵەی کۆپرولو توانی لەماوەی دوو ساڵدا بەشێک لە ناوچە لەکیس چووەکان بخاتەوە ژێر کۆنترۆڵی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی. بەڵام لە گرمەی شەڕی (سالانکمەن) دا، دا کە بۆ جارێکی دیکە تورک و ئۆتریشییەکان بە سەختی بەرەورووی یەکدی ببوونەوە، گیانی لەدەست دا. دوای ئەوە نەگبەتی لەسەر نەگبەتی بەسەر تورکەکاندا باری، بەتایبەتی کاتێک مستەفای دووەم کە نزیکەی (٣١) ساڵی تەمەنی خۆی لە قەفەسدا بەسەر بردبوو و لەساڵی ١٦٩٥(١١٠٦ی کۆچی) لە جێی سلێمانی دووەم لەسەر تەخت دانیشتبوو، جەختی لەسەر ئەوە کرد کە لەشەڕی دژ بە مەجەرەکان دا، فەرماندەیی سوپای تورکەکان بەدەست خۆیەوە بێت.

ئەم کارە کردەوەیەکی بێ هیوایانە بوو؛ چونکە مەجەرەکانی ژێر سەرکردایەتیی(پرەنس ئۆژن دوسا ڤوا)، لە گوندی زنتۆن کە کەوتبۆ سەر لێواری رووباری تایس(تیسا)و یەکێک بوو لە لقەکانی رووباری دانۆب، لەمەتەرێزدا بوون و چاوەڕێیان دەکردن.

سوڵتان فرمانی دا بەمەبەستی پەڕینەوە لە رووبارەکە، لەو شوێنە پردێکی کاتی دروست بکەن. پرەنس ئۆژن، چاوەڕێی ئەوەی کرد تا سوڵتان و تۆپخانەکەی لەگەڵ پیادە نیزامی تورک کەوتنە ئەو بەرو ئەو بەری رووبارەکەو لێک دابڕان، ئا لەوکاتەدا دەستی کردە هێرش بردن و سوڵتان بەدەستە وستانیەوە، بەچاوی خۆی دیمەنی کوژرانی (٢٦) هەزار کەس و نغرۆبوونی (١٠) هەزار کەسی دیکەی دیت، کە بۆ رزگارکردنی گیانیان، خۆیان بەئاوی رووباردا دابوو. زادە کۆپرولوی سەرۆک وەزیران و چوار وەزیری دیکەش گیانیان لەدەست دا.

ئا لەوکاتەدا وڵاتە گەورەکانی ئەوروپا بۆ یەکەمجار لەوە تێگەیشتن کە بێ

دیفاعیی قوستەنتەنییەو دەستەوئەژنۆیی ئەوان لەبەرامبەر هێرشی ڕکابەرەکانیان بۆسەر عوسمانی، مەترسی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەوان هەیەو ڕەنگبێ لە داهاتوودا ڕکابەرەکانیان بتوانن دەست بەسەر قوستەنتەنیەدا بگرن کە پێگەیەکی بازرگانی و سەربازی گرنگی لە ناوچەکەدا هەبوو. بۆیە هەریەکەیان بەبیانوویەک خوازیاری بێلایەنیی تورکیا بوون؛ بەریتانیا بە بیانووی ئەوەی ڕێی تێپەڕین بۆ هیند بپارێزێ، فەرەنساو ئیتالیا بە بیانووی پاراستنی دەریای سپی ناوەڕاست و ڕوسیا بە بیانووی پێشتگیریکردن لە فراوانخوازی وڵاتانی دیکەو... هتد، خۆیان لەمەسەلەکە کێشایەوە.

لەدوایین ساڵەکانی سەدەی حەڤدەهەمدا، بەریتانیا و هۆڵەندا پێشنیازی ئەوەیان کرد پەیمانێکی ئاشتی لەسەر بنەمای ئەوەی هەر وڵاتەو سنووری ئەوسای خۆی بپارێزێ، ببەسترێ، واتا ئۆتریش و ڤینیز و پۆڵۆنیا، ببن بەخاوەنی ئەوزەوییانەی کە لە تورکیایان دابڕیبوون و ئەو شوێنانە بۆ هەتا هەتایە ببن بە مۆڵکی ئەوان.

دانوستانەکانی ئاشتی، لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٦٩٨ (جمادی الأول-ی ١١١٠ی کۆچی)، لە شارۆچکەی کارلڤۆیتس، کە کەوتبۆسەر لێواری ڕووباری دانۆب *(ئێستا لە نێو سنووری یۆگسلاڤیادایە و پێیدەگوترێ کارلڤۆتسی سرمسکی)*، دەستی پێکردو حەفتاو دوو ڕۆژیان خایاند. بەپێی ئەو پەیمانەی کە سەرئەنجام لە ٢٨ی کانوونی دووەمی ١٦٩٩(٥ی شعبان-ی ١١١٠ی کۆچی) ئیمزا کراو ناوەرۆکەکەی بۆ ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی تەژیی زەلیلی و دەستە وەستانی بوو، تورکەکان ناچار بوون دوو لەسەر سێی خاکی خۆیان بدەنە مەجەر و ئۆتریشییەکان و تێکڕای ئەو ناوچانەیش کە کەوتبوونە باکووری دەریای ئازۆف، لەگەڵ خودی دەریاکەدا، بدەنە ڕوسیا .

دیاریکردنی سنووری نوێ، نارەحەتی و دڵتەنگیەکی سەختی لە قوستەنتەنییەدا دروست کرد. لەوێ بە دواوە تەنها گۆڕینی سنوورە جوگرافیاییەکان بنەمای پەیوەندییەکانی نێوان عوسمانی و وڵاتە ئەوروپییەکانی پێک نەدەهێنا، چونکە مەفهوم و واتای پەیمانی ئاشتی کارلڤۆیتس زۆر لەوە قووڵتر بوو و بۆ هەتاهەتایە کۆتایی بە ئیدیعاکانی عوسمانی سەبارەت بەدەست بەسەراگرتنی زەوی و فراوانخوازی دەهێناو ڕاشی دەگەیاند، کە پاراستنی بارودۆخی ئەوسای ئیمپڕاتۆری جێی سەرنجی وڵاتە ئەوروپییەکانە، هەر چەندە لەگەڵی لە شەڕیشدا نەبن...پەنجا ساڵی پێچوو تا عوسمانییەکان لەبایەخی پەیمانی ئاشتی کارلڤۆیتس گەیشتن و ئەویش ئەوکاتە بوو کە ناوەرۆکەکەی جێبەجێ کراو ئەستێرەی بەختی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی ڕووی لە خامۆشی کرد.

* * *

تەنانەت لەو ساڵە پڕئاشوبانەشدا، تاکە شتێک کە وەک خۆی مابۆوە و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتبوو، بابی عالی و زێدەڕۆییە بێحەد و سنوورەکانی بوو. ئەو جەنگانەی کە وردە وردە ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی بچوک و بچوکتر دەکردەوە، لەو دیوی دەروازەی بابی سەعادەت هەستیان پێنەدەکرا. سوڵتان ئەحمەدی سێیەم لە

(٢١)ی ئابی سالی ١٧٠٣(١٠ی ربیع الاول-ی ١١١٥-ی کۆچی)دا، واتا چوار سالّ دوای بەستنی پەیمانی ئاشتی کارلڤۆیتس لەسەر تەخت دانیشت و زۆربەی کاتی خۆی و ئەو ماوە بیست و هەشت سالّییەی تەمەنی دەسەلاّتەکەی بۆ کاری سەمەرەو زێدەڕۆیی وشتی پوچ تەرخان کرد. کاتێ کچەکەی خۆی بە مێرد دا، میوانداریەکی یەکجار گەورە و پرشکۆی سازدا کە ١٥٠٠ کەس چێشت لێنەر، تەنها چێشتە جۆراوجۆرەکانیان لێ نابوو. سولّتان فرمانی دا چلّە نەباتی (٦) مەتری دروست بکەن و لە چادرەکانی نێوەڕاستی باخ دایان نێن بۆ ئەوەی میوانەکان هاوکات لەگەلّ رابواردن و سەیرکردنی نمایشی سیحربازی و بیستنی ئەو گۆرانی و مۆسیقایەی کە ٢٠٠٠ مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژ پێی هەلّدەستان، لەو نەباتە (٦) مەترییانە بخۆن و دەمیان شیرین بکەن.

سولّتان ئەحمەد زۆر حەزی لە گولّی(لالە) بوو. ئەم گولّە بەرێژەیەکی زۆر لە مەغۆلیستان دەڕوێت و لە نێوەڕاستی سەدەی شازدەهەمدا، بازرگانێکی هۆلّەندی بنەکەی بردە ئەمستەردام و دواتر هۆلّەندییەکان توانیان جۆرە جۆراوجۆرەکانی وەبەربێنن. ئەحمەد پتر لە ١٢٠٠ جۆری گولّە لالەی لە هۆلّەنداوە بۆ باخەکانی هێنا. خونچە دەگمەن و رەنگاوڕەنگەکان بە وردی و سەرنجێکی زۆرەوە لەگولّخانە پان و بەرینەکاندا پەروەردە دەکران و هیچکەس مافی ئەوەی نەبوو لە دەرەوەی پایتەخت ئالّوویر بە گولّە لالە بکات و پێچەوانەوە سزادەدرا. ئینجا نێوی زۆر شاعیرانەشی لەو گولّە لالانە نابوون و بازرگانێکی فەڕەنسایی بەنێوی *ژان کلۆد فلاشە*، دوای سەردانی قوستەنتەنییە گەیشتە ئەو باوەڕەی کە «*گولّە لالە و ئەسپ ئەو دووشتەن کە لای تورکەکان نرخیان لە گیانی مرۆڤێک پترە؛* چونکە *کاتێ یەکێ لە بالّیۆزە بیانییەکان بنە گولّەلالەیەکی وەک دیاری پێشکەشی سولّتان کردو بنەگولّەلالەکە بزر بوو، سەرۆک وەزیران جارچی ناردە کوچەو کۆلانەکانی قوستەنتەنییە تا بە خەلّک رابگەیەنێ هەرکەس بتوانێ بیدۆزێتەوە خەلاّتێکی باشی پێ دەدرێت.*»

هەموو بەهاران، ئەحمەد جەژنێکی گولّەلالەی بەرپا دەکرد کە پتر لە شەوانی مانگەشەودا، ئەنجام دەدرا. گولّدانە رەنگاوڕەنگەکانیان لەسەر ئەو داربەستانە(ئەسکەلانە) دادەنان کە چەندین کیلۆمەتر درێژبوون و لەنێوەڕاستی باخی سەلّتەنەتیدا ساز کرا بوون و گۆی بلورینی پڕلە شلەی رەنگاوڕەنگ و فانۆسیشیان دەخستە نێوان گولّدانەکانەوە.

میوانان مافی ئەوەیان نەبوو جلێکی وا بپۆشن کە لەگەلّ ئەم دیمەنانەدا نەگونجێ.

هەزاران قەفەسی بولبول و کەنارییان بە لق و پۆپی درختەکانەوە هەلّدەواسی. ئەحمەد لە نێوەڕاستی باخ لە سەر سەکۆیەک دادەنیشت و سەرانی ولاّت و کاربەدەستانیش دەیانتوانی بە خزمەتی بگەن. هەندێ شەویش، ئافرەتانی حەرەمسەرا هەڕاجیی بێ پارەیان رێک دەخست و کەنیزەکی جوان و پەری شێوە، رۆلّی فرۆشیاریان دەدیت و ئاشکرایە کە لەم هەڕاجەدا، تاکە کڕیار خودی سولّتان بوو.

حەزو دڵبەندیی ئەحمەد بە گوڵی لالە، وردە وردە کاریگەرییەتی خستەسەر کاروباری وڵات و زۆربوونی خەرجیی ئەم ئاهەنگ و بۆنانە، خەزێنەی وڵاتی بەتاڵ کرد. سەرئەنجام وایلیهات بیر لە لادانی سوڵتان بکەنەوە، بۆیە لە یەکی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٧٣٠(١٨ی ربیع الأول-ی ١١٤٣ی کۆچی)، لە سوڵتانیەتیان خست و مەحمودی یەکەمیان لە جێ دانا. مەحمود کە هەستی بە مەترسی بارودۆخەکە کردبوو، بە پەلە فرمانی دا کۆتایی بەوبەزم و رەزمە بێت و«سەردەمی گوڵەلالە» کۆتایی پێهات. مەحمودیش خولیای دیکەی لەسەر دابوون و هەرچەندە حەزی لە گوڵبازی نەبوو، بەڵام شێت و شەیدای چێژو هەوەسبازییەکانی حەرەمسەرا بوو. بەشێوەیەک کە(فلاشە)ی بازرگانی فەرەنسایی، کە خۆی کردبۆ برادەرێکی نزیکی قزڵەر ئاغا، دەگێڕێتەوە: *«سوڵتانی نوێ حەزی لەوە بوو لە کونی دەرگاو لە پشت پەردەکانەوە بەدزی سەیری کردەوە و جوڵەی ئافرەتانی حەرەمسەرا بکات. بۆ نمونە خۆی لە پشت دەرگایەک حەشاردەدا و بەدزی سەیری ئەو ئافرەتانەی دەکرد کە بەژێرکراسی سپییەرە، بە قاچ و سەری رووتەوە دەچوونە گەرماو چێژێکی زۆریشی لەم کارەی دەبرد.*

فرمانی ئەوەی دابوو درومانی ئەو ژێرکراسانە هەڵوەشێننەوەو لەجیاتی داوودەزوو، بەچەسپ لێکیان بدەن، بۆ ئەوەی کاتێ گەرماو پڕ لە هەڵم دەبوو، ئەو چەسپە خاوبێتەوەو پارچەکانی ژێر کراسەکانیش لێک جیابنەوە. ئەم کارە ببۆ مایەی پێکەنینی ئافرەتانی حەرەمسەراو سوڵتانیش چێژی لەم کارە وەردەگرت.» سوڵتان بەرادەیەک کەیفی بەم کارە هاتبوو و هێندە خۆشحاڵ ببوو، کە زۆر بە ئاب وتابەوە ئەم مەسەلەیەی بۆ قزڵەر ئاغا گێڕابۆوە و قزڵەر ئاغاش بۆ فلاشەی گێڕابۆوە.

مەحمود لە ساڵی ١٧٥٤ (١١٦٨ی کۆچی) کۆچی دوایی کردو عوسمانی سێیەم کە برای بوو، جێی گرتەوەو ئەویش وەک خۆی کابرایەکی پڕوپووچ وبێ توانا بوو. بەڵام جیاوازیەکی تەواوی لەرووی زەوق و سەلیقەوە لەگەڵ براکەیدا هەبوو. سوڵتانی نوێ بابایەکی کەتەی رەش و ورگ ئەستور بوو،

(٤٥) ساڵانە بوو کە لەسەر تەخت دانیشت و گەورەترین ئارەزووی نان خواردن بوو. دەت گوت نەبەدەستی چێشت لێنەرەکانی کۆشک تێردەبێ و نەکەیفیشی بە خواردنەکانیان دێت، بۆیە هەموو شەوێ کە دنیا تاریک دادەهات جلەکانی خۆی دادەکەندو جلی ئاسایی دەپۆشی، لە کۆشک دەچووە دەرێ و رووی دەکردە چێشتخانە بەنێوبانگەکانی شارو لە چەند شوێنێک نانی دەخوارد، ئینجا بڕێکی باشیش خواردنی لەگەڵ خۆیدا دەبردەوە کۆشک بۆ ئەوەی ئەگەر لە نیوەشەودا برسی بۆوە بیخوات.

عوسمان سەرەڕای ئەو زگ دڕاوییە، زۆر حەزی لە دروستکردنی باڵاخانەو ساختومانی نوێ بوو. لەماوەی سێ ساڵی سەڵتەنەتەکەیدا، بە هۆی بێزاریی لە مۆسیقا، تێکڕای مۆسیقاژەنەکانی کۆشکی وەدەرناو لەبەر ئەوەی کەیفی بە ئافرەتانیش نەدەهات، کەمتر بەلای حەرەمسەرادا دەڕۆیشت و ئەم کارەشی بووە

هۆی بێ هیـوایی ئافـرەتانی حـەرەمسـەرا. لە دەرەوەی بابی عـالی، وڵات لە بارودۆخێکی مەینەتبار دادەژیا؛ بوکارتۆی گەڕیدەی ئیتالیایی کە لەو سەردەمەدا سەردانی قوستەنتەنییەی کردووە، نووسیویەتی: « *پیاو تا بەچاوی خۆی نەبینێ ناتوانی بڕوا بکات کە جۆری مرۆڤ وابە پۆخلّی دەژین. هەموو رۆژێ لە گۆشەو کەنارەوە داستانی پڕ لەخەم و مەینەتی دەبیستری. بەیانیێکیان خەرمانێک کەللەسەری مرۆڤم بینی کە لەلای چەپی دەروازەی بابی هومایون لەسەر یەکدی قەلاقۆچکە کرا بوون و موچڕکم بەلەشدا هات. رۆژێکی دیکە ژمارەیەک زیندانییان، کە چەند مەسیحییەکیشیان لە نێودا بوون، لەسەردیوارەکانی (حەوت بورج)ەوە هەڵدرانە خوارێ، واتا فڕێیان دانە ئەو گۆڕەپانەی کە پتر لە سێدارەدانە سیاسیەکان لەوێ ئەنجام دەدرێن. من لە دوورەوە توانیم ژمارەیەک لەو چارەڕەشانە ببینم کە هێشتا زیندوو بوون و بەرووتی گوڵمێخیان لێ داکوتابوون و دەبوایە تا ئەوکاتەی بە مردن رزگاریان دەبێ لەو حاڵەدا بمیننەوە.*»

* * *

ئەم سەردەمی چارەڕەشی و مەینەتییە کاتێ گەیشتە لوتکە، کە مستەفای سێیەمی جێنشینی عوسمان، هەستا بە ئەنجامدانی یەکێ لە دەبەنگانەترین جەنگەکانی مێژووی عوسمانی. مستەفا لە ساڵی ١٧٦٧(١١٧١ی کۆچی) لە جێی ئامۆزاکەی خۆی دانیشت و دەمودەست بڕیاریدا مل لەبەر ملی روسەکان بنێت. بۆیە سوپایەکی کۆکردەوەو بە بارگەو بنەیەکی زۆرەوە کە ببووە هۆی ئەوەی سوپا بە هێواشی رێبکات، رووەو باکور کەوتە رێ. هەریەک لە فەرماندەی یەکە سەربازییەکانی سوپاو پاشاکان، رێگەیان پێدرا بوو باری پەنجا وشتر کەرستە و پێداویستیی خۆیان لەگەڵ خۆیاندا بێن. هەرچەند ئەو بڕە لە چاو بارگەی ژەنڕاڵە رووسەکان، کە هەریەکەو ٣٠٠ عارەبانە کەرستە وپێداویستیی خۆیان بەدواوە بوو، زۆربەرچاو نەبوو.

ئەم شەڕە پێنج ساڵی خایاندو تێیدا سوپای هەردوولا وەک شێتان بەگیانی یەکدی وەربوون و تا توانیان لێکیان کوشت. مستەفا مرد و مردنیشی بووە هۆی ئەوەی کەمێک کەف و کوڵی هەردوولا بنیشێتەوەو سەرئەنجام ئەم شەڕە بە بەستنی پەیمانی ئاشتی کوچک قینارچی لە ساڵی ١٧٧٤(١١٨١ی کۆچی) کۆتایی پێهات.

ئەم شەڕە بۆ تورکەکان وەک کارەساتێکی گەورە وابوو؛ لە ئاکامی ئەم شەڕەدا تورکەکان نیمچە دورگەی کریمەیان لەدەست دا و چەند ویلایەتێکی دیکەشیان سپاردە دەست کاترینی قەیسەری روسیا.

لە پەیماننامەی نێوبراودا بڕگەیەک هەبوو کە لەو سەردەمەدا زۆر سەرنجڕاکێش نەبوو، بەڵام لە ساڵانی دواتردا بایەخ و گرنگییەکەی بەدیار کەوت. ناوەڕۆکی بڕگەکە بەم شێوەیە بوو:«*تورکیا بەڵێن دەدات هەمیشە پشتگیری لە ئایینی مەسیح و مەسیحییەکان و کەلیساکان بکات و رێگە دەدات کە باڵیۆزەکانی روسیا لە قوستەنتەنییە نوێنەرایەتیان بکەن.*» بەم شێوەیە ویلایەتی موسڵمان نشینی کریمە لە سنوری ئیمپڕاتۆرییەت جیا بۆوەو، دەوڵەتی روسیاش مافی دەمڕاستی کردنی

هاوولاتییە مەسیحییەکانی تورکیا و دەست تێوەردان بە قازانجی مەسیحییەکانی بەدەست هێنا.

ئێستا دوای ئەوەی چەند سەد ساڵ بوو ئەوروپای مەسیحی لە دژی تورکیای موسڵماندا دەجەنگا، رووبەڕووی بارودۆخێکی لە رادەبەدەر سەیروسەمەرە ببوو؛ دەبوو لەمەو دوا وڵاتانی ئەوروپایی هەوڵی پاراستن و مانەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بدەن و رێگە نەدەن برمێ و لەنێو بچێ. هەروەها هەمیشەش لە ئامادەگی دابن بۆ ئەوەی وڵاتانی رکابەریان نەتوانن ئەو قوستەنتەنیەیە داگیربکەن کە بەقسەی قوستەنتینی یازدەهەم (دواین ئیمپراتۆری بیزانس)، «*بە شازنی شارەکانی جیهان لەقەڵەم دەدرا و توانیبووی تەواوی ناوچەکانی ژێرخۆر بخاتەژێر رکێفی خۆی و چۆکیان پێدابدات*».

پەراوێزەکان

١- گیانلەبەرێکە لە تیرەی رێوی و پێستەکەی زۆر بەنرخە و شێوەی زۆر لەسمۆرە دەچێ(وەرگێڕ)
٢- لە سالانی دواییدا دەروازەی دیوان، پێیدەگووترا (بابی عالی). وردەوردە ئەم دەستەواژەیە بۆ بەشی دەوڵەتی وئیداریی کۆشکی سوڵتان بەکار هێندراو بێگانەکان ئەغڵەب بە دەرباری عوسمانییان دەگووت (بابی عالی).
٣-دیوانی هومایون ئەنجومەنێکی راوێژکاری بوو کە لە هەفتەیەکدا چوارجار پێک دەهێندرا و لە رۆژانی شەممە بۆ سێ شەممە کۆدەبۆوە.
٤-نازناوی سوڵتانە لە داهێنانی ئەوروپاییەکانە و لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، نازناوی سوڵتان بە بێ جیاوازی بۆ ژن و پیاو بەکار دەهێندرا و ئەمەش بە شێوەیەک بوو کە بۆ پیاوان بە پێشگر و بۆ ئافرەتان بە پاشگر بەکاریان دەهێنا.
٥-لە کتێبی: **The Sultan His Subject By: R.Davey**
٦-ئەو کەسانەی کە ئالیک بۆ ئەسپ و خواردەمەنی بۆ سوپا دابین دەکەن.
٧-تراکتاتوس ناونیشانی ئەو کتێبە بوو کە لە سەدەی پازدەهەم زانیاریی سەبارەت بە کۆشک و پاشایەتی و داب و نەریتی خەڵک، بەدەستەوە دەدا
٨- **The Days of Crescent, By:G.E.Hubbard**
٩-لە کتێبی: **The History of the Imperial Estate of the Grand Seig-nur,By:M.Bandier, London 1963.**
١٠-خودی بەیتە شیعرەکەی حافز بەو شێوەیەیە:
ان تلخ وش کە صوفی ام الخبائث خواند   اشهی لنا واحلی من قبلە العذارا
١١-ئەم شازادە ئیسپانیاییە کوڕی ئاشەرعیی شارلکەن و زڕبرای فلیپی دووەمی پاشای ئەو وڵاتە بوو.
١٢-غالاتا یان گالاتا وشەیەکی یۆنانییە و بە مانای شیر دێت؛ چونکە لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی بیزانس ئەم شوێنە بازاڕی شیرفرۆشەکان بووە.
١٣-موراد تاکە سوڵتانی عوسمانی نەبوو کە لە کاتی رۆیشتن بۆ جەنگ ژمارەیەک لە هاوسەرەکانی خۆی لە گەڵ خۆیدا دەبرد. پەنجا ساڵ بەر لەو مێژووە کاتێ هێزی دەریایی ئیسپانیا کە بە«ئارما دای سەرکەوتوو» بەناو بانگ بوو، بەرەو بەرەی جەنگ لە گەڵ بەریتانیادا کەوتنەڕێ، نزیکەی ٦٠٠ ئافرەتیان لە گەڵ خۆیاندا برد.
١٤-بەکارهێنانی کۆتری نامەبەر لە سەردەمی شەڕی خاچ پەرستەکانەوە باو ببوو. دواتر تورکە دەوڵەمەندەکان کە سەردانی ماڵی خوایان دەکرد و دەچوونە مەککە، بە هۆی ئەو کۆتر، نامەبەرانەوە هەواڵی سەفەرەکەی خۆیان بۆ خێزانەکانیان دەنارد.
١٥-Sultanasporca

بەشی دووەم

پیاوە نەخۆشەکەی ئەوروپا

فەسڵی شەشەم

سوڵتانەی فەرەنسایی

هێچ کاتێ تاکە هۆکارێک نەبۆتە هۆی لە نێوچوونی ئیمپڕاتۆرییەتە مەزنەکان و، بەرەو هەڵدێرچوون و دارمانی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانیش تەنها لەبەر گەندەڵی سۆلتانەکانی نەبووە، هەر چەندە سۆلتانەکان بەرپرسیاریەتییەکی زۆریان دەکەوتە ئەستۆوە لە سۆنگەی ئەو لاوازییە دەروونییەی کە وردەوردە یەخەی سیستەمە تۆکمە حکومییەکەی سلێمانی قانوونی دەگرت، کە کاتی خۆی بە راستگۆیی و لێهاتووییەوە لەلایەن ئەو کۆیلە بە دیاری هێندراوانەوە بەڕێوە دەچوو کە لە قوتابخانە تایبەتیەکاندا پەروەردە دەکران. وردەوردە، کە سیستەمی ئیداری نێوبراو کەوتە دەست سوڵتانە بێ تواناکانەوە و چوارچێوە وریوشوێنەکان ژێرپێ نران و لە بیرکران و خزم خزمێنە جێی خۆی کردەوە، ئیدی دەزگای ئیداریی عوسمانی نەیدەتوانی سەدی سەد لە ئەستۆی کۆیلەکانی پێشو بێت. هەروەها لەو کاتەوەی کە سەربازانی یەنیچەری رێگەیان بە خۆدا ژن بێنن، جەربەزەو جەنگاوەریی خۆیان لە دەست دا و وەک خەڵکێکی تەمبەڵ و گەندەڵیان لێهات کە ئیتر وەک سەربازێکی راستەقینە چاوەڕاونی شەڕیان لێ نەکرا. ئەمەش هەر درێژەی کێشا تا سەرئەنجام سوپای عوسمانی کە سەردەمێک وەک فاکتۆرێکی گرنگ و چارەنوسسازی نێو هەیکەلی ئیمپڕاتۆرییەت و شکۆو مەزنایەتی ئیمپڕاتۆرییەتەکە لە قەڵەم دەدرا، بوو بە فاکتۆری سەرەکی ئەم دارمانەی کە تووشی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی بوو.

لەو بارەیەوە زۆر هۆکاری دیکە هەبوون و دەکرێ لە وانە باس لە: کڕین و فرۆشتنی پلە و پایە ئیدارییەکان، بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و بەرتیل وەرگرتن کە تەواوی هێزەکانی دادەچۆڕاندو، هەروەها پان و بەرینیی سنوری ئیمپڕاتۆرییەت، کە بەڕێوە بردنیی لە ناوچە دووردوورەکانداو لە نێو نەژادە بیانییەکاندا دژوار دەکرد، بکەین،

وێڕای بوونی هیماکانی ئەم دارمانە، کە لای ئەوروپاییەکان وەک رۆژی روونـاک وا بوو، ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی لە سەرەتای سەدەمی نۆزدەهەمدا لە کیشوەری ئەوروپا زۆر شوێنی وەکو یۆنان،دوورگەری کێرت، سربستان ، بۆسنیا ، هەرزەگۆڤینیا، بوڵغاریا و ئەلبانیای ئێستا و نێوەی ویلایەتی مۆنتینیگرۆی لە ژێر دەستدا بوو. لە باشووری رووباری دانۆبیش، ویلایەتی مۆڵداڤیا و والاشی و بەشێک لە بسارابی کە ولاتی رۆمانیای ئێستا پێک دێنن ، باج و سەرانەیان دەدایە ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی . کۆی گشتی دا ئەو شوێنانەی کە لە ئەوروپا لە ژێر

دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا بوون، رووبەریان دەگەیشتە (٤٠٠)هەزار کیلۆمەتری چوار گۆشە، بەڵام پان و بەرینیەتی ئیمپراتۆرییەت تاکە فاکتۆری زیندوویەتی و مانەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی نەبوو و، بگرە جۆرە هەستێکی قووڵ بوو کە بە پێی قسەی ئیسکات فیتز جیراڵدی نووسەری ئەمەریکایی: *«ئەورووپا، یەک ناوچەی جوگرافیایی و روسیاش یەک گەل بوو، بەڵام ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی خاوەنی جۆرە ئامانجێک بوو»*.

هەرچەند کە چەند ساڵ جارێک خاکی ئەو وڵاتە پارچەیەکی لێ جیادە کرایەوە، بەڵام ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی وەک جاران درێژەی بە ژیان دەدا و تورکەکان لەو باوەڕەدا بوون کە تا هەتایە ئەو ئیمپراتۆرییەتەیان دەمێنێ و رەنگبێ ئەم هەستە لە سرووشتیانەوە سەرچاوەی گرتبێ. دیپلۆماتێکی بەرجەستەی تورک بە نێوی فوئاد پاشا، بە باڵوێزی یەکێ لە وڵاتە بیانییەکانی گوتبوو: *«وڵاتی ئێمە لە هەموو وڵاتێک بە هێزترە، ئێوە هەوڵ دەدەن لە دەرەوەڕا بیرووخێنن و ئێمەش لە ناوەڕا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەر وەکو خۆیەتی و هەرگیز دانارمێ»*.

*   *   *

لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم (سەرەتاکانی سەدەی ١٣ ی کۆچی)، سوڵتان عەبدولحەمیدی یەکەم لە تەمەنی پەنجاونۆ ساڵیدا و لە کاتێکدا کە یازدە ساڵ بوو دەسەڵاتی دەگێڕا، دیارییەکی بەدەست گەیشت کە لە رادەبەری خۆشحاڵی کرد و گرۆتینی پێبەخشێ. ئەم دیارییە کچێکی پرچ زەردی فەرەنسی بوو، لوتێکی بچوکی هەڵگەڕاوەو دوو چاوی شینی گەورەو وەدەموو لێوێکی بچووکی وەک خونچە گوڵ و چەنەگەیەکی خڕ (کە نیشانەی هێزو ئیرادەی مرۆڤە) ی پێوە بوو. کاتێ ئەم کچە جوانە لە کەلیسایەکی فەرەنساوە بە کەشتی دەچووە لای دایک و باوکی کە خەڵکی نۆرماندی بوون و لە دوورگەی مارتینیک نیشتەجێ ببوون، لە لایەن چەتە دەریاییە ئەلجەزایرییەکانەوە دزرا و پێشکەشی والی تورکی ئەلجەزیرە کرا. والیی نێوبراویش بە دیاری بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی یەکەمی نارد. ئەم کچە نێوی *(ئێمێ دووبوک دووریوری)* بوو کە نێوە بچوکەکەی مانای (مەحبوبە) ی دەگەیاند و دواتر بە (نەخشی دڵ) بە نێوبانگ بوو. نزیکترین برادەریشی ژۆزێفینی کچەمامی بوو، کە کچێکی پرچ ڕەشی خۆش دەڤ بوو و ئەویش لە دوورگەی مارتینیک دەژیا. هەر چەندە چارەنووس وایکرد ئیتر ئەم دوو ئامۆزایە هەرگیز یەکتری نەبیننەوە، بەڵام هەر کام لەو دوو ئافرەتانە بە شێوەیەک بوونە دەسەڵاتدارترین ئافرەتی وڵاتەکانیان و رۆڵێکی مەزنیان لە مێژوودا بینی. ئێمێ پاشماوەی ژیانی خۆی سەرەتا وەک هاوسەری سوڵتان عەبدولحەمید و دواتر وەک برادەر و مەحرەمی سوڵتان سەلیمی سێیەم و سەرئەنجام وەک «شاژنی دایک»ی مەحمودی دووەم، کە بە«چاکسازی کار» نێوبانگی دەرکرد، لە حەرەمسەرا دا بردەسەر. لەلایەکی دیکە ئامۆزا پرچ ڕەش و وریاکەی واتا ژۆزێفین *تاشەردۆپاژری*، بوویە هاوسەری *ناپلیۆن بۆناپارتی* ئیمپراتۆری فەرەنساو، بوو بە یەکێک لە ئافرەتە بەنێو بانگەکانی مێژوو.

دەبێ ئێمێ کچێکی لە رادەبەدەر وریا و زیرەک بووبێت، چونکە زۆر بەخێرایی

توانی خۆی لەو ژیانە ساکارو سەختەی کەلیسا، کە پێشتر لە گەڵیدارا هاتبوو، دووربخاتەوە و خۆی لەگەڵ ژیانی نێو کۆشک و تەلاری عوسمانی کە کەنیزەکە جوانکیلەکان چەندین کاتژمێر بەنیوەڕووتی لە گەرماوە تورکییەکانیدا ئاوی بۆن خۆشیان بە یەکدی دادەکرد، بگونجێنێ. پێدەچێ زوو لەوە گەیشتبێ کە بەرگریکردن لە بەرامبەر چارەنووسدا بێهودەیە و دەبێ بەوچارەنووسە رازی بێت کە تووشی هاتووە.

کەنیزەکەکانی حەرەمسەرا، کەوتبوونە ژێر کاریگەرییەتی جوانی و ناسکیی (ئیمێ)وە و لەو ڕووەوە نازناوی (نەخشی دڵ) یان لەسەردانا. ئەویش کە خاوەنی زەوق و سەلیقەی تایبەتیی فەرەنساییەکان بوو، بێ دواکەوتن خۆی بە جلی تورکی لەبابەت کراس و شەڵواری قەدیفەو سەردستەی کەوڵە قووز کلاوێکی خڕ کە هەمیشە لەسەر لایەکی سەری دادەنا، رازاندەوە. پرچەزەرد و جوانەکەی خۆی کە تاسەر ستمی دەهات، بە لیرەی زێڕ رازانبدبۆوە، ئەم کارەشی بە شێوەیەک کردبوو کە پیاو کاتێ چاوی پێی دەکەوت پێی وابوو ئەو لیرە زێڕانە بە ڕێکەوت کەوتوونەتە نێو خەرمانەی پرچیەوە. بەڵام لەراستیدا هەر یەک لەو لیرانە بە زنجیرێکی زۆر ناسک، بەتاڵە مووەکانییەوە نووسێندرابوون.

زۆری پێ نەچووکە ئەو کچە فەرەنساییەی کە تەرکی دنیای کردبوو و ژیانێکی زۆر ئاسایی و پڕ لە دوعاو پاڕانەوەی هەبوو، لەڕێورەسمێکی پڕ شکۆدا بەرەو ژووری نووستنی سوڵتان عەبدولحەمید رەوانەکرا. پێویست ناکا باس لە کەیف و خۆشی سوڵتانی بە تەمەندا چوو بکەین.

بۆ ساڵی دواتر واتا ۱۷۸۳(۱۱۹۷ی کۆچی)، ئیمێ کوڕێکی بوو کە نێویان لێنا مەحمود و ئەمەش بووە هۆی خۆشحاڵیی لە رادەبەدەری سوڵتان عەبدولحەمیدی بە تەمەن داچوو، کە تا ئەو کاتە تەنها کوڕێکی بەنێوی مستەفا هەبوو.

دەبێ مەراسیمی منداڵبوون لە حەرەمسەرادا، بۆ ئافرەتێکی وەکو ئیمێ کە سەخت پابەندی دابونەریت و مەزهەبی کاتۆلیکی بوو، زۆر ئەستەم بووبێت. هەر کە کاتێ منداڵبوونی ئیمێ نزیک بۆوە، سەرەتا لانکی منداڵەکەیان هێنایە ژوورەوە کە سەرو خواریان لە نووشتەو دوعا گرتبوو وقورئانێکیشیان خستبۆ نێویەوە، ئینجا بۆ پاراستنی منداڵ لە چاوزارو بەڵاو نەگبەتی، ئافرەتانی حەرەمسەرا بەدەم دوعا خوێندنەوە دەستیان کردبە ئەسپەندەر سووتاندن. دوایی مامانەکە کورسییەکی دارگوێزی تایبەت بە منداڵبوونی هێنا، کە پێشەکەی وەک ناڵە ئەسپ دروست کرابوو و، ئیمێ یان لەسەردا نیشاند. مامانەکە فرمانی پێدا تووند دەسکەکانی کورسییەکە بگرێت، ئینجا بەدەم «الله اکبر» گوتنەوە منداڵەکەی لە زگی ئیمێ دەرهێنا. هەر کە زانیان کوڕە، هەر هەموو ئەو ئافرەتانەی لەوێ بوون، دەستیان کرد بە هەلهەلە لێدان و ئێنجا ئیمێ یان بردەسەر جێگەو جوان دایانپۆشی و سەلکە پیوازێک و مێخەکێک و چەند خەرمووڕگێکیان وەک قوربانی لە تەنیشتی داناو قورئانێکیشیان لە ژوور سەری دانا. منداڵەکەیان شوشت وسێ دەنکە ئەسپەندەریشیان لە کونی ناوکی نا و دوایش کردیانە مەلۆتکە.

ئێستا بەشە ناخۆشەکەی تێپەڕی بوو، شەش ڕۆژ دوای منداڵبوون، ئێمێیان وەک بووک ڕازاندەوە و ئافرەتانی حەرمسەراش بۆ پیرۆزبایی لێکردنی هاتنە لای، بەڵام لەهەمانکاتدا ئێمێ مافی ئەوەی نەبوو تا چلەی نەچێ بە منداڵەوە بێتەوەدەر. کە چلەی چوو، لەکاتێکدا کە بۆنی عودی سوتاو ئەو ناوەی پڕ کردبوو و دەنگی مۆسیقایەکی هێمن دەبیسترا، مامان هات و منداڵەکەی لە گەرماوی مەرمەڕدا شوشت. بۆ ئەوەی لە داهاتوودا منداڵەکە لە چاووزار بەدوور بێت، مامان چند هێلکەیەکی هێنان و دوای ئەوەی هەندێ دوعای بەسەردا خوێندن، شکاندنی و منداڵەکەی پێ شوشتن . ئێنجا بۆ ئەوەی منداڵەکە نەگرییەت، لە جیاتی مەمکەمژە، ڕۆنی بادام، یان گوڵە خەشخاشیان لە پارچە قوماشێک دەکردو دەیانخستە دەمی منداڵەکەوەو بەم شێوەیە منداڵەکە خەوی لێدەکەوت.

* * *

هەرچەندە بۆ ئێمێ منداڵبوون کارێکی ناخۆش بوو، بەڵام لە دایکبوونی ئەم کوڕە، سوڵتانی لەڕادەبەدەر خۆشحال کرد وئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئێمێ لە کۆشکدا پێگەیەکی باش و جێی متمانەی دەست کەوێ. لەوێ بەدواوە سینەپەروەری دایکی مستەفا، لەبیر کرا و ئێمێ بوو بە ئافرەتی جێی سەرنج و تاقانەی دیدەی سوڵتان .عەبدولحەمید وا شاگەشکە ببوو کە بەپەلە فرمانی دا بەم بۆنەیەوە ئاهەنگێکی گوڵە لالە لە باخەکانی کۆشکی سەڵتەنەتدا ڕێک بێخن و لە نێوەڕاستی باخدا، کۆشکێک لەنەبات دروست بکەن و بەگەڵای دارخورما کە هێمای فراوانییە، بیڕازێننەوە. لە هەموو لایەک قەفەسی بولبول و کەناری بە درختەکانەوە کرابوو، حەوزو ئافورە جوانەکانیش فەزایەکی دڵگیریان یان خۆڵقاندبوو.

دوایی پێشبڕکێی زۆرەوانی لە گۆڕەپانی ئەسپ تاودانیدا بەئەنجام گەیشت و بێ ئەوەی کەس بتوانێ ئێمێ ببینێ، لەپشت پەردەیەکی تۆڕەوە ئەو ئاهەنگەی دەدیت و لە کۆتایشدا (٥٠٠) مەڕیان سەربڕین و بەسەر هەژراندا دابەشیان کردن.

بێگومان ئێمی کەیفی بە سوڵتانی بە تەمەن داچوو هاتبوو؛ چونکە عەبدولحەمید کابرایەکی خوێندەوار بوو و، بۆ هەتاهەتایە نەریتی ژیان لە نێو قەفەس و زیندانیکردنی شازادەکانی یاساغ کردبوو.هەروەها ئازادییەکی تەواویشی بە سەلیمی برازای بەخشیبوو کە لەهەمانکاتدا میراتگری تاج و تەختی عوسمانی بوو.(١) سەلیم کە هاوتەمەنی ئێمێ بوو، دوای مردنی عەبدولحەمید لە ساڵی ١٧٨٩(١٢٠٣ی کۆچی) بە نێوی سوڵتان سەلیمی سێیەمەوە لەسەر تەخت دانیشت. سەلیم شەیدای بیروباوەڕی ئازادیخوازانە و لیبراڵی سوڵتانەی فەڕەنسایی ببوو. کاریگەرییەتی ئاشکرای ئێمێ بەسەر سوڵتانی نوێوە دەبیندراو هیچ شتێک نەیدەتوانی ئەوین و دڵبەندیی ئەو دووە بە وڵاتی مەزنی فەڕەنسا لە نێوبەرێت، بەڵام ڕەنگبێ ئەم ئەوین و دڵبەندییە دوای سێ مانگ لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن سەلیمەوە لەنێوچووبێت و ئەوەش کاتێک بوو، کە دانیشتوانی پاریس زیندانی باستیل یان داگیرکرد. بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە کە تەکانی ئەم ڕووداوە و هاوکات مەترسیی هەڵگەڕانەوەی یەنیچەرییەکان، سەلیمی ناچار کردبێ کە سوپایەکی نوێ

لە شێوەی سوپای فەڕەنسا دابمەزرێنێ، کە تەنیا فرمانیان لە خودی سوڵتان وەردەگرت و سەدی سەد پێی وەفادار بوون.

ئەم کارە بووە هۆی نارەزایەتی یەنیچەرییەکان، بەڵام لەو جێگەیەدا کە ئەفسەرانی تۆپخانەی فەڕەنسا بە فێرکردن و ڕاهێنانی سوپای نوێوە خەریک بوون (*تەنانەت ناپلیۆنی لاو داوای ئەوەی کردبوو کە بەشداری لە فێرکردن و ڕاهێنانی سوپای تورکدا بکات، بەڵام داواکەی رەتکرابۆوە*)و ئەفسەرانی هێزی دەریایی بەسەر لەنوێ ڕێکخستنەوەی هێزی دەریایی تورکیاوە خەریک بوون و ئەندازیارە فەڕەنساییەکان بە دامەزراندنی فابریکەیەکی تۆپ دروست کردن بەناوی «تۆپخانە»وە خەریک بوون و وانە سەربازییە فەڕەنساییەکان وردەگێڕدرانەسەر زمانی تورکیەوە، یەنیچەرییەکان بەشێوەیەکی کاتی خۆیان بێدەنگ کرد. سەلیم بەهاندان ئێمێ یەکەم بڵاوکراوەی هەفتانەی تورکیای بەناوی «ئاژانسی رۆژهەڵات»(٢) دامەزراند، کە بێگومان سوڵتانەی فەڕەنسایی لە خوێنەرە هەرە تامەزرۆکانی بوو.

* * *

پەیوەندییەکانی نێوان ئێمێ و سەلیم مەسەلەیەکی سەرنجراکێشی هێناوەتە ئاراوە و بەشێوەیەکە کە تائێستاش هیچ مێژوونووسێک نەیتوانیوە وەڵامی بۆ بدۆزێتەوە، یان بەتەواوەتی لە کون کەلەبەرەکانی بگات. لەو سەردەمەیدا کە ئێمێ بووە سوڵتانەی عەبدولحەمید، ئەو دووانە (واتا سەلیم و ئێمێ) یەکدییان دەناسی و عەبدولحەمیدیش هەموو جۆرە ئازادییەکی سەبارەت بە هەستان و دانیشتن لەگەڵ ئێمێ دا بە سەلیم بەخشیبوو، بەشێوەیەک کە سەلیمی لاو، لای ئەم ئافرەتە نازدارە کە بێ شک خۆی داپۆشیوەو لەژێر چاودێرییەکی توونیش دابووە، فێری زمانی فەڕەنسایی و وانەی سیاسی بووە. هەردووکیان لە تەمەنی بیست ساڵیدا بوون و لەرووی جوانیەوە سەرنجراکێش بوون و کەیفیان بە ئەدەبیات دەهات. سەلیم خاوەنی زەوق و سەلیقەیەکی فراوان بوو و لەو شازادانە بوو کە هەیکەل ئاکارەکانی لەهی ئافرەتان دەچوو. لامارتینی شاعیرو دیپلۆماتی فەڕەنسایی لەباسی سەلیمدا، بە شازادەیەکی تەنها، خەیاڵی، هەستەورو شەرمن، بە دوو چاوی بادامی و دەموچاوێکی درێژو پیاوێکی جیدی نێوی دێنێ.چەندین کاتژمێر لە گۆشەیەک دادەنیشت گوێی بۆ ئێمێ رادەدێرا کە کتێبی بۆ دەخوێندەوە.

بەڵام ئێمێ ئافرەتێکی خوێنگەرمی فەڕەنسایی بوو کە لە هەرەتی جوانی و لاویەتی دا ناچاربوو تەواوی ژیانی خۆی لە حەرمسەرادا بەسەربەرێت. سەلیم رووی لە حەرمسەرا وەرگێڕابوو و بەهیچ شێوەیەک بەلایدا نەدەڕۆیشت و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە هەرگیز نەبێ بە باوک. کەواتا دوور نییە ئەگەر بڵێین ئەم دووە دوای مەرگی عەبدولحەمید عاشقی یەکدی بووبن و پەیوەندییەکیشیان لە نێواندا هەبووە. راستییەکی سەرسوڕهێنەری دیکەش هەیە و ئەویش ئەوەیە، بۆچی سینەپەروەری دایکی مستەفای جێگری رەسمیی عەبدولحەمید، لەسەردەمی دەسەڵاتی سەلیمدا بە یەکجاری لە گۆڕەپانەکەدا نەماو ون بوو؟

ڕەنگبێ لەو جێگەیەیڕا کە سەلیم تاکە لەمپەری سەر ڕێگەی تاج و تەختی کوڕەکەی بوو، دەستی دابێتە پیلان گێڕان، بەڵام مێژوو لەمبارەیەوە بێدەنگەو تەنها شتێک کە باسی لێدەکات ئەوەیە؛ ئێمێ کاریگەرییەتییەکی لە ڕادەبەدەری بەسەر سەلیمی سێیەمەوە هەبووە.

کەواتا دەبینین ئەو کچە پرچ زردە فەڕەنساییە، کە سەرەتا وەک کەنیزەک و دواتر وەک هاوسەری سوڵتانی بە تەمەندا چووی لێ دێت، نەک تەنها هاوسەرێکی وەفادار ودایکێکی فیداکار بووە، بگرە لە بەرامبەر ئەو ئازارو مەینەتییانەی کە چەشتبوونی، بوو بەدڵداری شازادەیەکی تێ گیشتوو و سوڵتانێکی ڕۆشنبیر، کە ئێمێی دەپیەرست و لەبەر خاتری ئەو ڕووی نەدەدایە هیچکام لە ئافرەتانی حەرەمسەرا.

* * *

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا سەلیم لە سەردەمی سەڵتەنەتەکەیدا بەختی نەبوو؛ هەر کە فەڕەنساییەکان دەستیان بەسەر زیندانی باستیل داگرت و شۆڕشی مەزنی فەرەنسا دەستی پێکرد، کاترینی مەزنی ژنە قەیسەری ڕوسیا، دەرفەتی لە کیس نەداو چی لە دەستی هات کردی بۆ ئەوەی نائارامی لە وڵاتی عوسمانیدا دروست بکات. لە ساڵی ١٧٩٠(١٢٠٤ی کۆچی)، کاترین بڕیاری دا قەڵای (ئیسمەعیل) داگیر بکات، کە بەیەکێ لە پێگە گرنگ و چارەنووسسازەکانی عوسمانی لەسەر لێواری ڕوباری دانۆب لەقەڵەم دەدرا، شەست کیلۆمەتر لە دەریای ڕەش دوور بوو و لەلایەن بنکەیەکی سەربازی (٤٠) هەزار کەسییەوە دەپارێزرا.(پۆتمەکین)ی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی ڕوسیا کە عاشقی کاترینیش بوو، بەدوای ژەنەڕاڵ سوڤارۆڤی دانارد و فەرمانێکی کورتی پێدا کە ناوەرۆکەکەی بەم شێوەیە بوو: «*بەهەر نرخێک بێت قەڵای ئیسمەعیل داگیر بکەن.*»

سوڤارۆڤ، لەڕووی سەربازیەوە خاوەنی عەقڵ و هۆشێکی بێ وێنە بوو و سەربازێکی تووندوتیژو دڕ بوو کە لە هەموو ناخۆشی و تەنگ و چەڵەمەکاندا هاوبەشیی سەربازەکانی خۆی دەکردو لەم ڕووەوە سەربازەکانی دەیانپەرست.

دروشمێکی بەنێو بانگی هەبوو کە سەربازەکانی بە بەردەوامی گوێیان لێدەبوو، سوڤارۆف پێی دەگوتن:«بڕۆنە پێش و زەبر بوەشێنن». زۆر کەیفی بەوە نەدەهات کە تەقە بکات و دەیگوت گوللە شێتە و سەرنێزە قارەمانی بەرەی جەنگە. شەش ڕۆژ دوای ئەوەی کە سوڤارۆڤ گەیشتە دەورووبەری قەڵای ئیسمەعیل، وەک هەمیشە فەرمانی هێرشبردنی دا و بەسەربازەکانی ڕاسپارد کە: «*براینە، یەخسیر مەگرن و بەزەییشتان بەکەس دانەیەتەوە، چونکە ئازوقەو خۆراک بەشمان ناکات و لەم ڕووەوە کوشارمان لەسەرە.*»ئێنجا هێرش دەستی پێکرد و دوای کوشتارێکی خوێناوی، هێزەکانی ڕوسیا دەستیان بەسە قەڵاکە داگرت.

لەم جەنگەدا(٣٤)هەزار سەربازی تورک گیانیان لەدەستداو کەش و هەوا بە ڕادەیەک سارد بوو کە نەتوانرا لاشەی کوژراوەکان بنێژدرێت. سەهۆڵە ئەستوورەکەی سەر ڕووباری دانۆبیان کون تێ کردو شەش ڕۆژی تەواو لەو کونانەوە لاشەی کوژراوەکانیان خستنە نێو ئاوی دانۆبەوە. سوڤارۆڤ کە وەک پۆتمەکین

کابرایەکی کەم دوێ بوو، سەرکەوتنەکەی خۆی بە رستەیەکی کورت بە فەرماندەکەی راگەیاند: *«ئاڵای روسیا بەسەر بورجەکانی قەڵای ئیسمەعیلدا دەشەکێتەوە.»*
کاتێ ئەم هەواڵە گەیشتە سەنپترسبۆرگ، کاترین ئەرکی وەستاندنی بەریتانیای کەوتە ئەستۆ، کە هەوڵی ئەوەی دەدا لەو بەینەدا ناوبژیوانی بکات. بۆیە بە زەردەخەنەیەکی گاڵتە ئامێزەوە بە باڵیۆزی بەریتانیای گوت:*«هیوادارم ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ لە سەنپترسبۆرگ وەدەرمان بنێن، رێگەمان پێ بدەن لە قوستەنتەنییە نیشتەجێ بین!»*
پێ دەچوو مەحاڵ بێت کەس بتوانی بەرلەو دارمانە بگرێت کە تووشی ئیمپراتۆرییەتەکەی سەلیم ببوو، بەڵام ئێمێ هێشتا هەرچاوی هیوای لە فەرەنسا بڕیبوو و چاوەڕێی ئەوە بوو کە فەرەنسا یارمەتییان بدات.
سەلیم لە زومرەی ئەو فرمانڕەوایانەدا بوو کە بەر لە هەمووان دانیان بە کۆماری فەرەنسادا هێنابوو و سەرەڕای ئەوەی کە لە سێدارەدانی لویسی شانزدەهەم و شاژن ماری ئانتوانت، ئێمێی زراوبردو کردبوو، سەلیم دوای ماوەیەک دوودڵی، یەکەم باڵیۆزی خۆی لە ساڵی ١٧٩٧(١٢١٢ی کۆچی)دا ناردە فەرەنسا. لەو کاتەدا ناپلیۆن بۆناپارت و ژۆزێفینی ئامۆزای ئێمێ، ببوون بە هاوسەری یەکدی و ئێمێ و ژۆزێفین لەگەڵ یەکتریدا نامەیان دەگۆڕییەوە.
فەرەنسا بە گەرمی پێشوازیی بە باڵیۆزی تورکیا کرد، هەرچەندە ناپلیۆن لە زووەوە سەبارەت بە قوستەنتەنییە گوتبووی: *« قوستەنتەنییە، گەورەترین پاداشتێکی ستراتیژیکییە کە ئەورووپا دەتوانێ بیداتە یەکێک.»* بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دۆستایەتیی نێوان فەرەنسا و عوسمانی دە ساڵی خایاندو ئەم دۆستایەتییەش نەک تەنها لەسایەی ناردنی راوێژکار و پسپۆرە فەرەنساییەکان رووەو تورکیا پتەوتر بوو، بگرە کاریگەرییەتی هاوسەری ناپلیۆن لەپاریس و ئامۆزاکەی لە قوستەنتەنییە رۆڵێکی گرنگیان لەم پەیوەندییەدا هەبوو.
ناپلیۆن دوای ئەوەی کە هێرشی کردەسەر باکوری ئیتالیاو کۆتایی بە تەمەنی درێژی کۆماری ڤینیز هێناو دەستی بەسەر دورگەکانی ئیوانی داگرت، بوو بە دراوسێی عوسمانی و هەمیشە سەبارەت بەو دورگانەی کە ئەویان خستبۆ دراوسێیەتی عوسمانییەوە دەیگوت: *«گرنگی ئەم دورگانە بۆ ئێمە لەسەرجەم خاکی ئیتالیا پترە.»* ئەم بابەتە ببووە هۆی خۆشحاڵی سەلیم و ئێمێ بەبێ ئەوەی ئاگایان لەوە بێ کە هەرلەو کاتەدا ناپلیۆن لەنامەیەکدا بۆ بەردەم شاندی بەڕێوەبردنی فەرەنسا نووسیبووی: *«هەوڵدان بۆ پاراستن و هێشتنەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بێهودەیەو هیچ سودێکی ئێمەی تێدانییە، پێویستە بەچاوی خۆمان دارمانەکەی ببینین.»*
بارودۆخی نێوخۆیی ئیمپراتۆرییەتەکەی سەلیم، ئەم بۆچوونەی ناپلیۆنی دووپات دەکردەوە؛ دەسەڵاتی ناوەندی لە قوستەنتەنیە، رووەو ئیفلیجبوونی یەکجارەکی بوو، والیی ویلایەتە گەورەو دووردەستەکان وەک دەسەڵاتدارانێکی سەربەخۆیان لێهاتبوو و، هەر بەناو سەربە پایتەخت بوون. میسر ئیدی لە ژێر دەسەڵاتی سوڵتانە

مەملوکەکاندا کە وەک یەنیچەرییەکان گەندەڵ ببون، نەمابوو و سەلیم هیچ بوون و دەسەلاتێکی لە قاهیرە دانەبوو.
لە مانگی تەمموزی ساڵی ١٧٩٨(سفر-ی ١٢١٣ی کۆچی)، گورزەکە وەشێندرا؛ ناپلیۆن بە سوپایەکی (٤٠) هەزار کەسییەوە پێی نایە میسرەوە و ئەوەش لەکاتێکدابوو کە هێشتا میسر بەیەکێ لە ویلایەتەکانی عوسمانی لەقەڵەم دەدرا. سەلیم ناچاربوو بەگژ فەرەنساییەکاندا بچێت و تەنانەت کاتێ بەدیارکەوت ناپلیۆن مەبەستی ئەوە بووە زەبرێک لە بەریتانیا بدات، نەک عوسمانییەکان(چونکە *ناپلیۆن بەسەربازەکانی خۆی گوتبوو: «مەبەستمان وەدەرنانی بەریتانیاییەکان لە ناوچە دەستبەرسەراگیراوەکانی رۆژهەلاتیان و بەتایبەت بنکۆڵکردنی پێگەکانیان لەسەر لێواری دەریای سوورە»، هەروەها بە بوغرِاییەوە گوتبووی:«من ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیا تێکدەشکێنم.»*)،ئەم گرژییە خاوەنەبۆوە.
لەوکاتەدا بەریتانیا هێشتا نەببوو بە ئیمپراتۆرییەت و پێکهاتبوو لە زەنجیرە نوێنەرایەتیەکی بازرگانی و هەندێ قەلاوپێگەی سەربازی. ناپلیۆن دەیزانی ئەگەر بێتو میسر بکەوێتە ژێردەسەلاتی فەرەنساییەکانەوە، ئەوا بەکردەوە بەریتانیاییەکان پێگەیەکی سەربازیی گرنگ لە کیس دەدەن، کە بۆ داکۆکیکردن لە هیند بایەخێکی فراوانی هەیەو رێگەیەکی بازرگانی کورتترو کەم خەرجتر لە رێگەی دەریایی ئەفریقیایە. سەرکەوتنی دەریا سالار نیلسۆن لە زارکی رووباری نیل بەسەر گەلە کەشتیی فەرەنسادا و پچرانی پەیوەندی سوپای ناپلیۆن لەگەڵ فەرەنسادا، بووە مایەی خۆشحاڵی و دڵگرمیی سەلیم، چونکە دەیزانی فەرەنسا هیچ گەلە کەشتیەکی دیکەی نییە کە بتوانی لە رێگەیانەوە یارمەتیی ناپلیۆنی پێبدات. بۆیە بەمەبەستی هاوپەیمانییەتی و یەکێتیەک لەگەڵ بەریتانیادا، لەگەڵ ئینگلیزەکاندا دەستی بەدانوستان کرد.

* * *

بەدرێژایی ئەو ساڵانە، ئیمێ بەیارمەتی مامۆستایانی فەرەنسایی، بەوردی و لێهاتووییەوە مەحمودی کوڕی پەروەردە دەکرد. ئێستا مەحمود ببووە لاوێکی باڵا بەرزی قۆزو بەتوانا، کە هەرچەند بەرەسمی جێنشینی یاسایی سەلیم نەبوو، بەڵام ئیمێ لەترسی ئەوەی نەبادا زیانێکی پێبگات بەوردی پارێزگاریی لێدەکرد، چونکە هێشتا دایکی مستەفا پێیوابوو کە مەحمود لەمپەری سەر رێگای بەدەسەلات گەیشتنی کوڕەکەیەتی و چەند جارێکیش هەوڵی دەرمان خواردکردنی دابوو. ئەگەر بهاتایەو ئیمێ ئافرەتێکی دووربین نەبوایەو ژەهرناسێکی کارامەی بۆ جەرباندنی خواردنەکانی نێو کۆشک دانەمەزراندبایە، بێگومان حەوت زەمان بوو مەحمود ئێسکیشی نەدەما. لە هاوینی ساڵی ١٨٠٧(١٢٢٢ی کۆچی)یش، کە ململانێی نێوان سەلیم و هێزەکانی یەنیچەری ئاشکرا بوو و چووە قالبی هەڵگەڕانەوەی سەربازییەوە، هەمدیس چیوای نەمابوو مەحمود گیانی خۆی لەدەست بدات.
لەو کاتەدا بەشی هەرەزۆری هێزەکانی یەنیچەری هاوشانی «سوپای نوێ» لە لێوارەکانی رووباری دانۆب دەجەنگان. سەلیم زۆر ناشیانە، وایزانی هێندە بەهێز

بووە کە دەتوانی بە گواستنەوەی ژمارەیەک لە یەنیچەرییە لاو و بەهێزەکان، پەرە بە سوپا نوێیەکەی خۆی بدات. بەڵام پاشماوەی هێزەکانی یەنیچەری کە لە قوستەنتەنییە مابوونەوە، بەبیستنی ئەم هەواڵە مەنجەڵەکانی خۆیان سەرەونخون کردو ئەمەش بەمانای ئەوە بوو کە ئامادەنین خواردنی سوڵتان بخۆن. دواتر هەندێ نوێنەریان ناردەلای موفتی گەورە و داوایان لێکرد فتوایەکیان لەسەر ئەوە بۆ بدات کە:«*ئاخۆ سزای کەسێک کە سوپایەکی نوێی جیا لە سوپای یەنیچەری دامەزراندبێ و بەنیازە بە لاوازکردنی یەنیچەرییەکان، بەهێزی بکات، چیە؟.*»

دوای چەند رۆژ لە پیلانگێڕیی پشتی پەردەو دوژمنایەتی، موفتی گەورە فتوایەکی بەم ناوەرۆکە دەرکرد کە:«*لەو جێیەیرا کە سوڵتان هەستاوە بە بڵاوکردنەوەو برەوپێدانی شێوازی کافرەکان و بەنیازە سوپای یەنیچەرییەکان کە پارێزەرانی راستەقینەی ئیسلامن لەنێوبەرێت، بۆیە بەپێی دەقی راشکاوانەی قورئان سزای مەرگی بەسەردا* دەسەپێندرێت.»

بە بیستنی ئەم فتوایە، یەنیچەرییەکان بەخۆ کەوتن و بڕیاریاندا سەلیم لەسەر تەخت وەلابنێن، بەڵام هەرکە سەلیم ئەو هەواڵەی بیست، خێرا چووە قەفەسەوەو زڕبراکەی خۆی مستەفای هێنایەدەرو بەنێوی مستەفای چوارەم کردی بە سوڵتان ورایگەیاند کە گوێڕایەڵی فرمانەکانی دەبێ.

لە کاتێکدا کە مستەفا سەری لەم کارە سڕما بوو، سەلیم هەوڵیدا بە خواردنی قاوەی ژەهراوی خۆی بکوژێت، بەڵام کە مستەفا ئەمەی زانی رێگەی پێنەداو فنجانە قاوەکەی لەدەست دەرهێناو شکاندی. کاتێ یەنیچەرییەکان هاتنە نێو بابی عالییەوە، مستەفا لەسەر تەخت دانیشت و سەلیمیشی زۆر بەڕێزەوە رەوانەی قەفەس کرد.

رەنگبێ ئەگەر دۆست و لایەنگرانی سەلیم هەوڵیان نەدابایە سەلیم بگەڕێننەوە سەر تەخت، ئەم مەسەلەیە لێرەدا کۆتایی پێهاتبایە، بەڵام لایەنگرانی سەلیم، مستەفا بەیرەقداری پاشای ویلایەتی (رۆستۆک)ی بولغاریایان لەم مەسەلەیە ئاگادار کرد. مستەفا بەیرەقدار لەرووی سامان و دەسەڵاتەوە خۆی بە قەرزاربارى سەلیم دەزانی و لەوکاتە لەناوچەیەکی دوورەدەستی وڵات خەریکی جەنگ بوو. بەیرەقدار بەبیستنی ئەم هەواڵە بەپەلە بە (٤٠) هەزار کەسەوە خۆی گەیاندە قوستەنتەنییەو لەبەرەبەیانی رۆژی ٢٨ی تەمموزی ساڵی ١٨٩٨ (٣ی جمادی الاخر-ی ١٢٢٣ی کۆچی) لە دووری سێ کیلۆمەتریی پایتەختدا جێگیر بوو.

بەیرەقدار بە یارمەتی ژمارەیەک لە پیاوانی وەفاداری سەلیم، بە نهێنی هاتە نێو شارەوەو رووە دەروازەی بابی هومایون چوو و داوای چوونە ژوورەوە و بینینی سەلیمی کرد. کاتێ لەوەڵامدا پێیانگوتن کە رێگەیان پێنادرێ بچنە ژوورەوە، بەیرەقدار و هاوەڵەکانی هەوڵیاندا دەرگاکە بشکێنن و بچنە ژوورەوە. هەروا هۆریای پەلاماردەران مستەفای بە ئاگاهێناو، مستەفا گەیشتە ئەوباوەڕەی کە تاکە رێگای رزگاربوونی ئەوەیە کە سەلیم و مەحمود بکوژێت تا وەک دواکەسی سیلسیلەی عوسمانی لەدەسەڵاتدا بمێنێ.

هەرلەوکاتەیدا کە بەیرەقدار بەشکاندنی دەروازەی بابی هومایونەوە خەریک بوو،

مستەفا فەرمانی کوشتنی سەلیم و مەحمودی دەرکردو بۆ ئەوەی لە کوشتنیشیان دڵنیا بێت، بۆ خۆشی لەگەڵ جەللادەکاندا چووە قەفەس.

کاتێ جەللادە کەڕوڵاڵەکان بە پەتەوە بەرەو ژووری سەلیم دەچوون، سەلیم دەرفەتی ئەوەی دەستکەوت کە ئێمێ ئاگادار بکات و داوتر هەندێ لەمپەری لەسەر ڕێگەی پەلاماردەران داناو خەنجەرکەی بەرپشتیشی هەڵکێشاو توانی دووانیان لێ بکوژێت، بەڵام جەللادی سێیەم پەتەکەی خستەملی سەلیمەوەو لەماوەی چەند خولەکێکدا سەلیم رووحی لەبەردانەما.

لەگەڵ ئەوەشدا، سەلیم بووە هۆی ئەوەی کە مەحمود لە مردن رزگاری بێت؛ دوای ئەوەی سەلیم هەواڵی هاتنی جەلادەکانی بە ئێمێ دا، ئێمێ دەستی کوڕەکەی خۆی گرت و رێک چەند چرکەیەک بەرلەهاتنی جەلادەکان، رایانکرد.

لەکاتێکدا کە جەللادەکان لە جادەی زێڕیندا بەدوای دایک و کوڕی هەڵاتووەوە بوون، یەکێ لە کەنیزەکەکانی ئێمێ کە ئافرەتێکی گورجیی چوارشانە بوو و لە حەرەمسەرا بە (مل ئەستور) نێو بانگی دەرکردبوو، رێی لێگرتن. ئەو بەتەنهایی هیچی لەدەست نەدەهات، بەڵام راوەستا تا جەللادەکان گەیشتنە تەنیشتی و ئینجا مەقڵییەکی پڕ لە پشکۆی بەسەر ودەموچاویاندا پرژاند. ئەم کارەی کەنیزەکی گورجی، چەند چرکەیەک دەرفەتی گرانبەهای دیکە بە مەحمود بەخشی و توانی بە دووکەڵکێشی یەکێ لە حەمامە لەکار کەوتووەکانی کۆشکدا هەڵبگەڕێت و لەکاتێکدا کە پەلاماردەران بە دوایدا دەگەڕان، ئەو توانی خۆی لەنێو کۆنە جل و پەڕۆیاندا، حەشار بدات.ئا لەو کاتەدا بەیرەقدار توانی دەروازەی بابی هومایون بشکێنێت و بەخۆ بە سەربازەکانیەوە بێتە نێو کۆشکی سوڵتانەوە. کەس لە باخ و کۆشک و حەوش و گۆڕەپانەکاندا نەدەدیترا، سەرئەنجام بەیرەقدارو هاوەڵەکانی چوونە نێو یەکێ لە کۆشکەکانەوەو لەپشت پەردەیەکی چەرمینی ئەستوور گوێیان لەدەنگی مستەفا بوو کە هاواری دەکرد: *«ئەگەر پاشای رۆستۆک سوڵتان سەلیمی دەوێ، لاشەی ئەم بەرازە پیسەی بدەنێ.»* ئینجا لاشەی سەلیمیان لە ژوورێکی تاریکەوە لە پەنجەرەڕا هەڵدایە حەوشەوە. بەیرەقدار خۆی بەسەر تەرمی سەلیم داداو دەستی کردە گریان و لەوکاتەدا رەمیس پاشا، کە یەکێ لە هاوڕێیانی بەیرەقدار بوو هاواری کرد: *«ئایا رەوایە پاشای رۆستۆک وەک ئافرەتان شین و بابەڕۆ بکات؟ وەرن با تۆڵەی سوڵتان سەلیم بستێنین.»* ئینجا پەردە چەرمینەکەیان لادا و بەیرەقدار چاوی بە مستەفا کەوت کە لەسەر تەخت دانیشتبوو، بەبێ دوو دڵی لەسەر تەختی هێنایە خوارو لە ئەرزی دا.

لە کاتێکدا کە بەیرەقدارو هاوەڵەکانی خۆیان بۆ کوشتنی مستەفا ئامادە دەکرد، رووداوێکی سەیر روویداو بواری ئەوەی نەدا کارەکەیان تەواو بکەن. مەحمود بە جلە دادڕدادڕ بووەکانی و بەدەموچاوێکی لە تەنوو هەڵاتوو بەدیار کەوت و بەدەنگێکی نێرانە کە دواتر بەدرێژایی (٣١) ساڵی دەسەڵاتەکەی بە بەردەوامی لێی بیستڕا، فرمانی بە پەلاماردەران دا چاوپۆشی لە کوشتنی مستەفا بکەن و بنێرنە قەفەسەوە. بەیرەقدار چۆکی دادان و داوێنی سوڵتانی نوێی ماچ کردو مەحمود

راستی کردەوەو پێی گوت لە تۆڵەستاندندا پەلە نەکات و بەڵێنی پێدا بۆ خۆی لە کاتێکی گونجاودا تۆڵەی خۆی لە مستەفاو ئەو یەنیچەرییانە بکاتەوە کە هۆکارو رەگ وریشەی هەموو ئەو ئاژاوەگێڕی و نائارامییە بوونە. ئەو رۆژە بەرلەوەی رۆژئاوابێت، تۆپەکانی بابی عالی نەڕاندنیان و لەسەر تەخت دانیشتنی سوڵتان مەحمودی دووەمیان بەخەڵکی قوستەنتەنییە راگەیاند.

* * *

چەندین ساڵی پێچوو تا مەحمود توانی یەنیچەرییەکان سەرکوت و ملکەچی خۆی بکات. لە رۆژانی دوای دانیشتنە سەرتەخت، بەشێک لەشاری قوستەنتەنییە بەهۆی جەنگی دژبە یەنیچەرییەکان تووشی ئاگر تێبەربوون بوو و لەگەڵ خاکدا یەکسان بوو. مەحمود، مەحمودی بەیرەقداری کردە سەرۆک وەزیران، بەڵام لێرەدا مەحمودی بەیرەقدار تووشی هەڵەیەکی گەورە بوو، بەیرەقدار بە گومانی ئەوەی هەڵگەڕانەوەی یەنیچەرییەکان کۆتایی پێ هاتووە، تێکڕای هێزەکانی خۆی جگە لە چوارهەزارکەس، ناردەوە رۆستۆک و دواتر دەرکەوت کە بەهەڵەدا چووەو هێشتا یەنیچەرییەکان لە پیلان و ئاژاوەگێڕیدا بەردەوامن و ئەو چوار هەزار کەسە گلدراوە، بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەڵ یەنی چەرییەکاندا بەس نین.

بەیرەقدار حەزی لە چێژو خۆشییەکانی ژیان بوو، باش دەیخواردو چاکیش دەیخواردەوەو لەزەتی لەو حەرەمسەرایە گەورەیە دەبرد کە بەهۆی پۆستەکەیەوە بەنسیبی ببوو.

شەوێکیان دوای ئەوەی تێری خواردو تێریش خواردییەوە، لە ئامێزی یەکێک لە کەنیزەکەکانیدا خەوی لێکەوت، لەوکاتەدا یەنیچەرییەکان هێرشیان هێنا، کۆشکی سەرۆک وەزیرانیان گەمارۆداو خانووەکانی دەوروبەری کۆشکیان ئاگرتێ بەردا. تا ئەو دەمەی کە بڵێسەی ئاگر نەگەیشتە کۆشکی بەیرەقدار و چەند دیوارێک نەڕمان، کەنیزەک لەخەوی هەڵنەستاند.

سەرۆک وەزیران لەجیاتی ئەوەی بۆ خۆدەربازکردن لە بازنەی گەمارۆی یەنیچەرییەکان بەدوای رێگەی هەڵاتندا بگەڕێت، بەو هیوایەی کە تا گەیشتنی هێزی یاریدەدەر بەرگری بکات، پەنای بردەبەر ئەو بورجە چوارگۆشەیەی کە کەوتبۆ پشت کۆشکەکەیەوەو چەک و تەقەمەنی تێدا عەمبار کرابوو. هێزی یاریدەدەر بە سەرۆکایەتی رەمیس پاشا واتا ئەو کەسەی کە پێی گوتبوو نابێ لەسەر لاشەی سەلیم وەک ئافرەتان شین و بابەڕۆ بکات، کاتێ گەیشتەجێ کە ئاگر سەرانسەری ناوچەی نێوان کۆشکی بەیرەقدار و کۆشکی سوڵتانی داگرتبوو، بەڵام کۆنەبورج هێشتا لە جێی خۆی بوو و بەیرەقداریش بەرگری دەکرد. لەوکاتەدا گوللەیەک بە عەمباری باروت و تەقەمەنییەکە کەوت و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی عەمبارەکە بتەقێتەوە ولاشەی بێ گیانی بەیرەقدار لە ناو کەلاوەی بورجەکەدا بکەوێتە دەست یەنیچەرییە شادمانەکان.

چەند رۆژێک شەڕی نێوخۆیی درێژەی هەبوو. مەحمود بۆی دەرکەوت کە ژیانی لەمەترسیدایە و تاکە رێگەی رزگارکردنی ژیانیشی ئەوەیە کە مستەفا لە نێوبەرێت.

بۆیە فرمانیدا لە قەفەسدا خنکاندیان و بەم شێوەیە وەک دوا پاشماوەی سیلسیلەی عوسمانیی لێهات و لە مەترسی کوشن رزگاری بوو. ئێستا مەحمود لە خەراپترین ساتەکانی ژیانیدا بوو و خۆی پێ زۆر زەلیل ودەستەوستان دەهاتە پێش چاو؛ چونکە ناچار بوو مل بۆ تەواوی داواکارییەکانی یەنیچەرییەکان کەچ بکات و فرمانێک ئیمزا بکات کە بەپێی، تێکڕای چاکسازییەکانی سەلیم پوچەڵ دەبوونەوە .
جارێکی دیکە دەستبلاوی ، زیدڕۆیی و پارە بە فیرۆدانەکانی پێشوو دەستی پێ کردەوە و بە درێژایی سێ ساڵی دوای ئەم رووداوە، یەنیچەرییەکان جڵەوی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییان بە دەستەوە بوو؛ بەویست و ئیرادەی خۆیان سەرۆک وەزیریان دادەنا و لایاندەدا و سوڵتانی چاکسازی کاریش جگە لە چاوەڕێ بوون بۆ بەدەست هێنانی دەرفەتێکی لەبار بۆ تێک وپێک شکاندنی ئەم دوژمنە مەترسیدارانەی خۆی و بنەماڵەکەی، چیدیکەی لە دەست نەدەهات.

* * *

مەحمود پیاوێکی بەژن رێک و قۆز بوو. گەڕیدەیەکی ئینگلیزی بەنێوی *چارلزمەک فارلن* کە چەند جارێک دیتبووی باس لە «*بەژن و باڵای رێک، قەڵافەت و هێز، سینگی پان، دەموچاوێکی جوان و شیرین و لەهەمانکاتدا بوغرا و چاوانی تیژو کاریگەری کە لێیانەوە بەناخی بەرامبەرەکانیدا رۆدەچوو و هەرگیز ئۆقرەیان نەدەگرت* » دەکات. بێگومان سوودی لە رێنوێنییەکانی دایکی(ئێمێ) وەرگرتووەو وەک سەلیم ئازادیخوازو شەیدای فەرەنسا بووە. دانیشتن لەسەر کورسی پێ لە پاڵ دانەوە بەسەر بالیفدا باشتر بووەو لەکاتی نان خواردنیشدا لەجیاتی ئەوەی پەنجەکانی دەستی بەکاربێنێ، چەنگاڵ و کەوچکی بەکارهێناوە، بەڵام لە رادەبەدەر حەزی لە خواردنەوەی مەشروب بووەو زۆربەی کات لەگەڵ نانخواردندا شامپانیی خواردۆتەوەو بۆ ئەوەی مەستی و بۆنەکەی لەنێو بەرێت حەبی تریاکی زەرکەشی لە ئاوداتواندۆتەوەو خواردوویەتەوە.
هەرکە لەسەر تەختی سەڵتەنەت دانیشت، ژمارەی کەنیزەکەکانی حەرەمسەرای کەمکردەوە؛ چونکە عاشقی ئافرەتێک بوو بەنێوی (بەسمە)،کە ئافرەتێکی لاوی قەڵەو چوارشانە بوو و، لە گەرماوی حەرەمسەرادا پشتشۆر بوو. لە(بەسمە) بوو بەخاوەنی شەش منداڵ، کە هەر هەموویان یەک بەدوای یەکدا بوون. ئاشکرایە کە مەحمود کەوتبۆ ژێر کاریگەرییەتی ئەو(ئێمێ)یەی کە ئێستا ببوو بە شاژنی دایک و عاشقی ژیانی پڕ لە خۆشگوزەرانی و ربواردن بوو. گالیسکەیەکی نمونەی ئاوێنەداریان بۆ(ئێمێ) دروست کردبوو کە بەدەنکە ئەڵماس و پارچە ئاوێنەی بچوک رازێندرابۆوە. ئێمێ زۆر حەزی لە خۆڕازاندنەوە بوو، زۆربەی کات ئارایشێکی تیرۆتەسەلی دەکردو کەنیزەکەکانیشی خشڵەکانییان بۆ لەسەر سینییەک دادەناو بەدوایدا دەڕۆیشتن. تەنانەت کاتێ بە چەند قایەغێکی پڕشکۆوە کە هەریەکەیان(١٢) سەوڵ لێدەریان هەبوو، لە بسفۆڕ دەپەڕییەوە، چەند ماسییەکی دەستکردی خشڵ نەخشێندراویان بە زنجیر لە بەلەمەکان دەبەستەوە تا خەڵک وابزانێ ئەو ماسییانە بەدوای بەلەمەکان کەوتوونەو هاوڕێیەتی (ئێمێ) دەکەن.

مەحمود بەهاندان و دەست لەپشت دانی ئێمێ، بڕیاری دا شارستانیەت و فەرهەنگی ڕۆژئاوایی بێنێتە وڵاتەکەیەوەو دوای ماوەیەکی کورت لە دەسەڵات گرتنەدەست، دەستی دایەچاکسازی. ئەو یەکەم سوڵتانی عوسمانی بوو کە بە یارمەتی پزیشکە فەرەنسایییەکان کۆلیژێکی پزیشکی دامەزراند و ژمارەیەک قوتابیشی بەمەبەستی خوێندن نارده پاریس ، لەندەن و ڤیەننا. سیستەمێکی پشکنینی تەندروستی هێنایەکایەوە با بتوانێ بەرەنگاری نەخۆشی تاعون بێتەوە کە تەنها لە ساڵی ١٨١٢(١٢٢٧ی کۆچی)دا ، سەدوپەنجا هەزار کەسی بەجاریک کوشت و یەک لەسەر دەی لە کۆی گشتیی ژمارەی دانیشتوانی قوستەنتەنییە کەمکردەوە. کاتێ گوێبیستی ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٨٠٢ لە بەریتانیا سەرژمێری کراوەو ژمارەی دانیشتوانی لەندەن(٨٦٤٠٠٠) کەس بووە، ئەویش بڕیاریدا سەرژمێری بکرێت وەدەرکەوت کە ژمارەی دانیشتوانی قوستەنتەنییە (٦٣٠,٠٠٠) کەسە. مەحمود، ڕۆژنامەو بڵاوکراوەیەکی ڕەسمیی دەوڵەتی لە شێوەی (ژۆرناڵ ئۆفیشەڵ)ی فەرەنسایی دامەزراندو فەرمانی دەرکردنی دراوی داو یەکەم پردی لەسەر کەنداوی داردانێل دروست کرد. هەروەها سەرەڕای دژایەتی ژمارەیەک لە خەڵکانی دواکەوتووی دژ بە پێشکەوتن، مەحمود فەرمانیدا جلی نیشتمانی دانیشتوانی وڵات بگۆڕدرێت و لەماوەی یەک شەودا شەڵوارە فشوفۆڵەکان و کراسە یەخەدارو سەردەستە لەکەوڵە قووز دوراوەکان و مەندیلە نیومەترییەکان نەمان و شەڵواری تەسک و چاکەتی درێژی ڕەشی سەرانسەر قۆپچەدار، کە بە« ئەستەمبوڵی» بەناو بانگ بوون و کڵاوی فینەی سوور کە لە مەراکیش ڕاهێندرابوون، جێیان گرتنەوە.

ئیستراتفۆرد کنینگ کە لەو سەردەمەدا کارمەندی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە قوستەنتەنییە بووەو دواتر بووە بە باڵیۆزی بەریتانیا لە عوسمانی، سەری لەم گۆڕانانە سوڕماوەو لەوبارەیەوە نووسیویەتی: «*ئەگەر یەکێک ماوەیەک لە تورکیا دوور بووبێت و ئێستا بگەڕێتەوە وڵات، تێدەگا کە چ گۆڕانکارییەکی سەرسوڕهێنەر ڕوویداوە، کار وابڕوات تا چەند ساڵی دیکە تەنانەت یەک مەندیل بەسەر لە سەرانسەری تورکیادا نابیندرێت. ئێستا، کارمەندان و خاوەن پیشە جۆربەجۆرەکان فینەی سوور لەسەر دەنێن و شەڵواری قەزاقی و چەکمە لە پێدەکەن و چاکەتێکی درێژی سوور یان شین، یان ئەوەتا ڕەش دەپۆشن کە تابن چەنەگەیان قۆپچەی پێوەیە و جلە کۆنەکانیان وەلاوە ناوەو، کەس نابیندرێ کە بەشێوەی کۆن جلی پۆشیبێت.*»

گۆڕینی جلوبەرگ، کۆنەپەرستان و ئەو کەسانەی لەڕادەبەدەر تووڕە کرد کە دژایەتی هەموو جۆرە چاکسازییەکیان دەکرد؛ ڕێک وەک سەدەیەک پێشتر کە چاکسازییەکانی پێتری مەزن لە ڕووسیا دژایەتی لەگەڵ کراو کەسانێکی لەو بابەتە نێویان لەو ڕیفۆرمانە نابوو «*پارچەپارچەکردنی ڕوحی مسکۆی*». لەو کاتەیدا کە سوڵتان مەحمود دەچووە نوێژی هەینی، دەروێشێک لغاوی ئەسپەکەیی گرت و هاواری کرد: «*هەی سوڵتانی کافر، خواوەند تۆڵەی ئەم کردەوە دژە ئایینیانەت*

لێدەکاتەوەو سزات دەدا. تۆ خەریکە وا ئیسلام لە نێو بەری.» بەڵام مەحمود بەرگری کردو داکۆکی لە تیۆری یەکسانی نێوان تێکرای دانیشتوانی ئیمپڕاتۆرییەت کردو گــــوتـی: *«من لە هاووڵاتیەکانم تەنها جیاوازی دەخەمە نێوان موسڵمانانی نێو مەزگەوتەکان، مەسیحیەکانی نێو کەلسیاکان و یەهودییەکانی نێو کنێسەوە، ئەگینا لە هیچ ڕوویەکی دیکەوە من جیاوازییان تێدا نابینم.»*

* * *

سەرەڕای بۆچوونە ئازادیخواز و کردەوە نۆێخوازەکانی مەحمود، ئیمپڕاتۆرییەتی عـوسـمـانـی لەسـەردەمـی دەسـەڵاتی ئەودا بەخـێـرایی ڕووەو دارمـان و لـەنێـوچوون دەچوو؛ ڕوسـیـاییـەکـان کۆنتـڕۆڵی چەند ویلایەتێکی عـوسـمـانـی و پارچە زەوییـەک بەدرێژایی کەنارەکـانـی رووباری دانۆبـیـان گـرتە دەست و ئەگـەر بـهاتـایە لە سـاڵی ١٨١٢ (١٢٢٧ی کـۆچی) ناپلیـۆن هێـرشی نەکـردبایە سـەر ڕوسـیـاو قـەیسـەر ئەلیکسـاندەری ناچار نەکـردبایە سوپاکـەی لەناوچەی دانۆب پاشـەکشێ پێبکات ، ئەگەری ئەوە هـەبوو ڕوسـیـاییـەکـان بتوانن دەست بـەسـەرناوچەیەکی فـراوانتـریش دابگرن. بەڵام مـەحـمـود بەخـتی هـەبوو؛ هیچ کـام وڵاتە مـەزنـەکـان نەیانـدەویست قوسـتـەنتـەنییە بکەوێتەدەست ڕکابەرەکانیانەوە و هەموویان بڕوایان بە قسـەکـەی ژەنەڕاڵ فۆن مۆڵتکەی ئەڵمانی هەبوو کە ماوەیەک لەسـەردەمی سەلیمدا لە تورکیا ببوو و بەسـەر لەنوێ ڕێک خستنەوەی سوپای تورکیاوە خـەریک ببوو. فۆن مۆڵتکە لەو باوەڕەدابوو کـە *«پارچەپارچەکردنی تورکیا وەک لەت لەتکردنی ئەنگوستیلەیەکی ئەڵماسە و دیارنییە قوستەنتەنییە کە گەورەترین و گرانبەهاترین پارچەیەتی، بەرکێ دەکەوێ.»*

بەریتانیا لەوە دەترسا ئەگەر ڕوسیاییەکان بتوانن دەست بەسەر قوستەنتەنییەدا بگرن، ڕێگەکانی هاتوچۆو پەیوەندی نیـوان بەریتـانیـاو هیند، بکەونە مـەترسـیـەوە، ئۆتریش لەوەدەترسا ئەگەر ڕوسـیـا بتوانێ عوسمـانی داگیربکات، وابەهێزبێت کە ئیمپڕاتۆرییەتەکەی ئەوانیش لەنێوبەرێت.

ترس و گومانی ئەو وڵاتانە لە هەمبەر یەکدی هێندە بەهێزبوو کە کـاتێ کۆنگرەی ڤـیـەننا لە دوای شکسـتـەکـەی ناپلیـۆن لە سـاڵی (١٨١٥) بەسـترا، ئەو کۆنگرەیە بەشێوەیەکی ڕەسمی ڕایگەیاند کە: *«نابێ هەرگیز تورکیا بکەوێتە دەسەت وڵاتێکی بیانییەوە.»*

لەو کـاتەدا کـە ناپلیـۆن بەرەو دورگـەی (سـەنت هێلن) دووردەخـرایەوە، ئیـدی مەحمود لەلایەن ڕۆژئاواوە مەترسی لەسـەرنەبوو،بەڵام لە نێو سنورەکانی وڵاتەکەیدا، لە دوو ویلایەتـی گرنگی وەک یۆنـان و مـیـسـردا تێشکابوو. یۆنانـیـیـەکان لە هـەمـوو کەمینەکانی دیکە پتر لـە دژی عوسمـانـی ڕادەپەڕین و لە سـاڵی (١٨٢١) (١٢٣٦ی کۆچی)، بەشـێـوەیەکی ئاشکرا نەفرەت و بێزاریی خۆیان لە تورکەکان دەربڕی. لە هیچ کوێیەکی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسـمـانـییدا، دەسەڵاتدارییـەتی تورکەکان وەک ئەو دەسەڵاتدارییەتییەی کە لە یۆنان هەیانبوو، توندوتیژ نەبووە؛ لەو مەڵبەندەدا، ژیان و مـاڵ و کـەرامـەتی دانیـشـتـوان هـیچ جـۆرە دڵنیـاییـەکی لەسـەرنەبووە. ئەڵبـەتە ئەو

یۆنانیانەی کە دانیشتووی قوستەنتەنییە بوون و لەسەردەمی سوڵتان محەمەدی فاتیحەوە ئایینەکەیان لەلایەن دەوڵەتەوە دەپارێزرا، باری گوزەرانیان وانەبوو، بەڵام لە نێوخۆی یۆناندا بارودۆخ بە شێوەیەکی دیکەو جیاوازبوو. لەوێ (لەیۆنان) ژمارەی لادێییە هەژارو دەستکورتەکان چەندین قات لە ژمارەی ئەو بیست هەزار تورکە بەڕاگەندەیەی کە دەسەڵاتداری ئەوێ بوون، پتر بوو.بۆیە هەر کە ڕاپەڕین دەستی پێ کرد، وەک چۆن بەنزین ئاگر بگرێ، بەخێرایی پەرەسەندو یۆنانییەکان تەواوی موسڵمانانی دانیشتووی یۆنانیان لە ژن و منداڵەوە بگرەتا پیروپەکەوتەکان، قەتڵوعام کرد. زۆری نەخایاندو هەندێ شاری وەک ناوارینۆ و ترێپۆلیتزا کەوتەژێر دەستی سەرهەڵداوان. لەهەر شاروقەڵایەکدا کە یۆنانییەکان سەرکەوتنیان بەدەست دەهێنا، سەرەتا بەڵێنی ئەوەیان بە تورکەکان دەدا کە هیچیان لێ ناکەن، بەڵام دواتر بەڵێنی خۆیان ژێر پێ دەنا و دەستیان دەدایە کوشت و کوشتاری تورکەکان. لە ترێپۆلیتزا، یۆنانییەکان هەشت هەزار ژن و منداڵی تورکیان قەتڵوعام کردو ئەم دڕندەییە بەشێوەیەک بوو کە (فینلی) لە مێژووی یۆناندا نووسیویەتی:
«مێژوونووسە یۆنانییەکان خۆیان لە گێڕانەوەی ئەم دڕندایەتییە بە دوور گرتووەو لە هەمانکاتیشدا هەموو جۆرە کردەوەیەکی تورکەکانیان بەدەنگی بەرزەوە مەحکوم کردووە.»

کاردانەوەی قوستنەتەنییە لەهەمبەر ئەم کوشت و کوشتارە ئەوەبوو کە فرمانێکی بەپەلە بۆ تۆڵەستاندنەوە درا. لە ستراتیژیی سەربازیی تورکەکاندا، کوشتاری دوژمن بنەمایەکی پەسندو شایستەبوو، بەڵام کاتێ یەکێ لە ڕەگەزەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەت کارێکی لەو بابەتەی ئەنجام بدابایە، ناویان لێ دەنا دڕندایەتی و بە توندترین شێوە سزایان دەدا. بەم پێیە ڕێبەرانی یۆنانیی دانیشتووی قوستەنتەنییە دەمودەست لە سێدارەدران و لە ڕۆژی جەژنی پاکدا، ئۆسقۆفی گەورە (گریگۆر یۆس)یان لە سێدارەداو تەرمەکەشیان بەسەر دەرگەی شوێنی دانیشتنییەوە کرد. هەرچەندە دیارنەبوو ئۆسقۆف چ ڕۆڵێکی لەم ڕاپەڕین و سەرهەڵدانانەدا هەبووە. چوار ئۆسقۆفی دیکەش لە شارە جیاجیاکان لە سێدارەدران و بەهەزاران یۆنانی گیانیان لە دەست دا. ئەم کوشت و کوشتارانە بۆ ماوەی چوار ساڵ و لەهەردوولاوە درێژەی هەبوو، لەو ماوەیەدا سوڵتان مەحمود بۆ پێشگیری کردن لەم کارانە هیچ کردەوەیەکی ئەنجام نەداو لە جێی خۆی نەبزووت.

لەو ماوەیەدا، یۆنانییەکان توانیان گەلەکەشتیەکی نوێ درووست بکەن، حکومەتێکی کاتییان دامەزراندو بەرەو باکور واتا بەرەو کەنداوی کۆرنت و ویلایەتی تسالی چوونە پێش و تەنانەت دەستیان بەسەر ئەسیناشدا گرت کە لەو کاتەدا بە شارێکی پلەسێ و دواکەوتوو لە قەڵەم دەدرا. لەسەرەتادا دەسەڵاتدارە ئەوروپاییەکان بەچاوێکی پڕ لە بایەخەوە لە جەنگەکانی سەربەخۆیی یۆنانیان نەدەڕوانی و ئەغڵەبیان وەک (مترنیخ)ی ڕاوێژکاری ئۆتریش بیریان دەکردەوە کە لە ساڵی ۱۸۲۱دا نووسیبووی: *«بەلای ئێمەوە گرنگ نییە ئاخۆ لەو دیو سنورەکانمانەوە سێسەد یان چوار سەد هەزار کەسێک یەکدی دەکوژن و دەخنکێنن و، یان ئەوەتا*

یەکدی *لە چوارمیخ دەدەن.»* بەڵام وردە وردە ئەم بۆچوونانە گۆڕانیان بەسەردا هات؛ بەڕای هەزاران قوتابیی زانکۆ و بیرمەندی ئەورووپایی، شانازی و سەروەرییەکانی یۆنانی باستان، لە یۆنانی نوێدا بەرجەستەببوون کە ئێستا بۆ سەربەخۆیی دەجەنگاو ئەم خەباتەی یۆنانییەکان لە خەباتە سەربەخۆیی خوازانەکانی نەتەوە بچوکەکانی دیکەی نێو ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی جیابوو، ئەم خەباتەی یۆنانییەکان واتا و مەفهومێکی دیکەی هەبوو. لە ئاکامدا هەر ئەو هەستە بوو کە سەرنجی ئەورووپاییەکانی رووەو «تراژیدیای یۆنان» ڕاکێشاو کەسانێکی وەک لۆرد بایرۆن چوونە یۆنان و بەشدارییان لەخەباتی سەربەخۆیی خوازانەیاندا کرد.

دوای چوار ساڵ مەحمود گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە هەرگیز ناتوانێ بەبێ یارمەتی خەڵکی دیکە یۆنانییەکان بخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆی، بۆیە داوای یارمەتی لە گەورەترین وڵاتی نێو ئیمپڕاتۆرییەتەکەی کرد کە میسر بوو. میسر بەیەکێ لە پێشکەوتووترین ویلایەتەکانی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی لەقەڵەم دەدراو لەلایەن دەسەڵاتدارێکی لێوەشاوە بەنێوی (*محەمەد عەلی*) بەڕێوە دەچوو.

محەمەد عەلی، کوڕی ماسیگرێکی موسڵمانی خەڵکی ئەلبانیا بوو کە لەکاتی شەڕی فەڕەنسایی و ئینگلیزەکاندا، لەزارکی ڕووباری نیل بەئاوداچووبوو، چیوای نەمابووە نغرۆببێ کە کەشتیەکی دەریا سالار نیلسۆن پێڕادەگات و لەمردن ڕزگاری دەکات. محەمەد عەلی، سەرکردەیەکی سەربازی بێ هاوتابوو کە لەهەمانکاتدا نەخوێندەوار بوو، شانازی بەوە دەکرد کە تاکە کتێبێک کە خوێندوویەتەوە بریتی بووە لە ڕووخسارو دەموچاوی خەڵک و لەم ڕووەوە سەرناس بوو.

دوای تێشکان و گەڕانەوەی ناپلیۆن لە میسر، محەمەد عەلی لە دژی هێزە بەریتانیاییەکان دەستی دایە شەڕو کاتێ کە قاهیرەی ڕزگار کرد، بەشەقامێکدا تێپەڕی کە لە هەردوولای، سەری براوەی ئینگلیزەکانیان بەسەر نێزەوە کردبوون. ئینجا دوابەدوای ئەمە، (٥٠) کەس لە سەرانی مەمالیکی میسری بانگهێشت کردە قەڵای قاهیرەو دەعوەتێکی پڕشکۆی بۆ ڕێکخستن، کاتێ کە میوانەکان خەریکی خواردنی دوا پاروویان بوون، محەمەد عەلی فرمانیدا دەروازەکانی قەڵاکە دابخەن و دواتر هەر هەموویان سپاردە دەست ڕەحمەتی شمشێری جەللاد و لەو (٥٠) کەسە تەنها یەک کەس توانی ڕزگاری بێت و بەم کارە محەمەد عەلی لەدەست ئەو مەمالیکانە ڕزگاری بوو کە چەند سەدەیەک بوو حوکمی میسریان دەکرد.

لەوێ بەدواوە محەمەد عەلی بوو بەتاکە فەرمانڕەوای میسرو ئێستاش وایلێهاتبوو مەحمود داوای یارمەتیی لێ بکات. محەمەد عەلی کە لەو کاتەدا ببوو بە پاشای میسر، داواکەی سوڵتانی قەبوڵ کرد، بەڵام لەبەرئەوەی دەیزانی بەهێزە، هەندێ مەرجی دانان و لەوەڵامی سوڵتاندا ڕایگەیاند کە بە دڵنیاییەوە یارمەتی سوڵتان دەدا، بەڵام بەمەرجێک سوریاو لوبنان و دورگەی کێرت بخرێنە سەر سنوری پاشایەتییەکەی ئەوەوە. مەحمود جگە لە قەبوڵکردنی ئەم مەرجە هیچ چارەیەکی دیکەی نەبوو. سەرئەنجام محەمەد عەلی سوپاکەی خۆی ناردە یاردەی سوڵتان و عوسمانییەکان بەهاوکاری سەربازەکانی محەمەد عەلی لە دژی یۆنانییەکان

دەستیان کردە هێرش بردن.

یۆنانییەکان کە ماوەیەکی درێژبوو وا ڕاهاتبوون لەگەڵ سوپای بێ سەروبەری عوسمانییدا بجەنگن، لە پڕ خۆیان لە بەرامبەر سوپای ڕێکوپێکی میسردا دۆزییەوە کە بەهۆی ئەوروپاییەکانەوە مەشقیان پێ کرابوو، ئەمە وایکرد کە یۆنانیەکان هیچی وایان لەبەرامبەر ئەم سوپایەدا پێنەکرێ، بۆیە ئەو شارانەی کە پێشتر یۆنانییەکان لەژێر دەستی تورکەکانیان دەرهێنابوون، یەک بەدوای یەکدا کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی میسرییەکان و هەمدیس سەرانسەری یۆنان خرایەوە سەر سنوری ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی.

لەو کاتەدا بەریتانیا هاتە نێو مەسەلەکەوە. ڕای گشتی بەریتانیا، بە توندی نارەحەتی و بێزاریی خۆیان لە هەمبەر دڵڕەقی تورکەکان نیشاندابوو، (جۆرج کنینگ)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا پێی وابوو کە درێژەکێشانی شەڕ ئەگەری ئەوە دێنێتە ئاراوە کە ڕوسیا بیر لە هێرش کردنە سەر تورکیا بکاتەوە کە ئەو کاتە لەوپەڕی لاوازیدا بوو و، ئەمەیش دژی سیاسەتەکانی ئەوان بوو.

لەساڵی ۱۸۲٦ (۱۲٤۱ی کۆچی)دا، کنینگ، (دوک دۆولینگتۆن)ی فاتیحی جەنگی واتەرلۆی ناردە سەنپترسبۆرگ تا لەو بارەیەوە لەگەڵ قەیسەری ڕوسیادا بکەوێتە دانوستان .

لە مانگی حوزەیرانی ساڵی دوایی، هەر سێ وڵاتی بەریتانیا، فەڕەنسا و ڕوسیا لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کەبەیەکەوە پێشنیازی نێوبژیکردن بخەنە بەردەم تورکیا. هەروەها وڵاتانی نێوبراو، لەگەڵ ئەوەدا بەڵگەنامەیەکی نهێنیشیان ئیمزا کرد کە بەپێی ئەو بەڵگەنامەیە لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون ئەگەر سوڵتان ئەم پێشنیازەی ئەوانی قەبوڵ نەکرد ئەوا بەپێی پێویست دەستێوەردانی سەربازی ئەنجام بدەن.

هەروەک چاوەڕێ دەکرا، سوڵتان بەبێ سێ و دوو ئەو پێشنیازەی ئەوانی بەدەست تێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی لە قەڵەمداو ڕەتی کردەوە. مەحمود لەو باوەڕەدابوو کە یۆنانییەکان مافی گلەییان نییە، چونکە لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەودا پارەیەکی زۆریان خستۆتە گیرفانەوە و قازانجێکی باشیشیان بەنسیب بووە. لەبەرامبەر ئەم وەڵامەدا، گەلەکەشتی سێ وڵاتی ئەوروپایی لە ژێر فەرماندەیی دەریا سالاری بەریتانیایی (*سێر ئێدوارد کاردینگتۆن*)، لەدەرەوەی کەنداوی *ناوارینۆ* بەمەبەستی پێشگیری کردن لە هاتوچۆو بەکارهێنانی بەندەرەکە لەلایەن کەشتییە میسری و تورکییەکان ئارایشی جەنگییان دیت.

کاردینگتۆن فرمانی ئەوەی پێدرابوو کە لەشەڕدا دەست پێشخەری نەکات، بەڵام هەر کە تورکەکان دەستیان دایە تەقەکردن، ئیدی شەڕبوو بە ئەمری واقیع و لە ئاکامیشدا گەلەکەشتیی تورک و میسرییەکان لەنێوچوو، چونکە لە کۆی (۸۹) کەشتی، تەنها (۲۹)یان بەساغی دەرچوون و (٦۰) کەشتی نغرۆی دەریابوون. هەروەها لە کۆی گشتیدا تورک و میسرییەکان نزیکەی (٦۰۰۰) کەسیان لێ کوژراو ئەوەش لە کاتێکدابوو کە ئەوروپاییەکان بەهەمووی (۱۷۲) کەسیان لێ کوژرا. بۆ تورکیا، ئەم جەنگە دوای جەنگی دەریایی لیپانتۆ، بە گەورەترین کارەسات لە قەڵەم

دەدرا کە لە ئاکامیدا تەواوی ڕێگاکانی پەیوەندی نێوان هێزەکانی محەمەد عەلی و میسر پچڕاو یۆنانییەکان توانییان دەست بەسەر ئاوەکانی دەوروبەری نیمچەدوورگەیان دابگرن و بەم پێیەش یۆنان بەرەو سەربەخۆیی تەواو هەنگاوی نا.

* * *

سەرەڕای ئەم جەنگ و دەرگیرییە بێ کۆتاییانە، تاکە ئاواتی مەحمود ئەوەبوو ولاتانی دەرەوە وازی لێ بێنن و بواری ئەوەی پێبدەن بەچاکسازیی نێوخۆییەوە خەریک بێت. لەنێوخۆی ولاتیشدا بەرەورووی گیروگرفتی مەزن ببۆوەو گرنگترینی ئەم گیروگرفتانەش سەرهەڵدانەوەی یەنیچەرییەکان بوو کە ئەمجارەیان سەریانی خوارد. بەپێی گوتەی ئیستراتفۆرد کنینگ: «*یەنیچەرییەکان فرمانڕەوای ڕاستەقینەی ولات، بکوژی سوڵتانەکان و سەرچاوەی ترس و تۆقاندنی خەڵک بوون و جگە لە دوژمنەکانی تورکیا، هەموو کەس لێیان دەترسا.*»

مەحمود دەبوایە هەژدە ساڵ چاوەڕێ بێت تا سەرئەنجام بەکارێکەوە هەستێ کە لەمێژووی تورکیادا بە «ڕووداوی پیرۆز» باسی لێوەکراوە. مەحمود لەمانگی حوزەیرانی ساڵی (١٨٢٦) (ذیقعدە-ی ١٢٤١ی کۆچی) دیوانی هومایونی کۆکردەوە، چونکە پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کەپێویستە تەواوی کاروکردەوەکانی لایەنی یاساییان تێدا پارێزرابێ. باشترین کار ئەوەبوو کە وابکا یەنیچەرییەکان لەدژی ڕاپەڕن و دوایش سەرکوتیان بکات و ئەم کارەشی کرد. مەحمود ئەوەی بۆ سەرانی ئایینی و سیاسی ولات ڕوون کردەوە کەکاتێ یەنیچەرییەکان لەبەرامبەر سەرهەڵداوە یۆنانییەکاندا شکستیان دەخوارد، سوپای میسری کە بەئاسانی توانی سەر سەرهەڵداواندا سەرکەوێ ئەوەی سەلماند کە ئەو سوپایەی لەلایەن ڕۆژئاواییەکانەوە مەشقی پێکرابێت، زۆر لە سوپاکانی دیکە بەهێزترەو لەسەرووی سوپای ئیمپراتۆرییەتەوەیە.

لە خستنەڕووی ئەم بابەشدا دیسان مەحمود زیری نواندو پێشنیازی هەڵوەشاندنەوەی سوپای یەنیچەری نەخستەڕوو، بگرە پێشنیازی ئەوەی کرد کە بە مەبەستی بەهێزکردن و بردنەسەری ئاست و توانا سەبازییەکان، سوپای نێوبراو لەگەڵ سوپا نوێیەکەی سەردەمی سەلیم لێک بدرێت. دیوان ڕەزامەندیی خۆی لەسەر ئەم پێشنیازە نیشانداو لەو بارەیەوە توانای پێویست و دەسەڵاتی تەواوی بە سوڵتان بەخشی. مەحمود ئەو کەسانەی کە لە هەڵگەڕانەوەی یەنیچەرییەکان دەترسانی لەوە دڵنیا کردەوە کەوا دەتوانی بەئاسانی سەرکوتیان بکات، بەلام بەپێویستی نەزانی ئەوەیان لا بدرکێنێ کەوا لە ماوەیەک لەمەوبەرەوە، سوپایەکی تایبەتی (١٤) هەزار کەسی درووستکردووەو سەرکردایەتیشی سپاردۆتە دەست ئەفسەرێکی وەفاداری خوێنڕێژ کە بەزوویی بە (قەرە جەهەننەم) نێوبانگی دەکرد.

مەحمود بەپەلە فرمانی هەڵوەشاندنەوەی سوپای یەنیچەری ڕاگەیاند، بەلام کەسانی نێو سوپاکە دەنگی ناڕەزاییان بەرزکردەوەو مەنجەڵەکانی خۆیان سەرەونخون کردو ئەوەش هەمان ئەو کارە بوو کە سوڵتان چاوەڕێیی دەکرد. یەنیچەرییەکان لە ڕۆژی(١٤)ی حوزەیران (٧ی ذیقعدە)، لە گۆڕەپانی ئەسپ تاودان

کۆبوونەوە و تێکڕا هاواریان کرد «*بمرێ سوڵتانی کافرو مەسیحی.*»
مەحمود کە سوو بوو لەسەر ئەوەی بەپێی بەرنامەو بەپشوودرێژییەوە کار بکات، سەرەتا چوار ئەفسەری بە ئاڵای سپییەوە نارده لایان و پێی راگەیاندن کە ئەگەر بڵاوە بکەن ، لێیان خۆش دەبێ و کاری پێیان نییە. بەڵام وەک چاوڕێ دەکرا، نەک تەنها ئەم پێشنیازەی مەحمود رەتکرایەوە، بگرە یەنیچەرییە هەڵچووەکان، چوار ئەفسەرەکەشیان کوشتن و هەموو لە هەموو هاتنە نێو حەوشەی یەکەمی کۆشکی سوڵتانەوە و، بەپێی نەریتی کۆنیان لە ژێر ئەو دارچنارەدا کۆبوونەوە کە لە کاتی فیتنەگێڕی و ئاژاوەنانەوەدا لێی کۆدەبوونەوە .
لەو کاتەدا مەحمود بەسواری ئەسپێکی سپی بەدیارکەوت، جلی سەربازی پۆشیبوو و جەقەیەکی ئەڵماسی لە تەنیشتی فینەکەی دابوو. ئاڵا سەوزەکەی پێغەمبەری بەدەستی ڕاستی گرتبوو و بەدەنگی بەرز داوای لەتەواوی موسڵمانان کرد کە ملکەچیی خۆیان بۆ سوڵتان و خەلیفەی موسلمین دووپات بکەنەوە. ئەم دیمەنە کاری لە یەنیچەرییەکان کردو وای لێکردن پەلاماری سوڵتان بدەن. ئێستا کاتی ئەوە هاتبوو کە قەرە جەهەننەم بەخۆکەوێ. بەیەک ئیشارەتی مەحمود، هێزەکانی قەرەجەهەننەم دەستیان بەتەقەکردو یەنیچەرییەکان وەک گەڵای دار هەڵدەوەرین بەسەر یەکدا بەردەبوونەوەو ئەوانەیش کە برینداربیوون هەوڵیان دەدا بەرەو گۆرەپانی ئەسپ تاودان راکەن. بەڵام ئەمەش بێسوود بوو، چونکە سوپاکەی قەرە جەهەننەم رێیان لێ گرتبوون. سەدان کەسی دیکە لەکاتێکدا کە هەوڵی ئەوەیان دەدا بچنەوە نێو سەربازگەکانیان گیانیان لە دەستدا، ئەوانەش کە لەو کوشتارە بە سەلامەتی دەرچوون، دەروازەی سەربازگەکانیان لەسەر خۆیان پێوەدابوو و چاوەڕێی هێرشی لەپڕی سوپاکەی قەرە جەهەننەم بوون. بەڵام هێرشی کۆتایی و رەشەکوژیی گەمارۆ دراوەکان کە بە یەکێ لە شێوازە باوەکانی سوپای تورکیا لە قەڵەم دەدرا، هەرگیز رووی نەداو لەجیاتی ئەمە، قەرە جەهەننەم فرمانیدا تۆپێکی سەحرایی گەورەیان لەبەرامبەر هەرکام لە سەربازگەکان دابەست و ئینجا فرمانیدا سەربازگەکان بدەنە بەر تۆپ. ئەم فرمانە سەمناکە بەوردی جێبەجێ کراو ئەو سەربازگەو بنکە سەربازییانەی کەیەنیچەرییەکان خۆیان تێدا پەنادابوون، لەگەڵ خاکدا یەکسان کران. ساختومانی ئەو سەربازگانە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک لەژێر ئاگری تۆپخانەدا بوون و مەحمود لەو ژوورە چوارگۆشەیەیدا کەبەسەر دەروازەی بابی هومایوندا دەیڕوانی، چاوەڕێی بیستنی هەواڵی پێکدادانەکان بوو. کاتێ ساختومانەکان ئاگریان تێ بەربوو، یەنیچەرییەکان بۆ رزگارکردنی گیانیان خۆیان لەسەر دیوارەکانەوە هەڵدەدایە خوارەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا هێزەکانی قەرە جەهەننەم یان بەگولله دەیان پێکان، یان ئەوەتا بەسەر نێزە دەیان کوشتن. هێشتا شەڕێکی قورس مابوو، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە یەنیچەرییەکان پەنایان بردبۆ بەر عەمباراوی هەزارویەک ستوون، کە کەوتبۆ نزیک مزگەوتی ئەیا سۆفیاو بەدەریاچەیەکی ژێرزەمینی لەقەڵەم دەدرا. عەمباراوی نێوبراو خاوەنی (٣٣٦) ئەستوونی مەرمەڕی جوانە،کە لەدوازده ریزی (٢٨)ی دانە، درێژەییەکەی پتر لە

سەدمەتر دەبێ و لەسەردەمی بیزانسدا و لە کاتی کەم ئاویدا، دەیتوانی بۆ ماوەی (١٥) رۆژ ئاوی خواردنەوی دانیشتوانی قوستەنتەنییە دابین بکات.

نزیکەی(١٠٠) یەنیچەریی بریندار، خۆیان گەیاندبۆ نێو ئەم عەمباراوە گەورەیەوە کە تەنها لەڕێی ئەو کولانە بچوکانەی کە لە میچی عەمباراوەکەدانە روناکی پێدەگات و، تا دوا هەناسە بەرگرییان لەگیانی خۆیان کرد. شەڕێکی دەستەویەخەی سەخت و خوێنین لەتاریکاییدا لەنێوان ئەو پیاوانەیدا کە ئاوی خواردنەوە تا سەرشانیان هاتبوو، روویداو ئەغلەب بەزەحمەت دەتوانرا دۆست و دوژمن لێک بکرێتەوە. سەرئەنجام دوا یەنیچریش کوژراو نغرۆبوو.

لەو رۆژەدا، لانیکەم دە هەزار کەس گیانیان لەدەست دا- هەندێ لە مێژوونووسان ئەم ژمارەیەیان تا (٢٠) هەزار کەسیش نووسیوە-و تەرمی ئەوانەی لە ئاگرکەوتنەوەکەدا نەسووتابوون یاخود لە عەمباراودا نغرۆ نەببوون، فڕێ درایە نێوبسفۆزەوە. تا چەند مانگ دوای ئەم رووداوە، تەرمی کوژراوەکان سەرئاو دەکەوتن و ماسییەکانی قوستەنتەنیە ناخۆش و بێ تام ببوون و گوشتیان نەدەخورا.

کاتێ مەحمود لەساڵ ١٨٣٩(١٢٥٥ی کۆچی)دا کۆچی دوایی کرد، ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی، یۆنان و میسری لەدەست دابوو و لەگەڵ فەرەنساو بەریتانیاو روسیا لە جەنگدابوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی لەچاوکاتەی کە مەحمود دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو، بەهێزتر بوو؛ چونکە سەرەڕای ئەو هەموو گیروگرفتە، لانیکەم مەحمود توانی ئاغای ماڵی خۆی بێ. ئەگەرچی پانتایی ماڵەکەی کەمتر ببۆوە، بەڵام لە هەندێ رووەوە ئەوە بە قازانجی دەشکایەوە کە دەیتوانی بەوردی چاودێری هەموو کون و قوژبنێک بکات و بەهەموو لایەک رابگات. لەلایەکی دیکەوە هەرچەندە کورەکەی نەخشی دڵ، لەسەردەمی و دەسەڵاتیدا زۆرجار تووشی هەڵەبوو، بەڵام هەر ئەویش بوو کە پشتی ملی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی گرت و ناچاری کرد واز لە کۆت و بەندی سەدەکانی ناوەڕاست بێنێ وپێ بنێتە سەردەمێکی نوێوە.

چەندین ساڵ بەرلەمردنی مەحمود، دایکە فەرەنساییەکەی کە بەردەوام رێنوێنی دەکرد، دوای (٣٣) ساڵ ژیانی نێو حەرەمسەرا، دنیای بەجێ هێشت. لەو شەوەیدا کە ئیمێ لەسەرەمەرگدا بوو، مەحمود لە حەزمەتی ئەم رووداوە بڕیارێکیدا کە بۆ فرمانڕەوای ولاتێکی ئیسلامی کارێکی زۆر بێ شەرمانە بوو؛ لەکاتێکدا کە باوبۆران خانووە دارینە لەزۆکەکانی قوستەنتەنییەی رادەژاند، دوو ئەفسەری پاسەوانی کۆشکی پاشایەتی بە قایەغێک لە کەنداوی داردانێل پەرینەوەو چوونە پەرستگای سەن ئانتوانتی گەرەکی پرا. قەشە (کریسۆ ستۆم)ی سەرۆکی پەرستگاکە لە ژوورەکەی خۆیدا خەریکی پاڕانەوە بوو کە چەند کەسێک لەدەرگایان دا .ئەفسەرەکان نامەیەکی سوڵتان مەحمودیان دایە قەشەکەو (کریسۆ ستۆم) دوای خوێندەوەی نامەکە لەگەڵ ئەفسەرەکاندا بەرێ کەوت و سواری قایەغی سەڵتەنەتی بوو. لەو لای کەنداوەکە ئەویان بەنێو باخە چۆڵەکاندا تێپەڕاندو بردیانە ژوورێکی پڕشکۆوە کە بەپەردەی زێڕدووراو و فەرشی گرانبەها رازێندرابۆوە و، لەنێوەڕاستی

ژوورەکـەدا، ئافـرەتێک لەسـەر تەخـتـە خـەوێک درێژکـرابوو وپـزیشـکێکی یۆنـانـی ژوورسەری بوو،

دوو خـوڵامکارەی رەش پێـسـتـیش لە ژوورەکـە و لـە بەردەرگـا وەسـتـابوون. لەگۆشەیەکی ژوورەکەدا، مەحمود لەکاتێکدا کە خەم و نارەحەتییەکی لە ڕادەبەدەری بە رووخسـارەوە دەبیندرا، وەستابوو. بەپێی قسەی قەشە یۆنانییەکە: *«چل سـاڵان دەهاتە پێش چاو، باڵای درێژ و قیافەیەکی نەجیبانەو سەنگینی هەبوو. ریشی ڕەش بوو و دەبریقایەوە و ئەمەش شکۆو جوانییەکی تایبەتی دەدا بەرووخساری.»*

قەشـەی نێوبراو تـەنها لەچەند ساتێکدا توانیویەتی ئەم دیمەنە ببینـێ، چونکە دەمودەست مەحمود فرمانیدا کە پزیشک و دوو خۆڵامەکە ژوورەکە بەجێ بێڵن. ئینجا لەتەختەخەوەکە نزیک بۆوەو چۆکی دادان و بەدایکی گوت: *«تۆ حەزت لێبوو بەپێی ئایین و نەریتی باوباپیرانت دنیا بەجێ بێڵی و ئێستا کە من ئەم ویستەی تۆم هێنایەجێ.»*

قـەشـە کریسـۆسـتـۆم گـوێی بۆ دان پیـانـانەکـانی ئێـمـێ شـل کـرد و بۆمـاوەی کـاتژمێرێک لەگەڵ ئەودا خەریکی دوعـا خوێندن و پـاڕانەوە بوو و بەڵێنی رەحمـەت و لێبوردنی ئیلاهـی پێدا. هەر لەوکاتەدا سوڵتان مەحمود کە دوژمنەکانی نازناوی (سوڵتانی مەسیحی)یان لەسەردانابوو، لە گۆشـەیەکی ژوورەکەدا خەریکی قورئان خوێندن بوو.

بەم شێوەیە (ئێمێ)ی فەڕەنسی بەپێی ئـەو ئایین و نەریتـەی کە پێینابۆ دنیاوە، دنیای جێ هێشت و پاسەوانەکان قەشە کریسۆستۆمیان تا بەردەرکی پەرستگاکەی بردەوە، بەڵام بەکەسی نەگوت لەو شەوەدا چۆتە کوێ و، ئەو شەوە تا بەیانی دوعای بۆ لێخۆشبوون لە رۆحی «ئێمێ دۆبوک دوریێوی» فەڕەنسایی، دانیشتووی مارتینیک و شاژنی دایکی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کرد.

* * *

فەسڵی حەوتەم

بەرەو کریمە

عەبدولمەجید شانزدە ساڵی بوو کە باوکی واتا مەحمودی بەنێوبانگ بە سوڵتانی چاکسازی کار لە ساڵی ١٨٣٩(١٢٥٥ی کۆچی)دا، کۆچی دوایی کرد. دایکی عەبدولمەجید کە سەردەمێک دەلاکی حەمام بوو، لەو باوەڕەدابوو کە زێدەڕۆیی کردنی مەحمود لەخواردنەوەی مەشروباتی رۆحیدا، بووەتە هۆی ئەم مەرگە ناوەختەی. لەم رووەوە بەتووندی دژی ئەوەبوو کوڕەکەی مەشروب بخواتەوەو بەردەوام زیانەکانی ئەم خووە ناپەسندەی بەگوێی کوڕەکەیدا دەچرپاند. بەسمە بڕیاریدا عەمباری مەشروباتی هاوسەرە کۆچکردووەکەی لە نێو ببات، بۆیە فرمانی دا نزیکەی پەنجا هەزار بۆتڵە شامپانیاو کۆنیاک و شەڕابی مەحمودیان لە دیوارەکانی حەساری شار داو ریشتیاننە نێو بسفۆڕەوەو هەموو ئەو پێک و پەرداخە کریستاڵانەی کە چەندین ساڵ بوو ئیمێ بە کۆکردنەوەیانەوە خەریکبوو، شکێندران و فڕێ دران.

لێ مەخابن بەسمەی دڵساف و لادێیی نەیدەزانی کە زێدڕووی لە رابواردن و پەڕینیش بە قەدەر خواردنەوەی مەشروبات زیانی هەیەو مەترسی بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ هەیە؛ بەسمە بۆ ئەوەی کوڕەکەی بەلای مەشروب دانەڕواو سەری گەرم بێت، هانی دەدا لەگەڵ ئافرەتانی حەرەمسەرادا بنوێ، عەبدولمەجید لاوێکی لاوازۆکەی زەرد هەڵگەڕاوی نەرمڕەفتاربوو، بەڵام تەنانەت بۆ هەرزەکارێکی نەوباڵغی وا لاوازیش، خۆ راگرتن لەبەرامبەر ختختۆکەی دەست لە ملانێی ئەو کچە جوانانەی کەدایکی دەینارده پاڵی، کارێکی سەخت بوو. عەبدولمەجید لەسەرەتای سەڵتەنەتیدا، بەهۆی زێدەڕۆیی لەپەڕین رابواردندا، تووشی سستی و بێ هێزی بوو، بۆیەڕووی لە مەشروب خواردنەوە کرد.

عەبدولمەجید لاوێکی بەرەڵڵانەبوو، هەروەها وەک بەرەبابەکەشی سەرشێتی و هێمای شێتایەتی تێدابەدی نەدەکرا، بەڵام کەیفی بە کاروباری دەوڵەت و بەڕێوەبردنی وڵات نەدەهات و پتر حەزی لەوەبوو سود لەو چێژو لەزەتانەی ژیان وەرگرێ کە سروشت خستبووینە بەر دەستییەوە. عەبدولمەجید کەیفی بە سروشت و کەش و هەوای بابی عالی نەدەهات و هەر کە گەورەتربوو گەیشتە ئەو باوەڕەی کە

پاراستنی دالانی تەنگ و تاریک، حەوشی زۆرو ئەو کۆشکانەی کە بەئارەزوو و بەدرێژایی چەندین سەدە لە دەوروبەری کۆشکی سوڵتان قوت کراونەتەوە، دەبنە مایەی نارەحەتی و مەینەتی. بێگومان، بوونی بەردەوامی هەزاران کارمەندو خزمەتکار کە ڕۆژانە بەو دالانە تەسک و تاریکانەی بابی عالیدا لە هاتوچۆدابوون، عەبدولمەجیدی پتریش نارەحەت دەکرد. بۆیە بڕیاریدا خۆی لەو فەزایە قوتار بکات و پانتایی گەروی داردانێل بکا بە نێوانی ژیانی تایبەتی خۆی و کاروباری دەوڵەتی و، کۆشکێک لەوبەری بسفۆڕ دروست بکا.

ئەم کۆشکەی کە بەفرمانی عەبدولمەجید دروستکراوە نێوی (دۆلمە باخچە)یە کە لەڕووی وشەوە ماناکەی دەکاتە (باخی پڕکراوە). ئەو زەوییە لیژانەی کە پێشتر موڵکی یەکێ لە شازدە تورکەکان بوو و لەسەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونی، خەیرەددین (باربارۆسا)ی ئەمیرولبەحری بەنێوبانگ لە بڕی ١٦٠٠٠ کۆیلەی مەسیحی کڕیبووی و باشترین جۆری (کەلەم)ی نێو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی تێیدا وەبەردەهێنا، ڕاست کراو، دەستکرا بە دروستکردنی کۆشک.

عەبدولمەجید میعمارێکی ئەرمەنی بەنێوی (بالیان) بۆ دروستکردنی ئەم کۆشکە ڕاسپاردو دەسەڵاتی تەواو وبودجەیەکی بێ سنوریشی خستە بەردەست و تاکە مەرجێک کە بۆ ئەم میعمارە ئەرمەنییەی دانا ئەوەبوو کە دەبێ ئەم کۆشکە لە کۆشکی هەموو پاشایەکی سەر زەوی پڕ شکۆترو مەزنتربێت و سەرئەنجامیش هەر وایلێهات. کۆشکی (دۆڵمە باخچە) لە ڕووی سەلیقەو وردەکارییەوە نەبێ ئەگینا لە ڕووی شکۆو مەزنیەوە، کەم وێنەیە؛ تارمەی مەرمەڕی ئەم کۆشکە بەدرێژایی (٦٠٠) مەتر لەسەر لێواری بسفۆڕ درێژەی هەیە و ڕازاندنەوەیەکی زۆری پێوەدیارە، بەڵام کەمتر وردەکاری و ناسکی پێوە دیارە. پتر لە چواردە تۆن ئاڵتون تەنها لە ڕازاندنەوەو زێڕاوی هۆڵ و ژوورەکانی کۆشکدا بەکاربراوە. درێژایی تالاری تەختی سەڵتەنەت، سی مەترەو میچەکەی بەهۆی ئەستوونی زێڕی شێوە یۆنانی کە چوارچوار لە ڕیزێکدان، ڕاوەستاوەو گەورەترین ئاوێنەکانی دنیا بە دیوارەکانیەوەیەتی. تالاری میوانداری کردنەکەی، گەورەترین هۆڵی نانخواردنە لە جیهانداو چلچراکەی (کریستاڵەکەی) بن میچی ئەم هۆڵە کێشەکەی چل تۆنە.

مۆسیقاژەنەکان لە چوار بەلەکۆن کە لە گۆشەکانی ئەم تالارەو نزیک بە میچکە درووستکراون، بەلێدانی مۆسیقای خۆش و دڵگیرەوە خەریک بوون و ئافرەتی حەرەمسەرا لە پشت ئەم پەنجەرە کون کونانەی کە شێوەیان لەشێوەی باوەشێنی حەسیری دەچوو، دەیانتوانی ئەم ئاهەنگ و میوانداریە مەزنانە ببینن.

قاڵدرمەی سەرەکیی کۆشک کە شێوەی مارپێچی هەیە، لە دولاوە دەگاتە نهۆمی سەرەوەو لێوارەکانیشی بەهۆی سەدان کریستاڵی ڕەنگاورەنگەوە ڕازێندرابۆوە. تەختە خەوی عەبدولمەجید لە زیوی خاو دروستکرابوو، گەرماوە مەرمەڕەکەشی بانیۆو سەکۆی لەمەرمەڕی سپی دروستکراوی تێدابوو کە مەرمەڕەکەی دەبریسکایەوەو نەخش ونیگاری مەل و گوڵیان لەسەر هەڵکەندرابوون. شێرەکانی ئاوی ئەو گەرماوەش هەر لە زیو دروست کرابوون و لە شێوەی قوو بوون.

عەبدولمەجید دایکی (بەسمە)شی لەبیرنەکردبوو، تازەدایکی ببوو بە شاژنی دایک، بۆیە عەبدولمەجید ژوورێکی بۆ دروست کردبوو کە تەواوی بۆفیەی جل و کورسیەکانی نێوی زەرکەش بوون. بەسمە نێوی خۆشی گۆڕیبوو و، نێوی لە خۆی نابوو (پەرتۆی عالی). سێسەد ژوورەکەی کۆشکی دۆلمە باخچە (٢٥) هۆڵیان هەبوو، بەڵام لەهەمان کاتدا لەبەشی دواوەی کۆشکەکە هەندێ ژووری بچوک و تاریک دروستکرابوون کە بەرچاونەبوون. لەهەریەک لەو ژوورانەدا سێ لە ئافرەتانی حەرەمسەرا بەو هیوایەی ڕۆژێ بتوانن سەرنجی سوڵتان بۆ لای خۆیان ڕاکێشن شەویان دەکردە ڕۆژ.

چیوای پێنەچوو کە هەواڵی دروستکردن و شان وشکۆی کۆشکی دۆلمە باخچە بەسەرانسەری ئەورووپادا بڵاوبۆوەو ئەمەیش وای لە سوڵتانەکانی ئەو کیشوەرەکرد کە هەریەکەو کۆمەڵێ دیاری بە نرخ بۆ ڕازاندنەوەی کۆشکە تازەکەی بنێرنە خزمەت سوڵتانی عوسمانی. بەم پێیە کەرستەی نێو کۆشک هەمەرەنگ و هەریەکەی لەسەر شێوازێک بوو؛ سەعاتە دیوارییە کۆنەکانی، لەلایەن شاژن ڤیکتۆریاوە بەدیاری نێردرابوون، دەفرەچینی و کریستاڵەکان لەلایەن فرانسوا ژۆزێف، ئیمپراتۆری ئۆتریشەوە نێردرابوون، مێزو بۆفیەکانی کەلەسەر شێوازی ئاندرێ شال بۆل دروستکرابوون و وێنەی ئیمپراتۆری فەرەنسایان لەسەر دروستکرابوو، لەلایەن ناپلیۆنی سێیەمەوە بەدیاری نێردرابوون و هەروەها ئەو ڕایەخانەیش کە لە کەوڵی ورچی سپی جەمسەرەکان دروستکرابوون، دیاری قەیسەری ڕووسیابوون وتێکڕای ئەو شتانەیش لەیەک جێدا کۆببوونەوە.

کاتێ کاری دروستکردنی کۆشک کۆتایی پێهات، عەبدولمەجید دیتی پارەیەکی زۆری تێدا خەرج کردووە، بەڵام دیسانیش هەر خۆشحاڵ بوو، چونکە دەیدیت ئەوجا دەتوانی ئەو کۆشکە کۆنەی کە چەندین ساڵ بوو دەیان داستانی پڕ لەمەینەتی و کارەساتی تێداڕوودابوو، بەجێ بێڵێ و لەنێو ئەو کۆشکە نوێ و پڕکۆشەیدا، نیشتەجێ بێت. ئیتر بابی عالی تەنها ببووە بارەگای بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەوڵەت و لایەکیشی حەرەمسەرایەکی لێبوو کە ژمارەیەک لەو کەنیزەکانەی کە سوڵتانەکەیان مردبوو، تێیدا چاوەڕێی ئیزرائیلیان دەکرد.

دوای چاکسازییەکانی سوڵتان مەحمودو ئەو گۆڕانە بەرچاوانەی کە لەژیانی خەڵکی تورکیادا هێنابوونیەکایەوە، ئێستا خۆ بەدیار خستنەکانی عەبدولمەجیدو ئەو لەزەتەی کە عەبدولمەجید لە پارە خەرجکردن دەیدیت و ئەو میوانییە پڕشکۆیانەی کە لە کۆشکە تازە دروستکراوەکەیدا ڕێکی دەخستن، وێردی سەر زمانی کۆڕکۆمەڵی قوستەنتەنیە بوون.

عەبدولمەجید سەماکەرانی بالیەو سیحربازە بەنێو بانگەکانی بۆ خۆنیشاندان و سەرگەرمکردنی میوانەکانی لە ئەورووپاڕا دەهێنایە قوستەنتەنییە. هۆڵێکی شانۆی زۆر جوانی لە نێو کۆشکەکەیدا دروستکردبوو کە لەو شانۆگەرییانەی کە تێیدا پێشکەش دەکران خولامکارە مێرد منداڵەکان ڕۆڵی ئافرەتانیان دەبینی چونکە هیچ ئافرەتێک مافی ئەوەی نەبوو بەشداری لەو شانۆیانەدا بکات و دەوریان تێدابببینێ.

بیروباوەڕە ئایینییەکانی خەڵکی تورکیا بە ڕادەیەک توونددویتەوبوو کە تەنانەت ئافرەتە لادێیەکان ئەگەر لەو کاتەیدا کە دانیان دەدایە مریشکەکانیان، کەڵە بابێک هاتبایە ئەوناوەوە، ڕووی خۆیان لێ دەشاردەوە!

زۆری نەبرد هەواڵێکی دیکەش هاتە سەر ئەو هەواڵانەی کە سەبارەت بە میوانی و زێدەڕۆییەکانی عەبدولمەجید، لەسەرزاری خەڵک بوون ؛ عەبدولمەجید ڕێگەی بە ئافرەتە هەڵبژاردەکانی حەرەمسەراکەیدا کە بۆ کڕینی شتومەک بچنە بازاڕو لە جیاتی ئەوەی لە نێو گالیسکەکانیاندا چاوەڕێی هێنانی شتومەک بکەن، خۆیان دابەزن و بچنە دوکانەکانەوەو شت بکڕن. هیچ سوڵتانەیەک نەیدەتوانی خۆی لە خت ختۆکەی ئەم دەرفەتە بپارێزێ و بەتایبەتیش کاتێ کە عەبدولمەجید وەک «هێمای پێشکەوتن» فرمانیدا ئافرەتانی حەرەمسەرا شێوازی جلوبەرگ پۆشینی خۆیان بگۆڕن و جلی مۆدێرن بپۆشن. قەیسەرییەکانی قوستەنتەنیە پڕببوو لەو کەلوپەلانەی کە ئافرەتانی حەرەمسەرا بە تامەزرۆییەوە دەیان کڕین .

گەڕیدەیەکی ئینگلیزی بەێوی (توگای) لەوبارەیەوە نووسیویەتی: «*هیچ شوێنێک لەم دنیایەدا تەنانەت بولوارەکانی پاریس و ڕیجنت ئیستریتی لەندەنیش ناتوانن خۆیان لە قەرەی ئەو کەڵە شتومەکە بدەن کە لە بازارەکانی قوستەنتەنیەدا دەخـــرێنەڕوو*». لەو بەینەدا پێدەچوو هەندێ لەو شتومەکە نوێیانەی لە بابەت شووشەی بۆیاخی قژ زۆر سەرنجی ئافرەتانی حەرەمسەرای بۆ لای خۆی ڕاکێشابێ، چونکە عەبدولمەجید کوشتەی ئافرەتی قژ زەردو چاوشین بوو.

ئەو بیانییانەی کە نیشتەجێی قوستەنتەنیەبوون، دەیانتوانی شتومەکی دەگمەنی درووستکراوی وڵاتانی ڕۆژئاوا، هەرلە ئابجۆی ئینگلیزییەوە بگرە تا پەنیری فەرەنسایی و صابوونی ئەڵمانیایی لە دوکانەکانی «پڕا» و «ئیستامپا» دەستەبەر بکەن. (ئیستامپا) خۆی ئینگلیزی نەدەزانی، بەڵام کوڕەکەی لە لەندەن خوێندبووی، لەمڕووەوە دوکانی ئیستامپا ببووە شوێنی کۆبوونەوەی ئەوروپاییەکان و ئیستامپا و کوڕەکەی هەموو جۆرە زانیارییەکیان سەبارەت بە وادەی هاتن و دەرچوونی کەشتییەکان و میوانداریەکان و..هتد، دەخستەبەر دەستی مشتەرییەکانیانەوە.

* * *

دوورتر لە دۆڵمە باخچەو لە باکورییەوە، کۆشکێکی دیکەی وەک کۆشکە پڕشکۆکەی عەبدولمەجید هەبوو کە لەویشدا، پادشایەکی دەسەڵاتدار و تاکڕەوی وەک عەبدولمەجید دەسەڵاتی دەگێڕا. ئەم شوێنە ناوی (کۆشکی زستانە) بوو، کە لە سەرلێواری ڕوباری (نوا) لە سەنپترسبۆرگ بنیادنرا بوو و، ئەو پاشایە سەڵاتدارەش کە حوکمی تێدا دەکرد، قەیسەری ڕوسیا و نێوی نیکۆلای یەکەم بوو.

لە ساڵی ١٨٥٣ (١٢٦٩ی کۆچی)، تورکیا و ڕوسیا لە زۆر ڕووەوە پێک دەچوون؛ میوانداری و شەونشینییە پڕشکۆکانی دەرباری ئیمپراتۆرییەتی سەنپترسبۆرگ، بە ڕادەیەک مەزن و پڕ لە باقوبریق بووە کە هونەرمەندی فەرەنسایی *مۆراس ڤێرنە*،لەو بارەیەوە نووسیویەتی: «*مرۆڤ پێیوابوو کەوا خەریکە لە ناو ئەڵماسەکاندا نغرۆ دەبـــێ*». بەڵام لەوێش ئەو باقوبریقە بۆ داپۆشین و پەردەپۆشکردنی ئەو هەژارییە

سامناکە بوو، کە باڵی بە سەر (٥٠) ملیۆن کەس لە دانیشتوانی روسیادا کێشابوو. وەک چۆن لادێییەکانی تورکیا سووکایەتییان پێدەکرا، ئاواش لەوێ ئەو خەڵکە بە چاوی سووک سەیر دەکرا، بەڵام لە هەمانکاتدا دەسەڵاتدارانی روسیا پتر لە عوسمانییەکان لە هەمبەر بارودۆخی جیهانیدا وشیارتر و چاو کراوەتر بوون.

گەڕیدەیەکی ئینگلیزی کە بانگهێشتی میوانداریەکی قەیسەری روسیا کرا بوو، سەری سوڕمابوو لەوەی کە چۆن ئەو پاشایە زاڵمەی کە بەچەند زمان دەدوا، تەنها لەسەر ئەوەی خزمەتکارەکەی داواکارییەکی ئەوی بە پێچەوانەوە جێبەجێ کردبوو، هێندەی شەق تێهەڵدابوو کە تاسەر لێواری مردنی بردبوو.

روسیاش وەک تورکیا، دواکەوتوو بوو؛ لەو کاتەیدا کە تورکەکان لەو باوەڕەدا بوون سوڵتان نوێنەر و خەلیفەی خوایە لە سەرزەوی، موژیکەکانی روسیاش زۆربەتووندی سووربوون لە سەر ئەو باوەڕەی کە قەیسەر هەفتەی جارێک بۆ راوێژکردن لەگەڵ یەزداندا دەچێتە ئاسمان.

هەموو میوانخانەکانی سەنپترسبۆرگ و تەنانەت کۆشکی زستانەی قەیسەریش، پڕ بوون لە مۆریانە و رەنگبێ هۆی ئەمەیش بگەڕێتەوە بۆئەو گایانەی کە شیری تازەیان لێدەدۆشین و لە سەربانی کۆشک وجێی دانیشتنی هاوسەری قەیسەر رادەگیرذران.

نیکۆلا وەک عەبدولەجید کابرایەکی خۆش گوزەران نەبوو و پتر خۆی بە سەربازدەزانی؛ کاتێ کە سەردانی بەریتانیای دەکرد و لە کۆشکی باکینگهام و لای شاژن ڤیکتۆریا دابەزیبوو، فرمانیدا لە تەویلەی پاشایەتییەوە هەندێ کای بۆ بێنن تا لەو دۆشەگەی بکات کە لە روسیاوە لەگەڵ خۆیدا هێنا بووی و ئەمەش بووە مایەی سەرسوڕمانی ئامادەبوان و شاژنی ئینگلیز.

ڤیکتۆریا، قەیسەری بە (پاشایەکی تاکرە و دەسەڵاتدار) لە قەڵەم دەدا. ئاکاری زۆردارانە و نیگایە بوغراکانی بە هۆی ئەو عەیبەی کە لە یەکێک لە چاوەکانی دابوو، پتر کاریگەر بوون و بەشێوەیەک بووە کە ڤیکتۆریا نووسیویەتی : *«حاڵەتی چاوەکانی بەرادەیەک سامناکە کە تا ئێستا شتی وام نەدیتووە.»*

قەیسەر گەیشتبۆ ئەو ئەنجامەی کە کاتی ئەوە هاتووە دەست بە پەلاماردانی ئەملاوئەولا بکات و شان وشکۆی دەربارەکەی مەزنتر بکات و باشترین شوێنیش بۆ پەلاماردان ئیمپراتۆرییەتی عوسمان بوو. زۆر بە ئاسانی گرژی و ناکۆکی بە بیانووی پتەو کردنی مافی روسیا لە مەڕ پاراستنی شوێنە پیرۆزەکانی مەسیحییەکان لە قودس کە بە پێی پەیماننامەی(کوچوک *قینارجی*)،لە حەفتا ساڵ پێشترەوە بە روسیا سپێردرا بوو و،تا ئەو ساتە جێبەجێ نەکرابوو، هاتە ئاراوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبوایە نیکۆلا بەوردی هەنگاو بنێت، چونکە پێویستی بە پشتیوانیی بەریتانیا هەبوو.بەریتانیا لەو روانگەیەوە جێی بایەخ بوو کە دوای شۆڕشەکانی ساڵی ١٨٤٨، کە دارمانی سەڵتەنەتی لوئی فلیپ لە فەرەنسا و راکردنی فەردنیاند لە ئۆتریشی لێکەوتبۆوە، بە تاکەتاج وتەختی پتەوی ئەورووپا لە قەڵەم دەدرا. نیکۆلا لە زنجیرە دانوستانێکی سەیرو سەرشێتانەدا لەگەڵ سێر هاملتۆن سیمۆری باڵیۆزی بەریتانیادا، هەوڵیدا ئینگلیزەکان بکاتە هاوپەیمانی خۆی و، بەم شێوەیە رێگە بۆ

بەدیهاتنی مەرامەکانی خۆش بکات.قەیسەر بە مەبەستی دانوستانێکی تایبەتی، سیمۆری بانگ کردە کوشکی زستانەو زۆر بە نەرمی پێی گوت کە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە هەژارییەکی سامناکدایەو واباشە کە روسیاو بەریتانیا ناوچە ئەوروپاییەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە ژێر دەستی سوڵتان دەرهێنن و بە سەربەخۆیاندا بیبەشنەوە و گوتی: «*تورکیا بارودۆخێکی ئاڵۆزی هەیەو و وەک نەخۆشێک وایە کە لە سەرەمەرگدا بێت. ئەگەر رۆژێ لە رۆژان بەرلەوەی کە ئەو نەخۆشە کارەکانی رێکبێخرێن بمرێت، ئەوا جێی داخ و کەسەرێکی زۆرە و گەلێ گیروگرفت دێنێتە ئاراوە*». دەبوایە باڵیۆزی بەریتانیا لە قسەکانی قەیسەر تێگەیشبێ، بەڵام چەند شەو دواتر و لە میانەی میواندارییەکی تایبەتی دووبارە قەیسەر رووی قسەی لە باڵیۆزی بەریتانیا کرد و راوبۆچوونەکانی خۆی بۆ خستەروو . لەگەڵ ئەوەشدا وای نیشاندا کە بە هیچ جۆرێک چاوی نەبڕیوەتە زەوییەکانی تورکیا و بەم قسەیە کۆتایی بە قسەکانی خۆی هێنا: «*ئێستاکە من دەمەوێ وەک دۆست و جێنتڵمانێک قسەتان لەگەڵدا بکەم. ئەگەر لەمبارەیەوە بەریتانیا لەگەڵ مندا رێک کەوێت، ئەوا شتێکی ئەوتۆ نامێنێتەوە. ئەوەی کە خەڵک دەیڵێن، یان بیری لێدەکەنەوە، بەلای منەوە گرنگ نییە و زۆر بە راشکاوییەوە پێتان دەڵێم : ئەگەر بەریتانیا بیهەوێ لە یەکێ لەم رۆژانە دا لە قوستەنتەنییە جێگیر بێت، ئەوا من رێگەی پێ نادەم، بەڵام منیش لە لای خۆمەوە بەڵێنتان پێدەدەم کە قوستەنتەنییە داگیر ناکەم.*»

چەند رۆژێک دواتر قەیسەر ئەوەی لە سێمور دووپاتکردەوە: «*پیاوە نەخۆشەکە لە سەرەمەرگدایەو، من بە هیچ شێوەیەک رێگە نادەم کە ئەم رووداوە غافڵگیرمان بکات. ئێمە دەبێ لە مبارەیەوە بگەینە رێککەوتنێک*».رۆژی دواتر کە بێگومان بۆهاندانی بەریتانیاییەکان بوو، گوتی: «*ئەگەر ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بڕمێت و بەریتانیا میسر داگیر بکات من هیچ دژایەتییەکم لەگەڵ ئەم کارەدا نابێ و سەبارەت بە دوورگەی کێرتیش هەر ئەوە هەڵوێستم دەبێ.رەنگبێ بەریتانیا چاوی بڕیبێتە ئەم دوورگەیەوەو، پێموایە کەدەبێ بەریتانیا ببێ بە خاوەنی ئەم دوورگەیە*».

باڵیۆزی بەریتانیا لەبەرامبەر ئەم پێشنیازە سەرسوڕهێنەرەداو لە وەڵامدا، گوتی لەو باوەڕە دانییە بەریتانیا حەزی لە داگیرکردنی میسر بێت، چونکە ئەوەی کە بەریتانیا مەبەستییەتی ئەوەیە کە رێگایەکی پەیوەندیکردنی ئەمینی بە هیندوستانەوە هەبێ. بەڵام وەڵامی قەیسەر سەرسوڕمانی سیمۆری لەوەندی کە هەشبوو پتر کردو، قەیسەر گوتی: «*زۆر باشە، وا لە وڵاتەکەتان بکە لەمبارەیەوە چاوێک بە سیاسەتەکانی خۆیدا بخشێنێتەوەو، راو سەرنجی وڵاتەکەتان بە دوورودرێژی بە من رابگەیەنن. من لە دەوڵەتی بەریتانیا دڵنیام و لەو بارەیەوە هیچ جۆرە بەڵێن، یان رێکەوتنێکی نوسراویشم ناوێ و بگرە حەزم لە راگۆڕینەوەی ئازادەو لەکاتی پێویستیشدا تەنها بەڵێنێکی جێنتڵمانانە بەسە*».

قەیسەر دەیویست چی بکات و بیری لە چی دەکردەوە؟ ئایا بەڕاستی پێیوابوو کە بەریتانیاییەکان وا بە ئاسانی رەزامەندی لەسەر پێشنیازەکانی دەدەن و باوەڕ بەو

درۆیە ئاشکرایانەی دەکەن؟ بەهەرحاڵ سیمۆر بە پەڵە ئەم مەسەلەیەی بە لۆردجان ڕاسێل، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ڕاگەیاندو لە ڕاپۆرتێکدا کە لەو بارەیەوە ناردی، نووسی: *«قەیسەر کەوا بەسەختی جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە بەم زووانە وڵاتێکی دراوسێی دادەڕمێ، بەدڵنیاییەوە ئەم بابەتەی لەلای خۆی وا گەڵاڵە کردووە، کە ئەگەر هەلومەرج بۆ لێک هەڵوەشاندنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەباریش نەبێ، ئەوا بۆ خولقاندنی هەندێ ڕووداو کە ئەم لێک هەڵوەشاندنەوەیەی لێبکەوێتەوە، لەبارە».*

* * *

بێگومان، ئەم ڕاوبۆچوونەی سیمۆر دەوڵەتی بەریتانی هاندا تا بەوپەڕی ئەدەبەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا بەشێوەیەکی بنبڕ، هەموو جۆرە دانوستانێکی نهێنی سەبارەت بە مەسەلەی ڕۆژهەڵات، لەگەڵ قەیسەر دا ڕەت بکاتەوە. (٤)
نیکۆلا بە بیستنی ئەم وەڵامە زۆر نارەحەت بووە، چونکە پێشتر لەلای خۆیەوە دڵنیاببوو لەوەی کە لەگەڵ بەریتانیادا دەگاتە ڕێککەوتنێکی لەو چەشنەی کە خۆی گەرەکی بوو. بۆیە زووبەزوو دەستی کرد بە لۆمەی «پالمیرستۆنی بێ ئەدەب» و «سەگی تورکەکان» و سەبارەت بە مافەکانی روسیا لە پاراستنی شوێنە پیرۆزەکانی مەسیحییەکانی دانیشتووی تورکیا، پێداگرتنێکی سەیری لەخۆی نیشانداو لەو بارەیەوە هێندە چووە پێشەوە کە سەرئەنجام مەسەلەی بەرپرسیارییەتی روسیای لەبارو گوزەران و ژیانی پەیڕەوانی مەزهەبی ئۆرتودۆکس لەسەرانسەری خاکی عوسمانیدا هێنایە ئارایەوە.
بۆ جارێکی دیکە ئیستراتفۆرد کنینگی دۆستی دێرینی تورکیا گەڕایەوە گۆڕەپانەکە. کنینگ کە پێشتر باڵیۆزی بەریتانیا بوو لە قوستەنتەنییە، ساڵێک پێشتر خانەنشین کرابوو و، گەڕابۆوە بەریتانیا و پلەی (لۆرد)ی پێبەخشرابوو. ئێستا بەریتانیا نێوبراوی بەنازناوی (لۆرد ئیستراتفۆرد دۆردکلین) ەوە دەناردەوە تورکیا. هەر کە مەترسی جەنگ پەرەی سەند، لەلایەن بەریتانیاوە فرمانی پێدرا هەموو هەوڵێکی خۆی بۆ هێورکردنەوەی هەردوولا (تورکیاو روسیا) بخاتە گەڕ، بەڵام ئیدی درەنگ بوو؛ نیکۆلا هێندە هاتبۆ پێش کە ئیتر توانای پاشەکشێی نەمابوو.
ئیستراتفۆرد، پیاوێکی سەیر بوو؛ بەیەکێ لە قوتابییەکانی پێشووی قوتابخانەی ئیتۆن لەقەڵەم دەدرا، کە زۆربەی سەردەمی کارو خزمەتی سیاسیی خۆی لە تورکیادا گوزەراندبوو و، کاریگەرییەتییەکی لە رادەبەدەری بەسەر عەبدولمەجیددا هەبوو.
ئۆرسلیی مێژوونووسی ئینگلیزی، نێوبراو بە؛ *«گەورەترین دیپلۆماتێک دەزانی کە تا ئێستا لە خزمەت دەوڵەتی بەریتانیادا بووەو، بە پیاوێکیشی دەزانێ کە هەموو بەرپرسیارییەتییەکانی دەگرتە ئەستۆی خۆی و لەجیاتی ئەوەی کەسیاسەتی وڵاتەکەی خۆی پیادە بکات، ڕێوشوێنی پێویستی بە وڵاتەکەی خۆی نیشان دەدا».*
ئیستراتفۆرد، پیاوێکی باڵابەرزی بەهەیبەت و دەستپاک بوو. تورکەکان لە دڵەوە باوەڕیان پێی هەبوو و خۆشحاڵ بوون لەوەی کە مامەڵە و دانوستانی لەگەڵ

هیچکام لەدەسەلأتدارانی تورکیادا نەکردبوو کەدەستیان بەخوێنی خەڵک سوور بوو. ئەو لە ژیانی دا دوو ئامانجی هەبوو؛ یەکەمیان ئەوەبووکە تورکەکان ناچار بکا لە سیستەمی دەسەلأتی خۆیاندا هەندێ ڕیفۆرم ئەنجام بدەن و ئەوەی دیکەشیان ئەوەبوو کە خزمەت بە ولأتەکەی خۆی بکات. بەلأم لە گەیشتن بەو ئامانجانەدا تووشی شکست و ناکامی بوو. ڕەنگبێ هۆیەکەشی بگەڕێتەوە بۆ ئەو دوژمنایەتییە شەخسییەی کە لە گەڵ ڕوسیادا هەیبوو، چونکە لە ساڵی ١٨٣٣دا، نیکۆلای قەیسەری ڕوسیا، نێوبراوی بە باڵیۆزی بەریتانیا لە ڕوسیادا قەبوڵ نەکردبوو. ئەم دوژمنایەتییە کە لەکاتی ئاشتی دا کاریگەرییەتییەکی ئەوتۆی نەبوو، ئێستا کە باسی جەنگ لە ئارادابوو، چەند جارێک بووە مایەی نارەحەتی دەوڵەتی بەریتانیا. بەلأم تورکەکان خۆشیان دەویست و نازناوی (بیوک ئیلچی ـ باڵیۆزی مەزن)یان پێ بەخشیبوو.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی مەترسیی جەنگ، وردە وردە ئەوە بەدیار دەکەوت کە ئیدعاکانی ڕوسیا سەبارەت بە ڕزگارکردنی مەسیحییەکان و پاراستنی شوێنە پیرۆزەکان تەنیا بیانوویەک و پەردەیەک بووە بۆ شاردنەوەی مەرامە فراوانخوازانەکانی قەیسەر.

ڕۆژنامە سانسۆرکراوەکانی ڕوسیا بە «جیهادی پیرۆز» نێویان دەبرد، بەلأم هەمووان دەیانزانی کە ئامانجی سەرەکی قەیسەر، دەستبەسەراگرتنی قوستەنتەنییەیەو دەوڵەتی بەریتانیاش نەیدەتوانی ڕازی بێت لەسەر ئەوەی کە بەبەرچاویەوە پایتەختی عوسمانی بکەوێتە دەست ڕوسیا و شاڕێی ستراتیژیی خۆی لە پەیوەندیکردن بە هیندستان بپچڕێت.

لەنێوخۆی بەریتانیاش هۆکارە سیاسیەکان گۆڕابوون؛ ئەو نەوەیەی شەڕی فەڕەنسایيەکانی دیبوو، جێی خۆی دابوو بە نەوەیەک کە هیچی لە شەڕ نەدەزانی و لە دڵیاندا، قین و نەفرەت لە فەڕەنسایيەکان جێی خۆی دابوو بە ترسان لە ڕوسیاو بارودۆخ پێچەوانە ببۆوە.ئۆتریش و فەڕەنساش بە نۆرەی خۆیان لە ڕوسیا دەترسان، چونکە ئەگەر بهاتایە ڕوسیا توانیبای دەست بەسەر قوستەنتەنییەدا بگرێ، سەروەری دەریاییی فەڕەنسایيەکان لە دەریای ناوەڕاستدا دەکەوتە مەترسییەوەو، ئۆتریشیش لەوەدەترسا کە ئەگەر ڕوسیا لەڕادەبەدەر بەهێزبێ، ئەوا ڕەنگە پەلاماری سنوورەکانی ئەوانیش بدات.

ئینجا لەم ڕوانگەیەوە، ولأتە ئەوروپاییەکان جارێکی دیکە پێشنیازی ئاشتییان دابە ڕوسەکان و نوێنەرانی تێکڕای ولأتانی ئەوروپا جگە لەڕوسیا، لە ڤییەننا کۆبوونەوەو سەرئەنجام بۆ نەهێشتنی ناکۆکی ئایینیی نێوان تورکیاو ڕوسیا، هاوکێشەیەکیان دۆزییەوە. ئەم هاوکێشەیە کە پێدەچوو مەنتیقی بێت، بواری ئەوەی بە نیکۆلا دەدا کە بەبێ ئەوەی ئابڕووی بچێ لەم جەنگە بکشێتەوەو پاشەکشێ بکات. نیکۆلا لە نێوان خۆشحاڵیی گشتیدا ڕەزامەندی خۆی لەسەر ئەم هاوکێشەیە دەربڕی و ولأتە ئەوروپاییەکان هاوکێشە پێشنیازکراوەکەیان خستە بەردەمی تورکەکان و دەوڵەتی بەریتانیا فرمانی بە باڵیۆزەکەی خۆی دا، کە هەموو هێزو توانای خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی تورکەکان لەسەری ڕازی بن و قەبوڵی بکەن.

کاریگەریی ئیستراتفۆرد بەسەر سوڵتانی عوسمانی هێندە زۆر بوو کە دەوڵەتی بەریتانیا دڵنیابوو لەوەی کە ئیستراتفۆرد دەتوانێ وا لە عەبدولمەجید بکات کە ئەم هاوکێشەیە قەبوڵ بکات، بەلاّم ئایا ئیستراتفۆرد هی ئەوە بوو کە پشتی پێ ببەستریّ؟ لۆرد ئێبردینی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لەو بارەیەوە بەڕادەیەک گومانی هەبوو کە یاداشتێکی ناردە وەزارەتی دەرەوەو نووسی: «*من، شاژنم بۆ ئەوە ئامادەکردووە کە بتوانێ قەبووڵی ئەوە بکات کە لە پڕێکا ئیستراتفۆرد دەست لەکار بکێشێتەوە*». لۆرد کلاریندۆنی وەزیری دەرەوە لە وەلاّمدا گوتی: جێی داخە کە دەوڵەت گومانی لە هەوڵەکانی ئیستراتفۆرد بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی هەیە.مەسەلەیەکی دیکەش کە ببووە هۆی مانەوەی ئیستراتفۆرد لە تورکیا ئەوەبوو، کە لەو کاتەدا هیچ ئەلتەرناتیڤێک بۆ جیّ گرتنەوەی نەدەبیندرا. چیوای پێنەچوو کە ترسی دەوڵەتی بەریتانیا بووە ڕاستی و نەفرەتی ئیستراتفۆرد لە روسیا، کە لای ئیستراتفۆرد ببوو بەگرێیەکی دەروونی و، باوەڕیی بەوەی کە تورکەکان سووکایەتییان پێکراوە، بووە هۆی ئەوەی کە ئیستراتفۆرد نەتوانی بە باشترین شێوە ئەرکی خۆی بەجیّ بگەیەنێ. ئەو بە شێوەی ڕەسمی فرمانی ولاّتەکەی خۆی جێبەجیّ کردو داوای لە تورکەکان کرد کە ڕەزامەندی لەسەر ئەو هاوکێشەیە بدەن کە ئەورووپاییەکان پێشنیازیان کردووە، بەلاّم لە گفتوگۆ تایبەتییەکان و ئەو شێوازەی کە لە خستنەڕوو و ناساندنی نێوەرۆکی هاوکێشەکەدا بەکاری برد، بووە هۆی ئەوەی کە دەسەلاّتدارانی تورکیا کە بە باشی دەیانناسی بگەنە ئەو قەناعەتەی کەوا ئیستراتفۆرد ڕەزامەندییەکی ئەوتۆی لەسەر بڕیاری ولاّتەکەی خۆی نییە و لەگەڵیاندا ناکۆکە. بۆیە تورکەکان زۆر بەڕاشکاوی پێشنیازەکەی ڤییەننایان ڕەتکردەوەو بەو شێوەی کە ئۆرسلی نووسیویەتی: «*ئیستراتفۆرد بووە هۆکاری هەلاّیسانی ئەو شەڕەی کە لەنێوان روسیاو بەریتانیادا بەرپا بوو*».

لەڕوانگەی تورکەکانەوە کە لە خۆشیان ئاگایان لە خۆ نەمابوو، ئیستراتفۆرد هیشتا هەر باڵیۆزی مەزن بوو. هەرچەندەکە تورکەکان بەهاندانی ئیستراتفۆرد کەوتبوونە جەنگەوەو ئیستراتفۆردیش ببوو بە هۆکاری کوژرانی هەزاران تورک، بەلاّم تورکەکان بە یارمەتی فەرەنسا و بەریتانیا توانیان روسیا بە چۆک دابێنن و شکستی بدەن و دەرفەتێکی بیست ساڵەی دیکە بە ئیمپڕاتۆرییەتە ڕوو لە نەمانەکەی خۆیان ببەخشن.

* * *

فەسڵی هەشتەم

شێتەکەی کۆشکی دۆڵمە باخچە

جەنگی کریمە کە سێ ساڵی خایاند، هێندە کاریگەرییەتی بەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی تورکیاوە نەبوو. هەندێ لە خەڵکی تورکیا نێوی چەند شەڕێکی گرنگی وەک بالاکلاوا، ئینکرمان و سواستۆپۆل یان هەر نەبیستبوو. لە ڕۆژانی جەژندا، کاتێ شازادە تورکەکان دەچوونە مزگەوت، سەر ڕێگەیان لە هەموو ئەو شتانەی کە بەجۆرێک نیشانگەری جەنگ بوو و، ڕەنگبوو گالیسکەکانیان تەکان بدات، پاک دەکرایەوەو لە پێش چاوی خەڵک ون دەکران.

زۆر لە خەڵکی تورکیا بەشداری ئەم جەنگەیان کرد کە یان کوژران، یان تووشی برسیەتی بوون، چونکە بەشە خۆراکی سەربازەکان بە مانگ دوا دەکەوت. بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتە شەڕیان پێ لە دیتنی خاتوو (فلۆرانس نایتینگێڵ)ی ئینگلیزی کە لە کەمپی ئسکودار بەپەرستاریکردن لە سەربازە بریندارەکانەوە خەریک بوو، باشتر بوو و بوونی ئەو ئافرەتە چاکەکارە قینێکی تاڵی لەنێو دڵی تورکەکاندا دەخوڵقاند.

کاتێ کە عەبدولەجید سەردانی بەرەکانی جەنگی کرد، سەربازە تورکەکان زۆر لەوە نارەحەت بوون کە دەیان دیت سوڵتانی عوسمانی شان بەشانی ژەنەڕاڵە ئەوروپاییەکان ئەسپ تاو دەداو سڵاو لەو سەربازە سەرو گوێلاک سوورە کافرانە دەکات، کە لە جیاتی شەڵوار، دامێنیان لە پێ دابوو و قولە ڕووت و توکنەکانیان لەژێر کێلتە سکۆتلەندییەکانەوە دەبیندرا.

جەنگی نێوبراو لە ساڵی ١٨٥٦ و بە ئیمزاکردنی پەیمانی پاریس کۆتایی پێهات و بە پێی ئەم پەیمانە سنوری تورکیا وەک خۆی مایەوەو روسیا وازی لە ئیدعایە ئایینیەکانی هێناو، دەریای ڕەش بەسەر کەشتیە بازرگانیەکاندا کرایەوە. بەڵام ڕێگەنەدرا گەلەکەشتیی سەربازی رووی تێبکەن. گرنگترین بڕگەی ئەم پەیماننامەیە ئەوەبوو کە وڵاتە ئەوروپاییەکان بەڵێنی ئەوەیان دەدا دەست لە کاروباری نێوخۆیی تورکیا وەرنەدەن.بەڕای ئیستراتفۆرد کە لەو بڕوایە دابوو مافی مەسیحییەکانی تورکیا تەنها لە ڕێگای ئەو چاکسازییانەوە دەپارێزرێ کە لەلایەن بێگانەکانەوە

بەسەر تورکیا دابسەپیندرێت، برگەی نێوبراو تاڵترین لێدانێک بوو کە بەدرێژایی ژیانی ئاراستەی دەکرا. بۆیە لەکاتی ئیمزاکردنی پەیمانەکەدا گوتی: *«بەلامەوە واباشترە کە دەستی ڕاستەم ببڕنەوە، بەڵام ژێر ئەم پەیمانە ئیمزا نەکەم».*

* * *

شەڕی کریمە ببووە هۆی ئەوەی کە بەشێوەیەکی کاتی ڕوسیا خەیاڵی هێرشکردنە سەر قوستەنتەنییە لە بیر خۆی بەرێتەوە. بەڵام ئێستاکە دەروازەکانی پایتەخت، بەسەر پەلاماردەرێکی بێڕەحم و بەزەیی کە بەهیچ بنەمایەکی ئەخلاقییەوە پابەند نەبوو، کرابۆوە کە ئەویش هەمان سەرمایەدارانی ئەوروپایی بوون. عەبدولمەجید لە پێنج ساڵی دوایی تەمەنی، بوو بە تاکە سوڵتانی عوسمانی کەبەدوای سودخۆرە ئەوروپاییەکانەوەبوو. عەبدولمەجید بە بیانووی شەڕی روسیاو، بەمەبەستی نوێکردنەوەی سوپاکەی قەرزێکی زۆری وەرگرت، بەڵام بەشی زۆری ئەو پارەیەی لە کۆشکی دۆڵمەباخچە خەرجکردو ئەوەی دیکەشی چووە گیرفانی خۆی و کار بەدەستانی دیکەی وڵات.

کاتێ کە یەکێ لە کچەکانی عەبدولمەجید شوی کرد، عەبدولمەجید چوار ملیۆن فرانکی لە جلی بوکێنی و جیازو مەراسیمی گواستنەوەی، کە هەفتەیەک درێژەی هەبوو، خەرجکرد. عەبدولمەجید لەساڵی ١٨٦١ (١٢٧٧ـی کۆچی)،کۆچی دوایی کرد و براکەی عەبدولعەزیز لە جێی دانیشت و بەدیار کەوت کە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی نەک هەر لەڕووی ماددی، بگرە لە رووی مەعنەویشەوە، وەرشکست (نابووت)بووە.

سوڵتانی نوێ باباپەکی کەتەی ١٣٠ کیلۆگرامی بوو کە یەکەم کارێک کە کردی ئەوەبوو هەستا چوو تەختە خەوێکی بەدرێژی چوارمەترو پانیی پێویست بەڕادان دا تا جێی لەشە قەبەکەی و دوو سێ یەک لە ژنەکانی لەسەر جێگەک ببێتەوە. نێوبراو (٩٠٠) ژنی هەبوو کە بەهۆی (٣٠٠٠) خواجەسەراوە دەپارێزران.

هەموو شتێکی عەبدولعەزیز لە هەموو ڕوویەکەوە گەورەو قەبە بوو. عاشقی نانخواردن بوو و، زۆریش کەیفی بە هێلکەو ڕۆن دەهات و زۆربەی کات دوازە هێلکەی بە ژەمێک دەخوارد. بەڵام ئەغلەب خواردنەکەی بەردەمی خۆی تەواو نەدەکرد، چونکە عادەتی وابوو قاپی چێشتەکەی بەیەکێک بەو دەرباریانە دادات کە بەجۆرێک خوڵقی تێک بدابایە، بەتایبەت بەو کەسانەی کە ڕازی نەدەبوون بۆ دروستکردنی کۆشکی نوێ و هێنانی ئاژەڵی دڕندەی وەک شێرو پڵینگ لە ئەفریقاوە پارەی بدەنێ.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، لەڕووی سیماو ڕووخسارەوە سوڵتانیکی عوسمانی بێ کەم و کورتی بوو. لەڕووی تەندروستییەوە ڕەنگبێ یەکێ لە تەندرووستترین ئەندامی بەرەبابە تەمەن ٤٠٠ ساڵانەکەی بوویێ، بەڵام تەنها دەکرێ لەم ڕووەوە پێی هەڵابلێین چونکە لەڕاستیدا کەللەسەری بەتاڵ بوو و، شتێک بەناوی مێشکی تێدا بەدی نەدەکرا. ئەو بەڵێنی ڕیفۆرم و پاشەکەوتی دارایی بەخەڵک دەداو لەبەرامبەریشدا ئەو بەڵینانەی نەدەهێنانەدی. هەرچەندە لەو ماوە (١٥) ساڵیەی کە

دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو تووشی هیچ جەنگێک نەهات، بەڵام کارە سەرشێتانەو دوور لە نەریتەکانی بووە هۆی ئەوەی قەرزی تورکیا بە بانکەبیانیەکان بگاتە ٢٠٠ ملیۆن لیرە.

* * *

لەساڵانی دەیەی ١٨٦٠ (١٢٨٧-١٢٧٧ی کۆچی) عەبدولعەزیز لەگەڵ گرفتێکی نوێدا بەرەورووبۆوە و ئەویش ئەوەبوو کە خەڵک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتر جەختیان لەسەر داخوازی دەست پێکردنی چاکسازی و ڕیفۆرم دەکرد. لەمڕووەوە لە ساڵی ١٨٦٥ (١٢٨٢ی کۆچی)دا، واتا دوو ساڵ دوای کوژرانی *ئابراهام لینکۆڵ*-ی سەرۆک کۆماری ئەمەریکا «*کۆڕی عوسمانییە نوێیەکان*»یش بەشێوەیەکی نهێنی لە قوستەنتەنییە دامەزرا. کۆڕی نێوبراو لەسەرەتادا تەنها ٢٤٥ ئەندامی هەبوو کە ڕێبەرەکەیان نووسەرێکی ئازادیخواز بەنێوی *نامیق کەمال* بوو و دوو لە شازادەکانی ئەندامی بنەماڵەی دەسەڵاتدار بەشدارییان لە کۆبوونەوە نهێنییەکانی ئەو کۆڕەدا دەکرد.

ئامانجی ئەنجومەنەکە زۆر ساکارو بریتی بوو لەوەی کەدەسەڵاتە تاکرەوی و ئیستیبدادییەکەی ئەوسا بگۆڕێ بۆ پاشایەتیەکی مەرجدار (مـــشــــروطــه)و پرۆگرامەکەشی لەبەر گیراوەی پرۆگرامی کۆڕێکی نهێنی ئیتالیا بەنێوی کاربۆناری بوو.

داوێنی چالاکییەکانی کۆڕی نێوبراو کە بەپێشقەراوڵی بزاڤی تورکە لاوەکان لەقەڵەم دەدرێت، بەخێرایی پەرەی سەند. ئەندامەکانی شۆڕشگێڕانێکی کەللەڕەق و توندوتیژ نەبوون و مەبەستیشیان نەبوو کۆمەڵگای تورکی بکەن بە کۆمەڵگایەکی ڕۆژئاوایی، بەڵام هەوڵیان دەدا ڕێ بۆ ڕیفۆرمێک خۆش بکەن کە کاردانەوەیەکی توندی لەبەرامبەردا نەکرێت.

لە نێو لایەنگرانی کۆڕەکەدا نیشتمانپەروەرێکی مەزن هەبوو، کە چارەنووس وای دانابوو ڕێچکەی مێژووی تورکیا بگۆڕێت و ئەو نیشتمانپەروەرەش (میدحەت *پاشا*)بوو.

بنەماڵەی میدحەت پاشا، دانیشتووی بولغاریابوون ونێوبراو خوێندنی بەشێوازی کۆن تەواو کردبوو و، لە تەمەنی دەساڵیدا، قورئانی لەبەرکردبوو. لەساڵانی دواتردا فێری زمانی فەرەنسی ببوو و، بەخێرایی لە بەدەستهێنانی پۆستە گرنگەکانی دەوڵەتدا چووبۆ پێشەوە. چەند مانگێک بەر لەوەی دەست بەکاری سیاسی بکات، ڕوخسەتی وەرگرتبوو و بەمەبەستی توێژینەوە لەبارەی ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئەورووپا سەردانی چەند وڵاتێکی ئەورووپایی کردبوو. نێوبراو لە پلەی پارێزگاردا، جێی ڕێزو متمانەی خەڵک بوو و، باوەڕێکی پتەویشی بە دامەزراندن و بەرقەرارکردنی دەسەڵاتێکی مەرجدار (*مشروطە*) هەبوو. سیاسەتمەدارێکی وریاو دەسەڵاتخواز بوو کە بەڕوونی بۆی دەرکەوتبوو تاکە ڕێگای پێشگیری لە دارمانی ئیمپراتۆرییەتی وەرشکەستی عوسمانیی ژێر دەسەڵاتی سوڵتانێکی شێت، ئەوەیە کە لە نێوخۆدا دەست بەڕیفۆرم و چاکسازی بکرێت.

کاتێ عەبدولعەزیز هەواڵی دامەزراندنی ئەم کۆڕە نهێنییەی پێگەیشت، زۆر ترساو تەنها لە دواساتدا لە لەسێدارەدانی ئەندامەکانی پاشگەزبۆوە. بەلام بەخێرایی فرمانی لێک هەڵوەشاندن و بڵاوەپێکردنی کۆڕەکەی دەکرد. ئەم فرمانە کاریگەرییەتیەکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە ژمارەیەکی زۆر لەو تورکانەی لە پۆستە گرنگەکانیان لەبەردەست دابوو، لەبەرامبەر جێبەجێ کردنی بڕیارە بێ سەروبەرەکانی سوڵتاندا هەستیان بەشەرمەزاری دەکرد. بەم پێیە هەرچەندە کۆڕی عوسمانیە نوێیەکان بەشێوەیەکی ڕەسمی هەڵوەشیندرایەوە، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕەسمی کاریگەرییەکی پتری بەسەر خەڵکەوە پەیدا کردو پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە دیت . لەشارە گەورەکاندا، هەندێ لقی لێ دامەزرێندراو، ئەو پەنابەرە سیاسییە تورکانەی کە لە ئەوروپا دەژیان، بە قازانجی ئەم کۆڕە دەستیان کردە پڕووپاگەندە کردن.

زۆر لەو بیانییانەی کە لە تورکیا ئاکنجی بوون، ئاگاداری چالاکیەکانی ئەم کۆڕە بوون. میسیۆنێرێکی ئەمەریکایی بەنێوی (ڤان لێپ) لەدەفتەری بیرەوەرییەکانی خۆیدا لە ساڵی ١٨٦٤، لەمبارەیەوە نووسیویەتی:*«لێرە حزبێک هەیە کە بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتووە لەو لاوانەی کە لە ئەوروپا خوێندوویانە و دەکرێ نێوی لێ بنێین تورکیای لاو. ئامانجی ئەو حزبە ئەنجامدانی ڕیفۆرمی بەرفراوان و قووڵە لە کشت کارو دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا».*

میدحەت پاشا کاریگەرییەکی زۆری بەسەرلاوە خوێندەوارەکاندا هەبوو و، نێوی بەرامبەر بوو بە پێشکەوتن. عەبدولعەزیز بۆی دەرکەوت کە مەترسی ڕاپەڕین و نائارامی لە ئارادایەو لەبەر ئەوەیش کە پێیوابوو پارە چارەسەری هەموو گرفتێکە، بڕیارێکی سەیری داو ئەویش ئەوەبوو کە سەردانی ئەوروپا بکات. ماوەیەک پێشتر ناپلیۆنی سێیەم، عەبدولعەزیزی بۆ پاریس بانگهێشت کردبوو، هەرچەندە کە عەبدولعەزیز لەسەرەتادا نیازی وابوو داوەتەکەی ڕەتبکاتەوە، بەڵام ئێستا ڕای گۆڕابوو و، پێیوابوو کەبەسەردانی ئەوروپا دەتوانی دوو ئامانج بپێکێ و بەقەولی مەعروف بەتیرێک دوونیشان بکشێنێ؛ یەکەمیان ئەوەبوو کە ڕەنگبێ تورکە لاوەکان وای لێکدەنەوە کە چیدی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەروازەکانی خۆی بەسەر بیروباوەڕی ئازادیخوازانەدا داناخاو دووەمیشیان ئەوەبوو کە بێگومان ئامادەبوونی لە ئەوروپا دەتوانێ لەدانەوەی سودی قەرزە دوو سەد ملیۆن لیرەییەکەیدا یارمەتیی بدات. لەهزری بچوکی عەبدولعەزیزدا هەموو شتێک ئاوا بە ساناییی چارەسەر دەبوو. پێویستە ئەوەش بگوترێ کە ئەو سەردەمە، بەسەردەمی دان وستانی گەورە لە قەڵەم دەدراو، لەهەمان ساڵدا ئەمەریکا ناوچەی (ئالاسکا)ی بە بەهای (٧) ملیۆن دۆلار لە روسیا کڕیبوو. کەواتا عەبدولعەزیز هەرگیز ئەوەی بەمێشکدا نەدەهات کە لە وەرگرتنی قەرزی نوێ بەمەبەستی دانەوەی سودی قەرزە کۆنەکانی، لەگەڵ گرفت دا بەرەوڕوو دەبێتەوە.

* * *

عەبدولعەزیز لە ساڵی ١٨٦٧ (١٢٨٤ی کۆچی)، سەردانی پاریس و لەندەنی کرد،

بەڵام ئاکامی سەردانەکانی بە پێچەوانەی لێکدانەوەو خواستەکانی دەرچوون. بەر لە دەست پێکردنی سەردانەکەی عەبدولعەزیز، ئەوروپاییەکان وەک ڕووناکبیرترین دەسەڵاتداری سیلسیلەی عوسمانی نێویان دەهێنا کە بۆ یەکەمجار سەردانی ئەوروپا دەکات. بەڵام دیتنی شان و شکۆو دەوڵەمەندیی فەڕەنساو بەریتانیا کاریگەرییەتیەکی وەهای کردە سەر عەبدولعەزیز کە تا کۆتایی تەمەنی تووشی گرێی خۆ بەکەم زانیی کرد. ئەمەش وایکرد کە بەشێوەیەکی شێتانە پابەندی ڕۆتین و شکۆی ڕووکەشی دەربارەکەی بێت و تەنانەت وای لێهات هەندێ لە وەزیرو کاربەدەستە پایە بەرزەکانی دەوڵەت لەبەرامبەر ئەم سەرکێشییە ڕاپەڕن و لێی هەڵگەڕێنەوە.

لە پاریس، ڕۆژە هێمنەکانی ئیمپراتۆرییەتی ناپلیۆنی سێیەم ڕووەو کۆتایی دەچوون، بەڵام پێشانگای گەورەی نێو دەوڵەتی، ژمارەیەکی زۆر لە پادشایەکانی ئەوروپا و هاوسەرەکانیانی لە چوار گۆشەی دنیاوە ڕاکێشابۆ پاریس. تا ئەو کاتە هەرگیز کۆبوونەوەیەکی وەها و بە ئامادەبوونی ئەو هەموو ئیمپراتۆر و پادشایە لەیەک کات و لەیەک شوێندا نەبیندرابوو. بەڵام هیچ کام لەوان بەقەدەر سوڵتانی عوسمانی سەرنجی فەڕەنساییەکانی ڕانەکێشا.

بەر لەهاتنی عەبدولعەزیز ڕۆژنامەیەکی پاریسی پێشبینیی ئەوەی کردبوو:«*سوڵتان بەسواری کالیسکەیەکی ئاڵتونی و لەکاتێکدا کە ژمارەیەک لە ئافرەتە پەری شێوەکانی حەرەمسەراکەی بەپێیان بەدوای دادەڕۆن و لە دوای ئەوانیشەوە ژمارەیەک فیل کە زنجیری زێڕیان لەملەو خوڵامەڕەش پێستەکان ڕایان دەکێشن، پێدەنێتە پاریسەوە*». بەڵام ڕاستی مەسەلەکە بە پێچەوانەوەبوو، چونکە کاتێ ئەو شەمەندەفەرەی کە سوڵتان لێی سوار ببوو هاتە نێو گاردۆلیۆنی پاریسەوە، فەڕەنساییەکان بە دیتنی بابایەکی کەتەی وەک عەبدولعەزیز کە جلی ئەستەمبۆڵی ساکاری پۆشیبوو و، فینەی سووری لەسەرنابوو، واقیان وڕما و تووشی نائومێدی بوون.

ناپلیۆنی سێیەم میوانداریەکی زۆر پڕشکۆی لە سوڵتانی عوسمانی کردو بەم بۆنەیەوە کۆشکی ئەلیزیی وەک کۆشکێکی ئەفسانەیی نێو ئەفسانەی هەزارویەک شەو لێکرد، بەڵام دیدار گفتوگۆکانی نێوان ئەم دوو ئیمپراتۆرە سەرکەوتنێکی ئەوتۆی تێدا بەدی نەکرا. چونکە کاتێ کە ناپلیۆن لەمیانەی قسەکردنەکاندا ئاماژەی بە خزمایەتی ئێمێ و ژۆزێفین کردو گوتی ئەوان لەلای نەنکیانەوە دەبنە خزمی یەکدی، سوڵتان زۆری پێ ناخۆش بوو و، کاتێ فەڕەنساش قەرزی نوێی نەدایە، ساردی نێوانیان گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. لە بەریتانیا عەبدولعەزیز چاکتری ڕابوارد، هەرچەندە کە میوانداریەتی ئینگلیزەکان بەقەدەر میوانداریی فەڕەنساییەکان پڕشکۆ نەبوو.

کاتێ سوڵتان لەگەڵ برازاکانی؛ موراد و عەبدولحەمید، لە دەریای مانش پەڕییەوەو پێی نایە سەرخاکی بەریتانیا، شاژن ڤیکتۆریا دوای چەند هەفتە بگرەو بەردە ئامادەبوو لە خەڵوەتەکەی خۆی بێتەدەر و چاوی بە سوڵتان بکەوێت، بەڵام لە

دەفتەری بیرەوەرییەکانی خۆیدا لەمبارەیەوە نووسی: «*هیوادارم هەرگیز نەیەتەوە بەریتانیا*».
بەم پێیە ڤیکتۆریا عەبدولعەزیزی بانگهێشتی کۆشکی ویندسۆر کردو دەوڵەتی بەریتانیاش ئەوەی لەدەستی هات کردی، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش نەگەیشتە ئەو میواندارییەی کە فەڕەنسایەکان لە عەبدولعەزیزیان کرد.
لەوبەرئەوبەری شەقامەکانی لەندەن، حەشامەتی خەڵک بۆ پێشوازی سوڵتانی عوسمانی وەستابوون، چونکە ئەگەرچی ئێستاکە جەنگی کریمە بووە بەشێک لە مێژوویان، بەڵام خەڵکی بەریتانیا هاوپەیمانە ئازاکەی خۆیان لەبیرنەکردبوو. لەو ساتەوەی کە عەبدولعەزیز لە بەندەری (دوڤێر) سواری شەمەندەفەربوو و، مەودای دوو کاتژمێریی نێوان ئەوێ و پایتەختی بەریتانیای بڕی و دوایش کە بە گالیسکەی ئاڵتونی و ئیسکۆرتی سوارە نیزامی پاسەوانانی پاشایەتی پێی نایە کۆشکی باکینگهام، زۆر بەسەختی کەوتە ژێر کاریگەری سەروەت و سامان و گەورەیی ئەو وڵاتەوە. بەڵام کاردانەوەشی سەرنج ڕاکێش بوو؛ چونکە ئەو شەوەی کە لەلایەن شارەوانی لەندەنەوە بانگهێشت کرابوو، سواری ئەسپێکی سپی بوو و، لە کاتێکدا کەسینگی جلە سەربازییەکەی دنیایەک نیشان و هێمای پێوەبوو و، جەقەیەکی ئەڵماسی گەورەشی لە فینەکەی دابوو، بەشداری میواندارییەکەی کرد. لوتکەی میواندارییی ئینگلیزەکان ئەو خۆنیشاندانە دەریاییە بوو کە لە بەندەری(ئیسپیت هێد) بەبۆنەی هاتنی سوڵتان رێکخرابوو، کە بەهۆی کەشوهەوای تۆفانیی دەریا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناو سوڵتان وا تووشی دەریاگرتوویی بوو، کە شاژن ڤیکتۆریا لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویەتی:«*سوڵتان لەسەر دەریا هەستی بە نارەحەتییەکی زۆر کرد. پەیتا پەیتا دەچۆوە نێو کەشتی و زۆر بەکەمی هاتە سەرڕووی کەشتییەکەوە، کە بەڕاستی جێی داخ بوو. چونکە دیمەنی خۆنیشاندانی گەلە کەشتییەکە بەڕاستی سەرنجڕاکێش و دیدەنی بوو*».
کاریگەرییەتییەکانی ئەم سەردانەی ئەورووپا بەسەر عەبدولعەزیزدا، کە تووشی گرێی خۆبەزل زانی ببوو، لەگەڕانەوەی تورکیادا، بووە هۆی پەرەسەندنی دەست بڵاوی و کارە سەیرو سەمەرەکانی و ئەمەش خەرجیەکانی کۆشکی دۆڵمەباخچەی لە ساڵێکدا گەیاندە دوو ملیۆن لیرە کە لەو سەردەمەدا پارەیەکی یەکجار زۆر بوو.
لەم کۆشکەدا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر نزیک بە (٥٠٠) خزمەتکار بە خزمەت کردنەوە خەریکبوون. هەموو شەوێ پتر لە سێسەد کەس لەگەڵ سوڵتاندا، لەسەر یەک سفرە نانیان دەخوارد. ٣٠٠ کەس لە مەتبەخ خزمەتیان دەکرد، (٤٠٠) مەیتەر لە تەویلەی پاشایەتیدا بەتیماری ئەسپەکانی سوڵتانەوە خەریکبوون، چوار سەد مۆسیقاژەن مۆسیقایان دەژەنی و ٢٠٠ کەسیش بە پاسەوانی و ئاگاداریکردن لە ئاژەڵەکانی باخچەی ئاژەڵانی سوڵتانەوە خەریکبوون.
ڕۆژ بە ڕۆژ سوڵتان شێتتر دەبوو. فرمانیدا، بەتێکڕای کتێبەوانەییەکانی قوتابخانەکانی سەرانسەری تورکیا دابچنەوەو لەهەر شوێنێک ئاماژەیەک بە

شکستەکانی تورکیا، یان شۆڕشی فەڕەنسی و مەسیحییەت کرابێ، لا ببردرێت.
لەنێو کۆشکدا، وەک ئاغایەکی لەبیانو و شێت ڕەفتاری دەکرد. جاری وا هەبوو ئەوانەی نێو دەرباری خۆی والێدەکردن کە لە بەرامبەری دا چۆک دابدەن و بەرلەوەی کە مەتڵەبەکانیان بخەنەڕوو، قاچی ماچ بکەن.
جارێکیان کارمەندێکی دەوڵەت کە نێوی عەزیز بوو ، نامەیەکی بۆ سوڵتان هێنا؛ سوڵتان لەوەی کە کابرا نێوی عەزیزو هاونێوی خۆیەتی هێندە تووڕەبوو کە سەرشێتانە فرمانی دا کە دەبێ هەر کەسێ لە دەزگای دەوڵەتدا نێوی عەزیز بێت بەپەلە نێوی خۆی بگۆڕێت.
جارێکی دیکە دیسان لە کەللەی داو بڕیاریدا هەرچی نامەی هاتوو هەیە سەر لەنوێ بەمەرەکەبی سوور بنووسرێنەوەو لەئەنجامدا دەزگای دەوڵەت، کە خۆی لە خۆیدا ڕووەو لەنێو چوون بوو تا ئەودەمەی کە بەسەر لەنوێ نووسینەوەیّ نامەکانەوە خەریک بوو، بۆ چەند ڕۆژێک لەکار کەوت.
سەرگەرمیی شەوانەی دووشت بوو:یەکیان گەمەکردن لەگەڵ سەربازکاندا، ئەویش نەک سەربازی ساختە، بگرە سەربازی ڕاستەقینە.
بەو مانایەی کە وای لە دوو دەستە سەرباز دەکرد کە بەو تفەنگانەی کە بۆ ڕاهێنان بەکاردەهاتن، لەگەڵ یەکدی بەشەڕ بێن و بۆخۆشی تابەرەبەری بەیانی لە پشت پەنجەرەوە سەیری دەکردن. سەربازەکان بە سەروچاوی ڕەش هەڵگەڕاوەوە شەویان دەکردە ڕۆژ.
سەرگەرمییەکی دیکەشی بریتی بوو لەوەی کە خۆی بەگەمەکردن لەگەڵ مریشک و کەڵەبابەکانییەوە خەریک بکات. خزمەتکارو ئەوانەی کەلە دەرباردا دەژیان، دەبوایە لەو ماوەیەدا قروقپ لە گۆشەیەک بوەستن و سەیری ئەم گەمەیەی سوڵتان بکەن، کە وەک شێتان سەری لەدووی ئەو پەلەوەرە بەستەزمانانە دەناو هەرکە یەکێکیانی دەگرت بەقاقا لێدانەوە بەرزترین و بەنرخترین مەدالیای ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەملەوە دەکرد. خزمەتکارەکانی دەربار لەسەریان بوو کە ڕێگە نەدەن هیچ کام لە مریشک و کەڵەبابەکانی سوڵتان بەبێ مەدالیاکانیان بێنە بەردەم سوڵتان. جاری وابوو تووشی گومانێکی سەخت دەبوو؛ جارێک لە کەللەی دا کەوا دەرباریەکانی دیانەوێ دەرمانداوی بکەن، بۆیە چەند ڕۆژ بە بەردەوامی تەنها هێلکەی کوڵاوی خواردو دەبوایە ئەم هێلکانەش لەلایەن شازنی دایکەوە بکوڵێندرابان و لە پارچە قوماشێکی ئەتڵەسی ڕەشدا بپێچرێنەوەو سەریان مۆر بکرێت. جاری واش هەبوو تووشی ترس لە ئاگر دەبوو و، ڕێگەی بەکەس نەدەدا سۆپاکانی کۆشک دابگیرسێنێ و تەنانەت چرایەکیش پێ بکات. بۆیە لەو شەوانەدا مۆمێکی پێدەکردو لەترسی ئەوەی نەوەکا بەربێتەوە و ئاگر بەر بداتە کۆشکەکەی، لەناو تەشتە ئاوێکی دادەناو ئینجا دادەنیشت و لەبەر ئەو ترووسکاییە کەمە، کتێبی دەخوێندەوە.
عەبدولعەزیز لەژیانی دا تاکە دڵخۆشییەکی هەبوو، کە ئەویش کەنیزەکێکی چەرکەسی (١٦) ساڵانە بوو کە نێوی (مێهری خانم) بوو. عەبدولعەزیز بۆ یەکەمجار دەنگی ئەو شۆخەی لە باخەکانی کۆشکدا بیستبوو کە گۆرانی دەگوت و هەر

لەوساوە عاشقی ببوو. لەوێ بەدواوە، شەوەکانی و جاری واش هەبوو ڕۆژەکانیشی لە ئامێزی ئەوپەری شێوەیەدا بەسەر دەبردو هەوەسە جۆراوجۆرەکانی (مێهری) دەهێنایە جێ و بەسەریەکەوە نزیکەی یەک ملیۆن لیرەی بۆ ئەم ئافرەتە خەرجکرد. وردە وردە پارەی خەزێنە کۆتایی پێهات و سوڵتانی بەساڵاداچووش تا دەهات شێتتر و نارەزایەتی خەڵکیش پتر دەبوو و، خۆی لەشێوەی حزبی هەڵوەشاوەی «*عوسمانییە نوێیەکان*»دا دەدیتەوە کە ئێستا شەهامەتیان پەیدا کردبوو و، بەدەنگی بەرزەوە خواست و ویستەکانی خۆیان دەردەبڕی و تاکە هیواشیان میدحەت پاشا بوو.

ئەمە درێژەی کێشا و، وایلێهات ڕۆژێکیان دووهەزار قوتابی قوتابخانەی زانستە ئایینیەکانی قوستەنتەنییە، لەو کاتەیدا کە سوڵتان دەچووە نوێژی هەینی ڕێیان پێگرت و داوایان لێکرد سەرۆک وەزیرەکەی خۆی لابدات کە هەواداری روسیا بوو.

عەزیز کە زراوی چوبوو، چەند ڕۆژێک بەخۆ بە دڵدارە چەرکەسییەکەیەوە، خۆی لە ژورێکی حەرەمسەرادا حەشارداو، سەرئەنجام گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر بیهەوێ پێشگیری لەسەرهەڵدان و شۆڕش بکات، هیچ چارەیەکی نیە جگە لەوەی کە میدحەت پاشا بانگ بکاتە پایتەخت و بیکاتە سەرۆک وەزیران. بەڵام هەر بەم کارەی، بەدەستی خۆی ماڵی خۆی وێران کرد.

* * *

ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی ئامادەی شۆڕش و سەرهەڵدان بوو. هەژاریی خەڵک بەهۆی دوو ساڵ وشکەساڵی ساڵی یەک بەدوای یەکداو نەهاتی، گەیشتبۆ لوتکەی خۆی و بارودۆخێکی واهاتبۆ ئاراوە کە هەردەم چاوەڕوانی تەقینەوەی لێدەکراو بە تاڵەموویێکەوە بەندبوو.

لە ٢١ی نیسانی ساڵی ١٨٧٦ (٢٥ی ربیع الأول-ی١٢٩٣ کۆچی)، بوڵغارییەکان کە ماوەیەکی دوورودرێژ بوو لە بارودۆخی خۆیان نارازی بوون، بەئاشکرا ڕاپەڕین. بوڵغاریا لە ساڵی١٣٩٦ (٧٩٨ی کۆچی)یەوە، بەبەشێک لە ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی لەقەڵەم دەدرا. هەرچەندە کە ڕەگەزو زمانی دانیشتوانەکەی وەک دانیشتوانی روسیا سلاڤ بوو و، پەیرەوی کەلیسای ئۆرتۆدۆکسی بوون، بەڵام دیسان سەربە ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی بوون.

بەر لە جەنگی کریمە، بەمەبەستی گوشار درووستکردن بۆ ئەنجامدانی هەندێ ڕیفۆرمی ئایینی، لە شاری ئۆدسا کۆمیتەیەک پێک هێندرابوو. هۆیەکەشی ئەوەبوو کە دەیان ساڵ بوو هەموو ئەو ئۆسقۆفانەی کە لە قوستەنتەنییەوە دەنێردرانە بوڵغاریا، هەر هەموویان یۆنانی بوون و تەنانەت تاکە وشەیەکی بوڵغاریشیان نەدەزانی؛ بەشێوەیەک کە هەندێ لەو گەڕیدانەی کە لەو سەردەمەدا سەردانی بوڵغاریایان دەکرد، پێیان وابوو کەلیساکان و مەراسیمە ئایینیەکانی بوڵغارییەکان، یۆنانییە. تێکڕای هەوڵ و تەقەللاکانی بوڵغارییەکان بۆ ئەوەی کە بتوانن لە کەلیساکانیاندا بەزمانی خۆیان مەراسیمە ئایینیەکانی خۆیان بەرێوە بکەن، لەگەڵ شکستدا بەرەوڕوو بۆوەو، روسیا کە بەردەوام خۆی بە دڵسۆزی

بولغاریاییەکان دەزانی و ئامادەی هەڵایساندنی ئاگرێک بوو لەو وڵاتەدا، بەدەرفەتی زانی و هانیدان تا لە دژی عوسمانییەکان ڕاپەڕن.
سەرەتا سەرهەڵدانەکە لە کێوەکانی دەوروبەری شاری (*باتاک*)ەوە دەستی پێکرد، کە خوادەزانی سوڵتانی سەرشێت دەیزانی کەوتۆتە کوێی نەخشەی جوگرافیاوە! بەڕای سوڵتان بولغاریا بەشێک بوو لە ئیمپراتۆرییەتەکەی و بریتی بوو کە باخی بەرینی گوڵە سوورەی قارنا،کە بەهۆیانەوە بۆن و بەرام بۆ ئافرەتانی حەرەمسەراکەی دابین دەکرا. سەرهەڵدانی باتاک بە ئاسانی لەلایەن ئەو هێزانەوە، کە لە قوستەنتەنییەوە نێردرابوون سەرکوت کرا. بەڵام ئەو بەزمە هەر بەوەندە کۆتایی نەهات، چونکە تورکەکان بڕیاریان دابوو دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بۆ هەتاهەتایە تەمبێ بکەن. هێزە چەرکەسییەکان کەماوەیەکی زۆر بوو موچەو خواردنی پێویستیان وەرنەگرتبوو و، تەنها بۆ تاڵان و بڕۆ دەجەنگان، نێردرانە ئەو ناوچەیەو ئەوانیش کوشت و کوشتارێکیان کرد کە لە مێژوودا وێنەی نەبوو.
لە ڕابردوودا ئەمجۆرە کوشتارانە کۆتایی بەمەسەلەکە دەهێنا، بەڵام بە ڕێکەوت و بۆ یەکەم جار لە مێژووی عوسمانیدا، ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژنامەی *(دەیلی نیوز لەندەن)* کە نێوی *(ج . ا . مەک گاهان)* بوو، لەکاتی ڕوودانی ئەم کارەساتە لە قوستەنتەنییە بوو. ئەم کابرایە بەڕەچەڵەک ئەمەریکاییە، پێشتر سەردانی ئاسیای ناوەڕاستی کردبوو و، کۆمەڵێ ڕاپۆرتی سەبارەت بە شەڕەکانی ڕوسیا لەو ناوچەیە، بۆ ڕۆژنامەکەی ناردبوو.بەم شێوەیە مەک گاهان ناوبانگێکی باشی پەیداکردبوو،بۆیە هەر کە زانی لە باتاک سەرهەڵدان ڕووی داوە، لەگەڵ (یوجین *شایلر)ی* باڵیۆزی ئەمەریکا لە قوستەنتەنییە، بەرەو ئەو ناوچەیە کەوتەڕێ.
ئەو ڕاپۆرتانەی کە مەک گاهان ناردنی، بەخاڵی وەرچەرخان لە مێژووی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا لەقەڵەم دەدرێن، چونکە تا ئەو سەردەمە خەڵکی دنیا بڕوایان بەو داستانانە نەدەکرد کە سەبارەت بە دڕندایەتی و بێ بەزەییەتی تورکەکان دەگوتران. بەڵام ئێستا نەدەکرا چاوپۆشی لەو ڕاپۆرتە ڕاستەقینانە بکرابایە کە مەک گاهان لەبارەی کوشتن و قەتڵوعامی خەڵک و دڕندایەتیی تورکەکان دەینارنده دەرەوە.
تورکەکان، نزیکەی (١٢٠٠) کەسیان بەزیندوویی لە کەلیسای شاری باتاکدا سوتاند کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون و، لەکۆی گشتیدا نزیکەی (١٢) هەزار کەسیان کوشت.سوڵتان،*(ئەحمەد ئاغا)*ی سەرکردەی هێزی سەرکوتکاری ڕاپەڕینەکەی، لەبەر ئەو لێهاتوویی و ئازایەتییەی کە لە کوشتنی خەڵکدا لە خۆی نیشان دابوو، خەڵات کردو مەدالیای ئازایەتیی پێ بەخشی.
بەرەبەیانی ڕۆژی (٧)ی ئاب، خەڵکی بەریتانیا بە خوێندنەوەی یەکەم ڕاپۆرتی مەک گاهان لەو بارەیەوە تاسان. نێوبراو لەگەڵ ئەوەیدا کەباسی لە چوونی خۆی بۆ باتاک کردبوو، نووسیبووی: *«من لەکاتێکدا کە بە سەر پشتی ئەسپەوە بووم، بەسەدان کەللە سەری پاک و کۆکراوەی خەڵکم بینی، کە هەر هەموویان هی ژن و منداڵی بێدیفاع بوون. کاتێ کە پێمان نایە شارەوە، دنیایەک تەرمی بێ سەرو بێ دەست و*

پێ بەدی دەکران. لاشەی کچ و ئافرەتەکان لە قژە درێژەکانیانەوە دەناسرانەوە. گەیشتینە نزیک کەلیسا، لێرە ژمارەی تەرمەکان پتر بوو؛ بەشێوەیەک کە گۆڕەپانی بەردەم کەلیسا پڕبوو لەئێسقان و لاشەی بۆگەن. لە مەسافەی نێوان کەلیساو قوتابخانەدا چەند خەرمانە لاشەیەک بەدی دەکران کە بۆگەنێکی پیسیان لێدەهات. ئێمە پێمان نایە گۆڕەپانەکەی بەردەم کەلیساو چاومان بەو دیمەنە تۆقێنەرە کەوت. لەوێ ژمارەیەکی زۆر لاشەمان بینی کەبەهۆی تەقینەوەوە پارچە پارچە ببوون. من دەمتوانی لەو دەست و پێیە ناسکانەی کە لەزەوی کەوتبوون بزانم کە ئەمانەهی منالی بچوکن. لەنێو کەلیسادا، بارودۆخ خەراپتر بووە؛ لەوێ، ژماریەکی زۆر تەرمی ڕووتم بینین کەوا خەریکبوو دەڕزین و بۆگەنیان کردبوو. لەژیانمدا دیمەنی واترسناک و تۆقێنەرم نەبینیووەو بەخەیاڵیشم دانەهاتووە. بەگشتی لەدەر و ناوەوەی کەلیسا، نزیکەی (٣) هەزار تەرم دەبیندرێت. لە قوتابخانەکەی تەنیشتیشی کەساختومانێکی جوان بووە، نزیکەی دوو سەد ژن و منداڵ بە زیندوویی سووتێندراون. سەرانسەری شارەکە ئەم دیمەنە تاسێنەرانەی پێوە دیارەو ئەو کەسەی سەرکردایەتیی خولقاندنی ئەم کارەسات و دڕندایەتییەی کردووەو ئێستا پارێزگاری ئەم ناوچەیە، لەلایەن سوڵتانەوە خەڵات کراوە. بە کورتیەکەی تورکەکان چییان لە دەست هاتووە کردوویانە».

هەفتەی دواتر مەک گاهان دووەم ڕاپۆرتی خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە ناردە لەندەن:

«لەوە دەترسم کەلەمەودوا نەتوانم بێلایەنیی خۆم بپارێزم، چونکە بەڕاستی تاساوم. لەو ماوەیەدا لێکۆڵینەوەی پێویستم ئەنجامداوەو، گەیشتوومە ئەو قەناعەتەی کە سەرژمێرکردنی تەرمەکان باشترین کارەو لێکۆڵینەوەی دیکە بێهودەیە، چونکە بەزانینی ئەو ئامارە هەموو شتێک ڕوون دەبێتەوە. کاتێ ئێوە لە لێکۆڵینەوەکانتاندا بەرەو ڕووی ئەو ڕاستیە دەبنەوە کە تورکەکان شەست حەفتا گوندیان سووتاندووەو کاولیان کردوون و نزیکەی (١٥) هەزار کەسیان کوشتووە کەبەشی هەرەزۆریان ژن و منداڵ بوونە، ئیدی وا هەست دەکەن کە پێویست ناکات چیدی لەم مەسەلەیە بکۆڵنەوە، چونکە ئەو ژمارانە ڕاستی و ڕووی قێزەوێن و دڕندەیی تورکەکان بەدەردەخات.

سەبارەت بەو کەللە سەرانەی کە لەنزیک گوندێک سەگ دەمیان تێنابوون، هەندێ پرسیارمان کردو بۆمان دەرکەوت ئەو کەللە سەرانە هی (٢٠٠) کیژی لاو بوونە کە چارەنووسێکی خەراپتر لە مەرگیان هەبووە. ئەوان تا کۆتایی کوشت و کوشتارەکەو بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لەبەردەستی تورکەکان دابوونەولەو ماوەیەدا هەر هەڵ لەرزیوون. دوای ئەوەی تورکەکان شارەکەیان تالان و دواتریش کاول کردووە، سەرجەم خزم و کەسی ئەو کیژانەیان قەتلوعام کردووە. ئینجا لەملی ئەو کیژانەشیان داوەو دوایی تەرمەکانیان لەشار بردوونەتەدەر و، هەڵیانداونەتە پێش ئەو سەگانە».

بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵ و ڕاپۆرتانە، کاردانەوەیەکی سامناکی لەسەرانسەری

جیهاندا هەبوو؛ باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە قوستەنتەنییە یەکێ لە کارمەندەکانی خۆی کە نێوی(*واڵتەر بارینگ*)بوو، نارده باتاک بۆ ئەوەی بەچاوی خۆی ئەو مەسەلەیە ببینی و بزانی کە ئایا ئەو ڕاپۆرتانە ڕاستن، یان موبالەغەیان تێدایە. نێوبراو لە ڕاپۆرتێکدا سەبارەت بەم کارەساتە گوتی: «*ڕەنگبێ دزێوترین کارەساتێک، کە مێژووی سەدەی هەنووکەی پێ لەککەدار ببێ، لەم ناوچەیەدا ڕوویدا بێت.*»

هەرچەندە دەوڵەتی بەریتانیا هیچی لەدەست نەدەهات، بەڵام ئاگری هەستی دژە عوسمانی لەنێو خەڵکی ئەو وڵاتەدا بڵێسەی سەندو هەوڵەکانی دیزرائیلی، سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی بەریتانیاش بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان بەهیچ کوێیەک نەگەیشت و ئەنجامی نەبوو. لەویەینەدا گلادستۆنی سەرۆک وەزیرانی پێشوو کە یەکساڵ پێشتر خانەنیشن کرابوو، هاتەوە مەیدان و ناملیکەیەکی سەبارەت بەو کارەساتانەی کە تورکەکان خوڵقاندبوویان، بڵاوکردەوەو تورکەکانی بە نمونەیەکی بەرزی هەستە دژە مرۆییەکان لەقەڵەمدا.

ئەو کارەساتەی تورکەکان بەسەر خەڵکی بوڵغاریایان هێنابوو، لەسەرانسەری ئەوروپادا خەڵکی لەدژی تورکەکان وروژاند. بەڵام هۆیەکی دیکەش بۆ ناڕەحەتی خەڵک و بێزارییان لە تورکەکان هەبوو؛ عەبدولعەزیز ئامادەنەبوو سودی ئەو قەرزانە بداتەوە کە لەسەرمایەدارە ئەوروپاییەکانی وەرگرتبوو و، ئەمەش قین و نەفرەتی پایتەختە ئەوروپاییەکانی گەیاندبۆ لوتکە. تەنها لەسەنپترسبۆرگ نەبێ لەوێوە قەیسەر بە تەلگراف پیرۆزبایی لە سوڵتان کردو ئەم دڕندایەتیەی بە «*کارێکی عاقڵانە*» لەقەڵەمدا.

* * *

کاتێ میدحەت پاشا لە قوستەنتەنییە بووە سەرۆک وەزیران، گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە تەنها یەک ڕێگەی لەبەردەمە، هەرچەند کە ئەو ڕێگەیە مەترسیداریش بێت دەبێ سوڵتان عەبدولعەزیز لابدرێت. بەڵام تۆ مەڵێ برازاکەی و ئەو کەسەش کەوا بڕیارە لەجێی دابنێن واتا مراد، بابایەکی دائیم سەرخۆشی لاوازو بێ توانایە. مراد کە بە بەردەوام خەریکی خواردنەوەی کۆکتێلی کۆنیاک و شامپانیا بوو، لە ترسی لە سێدارەدان و خنکاندن بەدەستی خولامە کەڕوالەکانەوە دەژیا، بەڵام میدحەت پێویستی بەجێ نشینی سوڵتان بوو، بۆیە ناچاربوو، ئەم شازادە سەرخۆشە بەنێوی (*مرادی چاکسازی خواز*) بەخەڵکی تورکیا بناسێنێت.

ئێستاکە میدحەت بۆ کودتاو لادانی عەبدولعەزیز لەسەر کورسیی دەسەڵات ئامادەگی تەواوی هەبوو. بۆیە هانای بۆ حوسێن عەونی وەزیری قسەزل، بەڵام دەست پاکی جەنگ بردو لەشەوی ٢٩ی ئایاری ساڵی ١٨٧٦ (٣ی ربیع الثانی ١٢٩٣ی کۆچی) کەمێک دوای نیوەشەو، ئەم دوو پیاوە کامڵە کەبۆچوونەکانیان زۆر لە بۆچوونی شۆڕشگێرە توندڕەوەکان دوور بوو، پیلانەکەی خۆیان جێبەجێ کرد.

گروهێکی بچووک کە وەزیری جەنگ (حوسێن عەونی) سەرکردایەتی دەکردن، بە قایەغێک لە قوستەنتەنییەوە بەڕێکەوتن ، لە بسفۆڕ پەڕینەوەو، خۆیان گەیاندە

کۆشکی دۆڵمە باخچە. کاتێ وەزیری جەنگ پێی خستە سەر پلیکانەی کۆشکی مەرمەڕ، بایەکی توندی دەهات. پێشتر سەربازەکان بەشێوەیەکی بازنەیی و بە چڕی، گەمارۆی کۆشکیان دابوو. عبدولعەزیز کە لە ژوورەکەی خۆیدا لە ئامێزی مێهری خانمی چەرکەسدا نووستبوو، بەدەنگی ئەو فیشەکانەی کە لە باخەکانی کۆشکەوە تەقێندران، لەخەو ڕاپەڕی. ژمارەیەکی کەم لەو کەسانەی کە لە هێزی پاسەوانیی پاشایەتی دابوون و سوێندیان بۆ سوڵتان خواردبوو، دوای کەمێک بەرگری، کوژران و شکستیان خواردو پیلان گێڕان بەرەو کۆشک کەوتنە ڕێ.
حوسێن عەونی بەزۆر خۆی خزاندە نێو تالاری تەختەوەو لەوێ چاوی بەژمارەیەک لەو خواجە سەرایانە کەوت کە لە ترسان دەلەرزین. قزلەر ئاغاش بەجلی نووستنەوە لەوێ بوو. هەرکە دەرگای تالار کرایەوە، ئەوان دەستیان بەهات و هاوار کرد، بەڵام لەو کاتەدا تارماییەک لەسەر پلیکانەکان بەدەرکەوت و بێدەنگی بەسەر تالارەکە زاڵ بۆوە. ئەو تارماییە کەس نەبوو جگە لە عەبدولعەیز کە بەجلی نووستنەوە هاتبۆ دەر. شمشێرێکی هەڵکێشراو بەدەستی ڕاستیەوەبوو و، دەستی چەپەشی لەنێو دەستی مێهری خانم دابوو کە لە ترسان دەگریا. یەکەم کاردانەوەی عەبدولعەزیز ئەوەبوو کە ویستی مقاوەمەت بکا، بەڵام کاتێ کە فتوای شێخولئیسلامی قوستەنتەنییەیان نیشاندا، کە پایە بەرزترین مەرجەعی ئایینی و دادوەریی ئیمپڕاتۆرییەت بوو و، بەپێی فتواکە ئەوی لە پاشایەتی یەخستبوو، خۆی دابەدەستەوەو ئەمەی بەخواست و ویستی ئیلاهی لەقەڵەم دا کە بەمەرەکەبێکی نەبیندراو لە نێوچاوانی هەریەک لە مرۆڤەکان نووسراوە.(٥)
لەو کاتەدا تارماییەکی ترسناکی دیکە بەسەر پلیکانەکانەوە بەدیارکەوت و ئەویش (پەرتۆی عالی) واتا شازنی دایک بوو. لەیەک چرکەدا هەموو ئەو داب و نەریتانەی لەبیرکرد کە بەدرێژایی (٥٠) ساڵی ژیان لە نێو کۆشکدا فێریان ببوو و، بۆوە بەسەمەی کۆنە دەلاکی حەمام. ئەو ئافرەتە کەتەیە بەسەروقژی ئاڵۆزو دەموچاوی دانەپۆشراوەوە، هێرشی کردە سەر وەزیری جەنگ و بە نینۆکە لەخەنەنراوەکانی چڕنووکی بەدەمو چاوی حوسێن عەونیدا هێنا و نینۆکەکانی وا لە دەموچاوی ئەو کابرایە گیرکردبوو، کە دەموچاوی حوسێن عەونی لەیەک چرکەدا شەلالی خوێن بوو. دوایی شەقێکی وا قایمی لەبەر زگی حوسێن عەونی هەڵدا کە کابرا خۆی پێ نەگیرایەوەو کەوتە سەر زەوی.
لەنێو قوستەنتەنییەش بەزمێکی دیکە لە ئاردابوو کە پتر لە نمایشێکی کۆمیدی دەچوو؛
کەمێک بەرلەوەی ڕۆژهەڵبێت، میدحەت بەتەقینی یەکەم گوللە تۆپ هەواڵی ئەوەی پێگەیشت کە سوڵتان لەسەر کارلادراوە. بۆیە بەپەلە خۆی گەیاندە مراد کە ئێستاکە ببووە سوڵتانی عوسمانی، بەڵام کردنی کارێک هەر بە قسە ئاسانە. مراد بەخەبەر هات و لەکاتێکدا کە هێشتا مەستی بەری نەدابوو، لە جێگە دەریان هێنا. سەرەتا وایزانی کاتی ئەوەهاتووە کەوا پەتی لەمل بکەن و بیخنکێنن و میدحەتیش بێهودە لە هەوڵی ئەوەدابوو وای لێبکات جلەکانی بپۆشێ. میدحەت باسی هەندێ لە

ناثارامییەکانی نێو شاری بۆ کردو، هۆشداریی ئەوەی دایە کەوا ڕەنگبێ ڕوسەکان ئەم بارودۆخە بەهەل بزانن و هێرش بکەنە سەر وڵاتی بێ حوکمڕان. تاکە وەڵامی مراد بۆ ئەم قسانەی میدحەت پاڕانەوە و لاوانەوە بۆ ئەوەبوو، کەنەیکوژن. وای لێهات میدحەت بێزاربوو، بۆیە هەڕەشەی ئەوەی لێکرد کە ئەگەر تاج و تەخت قەبوڵ نەکات، ئەوا بەبێ دواکەوتن پلەو پایەی سوڵتانی بەبراکەی، واتا بە عەبدولحەمید دەبەخشێ. ئەم هەڕەشە بچوکە بەس بوو بۆ ئەوەی کە مراد والێبکات کە بەخێرایی بڕیار بدات، چونکە ئەم دوو برایە بەڕادەیەک ڕقیان لەیەکدی دەبۆوە کە هەر باس ناکرێ. بۆیە مراد وەک منداڵێکی تاساو بەدوای میدحەت کەوت و بەقایەغ بەرەو کۆشکی دۆڵمە باخچە بەڕێکەوتن.

ئەو دوو بەلەمەی کە یەکیان سوڵتانی پێشوو (عەبدولعەزیز) و ئەوەی دیکەیان سوڵتانی نوێ (مراد)یان تێدا بوون، لە ناوەڕاستی بسفۆڕ تووشی یەکدی بوون و بەتەنیشت یەکتریدا تێپەڕبوون. دەنگی شیوەن و فیغانی هاوسەرەکانی عەبدولعەزیز لە دوورەوە دەبیسترا. بەر لەوەی ڕۆژهەڵبێت سوڵتانی لێخراویان لە کۆشکی کۆندا ئاکنجی کردو دانیشتوانی قوستەنتەنییە بە بیستنی گرمەی دەنگی (١٠١) تۆپ کە بە ئیفتیخاری سوڵتان مرادی پێنجەم تەقێندران، لەخەوڕابوونەوە. بەڵام خەڵکی بەریتانیا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرو هاوکات لەگەڵ خەڵکی قوستەنتەنییە هەواڵی کودتاکەیان بیست. ئەمەش لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسێکی ئینگلیزییەوە بوو. ڕۆژنامەنووسە ئینگلیزییەکە دانیشتووی قوستەنتەنییە بوو و هەستی بەوەکردبوو کە خەریکە هەندێ ڕووداو ڕوودەدەن و کەمێک دوای نیوەشەو تەلگرافێکی بۆ ڕۆژنامەکەی لێداو تێیدا نووسی: *«پزیشکەکان گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە دەبێ (جین)ی مالوێران (عەبدولعەزیز) خوێنی لێ بگیرێت. دایە گەورە (شازنی دایک)ی لەگەڵدایەو کوڕە مامەکەی جڵەوی کارەکانی گرتۆتە دەست».*

* * *

دوابەدوای ئەم ڕووداوە سەرسوڕهێنەرانە، زنجیرە ڕووداوێکی توندوتیژی ئامێزیش ڕوویاندا. پێنج ڕۆژ دوای لێخستنی عەبدولعەزیز، عەبدولعەزیزیان بەمەچەکی بڕاوەوە لە کاتێکدا کە هێشتا خوێنی لەبەر دەڕۆیشت لە ژوورەکەی خۆیدا دۆزییەوە. گوایە لەگەڵ دایکی و مێهری خانمدا چاوەڕێی لەدایکبوونی منداڵەکەی مێهری خانم بوونە. بەپێی قسەکانی مێهری و دایکی کە دوای ئەم ڕووداوانە کردبوویانن، لەو ماوەیەدا عەبدولعەزیز زۆر نیگەران و نارەحەت بووەو چاوەکانی یەکجار بە قووڵداچوونە. عەبدولعەزیز شەوێکیان داوای لێکردوونە بە تەنیا جێی بێڵن بۆ ئەوەی بنوێ و کاتێ لە ژوورەکە چۆتەدەر داوای مقەسی لێ کردوون و گوتویەتی گوایە مووەکانی ڕیشی ڕێک دەخات، چەند کاتژمێر دوای ئەوە مێهری خانم سەری ژوورەکەی سوڵتانی پێشوو (عەبدولعەزیز) دەداو دەبینێ بەو مقەسەی کە داویانەتێ شادەمارەکانی دەستی خۆی لەمەچەکەوە بڕیوەو مردووە.

ئایا ڕاستی ڕووداوەکە هەر ئەوەندەبووە؟ ڕێکخستنی ڕیش کارێکی هاکەزایی

نەبووەو پێویستی بە وەستایەتی و لێزانیەوە هەبووەو هیچ پێناچێ یەکێکی وەکو عەبدولعەزیز کە هێندە بایەخی بە ڕۆتینات و شتی لەو بابەتەداوە، زانیبێتی بۆخۆی ڕیشی خۆی ڕێکبخات. لەگەڵ ئەوەشدا شاژنی دایک دانی بەوەدانا کە خۆی مقەسەکەی داوەتە دەست عەبدولعەزیز. ئەڵبەتە ئەم دان پیانانە لەلایەن ئافرەتێکەوە کە پەنجاساڵی تەمەنی خۆی لە کۆشکدا بەسەربردبێت و ئاشنای دابونەریتی پاشایانە بێت، مایەی سەرسوڕمانە. هیچ کەس بەدڵنیاییەوە ناتوانێ بڵێ کە ئایا عەبدولعەزیزیان کوشت، یان بۆخۆی خۆی کوشت. بەڵام بەلای میدحەتەوە کە دەیەویست روخسارێکی شاهانە بەمرادبەخشی و لەچاوی خەڵکدا وەک پادشایەکی بەدەسەلات و دەست ڕۆیشتووی نیشان بدات، پاککردنەوەی زەینی خەڵک لەم گومانانە زۆر گرنگ بوو. بۆیە (١٩) لە پزیشکە بەنێوبانگەکانی شاری قوستەنتەنییەی کە ژمارەیەکی زۆریان بۆ باڵیۆزخانەی بیانیەکان کاریان دەکرد، ڕاسپارد تاوەکو هۆکاری ڕاستەقینەی مەرگی سوڵتانی پێشوو بەدیار بخەن و ئەوانیش لەمبارەیەوە گوتیان عەدولعەزیز بۆخۆی و بەدەستی خۆی، خۆی کوشتووە.

چەند ڕۆژێک دوای مەرگی سوڵتان، هاوسەرەکەی (مێهری خانم)بە سەرمنداڵ بوونەوە مرد. بەوشێوەیەی کە ڕۆژنامەیەکی تورکی نووسیبووی:«*دڵەکوتەو ئەو گوشارە ڕۆحیانەی کەلە ئاکامی مەرگی سوڵتان تووشی ئەم شازادە خانمە شۆخەببوون، بووە هۆی جوانە مەرگ بوونی مێهری خانم و بەسەر منداڵبوونەوە مرد.*»

کاتی ناشتنی تەرمی مێهری، شەقامەکانی قوستەنتەنییە لە خەڵکی ڕەش پۆش جمەی دەهات. بەهەزاران کەس بە مردنی ئەم ئافرەتە شۆخ و شەنگە ناڕەحەت بوون و کاتێ تابووتەکەی بە بەردەم خەڵکدا بەرەو گۆڕستانی ئسکۆدار- کەتایبەت بوو بە پاشادو ئاغاکان و ناودارانی وڵات- دەبردرا، خەڵک لەبەرخۆیانەوە بۆی دەگریان و فرمێسکیان بۆ هەڵدەوەراند.

ئێرە کۆتایی ڕووداوە تووندوتیژی ئامێزەکان نەبوو. مێهری برایەکی هەبوو کە نێوی حەسەن بوو و لەنیشان پێکان بەدەمانچە زۆر بەنێوبانگ بوو. ئەویش وەک خوشکی بە عەبدولعەزیز وەفاداربوو، بۆیە بڕیاریدا بە کوشتنی وەزیری جەنگ تۆڵەی خوشک و زاواکەی بکاتەوە. حەسەن بۆ ئەوەی بێ باکتر بێت، ئەو ڕۆژە کەمێک حەشیشی کێشاو دوایی بەدوو دەمانچەوە کەلەنێو چەمکەکانیدا شاردبوونەیەوەو بەدوو دەمانچەی دیکەش کەلە گیرفانی نابوون، بەزۆری زۆرداری خۆی خزاندە نێو ژووری ئەنجومەنی وەزیرانەوەو بەیەکەم تەقە وەزیری جەنگ و وەزیری دەرەوەی کوشت. لەو کاتەدا سەربازەکان و ئەو پۆلیسانەی کەبەدوای کەوتبوون، دەستیان بەتەقە کرد. لەماوەی بیست دەقیقەدا بەسەریەکەوە ٧ کەس کوژران و (٨) کەسیش بریندارببوون.

بۆبەیانی ڕۆژی دواتر حەسەنیان بەبەرچاوی خەڵکەوە لەسێدارەدا حەسەن تا دواسات سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ویستوویەتی تۆڵەی عەبدولعەزیز لەو کەسە بکاتەوە کە لەسەرکار لایدا.

هەموو ئەو ڕووداوانەو ئەو ماوە درێژەی کە مراد لەقەفەسدا بردبوویە سەر، بووە

هۆی ئەوەی کە مراد کابرایەکی سەرشێت و بێکەڵکی لێدەرچێت. پزیشکێکی پسپۆڕی ئۆتریشی و یەکێ لە پزیشکەکانی دەربار هاوڕا بوون لەسەرئەوەی کە ئەم کابرایە شێتەو چارەسەریشی نییە. بۆیە ماوەی حوکمی مراد تەنها سێ مانگی خایاندو دوای ئەو ماوەیە بە فەرمانی میدحەت لە پاشایەتی خراو، لە کۆشکێکی دیکەدا، زیندانی کرا. دوای مراد، برابچوکەکەی واتا عەبدولحەمیدی دووەمیان لەجێ دانا.

فەسڵی نۆیەم

شاری پیلانگێڕی

کاتێ لە ساڵی ١٨٧٦ (١٢٩٣ی کۆچی) عەبدولحەمید جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست، تەمەنی سی و چوار ساڵانەبوو و، بەدوایین سوڵتانی دیکتاتۆری عوسمانی لە قەڵەم دەدرێت. نێوبراو لە ساڵی ١٨٤٢ لە دایک ببوو و، دووەم کوڕی عەبدولعەزیز بوو و دایکی بەرلەوەی پێ بنێتە کۆشکی سوڵتانەوە سەماکەرێکی ئەرمەنی بوو کە کاتێ عەبدولحەمید حەوت ساڵان بوو، کۆچی دوایی کردبوو. (٦)

عەبدولحەمید بابایەکی کزو دزێو بوو، چاوە پڕ لە گومانەکانی کەوتبوونە نێو رووخسارێکی زەرد هەڵگەڕاوی باریکەوە و لوتیشی درێژو چەماوەبوو، دەمی بێ بەزەییانەتی پێوەدیاربوو و، ریشە ڕەشەکەشی کە دوای گەیشتنە دەسەڵات دانابوو، زۆر تەنک بوو. قیافەی بەشێوەیەکی سەیرو قوڵ، جیاوازیی لەگەڵ دەموچاوە خڕ و تەڕوبڕەکانی باوباپیرانیدا هەبوو. سەرداریی ئەستەمبوڵی کە دەگەیشتە سەرچۆکانی، هەیکە لاوازو بێ سامەکەی دادەپۆشی و فینەسوورەکەشی لەچاو دەموچاوە لاوازو ڕەق هەڵاتووەکەی گەورە دەهاتە پێش چاو.

پرۆفیسۆر ئەرمینیۆس ڤامبری-ی زانای مەجەری، کە باشتر لەهەر ئەوروپاییەکی دیکە عەبدولحەمیدی ناسیووە، سەبارەت بە عەبدولحەمید نووسیوویەتی: *«هەرگیز لەگەڵ پیاوێکی وەک سوڵتان عەبدولحەمید دا رووبەڕوو نەبوومەتەوە کە خاڵە بەرجەستەکانی کەسایەتییەکەی هێندە لەگەڵ یەکتریدا دژو نەگونجاو بن. دڵسافی و بێڕەحمی، سەخاوەت و قرچۆکی، بوێری و ترسنۆکی، زیرەکی و دەبەنگی، میانەڕۆیی و توندڕۆیی و زۆر تایبەتمەندی دیکە بەئاشکرا لەکردارو رەفتاریدا دەبیندران، بەڵام خەسڵەتێک کە باڵی بەسەر بوونی داکێشاوە شەرمنی و دوودڵی و ترس لەوەیە کە نەوەکا هەنگاوێکی هەڵەهەڵێنێ و ئەمەش بەسەر رەفتاری ڕۆژانەیدا ڕەنگی داوەتەوەو کاریگەرییەتییەکی قوڵی بەسەرەوە هەیە. ئەم خەسڵەتە ناشایستانە، لەگەڵ کاریگەرییەتی شومی ڕاسپاردەکانی حەرەمسەرا، عەبدولحەمیدی وەک بونەوەریکی مەحرووم لێکردووەو مێشکی لەکارخستووەو لەو گۆڕە کردوویەتی بەدەبەنگێکی بێ تواناو تاج و تەختەکەشی بۆ خەڵکی وڵاتەکەی وەک بەڵایەکی لابەلای لێهاتووە.»*

ڕەنگبێ گەورەترین بەدبەختیی عەبدولحەمید ئەوەبوو کە لەخۆی ڕانەدەدیت، خۆی لەگەڵ سیاسەتی ڕوو لەگۆڕانی وڵاتە ئەوروپاییەکان لەهەمبەر ئیمپڕاتۆرییەتەکەی کە

سەردەمێک لێی دەترسان و ئێستا وەک مۆرەیەکی لاوازو بێ دەسەڵات سەیریان دەکرد، بگونجێنێ. یان ئەوەتا نەیدەتوانی لەو گۆڕانکارییانە بگات کە لە ناوخۆی وڵاتەکەیدا لە ئاردابوون.

لەو سەردەمەدا، تەنانەت شاری قوستەنتەنییەش ڕووەو گۆڕان بوو؛ یەکەم هێڵی تەلگراف کەوتبۆ کارو یەکەم باری نەوت و ڕۆن گەیشتبۆ نێو شار، یەکەم مەکینەی هەڵمی لە پایتەختدا بەکارکەوتبوو و یەکەم قوتابخانەی فەرەنسایش لە گەڕەکی گەلاتا کرابۆوەو تێیدا منداڵانی تورک لە تەک منداڵە بیانییەکان بەخوێندنەوە خەریک بوون. وردە وردە کاریگەری شارستانیەتی ڕۆژئاوایی لەسەرانسەری وڵات پەرەی سەندو هەروەک باوە، شان و شکۆی شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتیش لەگەڵ باڵادەستی شارستانیەتی ڕۆژئاوایی لەبەرچاوان ون بوو. لەو کاتەدا کە سوڵتانی نوێ لە نێوان ژیانی دوێنێ و ئەمڕۆدا لەهاتوچۆ دابوو، قوستەنتەنییەش ڕەنگ و ڕووی لەدەست دەداو لەشارێکی سەدەکانی ناوەڕاستەوە دەبوو بە شارێکی پڕ لە پیلانگێڕی.

لەسەرەتای گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن عەبدولحەمیدەوە، خەڵک هیوایان پێی هەبوو. بۆیە یەک هەفتە دوای ئەوەی لەسەر تەخت دانیشت، لەمەراسیمێکدا شمشێرەکەی عوسمانیان بەلاکەلەکەی وەکرد. بەیانی ئەو ڕۆژەی کە بڕیار وابوو ئەم مەراسیمە بەڕێوەبچێ، سوڵتان بە پێی نەریتی دێرین بەشیر خۆی شوشت. هەر لەو کاتەدا سەدان هەزار کەس لە ئافرەت و پیاوو منداڵی قوستەنتەنییە لە کەنار بسفۆڕ کۆبوونەوە بەهیوای ئەوەی کە تەنانەت بۆ ساتێکیش بێت بتوانن سوڵتانی نوێ ببینن کە بڕیار وابوو لە کۆشکی دۆڵمە باخچەوە بچێتە مزگەوتی ئەیوب کە یەکێک بوو لەو چوار سەد مزگەوتەی ئەوسای قوستەنتەنییە.

ئەو ڕۆژە هەتاو بەدرەوە بوو و دەریای شین لەژێر تیشکی بەتینی خۆردا دەبریسکایەوەو خەڵکی قوستەنتەنییە دەیانتوانی شانازی بەوەوە بکەن کەوا کەنارەکانی دەریاکەیان هیچ کوێیەکی بەردەڵان نییە و هیچ زێرابێکیش نارژێتە نێوی و وەک «گراند کاناڵ»ەکەی ڤینیز بەگەورەترین ڕێگای ئاویی نێو شار لەقەڵەم دەدرێت.

لەناو شاریشدا کوچەو کۆڵان و شەقامەکان لە حەشامەت جمەی دەهات و بەدەیان نەژادی جۆراوجۆری ئاسیایی بۆ پێشوازیکردن لە سوڵتانی نوێ کۆببوونەوە. خێزانی پاشا و گەورەکانی وڵات، کەمێ ئازادییان دەست کەوتبوو؛ هەرچەندە هێشتا بەحیجاب داپۆشرابوون، بەڵام لەودیو پەچە ئاوریشمییەکانیانەوە دەیانتوانی بەجوانی ئەو دیمەنانە ببینن. هەندێکیان سواری ئەو داشقانە ببوون کە گایەکان ڕایان دەکێشان و هەندێکیشیان سواری گالیسکەی سەرئاوالابوون کە تازە لە ڤیەننارا هێنابوویاننە قوستەنتەنییەو پایە بەرزەکانیش سواری ئەو گالیسکانە ببوون کە خولامێکی ڕەش پێستی خەڵکی (نۆبە)بە شمشێرێکی رووت، پاسەوانی لێدەکردن.

پیاوەکان دەمێک بوو لەو شوێنە وەستابوون کە بڕیار وابوو سوڵتان پێیدا تێپەڕبێت. هەندێکیان هەڵتروشکابوون و بەکێشانی قەننەو نێرگەلەوە خەریک بوون.

خەڵکی دەوڵەمەند تەنیا چەند قومێکیان لە نێرگەلەکە دەداو بە واتایەکی دیکە تەنیا (قەیماغ)ەکەیان دەکێشاو ئەوی دیکەیان فڕێ دەدا، بەڵام خەڵکە هەژارەکە بەرماوەی ئەوانیان کۆدەکردەوەو سەر لەنوێ لە نێرگەلەیان دەکردەوەو دەیان کێشا. وردە وردە کە ڕۆژ گەرمتر دەبوو، کاری دەستفرۆشەکان و ئەوانەی شوتی و شەربەتیان دەفرۆشت، ڕەونەقی پەیدا دەکرد.
منداڵەکان بەخواردنی ڕاحەتەلقومەوە خەریک بوون و ئافرەتانیش بۆ ئەوەی تینویەتی خۆیان بشکێنن، بنێشتیان دەجوو و، هاوکات لەو باوەڕەشدابوون کە بووکیان پێ بەهێز دەبێ.
لەسەری هەر کۆڵانێک میوەی جۆراوجۆری لەبابەت ترێ و هەرمێ و هەڵوژەو هەنار لەسەریەک قەڵاقوچکە کرابوو و، لە تەنیشتیشانەوە شەربەت فرۆشەکان بە فرۆشتنی خۆشاوی کۆخ و میوەی جۆراو جۆر کە بۆن و بەرامی بەتامیان لەگەڵ تێکەڵ دەکرد، خەریک بوون.
کەمێک بەر لە نیوەڕۆ، قایەغی سپی بە ئاڵتون نەخشێندراوی پادشایانە، لەکاتێکدا کە (١٤) سەوڵ لێدەر لێیان دەخوڕی، لەکەنداوی داردانێل هاتەدەرو سوڵتان لەژێر کەپرێکی ئەرخەوانیدا دانیشتبوو.
بەسەدان کەشتیی گەورەو بچوکی بیانی، ئاڵاکانی خۆیان بەنیشانەی ڕێزو ئیحترامیان بۆ مەوکیبی سوڵتانی هێنایە خوارەوە. سوڵتان لەنزیک مزگەوتی ئەیوب لە بەلەمەکەی دابەزی و سواری ئەسپێکی سپی بوو کە زین و لغاوەکەی لە ئاڵتون سازکرابوو. لەدەروازەی ئەدیرنە تێپەڕی و بەناو ئەو خانوویەک قاتە دارینانەدا گوزەری کرد کە کەوتبوونە نێو کۆڵانی تەنگەبەرەوەو پیاوانی پاسەوانی بەجلی تایبەتییەوە لەمبەرو ئەوبەری ئەم کۆڵانانە بەڕیز وەستابوون.
هەر کە سوڵتان گەیشتە ئەو مزگەوتەی کە لەلایەن سوڵتان محەمەدی فاتیحەوەو لەباکووری ڕۆژئاوای شارو لەولای قەڵای هرتل دا، دروست کرابوو، شاری قوستەنتەنییە کەتا ئەوساتە هێورو هێمن بوو، بەدیتنی سوڵتان بەجموجۆڵ کەوتن لە پڕێکا دیمەنێکی پڕشکۆی ئەو هەموو حەشامەتەی بەخۆوەدیت کە سەربازو مەلەوانە ئەلبانیاییەکان بەکڵاوی بڵیندویەڕدار، چەرکەسەکان بەجلو بەرگی قەزافی، سوپاییەکان بەجلی زەردو شین، و بۆستانجیەکان کە لەهەمووان بوغراترو لوت بەرزتر بوون، بە جلوبەرگی سەربازیی ئەرخەوانی لە حەوشی مزگەوت ولەبەرهەتاو ریزیان بەستبوو.
سوڵتان لەژێر سێبەری دارچنارێک و لە تەنیشت حەوزو نافورەیەک لە ئەسپ دابەزی. بەیداخدار، ئاڵا کەسکەکەی پێغەمبەری دەست دایەو بردیە بن شەبستانی مزگەوتەکە کە شوێنێکی فێنک بوو و، دیوارەکانی لەبەردبوون و گومەزە مەرمەڕییەکەشی لەسەر ستوونی نەنەخشێندراوەوە بنیادنرابوو.
دوابەدوای ئەو شێخولئیسلام بە جبەیەکی سپی و عەبایەکی کەشمیری و مەندیلە گەورەکەی خۆی کرد بە مزگەوتەکەدا.
سوڵتان بەهەیبەت و شکۆوە و بەپێی وئەو نەریتەی کە لە کۆنەوە باو بوو،

بەهێواشی حەوت هەنگاوی بەرەو لای مورشیدی دەروێشەکانی مەولەوی قۆنیا هاوێشت، کە لەسەردەمی عوسمانەوە کە سەرسیلبسیلەی بەرەبابی عوسمانی بوو، ئیمتیازی بەستنی شمشێریان لە تەنگەی سوڵتانە نوێیەکان پێ بەخشرابوو. دەروێش لاشانی چەپەی سوڵتانی ماچ کردو سوڵتانیش وەک یەکەم هەنگاوی پادشایانە سێ هەنگاو بەرەو لای سەرۆک وەزیران چوو و، ئەویش بەنێوی گەلەوە شاقەلی جلەکەی سوڵتانی ماچ کردو خستیە سەرچاوان.

لەگۆشەی شەبستانی مزگەوتەکە، گۆڕێکی لێبوو کە بەمەڕمەڕ و زیو نەخشێندرابوو. ئەوە گۆڕی ئەبو ئەیووبی ئەنساری بوو کە بەیداخداری پێغەمبەر خوا بوو.(٧) لە تەنیشت ئەم گۆڕەو لەسەر مێزێک کە پارچە قەدیفەیەکی ئەرخەوانیی بەسەردا درابوو، شمشێری عوسمانیان لە کالانێکی شینی بە بەردی گرانبەها نەخشێندراو، دانابوو کە دووڕ و یاقوتە گرانبەهاکانی سەر دەسکەکەی، لەفەزای نیمچە تاریکی مزگەوتدا، دەدرەوشانەوە.

لەنێو شەبستاندا بێدەنگی حوکمی دەکردو تەنیا دەنگی پیاوانی ئایینی و پایەبەرزانی مەزهەبی دەبیسترا کەلەژێر لێوانەوە ئایەت و دوعایان دەخوێند. دوای (١٧) دەقیقە بانگبێژ لە منارەی مزگەوتەکەوە بە دانیشتوانی شاری قوستەنتەنییەی ڕاگەیاند کە ئەمیرالمؤمنین لە مزگەوتایەو خەریکە مەراسیمەکە دەست پێدەکات. دواتر لە چەند چرکەیەکدا قایش و شمشێری عوسمانیان بە تەنگەی سوڵتانەوە کردو مەراسیمیش کۆتایی پێهات.

هەر کە سوڵتان شمشێری هەڵماڵراوی بەدەستە بچوک و ڕەشکۆکەکانی بەدەستەوەگرت، بۆ جارێکی دیکە بێ دەنگی بەسەر کۆڕەکەدا زاڵ بۆوەو تەنیا دەنگی ئەو کۆترانە دەهات کە لەشەقەی باڵیان دەداو لە هێلانەکانیانەوە کە کەوتبوونە گۆشەو کەناری گومەزی مزگەوتەکەوە دەفڕین. کاتێ عەبدولحەمید پێی نایە مەودای ڕووناکی مزگەوت، ئەو خەڵکە زۆرەی کە لەملاو ئەولاو دەوروبەری مزگەوت و لاکۆڵان و..هتددا کۆببوونەوە، لێکڕا دەستیان کردە بە (الله اکبر) گوتن.

کاتێ عەبدولحەمید سواری ئەسپە سپیەکەی بۆوە، بەقەولی یەکێ لە مێژوونووسان «*دەموچاوی نیگەرانییەکی قوڵ و هێماو نیشانەی مالیخۆلیای تێدا دەبیندرا*.» مەوکیبی سوڵتان بە هێواشی بەنێو کوچەو کۆڵانەکانی قوستەنتەنییەدا بەڕێ کەوت و ئەو حەشاماتە زۆرەی کە بە «*خلیفە الله فی الأرض*» نێویان دەهێنا، هەلهەلەیان بۆ لێدەدا.

قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان هیچ زیانێکیان بەم مەراسیمە پڕشکۆیە نەگەیاند؛ تورکەکان ئامادەی ئەوەبوون لە پێناو باشکردنی بارودۆخی وڵاتدا دەرفەت بە فەرمانڕەوای نوێیان بدەن تاکو هەندێ گۆڕانکاری ئەنجام بدات و بەتایبەتیش پشتیوانی لە میدحەت پاشا بکات کە پرۆژە ڕیفۆرمی و چاکسازانەکانی جێی سەرنجیان بوون. لەو شادی و خۆشحاڵییە گشتییەدا، مەسەلەی بولغاریا لەبیر برابۆوەو پێدەچوو خەڵکی کوچەو بازاڕ لەو ڕۆژە خۆشەدا، بەلایانەوە عەبدولحەمید جگە لەوەی خەلیفە اللەو ئەمیر المؤمنین بوو، سوڵتانێک بوو کە بە ئەنجامدانی

ئەرکەکانی خۆی هەڵدەستێ. تەنانەت تاقە کەسێکیش لەو هەمووحەشاماتەی که ئەوشەوە تا بەیانی لە گۆڕەپانی ئەسپ تاودان، پێیان لەزەوی کووتابوو، و هەڵپەڕیبوون و خۆشیان گوزەراندبوو، ئەوەیان بەخەیاڵدا نەدەهات کە ئەم عەبدولحەمیدە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێ بە قرنیسترین، فێڵبازترین، بەدگومانترین و بێ بەزەیی ترین پیلانگێڕی بەرەبابی عوسمانی.

هەمان ڕۆژ گلادستۆن نامیلکەکەی خۆی سەبارەت بە قەتڵوعام و ڕەشەکوژیی خەڵکی بولغاریا، بڵاوکردەوە. بەڵام سوڵتان ئەمەی نەزانی کە هەر لەگەڵ گەیشتنی ئەم هەواڵە بەدەرباری سەنپیترسبۆرگ، ژەنەڕاڵ ئیگناتێف بە خۆشحاڵییەوە بەقەیسەری گوتووە: «*ڕەشەکوژییەکەی بولغاریا ئیمتیازێکی گرنگی بە ئێمەی رووس بەخشیووە کەتا ئێستا لێی بێ بەش بووین، ئەویش پشتگیری رای گشتی بەریتانیایە.*»

* * *

لە ئەورووپا هەمووان چاوەڕێی کاردانەوە بوون و خەڵک کوشت و کوشتارەکەی بولغاریایان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە. قەیسەری روسیا تینوی خوێن بوو، و سیاسەتمەدارانی وڵاتانی دیکەش دەیانزانی کە تورکیا لەسەر لێواری ڕاپەڕین و هەڵگەڕانەوەدایە. ویلایەتەکانی مۆنتینیگرۆ «کاراداغ» و سربستان ڕایانگەیاند کە «*لەنێوچوونی یەکجارەکیان پێ لە ژێر دەستەیی تورکە ستەمکارەکان باشترە.*» ویلایەتەکانی بۆسنەو هەرزەگۆڤینیش لەنێو بڵێسەی ئاگری تۆڵەستاندنەوەو وەحشی گەرییەتی تورکەکاندا، دەبوونە خۆڵەمێش و بولغاریا دواهەناسەی دەدا. ئەم ڕووداوانە بەلای ئەورووپاییەکان و بەتایبەت ئینگلیزەکان کە بەردەوام لەوەدەترسان ڕێگای خۆیان بەرەو هیند، کەبە کەناڵی سوێزی تازە لێدراوەوە، گوزەری دەکرد لەدەست بدەن، گرنگییەکی تایبەت و بایەخێکی مەزنی هەبوو؛ چونکە قەیسەر دەیویست سود لەم دەرفەتە وەرگرێ و بەناوی «ڕزگارکردنی مەسیحییەکان» هێزەکانی خۆی ڕەوانەی نێو خاکی عوسمانی بکات و بەدەست بەسەراگرتنی گەرووی بسفۆڕ، ببێ بەخاوەنی هێزێکی بێ سنور. بەڵام بەریتانیا بۆ بەرپەرچدانەوەو لەخۆ دوورکردنەوەی ئەم هەڕەشانەی قەیسەر، پێویستی بە بیانوویەکی لۆژیکی هەبوو تا بەهۆیەوە دەست بخاتە نێو کاروباری تورکیاوەو لە کۆتایشدا ئەم بیانوەی چنگ کەوت.

بیانووەکە ئەوەبوو کە بەریتانیا وەک ئیمزاکەری پەیماننامەی ١٨٥٦ی پاریس ڕایگەیاند کە «ناتوانێ لەبەرامبەر ئەو تاوانانەی کە تورکیا لەهەمبەر هاووڵاتییە مەسیحییەکانیدا ئەنجامی دەدات، بێدەنگ بێ و دەست لەسەر دەست دانێ». هێشتا دوو هانگ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێنەپەڕی بوو کە عەبدولحەمید شمشێری پیرۆزی لەکەمەر بەستبوو کە بەریتانیا، وڵاتانی ئەورووپای ناچار کرد نوێنەرانی خۆیان بنێرنە قوستەنتەنییەو هەندێ پێشنیاز لەمەڕ چاککردنی بارو گوزەران و بەڕێوەبردنی وڵات، بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتییە مەسیحییەکان بخەنە بەردەم تورکیا.

عەبدولحەمید سەرەڕای هەموو کەم و کورتیەکانی، کابرایەکی نیشتمانپەروەربوو، بۆیە ئەم پێشنیازەی بەریتانیای بەدەست تێوەردانێکی نامـاقوڵ لەقەڵەم دا. هەروەها میدحەت پاشاش هێندە زیرەک بوو کە بۆی دەرکەوێ کە؛ چونکە هۆکاری لادانی دوو سوڵتانی پێشوو بووە، ئەمـجارەیان دەتوانێ چاوەڕێی پشتیوانی و قـەدرزانیی لە سوڵتان هەبێ و لەو کاتەدا هەق بەلای ئەودابوو.

کۆنفرانسی ولاتانی ئەوروپایی، بەهاتنی لۆرد سالزبۆریی وەزیری کاروباری هیندو نوێنەری بەریتانیاو، ژەنەڕاڵ ئیگناتێفی نوێنەری قەیسەری روسیا، لە ٢٣ی کانوونی یەکەمی ١٨٧٦ لە قوستەنتەنییە دەستی بەکارکرد. هەر کە نوێنەرانی نێوبراو لەگەڵ نوێنەری تورکیا لە تالاری بالاخانەی دەریاوانی کەبەسەر کەنداوی داردانێلدا دەیڕوانی لەسەر مێزی دانوستان دانیشتن، لەپڕ دەنگی (١٠١) تۆپیان بەرگوێ کەوت و دەستبەجێ نوێنەری تورکیا هەستایە سەر پێ و گوتی: «*بەڕێزینە، دەنگی ئەو تۆپانەی کە گوێتان لێیان بوو مانای ئەوەیە کەوا سوڵتان دەستووری ولاتی ئیمزاکردووەو مافی تەواوی دانیشتوانی ئیمپراتۆرییەتی بەبێ هیچ جیاوازیەک قەبوڵ کردووە. لەبەرامبەر ئەم رووداوە گرنگەدا، بەرای من ئیدی دانوستان شتێکی بێهودەیە.*»

ڕاستی مەسەلەکە ئەوەبوو کە ئەنجامدانی ریفۆرم لە ڕێی یاسای بنەڕەتی «دەستوور»، لە سەردەمی سوڵتان مورادی پێنجەمەوە لە ئارادابوو، بەلام عەبدولحەمید ڕەزامەندی لەسەرنەدەداو قەبوڵی نەدەکرد، تا ئەو دەمەی کە ئەم بارودۆخە ناچاری کرد ڕەزامەندی لەسەر بدات. بڕیاردرا کە نوێنەرانی ئەنجومەنی شورای نیشتمانی لە ڕێی هەڵبژاردنی گشتی، بەبێ گوێدانە ڕەگەزو ئاینیان لە سەرانسەری ئیمپراتۆرییەتەوە هەڵبژێردرێن و ڕەوانەی پایتەخت بکرێن.

دیپلۆماتە ئەوروپاییەکان کە سەریان سوڕمابوو، ئیدی کارێکی ئەوتۆیان نەمابوو؛ چونکە ئیتر ئەو گۆڕانکارییە پێویستەی کە دەبوایە سوڵتان ئەنجامی بدات، ئەنجامدرابوو، بەلام لە ناخەوە توڕەبوون؛ چونکە هەستیان بەوەدەکرد «*کە ئەم ماستە موویەکی تێدا بێت*» و لەگەڵ ئەوەشدا نەیاندەتوانی هیچ بڵێن. بۆیە چەند ڕۆژێک لە قوستەنتەنییە مانەوەو هەندێ دانیشتنی چەند قۆڵییان ئەنجام دان و دوایی بارگەیان تێکناو بەرەو ولاتەکانیان کەوتنە ڕێ.

خەڵکی تورکیا بە خۆشحاڵییەوە بەرەو سندووقەکانی دەنگدان کەوتنەڕێ تا نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن یەکەم دانیشتنی ئەنجومەن لەیەکێ لە تەلارەکانی کۆشکی پڕشکۆی دۆڵمەباخچە بوو.

عەبدولحەمید لە کاتێکدا کە سەردارییەکی ڕەشی پۆشیبوو و، دەستیشی کە پەنجەوانەیەکی سپی بەبەرداکردبوون، لەسەردەسکی شمشێرەکەی قەد پشتی دانابوو، بەشداریی ئەو مەراسیمەی کردو گوێی لە قسەکانی خۆی گرت کە لەلایەن وەزیری دەربارەوە خوێندرایەوە. نوێنەرانی گۆشەو کەناری ئیمپراتۆرییەت بەجلی جۆراوجۆرەوە ئامادەی ئەم دانیشتنە ببوون و بۆ ئەوەی سوڵتان ببینن شانیان لێکدی دەداو یەکتریان پاڵ دەنا، ژمارەیەک کە زیرتر بوون، چووبوون لەلای ڕاستی

سوڵتانەوە دانیشتبوون، چونکە دەیانزانی بەم کارەیان وانیشان دەدەن کە لایەنگری دەسەلاتی سوڵتانن.
عەبدولحەمید بەرەسمی سوێندی خوارد کە دەستوری وڵاتە دەپارێزێ و بۆ ئەوەی لێبوردوویی و پشوو فراوانی خۆی لەمەڕ غەیرە تورک و موسڵمانەکاندا نیشان بدات، زۆر ژیرانە میدحەت پاشای وەکو سەرۆک وەزیران هێشتەوەو ئەرمەنییەکی کردە جێگری سەرۆکی ئەنجومەن و دوو یەهودیشی وەک سکرتێری خۆی هەڵبژارد.
لە ئاکامی ئەم کردەوانەداو لەماوەی چەند هەفتەیەکدا، سوڵتان لای حزبی عوسمانییە نوێیەکان واتا لایەنگرانی ریفۆرم و هەروەها خەڵکی ئاسایی کە چاوی هیوایان تێ بڕیبوو، بوو بەکەسایەتییەکی پیرۆزو جێی ستایش. بەڵام هەردوو تاقمەکە، واتا هەم خەڵکی ئاسایی هەم لایەنگرانی عوسمانییە نوێیەکان، دوای ماوەیەکی کورت هیواکانیان وەک بڵقی سەر ئاوی لێ هات. بەڕای سوڵتان پێویست بوو هەندێ کردەوەی وا ئەنجام بدرێت کە بوار بۆ دەستێوەردانی بیانی لەکاروباری دانیشتووە مەسیحییەکانی تورکیا نەهێڵێ. لەم ڕووەوە هێشتا چەند ڕۆژێک بەسەر ڕۆیشتنەوەی نوێنەرانی وڵاتانی ئەورووپاییدا تێنەپەڕی بوو کە میدحەت پاشای بانگکردە کۆشکی دۆڵمە باخچە، کاتێ سەرۆک وەزیر خەریکی ئەوەبوو کەبەرەو لای سوڵتان بکەوێتەڕێ، هەندێ هێماو نیشانەی شومی بەدی کرد کە گوزارشتیان لە ڕوودانی کارەساتێک دەکرد. یەکەم هێمای ئەو کارەساتەی کە بەرێوەبوو ئەوەبوو کە سەربازەکان ماڵەکەیان گەمارۆ دابوو. دووەمیان؛ کە گەیشتە کۆشک، سوڵتان ماوەیەکی زۆر لە ژووری چاوەڕوانیدا هێشتییەوە بێ ئەوەی هیچی پێ بڵێ. سێیەمیان؛ کە ئەمیان شومترین هێما بوو، لە پەنجەرەی ژووری چاوەڕوانییەوە چاوی بە کەشتی گەشتوگوزاریی سوڵتان کەوت کە پێدەچوو ئامادەی ڕۆیشتن بێت و دووکەڵ لە دوکەڵکێشەکانیڕا دەهاتە دەرێ.
میدحەت نزیکەی کاتژمێرێکی لە چاوەڕوانیدا بەسەربردو تەنها دەنگێک کە دەیبیست دەنگی دوورە دەستی ئاوازی پیانۆیەکی نێو کۆشک بوو کە یەکێ لە ئاهەنگەکانی ئۆفن باخی لێدەدا. سەرئەنجام دوای ئەو چاوەڕوانییە دوورودرێژە، بەردەستێکی تایبەتی سوڵتان هاتە ژوورەوەو بەنارەحەتییەوە بە میدحەتی ڕاگەیاند کە سوڵتان لەسەرۆک وەزیرایەتی لای داوەو کەشتی پاشایەتیش ئامادەیە تا بیگەیەنێتە هەر بەندەرێکی ئەورووپایی کە حەزی لێ بێ؛ چونکە دەبێ لەمەودوا بەدوور خراوەیی و لەدەرەوەی تورکیادا ژیان بەسەربەرێ.
ئەم کردەوەیەی سوڵتان لە ئاکامی توڕەبوون، یان نارەحەتییەکی کاتی نەبوو؛ لەسەردەمی کورتی «دیموکراسی»یەکەی میدحەتدا، میدحەت بێ سەروبەری و گەندەڵییەکی یەکجار زۆری لەکاروباری دارایی و خەزێنەدا دۆزیبۆوە کە سوڵتان دەستی لە هەموویاندا هەبوو سامانێکی یەکجار زۆر لە ئەوراقی بەهادارو پارەی کاش لە خەزێنە دەرهێندرابوو و، سوڵتان بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی نەدەدا لەو بارەیەوە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێت.

* * *

لەسەرەتای دەست بەکاربوونی عەبدولحەمید، هێشتا ئەگەری شەڕ لەگەڵ ڕوسیادا لەئارادابوو، بەڵام عەبدولحەمید هێندە بایەخی بەم مەسەلەیە نەدەدا؛ چونکە مەسەلەیەکی تاکە کەسی هەموو پانتایی زەین و هۆشی داگیرکردبوو. لەو جێگەیەیرا کە دوو لە کەس و نزیکەکانی پێشووی لە سەڵتەنەت خرابوون، ترسی ئەوەی کەنەوەکا ئەویش ئەوەی بەسەربێت، ئارام و قەراری لێ بڕیبوو. بۆیە بڕیاریدا کۆشکێکی تازە دروست بکا کە پارێزراو و مەحکەم بێت و بتوانی وەک بەندیخانە لە ناوەوە دەرگاکانی گاڵەبدا و بە ئارامی و هێمنی و بەبێ ترس سەربنێتە سەرسەرینەوە. ئەو کۆشکە گەورە بێ دەرگاو قوفڵانە جێی مەترسیی بوون و چونکە نەشی دەویست قەڵایەکی بورج و شورەدار درووست بکا، بڕیاریدا شارێکی تازەو نوێ بنیاد بنێت.

دوایین سوڵتانی دیکتاتۆر و تاکڕەوی عوسمانی کەسەر ئەنجام بووەهۆی لەنێوچوون و دارمانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، بەبێ هیچ دوودڵییەک فرمانیدا بەشێکی مەزنی ئەم شارە تازەیە لەسەر زەوییەک بنیاد بنێن کە پێشتر گۆڕستان بوو. شوێنی نێوبراو لەوبەری گەڕەکی پڕا، لەبەشی باکوری کەنداوی داردانێل و نزیکەی کیلۆمەترو نیوێک لە کۆشکی دۆڵمە باخچەوە دوور بوو، کە کۆمەڵە خانوویەکی لەرزۆکی لەدار دروستکراوی پەڕاگەندەی تێیدا قوت کرابۆوەو، تاکۆشکی یلدیز (ئەستێرە)- ئەو کۆشکەی کە عەبدولعەزیزی مامی بەناوی یەکێک لە خاتوونەکانی خۆی کردبوو- درێژەی هەبوو.

عەبدولحەمید بڕیاریدا لەو شوێنە کۆشکێکی بنیاد بنێت و وەک مینووس-ی شای ئەفسانەیی دورگەی کێرت کە ئەشکەوتێکی پڕ پێچ وپەنای لەژێر کۆشکەکەیدا دروست کردبوو، وا بکات کە هیچکەس جگە لە خۆی سەر لەنهێنیەکانی کۆشک و ئەو تەرتیباتەی کە کردبووی، دەرنەکات.بۆ ئەم مەبەستە بەسەدان بیناو ساختومانی پەڕاگەندەی لەو چەند هیکتارە زەوییەی دەوروبەری کۆشکی یلدز قوت کردەوە کە لە کۆی گشتیدا دەیانتوانی (٥٠٠٠)کەس لە خۆوە بگرن. ئینجا دەتا دوازدە میعماری بە توانا دەست بەکاربوون، بەڵام هیچکامیان ئاگای لەکاری ئەوەی دیکەنەبوو؛ ئەو کرێکارانەی کە لە لایەک بە دروستکردنی حەرەمسەراوە خەریک بوون، هەرگیز چاویان بەو کرێکارانە نەکەوت کە لەلایەکی دیکە بە دروووستکردنی گۆلێکی دەستکردەوە خەریک بوون، ئەوانەی کە فرمانیان پێدرابوو خانووە کۆنەکان تێک بدەن و زەوییەکە تەخت بکەن، بچوکترین زانیارییەکیان لەبارەی ئەو باخچەی ئاژەڵانەوە نەبوو کە کیلۆمەترێک دوور لەوان، کۆمەڵێ خەڵکی دیکە بە درووستکردنیەوە خەریک بوون.

بەسەدان کرێکار و بەننا، بەشەو بەرۆژ خەریکی کارکردن بوون، بەڵام هەرگیز شەوکارەکان، چاویان بە کرێکارەکانی ڕۆژ نەکەوت و تەنانەت یەکتریشیان نەدەناسی. ئەندازیارێکی کارەبا بە دروستکردنی نیوەی کارگەیەکی کارەباوە خەریک بوو و، یەکێکی دیکە نیوەکەی دیکەی دروست دەکرد.

ئەو کەسانەی کە لە دارستانەکانی دەوروبەری بەلگراد دارەکانیان لەڕەگەوە

هەڵدەقەند، هەرگیز چاویان بەو سەدەها عارەبانەیە نەکەوت کە دارە هەڵقەندراوەکانیان دەگواستەوە قوستەنتەنییە تا لە دەوروبەری کۆشک دارستانێکی دەست نێژیان پێ درووست بکەن.

ئەو شوێنەی کە بۆ بنیادنانی کۆشکەکە هەڵبژێردرابوو، بۆ کەسێکی وەک عەبدولحەمید کەهەموو گیانی ترس و گومانی لێدەباری، بێ عەیب بوو. کوچەو کۆڵانە دزێوەکانی گەڕەکی پڕایان بەدیوارێک شاردەوەو لای پێشەوەی کۆشکی یڵدزیان ڕووەو گەرووی بسفۆڕ و دیمەنی دڵڕفێنی دەریابنیادنا. ئەو کەشتیە چارۆگەدارانەی کە بە کەنداوی داردانێلدا هاتووچۆیان دەکرد، دەبوایە سەرەتا بەنێو دارستانە دەستکردەکانی کاج و سنەوبەر دا تێپەڕبن و دوایی بێنە ڕۆخ دەریاو سوڵتانیش بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی کەهەموو دەمێ چاودێری بەسەرهاتووچۆی کەشتییەکانەوە هەیە، فرمانیدا هەندێ بورجی زێرەڤانی لەدەوروبەری کۆشک دروست بکەن و هەر کام لەو بورجانەش دووربینی بەهێزی تێدا دانان.

عەبدولحەمید بۆ ماوەی چەند مانگێک هەموو شەوێ لەگەڵ خزمەتکارێکیدا، بەنهێنی سەردانی شوێنی بیناکردنی کۆشک و ساختومانە نیوەچڵەکانی دەکردو بەسەری دەکردنەوە. سەرئەنجام کۆنە قەبرستانەکە بەدەیان ساختومان، پارکێکی بەرین بە گۆڵێکی دەستکردو حەوزو نافورەو کانیاوی ڕازاوەو باخی گوڵەلالەو تەنانەت باخچەیەکی ئاژەڵان کە گیانلەبەری دەگمەن و کەم ژمارەی دوورترین ناوچەکانی دنیایان بۆ هێنابوو، لێ بنیادنرا.

باخچەی ئاژەڵانەکەی، بەسەدان توتی بۆ هێندرابوو کە قەفەسەکانیان بەدارەوەکرابوو. عەبدولحەمید لەو باوەڕەدابووکە ئەو توتییانە پارێزەری گیانی ئەون و ئەگەر بێگانەیەک لەوناوە بین، دەست بەهات و هاوار دەکەن و دەقیژێنن!

لە تەنیشت ئەو شەقامانەی کە چەوڕێژکرابوون و درەختەکانی قەرۆخیان چەتریان کردبوو، عەبدولحەمید کۆمەڵە قاوەخانەیەکی درووست کردبوو کە تێیاندا ڕاسپێردراوانی جێی متمانەی عەبدولحەمید ڕۆڵی قاوەچییەکانیان دەبینی و جلی قاوەچییان دەپۆشی و بۆنۆشینی قاوە فەرموویان لە سوڵتان دەکرد. عەبولحەمید جەختی دەکرد بۆ ئەوەی هەموو شتی ئاسایی و سرووشتی بێتە بەرچاو، دوای قاوەخواردنەوە کەلەکاتی پیاسەی بەیانیاندا ئەنجامی دەدا، حەتمەن پارەی قاوەکە بدات، بۆ ئەوەی کەس گومانی ئەوە نەکات کە ڕەنگبێ ئەم قاوەچییانە، پۆلیسی نهێنی بن.

تەنها شتێک لە دیمەنەکەی تێک دەدا، ئەو بنکە سەربازییە نارێک و زەرد ڕەنگانەبوون کە بەدرێژایی دیواری کۆشک بنیادنرابوون و چاودێریی ناوچە ستراتیژییەکانی وشکانییان دەکرد.

جگە لەوەش، کۆشکی یڵدز لە شارۆچکەیەکی تازە بنیادنراو دەچوو کەزۆر بەبێ سەلیقەیی بنیادنرابوو. عەبدولحەمید بە بەردەوامی ژووری دانیشتنی خۆی دەگۆڕی. ئەم ژوورانە بە سەلیقەیەکی سەیر ڕازێندرابوونەوە؛ سەرانسەری زۆربەی دیوارەکان بە ئاوێنەی کۆن داپۆشرابوون و بەشێوەیەکیش دانرابوون کە سوڵتان بتوانی

چاودێری بچوکترین جوڵەی خەڵکی بیانی بکات.
فەرشە ئێرانییە گرانبەهاکان و مێزە تورکییەکان و گوڵدانە چینییە گرانبەهاکان، لە تەنیشت قەنەفە فەرەنساییە ئەرزان بەهاکان و کەلوپەلی لابەلای وەکو کاتژمێری دیواری و کەرستەی وازیی جۆراوجۆر، دانرابوون. تەڵەمشکێکی ئینگلیزی لە تەنیشت قتووە جغارەیەکی بەزێڕو گەوهەر نەخشێندراو، لەسەرمێزی سوڵتان دانرابوو. نزیکەی پەنجا پیانۆی جۆراوجۆر لە شوێنی جیاجیای کۆشک و ڕێک لەبەردەمی دەرگای ژوورەکان دانرابوون بۆ ئەوەی کاتێ خەڵک دێنەژوورەوە، ناچار بن بەڕیز ویەک بەدوای یەکدا بێنە ژوورەوە. ئەغڵەبی ژوورو کۆریدۆرو تەنانەت ساختومانەکانیش بەهۆی تونێلی ژێر زەمینی و نهێنیەوە پەیوەندییان بەیەکدییەوە هەبوو کە جگە لە سوڵتان کەسی دیکە پێی نەدەزانین.
ئەو (سوڵتان) وەکو ئەوکەسانەی کە ئابلۆقە درابێ، زۆربەی ژورەکانی لەشتی پڕوپوچ و بێ مانا ئاخنیبوو.
لەیەکێ لەو ساختومانانەدا، کەشتییەکی جەنگی بە پارچەپارچەکراوی لەنێو سندوقاندا ڕاگیرابوو کە کاتی خۆی لەبەریتانیا کڕدرابوو. ئەم کەشتییە سەرەتا هێندرابۆ نێو بسفۆڕەوە، بەڵام عەبدولحەمید هەر کەچاوی پێکەوتبوو، ترسی ئەوەی لێ نیشتبوو کە نەوەکا لەدژی خۆی بەکاری بێنن، بۆیە فرمانیدا پارچە پارچەی بکەن و لەکۆشک داینێن. لەهەموو ئەو ژورانەش کە سوڵتان تێیاندا دادەنیشت، چەند دەمانچەیەکی لەسەرڕێ لە شوێنێک کە سوڵتان خێرا دەستی پێ ڕابگات، دانرابوون. ژمارەی ئەو دەمانچانە بەسەریەکەوە هەزار دانەبوون و عەبدولحەمیدیش بۆخۆی نیشان شکێنێکی کارامەبوو.
تاکە هێماکانی دنیای نوێ لە سنوری ژیانی تایبەتی سوڵتاندا، بریتی بوون لە شانۆیەکی تایبەتی کە لەهەوای ئازادو لەدەرەوە نمایشی تێدا دەکرا، بەلەمێکی ماتۆڕ کە لەنێو گۆلە دەستکردەکەی دابوو و، هێڵێکی تەلگراف (بروسکە) کە لە ڕێگەیەوە پەیوەندی بە سیخوڕەکانی خۆی دەکرد. سوڵتان ماتۆڕێکی بەرهەمهێنەری وزەی کارەباشی کە کۆشکەکەیدا دانابوو، هەرچەندە ئەودەم بەکارهێنەری گڵۆپی کارەبایی لە نێو قوستەنتەنییەدا یاساغ بوو، چونکە عەبدولحەمید پێی وابوو ئەو «دینەمۆ»یەی کارەبا درووست دەکات، هەمان ئەو «دینامیت»یە کە دەتەقێتەوە.
هەروەها سوڵتان فرمانیدا زیندانێکی بچوکیش لە تەنیشت باخچەی ئاژەڵان دروست بکەن بۆ ئەوەی کاتێ زیندانییەکان هات و هاوارو فیغانیان لێ هەدەڵدەستێ، دەنگیان تێکەڵ بەنەڕە و قریشکەی ئاژەڵەکان بێت و بەم پێیە عەبدولحەمید گوێی لەدەنگیان نەبێ.

* * *

ئێستا، کە شوێنی دانیشتنی نوێی عەبدولحەمید ئامادەببوو، ئەو دەیتوانی لەوێوە فرمانڕەوایی بەسەر قوستەنتەنییەو سەرانسەری وڵاتدا بکات. شێوازی حکومەتەکەی بریتی بوو لە حکومەتێکی پۆلیسی و، کاربەدەست و ئەندامانیشی جاسوس و سیخوڕە بێشومارەکانی سوڵتان بوون کە ڕۆژانە لە ڕێی نامەو تەلگراف

(بروسکە)وە پەیوەندییـان پێـوەدەکـرد. لەڕوانگەی ئەو پیـاوە لاواز، لوت درێژو خەمۆکەی کە فەرمانڕەوایەتی بەسەر ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا دەکرد، هەموو کردەوەیەک، کاردانەوەیەک بوو لەبەرامبەر مەترسیی پەت بەمل داکردن و خنکان.

زۆری پێنەچوو وایلێهات نیوەی خەڵکی قوستەنتەنییە سیخوڕییان بەسەر نیوەکەی دیکەدا دەکرد.

سیـخـوڕی نەک هەر کـردەوەیەکی دزێو نەبوو، بگرە دەبووە هۆی ئەوەی لەلایەن سوڵتانەوە خەڵاتیش بکرێی؛ جاری واهەبوو موچەی کارمەندانی دەوڵەت بەمانگ دوا دەکەوت، کەچی سیخـوڕو پیاوانی ئاسایش لەکاتی خۆیدا و بەزیادەوەش موچەی خۆیان وەردەگرت.

ترس و دڵەڕاوکـێی سـوڵتـان کـە وەک نەخـۆشـیی لێـهـاتبـوو، ڕۆژبەڕۆژ پەرەی دەسـەند. گـەورەترین ترسی ئەوەبوو کـە دەرمـانخـوارد بکرێ و، ئەو ترسـەش خـەو و خۆراکی لێ حـەرام کردبوو. ئاوی خـواردنەوەیی لە کـانیاوێکی تایبـەتی و بەقـتووی مۆرو مۆمکراوەوە دەهێندراو سـوڵتـان بەدەستی خۆی سـەرەکەی دەکردەوە، شیـری خـواردنەوەشی لە کـێـڵگەیەکی تایبـەت کـە لە گـۆشـەیەکی کـۆشکی یڵـدز درووسـتکرابوو،دەهێنراو و جـاری واهـەبوو بۆ مـاوەی چەند شـەوڕۆژێک ئەو مـانگایانەی کـە دەیاندۆشـین، چاودێرییـان دەخـرایە سـەر و خـواردنەکـەشی لە مەتبەخێکی شێوە زینداندا لێدەنرا. هەرچەند عەبدولحەمید کابرایەی زۆر خۆر نەبوو، بەڵام زۆر حـەزی لەپلاو، دۆڵمـەی کـدوو، هێلکەی کـولاو و مـاست بـوو. پێش نانخـواردن، کۆمـەڵێ ڕێوشـوێنی سـەیرو سەمـەرە بەمـەبەسـتی پاراسـتنی گیـانی سـوڵتـان و دوورخـستنەوەی مەترسی دەرمـانخـوارد کرانی سوڵتـان دەگـیرایە بەر. عوسمـان بەگ کە خزمەتکاری تایبـەتی سـوڵتـان بوو و، نازناوی «پارێزەری گیـان و تەندروسـتی سـوڵتـان»ی پێ بەخـشرابوو، دەبوایە لەهەمـوو خـواردنەکـان پارووپەک بخـوات. دواتر پارووپەکـیـان دەرخـواردی سـەگ، یان پشـیلەیەک دەدا و جـاری واش هەبوو سوڵتان پارووپەکی دەدا بەو وەزیرو کاربەدەستانەی کە گومـانی لێیان هـەبوو. ئینجا دوای ئەو هەموو بەزم و ڕەزمە دەستی بە نانخواردن دەکرد.

تەنانەت کـاتێ نانی دەخـوارد دەبوایە هەمـوو کردەوە ڕۆتینییـەکان ئەنجـام بدرێن. سـەرەتـا دوو کـۆیلەی ڕەش پێـست بەجلی زێڕدووراوی یەک شـێـوەوە، دەفـرەکـانی خواردنیان لەسـەر سینیەک دادەنـاو شاڵێکی کشمیری یان بەسەرداداداو لەسـەر مێزیان دادەنان.دواتر خـواردنی سەرەکی کە پێشتـر لێی تام کرابوو و تاقی کرابۆوە، لەسـەر سینیـەکی زیو دادەنراو قـوماشێکی ڕەشیـشی بەسـەردا دەدراو، مۆرو مۆم دەکرا. سـەرئەنجـام کۆیلـەیەکی ڕەش پێستی دیکە نانەکەی دەهێنا کە ئەویش وەک ئەوانی دیکە لە سەوەتەیەک دابوو و، مۆرومۆم کرابوو.

عـەبدولحـەمید بە هۆی ئەوەی کـە گـەدەی باش کـاری نەدەکرد و زۆر خـۆر نەبوو، ئەغلەبی خواردنەکانیی بەنیوەچڵی، یان بەدەست لێنەدراوی بەجێدەهێشت و لەجیاتی ئەوەی نان بخـوا، ئەو حـەبانەی دەخـوارد کە دکـتـۆر بۆی دانابوو. بەڵام خـودی ئەم حـەب خـواردنە سـادەو سـاکـارەش وردە وردە وایلێـهـات کـە بە ڕێوشـوێنی شـاهـانە

بخورێت کە پتر لەگاڵتەجارِی دەچوو تا بەحەب خواردن. یەکێ لەو خواجە سەرایانەی کە جێی متمانەی سوڵتان بوو، بۆ کرِینی حەب دەنێردرایە شار. دواتر سوڵتان حەبەکانی لە تورەگەیەک دەکرد و رِای دەوەشاندن بۆ ئەوە تێکەڵی یەکدی بن، ئینجا دەستی لە تورگەکە رِۆ دەکردو حەبێکی دەردێناو دەیخواردو پێی وابوو بەم شێوەیە مەترسی دەرمانخوارد کردن کەم دەبێتەوە.
عەبدولحەمید جگەرەکێشێکی عەجایب بوو، بەڵام قەت جگەرەی بۆن خۆش و گرانبەهای نەدەکێشا؛ چونکە پێی وابوو رەنگبێ بەهۆی ئەم بۆن و دەرمانە بۆن خۆشانەوە دەرمانخوارد بکرێ. بۆیە فرمانی دەدا بچن لە قوستەنتەنییە لە هەرزانترین و خەراپترین توتنەکان کیسەیەکی بۆ بکرِن و قتوویەکی سەرموردا بۆی بێنن. خوڵامەکەی بۆی نەبوو تا سوڵتان داوانەکات سەری کیسەکە بکاتەوەو جگەرەیەکی بۆ بپێچێتەوە. کە فرمانیشی دەدا جگەرەی بۆ بپێچنەوە، دەبوایە ئەو خوڵامەی جگەرەکەی بۆ دەپێچێتەوە، دوای پێچانەوەی جگەرەکە خۆی جگەرەکە داگیرسێنێ و قومێکیشی لێدات، ئینجا دوای ئەمە سوڵتان بە ئاسودەییەی باقیەکەی دیکەی دەکێشا. هەروەها سوڵتان لەوە دەترسا جلەکانی بەژەهر بکرێن، بۆیە دەبوایە براکەی (عیزەت) پێشتر جلەکانی سوڵتان بپۆشێ یان بە قەولی خۆی «گەرمیان بکات» ئینجا سوڵتان دەیکردنە بەرخۆی.
لەگەڵ ئەوەشدا کە عەبدولحەمید کابرایەکی هەوسبازو زۆرپەرِ نەبوو، بەڵام زۆربەی کاتی خۆی لە حەرەمسەردا دەبردە سەرو پێی وابوو ئەوێ تاکە شوێنێکە کە تێیدا دڵنیایە لەوەی دەرمانخوارد ناکرێ. بۆیە حەرەمسەرا، کە دوو سەد ئافرەتی قەمپاتمەی ئەوی تێدابوو، دنیای راستەقینەی عەبدولحەمید بوو؛ لە نێو ئەو ئافرەتانەیدا کەوەک شورەیەک بە دەوری ژیانی عەبدولحەمیددا تەنرابوون و عەبدولحەمید دڵنیابوو لەوەی کە ژیانی دەپارێزن، لەوپەرِی ئاسوودەییدا دەژیا، بەڵام ئەو ئافرەتانە بەلای ئەوەوە پتر شتێکی مادی بوون تا ئەوێندارو دڵرِفێن و خاتوون، ئەڵبەتە بێجگە لەو کچە پەری شێوانەی کە لە هەندێ بۆنەی تایبەتیدا پێشکەشی دەکران. دوای ماوەیەک، عەبدولحەمید تەنانەت لە کاروباری دەوڵەتی و ئیداریشدا راوێژی بە ئافرەتانی حەرەمسەرا دەکردو ئەو کەسانەی کە لەدەرەوەرِا دەهاتنە لای ئەغلەب ئافرەتێکیان لە تەنیشت عەبدولحەمید دەدیت.
هیچکەس نەیدەزانی لەژێر ئەو عەبایە ئەستورەدا کام ژنی عەبدولحەمید خۆی حەشاردراوەو نامەکانی سوڵتان دەکاتەو بەپاککراوەیی دەیخاتە بەردەستی سوڵتان.
هەر چەندە عەبدولحەمید خۆشترین کاتی ئەو کاتەبوو کە لە حەرەمسەردا بوو و، ئەغلەب لەگەڵ منداڵەکانیدا گەمەی دەکردو هەندێ جاریش زۆر ناشارەزایانە پیانۆی لێدەدا. بەڵام هێندەی پێنەچوو لەژنەکانی خۆشی بەشک کەوت، سوڵتان چەندین ساڵ بەر لەو کاتە سەردانی مۆزەخانەیەکی وەک مۆزەخانەکەی مادام تۆسۆی لەندەنی کردبوو کە تێیدا هەیکەلی کەسایەتییە بەنێوبانگەکانی دنیایان بەمۆم درووست کردبوو، بۆیە فرمانی دا هەیکەلێکی خۆی درووست بکەن و لە گۆشەیەکی حەرەمسەرا داینێن بۆ ئەوەی ئافرەتەکان پێیان وابێ کە هەمیشە ئاگای لێیانەو

چاودێرییان دەکات!

لەو کاتەدا عەبدولحەمید تەنها لەگەڵ ئافرەتێکدا ڕایدەبوارد کە ئەویش لە حەرەمسەرادا نەدەژیاو ئەمەش بۆ کەسێکی وەکو سوڵتان نەک هەر شتێکی دەگمەن، بگرە سەر سوڕهێنەریش بوو. عەبدولحەمید لەسەرەتای دەست بەکاربوونی وەکو سوڵتان، عاشقی «کچێکی قژ زەردی چاوکەش» بوو. ئەم کچە ناوی «فلۆرا کوردیە» بوو و، بەرەچەڵەک بەلژیکی بوو. ئەم کچە لە شەقامی پڕا کە گەڕەکێکی دەوڵەمەندنشین و ناوەندی کڕین و فرۆشتن و ڕابواردنی خەڵکی قوستەنتەنییەبوو، دوکانێکی فرۆشتنی کڵاو دەستێکشی هەبوو. عەبدولحەمید دووساڵ بەرلەوەی ببێ بە سوڵتان، چاوی بەم کچە کەوتبوو و، زۆر بەسەختی عاشقی ببوو. ئەم عەشقە تەنها لایەنی سۆزداری و شەهوانی نەبوو؛ چونکە لەگەڵ ئەوەشدا فلۆرا دوایین هەواڵ و ئەو پڕوپاگەندانەی دەگەیاندە سوڵتان کە لە کڕیارەکانەوە گوێبیستیان دەبوو.

لە سەرەتادا، ئەمە وەک ڕووداوێکی ئەویندارى گەرم لە قەڵەم دەدرا و دوای ماوەیەک هەواڵەکەی گەیەندرایە لەندەن. لەمڕووەوە کاتێ عەبدولحەمید لەسەر تەخت دانیشت، (دیزرائیلی)ی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لەنامەیەکدا بۆ سالزبۆری لەمبارەیەوە نووسیبووی: *«سوڵتانی نوێ تەنیا یەک ژنی هەیە و ئەویش کچێکی کڵاوفرۆشی (بەلژیکی)یە کە لە گەڕەکی پڕا دووکانی هەیە. عەبدولحەمید خوی بەوەوە گرتووە کەسەردانی ئەم کچە بکات و بە بیانووی کڵاو کڕین بەدیداری شاد بێت. ڕۆژێکیان سوڵتان بەکچەکەی گوتووە:«ئایا پێتوایە بتوانی ڕۆژێک ببی بە هاوسەرم؟» و کچەکە وەڵامی داوەتەوەو گوتوویەتی:«بۆنا؟» ئێستا ئەوەندەی ئاگام لێ بێ عەبدولحەمید ئەو کچەی هێناوەو هەر ئەم ئافرەتە (بەلژیکی)یە وای لە عەبدولحەمید کردووە ڕوو لە حەرەمسەرا نەکات. بە کورتیەکەی ڕەنگبێ ئەوەش ڕۆکسلانەیەکی نوێ بێت. ئێستا دەبێ چاوەڕێی ئەوەبین کە ئایا عەبدولحەمیدیش دەکاتە ئەو شان و شکۆیەی کە سوڵتان سلێمان پێی گەیشت؟.»*

ئەمە تاکە شتێک بوو کە عەبدولحەمید پێی وابوو بەهۆیەوە لەکامەرانیدا دەژیت، بەلام پێ نەدەچوو ئەو کچەی هێنابێت. فلۆرا هەرگیز پێی نەنایە حەرەمسەرای سوڵتانەوەو لە خانوویەکدا دەژیا کە عەبدولحەمید بۆی کڕیبوو. هەرکاتێ سوڵتان حەزی لێ بایە ببینێ، بە گالیسکەیەکی سەرداخراو دەیان هێنایە کۆشکی یلدز. بەلام لەو بەینەدا ڕووداوێکی تاڵ ڕوویداو ئەویش ئەوە بوو کە لەبەرئەوەی ئیدی فلۆرا دوکانی نەمابوو، نەیدەتوانی هەواڵ و پڕوپاگەندەکانی دەمی خەڵک بە سوڵتان بگەیەنێ و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە سوڵتان لە فلۆرا دڵسارد بێ. لەمڕووە دوای ماوەیەک سوڵتان، فلۆرای لەبەرچاوکەوت چیواشی پێ نەچوو کە وابلاوبۆوە دوکانەکەی فرۆشتووەو گەڕاوەتەوە بەلژیک.

دوای چەندین ساڵ، لەیدی لایارد-ی هاوسەری باڵیۆزی بەریتانیا لە کاتی سەردانی حەرەمسەرای سوڵتانی عوسمانیدا چاوی بەکچێکی جوانکیلە کەوت کە زۆر بەڕەوانی بەزمانی فەرەنسی قسەی دەکرد. کاتێ عەبدولحەمید بۆی ڕوونکردەوە

کـــه «ئەم کچە لە خانوویەکی بچوکی کڵاوفرۆشێکی بەڵژیکی کە ئافرەتێکی زۆر وریاو ژیر بووەو لەگەڕەکی پرادا دەژییەت»، لەیدی لایارد سەری سوڕما. کاتێ ئەم سەرسووڕمانەی پتربوو کە دیتی خواجە سەراکان ڕێزی ئەم کچە دەگرن و ئەویش زۆر بە ئاسایی گاڵتە لەگەڵ سوڵتاندا دەکات. ئایا ئەو کچە، کچی عەبدولحەمید و فلۆرا کوردییە بوو؟

ئێمە هەرگیز ناتوانین پەی بەم نهێنیە ببەین، چونکە کچە دوای ماوەیەک تووشی هەڵەیەکی گەورەبوو، هەڵە گەورەکەشی ئەوەبوو کە لەگەڵ شازادە سەلیمی تەمەن هەژدە ساڵانی کوڕی سوڵتان عەبدولحەمیددا ژوانێکی عاشقانەی بەست و سوڵتان لەڕێی سیخوڕەکانیەوە پێی زانی. ئەمە بووەهۆی ئەوەی کە سوڵتان بە پەلە کوڕەکەی دووربخاتەوەو کیژۆڵەکەش بەپێی نەریتی کۆن لە بسفۆڕدا نغرۆ کرا.

هەندێ جـار ســوڵتــان مــیــوانداری و شــتــی واشی ڕێک دەخــست و بۆ ئەم میوانداریانەش کە ئێواران ساز دەدران، کۆشکی دۆڵمە باخچەی بەکاردەهێنا. بەڵام کاتێ دیپلۆماتە بیانییەکانی بانگهێشت کردبایە، پتر یەکێ لە تالارەکانی کـۆشکی یلـدزی بەکـاردەهێنا. خـواردنەکـان، بەهۆی دووری مــەتبــەخ لە شـوێنی نانخواردن، زۆبەی کات بەساردبۆوەیی لە بێدەنگیدا دەخوران و بەقاوە خواردنەوەش کۆتایی بە میوانداریەکە دەهات.

ئەم کردەوە ڕۆتینیانە بەڕادەیەک بە وردی جێبەجێ دەکران کە درۆکـــــی ـی پەیامنێری ڕۆژنامەی دەیلی تەلگراف کە بەشداریی یەکێ لەو میوانداریانەی کردووە بەسەختی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەم کردەوانەو نووسیویەتی: *«کاتێ سوڵتان فرمانیدا قاوەی بۆ بێنن، یەکێ لە خزمەتکارەکان لە قتویەک چەند دنکە قاوەیەکی خستەنێو قاوەجۆشێکی زیوین و لەسەر پشکۆی نێو مەقلی ڕایگرت تا بەکوڵ هات، ئێنجا فنجانێکی چینی هێنا کە تەوقێکی ئاڵتونیی بەگەوهەر نەخشێندراوی پێوەبوو و، قاوەکەی تێکردو دایەدەست سوڵتان»*، بەڵام لە ڕاستیدا شان و شکۆو گەورەیی سوڵتانەکانی پێشوو لەنێو چوو بوو و لاسایی کردنەوەیەکی ڕەق و ڕووت جێی ئەو شــان و شکۆیەی پێشــووی گــرتبــۆوە، تاقــمێکی زۆر لە کــەئیــزەک و خزمەتکارو...هتد، هێشتا هەر وەکو جاران دەهاتن و دەچوون، بەڵام باق و بریقی جارانیان نەمابوو. ڕێک وەک ئەوە وابوو کە شانۆنامەیەکی کلاسیکی شکسپیر بە جلوبەرگی ئەمڕۆ نمایش بکرێ. سەرۆک وەزیران کە سەردەمێک بەجلی ئەتڵەسی سپی کە لێوارەکانی لە کەوڵە قووز دورابوو و بەشداریی مەراسیمەکانی دەکرد، ئێــستــا بەجلێک کــەشــێــوەی لە یۆنیــفـۆرمی ئەفــسەرانی ئەڵمــانی دەچوو و بەفینەسوورەکەی سەری پتر بە پیرەمێردێکی ماستاوچی وپان کەرەوە دەچوو تا بە وەزیرێکی بەهێزو دەست ڕۆیشتوو. خواجە ڕەش پێستەکان کەسەردەمێک مرۆڤ بە بینینی هەیبەب و شان و شکۆی ڕۆژهەڵاتییان، سام و ترسی لێ دەنیشت، ئێستا لە سەرداریە ڕەشە ئەستەمبوولییەکانیان زۆر کرێت و دزێو دەهاتنە پێش چاو ولەقەڵەویانیش بەزەحمەت دەیانتوانی قۆپچەکانی یەخەی سەرداریەکەی خۆیان داخەن و، پتر بەتاقمی ناشتنی مەیت و جەنازە بەڕێخەر دەچوون.

ئێستا هەموو شتێکی کۆشکی یلدز لاسایی کردنەوەیەکی کاڵتەجارانەی شان وشکۆی سەردەمی پێشوو بوو کە بەتەواوەتی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ڕاستییەکانی سەردەمدا پچراندبوو. سیخوڕو جاسوسەکانی سوڵتان بریتی بوون لەخواجە سەرایان و ئافرەتانی حەرەمسەراو خزمەتکارو پاسەوانانی کۆشک کە بە پێی بەرژەوەندی خۆیان هەواڵ و زانیاریی درۆو ناڕاستیان دەدایە سوڵتان.

لە قوستەنتەنییە ژمارەی پۆلیس و سیخوڕو پیاوانی ئاسایش لە سەربازگەکەی نێوشار پتربوو. دوای ماوەیەک عەبدولحەمید ڕێگەی نەدەدا وەزیرەکانیشی مەگەر حاڵەتێکی زۆر نائاسایی بایە، بێنە لای و کاتێ فرمانێکی بەسەرۆک وەزیران بدابایە ئەوا دەبوایە سەرۆک وەزیران بەبێ ئەوەی مافی پرسیارکردنی هەبێ جێبەجێی بکات. زۆربەی کاتیش وەزیرو کاربەدەستانی پایەرزی وڵات فرمان و ڕاسپاردەکانی سوڵتانیان لە خەڵکی بەردەستی سوڵتانەوە پێ دەگەیشت. بۆیە سەیر نیە ئەگەر بڵێین سوڵتان ئاگای لەو هەورە ڕەشانە نەبوو کە ئاسمانی تورکیایان دادەگرت؛ چونکە وەزیرەکان بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بارودۆخی وڵاتیان پێڕانەدەگەیاند.

هەر لەم ڕووەوە کاتێ بۆ جاری دووەم وڵاتانی ئەوروپایی بڕیاریاندا چارەسەرێک بۆ گرفتی ڕۆژهەڵات بدۆزنەوە، یان بەواتایەکی دیکە ڕووی خۆیان ڕووەو مەسەلەی بولغاریا و دانیشتووە مەسیحییەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی وەرگێڕا، سوڵتان وەک جاری پێشوو بە پشووکورتی و ناڕەحەتییەوە ئەم کارەی بەدەست تێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتەکەی لەقەڵەم داو قەبوڵی نەکرد.

ئەوە هەمان ئەو دەرفەتە بوو کە قەیسەری ڕوسیا چاوەڕێی دەکردو هەمان ئەو ساتەش بوو کە شاژنی بەریتانیا (ڤیکتۆریا) لێی دەترسا؛ چونکە ئەو (شاژنی بەریتانیا) ڕوسیای بە دوژمنی باوەکوشتەی بەریتانیا دەزانی. لەسەردەمی شەڕی کریمەوە ڕوسیا بەبێ دەنگی بە داگیرکردنی خاکی ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاستەوە خەریک بوو و ئێستاکەش ڤیکتۆریا سەبارەت بە پیلانەکانی ڕوسیا بۆ هێرش کردنە سەر هیندستان هۆشداری دەدایە دەوڵەتەکەی خۆی، بەڵام هۆشداری دان لە کوێ و ناچارکردنی کابینەی لەندەن بۆ ئەنجامی کردەوە، یان تەنانەت بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک لە دژی نیازو مەبەستەکانی ڕوسیا لە کوێ؟

ڤیکتۆریا، لەوەی کە کابینە هۆشدارییەکانی بەهەند نەگرتووەو وەڵامی پێ نەبووە، بەڕادەیەک ناڕەحەت و زویر بوو کە هەڕەشەی دەست لەکارکێشانەوەی خستەڕوو و لەنامەیەکدا بۆ سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا گوتی:«*ئەگەر دەوڵەتی ئینگلیز دەیەوێ قاچی ڕوسیا ماچ بکات، شاژن ئامادەنییە بەشداری لەمەراسیمێکی وا پڕ لەشەرمەزاری بکات و تاجەکەی خۆی دادەنێ.*» لە یاداشتێکیشدا کە سەبارەت بە مەترسییەکانی سەرکەوتنی ڕوسیا بەسەر تورکیادا دابووی بەکابینەی ئینگلیز، نووسیبووی: «*ئێستا قسە لەسەر سەرکەوتنی بەریتانیا یان ڕوسیایە لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێو دەوڵەتیدا.*»

لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا کەس نەیدەتوانی بڕوا بکات کە بەریتانیا لەبەرخاتری

بولغاریا شەڕ بکات.
بولغاریا زۆر لە لەندەنەوە دوور بوو، ئەگەرچی گلادستۆن لەسەر کورسییەکەی خۆی دانیشتبوو و بە بلاوکردنەوەی نامیلکەیەک (کە ١٢٠٠٠ لیرەشی لە فرۆشتنەکەی دەست کەوتبوو) لەبارەی ئەو ولاتەوە (بولغاریا) نارەحەتی دەردەبڕی و زگ پێ سووتانی خۆی بۆ دەردەبڕین و دەیگوت: «*ئەو پێنج ملیۆن بولغارییەی کە زولمیان لێکراوە، تەنانەت جورئەتی ئەوەیان نییە داوای یارمەتی لەباوکە ئاسمانییەکەی خۆیان بکەن و ئێستا دەستی پاڕانەوەیان ڕووەو ئێوەدرێژ کردووە.*» لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کەس ئامادەنەبوو جارێکی دیکە لاوانی ئینگلیز بۆ شەڕکردن بنێرێتە ولاتانی دوورە دەست، بەلام لە روسیا هەستی خەڵک بە پێچەوانەوە بوو؛ قەیسەر پتر لە هەموو کاتێ ئارەزووی دەست بەسەراگرتنی قوستەنتەنییەی هەبوو و، خۆیشی بۆ ئامادە دەکرد. قەیسەر بەڵێنی ئەوەی لە ڕۆمانیاییەکان وەرگرتبوو کە لەکاتی پێویستیدا ڕێگەبدەن هێزەکانی روسیا بەخاکی ئەو ولاتەدا تێپەڕبن و هەروەها بەڵێنی بێلایەن بوونی لە شەڕی نێوان تورکیاو روسیا، لە هەردوو ئیمپراتۆرییەتی نۆتریش و مەجەر وەرگرتبوو لە بارودۆخێکی وەهادا، دژایەتیکردنی سوڵتان لەگەڵ پێشنیازی ولاتانی ئەوروپا بەتایبەت دوابەدوای کوشتاری بولغارییەکان، دەرفەت و کایەیەکی لەباری بۆ قەیسەر دەڕەخساند.
لە ٢٤ی شوباتی ١٨٧٧، قەیسەر ئەو ڕستەیەی کە بەدرێژایی مێژوو لەلایەن زۆر کەسەوە گوتراوە، هێنایە سەر زمان و گوتی: «*کاسەی سەبرم لێی دەڕژێ*» و لەدژی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی پێی نایە مەیدانی جەنگەوە. هەروەکو جاران مەبەستە سەرەکییەکان لەژێرناوی جیهاد لە پێناو ڕزگارکردنی مەسیحیەت و شەڕی نێوان خاچی مەسیحییەکان و هیلالی موسڵمانەکاندا، شاردرانەوە.
عەبدولحەمید بە بیانووی مەترسی جەنگ، پەرلەمانی هەڵوەشاندەوەو هەر دوابەدوای ئەمەش دوو سوپای بەهێزی روسیا، هێرشیان کردە سەر خاکی تورکیا. لە ئەوروپاوە (٢٠) هەزار سەرباز لەژێر سەرکردایەتی گراندۆک نیکۆلا، لەڕووباری دانۆب پەڕینەوەو لە ئاسیاوەش (١٥٠) هەزار سەرباز لە ژێر سەرکردایەتی گراندۆک میخائیل لە قەفقازەوە بەرەو تورکیا بەڕێ کەوتن.
قوستەنتەنییە پشێوی تێکەوتبوو، ئەو سیخوڕانەی کە پێشتر سوڵتان بەهۆیانەوە حوکمی دەگێڕا، ئەوکاتە هیچیان لەدەستن نەدەهات. لەڕاستیدا تاکە زانیارییەکی ڕاست کە دەگەیشتە سوڵتان لە ڕێگەی (لایارد)ی باڵیۆزی بەریتانیا بوو کە بەربەردەوامی چاوی بە عەبدولحەمید دەکەوت، عەبدولحەمیدێک کە لەبەر بێخەوی بەرەچاوی شین هەڵگەڕابوون و بەسووراو دەیشاردەوە! لەو دیدارانەدا، سوڵتان داوای لە لایارد دەکرد کە داوای یارمەتی لە شاژن ڤیکتۆریا بکات.
هەر کە هێزە ئەوروپاییەکانی روسیا لە ڕووباری دانۆب پەڕینەوە، ئێدی دڵنیابوون لەوەی کەچی وایان پێناچێ دەگەنە بەردەم دەروازەکانی قوستەنتەنییە، بەلام لەمپەرێکی بەنداو ئاسا ڕێی لەبەردەم ئەم لافاوە گرت و ئەو بەنداوەش شارێکی خەواڵو بوو لەنێو دۆڵێکدا کە کەوتبۆ سێ کیلۆمەتریی باشوری ڕووباری دانۆب و

یەکێ لە قورسترین شەڕەکان و قارەمانانەترین بەرگرییەکانی مێژووی شەڕەکانی جیهانی بەخۆوەدیت ئەم شارە نێوی پلۆنا بوو.

* * *

فەسڵی دەیەم

ئابلۆقەی پلۆنا

شاری بچوک و هێمنی پلۆنا لە بولغاریا، کە ژمارەی دانیشتوانی (١٧٠٠٠) کەس بوو، لە هاوین و زستانی ساڵی ١٨٧٧ (١٢٩٤ی کۆچی)دا، گەورەترین شەڕی مێژوویی نێوان روسیاو تورکیای بەخۆوە بینی. ئەم شارە کەوتۆتە نێو دۆڵێکی قوڵەوەو، تەپۆڵکەکانی دەوروبەری بە ڕەزو باخ و کێلگەی گوڵەبەڕۆژە داپۆشراون.
ئەم شارە لەسێ لاوە بە بەرزایی و خەرەندو کوێرەڕێی شاخاویی دەورە دراوەو، ئەمەش وایکردووە کە دەست بەسەراگرتنی کەڵێک ئاستەم بێت. لای چوارەمیشی کردێکی پڕە لەڕەز و، باخی میوەی لێیە. بایەخی ستراتیژیکی پلۆنا لەو جێیەوە سەرچاوە دەگرێ کە کەوتۆتە سەرڕووباری (ویت)ەوە.
پلۆنا، لەلای باکورەوە کەوتەبەر هێرشی سوپایەکی (١٨٠) هەزار کەسیی روسیا کە (٨٠٠) تۆپیان پێبوو. روسەکان پێشتر دەستیان بەسەر قەڵای نیکۆپۆلیدا گرتبوو کە سێ کیلۆمەتر لە باکوری پلۆناوە دوور بوو و کەوتبۆ سەرکەناری ڕووباری دانۆب. هەروەها گەروی شیپکاشیان داگیرکردبوو، کە ئەویش بە دەروازەی شاخاویی بالکان لەقەڵەم دەدرا. لەم دوو شوێنەدا بەرەوڕووی بەرگرییەکی کەمی تورکەکان ببوونەوەو بەم پێیە بە ئاسانی دەستیان بەسەر ئەم ناوچانە داگرتبوو، بۆیە پێیان وابوو دەتوانن بەو ئاسانییە پلۆناش داگیر بکەن و بەم شێوەیە ڕێگای سۆفیا- قوستەنتەنییە، بەسەریاندا ئاوالا دەبوو. بەڵام ئەم جارەیان عەبدولحەمید بە پێچەوانەی جارەکانی پێشوو، کاردانەوەیەکی خێرای لە خۆی نیشانداو بەپەلە تەلگرافێکی بۆ عوسمان پاشا لێدا کەسەرکردایەتی ئەو سوپایەی لە ئەستۆ بوو کە لە (ویدن)ی نزیک دانۆب نیشتەجێ بوون. عەبدولحەمید لەو تەلگرافەدا فرمانی بە عوسمان پاشادا کەبەخێرایی خۆی بگەیەنێتە دانۆب و هەروەها لە تەلگرافەکەیدا نووسیشی: *«ئیمبراتۆرییەتی عوسمانی کەوتۆتە نێوان مان و نەمانەوە.»*
عوسمان پاشا کەتەمەنی (٤٠) ساڵان بوو، پێشتر بەشداریی لەشەڕی کریمەدا کردبوو و، بەسەربازێکی ڕاستەقینە لەقەڵەم دەدرا. عوسمان کابرایەکی کورتیلە، کەمدوێ، خاوەن هێزی سەرکردایەتی و کەسایەتییەکی پۆلایین و بەسام بوو. سوپای ژێر سەرکردایەتیی عوسمان کە ژمارەیان خۆی لە(٥٠)هەزارکەس دەدا، لە بەرەبەیانی ڕۆژی (١٣)ی تەمموزی ئەو ساڵە، بەرەو پلۆنا کە (١٨٠) کیلۆمەتر لێیانەوە دوور بوو، بەڕێ کەوتن. سەربازەکانی ڕیزێکی (١٥) کیلۆمەترییان بەستبوو

و ڕێیـان دەکردو ئازوەی یەک هەفتەی خۆیان پێبوو کە بریتی بوو لە نانی وشک، کە بەڕادەیەک ڕەق بوو بەچەکوچ نەبا نەدەشکاو، دەبوایە بۆ خواردن لە ئاوی هەڵێنن و بیخوسێنن.

کاتێ عوسمان پاشا لە ڕۆژی (١٩)ی تەمموز گەیشتە پلۆنا، بەپەلە چاوێکی بە گردو تەپۆلکەو گوندەکانی دەوروبەری پلۆنادا خشاند. عوسمان گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە جگە لە بەکارهێنانی ئەو چەپەرە سرووشتییانەی کە دەورەی پلۆنایان داوە، بەهیچ جۆرێکی دیکە ناکرێ بەرگری لە پلۆنا بکات. هەروەها دەشی زانی کە بەم زووانە قەیسەر فرمانی هێرشکردن بە سوپاکەی خۆی دەدا، بۆیە یەکەم کاری ئەوەبوو کە فرمانیدا، لەدەوروبەری شار خەندەقێک هەڵکەنن و سەنگەرو چەپەری قایم درووست بکەن.

بەشی زۆری هێزەکانی روسیا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی پلۆنا مۆڵ درابوون و لەو ڕووە عوسمان دڵنیابوو لەوەی کە یەکەم هێرش لەو لایەوە دەکرێتە سەریان کە لوتکەی کێوێک بوو بە نێوی جانێکبای کە بەرزاییەکەی (١٣٠) مەترو بەسەر دۆڵێکی کاکی بەکاکیدا دەیڕوانی. بۆیە فرمانیدا سەربازەکانی بەشەو و بەڕۆژ و لەبەر ڕووناکایی ئاگردا، بەدرووستکردنی سەنگەری بەکۆمەڵەوە خەریک بن. ئەم کارە ئەنجام دراو تا وایلیهات کۆمەڵێک سەنگەرو شوێنی دانانی تۆپەکان لە هێڵێک بەدرێژایی دوو کیلۆمەترو تا گوندێک بەنێوی گریویتسا ئامادەی بەرگری بوون. لەپشت ئەو سەنگەرانەوەش دوو سەنگەری بە کۆمەڵی مەزن کە دواتر بەسەنگەرەکانی گریویتسا ناوبانگیان دەکردو دیوارەکانیان (٦) مەتر بەرزو (٦) مەتریش پان بوون و هەرچواردەورەیان بە خەندەق دەورە درابوو، دروستکران.ئەمەش بۆئەوە بوو کە ئەگەرهاتوو ڕوسەکان لەولاشەوە هێرشیان کرد، بتوانن لەوێوە پێشیان لێ بگرن و تۆپ بارانیان بکەن.

هەر یەک لەو سەنگەرانە نزیکەی هەزار سەربازی ئامادەی شەڕو بەرگرییان تێدابوو. سەربازەکان بەو کەرستەو کەلوپەلەی کە لە گوندەکانی دەوروبەر بە تالانیان هێنابوو، خەوگەو عەمبارێکی ئازوقەی باشیان درووست کردبوو و، لەژێر زەمینی سەنگەرەکانیشیان تەقەمەنی پێویستیان عەمبار کردبوو.

بەر لە کۆتایی هاتنی مانگی تەمموز، پلۆنا وەک قەڵایەکی پۆلایینی لێهاتبوو و، تورکەکان ئامادەی بەرگریکردن بوون. هەر کام لە سەربازەکان ئازووقەی پێویست و قاوەو (٥٠٠) فیشەکیان درابۆیە. لەنێو سەنگەرەکانیش بەڕادەیەکی باش کەلوپەلی پێویست عەمبار کرابوو. هەروەها لە پشت سەنگەرەکانیشەوە داشقەو بارگین-ی پێویست بۆ گوێزانەوەی بریندارو تۆپخانە بۆ نێو شار دەستەبەرکرابوو.

ئێستا ئیدی عوسمان دەبوو بەس چاوەڕێی هێرشی ڕوسەکان بکات. بارودۆخی پلۆنا ئاسایی دەهاتە پێش چاو، هەرچەندە کەس مافی ئەوەی نەبوو بێتە ناویەوە، یان ئەوەتا لێی دەربچێ. سەرەتا، دوکاندارو بازرگانە بولغارییەکان دوکانەکانی خۆیان داخست، بەڵام دوای ئەوەی کە عوسمان چەند سەربازێکی تالانچیی تورکی لە سێدارەدا، ئیدی وایلێهات هەستیان بە دڵنیایی کردو سەر لەنوێ دوکانەکانی

خۆیان کردەوە. شار بەڕادەی پێویست ئازوقەو خواردو خۆراکی تێدا دەست دەکەوت و لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەیدا کە شەڕی لابەلا لەنێوان هەردوولادا رووی دەدا، بازاڕی پلۆنا بارودۆخێکی تایبەتیی هەبوو؛ سەربازە چەرکەسییەکان بە فرۆشتنەوەی یۆنیفۆرم، ڕۆبڵ و خاچی زیوینی بەربازو ئەفسەرە ڕوسەکانەوە خەریک بوون. نەریتی تاڵان و برۆ، لەدێرزەمانەوە لەنێو سوپای عوسمانیدا باو بوو و، عوسمان نەیدەتوانی ڕێگە لەم کارەی سەربازانی تورک بگرێ.

بەرە ڕۆژئاوای ڕۆژی ٢٩ی تەمموز، ئارچیبالد فۆربس-ی پەیامنێری ڕۆژنامەی دەیلی نیوز، لەکەسانی نزیک لەسەرکردایەتی سوپای روسیا ی بیست کە بڕیاروایە ڕۆژی دواتر، (٣٥) هەزار سەرباز بە (١٧٠) تۆپەوە هێرش بکەنە سەر سەنگەرەکانی گریویتسا.(٨) فرمانی روسیا بە سەربازەکان بەم شێوەیە بوو: «بەهەر نرخێک بێت، سەرکەون.»

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی (٣٠) تەمموز، هێرش دەستی پێکرد. تورکەکان لەنێو سەنگەرەکانیانەوە، دەستیان کرد بە بەرگری کردن و سێ شەپۆلی سەربازە ڕوسەکانیان بەرەو دواوە گەڕاندەو تێکیان شکاندن. هۆی ئەم سەرکەوتنەی تورکەکانیش جگە لەوەی کە لە دۆخی بەرگری دابوون، جیاوازی نێوان چەکەکانی هەردوولابوو کە سەربازە تورکەکان بەچەکی ئەمەریکایی پێشکەوتوو دەجەنگان. ئەم چەکانەی کە تورکەکان پێی دەجەنگان تاپڕی پیبادی ئەمەریکایی بوو کە بەم دواییە عەبدولحەمید نزیکەی نیو ملیۆنی لە ئەمەریکا کڕیبوو. تورکەکان لە شوێنی خۆیان نەجوڵان و لەمەودایەکی نزیکەوە تەقەیان لە هێرشبەرە ڕوسەکان دەکرد، بەڵام بەهاتنی هێزێکی یاریدەدەری (١٠) هەزار کەسی، ڕوسەکان تای تەرازووی شەڕیان بەلای خۆیاندا شکاندەوە سەربازە ڕوسەکان گەیشتبوونە بن سەنگەری تورکەکان و فۆربس لە دوورەوە بریسکەی سەرنێزەی تفەنگەکانی دەدی. تورکەکان وردە وردە کشانەوەپاش و چوونە پشت تۆپخانەکەیانەوە. ڕوسەکان دەستیان بەسەر یەکەم سەنگەردا گرت و فۆربس ئەوکاتە پێی وابوو ڕێی پلۆنا بەسەر سوپای ڕوسیادا ئاوالاّ بووە. ئەفسەرێکی ڕوسیایی هاواری لێ هەستا:« *نانی ئێوارە لە پلۆنا دەخۆین*»، بەڵام ئەو تورکانەی کە لەنێو سەنگەرەکاندا بوون، بەرگرییان دەکرد.

لەو کاتە عوسمانیش هێزێکی یاریدەدەری خۆی هێنایە مەیدانەوە، فۆربس گوێی لە دەنگی شەیپور بوو کە مانای هێرشی تورکەکانی دەگەیاند. چیوای پێنەچوو کە ڕەزو باخەکانی ئەوناوە پڕبوون لەسەربازی تورک، ئەمجارەیان نۆرەی ڕوسەکان بوو کە بەرگری بکەن، بەڵام ئەم بەرگرییەیان زۆری نەخایاندو تورکەکان تێکیان شکاندن و ڕاویان نان. لەماوەی چەند دەقیقەیەکدا، دۆخی جەنگ و هەڵوێستی هێزەکانی گۆڕا. هەر کە دنیاش تاریک داهات، عوسمان تێبینی ئەوەی کرد کە ڕوسەکان ترساون، بۆیە بڕیاری دا دژە هێرشێک ئەنجام بدات و سەنگەرەکانی پێشووی خۆی گرتەوە. چیوای نەمابوو ڕۆژبێتەوە کە سەربازە چەرکەسەکان بە هەڵقەندنی سەری بریندارە ڕوسەکانەوە خەریک بوون و تورکەکانیش خەریکی ڕاوەدوونانی سەربازە ڕوسەکان بوون. لەیەکەم ڕۆژی جەنگدا، ڕوسەکان (٧) هەزار سەربازو (١٦٨)

ئەفسەریان لێ کوژرا. فۆربس لەڕاپۆرتێکدا بۆ ڕۆژنامەکەی نووسیبووی: *«بارودۆخی شەڕو وەزعی بەرەکانی شەڕ بەتەواوەتی گۆڕاوە، بەو بەرگرییەی کە تورکەکان دەیکەن پێ ناچێ چیدی ڕوسەکان بتوانن درێژە بە هێرشەکانیان بدەن.»*

لەو کاتەدا دەوڵەتی بەریتانیا بڕیاریدا بۆ بەرگریکردن لە قوستەنتەنییە، گەلەکەشتییەکی جەنگی ڕەوانەی ناوچەکە بکات.

* * *

کەس بەقەدەر سوڵتان لە قوستەنتەنییەو قەیسەر لە پشت بەرەکانی شەڕ، سەری لەو سەرکەوتنەی عوسمان سوڕنەمابوو. عەبدولحەمید بەپەلە شمشێرێکی بە گەوهەر نەخشێندراوی بەدیاری بۆ عوسمان ناردو نازناوی «غازی»ی پێبەخشی. ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کە کەوتبۆ سەر لێواری نەمان و داڕمانەوە، لەماوەی یەک ڕۆژدا ببوو بە وڵاتێک کە توانیبووی ڕوسە کافرەکان تێک بکشێنێ.
سەرەڕای ئەمە، ئەم سەرکەوتنەی عوسمان نەک تەنها ببوەهۆی ئەوەی کە بەریتانیا ناچاربێ یارمەتی بۆ عەبدولحەمید بنێرێ، بگرە ببووەهۆی ئەوەیش کە تورکە نارازییەکان لەنێوخۆی ئیمپراتۆرییەتدا، کارەساتەکانی بولغاریا لەبیرخۆیان ببەنەوە.
کاردانەوەی قەیسەر بەتەواوەتی جیابوو؛ قەیسەر کە لە بارەگای سەرکردایەتیی خۆی و لە پشت بەرەی شەڕ هەواڵەکانی پێدەگەیشت، ترس و سام دایگرت. هەندێ پڕوپاگەندەی وا هەبوون گوایە عوسمان پاشا نیازی پەلامارو ڕاوەدوونانی سوپای ڕوسیای هەیە.

بەهەزاران لە سوپای ڕوسیا، ڕایانکردە ڕۆمانیا. گراندۆک نیکۆلا تەلگرافێکی بۆ شارڵ ـی فەرمانڕەوای ڕۆمانیا لێداو، تێیدا نووسیبووی: *«خێرا بە فریامان بکەون، خەریکە تورکەکان لەنێومان دەبەن. مەسیحییەت لە مەترسیدایە.»*
قسە لەسەر ئەوە هەبوو کە سوپای ڕوسیا بەرەو کەنارەی باکوری دانۆب پاشەکشێ بکات، چونکە لەشکری ڕوسیا لە نیوەبازنەیەکی (١٢٠) کیلۆمەتری دا بڵاوببوونەوەو ئەمەش وایکردەکرد بە ئاسانی زەفەریان پێ ببردرێت، بەڵام قەیسەر نەچووە ژێر بارەوەو ڕایگەیاند کە پاشەکشێ بەمانای دەستبەردارییە لە مەسیحییەکانی بولغاریاو ناتوانی بەکارێکی وا حەیاو ئابڕووی خۆی بەرێ.
عوسمان پاشا ئاگای لە ڕاستییەکان هەبوو و بەهیچ شێوەیەکیش خەیاڵی ئەوەی نەبوو پتر لەوەی کە هەیە خۆی نیشان بدات. ئەگەر چی لەشەڕێکدا توانیبووی سەرکەوتن بەدەست بێنێ، بەڵام دڵنیاش بوو لەوەی کە ڕوسەکان دیسان هێرشی دەکەنەوە سەر. بۆیە بە پەلە فەرمانی دروستکردنی چەند ئاڵقە سەنگەری لەنێویەکی دا. لەبەرەی باکور تورکەکان دەستیان بە دروستکردنی (٥) سەنگەری بە کۆمەڵ ـی نوێ کرد کە لەڕێی خەندەقی سەر داپۆشراوەوە دەگەیشتنەوە سەنگەرەکانی پێشوو لە نزیک کابەردەکانی جانیک بایرو ئەم دوو سەنگەرانە لە ڕێی ئەو تونێلانەوە پەیوەندییان بەیەکترییەوە پەیدا دەکرد.

بەسەرنجدان لەو کەرستە بیناسازییە سەرەتاییەی کە لە دروستکردنی ئەم

سەنگەرانەدا سوودیان لێ بیندرابوو، سەنگەرەکان لەڕووی پتەوییەوە بێ هاوتا بوون.
ئەغلەبیان دیواری (٦) مەتر پان و (٢,٥) مەتر بەرزیان تێدا دروست کرابوو و، خەندقێکی (٥) مەتر پان و (٣) مەتر قوڵیان لەدەوره هەڵکەندرابوو.
دیوارەکان کونی وایان تێدا دروست کرابوو کە هەم جێی لولەی تفەنگەکان بوو و، هەمیش دەکرا لێیانەوە تا دووری (٣) کیلۆمەتر جموجۆڵی هێزەکانی دوژمن بخرێتە ژێر چاودێرییەوە. هەروەها هەر یەک لەو سەنگەرانە بەهۆی هێڵێکی تەلگرافەوە پەیوەندییان بە بارەگای سەرکردایەتیەوە هەبوو.
هەریەک لەسەربازە تورکەکان (٦٠٠) فیشەکیان درایەو هەزار فیشەکی زیادەش بۆکاتی پێویست خرایە بەردەستیان. سەربازەکان بەشە خواردنی هەشت ڕۆژی خۆیان کە بریتی بوو لە برنج و گەنمەشامی یان وەرگرت و چەند مێگلە مەڕێکیش لە پشت سەنگەرەکانەوە بۆ دابین کردنی گۆشت و خواردنی سەربازەکان ڕاگیرابوون. هەروەها (١٠٠) گولله تۆپیش بۆ هەر تۆپێک دیاری کراو ئەسپ و گامێشی پێویستیش بۆ ڕاکێشانی هەر کام لەو تۆپانە دیاری کرا.

* * *

بەرەبەیانی ڕۆژی (١١)ی ئەیلول لەکاتێکدا کە نم نمە باران دەباری و تەم و مژێکی چڕ دۆڵەکانی دەوروبەری پلۆنای داپۆشیبوو، هێرشی مەزنی ڕوسەکان دەستی پێکرد. بەدرێژایی چوار ڕۆژ تۆپخانەی ڕوسەکان، سەنگەری تورکەکانی بۆردومان کردبوو و، لە کۆی کشتیدا (٣٠) هەزار گوللە تۆپی بەسەر تورکەکاندا بارانبوو. هەر چەندە لەو ماوەیەدا (٥٠٠) سەربازی تورک کوژران، بەڵام تورکەکان توانیان ئەو زیانانەی کە بەڕۆژ پێیان دەگەیشت بەشەو تۆژمنیان بکەنەوەو ڕوسەکانیش تێ گەیشتن کە ورەی تورکەکان زۆر بەرزەو، وابە ئاسانی تێک ناشکێندرێن. دکتۆر چاڵز ڕایان کە لە نەخۆشخانەی تورکەکان کاری دەکرد، هەستی کرد ئەو بریندارانەی کە لە مانگی پێشوو، زۆر بێ سۆزو بەزەیی بوون، ئێستا پێشنیازی ئەوەی پێ دەدەن کە یارمەتیی بدەن. ڕوسەکان لەوەی کە بتوانن بە تۆپ باران ورەی تورکەکان دابەزێنن، نائومێدبببوون. وەنەبێ تەنیا رووسەکان تووشی ئەم هەڵەیە بوو بن؛ لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمیش هەندێ کەس پێیان وابوو بۆردومان کردنی شارەکانی ئەڵمانیا بەهەزاران فڕۆکە دەتوانی ماوەی شەڕ کورت بکاتەوە کەچی وادەرنەچوو.
هێرشی ڕوسەکان لەسەر بنەمای خوێندنی کۆلیژو کتێبە وانەییەکان بوو، ئەفسەرەکان سوور بوون لەسەر ئەوەی کاتێ هێرشەکانیان سەر دەگرێ کە تۆپبارانێکی خەستی سەنگەرەکان کرابێ و ئینجا شەپۆلێک سەرباز هێرش بکات، ڕاستە کە لەوکاتەدا دەستەی یەکەمی سەربازەکان دەکوژرێن، بەڵام لەبەرئەوەی بەرگریکاران ماندووبوونە، دەستەی دووەم و سێیەمی هێرشبەران دەتوانن بەسەر لاشەی سەربازەکانی خۆیانەوە بگەنە سەر سەنگەرەکان و بەسەرنێزە، تورکەکان لە کۆڵ بکەنەوەو لەنێویان ببەن.

ئەوان ئالێرەدا، دوژمنیان بەرامبەرەکەی خۆیان بەهیچ نەزانی بوو و، تورکەکانیان بەهەند نەگرتبوو و ئەوەیان لەیادنەبوو کە تورکەکان لەبەکارهێنانی سەنگەرە بەکۆمەڵەکان و تاکتیکەکانی شەڕو بەرگریکردندا وەستانە.

ئەو ڕۆژە بەرلەوەی نیوەڕۆ دابێ لە پڕێکا تەم و مژەکە نەما و، کاتژمێر (٣)ی دوای نیوەڕۆ رووسەکان لە سێ لاوە هێرشیان هێنا؛ لە باکوری ڕۆژهەڵاتەوە هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی گریوتیسا، لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە کە ڕێک خاڵی بەرامبەری بەرەی یەکەم بوو هێرشیان هێناو لە باشوریشەوە هێرشیان کردە سەر سێ سەنگەری بە کۆمەڵی تازە بنیادنراو کە ڕێگای سەرەکییان دەپاراست.

هیچ پەیامنێرو ڕۆژنامەنووسێک نەیدەتوانی لەیەک کاتدا، لەسێ شوێن بێت، بەڵام مەک گاهان کە ڕاپۆرتە سەرنج ڕاکێشەکانی لە مەسەلەی باتاک دا بەنێو بانگی کردبوو، بڕیاری دا بچێتە بەرەی باشورەوە کە لەوێ سەرکردایەتی هێزەکانی ڕوس لە ئەستۆی یەکێ لە بەناوبانگترین ژەنراڵەکانی ڕوس؛ ئیسکۆبلۆف بوو.

ئیسکۆبلۆف پیاوێکی تەمەن ٣٥ ساڵان، چوارشانەو ڕێکوپێک و پۆشتەبوو کە بەڕەوانی بە (٦) زمان قسەی دەکردو گۆرانی دەچڕی. مەک گاهان خۆی لەگەڵ ئەم کابرایەدا کردبوو بە برادەرو ئیسکۆبلۆف خۆشی دەویست. جارێکیان مەک گاهان لێی پرسی بوو بۆچی هەمیشە یۆنیفۆرمی سپی دەپۆشێ و سواری ئەسپی سپی دەبێ؟

ئیسکۆبلۆف لە وەڵامدا پێی گوتبوو: «*بۆ ئەوەی لەهەر کوێیەک بم سەربازەکانم بتوانن بمبینن و بزانن کە هەمیشە لەگەڵیاندام.*»

ئەو هێرشەی لەلای باکوری ڕۆژهەڵاتەوە دەستی پێ کردبوو، چیوای نەبرد کە بە عاسێ بوونی سەربازانی ڕوس لە نێو قوڕو لیتەدا وەستا، هەرچەندە کە سەربازە ڕوس و ڕۆمانیاییەکان توانییان عەسری ئەو ڕۆژە یەکێ لە سەنگەرەکانی گریویتسا داگیر بکەن، بەڵام (٤٠٠٠) کەسیشیان لێکوژرا.

ئەمە عوسمان پاشای نیگەران نەکرد، چونکە ئەم دوو سەنگەرە بە کۆمەڵەی وا دروست کردبوو کە ئەگەر یەکێکیان کەوتبایە دەست دوژمن، دەکرا پارێزگاری لەوەی دیکەیان بکات و داگیرکرانی یەکێکیان مەترسی بۆ ئەوەی دیکەیان نەبوو. لەمڕووەوە دژە هێرشی نەکردو هەموو هێزی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسکۆبلۆف تەرخانکرد کە (١٢) هەزار لەسەربازەکانی گەیشتبوونە بن لووتی تورکەکان و (٣٠٠) مەتریان مابوو بگەنە سەر سەنگەری تورکەکان. ئەم سەنگەرانە لەسەر تەپۆلکەیەکی نزیک لە شار بنیادنرابوون و زۆر لەشارەوە نزیک بوون. ئیسکۆبلۆف نیوەی سەربازەکانی لە قوڵتاییەکی خوار گردەکە کۆکردەوەو دوایی لە پەنای ئاگری تۆپخانە و بەدەنگی مارشی سەربازی و ئەو ئالایانەی کە لە ئاسمان دەشەکانەوە، دەستی بەهێرش کرد. بەڵام هەر کە تورکەکان لێیان هاتنەدەست و دایاننەبەر تەقە، هێزەکانی ئیسکۆبلۆف هەر یەکەی بەلایەکدا ڕۆیشتن، ئیسکۆبلۆف ناچار بوو سێ هەزار سەربازی دیکە بنێرێتە بەرەی جەنگەوە، هەرچەندە هەندێ لە سەربازە ڕوسەکان تا نزیک سەنگەری تورکەکانیش چوونە پێش، بەڵام دیسان خۆیان

پێرانەگیراو پاشەکشەیان کرد.
لەو کاتەدا ئیسکۆبلۆف خۆی هاتە مەیدانەوەو بەدوا سەربازەکانی هێرشی بردەسەر سەنگەری تورکەکان. کاتێ ئیسکۆبلۆف سوار بەسەر ئەسپە سپییەکەیەوە لەبەرامبەر مەک گاهان تێدەپەڕی، هاواری کرد: «*خوا حافیز مەک گاهان، هیوای سەرکەوتنم بۆ بخوازە.*» دواتر مەک گاهان گوێی لە نەڕەی ئیسکۆبلۆف بوو کە ڕووەو سەربازەکانی هاواری دەکرد: «*بەدوای مندا وەرن تا پێتان نیشان بدەم چۆن چۆنی دەبێ تورکەکان وردوخاش بکەن.*» مەک گاهان لە دوورەوە دیتی ئەسپەکەی ئیسکۆبلۆف گوللەی بەرکەوت و ئیسکۆبلۆفیش بەپای پیادە لەگەڵ سەربازەکانیدا دەرۆیشت، لەو کاتەدا دەنگی تەقەی تفەنگ نەدەهات و هەردوولا بەسەر نێزەکەوتبوونە گیانی یەکتری. تورکەکان بەپەلە دەستیان بە پاشەکشێ کردو بەم پێیە ئیسکۆبلۆف توانی گرنگترین و ستراتیژیترین سەنگەری بە کۆمەڵی تورکەکان کە لە هەمانکاتدا بەدەروازەی پلۆناش لە قەڵەم دەدرا، داگیر بکات.
هێزەکانی ئیسکۆبلۆف زیانێکی یەکجار زۆریان لێکەوتبوو، نزیکەی (٣٠٠٠) کەسیان لێ کوژرابوو، بەڵام ئیدی ئەمجارەیان تورکەکانیان شکست دابوو. عوسمان پاشا دەیتوانی بە دووربینکەی ئاڵا سپییەکەی ڕوسەکان ببینێ کە داڵێکی دووسەری تێدا نەخشێندرابوو و، بەسەر سەنگەرە داگیرکراوەکاندا دەشەکایەوە. عوسمان دڵنیابوو لەوەی کە ئەگەر ڕوسەکان بۆ ڕۆژی دواتر بتوانن سەنگەرەکانی تەنیشت ئەو شوێنە بگرن ئیدی ناتوانێ بەهیچ شێوەیەک بەرگری بکات و دەبێ شارەکە بدا بەدەستەوە.
بۆیە بروسکەیەکی بۆ سەنگەرەکانی باکور لێداو داوای ئەوەی لێکردن چی هێزی هەیانە بینێرینە باشور. عوسمان دەیویست بۆ بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر هێرش بکاتە سەر ئەو شوێنەی ڕوسەکان داگیریان کردبوو و، لەدژە هێرشێکدا بیانگرێتەوە.
لەکاتێکدا کە عوسمان خۆی بۆ دژە هێرش ئامادە دەکرد، هیچ ئاگای لەوەنەبوو کە ئیسکۆبلۆف بۆ پاراستنی ئەو شوێنانەی داگیری کردبوون تووشی چ گیروگرفتێک بۆتەوەو داواکاریشی بۆناردنی هێزێ یاریدەدەر لەلایەن سەرکردایەتی هێزەکانی ڕوسیاوە ڕەتکراوەتەوە. ئاگری تۆپخانەی تورکەکان کە لە سەنگەرەکانی تەنیشت شوێنی ئیسکۆبلۆفەوە دەبارییە سەر هێزەکانی ئیسکۆبلۆف، بێ ئەندازە نارەحەتی کردبوون. ئیسکۆبلۆف لەوە گەیشتبوو کە بەم حاڵەو بەو هێزە کەمەی کە لەنێو گۆماویلکەی خوێنی کوژراوەکاندا وەستاو، یان ڕاکشابوون، پاراستنی سەنگەرە بەکۆمەڵە دەست بەسەرداگیراوەکە مەحاڵە. دەوروبەرو ناوەوەی سەنگەرەکە بە تەرمی کوژراوەکان داپۆشرابوو و بارانیش زۆربێ بەزەییانە دەباری. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئیسکۆبلۆف دڵنیابوو لەوەی کە ئەگەر هێزێکی یاریدەدەری بۆ بنێردرێت، دەتوانێ بۆ ڕۆژی دواتر لە نێو کۆڵانەکانی پلۆنادا بسوڕێتەوە.
هێشتا دنیا تاریک دانەهاتبوو کە ئیسکۆبلۆف بڕیاریدا بەسواری ئەسپ بچێتە بارەگای سەرکردایەتی هێزەکانی ڕوسیاو بە گوتەی خۆی: «*هەوڵ بدا ژنەراڵە دەبەنگەکانی ڕوسیا کە تەنها وانەی سەربازییان لەبەربوو، ناچار بکا هێزی*

یاریدەدەری بۆ بنێـــرن.» بەڵام ئەم کـارەی بێسـوود بوو، چونکە لە وەڵامدا پێـیان ڕاگـەیاند کـە: *«کارێکی وا ناکرێ، چونکە هێزی پێویستیان لەبەردەستدا نییە.»* ئیسکۆبلۆف توانی تەنها هەندێ فیـشـەکی (کـرنک) بۆ سـەربازەکانی بێنێ، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە سـەربازەکانی تفەنگی (بردان)یان پێ بوو، ئەم فیشـەکانەیان بە کەڵک نەهات؛ چونکە لولەی تفەنگەکان جیاوازییان هەبوو.

ئەمـــەش نەبووە هـۆی ئەوەی کـــە ئیـــسکۆبلۆف کـــۆڵ بدات، بۆیە هەندێ لەسەربازەکانی خۆی ناچار کرد فیشـەکەکان بگۆڕنەوەو بەم پێیە ژمارەیەکی زۆ فیشەکی (بردان)ی گەیاندە هێزەکانی خۆی.

بەرلەوەی ڕۆژ هەڵبێ عوسـمـان دەستی بەدژە هێرشێک کرد. عوسمـان لە بارەگای سەرکردایەتی هێزەکانیەوەکە کەوتبۆ باشوری پلۆناوە، یەکەم شەپۆلی هێرشبەرانی ڕەوانەی مـەیدانی جەنگ کرد کـە خۆیان لە (٥٠٠٠) سـەرباز دەدا، بـەڵام ئەم ژمارە سـەربازە دوای ئەوەی (٥٠٠) کەسـیـان لێکوژرا، پاشـەکشێ یان کرد. لەو کـاتەدا، لەسـەرکردایەتی سوپای ڕوسیـاوە پەیامێک بۆ ئیسکۆبلۆف نێردرا کە ئەگەر ئەودەم عـوسـمــان زانیــبــای ئەو پەیامـە چی تێـدایەو دەڵێ چێ، ڕەنگبێ لە خـۆشـیــان وەسـەمـاکەوتبا. ناوەڕۆکی پەیامـەکـە ئەوەبوو: *«ئەگـەر ناتوانن ئەو سـەنگەرە بە کۆمەڵەی کە داگیرتان کردووە، بپارێزن، دەتوانن پاشـەکشێ بکەن، چونکە ئێمە بڕیارمانداوە چیدی درێژە بە هێرش نەدەین.»*

ئیسکۆبلۆف گوتبووی ئەمە خەراپترین و تاڵترین فرمانێ بوو کە بەدرێژایی ژیانی سـەربازیی پێی درابوو. بـەڵام ئەو سـەربازبوو و دەبوایە بەبێ سێ و دوو فـرمـانی سـەرووی خـۆی جـێـبـەجێ بکات. بۆیە هەوڵیـدا تابۆی بکرێ ژمـارەیەکی زۆرتر لەسـەربازەکـانی بە زیندوویەتی لە سـەنگەرەکـە وەدەرنێت. کـاتژمـێـر (٥)ی پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، بۆ جـارێکی دیکە هێزەکانی عوسمان دەستیان بەسـەر سەنگەرە بەکۆمـەڵەکە داگرتەوەو لەو جـێگەیەی کە چەند کاتژمێر پێشـتـر ئاڵای ڕوسـەکـان دەشەکایەوە، ئاڵای هیلالی عوسمـانی هەڵدرا.

هەر لەو کاتەدا کە سەربازە ڕوسەکـان بەرەو باشور ڕایاندەکرد، تورکەکان توانییان دووبارە دەست بەسەر سەنگەرەکانی گریوتیسادا بگرنەوە.

لەهەموو لایەکەوە ڕوسـەکان پاشەکشێ یان دەکردو زیانی گـیانیی هێزەکانی ڕوس و ڕۆمـانیـایی لەمـاوەی ئەو دوو ڕۆژەدا خـۆی لە (١٥) هەزار سـەربـازو (٣٠٠) ئەفسـەر دەدا.

قەیسـەر بەهۆی زۆری ئەم ژمـارە کوژراوە، بڕیاریدا چیدی هێرش نەکەنە سـەر تورکەکـان و لەبری ئەمە تا ئەوکاتەی تورکەکان لە برسـان خۆیان بەدەستەوە دەدەن، پلۆنا ئابڵۆقە بدەن.

* * *

عوسـمـان بەر لەوەی کـابرایەکی ئازاو بەجـەرگ بێ، پیاوێکی واقیع بین بوو. ئەو توانیبووی دووجار سـوپای دوژمن، کە ژمـارەیان دوو ئەوەندی ژمارەی سـەربازەکانی بوو، تێک بشکێنێ. لەوەش گـرنگتـر ئەوەبوو کـە عـوسـمــان توانیـبـووی مـەکـینەی

جەنگیی رووسەکان رابگرێ و تووشی شەرێکی قورسی زستانەیان بکات. عوسمان لەویاوەڕمدابوو کە بەزیادەوە بە ئەرکی خۆی هەستاوەو ئێستاش واباشە چیدی لە پلۆنا نەمێنێتەوەو، خۆی تووشی برسیەتی و سەرما نەکات و کەسی دیکە بە کوشت نەدا. بەتایبەت کە سەلمانبووی سوپاکەی ژێر سەرکردایەتی ئەو، بەهێزترین بەجەرگترین سوپای نێو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییە، بۆیە بریاریدا بەرەو شاری (ئۆرکانی) کە کەوتبۆ (٨٠) کیلۆمەتریی باشوری پلۆنا، پاشەکشێ بکات و لەوێ پەیوەندی بەو هێزە تورکەکانەوە بکات کە لە باشوری بولغاریا جێگیر ببوون. عوسمان پێی وابوو ئەگەر وا بکات، روسەکان بەهیچ شێوەیەک ناوێرن هێرشی دیکە بێنن و لە جێی خۆین دەچەقن.

عوسمان بەتەلگراف پلانەکەی خۆی بە سولتان راگەیاند، بەڵام سولتان بە توورەییەوە وەڵامی عوسمانی دایەوە کە بەهیچ شێوەیەک پلۆنا بەجێ نەهێڵێ و لەوێ بمێنێتەوە. عوسمان سەری لەم وەڵامەی سولتان سورما.

عەبدولحەمید دەیگوت ئابرووی نێو دەوڵەتیی تورکیاو ئەو رێزو ئیحترامەی تورکیاو عوسمان لای ئەوروپاییەکان بەدەستیان هێناوە، بۆ ئاییندەی ئیمپراتۆرییەت بایەخێکی تایبەتی هەیەو بۆیە پێویستە عوسمان لە پلۆنا بمێنێتەوەو ئەو شارە بپارێزێت کە بووە بەهۆی نمونەی خۆراگریی تورکەکان.

تارادەیەکیش هەق بەلای سولتان دابوو. چونکە لە ئەوروپا و بەتایبەت لە بەریتانیا، خەڵک رێزێکی تایبەتییان بۆ عوسمان دادەنا. رۆبرت فۆرنۆ لەو بارەیەوە دەڵێ: *«رق و نەفرەتی خەڵک لەهەمبەر درندایەتیی جارانی تورکەکان، جێی خۆی دابوو بەستایش و رێزگرتن و پیاهەڵدان لە ئازایەتی تورکەکان و عوسمان ببوو بە پیاوی رۆژو زۆربەی ئەشراف و تەنانەت خەڵکی ئاسایی نێوی (عوسمان)یان لە منداڵ و پشیلەو توتیەکانیان دەنا.»*

هەرچەند عوسمان بە بیستنی وەڵامی سولتان نارەحەت و توورەببوو، بەڵام بەڵێنی ناردنی هێز لەلایەن سولتانەوە سێبوری دەداو مایەی خۆشحاڵیی بوو. تاکە کارێک کە دەبوایە عوسمان ئەنجامی بدابایە (و بەرای سولتان کارێکی هێندە زەحمەت نەبوو)، ئەوەبوو کەتا ئەو هێزە یاریدەدەرە دەگات، پلۆنا بپارێزێ.

عوسمان کەسەرانسەری ژیانی خۆی لە مەیدانەکانی جەنگدا بەسەربردبوو و ئاگای لە فروفێڵ و بەڵێنە فیشاڵەکانی کۆشکی یلدز نەبوو، ئەوەی بەزەین دانەدەهات کە بابایەکی بەرێزی وەکو سولتان بەدرۆ بەڵێن بدات.

سەربازگەی ئابلۆقە دراوی پلۆنا بەرەورووی کۆمەڵی گیروگرفت ببۆوە؛ دەبوایە بەپەلە هەندێ هەنگاو بۆ گەیشتنی ئازوقە لەلای باشوورەوە باوێن، سەنگەرەکان نۆژەن بکەنەوەو لەوانەش گرنگتر ئەوەبوو کە تەرمی کوژراوەکان بنێژن، چونکە مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کوشندە بەرادەیەک زۆر بوو کە دەبوایە هەر (٢٤) سەعات جارێک سەربازەکانی نێو سەنگەرەکان بگۆرن.

چەند هەفتەیەکی خایاند تا پلۆنا لە تەرمی سەربازە کوژراوەکانی روس پاککرایەوەو عوسمان بەسوود وەرگرتن لەو دەرفەتە برێکی زۆر خواردەمەنی و

بەهەزاران سەرمەڕو مالات و گاوگۆلکی لە (ئۆرکانی)یەوە گەیاندە پلۆنا. ئەو کەسانەیش کە لە مانگەکانی ئەیلول و تشرینی یەکەمی ئەو ساڵەدا هاوڕێیەتی ئەو کاروانانەیان دەکرد، بۆ بەهێزکردنی سەربازگەی پلۆنا، لەوێ بەجێمان. لەکاتی دەست پێبوونی هێرشی گەورەی ڕوسەکان، ژمارەی هێزەکانی عوسمان پاشا (٥٠) هەزار کەس دەبوو کەتا ئەوکاتە نزیکەی (٤٠٠٠)یان کوژرابوون، بەڵام کە ئێستا ڕوسەکان پلۆنایان ئابلۆقەدابوو، ژمارەی هێزەکانی عوسمان پاشا گەیشتبۆ (٦٠) هەزار کەس و ئەو کەسانەیش کە هاوڕێیەتی ئەو (١٥٠) عارەبانانەیان دەکرد کە لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەم ئازووقەیان گەیاندە پلۆنا، نەگەڕانەوەو لەوێ مانەوە. بەم پێیە ژمارەی هێزەکانی عوسمان لە (٦٠) هەزاریش تێپەڕی کرد.

لەو کاتەیدا کە تورکەکان خەریکی دابینکردنی ئازوقەو نۆژەنکردنەوەی سەنگەرەکانیان بوون، ڕوسەکان بەبێ ئەوەی هیچ پلانێکیان هەبێ درێژەیان بە ژیانی ئاسایی دەداو لە شوێنی خۆیان جوڵەیان نەدەکرد.

مەک گاهان لەو بارەیەوە نووسیبووی: «*بەدرێژایی مێژوو، هەرگیز کەس سوپایەکی مەزنی وابە نائومێدی نەدیووە.*» ئەڵبەتە کات بە قازانجی رووسەکان تێپەڕدەبوو، بۆیە پەلەیان نەبوو. ئیسکۆبلۆف بۆ ماوەیەکی درێژو بەمەبەستی ڕابواردن و حەسانەوە رووی لە بۆخارێست کردبوو.

سەرەڕای چێژو لەزەتی مۆسیقا، شانۆ، خواردنی بەتام و ئافرەتانی دڵڕفێن کە وەک قارەمانێکی جەنگ لە ئیسکۆبلۆفیان دەڕوانی، ئیسکۆبلۆف بە فۆربسی گوتبوو تەنانەت بۆ تاکە ساتێکیش ناتوانێ دیمەنە سامناکەکانی مەیدانی جەنگ لەبیرخۆی بباتەوە.

لەنێوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەم بەفرێکی زۆرباری و پلۆنای ئابلوقەدراویش تەنها یەک ڕێگای دەرچوونی تێدامابۆوەو ئەویش ئەو سەنگەرانە بوون کە بەسەر ڕێگای ئۆرکانی یاندا دەڕوانی و، لەوێوە ئازووقە دەگەیەندرایە شار.

لەیەکێ لە ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم، هێزەکانی ڕوسیا کەژمارەیان سێ بەرابەری تورکەکان بوو، هێرشیان هێنایە سەر ئەو سەنگەرانەو دوای شەڕێکی خوێناوی کە (٨) سەعاتی خایاند، ئالاکەی خۆیان لەسەر سەنگەرەکان هەڵداو داگیریان کردن. لەو شەڕەدا نزیکەی چوار هەزار تورک کوژران و دوو هەزاریشیان خۆیان دابەدەستەوە. لەبەرامبەردا، ڕوسەکانیش چوار هەزارکەسیان لێ کوژرا. بەڵام ڕوسەکان توانیان بەیەکجاری شارەکە دەورە بدەن و دووسەری بازنە بیست کیلۆمەترییەکەی ئابلۆقەکەیان پێکەوە بنووسێنن.

زستانی ساردی بولغاریا بێدادی دەکرد. هەوا لەڕادەبەدەر سارد بوو، بەڵام ورەی تورکەکان بەهیوای گەیشتنی سوپای سوڵتان، هەر لەبەرزی دابوو. کاتێک کە پلەی سەرما گەیشتە دەپلە لەژێر سفرەوە، تورکەکان ناچاربوون. هەریەک سەعات جارێک جێ بە ئێشکچی و قەراوڵەکانی خۆیان بگۆڕن.

تۆپخانەی ڕوسەکان هەموو ڕۆژێ بو ماوەی چەند سەعاتێک پلۆنای دەخستە ژێر ڕەحمەتی گوللە تۆپەکانی. تەواوی مزگەوتەکانی نێوشار ببوونە نەخۆشخانەو،

هەموو کون و قوژبنێک پڕبوو لە بریندارو نەخۆشی تورکەکان کە لەسەر حەسیر ڕاکشابوون و ناڵەناڵیان بوو. هەموو هەوڵی تورکەکان ئەوەبوو خۆیان گەرم ڕاگرن و بۆ ئەو مەبەستە ڕەزو مێوی ئەو ناوەیان هەموو سوتاندبوو، و ئێستا دار بۆ سوتاندن دەست نەدەکەوت. دوای ئەوەی ڕێگە بەرەو دەرەوە نەما، بەشەخواردنی تورکەکان کەم کرایەوە هەر سەربازێکی تورک ڕۆژانە ٢٠٠ غەرام نان و گۆشتی کوتراوی دەدرایەو بریندارەکانیش تەنیا ئاشیان دەدانێ. لەبازاڕی ڕەشدا، جگەرەیەک بە(١٠)پنس-ی ئەمڕۆ و هێلکەیەکش بە ٢٠پنس بوو. سەرەڕای کەمیی گۆشت، کەس مافی ئەوەی نەبوو مانگاو گامێشە بارهەڵگرەکان بکوژێتەوە، چونکە ئەگەری ئەوە هەبوو کە بۆ شکاندنی بازنەی ئابلۆقە بەکەڵک بێن و سودیان لێوەربگیردرێت. بۆیە سەربازە تورکەکان بەخواردنی گۆشتی سەگ و پشیلەو تەنانەت مشک، زگی خۆیان تێر دەکرد، بەڵام لەبەرامبەردا بارودۆخی ڕوسەکان یەکجار جیاوازبوو و بەقەولی فۆرنۆ:«لە خێوەتگەی ڕوسەکان، سەرمێزی گراندۆک، پرەنس و ژەنراڵەکان، بەخواردنی هەمە جۆر دەڕازێندرایەوە».

لە دووەم هەفتەی مانگی تشرینی دووەمدا، ڕوسەکان نزیکەی (٥) هەزار سەربازی بەدیل گیراوی تورکیان ئازاد کردن. تورکەکان گەڕانەوە نێو پلۆناو دوا ژمارەی ڕۆژنامەکانی تایمزو دەیلی نیوز لەندەن-یان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو کە دوا هەواڵی شکستی تورکەکان لە ئەرمینیاو قارس-یان تێدابوو. عوسمان پەیامێکی بۆ گراندۆک نیکۆلا ناردو لەوەی کە ئەو ڕۆژنامانەی بۆ سەرگەرمیی شەوانی درێژی زستان بۆ ناردووە، سوپاسی کرد.

لەکۆتایی مانگی تشرینی دووەم، عەبدولحەمید بیری لە جێبەجێ کردنی ئەو بەڵێنەکردەوە کە بە عوسمانی دابوو. عەبدولحەمید لە ئاکامی بەرگریی سەربازگەکەی پلۆنا، گەیشتبوویە مەبەستی سەرەکی خۆی کە بریتی بوو لەوەی دەرفەتی پێویست بەدەست بێنێ و ڕای ئیجابی و پشتیوانی ئەوروپا بۆخۆی مسۆگەر بکات. ئێستا تازەبەتازە بیری لەوە دەکردەوە کە پێویستە یارمەتییەکی عوسمان بدات، بەڵام ئەم کارە ئاکامێکی زۆر تراژێدی هەبوو، چونکە سوپای تورک کە هەر سەربازەی لەلایەکی تورکیاوە هێندرابوو، هیچ جۆرە ڕێکخستن و مەشقێکیان نەبوو. سوپا لەماوەیەکی کەمداو بەپەلەپەل نێردرایە ئۆرکانی. سوپای نێوبراو هەر کەچاویان بەڕوسەکان کەوت و یەکەم هێرشی ڕوسەکانیان کرایە سەر، سام دایگرتن و پێیان پێ وەناو بۆی دەرچوون. عوسمان بۆی دەرکەوت کە پلۆنا مەحکوم بە تەسلیم بوونە، بۆیە تاکە ڕێگەیەک کە بۆی مابۆوە ئەوەبوو کە بەتێکشکاندنی بازنەی ئابلۆقەکە خۆی و سەربازەکانی قوتار بکات و لەمردن ڕزگاریان بکات.

ئەم کارەو خۆ ئامادەکردن بۆی، دەبوایە زۆر بەنهێنی و بەبێ دەنگی بە ئەنجام گەیشتبایە، چونکە عوسمان دەیزانی سەرکەوتنی بەوەوە بەندە کە بتوانێ ڕوسەکان غافڵگیر بکات. زۆر بەبێدەنگی ولەتاریکایی شەودا، تێکڕای عارەبانەو تۆپەکان کۆکرانەوەو ئامادەی ڕۆیشتن بوون. بریندارەکان بەشێوەیەکی موعجیزەئاسا لە

جێگەکانیان هاتنەدەرو خۆیان بۆ ڕۆیشتن ئامادە دەکرد، ئەگەرچی دەیانزانی چ مەترسی و ناخۆشییەک چاوەڕێیانە، بەڵام بەقەولی دکتۆر ڕایان: «*پێیان باشتربوو لەکاتی شەڕو لەمەیدانی جەنگدا بکوژرێن نەک لە و زیندانەی کە تێیدا گرفتار بیوون، بمێننەوە.*»

بەجێهێشتنی خەڵکی سیڤیلی تورکیش مەحاڵ بوو، چونکە هەر کە هێزەکانی عوسمان لە پلۆنا وەدەرکەوتبان، بولغارییاییەکان گەورەو بچوکیانیان قەتڵوعام دەکرد.

کەواتا دەبوایە ئەوانیش لەگەڵ خۆیاندا ببەن و تەنها ئەو کەسانەی بەجێ بێڵن کە بریندارى سەختن و بە هیچ جۆرێک توانای ڕۆیشتنیان نییە. تاکە ڕێگەیەک کە بەخەیاڵی عوسماندا هات ئەوەبوو کە ریش سپی و پیاو ماقوڵ وپیاوانی ئایینی مەسیحی بوڵغارییاییەکان کۆبکاتەوەو بە ئینجیل سوێندیان بدات کە دوای دەرچوونی ئەوان هیچ لەو بریندارانە نەکەن.

هەر کە وادەی شکاندنی گەمارۆکە داهات، تورکەکان کایان لە تایەی عارەبانەکان وەرپێچا و چەوریان کردن بۆ ئەوەی لەکاتی ڕۆیشتندا دەنگیان لێوە نەیەت. هەر سەربازەو خواردنی سێ ڕۆژو جوتێ پێڵاوی سەندەڵی درایە، بەرمیلی ئاو و سندوقە فیشەک و تەقەمەنی و عەلەف و ئالیکی ئەسپەکانیان لەعارەبانەکان بارکردو ئەو داوەڵانەی کەلە شێوەی سەرباز دروستیان کردبوون، لە نێو سەنگەرەکانیان نان و بەم شێوەیە توانیان ڕوسەکان غافڵگیر بکەن و، بەهێواشی لە سەنگەرەکانیان هاتنەدەر.

* * *

شکاندنی ئاڵقەی گەمارۆکە لەسەرەتادا مەحکوم بەشکست بوو، بەڵام عوسمان پاشا چاوەڕێی موعجیزەیەکی دیکەشی دەکرد. تورکەکان هێندە بەڕێکوپێکی و بەنهێنی کارەکانیان ئەنجام دابوو کە ڕوسەکان بەهیچ شێوەیەک ئاگایان لەوە نەبوو کە تورکەکان خەریکی چین، یان ئەوەتا بەتەمای چین.

سەعات چواری بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە، سیخوڕێکی پۆڵۆنیایی ئیسکۆبلۆفی لەخەو ڕاست کردەوەو مەسەلەیەکەی تێگەیاند. هێشتا ڕوسەکان هێزەکانی خۆیان بەتەواوەتی کۆنەکردبۆوە کە یەکە سەربازییەکانی سوپای تورک وەک ڕووبار لە شار هاتنەدەرو بەرەو دەشتە بە بەفر داپۆشراوەکانی ڕۆژئاوای خۆیان کەوتنەڕێ.

عوسمان پاشا بە سواری ئەسپەکەی لەپێش سوپاوە دەڕۆیشت و بەدوای ئەویشدا هەزاران عارەبانە و سەرباز ڕێگەیان دەکرد.

لەو کاتەدا دوو هەزار سەربازی ئازاو بەجەرگی تورک بەدەنگی شەیپورەوە هێرشیان کردە سەر سەنگەرو بنکەکانی ڕوسەکان و تا کاتژمێر ٨,٣٠ ی بەیانی هێزێکی گەورەی ڕوسیایان تێک و پێک شکاندو ئاڵقەی گەمارۆیان شکاند.

عوسمان بە پەلە فرمانی هێرش کردنە سەر سەنگەرو بنکەکانی دیکەی ڕوسەکانی دا، بەڵام لێرەدا بەرگری ڕوسەکان پتر ببوو. پەنجا هەزار سەربازی تورک و ڕوس کەوتبوونە گیانی یەکدی و شەڕی دەستەویەخە دەستی پێکرد.هێندەی نەمابوو

تورکەکان سەرکەون کە لەوکاتەدا عوسمان پاشا گوللەیەکی پێکەوت، فەرماندەی سوپای تورک لە ئەسپ کەوتە خوارەوەو لە ماوەی چەند ساتێکدا دەنگۆی مەرگی بەنێو سەربازەکاندا بڵاوبۆوە، کەچی گوللە بەرپێی عوسمان کەوتبوو و، هێشتا زیندوو بوو. بەبیستنی ئەم هەواڵە سەربازە نیوە برسی و نیوە بریندارەکانی تورک، ئەژنۆیان شل بوو، لەبنکەو سەنگەری ڕوسەکان هاتنەدەرو کاتێ زانیان عوسمان نەمردووەو ماوە، ویستیان بۆ جارێکی دیکە خۆیان ڕێکخەنەوە کە ئەودەم درەنگ داهاتبوو و، ڕوسەکان دەستیان بەسەر هەموو ئەو شوێنانەداگرتەوە کە پێشتر لە دەستیان دابوون. بەم پێیە تورکەکان لەو گۆڕە مانەوەو تەنانەت تاکە چەپەرێک نەبوو لە پشتیەوە بەرگری لە خۆیان بکەن. کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ، دەنگی دوا گوللە هات و ئابلۆقەی (١٤٣) ڕۆژیی پلۆنا کۆتایی پێهات، ئاڵایەکی سپی لەسەر ئەو خانووە هەڵدرا کە لە تەنیشت پردەکەی سەر ڕووباری (ویدا)بوو و عوسمان لەوێ بە برینداری پاڵ کەوتبوو.

* * *

ڕوسەکان وەک قارەمانێک مامەڵەیان لەگەڵ عوسمان پاشادا کرد.کاتێک گراندۆک نیکۆلا لەگەڵ عوسماندا بەرەوڕوو بوو، تەوقەی لەگەڵدا کردو دەستی گووشی و بەحەماسەتەوە گوتی: *«سەبارەت بە بەرگریی پلۆنا پیرۆزبایتان لێدەکەم. ئەمە یەکێ لەبەرجەستەترین کارەکانی مێژوو بوو.»* هەموو ئەفسەرەکانی سوپای ڕوسی پیرۆزبایان لە عوسمان دەکردو ئافەرینیان بۆ دەنارد. کاتێ عوسمان لەگەڵ ژەنراڵێکی ڕوسی کە یۆنیفۆرمێکی سپی پۆشیبوو بەرەوڕووبۆوەو زانی کە ئیسکۆبلۆفە، تووند دەستی گرت و پێی گوت: *«تۆ ڕۆژێک دەبێ بە فەرماندەی گشتیی سوپای ڕوسیا.»*

قەیسەر، عوسمانی بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ بانگهێشت کردو کاتێک عوسمان شمشێرەکەی خۆی تەسلیمی قەیسەر کرد، قەیسەر شمشێرەکەی وێدایەوەو لە کاتێکیشدا کە خۆی ئامادەی ڕۆیشتن بەرەو ئۆردوگای خارکۆف دەکرد، یەکێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی سەربازیی قەیسەر ڕەژوویەکی دایە دەست کە بەپێی نەریتی کۆنی ڕوسەکان مانای ئەوەیە کە تۆ چیدی بەدوژمنی ئێمە لە قەڵەم نادرێی.

بەڵام چارەنووسی سەربازەکانی عوسمان بەجۆرێکی دیکەبوو؛ سەرەڕای ئەو هەموو بەڵێنەی کە ڕوسەکان سەبارەت بە ڕەفتاری باش و نەرمی نواندن لەگەڵ یەخسیرەکاندا دابوویان، ماوەی دوو هەفتەی ڕەبەق (٤٥) هەزار سەربازی تورکیان بەبێ نان و ئاو لە نێوەڕاستی دەشتە بە بەفر داپۆشراوەکانی پلۆنادا هێشتەوە. تەنانەت ڕێگەیان پێ نەدەدان لە ڕووباری (ویدا) کە بەهۆی ئەو هەزاران تەرمەی کە تێی کەوتبوو ئاوەکەی پیس ببوو، ئاو بخۆنەوە.

بەرلەوەی ئەو تاقمە بەرەو ئۆردوگایە جۆراوجۆرەکانی ڕوسیا بکەونە ڕێ، (٣٠٠٠) کەسیان گیانیان لەدەستدا و لەوانەی کەمانەوەش بە زەحمەت (١٥٠٠٠) کەسیان گەیشتنە شوێنی دیاریکراو و ئەوانی دیکە لە ڕێگە و لەبەفردا مردن و خنکان. چارەنووسی ئەو سەربازە بریندارانەی کە لە پلۆنا بەجێ مابوون لەوەش

خراپتر بوو، چونکە هەر کە تورکەکان پلۆنایان جێهێشت، دەست بەجێ بولغاریاییەکان سوێندەکەی خۆیان خستە ژێر پێ و بریندارەکانیان سەربڕین.

ئابلۆقەی قارەمانانەی پلۆنا ڕەنگدانەوەیەکی بەرفراوانی لەنێو ڕاگەیاندنەکانی رۆژئاوادا هەبوو. دوا ئاماژەیەک کە بەم بابەتە درا ئەوەبوو کە ڕۆژنامەیەکی چاپی بریستۆل لە پەراوێزی گوتارێکدا سەبارەت بەهێنانی پەینی سرووشتی بۆ بەریتانیا، نووسیبووی: «*نزیکەی سی تۆن ئێسک و پرۆسکی مرۆڤ کە لە پلۆناوە بارکرابوو، ئەمڕۆ گەیشتە بەندەری بریستۆل.*»

فەسڵی یازدەهەم

کوشتنی نیشتمانپەروەرێک

ئێستا ئیدی ڕێگای قوستەنتەنییە بەسەر سوپای روسیادا ئاوالآ ببوو و، هۆکارێکی دیکەش کەوتبۆ سەر ترسە هەمیشەییەکەی عەبدولحەمید و ئەویش ئەو بووکە دەترسا سەربازانی روس بەنێو کوچەو کۆلانەکانی قوستەنتەنییەدا بسوڕێنەوە. لەکاتێکدا کە ترس سەراپای داگرتبوو، لایاردی باڵیۆزی بەریتانیای بانگکردە کۆشک و داوای لێکرد وا لە شاژن ڤیکتۆریا بکات کە یارمەتی تورکیا بدات. دوای چەند دانیشتنێکی دوو قۆلی کە لەگەڵ لایارددا ئەنجامی دان، ئاخیرەکەی لەلایاردی گەیاند کە بەمەبەستی لەیارمەتی ئەوەیە بەریتانیا لەلای خۆیەوە بۆ کۆتایی پێهێنانی دوژمنایەتیی نێوان تورکیاو روسیا، گوشار بخاتە سەر روسیا.

کاتێکیش ئە م داوایەی عەبدولحەمید بێ وەلام مایەوە، عەبدولحەمید تەلگرافێکی پڕ لە پاڕانەوەو نزای بۆ شاژن ڤیکتۆریا ناردو داوای یارمەتی لێکرد.

لە کاتێکدا کە ڕوسەکان بەرەو قوستەنتەنییە دەهاتن، سوڵتان ڕۆژبەڕۆژ پتر لە نێو دنیای دوور لە ڕاستییەکان و پڕ لە درۆ ودەلەسەکەی خۆیدا، نغرۆ دەبوو. ئەو هێشتا سێبەرێکی دەرباری ئیمپڕاپۆرییەتی پاراستبوو؛ هێشتا خولامکارە مێرمنداڵەکان و ڕاسپێردراوەکانی نێو کۆشک بە جل وبەرگە باق وبریقدارەکانیان، لایاردی باڵیۆزی بەریتانیان لە تالارێکەوە دەبردە تالارێکی دیکە تاچاوی بە سوڵتان بکەوێ، هێشتا شاژنی دایک بە وردی نەریتی جارانی کۆشک و دەربارەی ئیمپڕاتۆرییەتی لە حەرەمسەرەدا پیادە دەکرد، هەرچەند ئەو نەریتە کۆنانە وەک لاسایی کردنەوەیەکی گاڵتەجاڕیان لێهاتبوو، هێشتا جارناجارێ، کیژۆڵەیەکی دەدوازدە ساڵانیان وەک دیاری پێشکەشی سوڵتان دەکرد، بەهیوای ئەوەی بتوانێ بۆماوەیەک ببێتە مایەی ئارامی و سێبوریی سوڵتان، بەلام عەبدولحەمید لەبری ئەوەی دەستکاریی بکات، دەیناردە قوتابخانە. کاتێک دوای بگرەو بەردەیەکی زۆر ڕێگەدرا پزیشکی پیاو چاوی بە ئافرەتەکانی حەرەمسەرای سوڵتان بکەوێ، دیسان دەبوایە ئافرەتە نەخۆشەکە بخەنە پشت پەردەیەکی ڕەشەوەو پزیشک لەژێر چاودێریی یەکێ لە خواجەسەراکان لە کونێکی بەقەدەر زمانی ئافرەتەکەوە، سەیری زمانی نەخۆشەکە بکات.

ترسی عەبدولحەمید لەوەی کە لەپڕ پەلاماری بدەن، یان بیکوژن، پتر ببوو؛

لەزۆرربەی ژوورەکاندا ئاوێنەی ئەندازە باڵایان بەشێوەیەک دانابوو کە کەوتبوونە بەرامبەر دەرگای هاتنە ژوورەوە، دەرگای بۆفیەکانیش بەهۆی تەلی کارەباوە لەو شوێنەی کە عەبدولحەمید لێی دادەنیشت دادەخران و دەکرانەوە. ئەمە بۆ ئەوە بوو کە ئەگەر هاتوو یەکێک نیازی خەراپی هەبێ، عەبدولحەمید لە ئاوێنەکەوە بیبینێ و دوایی بە پاڵنان بە دوگمەیەک دەرگەی بۆفیەکان بکرێنەوەو ئەو دەمانچانەیش کە بەرامبەر بەدەرگا دانرابوون، لەگەڵ کرانەوەی دەرگاکاندا، بە ئۆتۆماتیکی دەستیان بەتەقین دەکرد.

سەرەڕای ئەوەی کە عەبدولحەمید. لە هەر تالارێکی کۆشکدا نزیکەی چەند سەد دەمانچەیەکی پڕی شاردبۆوە، هەمیشە دوو دەمانچەی پڕیشی لەولاو ئەولای بانیۆی حەمامەکەی دادەنا.

لەکاتی گەڕان بەنێو باخی کۆشکدا، لانیکەم لە ترسان دووکەسی کوشتبوو. جارێکیان کاتێک یەکێ لە باخەوانەکان بەدیتنی عەبدولحەمید شێواو و بۆ ئەوە سڵاوی لێبکات جوڵەیەکی خێرای کرد، ئەودەم عەبدولحەمید بە گومانی ئەوەی کابرا دەست بۆ دەمانچە دەبات، گوللەیەکی لە نێو چاوانی دا. جارێکی دیکەشیان ئەو کاتە بوو کە یەکێ لە کیژۆڵەکانی کۆشک کە هەندێ لەمێژوونووسان دەڵێن کچی خۆی بووە) بە گاڵتە پاڵی بە عەبدولحەمیدەوە ناو، سوڵتان بەبێ ئەوەی بزانێ ئەوەی پاڵی پێوەناوە کێ بووە، گوللەیەکی لەو کیژۆڵەیەدا. لە کاتێکدا کە ترس وگومان عەبدولحەمیدی تا لێواری شێتیی یەکجارەکی بردبوو، عەبدولحەمید هەندێ کەسی سەیرو سەمەرەی وەک ڕاوێژکار هەڵبژاردبوو.

ڕاوێژکارە نوێیەکانی عەبدولحەمید بریتی بوون لە کۆیلەیەکی ڕەش کە لە بازاڕ کڕیبووی، لاسایی کەرەومیەکی سێرک کە کەیفی بە کردەوەکانی دەهات و لەزەتی لێ دەدیت، شاگردە چێشت لێنەرێکی نەخوێندەوار، پاڵەوانێکی کەچەڵ و بۆیاخچییەکی گەڕۆک.

ئەمە جگە لەوەی کە مەراسیمی نوێژی هەینی کە لە مزگەوتی ئەیا سۆفیا ئەنجام دەدرا، هەروەکو خۆی بوو.

* * *

لە نێوەڕاستی مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٨٧٨(محرم-ی ١٢٩٥ی کۆچی)، ئیدی پێدەچوو شەڕ کۆتایی هاتبێت؛ چونکە دوای خۆبەدەستەوەدانی پلۆنا، بەشێکی زۆری هێزە ئەورووپاییەکەی قەیسەر ئازاد ببوون و سوپایەکیان لەژێر سەرکردایەتی ژەنەڕاڵ گۆرکۆ توانیبووی لەماوەی چەند ڕۆژێکدا سۆفیا داگیر بکات. لەهەوای ساردی زستاندا کە پلەی ساردی لەژێر سفرەبوو، سوپایەکی دیکە لەژێر سەرکردایەتی ئیسکۆبلۆفدا، لە کێوەکانی بالکان گوزەران و دوای تێپەڕبوون لە دوو ڕێگەی خاکی، سەر ئەنجام پێیان نایە دەشتێکەوە کە بە تەرمی پەنابەرە بریندارو مردووەکان داپۆشرابوو.(٩)

لە دوا هەفتەی مانگی کانونی دووەمدا، ئیسکۆبلۆف دەستی بەسەرشاری ئەدیرنەدا گرت کەتەنها (١٠٠) کیلۆمەتر لە قوستەنتەنییەوە دوور بوو.

لە ڕاستیدا ئەم شەڕە بەدوا شەڕی نێوان روسیا و تورکیا لە قەڵەم دەدرا، چونکە هەردوای ئەم سەرکەوتنەی روسیا،پەیمانی ئاگربەس لە (٣١) هەمان مانگدا لەلایەن هەردوولا ئیمزا کرا.

بەڕای ئینگلیزەکان پێشڕەویی خێرای سوپاکەی قەیسەر، هاوسەنگیی هێزەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا لەباربردبوو و، ئەمە هۆکارێکی دیکەشی هاتبۆ سەرو ئەویش ئەو مەدح و سەنایەی کە ئینگلیزەکان لە عوسمان پاشایان کردبوو، ڕەنگبوو ببێتە هۆی ئەوەی ورچی ڕوسی (قەیسەر) هێرشی دیکەش بکات. ماوەیەکی پێچوو تا ڕا وهەستی گشتی خەڵکی بەریتانیا، کاری لە داونینگ ستریت کرد، بەڵام لەو بەینەدا شاژن ڤیکتۆریاش پشتگیریی لەڕای خەڵک دەکردو وا لە داواو پاڕانەوە یەک بەدوای یەکەکانی سوڵتان عەبدولحەمید بێزار ببوو، کەسەرئەنجام لەلایەن خۆیەوە تەلگرافێکی بۆ قەیسەر لێداو داوای لێکرد بەر بەپێشڕەوی سوپاکەی بگرێ. وەڵامی قەیسەر هێندە بێمنەتانە و بێ باکانەبوو کە ڤیکتۆریا لەنامەیەکدا بۆ دیزرائیلی (سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی بەریتانیا)ی نووسی: *«ئەگەر پیاو بامایە، حەزم دەکرد بچمە مەیدانی جەنگەوەو لێدانێکی جەرگبڕم لەو ڕوسە قێزەونانە بدابایە کە کەس ناتوانێ پشت بە بەڵێنەکانیان ببەستێ.»*

سەر ئەنجام شاژن ڤیکتۆریا توانی بەسەر ڕاڕایی و دوودڵیی کابینەی بەریتانیادا سەربکەوێ و تێیان بگەیەنێ کە سەربازە سەرکەوتووەکانی ڕووسیا لەبن قوستەنتەنییە خێوەتیان هەڵداوەو، هێندە نزیکن کە لەنێو قوستەنتەنییەوە دەبیندرێن و بۆیە دەبێ پێش بەو ڕوسە بوغرایانە بگیردرێ.

پەرلەمانی بەریتانیا بڕیاری دا (٦) ملیۆن لیرە وەک خەرجی بۆ جەنگ دابین بکرێ و تەواوی هێزە یەدەکەکان بانگکرانەوە ریزەکانی سوپا.

لەگەڵ ئەوەشدا، چەند یەکەیەکی سەربازی لە هیندەوە نێردرانە دورگەی ماڵتا و ئینگلیزەکان بە بیانووی «پاراستنی سەروماڵی مەسیحییەکانی دانیشتووی قوستەنتەنییە» گەلەکەشتییەکی سەربازییان نارده داردانێل کە بەیەکەم جۆری موشەکی ژێر ئاو موجەهەز بوون. ئەم کەشتییانە تا نزیک کەنارەکانی پایتەختی عوسمانی چوونە پێش. سەیر لەوەدا بوو رووی لوولەی تۆپەکانی ئەو کەشتییانە لە سوپای روسیا بوو کە ئەوانیش ئیدعای ئەوەیان دەکرد بۆ پاراستنی سەرو ماڵی مەسیحییەکانی دانیشتووی قوستەنتەنییە هاتوون و تا گوندی سان ئیستێفانۆ، کە کەوتبۆ دووری دەکیلۆمەتریی قوستەنتەنییە، هاتبوونە پێش.

پەیماننامەی سان ئیستێفانۆ لە ڕۆژی ٣ی ئازاری ساڵی ١٨٧٧، لەنێوان تورکیا و روسیادا ئیمزا کرا، بەڵام ناوەڕۆکەکەی بەڕادەیەک دژی بەرژەوەندی تورکەکان بوو کە بەدنەدانی ئینگلیزەکان تورکەکان نەچوونە ژێر بارییەوەو ئەم مەسەلەیەیان بردە کۆنگرەی بەرلین. کۆنگرەی بەرلین، لە حوزەیرانی ساڵی ١٨٧٨ لەبەرلین بەسترا و لەوێ بەنێوبژیی بسمارکی ڕاوێژکاری ئیمپڕاتۆرییەتی تازە دامەزراوی ئەڵمانیا، پەیماننامەی نێوبراو چاوی پێداخشێندرایەوەو دەستکاریی کرا.نزیکەی زۆربەی سەرانی ئەوروپا بەشدارییان لە کۆنگرەی نێوبراودا کردبوو کە دوای کۆنگرەی

ڤییەننا(١٨١٥) بەگەورەترین کۆبوونەوەی جیهان لەقەڵەم دەدرا. لەوێدا، میوانداری و شەونشینیی جۆراو جۆر سازدران و گەلێ پەیماننامەی نهێنی مۆر کران.

وڵاتانی بالکان بەتووندی دژی بڕیارەکانی کۆنگرەی بەرلین بوون؛ بولغارییەکان لەوەی کە ئینگلیزەکان جەختیان لەوەکردبوو کە دەبێ وڵاتەکەیان بەسەر سێ وڵاتی بچوکدا دابەش ببێت، ڕۆمانیاییەکان لەوەی کە ناچار کرابوون ویلایەتی بسارابی بسپێرنە ڕوسەکان، سربەکان لەوەی کە زەوییەکی کەمیان بەرکەوتبوو، دانیشتوانی بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا لەوەی کە کەوتبوو نەژێر فرمانڕەوایەتی ئۆتریشەوە. بەڵام ئینگلیزەکان لەو باوەڕە دابوون کە بەرژەوەندی وادەخوازێ و ئەوە ڕێگە لەبەردەم درووستبوونی کۆمەڵەو وڵاتێکی بچوک لە نیمچە دورگەی بالکان دەگرێ کە لە هەمانکاتدا لەگەڵ یەکتریشدا دوژمنن. کەچی هەر ئەم سیاسەتە هەڵەیەبوو کە بووە هۆی ڕوودانی ڕووداوەکەی سەرایڤۆو جەنگی جیهانی یەکەمی لێکەوتەوە.

بەڵام تورکەکان زەوییەکی زۆر کەمیان لەدەستداو هێشتا سنوری ئیمپڕاتۆرییەتەکەی عەبدولحەمید لە هی ئەڵمانیاو فەڕەنسا و ئۆتریش فراوانتر بوو. هەرچەندە ڕوسەکان ویلایەتی بسارابی یان بەرکەوتبوو و داوێنی دەست بەسەراگیراوە ئاسیاییەکانی خۆیان پەرە پێ دابوو، بەڵام لێدانێکی جەرگبڕیان بەرکەوت و سەرانسەری بەلکانیان لەکیس چوو. لەوەش گرنگتر ئەوەبوو کە ڕوسەکان نەیانتوانی لە ڕێی بولغاریاوە بگەنە دەریای سپی ناوەڕاست و دیزرائیلی لەو بارەیەوە لە نامەیەکدا بۆ ڤیکتۆریای شاژنی بەریتانیا نووسیویەتی: *«لەبیرمان نەچێ کە ئامانجی سەرەکی لەم شەڕەی ئەم دواییە، هەر ئەمەبووە.»* ژەنەڕاڵ گۆرچاکۆفی ڕوسیاییش، زۆر بە دڵساردییەوە گوتبوی: *«ئێمە سەد هەزار سەربازی کارامە و ٥ سەد ملیۆن پارەمان بەفیڕۆدا.»* بەڵام ئەو شتەی کە پتر لە هەموو شتێ ڕوسەکان پێی ناڕەحەت بوون ئەوەبوو کە لەوبەینەدا ئینگلیزەکان دەستیان بەسەر دوورگەی قوبرسدا گرت و بەقەولی مەعروف لەگۆمی شلوێ ماسییان گرت.(١٠)

ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی بە پێچەوانەی ئەو ئارامییە ڕووکەشەی کە پێوەی دیاربوو، لەجۆش و خرۆش دابوو؛ تورکە لاوەکان لە نێوخۆی وڵات و لەدەرەوەش میدحەت پاشا بە بەردەوامی لە ژنێڤ و پاریس وتاری دەدا و ئەمە ڕادەی ترس و گومانی هەمیشەیی سوڵتانی پتر دەکرد. بەتایبەت کاتێ کە نەهیلیستە ڕوسیاییەکان قەیسەر ئەلیکساندەری دووەمیان کوشت، عەبدولحەمید بەڕادەیەک ترسا کە بۆماوەی چەند ڕۆژی بەردەوام دەبوایە خواردنەکانیان لە پێش چاوی خۆی لێ بنابایە و، بەر لە نووستنی، ڕاسپێردراوانی ئەمنی زۆر بە وردی ژووری نووستن و دەوروبەرو نوێنەکانی بپشکنن. عەبدولحەمید ڕۆژبەڕۆژ پتر دەگەیشتە ئەو قەناعەتەی کە شۆڕشگێڕە تورکەکان نیازی کوشتنیان هەیە و بەهۆی ئەوەی کە ڕۆژنامە بیانیەکان بە بەردەوامی هەواڵی چالاکییەکانی میدحەت پاشایان لەدەرەوە بڵاودەکردەوە، لە مێشکی دەستەوستانی عەبدولحەمیددا ئەم پاشا دوورخراوەیە ببوو بەسەرچاوەی تەواوی مەترسی و نائارامییەکان. ماوەیەک بیری لەوە کردەوە بیکوژێت، بەڵام کاتێ یەکێ لە دەربارییە ماستاوچییەکان کە دوژمنایەتی لەگەڵ

میدحەتدا هەبوو، پێی گوت سوڵتان عەبدولعەزیز خۆی نەکوشتبوو و، بەهۆی بڕینی شادەمارەکانییەوە نەمردبوو و بگرە بەدەستی پیاوکوژو بەکرێگیراوەکانی میدحەت کوژراوە، عەبدولحەمید بڕوای کردو کەوتە دوای بەڵگە کۆکردنەوە لەسەر ئەم داستانە خەیاڵییە. بەعەبدولحەمیدیان گوت هێشتا شاهیدەکانی ئەو ڕووداوە لە زیاندان و (پەرتۆی عالی)ی کۆنە شاژنی دایک ، لە کۆشکی کۆن دایە و ئامادەیە لەو بارەیەوە شاهیدی بدات.

لە ڕۆژێکی سارد و باراناوی مانگی ئازاردا، سوڵتان پەستەکەکەی هەڵدایە سەر شان و بەرەو کۆشکی کۆن کەوتەڕێ تا لە نزیکەوە لە مەرگی عەبدولعەزیز بکۆڵێتەوە. ئافرەتانی حەرەمسەرا بەبیستنی هەواڵی هاتنی سوڵتان، جموجۆڵیان تێکەوت. لەو دیوی دەروازەی (بابی سەعارەت)، پاشماوەی حەرەمسەرای سێ سوڵتانی پێشووی لێبووکە سەردەمێک جێی سەرنجی مەحمود، عەبدولمەجیدو عەبدولعەزیز بوون، بەڵام ئێستا هەموویان پیرو داڕزاوبوون و ددانەکانیان وەریبوون و چەندین ساڵ دەبوو جگە لە خواجەسەراکان چاویان بە هیچ پیاوێک نەکەوتبوو. بەڵام لەو ڕۆژە باراناوییەدا، ئەو پیرەژنانە بەخێرایی چوونەوە سەرقتووی خشڵ و سوراوەکانیان و دەموچاوی خۆیان ڕازاندەوە. کەچی نەیاندەزانی هەموو ئەو ماندووبوونەیان بەخۆڕاییە؛ چونکە سوڵتان بەبێ ئەوەی سەیری کەس بکات یەکڕاست چووە ساختومانەکەی پەرتۆ عالی.

شاژنی دایک لە پێشڕا دەیزانی سوڵتان بۆچی دێتە سەردانی؛ چونکە لە کاتی «خۆکوشتنی» عەبدولعەزیزدا، خۆی مقەسکەی دابۆ دەست و، بەتاوانبارو هاوبەشی تاوان لە قەڵەم دەدرا، بۆیە ئێستا حەزی لێبوو چیرۆکێکی دیکە بهۆنێتەوەو بەم شێوەیە پاکانە بۆخۆی بکات. بەم پێیە بەبێ ئەوەی بخرێتە ژێر هیچ گوشارێکەوە، گوتی: میدحەت باخەوانێکی کۆشک و پاڵەوانێکی بەکرێ گرتبوو بۆ ئەوەی کوڕەکەی بکوژن و، تەنانەت گوتی: تەرمی عەبدولعەزیز جێی خەنجەرێکی پێوە دیاربوو و ئەمەشی تازە بەبیرهاتۆتەوەو لەبیری چووبوو کە سێ ساڵ پێش ئێستا بە لێکۆڵەرەوانی بڵێت.

سوڵتان پەرتۆی عالی سوێند دا کە لەو بارەیەوە لای کەس قسە نەکات، چونکە بەتەمابوو بە فێڵێک میدحەت لە سویسراوە بهێنێتەوە قوستەنتەنییەو ئینجا لەوێ بەخزمەتی بگات. بەم پێیە تەلگرافێکی بۆ میدحەت لێداو تێیدا گوتبووی لێت خۆش بوومەو سەردەمی دوورخراوەیش کۆتایی پێ هاتووەو ئێستا وڵاتەکەت پێویستی پێت هەیە، ئینجا لێی پرسیبوو کە ئایا ئامادەیە بۆ خزمەتکردن بە تورکیا کە هێشتا لەژێر باری سەختییەکانی شەڕدا غەرقی خوێنە، بگەڕێتەوەو یارمەتیی بدات؟

عەبدولحەمید باش دەیزانی کە میدحەت کابرایەکی نیشتمانپەروەرە و کاتێک قسە لەسەر بەرژەوەندییەکانی باڵای نیشتمان بێت، ئەوا بەبێ دوودڵی ئامادەی فیداکاری و لەخۆبووردنە. هەر واش بوو؛ میدحەت دوای چەند هەفتەیەک بەپێی خۆی هاتە نێو ئەو داوەوە کە بۆیان نابۆوەو، هەر لەگەڵ گەیشتنی بۆ نێو خاکی تورکیا، بە تۆمەتی کوشتنی سوڵتان عەبدولعەزیز ڕەوانەی زیندان کرا.

دادگایی کردنی میدحەت و دوو هاوەڵەکەی کە ئیدعای ئەوە دەکرا سوڵتانیان کوشتووە، لەژێر چادرێکی سەوزی هێلکەیی کە لەیەکێ لەباخەکانی کۆشکی یلدز هەڵدرابوو، ئەنجام دراو هەموو رۆژێ بەدەمیان کەس بۆ شاهیدی دان ئامادە دەبوون. بەڵام پێویستی بە بانگکردنی ئەو هەموو شاهیدە نەدەکرد، چونکە هەر لە یەکەم رۆژی دادگایی کردنەکەدا ئەو دو کەسەی (باخەوان و پاڵەوانەکە)کە بە کوشتنی سوڵتان تاوانبار کرابوون، دانیان بە تاوانەکەی خۆیان دانا و، هەروەها دانیان بەوەش دانا کە میدحەت بەپارە بۆ ئەم کارەی بەکرێ گرتوون، بەڵام دەبوایە ئەم دادگایە نەک هەر تورکەکان بەتەنها و بگرە قەناعەت بە ئەوروپاییەکانیش بێنێ. بۆیە هەموو رۆژێ هەندێ بەڵگەی ساختە و بێ بنەمای نوێ لەدژی سەرکردەی چاکسازیخوازان رەوانەی دادگا دەکران. کاتێکیش نۆرەی ئەوەهات کە میدحەت بەرگری لە خۆی بکات، تێکرای ئەو تۆمەتانەی رەتکردنەوەکە درابوونە پاڵی و، داوای ئەوەی کرد لەگەڵ ئەو کەسانەیدا کە لە دژی ئەو شاهیدییان داوە، بەرەوڕووبێتەوە. دادگا ئەم داوایەی میدحەتی رەتکردەوەو لەو ساتەوە بەدیارکەوت کە لە کۆتاییدا رای دادگا چی دەبێ. سەرئەنجام دادگا «پیلانگێرانی» بە خنکاندن حوکم دا.

گومان لەوەدانیە کە ئەم دادگایی کردنە هیچ ئەسڵ و ئەساسێکی نەبووە و، باخەوان و پاڵەوانیان هەرگیز لە سێدارەنەداو پاشماوەی ژیانیان بەخۆشی و ئاسودەیی و بەو پارەیەی کە سوڵتان مانگانە بۆی بڕیبوونەوە، بردە سەر.

میدحەتیشیان دەستبەجێ لە سێدارەنەداو عەبدولحەمید ناچار بوو لەبەرامبەر گوشاری رای گشتی دنیا کە بە توندی لە دژی ئەم دادگاییە کارتۆنییەدا وروژابوو، سزاکەی سوک بکات و لە حوکمی سێدارەوە بۆی بکاتە دوورخستنەوە بۆ تائیف ـی سعودیە کە بە توندی لەژێر چاودێری دابوو. بەڵام هێشتاش هەر لە میدحەت دەترسا، بۆیە دوای دوو ساڵ فرمانیدا ئەم پیاوە نیشتمانپەروەرە بخنکێنن. بەڵام بەوەش دڵی عەبدولحەمید ئاوی نەخواردەوە تا سەری براوەی میدحەتیان بۆ نەهێنا کە پڕیان کردبوو لەکا. دەڵێن سەری براوەی میدحەتیان لە قتوویەک نابوو و لەسەریان نووسیبوو: *«عاجی تێدایە، لەژاپۆنەوە نێردراوە، خاوەنشکۆ خۆی بیکاتەوە.»*

بەهەر حاڵ، بەقەولی سێرهێنری ئەلیۆت، سوڵتان توانی: *«بەشێوەیەکی عەبووسانە حوکمی مەحکومکردنی نیشتمانپەروەرێک بەدەست بێنێ، بەڵام ئەم کارە بەهاکەی ئەوەبوو کە سەڵتەنەتەکەی پەڵەیەکی رەشی پێوە بنووسێت کە هەرگیز لێی پانابێتەوە.»*

* * *

عەبدولحەمید لە جەنگ لەگەڵ روسیادا شکستی خواردبوو، سەرکردەی چاکسازیخوازانی بەشێوەیەکی خائینانە و نامرۆڤانە بە تەڵەوەکردبوو و کوشتبووی، بەڵام ئێستا بەرپرسیاریەتی شکستێکی گەورەتری لە ئەستۆ بوو کە ئەویش دەست لێ بەردانی دەوڵەتی باج و خەراجدەری میسر بوو بۆ بەریتانیا و بەبێ ئەوەی سەربازانی تورک یەک فیشەک بتەقێنن، میسریان تەسلیمی بەریتانیا کردبوو.(١١)

میسر، تەنها بەناو بەیەکێ لە ویلایەتەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە قەڵەم دەدراو خدیوەکەی سەربەخۆبوو. لە ساڵی ١٨٧٩(١٢٩٦ی کۆچی) بەڕادەیەک قەرزەکانی سەری زیادیان کردو کەڵەکە بوون کە خدێو ناچار بوو لەڕووی داراییەوە خۆی بخاتە ژێر ڕکێفی فەڕەنساو بەریتانیاوە. لەو کاتەدا بەریتانیا بە بەهایەکی کەم، واتا بە (١٠٠) هەزار لیرە پشکی خدێوی لە کۆمپانیای قەناتی سوێزدا کڕییەوە.

لە ساڵی ١٨٨٢ (١٢٩٩ی کۆچی)، خەڵکی میسر لە دژی «دەسەڵاتی دارایی بیانییەکان» ڕاپەڕین و، لەسەرەتادا ئینگلیزەکان بۆ پاراستنی قەناتی سوێز داوای هاوکارییان لە تورکەکان کرد، بەڵام ئەو داوایەی بەریتانیا لەلایەن عەبدولحەمیدەوە ڕەتکرایەوەو باڵیۆزی بەریتانیا چەندی هەوڵی لەگەڵ عەبدولحەمید دا بێهودە بوو. باڵیۆزی بەریتانیا هەوڵی ئەوەیدا سوڵتان ڕازی بکات کە بە قازانجیەتی ئەگەر بەیەکجاری دەستەبەرداری میسر نەبێت و لەبەرامبەر ڕاپەڕیوە میسرییەکاندا کە ئەعرابی پاشا سەرکردایەتی دەکردن، یارمەتی بەریتانیا بدات و هەوڵی سەرکوتکردنی شۆڕشەکە بدات.

عەبدولحەمید سەرزەنیشتني ئەم کارەی میسرییەکانی کرد، بەڵام نەیوێرا بە ئاشکرا لە دژی عەرەبەکان لەگەڵ بەریتانیادا هاوپەیمانیەتی ببەستێت. پێویستە ئەوەش بڵێین کە عەبدولهادی، تاڵگرەوەی دەربار کە کاریگەرییەتیەکی زۆرری بەسەر سوڵتاندا هەبوو، بە عەبدولحەمدی گوتبوو: هەرگیز ئینگلیزەکان ناوێرن بە تەنهایی لەگەڵ میسرییەکاندا بجەنگن.(١٢)

لە (١٥)ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٨٢ (٢٩ی ذیقعدە-١٢٩٩ی کۆچی) قەیرانەکە گەیشتە لوتکە و، باڵیۆزی بەریتانیا بۆ دواجار هەوڵی ئەوەیدا کە سوڵتان وا لێبکات لەم پێناوەدا هەنگاوێک بهاوێ، بەڵام باڵیۆزی بەریتانیایان بۆ ماوەی (٥) کاتژمێر لە کۆشکی یلدزدا ڕاگرت و چەندی باڵیۆز خۆی هێناو برد کە ماوەی کەمەو دەبێ سوڵتان ببینێ، بێ سوود بوو و، لەبری دیتنی سوڵتان پەیتاپەیتا فنجانە قاوەیان بۆ دەهێنا. سەرئەنجام دوای ئەو هەموو چاوەڕوانییە، پیاوێکی باریکەی دیت کە خۆی بە ژووری سوڵتاندا کرد؛ ئەو کابرایە عەبدولهادیی تاڵگرەوە بوو.
دوای نیو سەعات سوڵتان بە خزمەتکارێکیدا، وەڵامی بۆ باڵیۆزی بەریتانیا ناردو پێی ڕاگەیاند کە ئەستێرەکان پێیان باش نییە سوڵتان لەمبارەیەوە هیچ هەنگاوێک بهاوێ!

هەر چەندە کە ئەمە لە ئاست کردەوە سەرشێتانەکانی پێشووی سوڵتان شتێکی ئەوتۆ نەبوو، بەڵام ڕەنگبێ ئەمە گەورەترین هەڵەیەک بوو کە لەماوەی سەڵتەنەتیدا ئەنجامی دا؛ چونکە بەریتانیا بە تەنها بەرەورووی ڕاپەڕیوەکان بۆوەو ڕاپەڕینەکەی سەرکوت کرد. ئینگلیزەکان ڕایانگەیاند بە شێوەیەکی «کاتی» میسریان داگیرکردووە، لەکاتێکدا لەدەست چوونی ئەو وڵاتە بۆ عوسمانییەکان بەیەکجارەکی بوو.

ئەو زنجیرە ڕووداوانەی کە لەگەڵ لەدەست چوونی میسر دەستیان پێکرد، لە

سالآنی دواتردا بوونە هۆی نزیکبوونەوەی تورکیا و ئەڵمانیا و سەرئەنجام وایلێهات تورکیا لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، بوو بە هاوپەیمانی ئەڵمانیا.

لەو کاتەدا پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەڵمانیا لە چاو سالآنی ١٨٧٠ کە بسمارک گوتبووی: *«من تاقەتی ئەوەم نییە سەری ئەو نامانە بکەمەوە کە لە قوستەنتەنییەوە دێن»*، گۆڕانێکی بنەڕەتیی بەسەرداهاتبوو. سەرەڕای ئەو تێبینی یە سیاسییانە، هۆکارێکی شەخسیش بۆ ئەم پەیوەندییە لە ئارادابوو؛ ماوەیەک دەبوو عەبدولحەمید بەڵگەنامەو سەنەدەکانی خەزێنەی ولآتەکەی ڕەوانەی ولآتی ئەڵمانیا کردبوو کە ئەوسا بێلایەن بوو. ئەم سەنەدو بەڵگەنامانە لە بانکەکانی ئەڵمانیادا دەپارێزران، لەمڕووەوە ئەڵمانیاییەکان نەک تەنیا داوای ئەوەیان لێدەکرد ئیمتیازی کێشانی هێڵی شەمەندەفەری حیجازیان کە بۆ گواستنەوەی حاجییەکان سودی لێوەردەگیرا، پێببەخشێ، بگرە لەبواری بازرگانی وسیاسیشدا هەندێ ئیمتیازیان دەویست. ئەوە هەمان ئەو سیاسەتە بوو کە پێشتر ئۆتریشییەکان گرتبوویانە بەرو تێیدا شکستیان خواردبوو. ئێستا ئەڵمانیاییەکان چنگیان لەو سیاسەتە گیرکردبوو کە بە سیاسەتی «پێشڕەوی بەرەو ڕۆژهەلآت-Drang Nach Osten» بەناویانگە.

لە چوارچێوەی پیادەکردنی ئەم سیاسەتەدا، ویلهۆڵمی دووەمی قەیسەری ئەڵمانیا، لە ٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٨٩ (٧ی ربیع الاول-ی ١٣٠٧ی کۆچی)دا، بەدەنگی زرمەی سەدویەک تۆپ، پێی نایە نێۆ قوستەنتەنییەوەو بەڕەسمی سەردانی سوڵتان عەبدولحەمیدی کرد. لەو کاتەدا عەبدولحەمید (٤٧) سالآن بوو، بەلآم زۆر لەوە پیرتر دەهاتە پێش چاو.

لاوازو ئێسک دەرپەڕیو، پشتی چەمابۆوەو ڕیشیشی بۆز ببوو، بەلآم بڕیاری دابوو لەسەر شێوازی ڕۆژهەلآتی پێشوازییەکی کەم وێنە لە قەیسەری ئەڵمانیا بکات.

لە کۆی گشتیدا پێشوازییەکی بێ وێنە لە قەیسەری ئەڵمانیا کرا، لەماوەی ئەو پێنج ڕۆژەی کە قەیسەر بەسەردانی ڕەسمی لە تورکیابوو، سەردانی مۆزەخانەی ئاڵتون وخشڵەکانی ئیمپڕاتۆرییەتی کرد کە لەکۆشکی کۆندا بوو، لەوێ پارچە ئەڵماسێک سەرنجی ڕاکێشا و دەمودەست لەلایەن سوڵتانەوە پێشکەشی کرا. کاتێکیش ئیمپڕاتریسی ئەڵمانیا مەدحی جوانیی باغەکانی سوڵتانی کرد، عەبدولحەمید بەدەستی خۆی دەسکە گوڵێکی بۆ لێکردەوەو پارچە ئەڵماسێکی گەورەشی لەناو دەسکەگوڵەکە دانا و پێشکەشی کرد.

لەم سەردانەدا، شتێکی پێکەنیناویش ڕوویدا؛ کە ئیمپڕاتریسی ئەڵمانیا سەردانی حەرەمسەرای کرد، لە تەنیشت دەروازەی بابی سەعادەت قزڵەر ئاغایان پێ ناساندو بۆیان ڕوونکردەوە کە ئەم کابرایە ڕەش پێستە قەڵەوە، سەرۆکی خواجەسەراکانی کۆشکەو هێزو دەسەلآتێکی فراوانی هەیە. ئیمپراتریس کە ئاگای لە هیچ نەبوو، لەڕێگەی وەرگێڕەکەیەوە لێی پرسی: *«ئەرێ باوکیشت هەر خواجەبووەو هەر ئەم پۆستەی هەبووە؟»*

گەرانەوەی قەیسەری ئەڵمانیا لە قوستەنتەنییە، هاوکات بوو لەگەڵ کوشتنی ئەلیزابێتی ئیمپراتریسی جوانکیلەی ئەوتریش کە بە (سی سی) بەناو بانگ بوو.ئەم خاتوونە ناسکۆڵەیە بەدەستی ئانارشیستێکی ئیتالیایی کوژرا و، بکوژ دوای ئەنجامدانی تاوانەکە هاواری کردبوو «بژی بەرەڵایی» و لەدادگاش گوتبوی تەنها دوژمنایەتیک کە لەگەڵ ئەلیزابێتدا هەیبووە ئەوەبووە کە ئەلیزابێت سەرێکی تاجداری پێوەبووە. ئەم گوتەیەی تاوانبار، مێشکی نوقسانی عەبدولحەمیدی ناڕاحەتترو ترس و گومانیی پتر کرد . (١٣)

لەو ڕۆژە بەدواوە، ئیلەگێکی زرێی لەژێر جلەکانیەوە دەپۆشی و لەکاتی نوێژی هەینیشدا، پاسەوانیەتییەکی بێ وێنەی لێدەکرا.

کۆشکی یلدز وەک قەڵایەکی پۆلایینی لێ هاتبوو. هەموو دەرگاکان ڕووپۆشێکی پۆلایان لێدرابوو و تاقمێک کرێکارو بەنناش بە هەڵکەندنی تونێلی نهێنیی پترەوە خەریکبوون.

ئەگەرچی تورکەلاوەکان حزبێکی سیاسی پێکهاتوو لە دوورخراوەکانی دانیشتووی پاریس لەقەڵەم دەدران، بەڵام سیخوڕەکان بەعەبدولحەمیدیان ڕاگەیاند کە بیروباوەڕی ئەو تاقمە ڕۆژبەڕۆژ پتر لەنێوخۆی تورکیادا پەرەدەستێنێ و لایەنگریان بۆ پەیدا دەبێ.

تورکە لاوەکان و ڕۆشنبیران لەهەمبەر ئەو شتەی کە لەنێوخۆی وڵاتدا لە ئارادابوو، هەستیان بەشەرمەزاری دەکردو لەوەی کە وڵاتەکەیان لەلایەن بابایەکی شێتی وەکو عەبدولحەمیدەوە بەڕێوەدەچوو و هەر جارناجارێ پارچەیەک لە وڵاتەکەیان دەبۆوە، خوێنی دڵیان دەخواردو جەرگیان لەت لەت دەبوو. ئەوان، کۆمەڵێک هاوبیری بەنرخیان بەتایبەت لەنێو مامۆستای زانکۆکانی فەرەنسادا کەبەهۆی کەمی موچەکەیان حەزی شۆڕشگێڕانەیان هەبوو، دۆزیبۆوە. هەموو ئەوانە بۆ کەسانێکی دەوڵەمەند کە دەیانتوانی لە ساڵی ١٨٨٨ (١٣٠٥ی کۆچی) بەولاوە بە واگۆنە ڕازاوەکانی شەمەندەفەری *ئۆریانت ئێکسپرێس* لە قوستەنتەنییەوە سەردانی پاریس بکەن و، هەر کاتێ بیانەوێ بەهۆی تەلگرافەوە پەیوەندی بەشارە جیاجیاکانەوە بکەن، زۆر باش و جێی ڕەزامەندی بوو، بەڵام بۆ خەڵکانی نەخوێندەوارو بێنەوای نێوخۆی تورکیا کە هێشتا دەبوایە بە جادە خاکییەکانی سەردەمی بیزانسدا هاتوچۆ بکەن، هێندە دڵگیرو جێی باس نەبوو. هەرکاتێ پردێک ئاو بردیای،زۆر بەدەگمەن ڕوویدەدا نۆژەن بکرێتەوەو ئەمەش گیروگرفتێکی یەکجار زۆری بۆ ئەو وەرزێرانە دەخوڵقاند کە بەسەر ئەم پردانەوە ئازوقەو خۆراکیان دەگوێزایەوە. ئەغلەب ڕوویدەدا کە دانیشتوانی گوندێک تووشی برسیەتی و گرانی دەهاتن و ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە گوندەکەی دراوسێیان نەیاندەزانی چ لەو دانەوێڵە و خۆراکە بکەن کە لە خۆیان زیاد دەبوو. لەو سەردەمەدا، لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تاکە ڕێگەیەک کە باش بوو و بەکەڵکی هاتوچۆ دەهات، ڕێگای بیروت– دیمەشق بوو کە ئەویش لەلایەن فەرەنساییەکانەوە دروست کرابوو.

ڕۆشنفکرانی نێوخۆی تورکیا، مافی ئەوەیان نەبوو، یان ڕێگەی ئەوەیان پێ

نەدەدرا حزب دابمەزرێنن؛ چونکە سیستەمی سیخوڕیی عەبدولحەمید زۆر بەهێزبوو و، هەندێ جار لە ئەشکەنجەخانەکانی کۆشکی یلدز دەنگی هاوارو فیغانی ئەو کەسانە دەبیسترا کە چالاکی سیاسییان ئەنجامدابوو.

بەڵام ئەو هەواڵ و پڕوپاگەندانەی کە لەبارەی دوورخراوەکان و چالاکیەکانییان لەدەرەوە بە عەبدولحەمید دەگەیشت، خەوی لە چاوی سوڵتان ڕفاندبوو و ئارام و قەراری لێ بڕیبوو. ئەو دوور خراوانە ژمارەیان دەگەیشتە چەند هەزار کەسێک کە زۆربەیان لە ئەورووپا بوون. عەبدولحەمید وردە وردە هەستی بەوەکرد کە بیروبۆچوونی خەڵکانی نەیاری خۆی نەک تەنها هەر لەنێو مامۆستایان و فەرمانبەراندا پەرە دەستێنێ، بگرە ئەم بۆچوونانە لەنێو ئەفسەرەلاوەکانیشدا کە بە قەولی خۆی: *«لەڕووی دەبەنگییەوە بۆ خوێندن ناردبووینە ئەڵمانیا»*، بڵاودەبێتەوە.

ئەو ئەفسەرانە لە ترسنۆکی و بێ غیرەتیی عەبدولحەمید بێزاربوون و فرمانڕەوایەکی وەک سوڵتانەکانی پێشوویان دەویست کەبەسواری ئەسپەکەیەوە لە مەیدانی جەنگدا لە پێشی پێشەوە سەرکردایەتی سوپاکەی بکات.

ئینجا ڕەنگبێ هەر ئەم ترسەی عەبدولحەمید لە پیلانگێڕی و تیرۆرکردنی سەر ئەنجام وای لێکرد کە ئاوا بێڕەحمانە ئەرمەنییەکان قەتڵوعام بکات کە ئەمە گەلێ لە کارەساتی ڕەشەکوژیی بوڵغارەکان سامناکتربوو.

* * *

لەنێوان هەموو ئەو نەژادانەی کە لە نێوان ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا تووشی ئازارو ئەشکەنجە دەبوون، ئەو دوو ملیۆن ئەرمەنییەی کە لەنێو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا دەژیان، بارو گوزەرانیان لە هەموان خەراپتر بوو. هەندێ لە مێژوونووسان دەڵێن ئەوان یەکێ لە (١٠) هۆزە ونبووەکەی بەنی ئیسرائیلن و، لەم ڕووەوە لەگەڵ یەهودییەکاندا هەندێ لێک چوونیان تێدا بەدی دەکرێتو ئەوانیش وەک یەهودییەکانی لەناوچەکانی دەوروبەری نیشتمانەکەیاندا دەژین. نیشتمانیان لەداوێنی کێوی ئاراراتە کە دەڵێن شوێنی نیشتنەوەی کەشتییەکەی نوحەو لەسەدەی دەیەمی زایینی بەر تالان و بڕۆو کوشتو بڕینی تورکە سەلجوقییەکان کەوتوونەو، بەناچار بڵاوەیان لێکردووەو هەرگیز ئامادەنین جارێکی دیکە بگەڕێنەوە ئەوێ و لە وڵاتی باوباپیرانیان بژییەن.

ئەرمەنییەکان بەهۆی توانا و لێهاتووییان لە بازرگانی و کاروباری داراییدا، لە تورکیای سەدەی نۆزدەهەمدا باروگوزەرانێکی باشیان هەبوو. جا ئەمە هەموو ئەو ئەرمەنییانەی دەگرتەوە کە وەک جوتیارو وەرزێر لە (٦) ویلایەتی باکووری ڕۆژهەڵات دەژیان و، یان ئەوانەی کە وەک بازرگان و کاسبب لە شارەکان دادەنیشتن.

لامارتین ـی دیپلۆمات و نووسەری بەنێوبانگی فەڕەنسایی، ئەرمەنییەکان بە سویسراییەکانی ڕۆژهەڵات لە قەڵەم دەدا و لەبارەیانەوە دەڵێ: *«لەڕەفتاریاندا ڕێکوپێکن و تەنانەت لە حیسابات و سودخوازیدا لە سویسراییەکان دەچن. کاری دڵخوازیان بازرگانییە و لەژێر هەموو بارودۆخێکدا، ئەم پیشەیە هەڵدەبژێرن و مومارەسەی دەکەن.»*

سوڵتانی نیوەشێت، فرمانیدا لەمەودوا وشەی «ئەرمەنی» لەنێو رۆژنامەکاندا نەنووسرێت و ئەم وشەیە لە کتێبە وانەییەکانیش دەربهێندرێت. بۆیە بەناچار زۆربەی کتێبە وانەییەکانیان سەر لەنوێ چاپ کردنەوە. کاتێکیش کە سەیری کرد ئەو پیاوەی چەندین ساڵە خەریکی چاککردنەوەی کاتژمێرە بێشومارەکانی کۆشکی یلدزە، بەرەچەڵەک ئەرمەنییە، بەپەلە دەمانچەکەی دەست دایە و ئەگەر کابرای قورپەسەر زوو فریای خۆی نەکەوتبایە و ڕای نەکردبایە، دەستبەجێ دەیکوشت.

زۆر لە موسڵمانە ڕاستگۆو خاوەنبڕواکان لەبەرامبەر ئەو ڕەفتارەی کە دەسەڵاتداران لەهەمبەر ئەرمەنییەکاندا دەیانواند، هەستیان بەشەرمەزاری دەکرد. سێرئاڵفرێد بیلیوتی باڵیۆزی بەریتانیا، لە یەکێ لەو موسڵمانانەوە نامەیەکی پێگەیشتبوو کە تێیدا نووسرابوو: «*ناکرێ بە تەواوەتی ئەوەی لەم وڵاتەدا ڕوودەدا ڕوونبکەینەوە. موسڵمانانیش وەک مەسیحییەکان زوڵم و ستەمیان لێدەکرێت و لەلایەن پیاوانی دەوڵەت و ئاغاکانەوە لەسەر زەوی و زاریان دەردەپەڕێندرێن و فرمێسکی خوێن دەبارێنن. بارودۆخی وڵات نائومێدکارە، کەمترین بایەخێک بە پاراستنی دارستانەکان نادرێت، گوندەکان وەک کۆمەڵە خانوویەکی لەقوڕ دروستکراوی نێو بیابانێکی وشک و بێ کۆتاییان لێهاتووە کە دانیشتوانیان بەزەحمەت شتێک بۆ خواردن و ڕەواندنەوەی برسییەتیان پەیدا دەکەن، هیچ ڕێگەوپردێکی بەکەڵک لەو وڵاتەدا نەماوەو هیچ ساختومانێکی میریش نییە کە لە ناوەوە، یان لەدەرەوەڕا نەڕووخابێ. چادرنشینەکان پەیتا پەیتا خۆیان بەنێو شارو شوێنی دانیشتنی خەڵکی شاریدا دەکەن و چی بە بەر دەستیان ڕابگات بە تاڵانی دەبەن.*»

* * *

ڕەنگبێ هۆی ئەوەی کە تورکەکان، ئەرمەنییەکانیان لە یۆنانی و ئەلبانیاییەکان پتر خۆش ویستووە ئەوەبووبێت کە ئەوانیان بە ڕۆژهەڵاتی و لەخۆ بەنزیکتر زانیووە و، هەروەک ژەنراڵ فۆن مۆڵتکە نووسیویەتی: «*ئەرمەنییەکان ئەو تورکانەن کە بوونەتە مەسیحی.*»

لەو کاتەدا ئەو ئەرمەنییانەی کە لە دەوروبەری وڵاتدا دەژیان و زۆربەیان لە ئەمەریکا و روسیا و بەریتانیا بوون و خاوەن دەسەڵات و توانایەکی ئابووری بەهێز بوون، هەندێ داواکارییان سەبارەت بە باشبوونی باری ژیانی براکانیان لەنێوخۆی تورکیادا خستەڕوو. ئەوان (ئەرمەنییەکان) هەرگیز خوازیاری ئۆتۆنۆمی نەبوون و زۆربەیان لەوەی کە دانیشتووی ئیمپراتۆرییەتێک بوون کە نیشتمانەکەیانی لەلای باکوری ڕۆژهەڵاتەوە لە ئامێز گرتبوو، خۆشحاڵ بوون. داواکارییەکانی ئەوان تەنها بریتی بوو لەوەی کە تەناهییان هەبێ، ئافرەتەکانیان ڕێزیان لێ بگیردرێت، ماڵ و سامانەکانیان پارێزراوبێت و لەو ناوچانەی کە تێیاندا دەژین هەندێ چاکسازیی ئیداری بکرێت.

بەداخەوە خزم و کەسی ئەرمەنییەکان لەدەرەوە، لە ئەندازەبەدەر کەف وکوڵیان لەخۆیان نیشاندەدا و ئەغڵەبیان ببوونە پیاوی ڕوسەکان و بەفیتی ئەوان ئامادەی

ئاژاوەنانەوە لەنێوخۆی تورکیا بوون. هەرچەندە ناکرێ ئەوە بە بیانوو دابندرێت و ئەو ڕەشەکوژییەی کە لە ساڵانی دواتر ئەنجامدرا شەرعیەتی پێ ببەخشرێت، بەڵام لەهەندێ جێگەدا ئەم کارە نامرۆڤانەی تورکەکان لەهەمبەر ئەرمەنییەکاندا ئەنجامیاندا، دەگەڕێتەوە بۆ دنەدانی ئەرمەنییەکانی نێوخۆی تورکیا لە لایەن ئەرمەنییەکانی دەرەوەو «دۆستە» روسیاییەکانیان.

لە ساڵی ١٨٩٤ (١٣١٢ی کۆچی)دا، دوابەدوای ئەو نائارامیيانەی کە لە ناوچە ئەرمەنی نشینەکاندا ڕوویدا، سوڵتان بڕیاریدا تەمبێیان بکات.

سوڵتان لەکاتی خواردنی نانی ئێوارە لەگەڵ پرۆفسیۆر ڤامبری دا، گوتبووی: *«بەم زوانە ئەرمەنییەکان سەرکوت دەکەم و زللەیەکی واش لە بناگوێیان دەدەم کە باش بیان هێشێت و واز لەو فکرە شۆڕشگێڕییانەیان بێنن.»* عەبدولحەمید هەندێ سیخوڕی خۆی ناردە ئەو ناوچانە تا بە موسڵمانەکان ڕابگەیەنن کە مافی ئەوەیان هەیە و ڕێگەیان پێدراوە کە دەست بەسەر سەروەت و سامانی ئەرمەنییەکاندا بگرن و ئەگەر هاتوو بەرگریشیان کرد بیانکوژن. ئەمە سەرەتای دەست پێ بوونی خەباتێکی وردو لێکدراوەبوو کە تێیدا (١٠٠) هەزار لە ئافرەت و پیا و منداڵی ئەرمەنی کوژران.

نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، هەمیشە ڕەشەکوژی بەیەکێ کردەوە مەشروعەکانی سەردەمی جەنگ لە قەڵەم دراوە، بەڵام سامناکترین هۆکارێک کە لە قەتڵوعامی ئەرمەنییەکاندا بەرچاودەکەوێ ئەو شێوازەیەکە قەتڵوعامەکەی پێ جێبەجێ کراوە. ئەم شێوازە بەشێوەی ورووژاندنی هەستی خەڵکی ئاسایی نەبوو، بگرە بە پلانی پێشوەختی ڕاسپێردراوانی دەوڵەت و ئەو سیخوڕانەی کە هەمیشە ئامادەی جێبەجێکردنی فرمانەکانی قوستەنتەنییە بوون و ڕێک وەک ئەوەی لە کارگەیەکدا کار بکەن: بەیانیان لەگەڵ بیستنی زەنگدا دەستیان بەکاردەکردو ئێوارانیش لەگەڵ بیستنی زەنگدا دەستیان لەکار هەڵدەگرت و بەرەو ماڵ و شوێنی حەسانەوەی خۆیان دەگەڕانەوەو، بۆ بەیانی بەهەمان شێوە درێژەیان بەکارەکەیان دەدا.

ئەم ڕەشەکوژیيانە دوا بزماری لەتابووتی عەبدولحەمید کوتا، چونکە شەخسی خۆی بەدارێژەری نەخشەو پلانەکە لە قەڵەم دەدراو گۆڕانکاری و ڕووداوەکان و باس و خواسی ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و ڕۆژانە بۆی دەکرایە ڕاپۆرت و پێشکەشی دەکرا. تەنانەت بۆ جارێکیش ڕووی نەدا هەواڵی قەسابی و کوشتاری وەرزێرە ئەرمەنییە قوربەسەرەکان کار لە دڵەڕەقەکەی بکات و، وابکات بەخۆیدا بچێتەوە. سەیر لەوەدایە کە زۆرربەی هاووڵاتیانی تورکیا لە مەحکومکردنی ئەم کارەساتە نامرۆڤانەیەدا، لەگەڵ بیانییەکاندا هاودەنگ ببوون. لەماوەی ئەو سێ ساڵەی کە قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان بەپچڕپچڕی درێژەی هەبوو، هەزاران کەس لەو موسڵمانانەی کە لەو دڕندایەتی و نامرۆڤایەتییەی کە سوڵتان دەرهەق بە ئەرمەنییەکان دەیکرد بێزاربوون، دراوسێ ئەرمەنییەکانی خۆیان لەماڵەکانیاندا پەناو حەشار دەدا.

لەو کاتانەدا، کوشت و کوشتاری خەڵک ئامارو ژمارەی لێ دەکەوێتەوەو، ژمارەی قوربانییەکان دەخەملێندرێت. سەرەڕای ئەو سانسۆرە توندەی کە لە ئیمپراتۆریەتدا هەبوو، داستان و بەسەرهاتی کوشتار لە زیندان و بەزیندوویی سوتاندنی ئەرمەنییەکان بەهۆی ئامرازی چاوەڕواننەکراوەوە دەگەیەندرایە دەرەوەی تورکیا. زۆربەی کات موسڵمانەکان نامەو پەیامی ئەرمەنییەکانیان دەبردە دەرەوەی وڵات و، جاری واش هەبوو بەڕێکەوت ئەم هەواڵانە دەگەیشتە دەرەوە. چۆنیەتی قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان لە *ترابزۆن*، کە تێیدا یەک مەسیحیش بە زیندوویی دەرنەچوو، لە رێگەی ناخودایەکی ئۆتریشی کە کەشتییەکی بارهەڵگری کۆمپانیای لویدز-ی پێ بوو، گەیێندرایە ئەوروپا. ئەم ناخودایە بەچاوی خۆی بینیبووی کە چۆن ئەرمەنییەکان بۆ رزگارکردنی گیانیان، خۆیان هەڵدەدایە دەریاوەوەو مەلەوانە تورکەکان دەیانگرتن و دەیان خنکاندن. یەکێ لە کارمەندانی باڵیۆزخانەی بەریتانیا کەناوی جێراڵد فیتزمۆریس بوو، یەکەم راپۆرتی سەبارەت بە سوتاندنی بە ئانقەستی (٣٠٠٠) کەس لە ئەرمەنییەکانی گەیاندە گوێی دنیا کە لە کەلیسای گەورەی شاری ئورفا «ئەدسا»دا سووتێندران. بەپێی ئەم راپۆرتە خێزانە ئەرمەنییەکان پەنایان بردبۆبەر کەلیسای نێوبراو کە جێی پەنادانی چەند هەزار کەسی هەبوو، بەو هیوایەی کە هیچکەس جورئەتی ئەوە ناکات لە نێو کەلیسا و لەو جێگە پیرۆزەدا پەلاماریان بدات. تا چەند رۆژێک ئەم هیوایەیان هاتەدی و لەو ماوەیەدا کەس پەلاماری نەدان، بەڵام دوای ئەم چەند رۆژە سەربازە تورکەکان دەورەی کەلیسایان دا.

دوای کۆتایی هاتنی نوێژی جەماعەتی رۆژی شەممە، پێشنوێژی ئورفا بەڕاوەشاندنی ئاڵای کەسکی عوسمانی، فرمانی هێرشی گشتیی خەڵکی بۆ سەر ئەرمەنییەکان راگەیاند و بەم شێوەیە کوشتن و تاڵان و برۆ دەستی پێکرد. تەواوی ئەو ماڵانەی کە کەوتبوونە گەڕەکی ئەرمەنییەکانەوە تاڵان کران و، دواتریش رەشە کوژییەکی سامناک روویدا. ئافرەت و منداڵ و پیاوی ئەرمەنییەکانیان وەک چۆن ئاژەڵ راو دەکەن ئاوا راو دەکردو دوایی لەسەر زەوی درێژیان دەکردن و گۆشاو گۆش بەچەقۆ سەریان دەبڕین و وەک مەڕ دەیانکردنە قوربانی.

بەرلەوەی رۆژئاوابێت، دەنگی شەیپور ئەوەی راگەیاند کە ئەو رۆژە قەسابی کۆتایی پێهاتووە. رۆژی دواتر کە یەکشەممە و ٢٩ی کانوونی یەکەم بوو، دەنگی شەیپور سەربازەکانی لەسەربازخانەکانەوە هێنایەدەرو، ئەمجارەیان نۆرەی کەلیسای شاربوو. پێدەچوو ئەو گەلە خەڵکەی کە لە نێو کەلیسای نێوبراودا کۆببوونەوە، چاوەڕێی چارەنووسێکی وەهایان کردبێت ؛ چونکە فیتزمۆریس بەچاوی خۆی کاغەزێکی دیتبوو کە بەیەکێ لە ستونەکانی کەلیساوە کرابووەو قەشەیەکی ئەرمەنی رایگەیاندبوو کە شەوی شەممە دوایین مەراسیمی ئایینی لە بارەی (١٨٠٠) کەسدا ئەنجامدراوە.

سەرەتا تورکەکان دەستیان بەتەقەکردن بەرەو کەلیسایەکە کرد، دواتر دەرگا ئاسنینەکەیان شکاند و ئەوەی هاتبایە سەر رێیان دەیانکوشت.

ئافرەت و منداڵەکان پەنایان بردە بەر کۆریدۆرەکانی دەوروبەری ساڵۆنی کەلیسا و ئەو شوێنە بەهۆی ئەوەی شەو خەڵکی لێ نووستبوو، کا وپوشێکی زۆری لێ بڵاوکرابۆوەو تورکەکان (٣٠) تەنەکە نەوتیان بەسەرکایەکاندا کردو ئاگریان تێ بەردا. ئەوەی کە نەکوژرابوو بە زیندوویەتی سووتاو بوو بە زوخاڵ. ڕێک لە کاتژمێر سێ و نیوی دوای نیوەڕۆ بەدەنگی شەیپور بەدیارکەوت کە کاری سەربازەکان کۆتایی پێهاتووەو، بەم پێیە سەربازەکان کەلیسایان جێ هێشت.

هەر لەو کاتەدا، ڕووداوێکی دیکە بە قەوارەیەکی بچوکتر لە شوێنێکی دیکە ڕوویدا کە دەنگدانەوەیەکی فراوانی لە دنیادا پەیدا کرد. دوو پرۆفسیۆری ئەرمەنی کە بۆ کۆلیژی ئایینی ئەمەریکاییەکان لە (مارسوان) کاریان دەکرد، بە چاپ و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی ئاشوب خوڵقێن و فیتنەکار تاوانبارکران و، بەکەلەبچەکراوی بردیاننە دادگایەکی ئەنکاراو لەوێش بەسێدارە حوکم دران.

ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی ئەمەریکاییەکان بەقینەدا بچن و، بۆ یەکەمجار عەبدولحەمید ناچاربوو سەرەڕای کاردانەوەی ئەوروپاییەکان لەگەڵ ئەو زریانەدا بەرەو ڕوو بێتەوە کە ڕۆژنامە ئەمەریکاییەکان بەرپایان کردبوو.

لەو سەردەمەدا وەزیر موختاری ئەمەریکا لە قوستەنتەنییە کابرایەک بوو بەنێوی دادوەر *ترێل* کە تەکساسییەکی چەقاوەسووی زارگەورەبوو و، سوڵتان یەکجار ڕقی لێ دەبۆوە؛ چونکە بە بەردەوام تووتنی دەجوو و لەهەر شوێنێ حەزی لێ بایە تفی دەکردەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا عەبدولحەمید وای بە باش زانی چاوی پێ بکەوێت و هەندێ شتی بۆ ڕوون بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە ترێل و خێزانەکەیی بۆ خواردنی نانی ئێوارە بانگهێشتی کۆشکی یلدز کردو، بەسەبرو تەحەمولێکی فراوانەوە گوێی لە گەلەیی و گازندەکانی ترێل گرت. ترێل گوتی: من لادێیەکم کە ئاشنای داب و نەریتی دەربارەی سوڵتان نیم، بەڵام لەو باوەڕەدام کەنایەڵن سوڵتان گوێبیستی ڕاستییەکان ببێت.

ڕۆژی دواتر، ترێل باسی ئەم میوانداریيەی سوڵتانی لای ئارتور نکلیسۆن-ی کارمەندی باڵیۆزخانەی بەریتانیا (باوکی سێر هارۆڵد نیکلسۆنی ڕۆژهەڵاتناسی بەنێو بانگ) کردبوو. هەروەها گوتبووی واهەست دەکا سوڵتان کەوتۆتە ژێر کاریگەرییەتی قسەکانی؛ چونکە چەندین جار بە بیستنی قسەکانی ئەو ئاخی هەڵکێشاوەو سەری باداوە. لە ڕاستیدا ترێل لەو باوەڕەدا بوو کە عەبدولحەمید کابرایەک باشە کە ڕاسپێردراوەکانی بەنێوی ئەو تاوان ئەنجام دەدەن و، عەبدولحەمید بۆ خۆی ئاگای لەو بەزمەنییە و ڕووحی لەو تاوانانە بە ئاگانییە.

دوای ئەم چاوپێکەوتنە نیکلسۆن لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیبووی: *«سوڵتان وەزیر موختاری ئەمەریکاشی فریوە داوە.»*

ڕق و تووڕەیی ئەمەریکاییەکان لەهەمبەر لەسێدارەدانی ئەو دوو پرۆفیسۆرە ئەرمەنییە بەڕادەیەک بوو کە سوڵتان ناچار بوو ڕێگە بدات یەکی لە ڕۆژنامەنووسە بەنێو بانگەکانی ڕۆژنامەی نیویۆرک هێراڵد کە نێوی گۆردۆن بێنێت بوو، سەردانی بکات.

گۆردۆن سولتانی خستەژێر گوشارەوەو، سولتان ناچاربوو رێگە بەیەکێ لە رۆژنامەنووسانی رۆژنامەی نێوبراو بدات تا بەمەبەستی ئامادەکرنی راپۆرت سەردانی ناوچە ئەرمەنی نشینەکان بکات، بەمەرجێک چاودێرێکی بێلایەنی لەگەڵدا بێت. راپۆرتی ئەم دوو کەسە ئاوا باسیان لە بارودۆخی ئەوسای ئەرمەنییەکان کردووە: *«ئەگەر بڵێین تا ئێستا نزیکەی(٥٠) هەزارکەس گیانیان لەدەستداوە، بەراوردێکی میانرەوانە و دوور لە موبالەغەمان کردووە؛ چونکە لەم ژمارەیەدا ئەو کەسانە حیساب نەکراون کە لە سەرمان و لەبرسان گیانیان لە دەستداوە.»* سالانی دواتر، «شۆرشگێرە» ئەرمەنییەکان کە ئیدی هیچ نەمابوو لە دەستی بدەن و ترسیان نەمابوو، دەستیان دایە دژەهێرش و لە قوستەنتەنییە و شارە گەورەکانی دیکە دەستیان بە بانک برین و شتی لەو بابەتەکرد کە لێک چوونێکی سەیریان لەگەڵ رووداوەکانی ئەم سەردەمەدا هەبوو.

بەرەبەری نیوەڕۆی یەکێ لە رۆژەکانی کۆتایی مانگی ئابی سالی ١٨٩٦ (ربیع الاخر-ی ١٣١٤ی کۆچی)، تاقمێکی بیست کەسی کە تەقەمەنی و نارنجۆکیان پێبوو، هەڵیان کوتایە سەر باڵاخانەی بانکی عوسمانی لە قوستەنتەنییە و دەستیان بەسەرداگرت. ئامانجیان پارە دزین و تالانکردنی بانکەکە نەبوو، بگرە دەیانویست سەرنجی دنیا رووەو هاوارو نارەزایەتی ئەرمەنییەکان راکێشن.

ئەو ئەرمەنییانە، ماوەی سێ سەعات بە نارنجۆک و بۆمبە دەستییەکان لە بەرامبەر هێرشی پۆلیس و پیاوانی ئاسایشی عوسمانی کە دەورەی شوێنەکەیان دابوو، بەرگرییان لەخۆیان کردو سەرئەنجام بەنێوبژی باڵیۆزخانە بیانییەکان کە لایەنی مامەڵە و مشتەریی بانکەکە بوون، بە وەرگرتنی ئەمان نامە خۆیان تەسلیم کرد. سێر ئێدگار روینسنت-ی سەرۆکی بانکەکە کە ئینگلیزی بوو، رۆڵێکی گرنگی لەتێگەیاندن و هێنانی باڵیۆزخانە بیانییەکان بۆ نێو مەسەلەکە هەبوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی باڵیۆزخانەکان بە گوشار خستنەسەر عەبدولحەمید، ئەمانامە بدەن بە ئەرمەنییەکان. ئەو بیست ئەرمەنییە بە کەشتییە تایبەتییەکەی سێر ئێدگار بە ساغ و سەلامەتی قوستەنتەنییەیان جێ هێشت، بەلام هەر دوای رۆیشتنی ئەوان و بۆ هەمان شەو، تورکەکان لە تۆڵەی ئەمە لە نێو شاری قوستەنتەنییە حەوت هەزار ئەرمەنییان سەربڕی.

ئەوە ئەم کارەبوو کە ئەو بیست کەسە مەبەستیان بوو؛ چونکە تا ئەو سەردەمە هەندێ کەس هێشتا نێوی تڕابزۆن و ئورفایان بەرگوێ نەکەوتبوو، بەلام هەر کە قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان لە قوستەنتەنییە دەستی پێکرد، دیپلۆمات، گەڕیدەو بازرگانە بیانییەکان بەچاوی خۆیان ئەم دیمەنەیان بینی و راستی رووداوەکانی رۆژهەلاتی تورکیایان بۆ دەرکەوت.

ئارتور نیکلسۆن لەوبارەیەوە نووسیویەتی: *«ڤینیز، لە تاریکترین سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا لەچاوی ئەستەمبۆلی ئەمرۆکە، بەشارێکی ئازادو ئارام لە قەڵەم دەدرێت.»*

کاردانەوە لەبەرامبەر ئەم کوشتارە زۆر خێرابوو و، هەوالی ئەم قەتڵوعامە

بەخێرایی بەسەرانسەری ئەورووپادا بڵاوبۆوە. لەماوەی چەند ڕۆژێکدا سەرانی وڵاتانی ئەورووپایی چەندین تەلگرافی نارەزایەتییان بۆ عەبدولحەمید نارد کە تێیاندا، هۆشداریی ئەوەیان دەدا ئەگەر عەبدولحەمید بەخێرایی بەر بەو قەتڵوعامە نەگرێ ئەوا نەک هەر تاج و تەختەکەی خۆی و بگرە سەڵتەنەتی بەرەبابی عوسمانی دەکەوێتە مەترسییەوە.

لەو کاتەدا لادانی دوا سوڵتانی زاڵم و دیکتاتۆری عوسمانی تەنها پێویستی بەیەک لێدان هەبوو کە ئەویش لەنێوخۆی وڵاتەوە بەری کەوت.

فەسڵی دوازدەهەم

سەربازی نەبەردو سوڵتانی مەلعون

قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان دیاردەیەک نەبوو کە بکرێ لە ڕووداوەکانی دیکە جیا بکرێتەوە، بگرە بە کوشتارێکی بەکۆمەڵ لە قەڵەم دەدرا کە بەشێوەیەکی پچڕپچڕو بە بەرزی و نزمی لە ڕووی ڕادەی توندی، یان لاوازییەوە، بۆ ماوەی سێ ساڵ درێژەی هەبوو. کاریگەرییەتی ئەم ڕووداوە بەسەر خەڵکی تورکیاوە ئەوەبوو کە بە گشتی لە بەرامبەر ئەم کارەی دەسەڵاتداراندا، هەستیان بەشەرمەزاری دەکردو هەر جارێ کە هەواڵی کوشت و کوشتاری ئەرمەنیەکانیان دەبیست، شەرمەزار تر دەبوون و، نازناوی «مەلعون»یان لەسەر ئەنجامدەری ئەم تاوانانە دانابوو.

سەدان و هەزاران لەو تورکانەی کە ئەمەیان پێ تەحەمول نەدەکرا، ملی ڕێگای دەرەوەیان گرت و لە تورکیا چوونە دەرو، پەنایان بردە بەر ئەوروپا و لەوێ چوونە پاڵ تورکە لاوەکانەوە.

تەنانەت مەحمودی زاوا، ژن برای سوڵتان، بەخۆ بە دوو کوڕەکەیەوە چووە پاریس و لەوێ پشتگیری خۆی بۆ دوورخراوەکان ڕاگەیاند. هەروەها نیازی بەگ، کە ئەفسەرێکی لاوی نێو ڕیزەکانی سوپای عوسمانی بوو و لەو گەندەڵیەی نێو دەزگای دەوڵەت و سوپا بێزار ببوو، زۆر بوێرانە ڕەخنەی لە شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات دەگرت. سیخوڕەکانی سوڵتان ئەم هەواڵەیان گەیاندە کۆشکی یڵدز، بەڵام خۆشبەختانە لەنیو سیخوڕەکانیشدا کەسانێک هەبوون کە باوەڕیان بە عەبدولحەمید نەمابوو و، دڵیان لەگەڵ نەیارانیدا بوو.

ئەمە بووە هۆی ئەوەی نیازی فریای خۆی بکەوێت وبتوانێ لەکاتی خۆیدا خۆی بگەیەنێتە پاریس، بەڵام نیازی پیاوی ئەوە نەبوو لە پاریس دانیشێ و، درووشم بدات و قسە بکات. بۆیە بڕیاریدا بگەڕێتەوە تورکیا و بەشێوەیەک کە نەناسرێتەوە، لە شکڵی فرۆشیارێکی گەڕیدە خۆی گەیاندە ئەزمیر. دواتر بەناوی دەروێش، مامۆستا و ...هتد، هاتە قوستەنتەنییە و لە هەموو شوێنێک دژ بەدەسەڵات پڕوپاگەندەی بڵاو کردەوەو، لایەنگرێکی زۆرری لە نێو خەڵکدا پەیدا کردو توانی یەکەم خانەکانی شۆڕش لە نێو وڵاتەکەیدا بنیاد بنێت.

لەو کاتەدا سوڵتان پتر لە هەموو کاتێ گۆشەگیر ببوو، ئەغلەب بەشداری لە مەراسیمی نوێژی هەینیدا نەدەکردو زڕبراکەی عیزەت-ی دەنارد کە زۆرریش لەخۆی دەچوو. ئەوانەی لەو سەردەمەدا عەبدولحەمیدیان دیتووە، باسی ئەوە دەکەن کە

سوڵتان زۆر لاوازتر دەهاتە پێش چاو، تەنانەت فینەکەی لەسەری گەورەتر دەهاتە بەرچاو. لەگەڵ ئەوانەشدا ڕادەی ترس و گومانی عەبدولحەمید ڕۆژ بەڕۆژ پتر دەبوو، بەشێوەیەک کە فرمانی دابوو کەس لە حزووری ئەودا دەست نەکاتە گیرفانییەوە. جارێکیان صادق پاشا کە یەکێ لە وەزیرە بێ شومارەکانی سوڵتان بوو لە حزووری ئەودا بۆ دەرهێنانی بەڵگەنامەیەک دەستی بۆ گیرفانی بردبوو، عەبدولحەمید دەمانچەکەی دەرهێنابوو و، کەم مابوو دەستبەجێ لەوێ بیکوژێت. لەترسی ئەوەی دەرمانخوارد نەکرێ هیچ نامەیەکی نەدەکردەوە.تاکە سەرگەرمیی سوڵتان ئەوەبوو کە لە نێو حەرەمسەراکەیدا چاکسازی ئەنجام بدات.ڕێگەی بە ژنەکانی دەدا دوا مۆدیلەکانی جلوبەرگی فەرەنسایی بپۆشن، مەمکدان ببەستن و لەجیاتی پێڵاوە سەرپێییەکانی ڕۆژهەڵات، پۆتینی چەرمی قەیتانداری ڕۆژئاوایی لەپێ بکەن.

لەگەڵ هاتنی سەدەی بیستەم شکڵ و سیمای قوستەنتەنییەش دەگۆڕاو، یەکەم واگۆن کە ئەسپ ڕایدەکێشا، لە شەقامەکانی قوستەنتەنییەدا کەوتبۆ کار. هەرچەند هێشتا کوچە و شەقامەکانی شار بێ ڕووناکایی بوون و کەس نەیدەوێرا بەشە و بەبێ پارێزەر بێتە دەرەوە، بەڵام لە گۆشە و کەناری شار میوانخانەی گەورە کە گڵۆپەکانیان لە تاریکی شەودا دەدرەوشانەوە دروست کرابوون؛ چونکە سوڵتان پێویستی بە پارەی گەشتیارە بیانییەکان هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا بە توندی دژی دانانی تۆڕی تەلەفۆنی نێوشار بوو، چونکە یەکێ لە وەزیرەکانی ئەوەی هێنابۆ پێش چاوی خۆی کە ئەگەر تەلەفۆن لەشاردا بکەوێتە کار، بێگومان عەبدولحەمید ٢٤ سەعات و بەشە و بە ڕۆژ لەبنی هەڵناستێت و ئەوەش واتا دەردەسەری بۆ ئەوان. بەم پێیە وەزیرەکە بە سوڵتانی گوتبوو ئەگەر تەلەفۆن لەشاردا بخرێتە گەڕو سوڵتان ئەم ئامێرە بەکاربێنێ، دوورنییە دوژمنەکانی گوێ لە قسەکانی ڕابگرن. ئەوە وایکردبوو عەبدولحەمید دژی دانانی تۆڕی تەلەفۆن بێت.

عەبدولحەمید ببوو بە ئەفسانەیەکی زیندوو، بەتایبەت کاتێ کە سەرەتای سەدەی بیستەم هاوکات بوو لەگەڵ (٢٥)ەمین ساڵی سەڵتەنەتی. تا ئەو دەمە عەبدولحەمید دوو جار لە هەوڵی کوشتن ڕزگاری ببوو؛ لە ساڵی ١٩٠٤ (١٣٢٢ی کۆچی) ئەفسەرێکی لاو هەوڵیدا لەدەرەوەی شانۆ تایبەتییەکەی کۆشکی یلدزدا بە چەقۆ بیکوژێت و، ساڵی دواتریش عارەبانەیەکی پڕ لە دینامیت (T.N.T) لەبەردەمی ئەو مزگەوتەی کە سوڵتان تێیدا خەریکی ئەنجامدانی مەراسیمی نوێژی هەینی بوو، تەقییەوە.

دوابەدوای ئەم ڕووداوەی دوایی، بەسەدان کەس لە خەڵکی بێ گوناھ کەوتنە بەر پەلامارو ئازار و ئەشکەنجەدان. سوڵتان دەیویست بزانێ چۆن ئەو عارەبانە پڕ لە (T.N.T)یە بە بەردەمی ئەو هەموو پاسەوانە دا تێپەڕیووە کە سوڵتان زۆر متمانەی پێ هەبوون. ڕاستی مەسەلەکە ئەوەبوو کە ئەم کردەوەیە لەلایەن یەکێ لە تۆڕە شۆڕشگێڕەکانی نێوخۆی تورکیاوە ئەنجام درابوو کە باوەڕێکی پتەویان بە تورکەلاوەکان هەبوو، ئەو تورکە لاوانەی کە ئێستا نێویان لە خۆیان نابوو *«کۆمیتەی ئیتیحاد و تەرەقی»*.

لە ساڵی ١٩٠٦ (١٣٢٤ی کۆچی)دا، کۆمیتەی نێوبراو هەستی کرد زۆر بەهێز بووە، بۆیە شاری سالۆنێکی ویلایەتی مەقدۆنیای کردە نێوەندی خۆی. ئەم شارە هەر لە کۆنەوە ناوەندی دژایەتیکردن لەگەڵ عەبدولحەمید بوو؛ چونکە دانیشتوانەکەی لە ڕەگەز و نەژادی جۆراوجۆری وەک تورک، یۆنانی، سرب، بولغار، ئەلبانی، بۆسنی و گەورەترین کەمینەی یەهودیی نێو ئیمپراتۆرییەت پێک هاتوو. بەکورتی، بۆ دەستپێکی کاری شۆڕشگێڕانە مەقدۆنیا شوێنێکی زۆرر شیاو بوو. نیازی بەگ کارەکانی خۆی بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەفسەرێکی لاوی سوپا بەنێوی ئەنوەر بەگ دا ئەنجام دەدا.

لەو کاتەدا، نیازی لەلایەن سوڵتانەوە بەر لێبوردن کەوتبوو و، بە پلەی موقەدەم هاتبۆوە نێو سوپاوە کە ئەمە خۆی لە خۆیدا پشتیوانییەکی باش بوو بۆ ئەنجامدانی چالاکییە شۆڕشگێڕانەکانی.

جار ناجارێ لە گۆشەو کەناری ئیمپرتۆرییەتدا، هەندێ کردەوەی توندوتیژ و شۆڕشگێڕانە ئەنجام دەدرا، بەڵام هەماهەنگ نەبوون و بچوکیی کردەوەکان، نیشانەی ئەوەبوون کە هێشتا پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان خانە شۆڕشگێڕەکاندا بەرقەرار نەبووە. عەبدولحەمید لەلایەن خۆیەوە ئەم بارودۆخەی پێ قەبوڵ بوو و دەنگی نەدەکرد. تەنانەت وای لێهاتبوو چیدی بایەخی بە ڕاپۆرت و هەواڵی سیخوڕەکانیشی نەدەدا. ڕەنگبێ هۆی ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پێشتر ئەو سیخوڕانە هێندەیان درۆکردبێ کە عەبدولحەمید ئێستا بڕوای بە قسە ڕاستەکانیشیان نەدەکرد.

لەگەڵ ئەوەشدا عەبدولحەمید لە مانگی ئاياری ساڵی ١٩٠٨ (ربيع الاخر-ی١٣٢٦ی کۆچی) بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەو بەزمەی لە سالۆنێک لە ئاردابوو، کۆمیسیۆنێکی نارده ئەوێ و ئەم کارەی بووە هۆی ئەوەی کە کردەوە شۆڕشگێڕانەکان خێراییەکی پتر بەخۆیانەوە ببینن؛ چونکە ئەو ئەفسەرەی کە سەرۆکی کۆمیسیۆنەکەبوو و دەیویست ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش عەبدولحەمید بکات، لە (١١)ی حوزەیران و لەکاتی گەڕانەوەدا کوژرا.

سوڵتان، بەپەلە ئەفسەرێکی دیکەی نارده ئەوێ و کۆمیتەی ئیتیحاد وتەرەقی هەستیان بەوەکرد کە سوڵتان گرنگییەکی تایبەتیان پێدەدا و پێویستە بەرلەوەی بەرزەبری سوڵتان بکەون، دەستبەکار بن. شەش ڕۆژ دواتر کۆمیسەرێکی پۆلیسیان کوشت و ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرەکانی سوپایان دەستگیر کردن.

نیازی و ئەنوەر لە ٢ی تەمموزی ١٩٠٨ (٢ی جمادی الاخر-ی١٣٢٦ی کۆچی)، زەبری خۆیان وەشاند. نیازی دەرگای قاسەی سەربازگەکەی خۆی کردەوەو تەواوی پارەکانیی دەست دایە و، لەگەڵ چەند کەسێک لە برادەرەکانی پەنای بردە بەر کێوەکانی دەوروبەری گۆلی ئەخریدا.

هەر لەو کاتەدا ئەنوەریش لەگەڵ (١٥٠) کەس سەربازگەی (ڕەسنا)ی جێ هێشت.

دوای (٥) سەدە، بۆ یەکەمجار موسڵمانەکانی نێو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ئاڵای

شۆڕشیان بەرز کردبۆوە. پێدەچوو هێشتا عەبدولحەمید لەبابەخی مەسەلەکە نەگەیشتبێ. بەڕای ئەو مەقدۆنیا هەمیشە ناوەندی نائارامی و شۆڕش بوو و، ڕەنگبێ پێیوابوو بەناردنی لەشکرێک دەتوانێ شۆڕشەکە سەرکوت بکات و ئارامی بگەڕێنێتەوە ناوچەکە. نیازی، وەک خائین و ڕاکردوو لە خزمەتی سەربازی، بڕیاری گرتنی دەرچوو. بەڵام سوڵتان دەیویست ئەنوەر بە شێوە تایبەتییەکەی خۆی بخاتە تەڵەوەو بۆ ئەم مەبەستەش بەڵێنی بەرزکردنەوەی پلەو پایەی پێداو بانگی کردە قوستەنتەنییە. ئەنوەر لە مەسەلەکە تێ گەیشتبوو و، تەنانەت وەڵامی بانگهێشتە شەخسییەکەی سوڵتانی نەدایەوە.

عەبدولحەمید کە هەستی کرد تیرەکەی نیشانی نەپێکاوە، بەپەلە (٨٠٠) سەربازی ناردە شاری مۆناستیر-ی مەقدۆنیای باکور، بەڵام ئەم سەربازانەش لولەی تفەنگەکانی خۆیان لە براکانیان نەکردو لەبری ئەوە دوو لە ئەفسەرەکانی خۆیانیان کوشت کە یەکێ لەوانیان بە ئاشکراو لەسەر شەقام کوشت. هەواڵی ڕاپەڕینی سەربازگەکەی مۆناستیر وەک بڵێسەی ئاگر بەخێرایی پەرەی سەندو لە هەموو گۆشەیەکی مەقدۆنیاوە پەیتاپەیتا سەربازگەکان پشتیوانی خۆیان بۆ ئەنوەر بەگ ڕادەگەیاند. سوپای سێیەمی تورکیا کە لە بالکان جێگیربوو، ڕاپەڕی. لەنێو ئەفسەرانی ئەم سوپایە ڕاپەڕیوەدا، ئەفسەرێکی لاوی شۆڕشگێڕو بەکەف وکوڵ هەبوو کە نێوی مستەفا کەمال بوو. چیوای پێ نەچوو کە سوپای دووەمیش ڕاپەڕی و چووە پاڵ شۆڕشگێڕانەوە.

ئێستاکە ئیدی ڕووداوەکان بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەرو یەک بەدوای یەکدا دەهاتن. لە ٢٣ی تەمموز، تورکەلاوەکان ئۆڵتیماتۆمێکی ڕەسمییان لە مۆناستیرەوە بۆ سوڵتان نارد و تێیدا ئاماژەیان بەوەکرد کە ئەگەر سوڵتان لەماوەی ٢٤ سەعاتدا دەستورەکەی سەردەمی میدحەت پاشا نەهێنێتەوە گۆڕێ و کاری پێ نەکات، سوپای دووەم و سێیەم بەرەو قوستەنتەنییە دەکەونە ڕێ. قەبوڵ کردنی ئەم ئۆڵتیماتۆمە لەلایەن سوڵتانەوە بەمانای کۆتایی هاتن و شکستی سیاسەتی سەرکوتکردن و کوشتن بوو کە لەدوای دوورخستنەوەی میدحەت پاشاوە بەوردی لەلایەن سوڵتانەوە پیادە دەکرا و، سوڵتان بەقەدەر سەرە دەرزییەک لێی لانەدابوو. بەڵام ئەگەر ڕەتی بکردبایەوە، ئەوا ئەگەری شەڕی نێوخۆیی هەبوو کە بەهیچ شێوەیەک ئاکامەکەی دیارنەبوو. عەبدولحەمید، دوای چەندین ساڵ بۆ یەکەمجار داوای لە شورای وەزیران کرد لەو بارەیەوە گفتوگۆ بکەن. نزیکەی تەواوی وەزیرەکان لەگەڵ داواکارییەکەی تورکەلاوەکاندا بوون، بەڵام لەبەرئەوەی شارەزای سروشت و میزاجی سوڵتان بوون، گرفت ئەوەبوو کە کێ ئەم بڕیارەی ئەوان بە سوڵتان ڕابگەیەنێ؛ چونکە هەر هەموویان دەیانزانی کە ئەگەر عەبدولحەمید تووڕەبێ، دوور نییە دەستبەجێ ئەو کەسە بکوژێت کە بڕیارەکەی پێ ڕادەگەیەێت.

سەر ئەنجام گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە واباشە بڕیارەکەیان بە عەبدولهادیی تالگرەوەی دەربار بڵێن کە سوڵتان زۆر کەیفی پێدەهات و متمانەی پێ هەبوو. هەرچەندە نێوبراو چەند ساڵ پێشتر ببووە هۆی ئەوەی میسر لە ئیمپڕاتۆرییەتی

عوسمانی جیابێتەوە، بەڵام هێشتا سوڵتان بەهۆی باوەڕیی بەخوڕافات و شتی لەو بابەتە، ڕێزی لێ دەگرت. عەبدولهادی کابرایەکی ژیرو وریا بوو کە لە هەمانکاتدا لە هیچکەس نەدەترسا، لەمڕووەوە وەزیرەکان وایان پێ باش بوو کە عەبدولهادی بەشێوازی خۆی باش بوونی قەبوڵکردنی ئۆڵتیماتۆمەکەی تورکەلاوەکان بە سوڵتان ڕابگەیەنێ و بەشێوەیەک پێی بڵێ وەک ئەوەی لە غەیبەوە باش بوونی ئەم مەسەلەیە ڕاگەیەندرابێت. وەزیرەکان بۆ هاندانی عەبدولهادی و تەئکیدکردنەوە لەوەی کە مەترسیی هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ چەند نزیکە، ئەو گەلە تەلگرافەیان نیشاندا کە لەچوارلای ئیمپڕاتۆرییەتەوە گەیشتبوون. تالگرەوە، یان ئەستێرەناسی دەربار، هەمان شەو خۆی گەیاندە سوڵتان و پێی ڕاگەیاند کە ئەستێرەکان لەگەڵ ئەوەدان سوڵتان لەگەڵ تورکە لاوەکاندا ڕێک بکەوێ. عەبدولحەمید بەبێ دوودڵی و گومان نەسیحەتی ڕاوێژکارە جێی متمانەکەی خۆی لە گوێ گرت و، هەر هەمان شە و تەلگرافێکی بۆ مەقدۆنیا لێدا و بۆ ڕۆژی دوایی واتا ٢٤ی تەمموز، خەڵکی قوستەنتەنییە بە خوێندەوەی ناوەرۆکی تەلگرافەکەی سوڵتان کە لە ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژەدا بەچاپ گەیشتبوو، توشی سەرسوڕمان هاتن. عەبدولحەمید ڕایگەیاندبوو کە دەستورەکەی سەردەمی میدحەت کار پێدەکاتەوەو بنەماکانی مەشروطیەت قەبوڵ دەکات.

ئەو ڕۆژە، خەڵکی پایتەخت نەیاندەزانی لەخۆشیان چی بکەن. بەشێوەیەک کە خاتوو جۆن هازلیپ لە کتێبی «ژیانی سوڵتان عەبدولحەمید» دا نووسیویەتی:
«ئەوانەی ئەو کاتە لە قوستەنتەنییە بوونەو بەچاوی خۆیان ئەو ڕۆژەیان دیتووە، باس لە دیمەنی سەرسوڕهێنەری گۆڕەپانی ئەیاسۆفیا و پردی گالاتا دەکەن کە تێیاندا یۆنانی، بولغاری، ئەرمەنی و کوردەکان وەک برا دەستیان لەملی یەکدی کردبوو و یەکتریان ماچ دەکرد. ئەفسەرانی سەر بە تورکەلاوەکان وتاریان دەدا و دەیانگوت ئیدی هیچ جیاوازییەک لە نێوان مەسیحی و موسڵمان و یەهودیدا نییە و، لەمەودوا دەبێ هەر هەموو دەست لەنێو دەستی یەکدی بنێین و بۆخۆشبەختی و سەرفیرازیی گەلی عوسمانی تێبکۆشین. لەنێو ئەو خەڵکە زۆرەدا، پیاوانی ئایینیش دەبینەدران.تەنانەت دوکاندارەکان، دوکانەکانی خۆیان بەجێهێشتبوو و، هاتبوونە نێو ئاپۆرای جەماوەر. قەسابەکان کە ڕووپۆشی سپییان پۆشیبوو، لەنێو ئەو خەڵکە بەباشی دەبیندران. سەرئەنجام لەکاتێکدا کەبە قازانجی دەستور و سوڵتان هوتافیان دەکێشا، بەرەو بابی عالی کەوتنەڕێ.»

شادی گشتیی خەڵک، چوار ڕۆژ درێژەی هەبوو و لەو ماوەیەدا حەشاماتێکی (٧٠) هەزار کەسی هاتنە نێو کۆشکی یلدزەوە تا لەبەرامبەر ئەو بڕیارە مێژوویی و گرنگەی کە سوڵتان بەهۆیەوە داهاتوویەکی گەشی پێ بەخشیبوون، سوپاس و پێزانینیخۆیانبەسو ڵتانڕابگەیەنن.تائەوڕۆژەهیچکاملەوخەڵکە سوڵتانیان نەدیتبوو، بەڵام هەرکە هەیکەلی بچوکی عەبدولحەمید بەخەمبارییەوە لە بەلەکۆنی کۆشکرا بەدیار کەوت، هاواری شادیی خەڵک بەرزبۆوە.

پێدەچوو ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی لە کابوسێکی ترسناک بەخەبەرهاتبێ و،

لەمرووەوە خەڵک لەڕادەبەدەر گەشبین ببوون. لەشاری (دراما)، لەسەر ئەوەی کە تورکێک سوکایەتی بە مەسیحییەک کردبوو، تورکەکەیان خستە زیندانەوە. لەشاری (سرس) سەرۆکی کۆمەڵگای بولغارییەکان، لاچاوی ئۆسقۆفە یۆنانییەکەی شاری ماچ کرد. لە چەند شارێکی دیکەش تورکەکان بەڕێزو ئەدەبەوە سەردانی گۆڕستانیان کردو فاتیحیان لەسەرمەزاری ئەرمەنییە بە ناهەق کوژراوەکاندا خوێند. خەڵک لەوپەڕی شادی و خۆشحاڵیدا بوون و، عەبدولحەمیدیان بەئازادی بەخش لە قەڵەم دەداو لەو باوەڕەدابوون کە تاقمێک لەدەربارەییە ماستاوچی و گەندەڵەکان نەیانهێشتووە سوڵتان ئاگاداری ڕاستییەکان ببێت.

هەر ئەم هەستەی خەڵک بوو کە بووە هۆی ئەوەی کە تورکە لاوەکان نەتوانن بەپەلە عەبدولحەمید لەسەرکار لابدەن. بەقەولی دکتۆر ئێرنسێت ڕامسور لە کتێبی «تورکەلاوەکان» دا: *«لە ساڵی ١٩٠٨ کۆمیتەی ئیتیحاد و تەرەقی خۆی هێندە بەهێز نەدەدیت کە بتوانێ سوڵتان لەسەر کار لابدات. سوڵتان بەبەڵێنی بەکارگرتنەوەی دەستورو مەشروطیەت وای نیشاندابوو کە ئەمە بڕیاری خۆی بووەو کەس ناچاری نەکردووە ئەم بڕیارانە بدات. شان و شکۆی پلەو پایەی سوڵتان و خەلیفە، وایکردبوو کە خەڵک نەتوانن بە باشی کەسایەتی ڕاستەقینەی عەبدولحەمید ببینن.»*

لەڕاستیدا ئەنوەر بەوەڕازی بوو کە عەبدولحەمید وەک سوڵتانێکی مەشروطەی لێ بێت کەئەمە خۆی لە خۆیدا کۆمەڵێ لەتوانا و دەسەڵاتەکانی لێ دادەماڵی.

لەمەقدۆنیا، هەموو ڕۆژێ ئەنوەر بەسوپاکەیەوە بەنێو شەقامەکاندا تێدەپەڕی و شار بەدەست ئەنوەر ولایەنگرانییەوە بوو و، عەبدولحەمید لەوێ هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو.

کۆمیتەی ئیتیحادو تەرەقی، هەوڵیدا مادامەکی عەبدولحەمید بۆ ئاستی سوڵتانێکی مەشروطە دابەزیبووە، ژمارەی بێ شوماری دەرباری و پیاوانی دەوروبەری کەم بکاتەوە. شانۆ تایبەتیەکەی عەبدولحەمید داخرا، ٢٠٠ مۆسیقاژەنەکە دەرکران، بەردەستە سەربازییەکانی کە ژمارەیان (٣٠٠) کەس بوو، کران بە ٣٠ کەس و، تەویلە و ئەسپەکانی سوڵتان بوون بە موڵکی دەوڵەت. تورکە لاوەکان بە سوڵتانیان ڕاگەیاند کە بە فرمانێکی ڕەسمی سیخوڕی یاساغ بکات. لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا کە چەند مانگ دواتر ئەنجام دران، خەڵکانێک لە تەواوی مەزهەب و نەژادە جۆراوجۆرەکان ،بەشدارییان لە هەڵبژاردن داکردو نوێنەرانی خۆیان ناردە پەرلەمانی نوێ کە لە ١٧ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٨ کرایەوە.

ڕۆژی کردنەوەی پەرلەمان، دیمەنێکی لەیادنەکرابوو؛ بەفر شارە جوانەکەی قوستەنتەنییەی وەک تارایەکی سپی داپۆشیبوو، بەڵام خۆری زستانە، تیشکی خۆی لە منارەو گومەزی مەزگەوتەکانی شار دەدا.

خەڵکی شار بە ئەرمەنی و یەهودی و موسڵمانەوە بەڕیزو لەژێر ئاڵای عوسمانیدا بەجل و بەرگی تایبەتیەوە، ڕێزی خۆیان بۆ عەبدولحەمید کە بۆ کردنەوەی پەرلەمان دەچوو، دەردەبڕی. لەنێو نوێنەرانی ئەو پەرلەمانەدا، سێ کەس هەبوون کە قەدەر وایدانابوو چارەنووسی تورکیای نوێ کە بە هەنگاوی لەرزۆکەوە بەرەو دیموکراتییەت

هەنگاوی دەنا، بەدەستەوە بگرن.

یەکەمیان ئەنوەری نەبەردو قارەمان بوو کە خەڵک وێنەکانییان بە هەزار دەکڕی و بەریشی تراشاو و سمێڵە بادراوەکانی، هەیبەت و شکۆیەکی تایبەتیی هەبوو.

دووەمیان تەلعەت بوو کە زۆر بە قەرەجەکان دەچوو، شل و شۆق و سەروپرچی ئاڵۆز بوو و، دەیانگوت سەرچاوەو داینەمۆی فکریی حزب بوو. سێیەمیان جەمال بەگ بوو کە بەمنداڵی خولامکاری یەکێ لە پاشاکان بوو و، وای پێی باشتر بوو لەگەڵ کوڕێکی جوانکیلەدا ڕابوێری تا لەگەڵ ئافرەتێکدا، بەڵام ئازایەتییەکەی لە ڕاپەڕینی سالۆنیکدا، وەک ئەفسانەی لێ هاتبوو. سێ پیاوی نارێک و نەگونجاو بوون و، بەوپەڕی داخەوە لە کۆتایی کاردا دەرکەوت هیچیان لەباراندا نەبووە.

* * *

گوێزانەوەی گەلێک لە دیکتاتۆرییەتەوە بۆ دیموکراتییەت کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەت کە وڵاتانی بیانی بە پەلە هاتبنە گۆڕەپانەوە. پرەنس فێردنیاند دۆکۆبۆرگ، بەلێکدانی ویلایەتی ڕۆملیی ڕۆژهەلات و بولغاریا، ڕایگەیاند کە قەیسەری بولغاریای سەربەخۆیە. ئیمپراتۆری ئۆتریش و مەجەر کەلە ساڵی ١٨٧٨ (١٢٩٥ی کۆچی)وە ویلایەتەکانی بۆسنا و هەرزەگۆڤینیای بەنێوی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەڕێوە دەبرد، بەرەسمی ڕایگەیاند کە لەمەودوا ئەم دوو ویلایەتە موڵکی ئیمپراتۆرییەتەکەی ئەون و خستنیە سەر سنوری خۆی. هەروەها دورگەی کێرت ڕایگەیاند کە لەگەڵ یۆناندا یەکی گرتووە.

لەکاتێکدا، کە ئەو پارچانە لە خاکی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی جیا دەکرانەوەو ئیمپراتۆرییەت پارچەپارچە دەبوو، کۆمیتەی ئیتیحاد و تەرەقی جگە لە نارەزایەتی دەربڕین چیدیکەی لەدەست نەدەهات. ڕەنگبێ هۆی ئەوەی کە هیچی ئەنجام نەدەدا ئەوە بووبێت کە ئەمانەیان وەک باجێک لە پێناو بەرەسمی ناسین لەلایەن ئەورووپاوە بەخشیبێتە ئەو وڵاتانە. بەڵام خەڵک دەنگی نارەزایەتییان بەرزکردەوەو دەنگی ئەم نارەزایەتییەی خەڵک گەیشتە گوێی سوڵتانیش.

ناکرێ باوەڕ بەوەبکەین کە عەبدولحەمید دەستی لەو نائارامییانەدا نەبووە کە دوابەدوای ئەم مەسەلەیە روویاندا. پێدەچێ عەبدولحەمید بەرتیلی دابێتە ئەلبانیاییەکان تا لە دژی کۆمیتەی ئیتیحاد و تەرقی ڕاپەڕن و، دیارە لەمەشدا ئەو هەزاران سیخوڕەی کە ئێستا بێکار ببوون و ساڵانە ملیۆنێک و دوو سەد هەزار لیرەیان لە خەزێنەی دەوڵەتەوە دەدرایەوە، ڕۆڵێکی باشیان لە هاندانی خەڵک و خولقاندنی نائارامییەکاندا هەبووە. ئەڵبەتە زۆربەی خەڵک پێیان وابوو تاکە چارەسەر ئەوەیە کە سوڵتان تواناو دەسەڵاتەکانی پێشووی پێببەخشرێتەوە و پیاوانی ئایینیش پشتیوانیان لەم ڕایە دەکرد.

بەسەدان دزو پیاوکوژ کە بەر لێبوردنی گشتی کەوتبوون و لە زیندان ئازادکرابوون، خەڵکی لادێیەکانیان هەراسان کردبوو.

لە ٣١ی نیسانی ساڵی ١٩٠٩ (٢١ی ربیع الأول–ی ١٣٢٧ی کۆچی)، سەربازگەی

قوستەنتەنییە ڕاپەڕی و ڕایگەیاند کە دژی شۆڕشە و خوازیاری ئەوەیە کە سوڵتان تواناو دەسەڵاتی پێشوی بۆ بگەڕێندرێتەوە.
دیارنەبوو سەرکردەی ئەم ڕاپەڕینە کێیە؛ چونکە عەبدولحەمید خۆی لە مەسەلەکە بێ بەری کردبوو. تەواوی ئەندامانی ئیتیحادو تەرەقی بۆی دەرچوون و ئەگەر عەبدولحەمید تۆزێک بوێری تێدابایە وێرابای بە ئاشکرا قۆڵیان لێ هەڵماڵێ، ئەوا ڕەنگبێ توانیبای بۆ ماوەیەی درێژتر تاج و تەختەکەی خۆی بپارێزێ. بەڵام عەبدولحەمید ئەو بوێرییەی تێدا نەبوو و بۆیە هەموو شتێکی لە دەست دا.
لەماوەی دوو هەفتەدا هێزەکانی نیشتەجێی سالۆنیک کە هەواداری ئەنوەر بەگ بوون، ڕووەو قوستەنتەنییە کەوتنەڕێ و لە ٢٣ی نیسان کە ڕۆژێکی ساردی وەرزی بەهاربوو، لەکاتێکدا کە عەبدوحەمید خۆی بۆ بەشداری لە نوێژی هەینیدا ئامادە کردو خەرکی جل و بەرگ پۆشین بوو، گوێبیستی دەنگی تۆپ بوو.
ئەنوەر گەیشتبۆ کەنداوی داردانێل و بەرەو سەربازگەی تەقسیم کە لە ناوەندی شاردا بوو، دەهاتە پێش، بەڵام سەربازگەی تەقسیم خۆی بۆ بەرگریکردن ئامادە کردبوو. دوای چوار سەعات شەڕی دەستەویەخە، ئەنوەر توانی سەربازگەکە داگیربکات و سەربازە دژ بە شۆڕشەکانی گوللەباران کرد. بەرەبەری ڕۆژئاوا، بەشێکی زۆری شارکەوتبۆ ژێر دەستی هێزەکانی ئەنوەرەوە و، سەربازەکانی تەنها یەک کیلۆمەتر لەولای کۆشکی یڵدز مۆڵیان خواردبوو و چادریان هەڵدابوو.
سوڵتان ئاگای لەوەنەبوو لە شاردا چ باسە و، تەنانەت کاتێ کە دەنگی زرمەی تۆپەکان نەما، کەس نەوێرا ڕاستیی مەسەلەکەی پێ بڵێی و تەنها ئەوەندەی دەزانی کە هێشتا پاسەوانەکانی خۆی کە لە کۆشکی یڵدزدا بوون، لە شەڕەوە نەگلاون. لەڕاستیدا عەبدولحەمید پەیوەندی بە دنیای دەرەوەوە نەمابوو و، ئەوشەوە زۆربەی کاتی خۆی بە دانیشتوویی لەسەر تەختێکدا بردبۆ سەرو لەو ماوەیەدا یەکێ لە خولامە منداڵکارەکان کتێبی بۆ خوێندبۆوەو ئەو کتێبەش بەسەرهاتەکانی شێرلووک هۆلمز بیوو!
کاتێ ڕۆژهەڵات و ڕۆژی شەممە دەستی پێ کرد، هێشتا کۆشکی یڵدز هەروەکو خۆی بوو و، ژیانی ئاسایی تێدا بەرقەراربوو تا ئەو دەمەی کە دەنگی زرمەی تۆپەکان کە لە دوێنێ نزیکتربۆوە، عەبدولحەمیدیان لەخەو ڕاست کردەوە. سوڵتان بەپەلە جلەکانی پۆشی و لەیەکێ لە خواجە سەراکانی پرسی: چی بووە؟ خواجە سەراکە لە وەڵامدا گوتی: سەربازانی وەفادار بەخاوەنشکۆ بە لەنێوبردنی سەرهەڵداوانەوە خەریکن. بەڵام ڕاستی مەسەلەکە ئەوەبوو کە ئەنوەر هێرشی هێنابۆ سەر کۆشکی یڵدز.
کاتێ دەرکەوت کەوا خەریکە وردە وردە پاسەوانەکانی کۆشکی یڵدز شەپرێو دەبن و بەرگرییان پێ ناکرێ، ماستاوچی و خەڵکە بێ کەڵکەکەی دەوروبەری سوڵتان دەستە دەستەو کەهەر دەستەیەکیان سەد کەس دەبوو، بۆی دەرچوون و وایلێهات تا پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە تەنها چەند خزمەتکارو فەڕاشێک مابوونەوە. مەتبەخ داخرابوو، کارەبانەبوو و، لەسەرانسەری خانووە جۆربەجۆر و باخەبەرینەکانی

کۆشکی یڵدزدا، تاکە مۆمێکیش دەست نەدەکەوت. ئەو شەوە دوای سێ و سێ ساڵ و بۆیەکەمجار، عەبدولحەمید خواردنێکی ساردبۆوەی خوارد کە نەک تەنها هەر لە مەتبەخە تایبەتییەکەی خۆیدا لێ نەنرابوو، بگرە بەرماوەی نانی نیوەڕۆی خزمەتکارەکانی کۆشک بوو و، چەند خواجەیەک کە هێشتا هەر لە کۆشکدا بوون لە مەنجەڵێکدا دۆزیبوویانەوە.

ئێستاکە کۆمیتەی ئیتیحادو تەرەقی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا ڕووبەڕوو ببۆوە کە چی لەگەڵ سوڵتاندا بکات؟ ئەو دژە شۆڕشەی ئەو دواییە بەباشی ئەوەی دەرخستبوو کە پێویستە شۆڕشگێڕەکان بە وریاییەوە هەنگاوبنێن.

بەهیچ شێوەیەک نەدەبوو بیر لە کوشتنی سوڵتان بکەنەوەو دەبوایە بە پێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، لەمڕووەوە پەنایان بردە بەر شێوازە باوەکەی نێو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و داوایان لە شێخولئیسلام کرد بەم ناوەرۆکەی خوارەوە فتوایەکیان بۆ بدات:

«کەسێک کە لە پلەی ئەمیری موئمینان و خەلیفەی موسڵمانانـدا بووەو، یاسا و دەستورەکانی شەرعی ژێر پێ ناوەو ڕێگەی نەداوە خەڵکیش پێرەوییان لێ بکەن، پارەی بەیت ولمالی بەفیڕۆداوە، بەبێ سوچ خەڵکی ژێردەستەی خۆی زیندانی کردووەو ئەشکەنجەی داون و تەنانەت کوشتوونی، بەدەیان زوڵم و ستەمی ئەنجامداوەو دوای ئەوەی کە سوێندی خواردووە هەڵەکانی دووبارە نەکاتەوە دیسانیش لەسەر ڕێچکەی جارانی بەردەوام بووەو جەختی لەسەر تێکدانی ئاسایشی گشتی و دووبەرەکی نانەوە لەنێو خەڵکدا کردووەو ئەم کارەشی بۆتە هۆی ڕژانی خوێنی خەڵک، دەبی چی لێ بکرێت؟»

«لەویلایەتە جۆربەجۆرەکانەوە هەواڵی ئەوە دەگات کە خەڵک پەیمانی خۆیان لەگەڵ ئەم کابرایەدا پوچەڵ کردۆتەوەو لەلایەن خۆیانەوە بە خەلیفەی نازانن. لەگەڵ ئەوەشدا، دەرکەوتووە کە مانەوەی ئەم کابرایە لە پلەی خەلافەت و سەڵتەنەتدا زۆر مەترسیدارەو، لادانی لە قازانجی کۆمەڵگای موسڵمانانە. لەبارودۆخێکی وەهادا، ئایا حکومەتی هەنوکە ڕێگەی هەیە لەسەر کارلای بدات؟»

شێخولئیسلام، تەنها بەیەک وشە وەڵامی دایەوە کە ئەویش ئەوەبوو:«بەڵێ» و، ئەم تاکە وشەیەش بەس بوو بۆ ئەوەی کە پەرلەمان بڕیار لەسەرلادانی عەبدولحەمید دەربکات.

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٧ی نیسان، شاندێک کەپێک هاتبوو لە چوار نوێنەری پەرلەمان

-ئەلبانیاییەک، یۆنانییەک، یەهودییەک و ئەرمەنییەک-بە مەبەستی ڕاگەیاندنی بڕیارەکەی پەرلەمان، سەردانی عەبدولحەمیدیان کرد.

یەکێ لەو چوار کەسە کە نێوی ژەنەڕاڵ ئەسەدبوو، دواتر گێڕابوویەوە کە کاتێ پێیان ناوەتە نێو کۆشکەوە، ئەوانیان بردۆتە کۆشکی چیتلی کەساختومانێکی یەک قات و لە نێوەڕاستی باخەکانی کۆشکی یڵدز بووەو بە تونێلێکەوە بە حەرەمسەراوە بەستراوەتەوە. ئەوان لەکاتێکدا کە چاوەڕێی کەسێک بوون کە بەدرێژایی چەندین

سالی بەردەوام حوکمی بەسەر گیان و مالی خەلکی تورکیادا کردبوو، سی کەس لە خواجەسەرایانەی کە لە ترسان دەلەرزین، دەورەیاندابوون. لەهەموو سوچ و قوژبنێکی ئەو ژوورەدا هەست بە بوونی عەبدولحەمید دەکرا، کلاشەکانی لە گۆشەکی ژوورەکە و لەپشت سۆپاکەوە بوون، دەرمانەکانی لەسەر مێزبوون و لە گۆشەیەکی دیکەش کۆمەلێ کاغەز دەبیندران کە پێدەچوو کۆنە راپۆرتی سیخورەکانی بن.

لەوکاتەدا بەبێ ئەوەی پێشتر هاتنی سولتان رابگەیەنن، سولتان خۆی کرد بە ژوورەکەدا. سولتان، یونیفۆرمێکی سەربازیی پۆشیبوو کە وەک ئەوەوابوو بەلەشییەوە هەلواسرابێ. لەنێو ئەم شاندەدا، ژەنەرال ئەسەد تاکە کەس بوو کە پێشتر لەکاتی مەراسیمە سەربازییەکاندا سولتانی لەنزیکەوە دیتبوو. عەبدولحەمید دەستبەجێ لێی پرسین: *«چیتان دەوێ؟»* ئەسەد لە وەلامدا گوتی: *«گەل، ئێوەی لەسەلتەنەت وەلاوەناوە و، ئێمە راسپێردراوین کە ئەمنییەت و ئاسایشی ئێوەو بنەمالەکەتان دابین بکەین.»* هەروەها چونکە ئەم سەربازە پیرە نەیدەتوانی بێ حورمەتی بەسەرکردەی پێشووی خۆی بکات، درێژەی دایەو گوتی: *«نابێ خاوەنشکۆ لە هیچ شتێ بترسێت.»*

بێدەنگیەکی قول بالی بەسەر ژوورەکەدا کێشا، دەنگی هەناسەش نەدەبیسترا. بەشان و شکۆیەکی فراوانەوە هەمان ئەو قسانەی کردن کە مامی (عەبدولعەزیز) لە دۆخێکی وەهادا کردبوونی و گوتی: *«قسمەت وابووە، من هیچ گوناهێکم نییە، ئایا ژیانم پارێزراودەبێ؟.»*

لەو بارەیەوە، بەلێنی شەرەفیان پێداو براکەی (رەشاد) کە دوو سال لەخۆی بچوکتربوو، بەنێوی محەمەدی پێنجەم کرا بە سولتان و، لەسەر تەختی سەلتەنەت دانیشت. بۆ تورکەلاوەکان کەنەیاندەویست خۆیان تووشی هەراو هۆریای پتر لە بارەی مانەوەی خەلافەت و سەلتەنەت بکەن، سولتانی نوێ تایبەتمەندییەکی تێدابوو کە بێگومان تورکەلاوەکان پێی دلخۆش دەبوون؛ سولتانی نوێ گوتبووی بیست سالە رۆژنامەم نەخوێندۆتەوە!

عەبدولحەمیدیان لەگەل سێ ژن و دوو مندالە کەمتەمەنەکانی و چوار ژنی قەمپاتمە و چوار خواجەو حەقدە خزمەتکاردا، بۆ سالۆنیک دوورخستەوە. نیوەشەو هەندێ کالیسکە بۆ بردنیان هاتن، لەو کاتەدا عەبدولحەمید لە ترسان وەک دارەبی دەلەرزی و خۆی پێ لەسەر پێ رانەدەگیر. خواحافیزەی لە ئافرەتەکانی حەرەمسەرا کرد، سەربازەکان سلاوی سەربازییان بۆ کرد و بۆ دواجار خواجەسەراکان شاقەلی کراسەکەیان ماچ کرد. دوای ئەمانە، لە کاتێکدا لە تاقمە سوارێک دەیانپاراست و لەدواوەی دەرۆیشتن، بەرەو شەمەندەفەری سەلتەنەتی کەوتەرێ؛ ئەو شەمەندەفەرەی کە بیست سال دەبوو بەدیاری دابوویانێ.

عەبدولحەمید بەسەرسورمانەوە دیتی لە سالۆنیک شوێنێکی خۆش و پرشکۆیان بۆ تەرخان کردووەو، پاسەوانەکانیشی کە دوو ئەفسەری لاوبوون لەسەریانبوو داواکارییە ماقولەکانی سولتان جێبەجێ بکەن. کاتێک عەبدولحەمید گلەیی ئەوەی

کرد کە ئەو شیرو هێلکەیەی کە بۆی دێن کۆنەو تازەنییە، دەستبەجێ پەنجا مریشکی ڕەسەن و دوو مانگای شیردەریان لە کێڵگەکانی کۆشکی یلدزەوە ناردە ئەوێ. دواتر چەند کەنیزەکێکی لاوی گورجیش بەمەبەستی خزمەتکردن نێردرانە لای عەبدولحەمید.

کۆمیتەی ئیتیحادو تەرقی هەندێ بیانووی بۆ ئەم ڕەفتارە نەرم و نیانە هەبوو کە لەگەڵ عەبدولحەمید دا دەیاننواند؛ کۆمیتە مەبەستی بوو هەندێ شت بزانێ و یەکێ لەوانە ئەوەبوو کە بەدرێژایی چەند دەیەی ڕابردوو، سوڵتان خەزێنەی دەوڵەتی دۆشیبوو و، دیارنەبوو ئەو پارانە لەکوێن؟ بەشێک لەو پارەیان لەیەکێ لەژێر زەمینەکانی کۆشکی یلدزو لەشێوەی یازدە گونییەی پڕلە دراوی زێڕ و چەند قوتویەکی پڕ لە ئەڵماس و بەردی گرانبەهادا دۆزییەوە، بەڵام پاشماوەکەی دیارنەبوو. لەکۆتاییدا دەفتەرچەی یاداشتی عەبدولحەمیدیان دۆزییەوە کە لەکاتی ڕۆیشتن لەبیری چوو بوو لەگەڵ خۆیدا بیبات و لەو دەفتەرچەیەدا چەندو چۆنی داراییەکانی بەتیپ و ژمارەی نهێنی نووسرابوون. ئەو داراییە بریتی بوو لەو پارانەی کە لەکاتی دەست بەسەراگرتنی بیرە نەوتەکانی بین النهرین دەستی کەوتبوو، هەروەها پارەیەکی زۆری بودجە نهێنییەکەی دەوڵەت بوو کەلای یەکێ لە بانکە ئەڵمانیاییەکان و هەندێ کۆمپانیای نەوتیی ئەمەریکا دانرابوو.

جگە لە سوڵتانی پێشوو، عیزەتی زڕبرای سوڵتانیش شارەزای نهێنیەکانی ئەم دەرفتەرچەیە بوو کە ئەویش لەکاتی شۆڕشدا ڕایکردبوو. بۆیە بە ئەفسەرە لاوەکانی خزمەت سوڵتانیان گوت لە سوڵتانی ٦٧ ساڵە بگەیەنن کە ئەگەر ئەم پارانە بداتەوە دەوڵەت، ئەگەری ئەوە هەیە سەردەمی دوورخراوەییەکەی هەتاهەتایە نەبێ و کۆتایی پێ بێت.(١٥)

لەکاتێکدا کە شێرەکانی باخچەی ئاژەڵانی کۆشکی یلدز لە برسان دەیاننەڕاند، کۆمیتەی ئیتیحادو تەرەقی بڕیاریدا کۆشک پاکسازی بکات کە لە هەموو ڕوویەکەوە پتر بە دوکانی وردەواڵە فرۆشی دەچوو تا کۆشکی پاشایەتی. خاتو *ئەڵما ویتلین* لە کتێبی «*عەبدولحەمیدی سێبەری خوا*»دا، بەم شێوەیە باسی لە کۆشکی یلدز کردووە:

«هیچکام لەعەمبارە گشتییەکانی شارەگەورەکان و لە پێۆانەیەکی بچوکتردا، عەمباری هیچکام لە دەربارەکانی جیهان، لە ڕووی بێ سەروبەری و ئاڵۆزییەوە لەگەڵ کەلوپەلە سەیرو سەمەرەکانی کۆشکی یەڵدزدا بەراورد ناکرێن. ڕەفتەیەکی گەورە هەبوو کە تەنها کراسی پیاوانی تێدا داندرابوو. چەندین هەزار کراس لەوێ کۆکرابۆوەو نەدەکرا بەجارێک بیانهێننە دەرەوە؛ چونکە گیرفانی هەریەک لەو کراسانە شتێکی تێدابووو: گیرفانی یەکێک لە کراسەکان، بەنکێکی مرواریی کەبایی چەندین هەزار لیرەبوو، تێدابوو، گیرفانی یەکێکی دیکەیان کیسەیەکی تێدابوو کە ئەویش پڕبوو لەبەردی گرانبەها. لەچکمەجەی یەکی لە لەمێزەکان دووسەد مەدالیاو، لەسندوقێکیشدا کە تایبەت بوو بەکتێب، کۆمەڵی دراوی (٥) لیرەیی ئینگلیزییان دۆزییەوە.»

دەبوایە ئەو کەسانەی کە وەک مێش و مەگەس ئەو ناوەیان ئاڵودەکردبوو، لە

کۆشک فڕێ بدرێنە دەرەوە. ئەوانەی کە ڕایاننەکردبوو، لە خزمەتکارو سیخوڕو تاڵگرەوە، لەڕیزێکی (١) کیلۆمەتری و لەژێر باراندا و بەخەمبارییەوە لە کۆشک وەدەرنران. زۆربەیان بەنەرمی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کرا، بەڵام ئەوانەی کە بە (تاوانبار) زانران، لەسەرپردی گالاتا و بەدەستی جەللادە قەرەجەکان لە سێدارەدران و، لەبری لە سێدارەدانی هەر کام لەو تاوانبارانە (١٠)شلینگ (نیولیرەی ئینگلیزی)یان درایێ. قزلەرئاغاو محەمەد پاشای سەرۆکی جەللادەکانی سوڵتان، لەنێو ئەوانەدابوون کە بە تاوانی ئەنجامدانی گەلێ کاری دڕندانە، لەسێدارەدران.

کۆمیتە، بەرەوڕووی گرفتێکی دیکەش ببۆوەو ئەویش ئەوەبوو کە نەیدەزانی چی لە حەرەمسەراکەی سوڵتان بکات. جگە لەو هەزاران کەسەی کە ڕایانکردبوو، هێشتا حەرەمسەرای سوڵتان (٩٠٠) ئافرەتی تێدا مابوو کە ژمارەیەکیان ئەوانەبوون کە سوڵتان قەمپاتمەی کردبوون و ئەوانی دیکە خزمەتکارو بەردەستی کوڕان و کچانی سوڵتان بوون. نەدەکرا ئەو تاقمە فڕێدەنە سەرشەقام؛ چونکە زۆربەیان باشترین ساڵەکانی تەمەنی خۆیان لەژێر چەتری چاکەو پارێزگاریی سوڵتاندا بەسەربردوو و، ژمارەیەکی زۆریشیان کەنیزەک و کۆیلە بوون کە ئازادی لای ئەوان هیچ واتایەکی نەبوو و تەنانەت بە بیستنی وشەی ئازادی لەرز دایدەگرتن.

بەم پێیە، تورکە لاوەکان وەک هەنگاوێکی نوێخوازانە، لە ڕۆژنامەکاندا ڕایانگەیاند کە هەر کەسێ کچ، یان خوشکی ڕفێندراوەو هێندراوەتە کۆشکی سوڵتان، با لەسەر خەرجیی دەوڵەت بێتە قوستەنتەنییە و لەنێو حەرەمسەرای سوڵتاندا بیدۆزێتەوەو لەگەڵ خۆیدا بیباتەوە. ئەم ئاگادارییەیان بەتایبەتی لە گوندە چەرکەس نشینەکاندا بڵاوکردەوە؛ چونکە ساڵانێکی دوورو درێژ بوو کە ئەو شوێنانە وەک ناوەندی کڕین و فرۆشتنی کچانی جوانکیلە بوو.

ئەم ئاگادارییە وەڵامێکی سەرنجڕاکێشی هەبوو؛ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک سەردانی کۆشکیان کردو بۆ یەکەمجار ئافرەتانی حەرەمسەرا لەدەرەوەو لەبەرامبەر خەڵکدا بەچەو عەبایان لەخۆ دەکردەوە تا بەڵکو خزم و کەسیان بیانناسنەوە. ئیدی ژمارەیەک لەوانە بە خزم و کەسی خۆیان شادبوونەوەو بەرەو ماڵ و حاڵی خۆیان کەوتنەڕێ. کەس نازانێ خۆشحاڵ بوون یان خەمگین؟

ژمارەیەکی زۆیش لە ئافرەتانی حەرەمسەرا هەبوون کە خزم و کەسیان نەهاتن و کەس نەبوو بە خاوەنیان. ئەوانەیان بردە کۆشکی کۆن بۆ ئەوەی تا دواساتەکانی ژیانیان بە ئارامی و ئاسودەیی بژین.

ئێرە کۆتایی ژیانی حەرەمسەرابوو و، بەوشێوە سەردەمێکی نوێ دەستی پێدەکرد.

پەراوێزەکان

١- بە پێی یاساکانی عوسمانی هەمیشە لە بری ئەوەی کوڕی سولتان بە جێگری سولتان دەستنیشان بکەن، بە تەمەنترین نێرینەی نێو بنەماڵەکە بە جێگر دیاری دەکرا.

٢-Le Moniteur de l Orient

٣- چەند ساڵێک دواتر ئەم ئەستەموڵییە لە ئێرانیشدا برەوی پەیدا کرد و لەوێ بە« سەرداری» نێوبانگی دەرکرد.

٤- هەرچەندە کە بەریتانیا نکۆڵی لەوە دەکرد کە چاوی لە زەوییەکانی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانییە، بەڵام هێندەی نەبرد کە دەستی بە سەر میسر و سودان و قوبرس داگرت.

٥-ئەگەر لە جیاتی وەزیری جەنگ، میدحەت لە گەڵ سولتاندا بەرەوڕوو بووبایەوە، ئەوا دوور نەبوو سولتان عەبدولعەزیز بە دەستی خۆی بیکوشتبایە. سولتان لە ڕادەبەدەر رقی لە میدحەت دەبۆوە و هۆی ئەم ڕق لێبوونەوەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوی کە میدحەت بەبێ ئەوەی چاویلکەکەی لە چاو بکاتەوە، چووبووە لای سولتان و ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی کە سولتان لە ڕادەبەدر تووڕە ببێ.

٦-دایکی عەبدولحەمید نێوی « تیر موژگان» بوو و بە هۆی تووشبوونی بە نەخۆشی سیل لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا مردبوو.

٧- کاتێ کە سولتان محەمەدی دووەم قوستەنتەنییەی گەمارۆ دابوو، ئاغا شەمسەدینی مورشید بۆ دڵگەرمی و ورە بەخشین بە سەربازەکان، پێیدەگوتن ئەبووئەیوبی بەیداخداری پێغەمبەری خوا، لەو جەنگەیدا کە سوپای معاویە بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەم شارە کردبوویان شەهید بووە و لە پشت حەساری ئەو شارە نێژراوە.

٨- فۆربس لە کاتی شەڕی نێوان فەڕەنسا و پڕوسیا کە لە ساڵی ١٨٧٠ دا ڕوویدا، نێوبانگێکی زۆری پەیدا کردبوو. لەو کاتەدا ڕۆژنامەی تایمزی لەندەن شەمەندەفەرێکی تایبەتیی بۆ بەکرێ گرتبوو و فۆربس خۆی وەک کرێکاری ئاگرکوژێنەوە لێکردبوو، بۆیەتازەترین هەواڵی سەبارەت بە هاتنی ئەڵمانییەکان بۆ نێو پاریس گەیاندبووە ڕۆژنامەکەی.

٩- ئیسکۆبلۆف چەندین هزار ڕۆبڵی لە باوکی خۆی قەرز کرد و بەو پارەیە قاپوتی بۆ سەربازەکانی پێکڕی.

١٠- بەپێی پەیماننامە نهێنییەکەی ٤ ی حوزەیرانی ساڵی١٨٧٨ ، تورکیا دورگەی قوبرس-ی دایە بەریتانیا و لە بەرامبەر ئەمەدا بەریتانیا بەڵێنی بە تورکیادا کە بەرەنگاری هەموو ئەو هەڕەشانە ببێتەوە کە لەلایەن ڕووسیاوە دەکرێنە سەر ویلایەتە ئاسیاییەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا.

١١- هاوکات لە گەڵ ئەمەدا، فەڕەنساش بە ڕەزامەندیی بەریتانیا بە پێی پەیمانی «برادۆ» کە لە ١٢ ی ئاياری ساڵی ١٨٨١ بەسترا،تونس-ی کە بەیەکێک لە ویلایەتەکانی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی لە قەڵەم دەدرا، خستە ژێر پارێزگاری خۆیەوە.

١٢- عەبدولهادی سەرۆکی یەکێ لە تەریقەتەکانی رەفاعییەی حەلەب بوو کە لە ئەستەمبوڵ خانەقای هەبوو.
١٣- بکوژ دانی بەوە دانابوو کە بەنیاز بووە ئۆمبێرتۆی پاشای ئیتالیا بکوژێ، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیتوانی بوو (٥٠) لیرەی پێویست بۆ کرینی بلیتی شەمەندەفەری تارم دابین بکات، ناچار ئەلیزابێتی کوشتبوو.
١٤-سەیر لەوەدایە کە سێ مانگ بەر لەو ڕووداوە، لە ئێرانیش محەمەد عەلی شای قاجارو لە ١٦ ی تەمموزی ساڵی١٩٠٩لە سەڵتەنەت وەلاوەنرا و رەوانەی رووسیا کرا.
١٥-بەشێکی گرنگ لەو پارانە بەر لەوەی کە عەبدولحەمید لە ٢ی شوباتی ساڵی١٩١٨ دا کۆچی دوایی بکات، گەڕێندرانەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام هەرگیز بە تەواوەتی نهێنی داراییەکانی خۆی ئاشکرا نەکرد؛ چونکە دەیزانی پاراستنی ئەم نهێنییە دەبێتە هۆی پاراستنی گیانی.

بەشی سێیەم

دیکتاتۆرە نوێیەکان

فەسڵی سێزدەهەم

سێیانەی ناپیرۆز

لەکاتێکدا کە تورکە لاوەکان کوێرکوێرانە هەنگاوی لەرزۆکیان بەرەو دیموکراتیەتێک دەنا کە بۆ خەڵکی تورکیا نامۆ بوو، سێ کەس چارەنووسی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان گرتبۆ دەست کەشیاوە بە «سێیانەی ناپیرۆز» ناویان بهێنین. ئەو سێ کەسە، تەلعەت و جەمال و ئەنوەر بوون کە بوونەهۆی ئەوەی ئەو خەونە خۆشەی کە دەستی پێکردبوو لەمیللەت ببێ بە مۆتەکەو بۆخۆشیان لە غەریبی و لە وڵاتی دوورە دەستدا، سەربنێنەوە.

تەلعەت ئەو پیاوەبوو کە لەنێوان سالانی ۱۹۰۸ تا ۱۹۱۸ جڵەوی دەسەڵاتی کۆمیتەی ئیتیحادوتەرەقی بەدەستەوەبوو و، لە هەموو روویەکەوە سەرۆکی حزبەکەبوو. تەلعەت پیاوێکی کەتەی نارێک بوو کە کاتێ هێنری مۆرگنتاو-ی باڵیۆزی ئەمەریکا بۆ یەکەمجار چاوی پێکەوت، بەبینینی بەژن و باڵاو قۆڵ و مەچەکی کە دوو بەرابەری قۆڵ و مەچەکی خەڵکی ئاسایی بوون، تووشی سەرسورمان بوو.

تەلعەت حەزی لێبوو بە هەموو کەس بڵێ لە نێو خەڵکەوە هەڵقوڵاوەو کوڕی خەڵکە، لەتەمەنی لاویەتی دا تەلگرافچی بووەو ئێستاش لە پۆستی وەزارەتی نێوخۆدا دەتوانێ زۆربەباشی کاروباری وڵات بەرێوەبەرێت.

ژیانێکی ساکارو تەنانەت هەژارانەشی هەبوو و، لەخانوویەکی بچوکدا دەژیا. خانووی دەسەڵاتدارترین پیاوی نێو ئیمپراتۆریەت لە کۆتایی کۆڵانێکی تەنگەبەردابوو کە کەمێک لە خانووی هەژارەکان گەورەتربوو. لەمرووەوە کاتێ باڵیۆزی ئەمەریکا لەپرو بەبێ ئەوەی پێشتر رایگەیاندبێ کەسەردانی دەکات، چووە ماڵی تەلعەت، بردیانە ژوورێک کە کەلوپەلێکی کەم و هەزاران بەهای تێدابوو و داوی فەرشە راخراوەکان بەدەرەوەبوو. ئینجا تەلعەت بەگاڵەگاڵەوەو لەکاتێکدا کە شمکی لە پێدابوو و بێجامەیەکی خۆڵەمێشی رەنگی پۆشیبوو و فینەیەکی سووری لەسەربوو، هاتە پێشوازیی میوانەکەی.

تەڵعەت کابرایەکی دڵرەق بوو، بەڵام دەیتوانی ئەم دڵرەقییەی خۆی لەژێر دەمامکی سادەیی و رووخۆشیدا حەشار بدات، وەکو ورچێکی گەورە کە لە مرۆڤ نزیک دەبێتەوەو رەفتارێکی دۆستانەی هەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا دەبێ ئاگاداری خۆت بی نەوەکا پەلامارت بدات.

بەڵام جەمال بەگی فەرماندەی سەربازیی قوستەنتەنییەو وەزیری دەریاوانی، بەهیچ شێوەیەک هەوڵی شاردنەوەی هەستەکانی خۆی نەدەدا؛ مەشرووبی زۆر

دەخواردەوە، قەت لە قومار بێزارنەدەبوو و زۆربەی کاتەکانی پشووی خۆی لەسەر مێزی قومارکردن و لە «یانەی ڕۆژهەڵات-Le Cerele dorient » دا، دەربردە سەر.

چاوەڕەش و تیژەکانی وەک چاوی شاهین وابوون و مووەڕەش و درێژەکانی ریشی، کاریان لەبینەر دەکرد. جارێکیان کە لەگەڵ هارۆڵد نیکلسۆن-ی باڵیۆزی بەریتانیا لە باڵیۆزخانەی بەریتانیادا نانی ئێوارەی دەخوارد، سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانە کە لە لاوێکی ئینگلیزی بوو، سەبارەت بە ڕووخسارو شێوەی جەمال نووسیویەتی: «*کەوتمە ژێر کاریگەرییەتی ددانە سپییەکانی کە وەک ددانی بەور وابوون و لەنێو ڕیشەکەیدا زۆر شاهیک بوون.*»

ئەنوەر بەگ، جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ ئەم دوو کەسەی پێشوودا هەبوو. کاتێ کە بۆ لادانی عەبدولحەمید هێرشی کردە سەر سەربازگەی قوستەنتەنییە تەنیا ٢٧ساڵی تەمەن بوو و خەڵک زۆریان خۆش دەویست.

هەموان وەکو سەربازێکی ئازاو نەبەردی نێو بەرەکانی جەنگ دەیانناسی. چاوەجوانەکانی و ئەو جلە وتووکراوانەی کە دەیپۆشین و تەنانەت گنجێکیان تێیاندانەبوو، وایکردبوو هەندێ کەس بەپیاوێکی ژنانیلەی بزانن. بەدەستە ناسک و سپییەکانی کەمانچەی لێدەداو دوای سەردانی ئەڵمانیا و ماوەیەک ڕابواردن لەوناوە، سمێڵەکانی خۆی وەک سمێڵەکانی ویلهۆڵمی دووەم، بەرەو سەربادەدا.

کاتێ ئەنوەر بوو بە وەزیری جەنگ، وێنەیەکی فرێدریکی مەزن و ێنەیەکی ناپلیۆنی بەدیواری ژوورەکەیەوە هەڵواسی و لەناوەڕاستی ئەوانیشەوە وینەیەکی خۆی هەڵواسی. لەمڕووەوە برادەرەکانی پێیان دەگوت: «*ناپلیۆن لیک*» کە بەمانای ناپلیۆنی بچووک بوو. زۆر زەحمەتە مرۆڤ بڕوا بەوە بکات کە ئەنوەر قۆناغی منداڵیی خۆی بەسەختی گوزەراندووەو دایکی مردوو شۆڕبووە، بەلام لە نێو ئەو سێ سەرکردەیەدا، ئەنوەر خاوەنی ئاڵۆزترین و پڕ لە نهێنی ترین کەسایەتی بوو. پیاوێکی لەخۆبایی و بۆش بوو و ئەو دوو خەسڵەتەی خۆیشی لەژێر دەمامکی شەرمنیدا حەشار دابوو. پڕ جموجۆڵ بوو، بەڵام لە هیچ کارێکدا پەلەی نەدەکردو هەمیشە بەهێوری هەنگاوی دەنا. جۆرە فریودەراتییەکی شەرمنانەی هەبوو، بەشێوەیەک کە *ئالێن* مۆرهد، لە کتێبی «*گالیپۆلی*» دا نووسیویەتی: «*خۆشەویستیی لەنێو ئافرەتاندا جێی سەرسوڕمان نییە؛ چونکە قارەمانێکی ئازاو لاوێکی بەژن و زراف و ڕێک بوو، بەڵام هەموو ئەوانە پەردەیەک بوون بۆ دڵڕەقی و خۆپەرستییەکەی.*»

لەسەرەتادا ئەنوەر وەک «قارەمانی شۆڕش» هەراو هۆریای زۆ لەدووو بوو، بەڵام پێ دەچوو ئەم پیاوە پڕ جموجۆڵە، هەستێکی دەروونی شاراوەی تێدایە کە وایلێدەکات لەکاتی پێویستیدا لە شوێنی پێویست بێت، بەتایبەتی کاتێک کە پلانی تورکە لاوەکان شکستی دەهێنا و خەونەکانیان نەدەهاتە دی.(١)

لەساڵی ١٩١١ (١٣٢٩ی کۆچی) کە ئیتالیاییەکان لە هیچ و خۆڕایی هێرشیان کردە سەر تەڕابلۆسی ڕۆژئاوا (لیبیای ئێستا) کە یەکێک بوو لە ویلایەتەکانی

ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە باکووری ئەفەریقا، ئەنوەریەکەم کەس بوو کە بەپەلە کارەکانی خۆی لەبەرلین بەنیوەچڵی بەجێ هێشت و بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمندا خۆی گەیاندە (بەنغازی) و لەوێشەوە چووە بەرەی جەنگی بالکان. لەجەنگی بالکاندا، کۆنەدوژمنەکانی تورکیا کە تا ئەودەمە بەهۆی ناکۆکییەوە لێک دابڕابوون، لەدژی تورکیا کە دوژمنی هاوبەشیان بوو، دەستیان خستە نێو دەستی یەکدی و تورکەلاوەکان ناچاربوون لەیەککاتدا بەرەوڕووی سرب، بولغار، یۆنانی و مۆنتنیگرۆییەکان ببنەوە. هاوپەیمانانی نێوبراو هێرشیان کردە سەر خاکی عوسمانی و ئەدیرنەیان داگیر کردو تەنانەت ڕەتڵێکی سوپاکەیان گەیشتە سەنگەرەکانی چاتالیا کە لە نزیک قوستەنتەنییە بوو.

کاتێک کە وڵاتانی ئەوروپایی لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٣ (صفر-ی ١٣٢١ی کۆچی) پێشنیازی کۆتایی هاتنی شەڕیان پێشکەشی تورکیا کرد، کە بە پێی ئەو پێشنیازە ئەدیرنە لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی جیا دەکرایەوە، بۆ جارێکی ئەنوەر هاتەوە مەیدان و هەندێ کاری سەیرو سەمەرەی ئەنجامدا. بەڕای تورکەکان کە سەریان لە شکستە یەک بەدوای یەکەکانی سوپاکەیان سوڕمابوو، هەموو شتێک لە دەست چوو بوو و، تەنانەت نازم پاشای وەزیری ناحزبیی جەنگیان بۆ دانوستان ڕاسپاردبوو، بەڵام ئەنوەر لەگەڵ ئەم بڕیارەدا نەبوو.

لەکاتێکدا کە لەکۆشکی وەزارەتی دەرەوەدا نوێنەرانی هەردوولا لە تورک و ئەوروپاییەکان خەریکی دانوستان و چۆنیەتی کۆتایی پێ هێنانی شەڕبوون، ئەنوەر بەرتیلی دایە ئەو ئەفسەرەی کە ئەرکی پارێزگاری کردنی شوێنی کۆنفرانسەکەی لە ئەستۆبوو و، بەم پێیە ئەفسەرەکە بەمەبەستی پشوودان، بۆماوەی ڕۆژێک مۆڵەتی وەرگرت. دارودەستەکەی ئەنوەر لە قاوەخانەکانی دەوروبەری شوێنی کۆنفرانسەکە بە چاخواردن و قاوەخواردنەوەوە خەریک بوون و بڕیاریان وابوو هەر کە ئەنوەر ئیشارەتی دانێ، ئەوان ئاڵاکانیان کە لە ژێر جلەکانیان حەشاریان دابوون دەرهێنن و، هێرش ببەنە سەر وەزارەتی دەرەوە.

دەوڵەتی تورکیا بە هیچ شێوەیەک ئاگای لەو بەزمە نەبوو تا ئەو دەمەی کە ئەنوەر لە پڕێکا خۆی بە کۆشکی وەزارتی دەرەوەدا کردو بەیەک ئیشارەتی ئەو، دەیانکەس کە خەریکی قاوەخواردنەوەبوون، دەمانچەکانیان دەرهێناو بەئاڵای سوورەوە کە ئایەتی قورئانیان لەسەر نووسرابوو، هاودەنگ لەگەڵ ئەنوەر هاواریان دەکرد: *«بمرێ دەوڵەت»* و *«ئێمە ئەدیرنە لەدەست نادەین»* و، لە قاڵدرمەکانی کۆشک سەرکەوتن. لەدەرەوەی کۆشکیش نزیکەی ٥ سەد کەسێک لە لایەنگرانی ئەنوەر درووشمیان دەداو بەیاننامەیان بڵاو دەکردەوە.

هێشتا نوێنەرانی ئامادەبووی دانوستانەکان ئاگایان لە ڕووداوەکان نەبوو. ئەنوەر داوای لە پارێزەرانی هۆڵی کۆنفرانسەکە کرد کە ڕێگەی چوونە ژوورەوەیان پێ بدرێ، بەڵام یەکێ لە ئەفسەرەکان زۆر بێ عەقڵانە دەمانچەی ڕاکێشا و تەقەیەکی لە خۆپیشاندەران کرد و بەم کارەی فرمانی مەرگی خۆی ئیمزا کرد؛ چونکە دەستبەجێ ئەنوەر کابرای ئەفسەری کوشت.

لەو کاتەدا، دەنگی خۆپێشاندەران و درووشمەکانیان بەرگوێی ئامادەبووانی کۆنفرانسەکە کەوتبوو، بەڵام دیارنەبوو ئاخۆ دەنگی گوللەکەشیان گوێ لێ ببوو یان نا؟ نازم پاشا لە کاتێکدا کە جگەرەیەکی بەلالێوەوە بوو، لەهۆڵی کۆنفرانسەکە هاتەدەرو بە خۆشحاڵییەوە گوتی: «*کورینە بێدەنگ بن، ئەم هەراو هۆریایەتان لە چیە؟ بۆ نازانن بەم کارەتان دانوستانەکانی ئێمە تێک دەدەن؟*»

ئەمە دوا رستەبوو کە لە دەمی وەزیری جەنگ دەردەچوو؛ چونکە دەستبەجێ ئەنوەر، یان یەکێ لە داروده‌ستەکەی کوشتیان. ئینجا ئەنوەر چووە ژووری کۆنفرانسەکەو بەچەک هەڕەشەی لە سەرۆک وەزیر کرد و سەرۆک وەزیری ناچارکرد دەست لەکاربکێشێتەوە.

ئەنوەر لە کاتێکدا کە لوولەی دەمانچەکەی خۆی لەسەر کەلەکەی سەرۆک وەزیران دانابوو، بەسەریدا قیژاند: «*ئێمە بۆ ڕزگاریی ئەدیرنە، بەبێ دوودڵی وەزیری جەنگمان کوشت، کەواتا بۆچی لە کوشتنی ئێوە ناڕەحەت ببین؟*»

بەبیستنی ئەم قسانە چیدی پیرەمێرد ناڕەزایەتی دەرنەبڕی و ئەنوەر کۆنفرانسەکەی هەڵوەشاندەوەو سودی لەو دەرفەتە وەرگرت تا سوپا پاکسازی بکات.

ئەنوەر وەک جاران و بەشێوەیەکی نمایشی دەستی دایە ئەم کارەو لەماوەی یەکرۆژدا، (١٢٠٠) ئەفسەری لە سوپا وەدەرنا. هەرچەند بەکردەوە ئەنوەر وەزارەتی جەنگی بەدەستەوەبوو، بەڵام ئەو تینووی کاروکردەوە بوو و نەیدەتوانی لە پشت دەرگای داخراوی ژوورەکاندا دانیشێت. بۆیە بەپەلە گەڕایەوە بەرەی شەڕو توانی پاشەکشێ بە دوژمن بکات و شاری ئەدیرنەش ئازاد بکات.

کاتێ بەسەرکەوتوویی دەگەڕایەوە قوستەنتەنییە، خەڵک ڕێگەی گەڕانەوەیان بەگوڵ داپۆشیبوو و بەسەدان هەزار کەس لە دانیشتوانی قوستەنتەنییە بۆ دیتنی ئەم قارەمانەلاوە، لەسەربانی ماڵەکانیان وەستابوون. ئەنوەر کچی سوڵتان ڕەشادی خواست و نازناوی پاشای درایێ و لە کۆشکێکی پڕشکۆدا جێگیربوو کە بەدەیان خزمەتکارو دەرگەوان و پاسەوانی هەبوو. یەکێ لە برادەرەکانی دەیگوت: «*خوا ئەنوەر پاشا بگرێ کە ئەنوەرە نازدارەکەی ئێمەی لەنێو برد.*»

* * *

دەردەسەریی تورکەلاوەکان لەسەرەتای دەستبەکاربوونیان ئەوەبوو کە ئارەزوو و ئامانجە سەرەکییەکانیان کە ساڵانێکی درێژبوو خەباتیان بۆ دەکردن و لە پێناویاندا دەجەنگان، لە گێژووڵەکەی ئەو ڕووداوە نەخوازراوانەیدا کە دواتر هاتنە ئاراوە، ون بوون و مەیلی نەتەوە پەرستیی خەڵک بووە هۆی ئەوەی کە ئارەزووی ئەوان بۆ یەکسانیی تەواوی ڕەگەزو نەژادو کەمایەتیەکانی نێو ئیمپراتۆرییەت، وەک بڵقی سەرئاوی لێ بێت. تەلعەت ناچاربوو پاش ماوەیەک ئەو ڕاستییە قەبوڵ بکات و بڵێ: «*مادام نەمانتوانی ئەرکی بە عوسمانی کردنی ئیمپراتۆرییەت جێبەجێ بکەین، نابێ باس لە یەکسانیی نەژادەکانیش بکەین.*» باڵیۆزی بەریتانیا سەبارەت بەو قسانەی تەلعەت، لەڕاپۆرتێکی نهێنیدا نووسیویەتی: «*لە ڕوانگە ئەوانەوە عوسمانی واتا*

تورک و، سیاسەتی عوسمانی کردنیش مانای ئەوەیە کە نەژادە غەیرە تورکەکان لەنێو ئاونگی تورکەکاندا بکوتن و لەنێویان ببەن.»

سیاسەتی نێوبراو سەرەتا بە بڵاوکردنەوە زنجیرەیەک بەیاننامە، فرمانی بێ مانا و گومڕاکار دەستی پێکرد. لەشەو و ڕۆژێکدا هەموو ئەو هێماو نووسینانەی کە چەندین ساڵ بوو بەزمانی فەرەنسایی لەژێر نووسینە تورکییەکان و لە کوچەو شەقامەکاندا نوسرابوون، سڕانەوەو ئەو بیانییانەی کە ئەودەم ژمارەیان لە تورکیا زیادی کردبوو، بەرەوڕووی کۆمەڵێ نووسین و هێمای ئەوتۆ بوونەوە کە هیچیان لێ تێ نەدەگەیشتن. بەڵام هەر لەو کاتەیدا کە بەڕێوەبەرایەتییە دەوڵەتییەکان بە سڕینەوەی نووسینی *«بێگانە کافرەکان»*ەوە خەریکبوون، نووسەرانی وەک عەبدوڵڵا چردەت، سوودیان لە ئازادیی ساوای ڕۆژنامەوانی وەردەگرت و دەیاننووسی: *«شارستانیەت، شارستانیەتی ئەوروپاییە و، دەبێ کاتێ وەریدەگرین گوڵ و دڕکەکەی بەیەکەوە وەرگرین و بیهێنینە نێو وڵاتەوە.»*

جاری وا هەیە *«هێنانی شارستانیەتی ئەوروپایی»* بۆ نێو وڵاتێک، هەندێ شتی گاڵتەجاڕی لێدەکەوێتەوە. هەروەک ئیسماعیل حامی-ی نووسەری تورک دەنووسێ: *«لەیەک کاتدا، بەهێنانی یۆنیفۆرمە سەربازییە ڕووسیاییەکان، تفەنگە بەلژیکاییەکان، شاڵە یۆنانیەکان، ئەسپە مەجەرییەکان، شمشێرە ئینگلیزییەکان و ڕاهێنانە سەربازییە فەرەنساییەکان، سوپایەکمان پێکهێناوە کە لاسایی کردنەوەیەکی گاڵتەجاڕانەی تێکڕای سوپا ئەوروپاییەکانە.»*

مارک سایکس-ی دیپلۆماتی ئینگلیزی کە لە ساڵی ١٩١٢(١٣٣١ی کۆچی) سەردانی قوستەنتەنییەی کردووە، ئەم گۆڕانکارییانەی هیچ بەدڵ نەبووە، بۆیە لەو بارەیەوە نووسیویەتی: *«لەوەتەی مەشروطییەت ڕاگەیاندراوە، چەندین جار سەردانی قوستەنتەنییەم کردووەو ئێستا لەو بارودۆخەی کە دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر پێشکەوتنە دەبەنگانەکان، پیلانگێرییە گڵاوەکان، بیروبۆچوونی توندڕەوانەی توندوتیژ، خەراپەکاریی بێ مانا، کاردی دزێو، ناسەقامگیری، شەڕو ئاگرکەوتنەوە لەم شارەدا هاتۆتە ئاراوە، تووشی سەرسوڕمان بوومە. هەندێ گۆڕانی ڕووکەش ڕوویداوە؛ کوچەکان خاوێنترو شەقام و جادەکان باشتر بوونە، ژمارەی سەگە بەڕەڵڵایەکان کەمتربۆتەوەو بڵاوبوونەوەی نەخۆشی وەستاوە، بەڵام بەرلەوەی لە تورکیا مەشروطییەت بکەوێتە کار، کەس نانی لە جیرانەکەی خۆی قەرز نەدەکرد. لەکاتێکدا کە ئێستا ژمارەی هەژاران بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر زیادی کردووە.»*

لەساڵی ١٩١٢ (١٣٣١ی کۆچی)، دوای پێنج ساڵ گیروگرفتی ڕوو لەزیادبوون، شەڕو نائارامیی نێو خۆیی، ئامانجە سەرەتاییەکانی کۆمیتەی ئیتیحادو تەرەقی هەر ناویشیان نەمابوو. دەوڵەت کە لە بارودۆخی ئاساییشدا، لەرزۆک و بێ هێز بوو، ئێستاکە وەک ناوێکی گەورەو شارێکی وێرانی لێهاتبوو و ئەنوەرو تەلعەت لەپێناو بوون و ئایندەی سیاسییان دەستیان دابووە خەباتێکی بێ وچان و لەم پێناوەشدا لەبری دەزگا سیخوڕییەکەی عەبدولحەمید، دەزگای بێڕەحم و دڵڕەقی حزبیان بە قازانجی خۆیان بەکاردێنا.

لەو ساڵانەداو تا ئەو کاتەی کە سەڵتەنەت و پاشایەتی پوچەڵ کرایەوە، بە کردەوە سوڵتان هیچ ڕۆڵێکی لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا نەبوو و هەر بەنێو سوڵتان بوو. ڕەنگبێ ئەگەر سوڵتان کەمێک لێهاتوویی و ئیرادەو توانای تێدابایە، بیتوانیایە تاڕادەیەک جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست، بەڵام محەمەدی پێنجەم کەسێک بوو کە ٣٥ ساڵی تەمەنی خۆی لە ژێر چاودێریی عەبدولحەمیددا بردبۆ سەرو، لەو ماوەیەدا مافی ئەوەی نەبوو تاقە برادەرێکی هەبێ و ڕۆژنامەیەکیشی نەخوێندبۆوە.

تەنانەت خزمەتکارەکانیشی سیخوڕییەتیان لەسەردەکردو ئەمەش وایکرد کە محەمەد زۆربەی کاتی خۆی لەحەرەمسەرادا بەسەر بەرێت و بەڕابواردن لەگەڵ ئافرەتانەدا خەریک بێت. ئەگەرچی دوای دانیشتنی لەسەر تەختی سەڵتەنەت بەڕووخسار گۆڕابوو و شێوەی ژیانی گۆڕانی بەسەرداهاتبوو، بەڵام لەڕاستیدا تاکە شتێک کە گۆڕابوو ئەوەبوو کە لەبری ئەوەی زیندانیی عەبدولحەمید بێت، ببووەوە زیندانیی تورکە لاوەکان. لەکتێبی «*دیوی ناوەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست*» دا، بەم شێوەیە باس لەو پیرەمێردە بەستەزمانە کراوە:

«سەرو شکڵی محەمەد پێنجەم ئەوە دەردەخات کە خاوەن کەسایەتییەکی بێ بایەخە، کابرایەکی وردیلەی چەماوەیە کە چاوی لە قوڵایی دانە و بێگومان گنج و لۆچی دەموچاوی قەڵەوی و زەردیی پێستی لەشی، نیشانەی ئەوەن کە نەخۆشە. لە کۆی گشتیدا بەهیچ شێوەیەک کار ناکاتە سەر مرۆڤ. دەموچاوی بچوکترین هێمای ئەوەی تێدابەدی ناکرێت کە کابرایەکی ژیرو زیرەک بێت. بەردەوام هەست بە نیگرانی دەکات و دەڵێی وا هەست دەکا یەکێک خۆی لێ لەمەتەرێزناوە تا هێرشی بکاتە سەرو بیکوژێت.»

محەمەد ڕەشاد بەهیچ جۆرێک بەشداریی لەو پیلانەدا نەبوو کە بووەهۆی لادان و دوورخستنەوەی براکەی، بەڵام ترسی مردن و کوژران ژیانی لێ تاڵ کردبوو و، بەهیچ شێوەیەک نەیدەتوانی خۆی لەدەست ئەم ترسە ڕزگار بکات.

بەقەولی ئۆرسلی: «*سیمای ئەم سوڵتانە دارزاوە، باشتر لە هەموو قسەو گوتارێک ئەوەی دەردەخست کە تا چ ڕادەیەک نەژادی بوغرای عوسمانی کەوتوونەتە سەراولێژیی نەمان و لەنێوچوونەوە. ڕەنگبێ ئەو کەسە ژیرانەی کە سەرکردایەتیی شۆڕشیان دەکرد، زانیبوویان کە ئەگەر کەسێکی وەکو محەمەد ڕەشاد وەک سوڵتانێکی بۆش و بەتاڵ بخەنە لوتکەی ئیمپڕاتۆرییەتەوە، زۆرباشتر لە کەسێکی بە ئیرادە و بە توانا، بۆ گەیشتن بە مەرامەکانیان یارمەتیدەریان دەبێت.*»

گرفتێکی دیکەش هەبوو کە چارەسەر نەدەکرا، دزەکردنی هێمن و ئارامی ئەڵمانیایەکان کە لە چەندین ساڵ پێشترەوە دەستی پێکردبوو، ئێستاکە وابەرووبوومی دەداو ئەویش پتر لە شێوەی سەربازیدابوو.

ئیمپڕاتۆرییەتی ئەڵمانیا، سەرمایەیەکی باشی لە بوارەکانی دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەری بەغدا، گواستنەوەی نێوان شارەکان، کارەبا، کانەکان و کشتوکاڵدا بەگەڕخستبوو. کۆمپانیا زەبەلاحەکانی کروپ و ماوزەر، هەندێ لقیان لە قوستەنتەنییە کردبۆوە. سێ بانکی گەورەی ئەڵمانیایی، لە پایتەختی عوسمانیدا

خەریكی ئاڵووێر بوون و كاروباریان لە چاو ڕكابەرە ئەوروپاییەكانیان پڕ ڕەونەقتربوو. وردە وردە كە جەنگی جیهانی یەكەم نزیك دەبۆوە، ئەنوەر بەتەواوەتی توشی مەكینە جەنگییەكەی ئەڵمانیا و بەتایبەتیش گیرۆدەی مەرایبە بەردەوامەكانی قەیسەر ویلهێلم دەبوو. بەهەزاران ئەڵمانیایی لە شەقام و كۆڵانەكانی قوستەنتەنییەدا دەبیندران كە هەموو شەوێ بارو یانەكانی ئەوێیان پڕ دەكردو، ڕۆژانی یەكشەممەش بە بەلەمەوانی لەنێو بسفۆردا خەریك دەبوون. ئەو خەڵكانە گەڕیدەنەبوون، بگرە كۆمەڵێك پسپۆڕی ئەڵمانیایی بوون كە لەگەڵ نزیكبوونەوەی هاوینی گەرمی ساڵی ١٩١٤ (١٣٣٢ی كۆچی) دا، بە پەلە مەشقیان بە سوپای توركیا دەكردو سەر لەنوێ ڕێكیان دەخستەوە.

ئەڵبەتە تەواوی ئەندامانی كۆمیتەی ئیتیحادو تەرەقی لەگەڵ ئەوەدا نەبوون كە ئەڵمانیاییەكان بەوشێوەیە لە توركیا كاربكەن و بگرە دژی هاتنی ئەڵمانیاییەكان بوون، بەتایبەت تەلعەت كە زۆر لە هاتنیان بە گومان بوو. هەروەها هەندێ لە كۆنە سیاسەتمەدارەكان لەو باوەڕەدابوون كە ئەگەر هاتوو شەڕ ڕوویدا ئەوا ئەڵمانیاییەكان دەرەقەتی روسیا و فەرەنسا و ئینگلیزەكان نایەن و لەمڕووەوە پێیان وابوو كە دەبێ بەپارێزەوە هەنگاو بنێردرێت و دەیانگوت باشتر وایە سیاسەتی سەبرو چاوەڕوانی بگرینە بەر بۆئەوەی ئەگەر هاتوو شەڕ دەستی پێكرد، بتوانین خزمەت و پشتگیریی خۆمان بخەینە مۆزایەدەوە و وەك چۆن لە بازاڕەكان زیاد كردن لەسەر نرخ هەیە ئاواش ئێمە كێ نرخێكی پتری پێدایین، ڕوو لەو بكەین.

بەڵام ئەنوەر كە زمانی ئەڵمانی دەزانی و ئێستا وەزیری جەنگ بوو، دەیتوانی بەنهێنی لە ژێرەوە بە قازانجی ئەڵمانیاییەكان كار بكات، هەرچەندە كە هەوڵی ئەوەی دەدا بۆچوون و ویستەكانی خۆی لە دیپلۆماتە بیانییەكان بشارێتەوە، هەروەك چۆن بە باڵیۆزی ئەمەریكای گوتبوو: «*تورك و ئەڵمانەكان هێندە كەیفیان بەیەكدی نایەت. ئێمە بۆیە لەگەڵیانداین*، چونكە بەرژەوەندییەكانمان *وا دەخوازێ و ئەوانیش تا ئەو ڕۆژە پشتیوانمانن كە بەرژەوەندییان بخوازێ. ئەڵمانیا تا ئەو جێگەیەی كە بزانێ توركیا یارمەتیی دەدا، پشتیوانی لێ دەكات و توركیاش تا ئەو كاتە پشتیوانی لە ئەڵمانیا دەكات كە لەگەڵ بەرژەوەندییەكانیدا بگونجێت.*»

مەیلی ئەنوەر بەلای ئەڵمانیادا، فاكتۆرێكی كاریگەربوو بۆ نزیك كردنەوەی ئەڵمانیا و توركیا لە یەكتری. بەڵام ئەگەر بهاتایە و دیپلۆماسییەتی هاوپەیمانان بایی ئەوەندە لێوەشاوەیی تێدابوایە كە بیتوانیبا بەرگەی هێرشەكانی بارۆن فۆن وانگهایمی باڵیۆزی ئەڵمانیا لە قوستەنتەنییە بگرێ و بەرپەرچیان بداتەوە، ئەوا ڕەنگبێ بیتوانیبایە كاریگەرییەتی ئەم نزیكییە كەم بكاتەوە. باڵیۆزی ئەڵمانیا دۆستی دێرینی قەیسەری ئەڵمانیابوو و بە بەردەوام هاتوچۆی ڤێلا هاوینییەكەی قەیسەری دەكرد.

فۆن وانگهایم، كابرایەكی كەتەی چوار شانەبوو كە بوغرایی لێدەباری و، پتر لە كاریكاتێری ئەو ئەرستۆكراتە پرووسییانە دەچوو كە چاویلكەیەكی یەك چاویان لەچاو دەكرد.

ئەو کە ئاگای لەوە بوو کە ئەڵمانیا خۆی بۆ جەنگ ئامادە دەکات، ئەمەش لە دانوستانەکاندا بۆی بەخاڵێک لە قەڵەم دەدرا لەبەرامبەر باڵیۆزەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و روسیادا کە پێیان وابوو ڕوودانی شەڕێکی ئەوروپایی مەحاڵە. هەروەها باڵیۆزی وڵاتانی هاوپەیمان بە چاوێکی بچوکەوە سەیری ئەو تورکە لاوانایەیان دەکردو پێیان وابوو بەزۆر دەسەڵاتی سوڵتانیان داگیرکردووە، بەشێوەیەک کە مۆرگنتاو-ی باڵیۆزی ئەمەریکا نووسیویەتی: *«زۆر بە باشی دیارە کە باڵیۆزی هاوپەیمانان، ڕژێمەکەی ئەنوەرو تەلعەتیان پێ هەمیشەیی و هەتاسەر نییەو پێیان وایە بایی ئەوەندە نین کە دانووستانیان لەگەڵدا بکەن.»*

بوغرایی و خۆبەزل زانینی کۆنە دیپلۆماتەکان لەبەرامبەر ئەو لاوانەی تازەهاتبوونە گۆڕەپانی سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵاتەوە، لەژێر کاریگەرییەتی شومی یەکێ لە ئەندامانی باڵیۆزخانەی بەریتانیا کە پۆستێکی گرنگی هەبوو و لەڕادەبەدەر دژایەتی تورکە لاوەکانی دەکرد، ڕۆژبەڕۆژ پتر بەدیار دەکەوت. ئەو کابرایە نێوی فیتزمۆریس بوو کە بەر لەدەست پێ بوونی شەڕ، تامس لاورنس کە ئەویش بە لاورنس-ی عەرەبستان بەناوبانگ بوو، لە قوستەنتەنییە دیبووی و دواتر ئاوای لەبارەوە نووسیبوو: *«من ئۆباڵی بەشێک لە بێ توانایی سیاسەتی خۆم دەخەمە ئەستۆی فیتزمۆریسەوە کە سکرتێری بەشی ڕۆژهەڵاتی باڵیۆزخانەی بەریتانیاو لە هەمانکاتدا کابرایەکی مێشک چکۆلەی، لاسارو بە ئیرادەبوو. نیوەی تەمەنی خۆی لە تورکیا بەسەربردبوو و ئەرکی پەیوەندیی باڵیۆزخانە لەگەڵ کاربەدەستانی ناوچەیی لە ئەستۆی ئەوبوو. زانیارییەکی زۆری لە بارەی تورکیا هەبوو و، هەروەها بە بەردەوام لە تورکەکان دەترسا و لەڕادەبەدەر ڕقی لە یەهودی و فەرەمەسۆنەکان دەبۆوەو ئەوەش لەکاتێکدابوو کە نیوەی ئەندامانی جولانەوەی تورکە لاوەکان لەژێر کاریگەرییەتی یەهودییەکاندا بوون و ٩٠٪یشیان فەرەمەسۆن بوون. لەمڕووەوە فیتزمۆریس بەشەیتانی سەر زەوی لە قەڵەم دەدان و لە هەوڵی ئەوەدابوو کە دەوڵەتی بەریتانیا ناچار بکات پشتیوانی لە سوڵتانی بێ دەسەڵات و تاقم و دەستەی دەربار بکات، بەڵام کاریگەرییەتی و نفوزی ئەم کابرایە بەڕادەیەک بوو کە باڵیۆزو ئەندامانی وەزارەتی دەرەوە فەرمانەکانیان جێبەجێ دەکردو سەر ئەنجام بەهۆی ئەم کاریگەرییەتییەوە، ئێمە هەموو جۆرە نزیکی و دۆستایەتییەکی تورکە لاوەکانمان ڕەت کردەوە و وەڵاممان نەدانەوە.»*

بەهەبوونی ڕاوێژکارێکی وەها دەبێ لەوە تێبگەین کەبۆچی کاتێ باڵیۆزی بەریتانیا هەواڵی کوژرانی ئارشیدۆک فرانتس فردینادی وەلیعادی ئۆتریش لەسەرایفۆ دەبیستێ، بایەخی پێ نادات و بەمۆڵەت دەگەڕێتەوە بەریتانیا.

لە دوایین ڕۆژکانی ئاشتی و ئارامیدا کە باڵیۆزی بەریتانیا لە قوستەنتەنییە نەبوو، فۆن وانگهایم ئەنوەری ناچارکرد پەیماننامەیەکی نهێنی لەگەڵدا مۆر بکات. ئەو داوای لە تورکیا نەکرد کە بێتە نێو شەڕەوەو بگرە بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووسەکاندا، پرۆژەیەکی ژیرانەتری خستەڕوو کە ئەویش بریتی بوو لەوەی کە تورکیا وەک وڵاتێکی بێلایەن ڕابگەیەنێ کە بۆ دڵنیایی و خۆ بەدوورگرتن

تێوەنەگلانی لەشەڕ، لەكاتی گونجاودا گەرووەكانی بسفۆڕو داردانێل بەسەر هاتووچۆی ولاتانی شەڕكەردا دادەخات و، لەم كارەشیدا جیاوازی ناخاتە نێوان هیچ كامیان.

ئەلمانیاییەكان لەسەرەتادا پێیان وانەبوو كە بتوانن بەبەستنی ڕێگایەكی ئاوی كەپانییەكەی سێ چوار كیلۆمەترو درێژییەكەی سی كیلۆمەتر بوو، ڕوسیا لە هاوپەیمانانی دابڕن، بەلام فۆن وانگهایم بەبێ ئەوەی تەنانەت یەك فیشەكیش بتەقێنێ، توانی وابكات ڕێگای سەرەكی هاتوچۆی سەربازو چەكە ڕوسیاییەكان بەرەو ڕۆژئاوا بپچڕێت و، ئەمەش خۆی لە خۆیدا سەركەوتنێكی تاكتیكیی پلەیەك بوو.

ئەنوەر ڕەزامەندی لەسەر ئەم پرۆژەیە دا، بەلام دەبوو چۆنیەتی و وردەكارییەكانی لە كۆبوونەوەی كۆمیتەی ئیتیحادو تەرەقیدا بخاتەڕوو. بۆجارێكی دیكەش ئەنوەر توانی بەشێوازە تایبەتییەكەی خۆی ڕەزامەندیی كۆمیتەی ئیتیحاد و تەرەقی بەدەست بێنێ، ئەویش بەوەی كە لە كۆبوونەوەكەدا، دەمانچەكەی بەر پشتی خۆی هەلكێشاو لەبەردەمی خۆی دانا، ئینجا ڕووی قسەی لە هاوكارانی كردو گوتی: كێ قسەی هەیە با بیكات!

ئاشكرایە كە كەس نەیوێرا دژایەتی ئەم بڕیارە بكات و، بەم پێیە پەیماننامە نهێنییەكەی نێوان ئەلمانیاو توركیا بەدوو ڕۆژ بەر لە جەنگی جیهانی یەكەم، ئیمزا كرا. لەگەل ئەوەشدا ئەگەر ڕووداوێكی شوم ڕووی نەدابایە ئەوا دیسان توركیا دەیتوانی خۆی لەم شەڕە كاولكارە بەدوور بگرێ و بێلایەن بمێنێ. ئالێن مۆرهێد لە كتێبە بەنێو بانگەكەی؛ گالیپۆلی دا نووسیویەتی: «*هێشتا ئەم پەیمانە نهێنیە وای نەدەكرد كە توركیا بێتە نێو شەڕەو هەستی كشتی خەلك دژی شەڕو خوێنڕێژی بوو، بەلام لەو بارودۆخە پڕ لە گرژییەی دوا ساتەكانی ئاشتی لە ئەوروپادا، ڕووداوێك ڕوویدا كە هەرچەندە هێندەش پڕبایەخ نەبوو، بەلام گۆڕانێكی وای درووست كرد كە بووە هۆی ئەوەی كاتێ كەل و خەلكی ولاتێك كاردانەوەی لەبەرامبەردا لە خۆ نیشان دەدەن، بیر لە داهاتوو نەكەنەوە. ئەم ڕووداوەش پەیوەست بوو بەو دوو كەشتییە جەنگییەی كە بەریتانیا بۆ توركیای درووست دەكردن.*»

توركیا، پێش چەند مانگێك داوای لە بەریتانیا كردبوو دوو كەشتی سەربازیی بۆ درووست بكات و بودجەی ئەم كارەش لە ڕێگەی هەرەوەزیی نیشتمانییەوە دابین كرابوو.

لە تەنیشت هەموو مزگەوتێك و لەسوچی هەموو شەقامێك، تەنانەت لەسەر پردی گالاتا و لەبەردەمی هەموو دوكانێكی لادێ و شارەكاندا، سندوقێك بۆ كۆكردنەوەی پارە دانرابوو. خەلك ئەوەی لەدەستی بهاتبایە دەیداو تەنانەت ئافرەتانی توركیا كەزییەكانی خۆیان بۆ یارمەتیدانی ئەم ئامانجە نیشتمانییە فرۆشت. ئەم دوو كەشتییە جەنگییەی كە ناویان لێندرابوو سولتان عوسمان و ڕەشادییە، هی خەلكی توركیا بوون، بە پارەی ئەوان دروستكرابوون و مەلەوانە توركەكان چووبوونە

بەریتانیا تا بیانهێننەوە بسفۆر. لە مانگی ئابی ساڵی ١٩١٤ (ذیقعدە-ی ١٣٣٢ی کۆچی)، کەشتی سوڵتان عوسمان ئامادەی ڕۆیشتن کرابوو و، بڕیار وابوو ڕەشادییەش تا چەند هەفتەیەکی دیکە ئامادە بکرێت.

لەو کاتە ڕووداوێک ڕوویدا کە چیوای لە تەقینەوەی بۆمبێک کەمتر نەبوو. ڕۆژی بەر لە ڕاگەیاندنی جەنگ، وینستۆن چێرچیڵ-ی لۆردی یەکەمی دەریاوانی بەریتانیا ڕایگەیاند: *«هێزی دەریایی بەریتانیا بەمەبەستی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی خۆی، دەستی بەسەر ئەو دوو کەشتییە جەنگییەدا گرتووە.»*

ڕەنگبێ چێرچیڵ هەستی بەوەکردبوو کە ئەنوەر لە پەیماننامە نهێنییەکەدا بەڵێنی ئەوەی بە فۆن وانگهایم دابوو کەوا لەکاتی ڕوودانی شەڕدا کەشتی جەنگیی سوڵتان عوسمان بنێرێتە یەکێک لە بەندەرەکانی ئەڵمانیا. (٢)

بەڵام ئەم کارەی چێرچیڵ هەستی نیشتمانیی تورکەکانی وروژاندو قین و نەفرەتیانی لەهەمبەر بەریتانیا پترکرد، ئەمەش خۆی لەخۆیدا هەلێکی زێڕینی خستەبەردەم فۆن وانگهایم.

لەکاتێکدا کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خەڵک لەسەر شەقامەکانی قوستەنتەنییە لەدژی ئەم کارەی بەریتانیا خۆپیشاندانیان سازدابوو و دەرگاو پەنجەرەی کۆمپانیا ئینگلیزییەکانیان دەشکاند، باڵیۆزی ئەڵمانیا چووە لای ئەنوەرو بەنێوی قەیسەری ئەڵمانیاوە پێشنیازێکی سەرسوڕهێنەری پێشکەشی بە ئەنوەر کرد؛ باڵیۆزی ئەڵمانیا پێشنیازی ئەوەی کرد کە لە بری ئەو دوو کەشتییە «ڕفێندراوە» ئینگلیزییە، دوو کەشتی جەنگیی ئەڵمانیا کە نێویان گۆبن و بریسلاف بوو و لەسەر دەریای سپی نێوەڕاست بوون، بدرێنە تورکیا.

بەلای تورکە لاوەکانەوە کە بەهۆی ئەو کارەساتەی لەلایەن بەریتانیاوە بەسەریان هاتبوو کەوتبوونە بەر تیر وتوانج و نارەزایەتی خەڵکەوە، ئەم پێشنیازە وەک موعجیزەوابوو. بۆیە ئەنوەر دەستبەجێ قەبوڵی کرد. تەلعەت لە قەبوڵکردنی دوودڵ بوو و گوتی: *«ئەی بێلایەنیی تورکیا چی لێ دێت؟»*، بەڵام دیسان وەک جاران ئەنوەر قسەی خۆی گەیاندە جێ و ئێستا بەس ئەوە مابوو دوو کەشتییە جەنگییەکە بگەنە کەنداوی داردانێل.

ئەم دەریاوانییە، وەک پێشبڕکێیەکی لێهات؛ چونکە بەدرێژایی ئەو هەفتەیەی کە ماوە بۆ دەست پێ بوونی شەڕ مابوو، کەشتییە جەنگییەکانی بەریتانیا چاودێریی گۆبن یان دەکردو لە ڕۆژی چواری ئاب کە لە نیوە شەودا ئۆڵتیماتۆمەکەی ئەڵمانیا کۆتایی پێ دەهات، بەنیازبوون نغرۆی بکەن، بەڵام چێرچیڵ داوای لێکردن تا نیوەشەو دانەیەت هیچ کارێک نەکەن. تەنانەت سەعات (٥)ی دوای نیوەڕۆ کە ئیدی ڕوودانی شەڕ هیچ گومانێکی لێ نەدەکرا، پرەنس لوئی دوویاتێنبێرگ-ی فەرماندەی هێزی دەریایی بەریتانیا، سەردانی چێرچیڵی کردو پێی ڕاگەیاند کە هێشتا دەرفەتی ئەوەیان هەیە بەر لەوەی ڕۆژ ئاوابێت، کەشتییەکە نغرۆ بکەن. کەچی دیسان چێرچیڵ نەچۆ ژێر بارەو هەر کە دنیاتاریک داهات، کەشتییە جەنگییە ئەڵمانیاییەکە بەپەلە بۆی دەرچوو. شەشی ئاب هەواڵی ئەوە گەیشت کە ئەو دوو

كه‌شتییه جه‌نگییه ئه‌ڵمانیاییه‌یان له‌به‌نده‌ری (مسینا)ی باشووری ئیتاڵیا دیووه كه گازیان تێ كردووه و به‌خێرایی دووركه‌وتوونه‌ته‌وه.
خه‌ڵك و كاربه‌ده‌ستانی ده‌وڵه‌ت له قوسته‌نته‌نییه به تاسوقه‌وه چاوه‌ڕێی گه‌یشتنی ئه‌و دوو كه‌شتییه‌بوون. ئێستا ئیدی ئه‌ڵمانیاو به‌ریتانیا ملیان له‌به‌رملی یه‌كدی نابوو و، له‌شه‌ڕدابوون ، هه‌وه‌ك چۆن ته‌لعه‌ت په‌یتا په‌یتا دووپاتی ده‌كرده‌وه كه هه‌ر له‌گه‌ڵ تێپه‌ڕبوونی ئه‌و دوو كه‌شتییه به ئاوه‌كانی بسفۆڕدا، توركیا بێلایه‌نی خۆی له‌ده‌ست ده‌داو ئه‌م كاره له ڕوانگه‌ی ئینگلیزه‌كانه‌وه به‌كارێكی دووژمنكارانه له قه‌ڵه‌م ده‌درا.
ته‌لعه‌تیش كه وه‌كو ملیۆنه‌ها هاووڵاتی توركیا له‌شه‌ڕ بێزاربوو، به ئه‌نوه‌ری گوت: *«ئێمه هیچمان ناوێ جگه له‌وه‌ی كه تووشی شه‌ڕ نه‌بین و ماوه‌یه‌ك به ئاشتی و ئارامی بژین و بتوانین ئاینده‌ی وڵاته‌كه‌مان بنه‌خشێنین.»*
ئه‌مجاره‌یان ته‌لعه‌ت هه‌ڵیكوتایه سه‌ر ئه‌نوه‌ر و ناچاریكرد بڕیاری ئه‌وه بدا فێڵێك له فۆن وانگهایم بكات. بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ش وابه‌سته‌ی سه‌ربازیی ڕوسیای بانگكردو پێشنیازی ئه‌وه‌ی كرد كه په‌یمانێكی دۆستی له نێوان توركیا و ڕوسیادا ئیمزا بكه‌ن كه ئه‌م خۆی له خۆیداو به‌شێوه‌یه‌كی ئۆتۆماتیكی، په‌یماننامه نهێنیه‌كه‌ی نێوان توركیاو ئه‌ڵمانیای پوچه‌ڵ ده‌كرده‌وه و بێ بایه‌خی ده‌كرد.
ئه‌نوه‌ری به‌سته‌زمان وایده‌زانی ئه‌ڵمانیاییه‌كان هه‌واڵی ئه‌م دانوستانانه‌یان پێناگات، به‌ڵام ئه‌گه‌ری ئه‌وه هه‌یه كه ته‌لعه‌ت به‌هۆی ترسی له ئاینده‌ی هاتنی كه‌شتییه جه‌نگییه‌كانی ئه‌ڵمانیا بۆ قوسته‌نته‌نییه، ئه‌م بابه‌ته‌ی به فۆن وانگهایم ڕاگه‌یاندبێت. به‌تایبه‌تی كه عاده‌تی وابوو هه‌موو ئه‌و ته‌لگرافانه‌ی كه‌له‌لایه‌ن دیپلۆماتكاره‌كانه‌وه لێده‌دران، یان ئه‌وه‌تا بۆیان ده‌هاتن، بخوێنێته‌وه‌و دوورنییه به ئانقه‌ست ئه‌م هه‌واڵه‌ی ئاشكرا كردبێت. (٣)
به‌ڵام هێشتا فۆن وانگهایم كارتێكی دیكه‌ی به‌ده‌سته‌وه‌بوو و، به‌هۆی لێوه‌شاوه‌یی له كاروباری سیاسیدا، به‌هیچ شێوه‌یه‌ك ئه‌نوه‌ری به به‌دقه‌ولی و فێڵبازی تاوانبار نه‌كردو بگره له‌بری ئه‌مه پێشنیازێكی دیكه‌ی خسته به‌رده‌م توركیا.
توركیا مه‌سه‌له‌ی بێلایه‌ن بوونی لێ ببووه مایه‌ی نیگه‌رانی و ئه‌م پێشنیازه ئه‌م نیگه‌رانییه‌ی نه‌ده‌هێشت، باڵیۆزی ئه‌ڵمانیا گوتی: *«بۆچی وه‌ك چۆن به‌ریتانیا كه‌شتییه‌كانی به‌ئێوه فرۆشت ئێمه‌ش پێتان نه‌فرۆشین؟بۆ دانی پاره‌كه‌شی ده‌كرێ لێتان ڕاوه‌ستین.»*
ڕۆژی دواتر كه‌شتییه‌كانی گۆبن و بریسلاف گه‌یشتنه زاركی گه‌رووی داردانێل و، ڕاوێژكاری باڵیۆزخانه‌ی ئه‌ڵمانیا داوای له ئه‌نوه‌ر كرد كه ڕێگه بدات كه‌شتییه‌كان بپه‌ڕنه‌وه. ئه‌نوه‌ر له وه‌ڵامدا گوتی ده‌بێ له‌و باره‌یه‌وه پرس به‌هاوكاره‌كانی بكات، به‌ڵام ڕاوێژكاری باڵیۆزخانه‌ی ئه‌ڵمانیا زۆر بێ شه‌رمانه ڕایگه‌یاند مه‌جالی تێدانییه‌و ده‌بێ هه‌ر ئێستا وه‌ڵام بداته‌وه ئه‌گینا ئه‌و دوو كه‌شتییه ئاوه‌كانی توركیا به‌جێ دێڵن. ئه‌نوه‌ر ماوه‌یه‌ك بیری كرده‌وه‌و دوایی له وه‌ڵامدا گوتی: *«زۆر باشه، پێیان بڵێن بێن.»* دوو كه‌شتییه جه‌نگییه‌كه، به‌ره‌و كه‌نداوی داردانێل كه‌وتنه‌ڕێ و پرۆژه‌ی ئاشتی له‌گه‌ڵ ڕوسیا له‌بیركرا.

چەند ڕۆژێک دواتر، مەلەوانە ئەڵمانیاییەکان بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانە فینەی سووریان لەسەرنابوو بۆ ئەوەی بڵێن سەربازی هێزی دەریایی تورکیان و بە شەقامەکانی قوستەنتەنییە و یانەکانی گەڕەکی «پرا» دا بڵاوبوونەوە. ئۆتۆمبێلە ئەڵمانیاییەکان بە ئاڵای داڵی قەیسەری بە کوچەو کۆڵانە تەنگە بەرەکانی پایتەختدا دەسووڕانەوەو درووشمێکی نوێ کەوتبۆ سەرزاری خەڵکی تورکیا کە دەیانگوت: «*ئەڵمانیا لەسەرووی خواوەیە*- *Deutschland uber Alles*» ئەم ڕووداوانە بەخاڵی وەرچەرخان لە چارەنووسی تورکە لاوەکان لەقەڵەم دەدران؛ هەر وەک ئەوەی کاتێ جاوید بەگ-ی وەزیری دارایی بە ڕۆژنامەنووسێکی بەلژیکی گوت: «*هەواڵێکی ناخۆشت دەدەمێ، ئەڵمانیاییەکان برۆکسل یان گرت*»، ڕۆژنامەنووسە بەلژیکیاییەکە هیچ خۆی تێک نەداو پەنجەی بۆ کەشتییە جەنگییەکانی گۆبن و بریسلاف درێژکرد کە لە بسفۆڕدا لەنگەریان هاویشتبوو و، لە پەنجەرەی ژوورەکەوە دەدیتران، ئینجا لە وەڵامدا گوتی: «*بامنیش هەواڵێکی ناخۆشترت بدەمێ، ئەڵمانیاییەکان دەستیان بەسەر تورکیادا گرت.*»

کار گەیشتە قۆناغی کۆتایی. لەکۆتاییەکانی مانگی تشرینی یەکەم، گۆبن و بریسلاف چوونە نێو دەریای ڕەشەوو بەبێ ئەوەی پێشتر هیچ جۆرە ئاگاداری، یان وشیارکەرەوەیەک بدەن، بەندەرەکانی ئۆدساو سواستۆپۆل یان دایە بەر تۆپ و چی کەشتی ڕوسیا هەبوو نغرۆیان کردن. هەرچەند ئەو دوو کەشتییە بەناو هی تورکیا بوون، بەڵام جەمال بەگ-ی وەزیری دەریاوانی بەهیچ شێوەیەک ئاگای لەو مەسەلەیە نەبوو. ئیدی باڵیۆزەکانی بەریتانیا، ڕوسیا و فەڕەنسا خۆیان پێ لە قوستەنتەنییە ڕانەگیراو لە (٣٠) تشرینی یەکەم داوای چوونە دەرەوە لە تورکیایان کردو ڕۆژی پاشتریش تورکیا بەڕەسمی هاتە نێو شەڕەکەوە.

* * *

ئەو کاتە مستەفا کەمال، لە سۆفیا وابەستەی سەربازیی تورکیا بوو. مستەفا کەمال دوابەدوای ئەو نامە توندەی کە سەبارەت بە بوونی هێزەکانی ئەڵمانیا لە تورکیادا بۆ ئەنوەری ناردبوو و ناڕەزایەتی دەربڕیبوو، زۆر بەڕێزەوە بۆ بولغاریا دوور خرابۆوە. کەمال لەنامەکەیدا نووسیبووی: «*تورکەکان تەنهاو تەنها بەدەستی خۆیان دەتوانن ڕێگای ڕزگاریی خۆیان بدۆزنەوە. شێتایەتییە ئەگەر سوپا، کەبەهێزێکی چارەنووسسازو گرنگی گەلەکەمان لە قەڵەم دەدرێ، بخرێتە ژێر ڕکێفی ئەڵمانیاییەکانەوە.*»

کەمال، بەدڵ بریندار و زویرییەوە ئەم پۆستەی وەک دوورخرانەوەیە قەبوڵ کردبوو و، هەوڵی دەدا وەک دیپلۆماتێک سوودی لێ وەرگرێت. زۆر حەزی لە ئافرەت و ڕابواردن لەگەڵ ئافرەتان بوو، بەڵام ئێستاکە بە دڵتەنگییەوە بۆی دەردەکەوت کە لەم بوارەشدا نەیتوانیوە سەربکەوێ. بۆیە ڕوویکردە فێربوونی سەماو ئەمەش بووە یارمەتیدەرێک بۆ ئەوەی تێکەڵ بە ژیانی کۆمەڵایەتیی سۆفیا بێت.

لەمیانەی یەکێ لە میوانداریییەکاندا شەیدای کیژێکی جوانکیلەی بولغاری بوو، بەڵام چیوای پێ نەچوو هەواڵی ئەوەی پێ گەیشت کە باوکی کچە گووتوویەتی:

کچەکەی خۆیم بەدەستی خۆیم دەکوژم، بەڵام نایدەمە تورک. کاردانەوەی کەمال لەبەرامبەر ئەمەدا ئەوەبوو کە وازی لە کچەکە هێنا و پەنای بردەبەر ئامێزی فاحیشەکان. چەندین مانگ تێپەڕی بەبێ ئەوەی تەنانەت یەک شەویش لەسەر جێگەکەی خۆی بخەوێ و لەبەرئەوەی کارە ئیدارییەکەشی بێ بایەخ بوو و ڕقی لێ دەبۆوە، هەوڵی دەدا زۆربەی کاتی خۆی بە ڕابواردن بەسەربەرێت و لەم ڕێگەیەوە تۆڵەی ڕابردوو بکاتەوە.لە ئاکامی ئەم زێدەڕۆییەدا تووشی نەخۆشی بوو.

ئێستا کەمال بە تەنهایی و بەنەخۆشی مابۆوەو لە ئافرەتانیش بێزاربببوو. کاتێ شەڕ دەستی پێ کرد، داوایکرد بنێردرێتە بەرەی جەنگ. بەڵام ئەنوەر چارەی کەمالی نەدەویست و حەزی نەدەکرد هەر بشی بینێ. هۆی ئەمەش ئەوەبوو کە کەمال ڕقی لە ئەڵمانیاییەکان دەبۆوە. لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩١٥ (ربیع الثانی-ی ١٣٣٣ی کۆچی)، بڕیاریدا بەهەر شێوەیەک بێت سۆفیا بەجێ بێڵێت و بگەڕێتەوە تورکیاو لەوێ وەکو سەربازێکی ئاسایی خۆی ناونوس بکات.

خۆی کۆکردبۆوەو خەریکی ڕۆیشتن بوو کە تەلگرافێکی پێ گەیشت. بەپێی فرمانی نێو تەلگرافەکە کەمال گوێزرابۆوە بۆ سەربازگەی ڕۆدۆستۆ کە کەوتبۆ نیمچە دوورگەی گالیپۆلی. لەو سەردەمەدا، هیچکەس بایەخی بەم ڕووداوە بچوکە نەدا کە چارەنووسی شەڕەکانی ئایندەی گۆڕی.

ئەم ڕووداوە چارەنووسی مستەفا کەمالیشیی گۆڕی؛ چونکە لەبەر ئازایەتی و لێهاتوویی لە لەشکرکێشیدا، بوو بە گەورەترین قارەمانی سەرکەوتنە جەنگییەکانی تورکیا. ئەگەر مستەفا کەمال نەنێردرابایە گالیپۆلی، ئەوا بەبێگومان پلانەکەی چێرچیل سەبارەت بەهێرش بردنە سەرو داگیرکردنی گەرووی بسفۆر، سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا. هەرچەندە ئەو هەزاران سەربازەی هاوپەیمانان کە لە کەنارەکانی ئەم نیمچە دوورگەیە پیادەببوون، پێیان وابوو بەئاسانی سەردەکەون، بەڵام سەرئەنجام بەهۆی کەللەڕەقی و بەرگری پۆڵاینی مستەفا کەمال کەوەک عوسمان پاشا لە شەڕی پلۆنادا دەیزانی چۆن شەڕ بەسەربازە تورکەکان بکات، تووشی شکست و ناکامی هاتن.

لەکۆتایی ساڵی ١٩١٥ ئینگلیزەکان لەکاتێکدا کە (١١٢٠٠٠) کەسیان لێ کوژرابوو، دوورگەکەیان بەجێ هێشت. ئەگەرچی ژمارەی کوژراوەکانی مستەفا کەمال پتربوون، بەڵام بەو شێوەیە توانیبووی خەونەکەی چێرچیل بەبابدا کە پێی وابوو بە داگیرکردنی ئەو نیمچە دوورگەیە دەتواندرێ بەدوو ساڵ زووتر شەڕەکە لە قازانجی هاوپەیماناندا کۆتایی پێ بهێندرێت.

کاتێ کە مستەفا کەمال پێینایە قوستەنتەنییەوە، ڕۆژنامەکان بەمانشێتی *«ڕزگارکەری داردانێل»* پێشوازییان لێکرد، بەڵام ئەنوەری داخ لە دڵ بەهیچ شێوەیەک لە بابەت سەرکەوتنەکانی کەمال خۆشحاڵ نەبوو و، دەستبەجێ بەرەو دیاربەکری بەڕێ کردو گواستیەوە ئەوێ.

* * *

لە کاتێکدا کەڕۆژنامەکانی تورکیا باسیان لە قارەمانیەتی و ئازایەتی سەربازانی

تورک لە شەڕی گالیپۆلیدا دەکرد، شەڕێکی دیکە لەبەرەی ڕۆژهەڵاتدا لە ئارادابوو کە بەتەواوەتی لەگەڵ شەڕەکەی گالیپۆلیدا جیاوازبوو. ئەم شەڕە یەک لایەنە وتاکە کەسی بوو و، وابەدڵڕەقی و بێ ڕەحمیەوە لەلایەن ئەنوەرەوە سەرکردایەتی دەکرا کە ئەنوەری دەخستە ڕیزی ئەو سوڵتانە بێ ڕەحمانەی کە ئەو تورکیای لە چەنگ دەرهێنابوون.

ئەنوەر بڕیاری دابوو تەواوی ئەرمەنییەکانی تورکیا لەنێو بەرێت و بۆ ئەم مەبەستەش کوشتارێکی بەکۆمەڵی سازدا، کوشتارێک کە هەوڵەکانی عەبدولحەمید لەو بارەیەوە لەچاو کارەکەی ئەو زۆر بچوک و کەم بایەخ دەهاتنە پێش چاو و بەواتایەکی دیکە *«سەد ڕەحمەت لە کفن دز!»*

ئەرمەنییەکان کە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچوک و لەناوچەکانی سەر سنوری ڕوسیا دەژییەن، ١٥٠٠ ساڵە وەک دوورگەیەکی مەسیحیەت کەوتوونەتە نێو ئۆقیانووسی ئیسلامەتییەوە. بەدرێژایی ئەو ماوەیە، عەرەبەکان لەسەردەمی شەڕی خاچ پەرستەکاندا، مەغۆلەکان، تاتارەکان، کوردەکان و سەرئەنجام تورکەکان، وڵاتەکەیانیان کە بە *«بەلژیکای ڕۆژهەڵات»* بەنێو بانگەو بەرێگای پەیوەندیی ئاسیا و ئەوروپا لە قەڵەم دەدرێ، پێخوست کردووە. لەسەرەتای ساڵی ١٩١٥ (١٣٣٣ی کۆچی)، زنجیرە شەڕێکی خوێناوی لەنێوان ڕوسیاو تورکیادا لەو ناوچە ڕوویانداو ئەنوەر بەبیانووی ئەوەی کە ئەرمەنییەکان لەو بەینەدا یارمەتیی ڕوسەکانیان داوە، سودی لەو دەرفەتە وەرگرت تابەقەولی خۆی *«بۆ هەتا هەتایە مەسەلەی ئەرمەنییەکان لە تورکیادا* چارەسەرو ئە کێشەیە بن بڕ بکات، *تا دوای کۆتایی هاتنی شەڕ، تورکیا لەم ڕووەوە* هیچ گرفتێکی نەبێت.» شێوازی ئەنوەر بۆ بن بڕکردنی کێشەی ئەرمەنییەکان، بریتی بوو لە ڕەشەکوژیی ئەرمەنییەکان بەشێوەیەک کە هیچ ئاسەوارێکیان لێ بەجێ نەمێنێ. تەنانەت بۆ حکومەتی *«پێشکەوتوو خواز»*ی تورکەلاوەکانیش، لەبیرکردنی نەریتە دێرینەکانی عوسمانی ئەستەم بوو.

ئەنوەر، پلانەکەی خۆی بەلادانی پارێزگارە موسڵمان و میانەڕۆیەکەی ویلایەتی وان و بەدەست نیشانکردنی زاوا هۆقەبازەکەی خۆی وەک پارێزگاری ئەو ناوچەیە کە نێوی جەواد بەگ بوو لە ١٥ی شوباتدا، دەست پێکرد. جەواد بەگ، دەستی بە هەر ئەرمەنییەک ڕاگەیشتبایە دەیکوشت. سەرەتا لە گوندی ئارکانتس، ٥٠٠ پیاوی ئەرمەنیی گوللەباران کردو دواتر لە گوندێکی دیکە هەمان کاری دووپات کردەوە. بەسەدان ئافرەتی ئەرمەنی پەلاماری ناموسیان دراو بەمەبەستی دەست بەسەرداگرتنی چەکی ئەرمەنییەکان بەهەزاران پیاوی ئەرمەنی خرانەژێر ئازارو ئەشکەنجەوە.

جیوای پێنەچوو لەسەرانسەری ڕۆژهەڵاتی تورکیا نازناوی «ناڵبەند»یان بەسەر جەواد بەگ دادا؛ چونکە لەکاتی ئەشکەنجەداندا، ناڵی لەبەری پێی ئەرمەنییەکان دەدا. ئەشکەنجەکانی دیکەش لە ڕادەبەدەر دڕندانەو بێ بەزەییانە بوون، چونکە بەدری بەگی سەرۆکی پۆلیسی قوستەنتەنییە بە ئاشکرا بە باڵیۆزی ئەمەریکای کوتبوو، لە بارەی ئەشکەنجەو شێوازەکانی، لێکۆڵینەوەی ئەنجامداوەو لەو بەینەدا

زۆربەی ئەو شێوازانەی هەڵبژاردووە کە لە دیوانی پشکنینی بیروڕای ئیسپانیادا بۆ ئەشکەنجەدانی خەڵک بەکارهێندراون. بەپێی قسەی دکتۆر ئاشێر-ی پزیشکی نەخۆشخانەی ئایینیی وان، کاتێ کوشتارەکە کۆتایی پێهات، ناچاربوون ئەو (٥٥) هەزار تەرمەی کەبۆگەنیان کردبوو، بسوتێنن.

ئەمە تەنها دەستپێکی کارەکەبوو؛ چونکە ئەنوەر پلانی ڕەشکوژیی ڕێک و پێک و بەرنامە بۆ داڕێژراوی ئەرمەنییەکان و دوورخستنەوەی کەس و کاری کوژراوەکانی بۆ بیابانەکانی سوریاو حەلەب لەسەردابوو.

دانانی ئەم پلانە، وەک کردەوەکانی دیوانی پشکنینی بیروڕای ئیسپانیا، لە دەمارگیری ئایینیەوە سەرچاوەی نەگرتبوو و، بگرە بەهۆی ئەو نەفرەت و قینە لە ڕادەبەدەرە بوو کە ئەنوەر لەهەمبەر ئەرمەنییەکان هەیبوو؛ ڕێک وەکو ئەو هەستەی کە چەند ساڵ دواتر هیتلەر لەبەرامبەر یەهودییەکان دەری بڕی. لە ڕاپۆرتێکی ڕەسمیدا واهاتبوو: «*هەموو ئەو کردەوە سامناکانە بەهاوکاری نزیکی کاربەدەستانی سەربازی و ئیداری ناوچەکەو لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی ئەنوەرو تەلعەتدا ئەنجام دراون و فرمانەکان بە پێی پلانێکی لە پێشترەوە داڕێژراو، لە قوستەنتەنییەوە دراون.*»

بە پێی ئەو ڕاپۆرتەی کە دەوڵەتی ئینگلیز لە تشرینی یەکەمی ١٩١٦ دا ناردییە پەرلەمانی ئەو وڵاتە، لە دوو ملیۆن ئەرمەنیی دانیشتووی تورکیا، سێ یەکان کوژراون، سێ یەکیان ڕایانکردۆتەوە روسیاو بەشەکەی دیکەشیان بەشارە گەورەکانی وەک قوستەنتەنییەو ئەزمیردا بڵاوبوونەتەوەو لە بارودۆخێکی مەینەتباردا دەژین. هەر بەپێ ئەم ڕاپۆرتە، ئەو شێوازە کە بۆ لە نێوبردنی ئەرمەنییەکان بەکاردەهێندرا بریتی بوو لەوەی کە تێکڕای نێرینەکانیان کۆ دەکردەوەو بە گوریس لێکیان دەبەستن و، دواتر بەرەو شوێنێکی دوورەدەست بەڕێیان دەکردن و لە ڕێگادا چەتە کوردەکات سەریان دەبرین. ئینجا بە ژن و منداڵەکانیان دەگوت خۆتان بۆ ڕۆیشتن ئامادە بکەن و لە شێوەی کاروانی گەورە گەوردەدا بەرەو حەلەب بەڕێیان دەکردن . ئەو کاروانانە هەندێ سەربازیشیان وەکو پاسەوان لەگەڵدابوون، بەڵام پاسەوانی چی، هەر ئەو پاسەوانانە لەنێوەڕاستی بیابان ڕووتیان دەکردنەوەو پەلاماریان دەدان و بەتەمای خوا وێڵ و سەرگەردانیان دەکردن. لەمبارەیەوە ڕاپۆرتێک سەبارەت بەسەفەری یەکێک لەو کاروانانە گەیشتۆتە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کە ئەمەی خواردەوە دەقەکەیەتی: «*لەڕۆژی یەکی حوزەیران، کاروانێکی سێ هەزار کەسیی ئەرمەنی کە زۆربەیان ژن و کچ و منداڵ بوون، گوندی خارپوت یان بەجێ هێشت. لەسەرانسەری ئەم ڕێگایە تا (رأس العین) کە یەکەم وێستگەی هێڵی شەمەندەفەری بەغدایە، دیتنی ئەم ڕێبوارە بەدبەختانە ترس و نارەحەتی دەخستە دڵی مرۆڤەوە.*

جندرمەکان لە پێشیانەوە دەڕۆیشتن بۆ ئەوەی هەواڵی نزیکبوونەوەی ئەم چەند هەزار ئافرەت و کچە ئەرمەنییە بەهۆزە نیمچە وەحشیەکانی سەرشاخەکان ڕابگەیەنن. ئینجا عەرەب و کوردەکان دەگەیشتنە سەریان و کچە لاوەکانیان لەڕیز

دەردەهێناو لەگەڵ خۆیانیان دەبردن، بەڵام هەندێ لە چەتەکان هەر لەوێ و دەستبەجێ پەلاماری ناموسی ئافرەتەکانیان دەداو جەندرمەکانیش کە بەم کارە دەورووژان، بەشدارییان لە پەلاماردانی ئافرەتەکاندا دەکرد. ئەو پیاوە ئەرمەنیانەیش کە لەگەڵ کاروانەکەدابوون، یەک بەدوای یەکدا کوژران. هەندێ لە ئافرەتەکان توانیبوویان کەمێک لە پارەو خشڵەکانیان لەژێر جل و بەرگ و لەنێو بسکەکانیاندا حەشار بدەن، بەڵام کوردەکان زۆربەی ئەو پارانەیان دۆزییەوەو دەستیان بەسەردا گرت. سەرئەنجام دوای (١٢) ڕۆژ کە بەبەرچاوی جەندرمەکانەوە ئەندامانی کاروانەکە دەکوژران، ڕووت دەکران و پەلامار دەدران، جەندرمەکان کاروانەکەیان بەجێ هێشت و گەڕانەوە. دوو ڕۆژ دواتر کوردەکان دوا نێرینەکانی نێو ئەم کاروانەیان کە ژمارەیان دەگەیشتە (١٥٠) کەس، کۆ کردەوەو کوشتیانن. لەو ڕۆژەدا کاروانێکی دیکە لە ئەرمەنییەکانی سیواس گەیشتە کاروانەکەی خارپوت و بەم پێیە ژمارە ئەرمەنییە قوربەسەرەکان گەیشتە (١٨) هەزار کەس. ئەم جارەیان یەکێ لە ئاغا کوردەکان سەرکردایەتیی هێرشەکەی بەئەستۆ گرت و تێکڕای هۆزە شاخ نشینەکانی بانگ کرد.

هەموو شەو و ڕۆژێ، جوانترین کچە ئەرمەنیەکانیان جوێ دەکردەوەو لەگەڵ خۆیانیان دەبردن و پەلاماری ناموسیان دەدان. بەوەش نەدەوەستان کچە بەدبەختەکانیان دەخستە بەردەم پیاوەکانی گوندەکانی خۆیان بۆ ئەوەی بەکەیفی خۆیان لەگەڵیاندا ڕابوێرن و پەلاماریان بدەن. کاتێ کاروانی ئەرمەنییەکان کە ژمارەیان یەکجار کەم ببۆوە گەیشتە سەر ڕووباری فورات، هێندەیان تاڵان کردبوون کە جگەلەو جڵە دادڕدادڕ کراوەی لەبەریان بوو، هیچی دیکەیان پێ نەمابوو. ئەم جلانەشیان پێ ڕەوا نەدیتن و کوردەکان ئەوانەشیان لەبەرداکەندن و ئەرمەنییە قوربەسەرەکانیان بەڕووتی و پێخواسی لە نێوەڕاستی بیاباندا بەرەڵڵا کرد. ماوەی پێنج ڕۆژی ڕەبەق بەبێ نان و ئاو لەژێر گەرمای سووتێنەری خۆر ڕێگەیان دەبڕی. بەسەدان کەسیان لە برسان و لەماندویەتیان گیانیان لەدەستداو ئەوانی دیکەش لە کاتێکدا کە زمانیان بستێک لەدەمیان هاتبۆدەر، دوای پێنج ڕۆژ گەیشتنە سەرکانیاوێک. بەدیتنی کانیاوەکە هەموویان بەڕاکردن لێی چوونە پێش، بەڵام ڕاسپێردراوانی پۆلیس ڕێگەیان نەدان تەنانەت دڵۆپە ئاوێکیش بخۆنەوە؛ چونکە دەیانویست هەر پەرداخە ئاوێکیان بە دوو سێ لیرە پێ بفرۆشن و، جاریواش هەبوو سەرەڕای ئەوی کە پارەشیان وەردەگرت، دیسان نەیاندەهێشت ئاوەکە بخۆنەوە.»

سەر ئەنجام دوای حەفتا ڕۆژ ڕێگەبڕینی زۆرە ملێیی لەبیاباندا، پاشماوەکانی ئەم دوو کاروانە گەیشتنە حەلەب و لەو (١٨)هەزار کەسەی کەلەسەرەتادا بە ڕێکەوتبوون، تەنها (١٥٠) ژن و منداڵی ڕووت و قووت و برسی گەیشتنەجێ.

لە سۆنگەی ئەوەی کە لەودەمەدا ئەمەریکا لە شەڕدا بێلایەن بوو و، شابەندەرەکانی (کۆنسۆڵ) لەسەرانسەری ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانیدا کاریان دەکرد، تورکە لاوەکان نەیانتوانی پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەم کارەساتانە بکەن. تەنانەت لەبەریتانیاش کە خۆی دەرگیری شەڕی مان و نەمان بوو، لەبری

ئەوەی هەواڵەکانی شەڕ بکرێنە مانشێتی ڕۆژنامەکان، هەواڵی کارەساتی قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان دەکرانە مانشێت و لەسەرووی هەواڵەکانی دیکە دادەندران. لە ئەمەریکا ڕای گشتی کاردانەوەی لەخۆی نیشانداو دەوڵەتی ئەمەریکا باڵیۆزەکەی خۆی ڕاسپارد تا لەگەڵ ئەنوەردا بکەوێتە دانوستان. لەو دانوستانەدا، باڵیۆزی ئەمەریکا پێی وابوو کە واباشە ڕاستەوخۆ ئەنوەر لە ئەنجامی ئەم تاوانانە بە بەرپرسیار لە قەڵەم نەدا؛ بۆیە بە ئەنوەری گوت: *«من دڵنیانم لەوەی کە هەرگیز دەوڵەت فرمانی نەداوە ئەم کردەوە توندوتیژانە ئەنجام بدرێن و ناکرێ بەڕێزتان و تەلعەت پاشا لەم کارە بە بەرپرسیار بزانین. بێگومان ڕاسپێردراوە ناوچەییەکان پێیان لەبەرەی خۆیان پتر ڕاکێشاوەو ئەم کردەوانەیان ئەنجام داوە. باش دەزانم کە ناکرێ بەتەواوەتی هەڵسوکەوتی ئەو فەرمانبەرانەی لەژێر دەستان کاردەکەن، کۆنترۆڵ بکرێت.»*

ئەنوەر وەک ئەوەی سووکایەتییەکی پێ کرابێت، لە وەڵامی باڵیۆزدا گوتی: *«ئێوە خەراپ بەهەڵەداچوونە، من ئامادەنیم ئەو فەرمانبەرانە تاوانبار بکرێن کە لەژێر دەستی مندا کاردەکەن، من ئامادەم بەرپرسیارییەتی تەواوی ئەو کردەوانە لە ئەستۆ بگرم. فرمانی دوورخستنەوەی ئەرمەنییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە دراوە.»*

تەلعەتیش بۆچوونەکانی لەهی ئەنوەر نزیک بوون؛ چونکە بە برادەرەکانی خۆی گوتبوو: *«من لەماوەی سێ مانگدا توانیم گرفتی ئەرمەنییەکان چارەسەر بکەم، ئەو گرفتەی کە عەبدولحەمید نەیتوانیبوو لە سێ ساڵدا چارەسەری بکات.»* هەروەها بۆ شەرعیەت بەخشین بەکردەوەکەی، ئاوا وەڵامی پەیامنێری ڕۆژنامەی بەرلینێر تاگبلات-ی دابۆوەو گوتبووی: *«لەسەر ئەوە سەرزەنیشتمان دەکەن کەبۆچی جیاوازیمان نەخستۆتە نێوان ئەرمەنییە گوناهکارو بێ گوناهەکانەوە، بەڵام ئەمە مەحاڵە؛ چونکە ئەو کەسانەی کە ئەمڕۆکە بێ گوناهن دوورنییە لە داهاتوودا گوناهکار دەرچن!»* هەروەها دیسان زۆر بە ڕووقایمییەوە بە باڵیۆزی ئەمەریکای گوتبوو: *«بیستومە گوایە هەندێ لە ئەرمەنییەکان لای کۆمپانیای ئەمەریکاییەکان خۆیان بیمەی ژیان کردووە. بەو کۆمپانیایانە بڵێن لیستی ئەو ناوانەمان بۆ بنێرن؛ چونکە هەموویان مردوون و کەسیشیان لە پاش بەجێ نەماوە، بۆیە دەبێ ئەو پارانە بدرێتە دەوڵەتی عوسمانی.»*

* * *

بەسەرکەوتنی سوپای عوسمانی لە گالیپۆلی و ئەرمینیا و، پاشەکشێی هاوپەیمانەکان لەبەرەی ئەورووپا، تورکە لاوەکان لەوەی کە ببوونە هاوپەیمانی ئەڵمانیا، زۆر خۆشحاڵ ببوون. بەڵام هەر لەو کاتەدا بارودۆخ گۆڕاو هێڵە بەرگرییەکانی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا یەکەم قەڵشتی تێ کەوت. لەسەرەتاکانی ساڵی ١٩١٦ (١٣٣٤ی کۆچی)، ئەنوەر ویستی بەو (٢٠٠) فەوجە سەربازەی کە لە شەڕی گالیپۆلی ڕزگاریان ببوو، لەقەوقازەوە هێرشێکی تازە بکاتە سەر ڕووسەکان، بەڵام لەبەرئەوەی ڕووسەکان دەیانتوانی لەساردترین هەوادا شەڕ بکەن، توانییان دەست بەسەر ئەرزڕۆم و بەندەری ترابزۆندا بگرن کە لەڕووی

سەربازییەوە بۆ تورکەکان زۆر پڕ بایەخ بوون.
سوپایەکی دیکەی روسیاش، تورکەکانی لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران وەدەرنا، هەرچەند کە ڕوسەکان نەیانتوانی بگەنە ئامانجی سەرەکیان کە مەبەستیان بوو دەست بەسەر بەغدادا بگرن، بەڵام توانیان لەم شەڕانەدا سەدها هەزار سەربازی تورک لەنێو بەرن.

لەو کاتەدا ئەنوەر لێدانێکی کوشندەتریشی لێدراو ئەو لێدانەش بەیاننامەکەی شەریفی مەککە بوو کە لە پیرۆزترین شاری دنیای ئیسلامەوە بانگەشەی ڕاپەڕین لە دژی دەسەڵاتی تورکەکان و بەدەست هێنانی سەربەخۆیی دەکرا بۆ عەرەبەکان.

لەسەرانسەری جیهانی عەرەبەوە بەدەنگ ئەم بانگەشەیەی شەریفی مەککەوە چوون و شەڕ لەنێوان عەرەب و تورکەکان دەستی پێکرد. عەرەبەکان دەستیان بەسەرتەواوی بنکەو بارەگا سەربازییەکانی تورکەکان داگرت و لەکانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٦ (ربیع الأول-ی١٣٣٥ی کۆچی)، دەوڵەتی بەریتانیا دانی بە پاشایەتی شەریفی مەککە داناو بەرەسمی بە پاشای حیجازی ناسی. ئەم کردەوەیە بە لێدانێکی کوشندە لەدەسەڵاتی مەعنەویی سوڵتانی قەڵەم دەدرا؛ چونکە سوڵتان کە خەلیفەی موسڵمانان بوو، چیدی بەخزمەتکاری حرمین شریفین (مەککەومەدینە) لەقەڵەم نەدەدرا.

بەلای زۆربەی تورکەکانەوە، ئەم کارە کارەساتێک بوو کە هەرگیز نەیانتوانی تۆڵەی بکەنەوە.

پاشای نوێی حیجاز دەستبەجێ کوڕە گەورەکەی فەیسەڵی کردە سەرکردەی هێزە عەرەبەکان و بە یارمەتی و ڕێنوێنیی لاورنس-ی عەرەبستان بەرەو فەلەستین و سوریا کەوتنەڕێ. لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩١٧ (جمادی الأخر-ی١٣٣٥ی کۆچی)، هێزەکانی بەریتانیا پێیان نایە نێو بەغداوەو لەلایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا.

چیوای پێنەچوو کە سەربازگەکانی قودس و دیمەشق و حەلەب -یش خۆیان بەدەستەوەدا و تەسلیم بوون.

ئەڵمانیا و تورکیا ڕۆژ بەرۆژ پتر بەیەکدی بێ متمانەتر دەبوون و ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە ئەڵمانیا حەوت سوپای خۆی ناردبۆ هانای عوسمانییەکان و، زۆربەی سەربازەکانی ئەو حەوت سوپایە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا گیانیان لەدەست دابوو.

بسمارک، کە ڕۆژێک گوتبووی: « *بەلای منەوە تەواوی نیمچە دوورگەی باڵکان بەقەدەر ئێسک و پرۆسکی ڕزیوی سەربازێکی پرووس بایەخی نییە*»، دەبوایە ئەوسا لە گۆڕەکەی خۆیدا بلەرزێ. جاری واهەبوو ئەفسەرە تورک و ئەڵمانیاییەکان دەکەوتنە گیانی یەکدی، بەشێوەیەک کە ئینگلیزەکان ناچاربوون یەخسیرە جەنگییەکانی تورکیا و ئەڵمانیا هەریەکەو بەجیا لە ئۆردووگایەکدا جێ بکەنەوە.

ئەنوەر و تەلعەت لە کۆتایی نزیک دەبوونەوەو دوای چوار ساڵ جەنگ و پێکدادانی بێ ئامان کە تورکیا تێیدا چوار سەدو بیست و حەوت هەزار کەسی لێ کوژرابوو،

ناکۆکی نێوان تورکە لاوەکان ڕۆژبەڕۆژ گەورەتروەو پتر دەبوو. لەو ڕۆژانەیدا کە برسیەتی و نەخۆشی سەرانسەری تورکیای داگرتبوو، ئەنوەر بە ئاشکرا بەوە تاوانبار دەکرا کە ئیمتازاتی ئابووری بە ئەڵمانیا بەخشیووەو خۆراک و داودەرمانی دزیووە.

ئیدی گەمەکە لە کۆتایی خۆی نزیک دەبوەو پاشاکانی کۆمیتەی ئیتیحادو تەرەقی کەسەردەمێک غەرقی شانازی و جێی ڕێزوستایشی جەماوەر بوون، خۆیان بۆ ڕاکردن و ڕزگارکرنی گیانیان ئامادە دەکرد. ئەنوەرو تەلعەت و جەمال، لە شەوی دوووەمی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨ لە ماڵی بەردەستەکەی ئەنوەردا بەنهێنی چاویان بەیەکتری کەوت و، هەر لەوێوە پەنایان بردەبەر کەشتییەکی ئەژدەرهاوێژی ئەڵمانیا و لە قوستەنتەنییە ڕایانکرد. (٤)

ئەمە کۆتایی کاری تورکە لاوەکان و دەرفەتێکی لەباربوو بۆ کەسایەتییەکی نوێ تا بێتە مەیدانەوەو جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست. ئەو، پیاوێک بوو کە لە چارەنووسی نووسرابوو دەبێ مەرگی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ڕابگەیەنێ و موژدەبەخشی لە دایکبوونی تورکیای نوێ بێت.

فەسڵی چواردەهەم

یاخی

لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩١٩دا، مستەفا کەمال لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا بوو. تا ئەوکاتە سەرانسەری ژیانی وەک قوتابی زانکۆ، پیلانگێڕو سەرباز بەسەر بردبوو و، بەقەولی یەکێ لە نووسەران، ژیاننامەکەی ئەوەی دەردەخست کە *«پیاوێکە کە لەکات و سەردەمی خۆیدا لە دایک نەبووە، هەموو ئاکارو ڕەفتارێکی لە خەڵکی ئاسایی سەردەمی خۆی جیاوازە، کەمتر لە تورکەکانی ئەم سەردەمە دەچێ و پتر بە باوباپیرانی واتا ئەو تاتارانەی کە لە ستێپەکانی روسیاوە بەرەو ئاسیای نێوەڕاست هاتن دەچێ و، خووی دڕندایەتیی مرۆڤە سەرەتاییەکانی تێدایە.»* ئەگەر مستەفا کەمال لە سەردەمێکی دیکەدا لەدایک ببوایە، ڕەنگبێ توانیبای ببێ بە کەسایەتییەکی وەکو چەنگیزخان و، بەتاڵان و بڕۆی ئیمپڕاتۆرییەتەکانی جیهانەوە خەریک بێت و لەماوەی نێوان شەڕەکانیشیدا، لەگەڵ ئافرەتاندا ڕابوێرێ. بەڵام ئەو میراتگری ئیمپڕاتۆرییەتێکی تێکشکاو بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بایی ئەوەندە دوورئەندێشی تێدابوو کە بزانێ ئەگەرچی ئیمپراتۆرییەت مردووە، بەڵام دەکرێ لەسەر خۆڵەمێشی ئەو ئیمپڕاتۆرییەتە مردووە وڵاتێکی نوێ بنیاد بندرێت.

باوکی مستەفا کەمال، کارمەندی گومرگ بوو کە دواتر ڕووی لە بازرگانی ناو لە ساڵی ١٨٨٨ یشدا کۆچی دوایی کرد. کوڕێکی تەمەن حەوت ساڵانی لە دوای خۆی بەجێ هێشت کە تەنها بیری لەیەک شت دەکردەوەو ئەویش ئەوەبوو کە ببێ بەسەرباز، پیشەیەک کە دایکە بێوەژنەکەی ڕەقی لێ دەبۆوە.

لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا، بەبێ ئەوەی دایکی ئاگاداربێت، بەشداریی لە ئەزموونەکانی وەرگیران لە ئامادەیی سەربازیدا کرد و سەرکەوتنی بەدەست هێنا. شەش ساڵ دواتر لە کۆلێژی سەربازی قوستەنتەنییە خوێندی و لە ساڵی ١٩٠٣ بە پلەی مولازمی دەرچوو. لەرادەبەدەر ڕقی لە عەبدولحەمید دەبۆوەو زۆر کەیفی بە تورکەلاوەکان دەهات. ئەگەرچی بەشداریی لەو ڕووداوانەدا کردبوو کە لە ئاکامدا لادانی عەبدولحەمیدیان بەدواوەبوو، بەڵام هەرگیز تورکە لاوەکان ڕێگەیان پێنەدا لێیان نزیک بێتەوەو پێ بنێتە نێو کۆڕو کۆمەڵە تایبەتییەکانیانەوە. هۆی سەرەکی ئەمەش ئەوەبوو کە مستەفا کەمال ڕقی لە ئەڵمانیاییەکان دەبۆوەو ئەوەش لە کاتێکدابوو کە ئەنوەرو دەست و پێوەندەکانی ڕۆژبەڕۆژ پتر دەچوونە ژێرباری ئەڵمانیاییەکانەوەو پتر پێیانەوە وابەستە دەبوون.

له‌مڕووه‌وه مسته‌فا كه‌مال به‌ئاشكرا ڕه‌خنه‌ی له سیاسه‌ته‌كانی ئه‌نوه‌ر ده‌گرت، به‌ڵام ئێستا هه‌موو شتێك گۆڕابوو. به‌شێوه‌یه‌كی كتوپڕ، قوسته‌نته‌نییه له‌لایه‌ن سه‌ربازه سه‌ركه‌وتووه‌كانی فه‌ڕه‌نسا و به‌ریتانیاوه داگیركرابوو و جێی چۆڵی ئه‌ڵمانیاییه‌كانیان له یانه‌كانی پڕادا، پڕكردبۆوه‌و ئه‌فسه‌ره‌كانیان به‌شه‌و چێژیان له مۆسیقا و سه‌مای توركی ده‌بینی و به‌ڕۆژیش به‌و قایه‌غانه‌ی كه‌ده‌ستیان به‌سه‌ردا گرتبوون، به‌نێو گونده قه‌شه‌نگ و سپیكاره‌كانی دووركه‌كانی بسفۆڕدا ده‌گه‌ڕان.

ژیانی سه‌ربازه داگیركه‌ره‌كان پڕبوو له خۆشی و شادی و كیژه چاوڕه‌شه یۆنانی و ئه‌رمه‌نییه‌كان، پتر له ئه‌ڵمانیاییه‌كان كه‌یفیان پێ ده‌هاتن. له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌وانه‌شدا قوسته‌نته‌نییه به‌شارێكی داگیراو نه‌ده‌چوو، هۆیه‌كه‌شی ئه‌وه‌بوو كه سه‌ربازه‌كانی هاوپه‌یمانان به‌ڕه‌سمی شاره‌كه‌یان داگیرنه‌كردبوو و بگره ته‌نها له‌سه‌ریان بوو تا ئه‌و كاته‌ی دانوستانه‌كانی ئاشتی كۆتاییان پێ دێت، ئاسایش و ته‌ناهی شاره‌كه بپارێزن.

له‌مڕووه‌وه هیچ سه‌ربازێك چاوه‌ڕێی ئه‌وه‌نه‌بوو كه له چه‌ند مانگێك پتر له‌وێ بمێنێته‌وه.

چیوای پێ نه‌چوو كه نێوانی سه‌ربازه ئینگلیزی و فه‌ڕه‌نساییه‌كان تێكچوو و گرژییان له‌نێواندا دروست بوو. ڕه‌نگبێ هۆی ئه‌مه‌ش بۆ ئه‌وه بگه‌ڕێته‌وه كه ئه‌فسه‌ره‌كانیان به‌وردی ئه‌ركی سه‌ربازه‌كانیان دیاری نه‌كردبوو.

هێشتا مانگێك به‌سه‌ر ئاگربه‌سدا تێنه‌په‌ڕی بوو كه مسته‌فا كه‌مال دوای چه‌ندین مانگ شه‌ڕ له‌گه‌ڵ عه‌ره‌به‌كاندا پێی نایه‌وه قوسته‌نته‌نییه‌وه‌و دیتی هه‌موو لایه‌كی شارته‌ژێی دوژمنه. گه‌له‌كه‌شتی جه‌نگیی به‌ریتانیا له بسفۆڕدا له‌نگه‌ری هاویشتووه‌و سه‌ربازه فه‌ڕه‌نساییه‌كان ئاسایشی نێوخۆی پایته‌خت و سه‌ربازه ئیتالیاییه‌كانیش به پارێزگاریی هێڵی شه‌مه‌نده‌فه‌ره‌وه خه‌ریكن.

ئیمپراتۆرییه‌تی عوسمانی تێك شكابوو، ته‌واوی ڕێبه‌رانی توركه‌لاوه‌كان ڕایانكردبۆ ده‌ره‌وه‌و، ئه‌وه‌ی ڕاشی نه‌كردبوو خۆی حه‌شاردابوو . جڵه‌وی ده‌سه‌ڵات كه‌وتبۆ ده‌ست سیاسه‌تمه‌دارێكی پیرو په‌ككه‌وته‌ی سه‌رده‌می عه‌بدولحه‌مید به‌نێوی تۆفیق پاشا كه لایه‌نگری به‌ریتانیا بوو.

مسته‌فا كه‌مال كه‌تبۆ نێو دۆخێكی تایبه‌تی و نایابه‌وه؛ چونكه دوای ڕاكردنی ئه‌نوه‌ر ئیدی هیچ ڕكابه‌رێك له‌به‌رامبه‌ر ئه‌م ژه‌نه‌ڕاڵه سه‌ركه‌وتوو و خۆشه‌ویسته‌دا به‌دی نه‌ده‌كرا . له‌نێو خه‌ڵكدا به‌وه به‌نێوبانگ بوو كه هه‌ر له‌سه‌ره‌تاوه دژی ئه‌وه بووه كه توركیا ببێ به هاوپه‌یمانی ئه‌ڵمانیاییه‌كان و خۆی ده‌رگیری شه‌ڕ بكات. له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌وانه‌شدا به‌هۆی نه‌شاره‌زایی له سیاسه‌تدا، نه‌یتوانی ببێ به خاوه‌نی ده‌سه‌ڵاتی سیاسی. له وتار خوێندنه‌وه‌كانیدا، زۆر به گه‌رمی داكۆكی له دروشمی « *توركیا بۆ توركه‌كان*» ده‌كردو خوازیاری ئاشتییه‌كی عادیلانه‌و شه‌ڕافه‌تمه‌ندانه بوو. به ئاشكرا هێرشی ده‌كرده سه‌ر هێزه داگیركه‌ره‌كان و حكومه‌ته‌كه‌ی تۆفیق پاشا و، هه‌وڵی ئه‌وه‌ی ده‌دا كه توركیا به‌بێ مه‌رج ته‌سلیم نه‌بێ و به‌یه‌كجاره‌كی تێك نه‌شكێ. له‌هه‌وڵی ئه‌وه‌دابوو حزبێكی سیاسی نوێ دامه‌زرێنێ، به‌ڵام ئه‌م كاره‌ی درێژه‌ی

کێشاو وایلێهات تورکیا لێدانێکی کوشندەتر لەوەی پێکەوت کە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا پێی کەوتبوو.

* * *

لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩١٩دا، *ڤنیزلوئیس*-ی سەرۆک وەزیرانی یۆنان، بەرەسمی داوای لە کۆنفرانسی ئاشتی پاریس کرد کە خاوەندارییەتی شاری ئەزمیرو ناوچە یۆنانی نشینەکانی دەوروبەری، بە یۆنان ببەخشرێت و ئەمەش ئەو پاداشتەبوو کە پێشتر لەلایەن هاوپەیمانانەوە لەبەرامبەر هاتنی یۆنان بۆ نێو شەڕ، بەڵێنی درابوو. لەسەرەتادا ئەم داوایەی ڤنیزلوئیس زۆر ئاسایی دەهاتە پێش چاو؛ چونکە ژمارەیەکی زۆر یۆنانی لە کەنارەکانی دەریای ئێژەدا دەژیان.
لەمڕووە ئینگلیزەکان وەک پیشەی هەمیشەییان و لە سۆنگەی نیگەرانیان لە پاراستنی ڕێگای پەیوەندی کردنیان بەهیندو بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەیان لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ڕەزامەندی خۆیان بۆ ئەم داوایەی یۆنان نیشاندا. بەڕای سەرۆک ویلسۆنی سەرۆکی ئەمەریکاش، دەست بەسەراگرتنی ئەزمیر لەلایەن یۆنانییەکانەوە دەبووە هۆی دەمکوت کردنی ئیتالیاییەکان کە بەردەوام درووشمی ئەوەیان بەرز دەکردەوە کە: *«دەریای ناوەڕاست، دەریایەکی ئیتالیاییە.»* بە پێی قسەی *ئێدوارد هیل بیرستات*-ی نووسەری ئەمەریکایی: *«بەپێشنیازی سەرۆک ویلسۆن، بەمەبەستی پێشگیری لە هەر جۆرە کردەوەیەکی ئیتالیاییەکان لە ناوچەکەدا، ڕێگە بە یۆنان درا تا ئەزمیر داگیر بکات.»*
سێ مانگ دواتر، واتا لە ١٥ی ئایاری ساڵی ١٩١٩دا، بیست هەزار سەربازی یۆنانی بە پشتیوانیی گەلەکەشتی سەربازیی ئەمەریکاو بەریتانیاو فەرەنسا لە ئەزمیر دابەزین تا بەقەولی چێرچیل: *«ئاڵای هێرش کردنە سەر ئاسیای نێوەڕاست و داگیرکردنیی هەڵکەن.»* یۆنانییەکانی دانیشتووی ئەزمیر کە چەندین سەدەبوو لە ژێر باڵی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا دەژیان، بە خۆشحاڵییەوە پێشوازییان لە *«هێزی ئازادیبەخش»* کردو لەگەڵ ئەوەشدا بەدەرفەتیان زانی و دەستیان کرد بە تۆڵەستاندنەوە لە تورکەکان و تا توانیان تورکەکانی ئەزمیرو ناوچەکانی دەوروبەرییان کوشتن.
لەسەرەتادا تورکەکان بڕوایان نەدەکرد یۆنانییەکان توانیبێتیان ئەزمیر داگیر بکەن. تورکەکان زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی ئەوە قەبوڵ بکەن کە لە جەنگدا شکستیان خواردوەو هێزە داگیرکەرەکان لە قوستەنتەنییەدا بسوڕێنەوە، بەڵام قەت ئەوەیان پێ قەبوڵ نەدەکرا هێزەکانی وڵاتێک کەتا دوێنێ لە ژێر دەستی خۆیاندابووە دەست بەسەر یەکێ لە گرنگترین شارەکانی ئەنادۆڵ دابگرێ. لەمڕووەوە حەشاماتێکی پەنجا هەزار کەسی لەبەرامبەر مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد لە قوستەنتەنییە کۆبوونەوەو دەنگی نارەزایەتیی خۆیان هەڵبڕی. ئەوان لەبەرامبەر لوولەی ڕەشاشی سەربازە داگیرکەرەکاندا، ئاڵای ڕەشیان بەدەستەوە گرتبوو و ماتەمینی نیشتمانییان ڕاگەیاند.
مستەفا کەمالیش لەنێو ئەو حەشاماتەدا بوو، دواتر لەباسی گێڕانەوەی ئەو

ســـاتەدا دەڵێ:« *ئەو دەم تەنها بیرم لەیەک شت دەکردەوە؛ چۆن دەستبەجێ خۆم بگەیەنمە ئەنادۆڵ و لەدژی یۆنانییەکان و دەوڵەتە دەستەمۆیەکەی هاوپەیماناندا کە هیچ کـاردانەوەیەکی لەخـۆی نیشـان نەدابوو، بەرەیەکـی مقـاوەمـەتی نیشـتـمـانی درووست بکەم؟*.»

بەڵام ئەمـە کـارێکی ئاسـان نەبوو؛ چونکە نەدەوڵەتی تورکـیـاو نەکـاربەدەسـتـانی داگیـرکەران، کـەیفـیان بە مـسـتـەفا کـەمـال نەدەهات. هاوپەیمانان بە کـابرایەکی کـەللەڕەق و خـاوەن بیـروبۆچوونی مـەترسـیـداری چەپگەرایانەیان لەقـەڵەم دەدا. هەرچەندە کە مستەفـا کەمال بەهۆی قارەمانیەتییەکانی لەشەڕدا جێی ڕێزو ستایش بوو، بەڵام لەو سـەردەمـەدا نەیدەتوانی جێی مـتمـانەیان بێت. مـسـتـەفـا کـەمـالیش بەهۆی ئەوەی کە نەیتوانیبوو بگا بە ئامانجەکانی، ناڕەحەت ببوو و لەبەر بێ پارەیی لە هـوتێلێکی بچـوک بەنێـوی «*پـراپـالاس*»دا، دەژیا کـە دەیڕوانیە سـەر کـەنداوی داردانێل. دەمـوچاوی گنج و لۆچی تێکەوتبـوو و لەبەر لێـهـەڵدانەوەی نەخـۆشـیـیـە کۆنەکەی، ڕەنگی مردووانی گرتبوو.

بەرلەوەی هێزەکانی یۆنان لە ئەزمیر دابەزن، دەوڵەتی بەریتانیا پێشنیازی ئەوەی کردبوو کە سوڵتان ئەفسەرێکی پایەبەرز بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ توندوتیژیی ڕوو لەزیادبوون لە ئەنادۆڵدا، ڕەوانەی ئـەو ناوچەیە بکـات. ئەم پێـشنیـازە کـە مـسـتـەفـا کەمال لێی بێ ئاگا بوو، لەڕاستیدا هەڕەشـەیەک بوو کە هاوپەیمانان لە سوڵتانیان دەکـرد؛ بەومـانایەی کـە ئـەگـەر سـوڵتـان ناتوانی ئـاسـایش و ڕێکوپێکی نـاوچەکـە بپارێزێ، ئەوا هـاوپـەیمانان خۆیان دەستبەکار دەبن و هێزەکانی خۆیان دەنێرنە ئەو ناوچەیە.

مستەفا کەمال دوا کەس بوو کە مەزندە دەکرا بۆ ئەم کارە ڕابسپێردرێت، بەڵام لە کۆتاییدا هەروا دەرچوو ئەویان هەڵبژارد؛ چونکە مستەفـا کەمال تاکە ژەنراڵێک بوو کە لەبەردەستدابوو و هیچ کارێکی پێ نەسپێردرابوو.

لەو کاتەدا سوڵتان محەمەدی پێنجەم (ڕەشـاد) لە ١٩١٨/٧/٢دا، واتا چەند مانگێک بەر لە کۆتـایی هـاتنی شەڕ، کۆچی دوایی کردبوو و برا بچووکەکەی وەحیدەدین کە تەمەنی ٥٧ ساڵان بوو، بەنێوی محەمەدی شەشەم لە جێی دانیشتبوو. (٥)

فکرو زکـری وەحـیـدەدین کە (٣٦)ەمـین و دوا سـوڵتـانی عوسـمـانی بوو ئەوەبوو کەسەرو مـاڵ و پلەوپایەکەی خۆی بپارێزێ و بەهۆی ئەوەی کەسەری لەو مـەسـەلانە دەرنەدەچوو، بەڕاوێژی دامـاد فـەرید-ی سـەرۆک وەزیران، مـسـتـەفـا کـەمـالیـان بۆ بەرەوڕووبوونەوەی نـائارامـیـیـەکـانی ئەنادۆڵ هەڵبـژارد. ئینگلیـزەکـان دژی دەستنیشـانکرانی مستەفا کەمال بوون و بۆ ئەمەش بەڵگەی ئەوەیان بەدەستەوە بوو کە مستەفا کـەمال حەزی لە پێکهێنانی بـەرەی مقـاوەمەتەو نێوی لەناو لیسـتی ئەو کەسـانەدایە کە ئینگلیزەکـان دەیانەوێ بۆ دوورگەی مـاڵتـا دووریان بخـەنەوە. بەڵام سـەرۆک وەزیران قەنـاعەتی بەکاربەدەسـتـانی ئینگلیزی هێنا کە ئەوانەی لە ئەنادۆڵ نائارامیيان ناوەتەوە ئەو گروپە یاخییانەن کە هێشتا بە ئەنوەر وەفادارن و دەیانەوێ سەر لەنوێ کۆمیتەی ئیتیحادو تەرەقی بژیێننەوە.

ئەگەرچی مستەفا کەمال خۆشیی ئەندامی کۆمیتەی ئیتحیادو تەرەقی بوو، بەڵام سەرۆک وەزیران بە باڵیۆزی بەریتانیای گوت: *«کەس بەقەدەر مستەفا کەمال دژی کۆمیتەی ئیتیحادو تەرەقی نییە و خاوەنی شۆرەت و ئیحتوبارێکی زۆرە لەسەرانسەری وڵاتداو، دەکرێ متمانەی پێ بکەین. لەڕاستیدا ئەوە هەمان ئەو کەسەیە کە ئێمە پێویستیمان پێیەتی.»*

بەو شێوەیە مستەفا کەمال کرا بە پارێزگاری گشتی و بڕیاربەدەستی تەواوی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیاو بەرلەوەی کە بەرەو ئەنادۆڵ بکەوێتەڕێ، نهێنیەکی تایبەتی لە نێوان خۆی و هەوادارانی لەوەزارەتی جەنگدا دانا؛ بۆ ئەوەی بتوانی لەکاتی پێویستیدا پەیوەندییان پێوە بکات. دوو لە هاوڕێیە وەفادارەکانی خۆیشی لەگەڵ خۆیدا برد. ئەم دوو کەسە بریتی بوون لە کۆڵۆنێل ڕەفعەت کە بڕیار وابوو سەرکردایەتی سوپای سێیەم وەئەستۆ بگرێ و کۆڵۆنێل محەمەد عارف کە زۆر بە مستەفا کەمال دەچوو و لەشەڕی گالیپۆلیدا لە ژێر سەرکردایەتی مستەفا کەمال جەنگابوو. خوو ورەوشت و سەلیقەی ئەم دووکەسە زۆر لێک دەچوو و، عارف تاکە کەس بوو کە مستەفا کەمال لەبەرچاوی خەڵک سۆزو خۆشەویستی خۆی بۆ دەردەبڕی و دەستی لەسەر شانی دادەناو بەنێوی خۆشەویستانە بانگی دەکرد. زۆربەی دوژمنەکانی مستەفا کەمال ئیدعای ئەوەیان دەکرد کە ئەم دوو کەسە پەیوەندی تایبەتییان لەگەڵ یەکدیدا هەیە.

مستەفا کەمال بەتەمابوو سواری کەشتییەکی هەڵمی بێت کە لە بسفۆڕەوە دەچووە دەریای ڕەش و لە هەموو بەندەرەکانی سەر ڕێگادا دەوەستا، بەڵام لەدواساتدا، باڵیۆزی بەریتانیا بیری لەو مەترسییانە کردەوە کە ڕەنگبێ بەچوونی مستەفا کەمال لەناوچەکەدا بەرۆکی هاوپەیمانانی بگرتبایە، بۆیە بەنیوەشەو کۆڵۆنێل ونیدهام دیدز-ی وابەستەی سەربازیی بەریتانیای ناردەلای سەرۆک وەزیران. کۆڵۆنێلە بەریتانیاییەکە سەرۆک وەزیرانی لەخەوڕاست کردەوەو هۆشداریی ئەوەی دایە کەمەبەستی سەرەکی مستەفا کەمال لەچوونی بۆ ئەنادۆڵ کۆکردنەوەی هێزو پێکهێنانی بەرەی مقاوەمەتە لەدژی ئەوان. ئیدی کار لەکار ترازابوو و سەرۆک وەزیران هیچی لەدەست نەدەهات و تەنها ئەوەندەی پێکرا بڵێ: *«تازە هیچمانم لەدەست نایەت، باڵندەکە قەفەزی شکاندووەو بۆی دەرچووە.»*

مستەفا کەمال، یەک کاتژمێر بەرلەوەی دەستگیر بکرێت لە قوستەنتەنییە ڕایکرد. بەپەلە فرمانی ڕاگرتنی ئەو کەشتییە درا کە ئەو لێی سوار ببوو، بەڵام لە سۆنگەی ئەوەی کە هەریەک لە هاوپەیمانانی ئینگلیزی و فەڕەنسایی و ئیتالیایی لە پشکنینی کەشتییە نەفەرهەڵگرەکاندا ڕۆڵێکی جیاوازیان هەبوو و هیچ کامیشیان متمانەیان بەیەکتری نەبوو، مستەفا کەمال توانی لەدەستیان ڕزگار بێ.

مستەفا کەمال لە ١٩ی ئایاری ١٩١٩دا، واتا چوار ڕۆژ دوای داگیرکردنی ئەزمیر لەلایەن هێزە یۆنانیەکانەوە، لەبەندەری *سامسۆن*-ی باکووری تورکیا لە کەشتی دابەزی و سەرەڕای ئەوەی کە فرمانی پێدرابوو تەواوی هێزە تورکە یاخییەکان لەنێوبەرێت، دەست بەجێ دەستی کرد بە ڕێکخستنی بەرەی مقاوەمەتی

نیشتمانی و بە کۆکردنەوەی سوپاوە خەریک بوو.

ئێستا مستەفا کەمال بڕوای پتەوی بەوە هەبوو کە دەتوانی دەوڵەت و سوپایەک دروست بکات کـە نەک تەنهـا لەبەرامـبـەر دەوڵەتە لاواز و کـارتـۆنیـیـەکـەی قوستەنتەنییەدا، بگرە دەتوانێ لەبەرامبەر هێزە داگیرکەرە فەرەنسایی و ئیتالیایی و بەریتانیاییەکانیش بوەستێ و ئەمە زۆرانبازییەکی سەرسوڕهێنەربوو.

مستەفا کەمال، هەفتەیەک دوای گەیشتنی بۆ سامسۆن، چووەنێو سەرزەمینی ئەنادۆڵ و گەیشتە شاری (ئاماسیا) کە کەوتۆتە نێوەڕاستی شارێی ڕۆژهەڵات بەرەو ڕۆژئاوای تورکـیــاوە. لەوێ چەند دانیــشـتنێکی نهـێنی لەگـەڵ سـەرۆکی بەڕێوەبەرایەتییەکان و فەرماندە سەربازییەکاندا سازداو، پلان و بەرنامەکانی خۆی بۆ خستنەڕوو. ئەو بەباشی دەیزانی کە بەبێ پشتیوانی سوپا ناتوانێ هیچ کارێک بکات، بەڵام لە هەمـانکاتدا دەهـەزار گـەریلای چەکدار لە پشت ئەو کـێوانەی کـە دەیانڕوانیە سەر ئەزمیر، لەگەڵ یۆنانییەکاندا دەجەنگان و مستەفا کەمال دەیتوانی وا بکات سوپا- واتا ئەوەی لە سـوپا بەجێ مـابوو کـە پاشمـاوەی چەند لەشکرێک بوو- پشتگیری لێ بکات.

ماوەی چەند هەفتەیەک لە گوندو دێهاتەکانی دەوروبەردا گەڕاو، لە قسەکردنەکانیدا باسی لە زەروورەتی مـقـاوەمـەت لەبەرامـبـەر هێـزە داگیـرکـەرەکـاندا دەکـرد، بەڵام هەمیشە تێبینی ئەوەی دەکرد بەخەراپە نێوی سـوڵتـان نەهێنێ و خـەڵک لەخـۆی نە ورووژێنێت؛ چونکە هێشتـا خـەڵکی ئەو ناوە بڕوایان بە پیرۆزیی سـوڵتـان هەبوو. مستەفا کەمال دەیگوت سوڵتان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بەندکراوەو دەسەڵاتی لێ سەندراوەتەوە و، پەیتاپەیتا ئەو درووشمەی دەگوتەوە: «*خەڵکی تورکیا، بەر لەوەی هێزی هاوپەیمانان لەنێوتان بەرن، خۆتان ڕزگار کەن.*» مستەفا کەمال وتاربێژێکی لێوەشاوەو کارامەبوو و، قسەکانی دەکەوتنە بەردڵان و لەبەرئەوەی کە هێشتا خەڵک بەنوێنەری سوڵتانیان دەزانی، بڕوایان بە قسەکانی دەکرد. مستەفا کەمال دەیگوت: «*سوڵتان منی بۆ یارمەتیدانی ئێوە ناردووە.*» بۆیە خەڵک فرمانەکانییان جێبەجێ دەکردو کاربەدەستانی دەوڵەت باج و خەراجیان نەدەنارده قوستەنتەنییەو سەرکردە سەربازییەکانیش بەڕێنوێنی مـسـتـەفـا کـەمـال، چەکـەکـانی خـۆیان تەسلیمی هاوپەیمانان نەدەکرد.

لە ٢٢ی حوزەیران کـە مـانگێک و چەند ڕۆژێک بەسـەر هاتنی مـستـەفـا کـەمـال بۆ ئەنادۆڵ تێپەڕدەبوو، مستەفا کەمال ب برووسکە بڕیارنامەیەکی نهێنی بۆ تێکڕای کاربەدەستانی سوپایی و ئیداریی جێی متمانەی خۆی نارد کە سێ ڕستەی یەکەمی بڕیارنامەکە بە باشی بۆچوونە سیاسییەکانی مستەفا کەمال دەردەخەن:

١- *سەرووی نمیشتمانی و سەربەخۆیی وڵات لە مەترسی دایە.*

٢- *حکومـەتی نـاوەندی توانای ڕاپەڕانـدنی ئەرکـەکـانی خـۆی نیـیـە و بەم پێـیـە ناتوانی خواست و ویستەکانی خەڵک بەدی بێنێ.*

٣- *تەنها هێزی ئیرادەو سووربوونـی گەل دەتوانێ سەربەخۆیی وڵات لە مەترسی لەنێوچوون ڕزگار بکات.*

ئینجا پێشنیازی ئەوەی کرد کە کۆنگرەیەکی نهێنی لە سیواس کە قایمترین شاری ئەنادۆڵ بوو، پێک بهێندرێت بۆ ئەوەی لەوێ نوێنەرانی گەل خواستەکانی گەلی تورک بۆ دنیا بخەنەڕوو. دەستبەجێ دەوڵەتی قوستەنتەنییە هەواڵی ناردنی ئەم بڕیارنامەیە و پێک هێنانی ئەم کۆنگرەیەی پێ گەیشت و بۆ پوچەڵکردنەوەی هەوڵەکانی مستەفا کەمال، وەزارەتی نێوخۆ بڕیارنامەیەکی بۆ تەواوی ویلایەتەکان نارد کە تێیدا هاتبوو، «*هەرچەندە مستەفا کەمال بە سەربازێکی گەورە لە قەڵەم دەدرێ، بەڵام بینینە سیاسییەکەی لە ئاستی زانیارییە سەربازییەکانیدا نییە. ئەو سەرەڕای هەڵەو لادانە ئیدارییەکانی، بەناردنی تەلگراف لەلایەن ڕێکخراوە نایاساییەکانەوە کە مەبەستیان پارە کۆکردنەوەیە، تاوانێکی گەورەی ئەنجامداوە. گێڕاندنەوەی بۆ قوستەنتەنییە لە ئەستۆی وەزارەتی جەنگە، بەڵام وەزارەتی نێوخۆ بەڕەسمی ئەوە ڕادەگەیەنی کەلەمەودوا ئەو کابرایە هیچ پۆستێکی لە دەوڵەتدا نییە و فرمانتان پێ دەدەین بە هیچ شێوەیەک و لەژێر هیچ ناوێکدا گفتوگۆی لەگەڵدا نەکەن و هیچ یەک لە داواکانی لە بواری کاروباری دەوڵەتدا، جێ بەجێ مەکەن.*»

* * *

لەسەرەتای تەمموز، دوای گۆڕینەوەی کۆمەڵێ تەلگراف کە تێیاندا، دەوڵەت بەڕەسمی مستەفا کەمالی بانگ دەکردەوە قوستەنتەنییە و ئەویش بە تووندی لاساری دەنواند، دەوڵەت مستەفا کەمالی لەسەرجەم پۆست و پلەو پایەکانی بێبەش کردو لە کار وەلاوەی نا.

مستەفا کەمال دەستبەجێ دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە سوپادا ڕاگەیاندو جلی سیڤیلی پۆشی و تەلگرافێکی بۆ سوڵتان لێداکە تێیدا هاتبوو: «*تا ئەوکاتەی گەلی تورک بەسەربەخۆیی خۆی شاد دەبێتەوە لە ئەنادۆڵ دەمێنمەوەو ناگەڕێمەوە.*» بەناردنی ئەم تەلگرافە، مستەفا کەمال ئەگەری ئەوەی لەنێوبرد کە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە قوستەنتەنییە. چێرچیڵ دەنووسێ: «*گەلی تورک بە پێچەوانەی شێتایەتییەکانی پێشووی، تاوانە پڕ لە شەرمەزارییەکان، حکوومەتی گەندەڵ، شەڕە نێوخۆییەکان، تێشکان لەجەنگی گەورەداو لەبەریەک هەڵوەشانی ئیمپراتۆرییەتەکەی، هێشتا زیندووبوو و لەنێو سینەیدا دڵی نەژادێک لێیدەدا کە ڕۆژێک ملی لەبەر ملی هەموو جیهان نابوو. لە قوستەنتەنییە دەوڵەتێکی فیشاڵ و کارتۆنی لەژێر سێبەری گەلە کەشتیی هاوپەیمانانداا حوکمی دەکرد، بەڵام لە نێو شاخ و دۆڵە وشکەکانی ئەنادۆڵ کە نیشتمانی ڕاستەقینەی تورکەکان بوو، تاقمێک خەڵکی هەژارو دەست کورت نیشتەجێ بوون کە دژی ئەو حکومەتە بوون و قەبوڵیان نەبوو.*»

* * *

هەرکەس کە خوازیاری بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی بێت، پێویستی بەوە هەیە کە تاڕادەیەکیش بەخت و شانس یارمەتی بدەن. لە کاتێکدا کە نوێنەرانی کۆنگرەی سیواس بەشەو و، بە نهێنی بەکوێرە ڕێیە شاخاوییەکاندا بەرەو مەنزڵ بەڕێ کەوتبوون، دەوڵەتی قوستەنتەنییە فرمانی دەسگیرکردنی مستەفا کەمالی دا.

کەمتر لە شەش کیلۆمەتر مابوو بۆ ئەو شوێنەی کە پۆلیسەکان خۆیان لە مەتەرێز نابوو و چاوەڕێی فەرماندەی یاخی بوون کە سوارێک بەغار خۆی گەیاندە مستەفا کەمال و ئاگاداری کردەوە. مستەفا کەمالیش ڕێگەی خۆی گۆڕی و بەلارێدا گەیشتە سیواس. لەوێ هێزە چەکدارە وەفادارەکانی هەموو هێرش و مەترسییەکیان پوچەڵ دەکردەوە.

لەمیانەی دانوستانەکانی نێو کۆنگرەدا، جارێکی دیکە بەخت بەهانایەوە هات. لەسەرەتادا زۆربەی نوێنەرانی بەشداری بووی کۆنگرە، دژی ئەو دەسەڵات و توانایە بوون کە مستەفا کەمال بۆخۆیی دەویست، بەڵام ڕۆژی سێیەمی کۆنگرەکەو لەنێو هەراو هۆریای بەشداربووانا، مستەفا کەمال تەلگرافێکی دەست کەوت کە لە قوستەنتەنییەوە بۆ پارێزگاری مەلاتیا کە پارێزگایەکی کوردنشین بوو لێدرابوو و، تێیدا دەوڵەت داوای لە پارێزگاری مەلاتیا کردبوو هۆزە کوردەکان کۆ بکاتەوەو چەکداریان بکات و هێرش ببەنە سەر سیواس. مستەفا کەمال ناوەرۆکی تەلگرافەکەی بۆ نوێنەرانی کۆنگرە خوێندەوەو بەگاڵتە پێ کردنەوە گوتی: «*چۆن دەوێرن هۆزە چادرنشینەکان بۆ دەستگیریی تورکە نیشتمانپەروەرەکان بنێرن؟*» ئەم قسانە هەستی نیشتمانپەروەریی نوێنەرانی ورووژاندو سەرئەنجام مستەفا کەمال توانی قسەی خۆی بباتە سەرو بەسەر فەزای کۆنگرەکەدا زاڵ بێت. لە سیواس، بەرەی مقاوەمەت لە شێوەی ناوچەیی دەرچوو و گەیشتە ئاستی جوڵانەوەیەکی نیشتمانی فراوان و، دەوڵەتێکی کاتی بەسەرۆکایەتی مستەفا کەمال دامەزرێندرا.

ئێستاکە مستەفا کەمال لەسەری بوو لە ڕێگەی ئەو بەڵگەنامانەی کە دەستی کەتبوون، بیسەلمێنێ کە فرمانی خۆ ئامادەکردن و هێرشی کوردەکان لەلایەن داماد فەرید-ی سەرۆک وەزیرانەوە- واتا هەمان ئەو کەسەی کە ئەوی ناردبۆ ئەناردۆڵ- دراوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەڵگەنامەکان ئەوەیان دەردەخست کە ئینگلیزەکان یەکێ لە ڕاسپێردراوانی دەزگای سیخوریی خۆیان بەنێوی کاپتن نۆئێل یان، ناردۆتە نێو کوردەکانەوەو ئەم سیخورە کارامەیە هەڵەیەکی گەورەی کردبوو و، ڕاپۆرتێکی لەبارەی چالاکییەکانی خۆی بەتەلگرافێکی ئاشکرا ناردبۆ قوستەنتەنییە کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هاودەستیی ئینگلیزەکانی دەسەلماند.

مستەفا کەمال ئۆلتیماتۆمێکی دابە قوستەنتەنییەو داوای ئەوەی کرد کە دەبێ داماد فەرید لەکار وەلاوە بنرێت، بەڵام هیچ وەڵامێکی نەدرایەوە، بۆیە بڕیاریدا پەنا بۆ کردەوەی توندترو کاریگەرتر ببات. لەمڕووەوە فرمانیدا سەربازەکانی دەست بەسەر ناوەندەکانی پۆستەو تەلگرافدا بگرن و بەم کارەی پەیوەندیی نێوان پایتەخت و ناوچەکانی دیکەی تورکیای پچڕاندو، ئەو کیسە پۆستییانەی کە دارایی دەوڵەتیان لێدابوو، دەستیان بەسەرداگیراو نێردرانە بارەگای کۆنگرە نیشتمانی لە ئەنقەرە.

لەو کاتەدا ئەنقەرە شارێکی زۆر بچوک بوو کە مستەفا کەمال لەبەر خاتری ئەوەی کە لە رووی جوگرافیاییەوە کەوتبۆ ناوەندی تورکیاوە و لە رووی بەرگرییەوە پێگەیەکی گرنگ بوو و بەهێڵی شەمەندەفەریش بە قوستەنتەنیەوە بەسترابۆوە، بەناوەند هەڵبژاردبوو . دواتر ناوەکەی گۆڕاو بوو بە ئانکارا.

دوای چەند ڕۆژێک سوڵتان ملی بۆ ئەم داوایەی مستەفا کەمال کەچ کردو داماد فەریدی لەسەر کار لاداو هەڵبژاردنی گشتی سازدرا کە تێیدا هێزە نیشتمانییەکان، واتا هەوادارانی مستەفا کەمال، زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانیان بەدەست هێنا.

لەو کاتە مستەفا کەمال بەیەکێ لە برادەرەکانی خۆی گوتبوو: *«ئێستا قۆناغی یەکەمی خەباتمان کۆتایی پێ هاتووە.»*

ئەم سەرکەوتنەی مستەفا کەمال بەهەر پێوەرێک کە بپێودرێت، سەرسوڕهێنەربوو؛ چونکە تەنها لەماوەی چوار مانگدا توانیبووی ئەو حکومەتەی کە ئەوی لەسەر کارلادابوو، لێبخات و سەرۆک وەزیرانیش کە دەستەمۆی ئینگلیزەکان بوو، لەسەر ڕێگای خۆی هەڵگرێ.

مستەفا کەمال لەشاری ئەرزڕۆمەوە بۆ نوێنەرایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی هەڵبژاردرا، بەڵام لە هەمانکاتدا کە نوێنەرانی دیکە بە خۆشحاڵییەوە لە شارە دوورەکانی تورکیاوە بەرەو قوستەنتەنیە بەڕێ کەوتبوون، ئەو نەچووە قوستەنتەنیە؛ چونکە بڕوای وابوو هەر دانیشتنێکی پەرلەمانی کە لە قوستەنتەنییەی داگیرکراودا ئەنجام بدرێت، مەحکوم بە تێشکانە.لەمەشدا مستەفا کەمال ناهەقی نەبوو؛ یەک هەفتە دوای مەراسیمی کردنەوەی پەرلەمان لە کانوونی دووەمی ١٩٢٠دا، هێزی هاوپەیمانان گوشاریان خستە سەر سوڵتان کە بە تۆمەتی دەست تێداهەبوونی وەزیری جەنگ و سەرۆکی ستادی سوپا لەو زنجیرە دزییانەی کە لە عەمباری چەک و جبەخانەکانی هاوپەیمان کراون، ئەم دوو کەسە لەسەرکار لابدات، بەڵام لادانی ئەم دووەش کۆتایی بە گرفتەکە نەهێناو چەند ڕۆژ دواتر دیسان هێزە نیشتمانییەکان هەڵیان کوتایە سەر عەمباری چەکی فەڕەنساییەکان و هەشت هەزار تفەنگ و چل ڕەشاش و بیست هەزار پاکەتە فیشەکیان دزی.

هاوپەیمانان بەهۆی کەمی ژمارەی سەربازەکانیان نەیاندەتوانی بەر بە چالاکیی هێزە نیشتمانییەکان لە ئەنادۆڵدا بگرن، بەڵام دوای ئەو ڕووداوانە بڕیاریاندا بوونی سەربازیی خۆیان لە تورکیادا پەرەپێ بدەن و، تەنها بە قوستەنتەنییە نەوەستن و بگرەپەل بۆ ناوچەکانی دیکەش بهاوێن.

لە ١٦ی ئازاردا کەلەکەشتی جەنگیی بەریتانیا لە تەنیشت پردی گالاتا لەنگەری هاویشت و ئۆتۆمبیلە زرێپۆشەکانیان لە شەقامەکانی شاردا دابەزاند، کە دوای تێپەڕبوون بەشەقامە تەنگ و کۆڵانە لێژەکانی قوستەنتەنیەدا، وەزارەتی جەنگ و وەزارەتی دەریاوانی و ناوەندی رادیۆیان داگیرکرد. لەو ڕۆژە بەدواوە بەڕەسمی پایتەخت لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە داگیرکرا. هاوپەیمانان هێرشیان کردەسەر بالاخانەی ئەنجوومەنی نیشتمانی و سەرۆک وەزیرانیان لەگەڵ ١٣٦ کەس لە نوێنەرانی ئەنجومەن کەسەربە هێزە نیشتمانییەکان بوون نەیانتوانیبوو ڕابکەن، بەرەو دوورگەی ماڵتا دوورخستەوەو ئەنجوومەنی نیشتمانی هەڵوەشێندرایەوە.

کاتێ مستەفا کەمال لە ئەنقەرە ئەم هەواڵەی بیست، گوتی: *«ئەمڕۆ بەم داگیرکردنە سەربازییە، تەمەنی حەوت سەد ساڵەی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی*

کۆتایی پێ هێندرا.» ئینجا فرمانیدا هەر ئەفسەرێکی ئینگلیز کە لە ئەنادۆڵ بەرچاو هات، دەستگیر بکرێ. (٦) ئەو نوێنەرانەی کە توانیبوویان ڕابکەن و خۆیان ڕزگار بکەن، گەڕانەوە ئەنقەرەو لەوێ ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانیی تورکیایان لە ٢٣ی نیسانی ساڵی١٩٢٠دا، دامەزراند.
مستەفا کەمال بەسەرۆکی ئەنجومەن هەڵبژێردراو بەیاننامەیەکی بۆ ڕای گشتی تورکیا دەرکرد کە تێیدا هاتبوو: *«بەبێ هیچ مەرجێک، دەسەڵاتدارییەتی موڵکی گەلە. ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانی تاکە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵک و بەرزترین دەسەڵاتی وڵاتە کە هێزی یاسادانان و ڕاپەڕاندنی لە خۆدا کۆکردۆتەوە.»*
بەڵام ئەم وشە جوان و ڕازاوانە ڕاستییەکی تاڵیان لەخۆدا حەشاردابوو؛ مستەفا کەمال سەرۆکی دەوڵەتێکی کاتیی بێ پارەو پوڵ و بێ دەسەڵات بوو، کە هیچ جۆرە ڕێکخستنێکیشی تێدا بەدی نەدەکرا. چیوای پێ نەچوو کە فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بە ئاسمانی ئەنادۆڵەوە فڕین و لەو بەیاننامانەیدا کەلە ئاسمانەوە بۆ خەڵکیان فڕێ دەدایە خوارێ، داوایان لە یاخییەکان دەکرد خۆیان بەدەستەوە بدەن. لە قوستەنتەنییەش بەبێ ئامادەبوونی مستەفا کەمال، دادگا نێوبراوی دادگایی کردبوو و بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردادابوو.
هاوپەیمانان ڕێگەیاندا سوڵتان سوپایەک بەناوی *«سوپای خەلیفە»* پێک بێنێ و و بینێرێتە ئەنادۆڵ؛ چونکە بەپێی ڕێککەوتننامەی ئاگربەس، سوڵتان مافی ئەوەی نەبوو خاوەنی سوپا بێت.
ئەو سوپایەی کە پێکهێندرا، ژمارەیەک موفتی و پیاوی ئایینیشی لەگەڵ درا کە ئەرکیان ئەوەبوو خەڵک ئاگاداربکەنەوەو هۆشیداریی ئەوەیان بدەنێ کە ئەگەر لەگەڵ مستەفا کەمالدا بن ئەوا نکۆڵییان لەبوونی خواوەندو خەلیفەکەی کردووە. ئەم پڕوپاگەندە ئایینیانە بوونە هۆی ئەوەی کە لە سەرانسەری ئەنادۆڵ ژمارەیەک خەڵک لە دژی مستەفا کەمال ڕاست بنەوە. چی وای پێنەچوو کە لایەنگرانی مستەفا کەمال ناچاربوون بۆ مانەوەی خۆیان پەنا بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئەو جۆرەکەسانەدا ببەن. وڵاتە لە ئاستانەی شەڕی نێوخۆییدا بوو و، داوێنی ئەو گرژی و نائارامییە گەیشتبۆ دەوروبەری ئەنقەرەش.
دیار نییە ئاخۆ ئەگەر ئەو هێرشانەی کە دەکرانە سەر یاخیەکان، بەسەرکەوتوویی کۆتاییان پێ هاتبایە، ڕێڕەوی ڕووداوەکان بە کوێ دەگەیشت.
بێگومان مستەفا کەمال نەیدەتوانی تاهەتا هەیە بەرگری بکات؛ چونکە زۆربەی ئەو سەرکردە سەربازییانەی کە ئەویان گەیاندبۆ دەسەڵات، وردە وردە تووشی دوو دڵی و نارەزایی ببوون. هەروەها لادێ نشینەکانی ئەنادۆڵیش لە شەڕ بێزاربببوون و، تاکە ئاواتیان ئەوەبوو بە ئاشتی و ئارامی بژییەن.
ئەنقەرەش بە کەڵکی ئەوە نەدەهات بکرێتە نێوەندی سەرکردایەتی؛ چونکە چیوا لە گوندێک گەورەتر نەبوو، هەمووی لەسەر دووگرد بنیادنرا بوو، لە هاویندا زۆر گەرم و لە زستانیشدا یەکجار ساردبوو.
لەمیانەی شەڕدا جارێک ئاگری تێبەربوو و ئاسەواری سووتانەکەی پێوەدیاربوو.

پەیامنێرێکی مەیدانیی تورک بەنێوی عەلائەدین حەیدەر، کە بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک سەردانی ئەو شارەی کردبوو، کاتێ لەڕووی سادەییەوە داوای ژوورێکی کرد بۆ ئەوەی شەوی تێدا بکاتە ڕۆژ، لەوەڵامدا پێیانگوت: شارەکە میوانخانە و ژووری تێدانییە، بەڵام ئەگەر بەختی هەبێ دەتوانێ لەسەر ئەو قاڵدرمەیەی کە ژمارەکراوە، شوێنێک بۆ نووستن بدۆزێتەوە. سەرئەنجام پەیامنێری نێوبراو ئەوشەوە لەنێو تاقەیەکدا نووست!

ئەو شوێنە، ناوەندی سەکردایەتیی تورکیای نوێ بوو کە تێیدا مستەفا کەمال لەسەر بنەمای «ڕۆژ» بۆ «ڕۆژێ» دەژیا. شەوانە لەگەڵ برادەرە وەفادارەکەی کۆڵۆنێل عارف بەجلەوە دەنووست و ئەسپەکانیشیان بەزین و بەرگ کراوی لە حەوشەکەی خوارەوەدا چاوەڕێیان بوون تا ئەگەر لە پڕێکەوە هێرشیان کرایە سەر، بەپەلە بۆی دەرچن. ئەگەر بهاتایەو سەرکەوتوانی جەنگی جیهانی یەکەم لە شارێکی دوورەدەستدا تووشی دووهەڵەی گەورەی مێژوویی- لەو هەڵانەی کە خەڵکی ئاسایی هەستیان پێ ناکەن- نەبووبانایە، ئەوا بەدڵنیاییەوە مستەفا کەمال و هێزە لایەنگرەکانی کە دەنگی نارەزایەتییان بەرزببۆوە، نەیاندەتوانی چیدی درێژە بەو بارودۆخە بدەن کە تێیدا دەژیان.

* * *

لەبەهاری سالی ۱۹۲۰دا، لوید جۆرج-ی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، سەرۆک ویلسۆن-ی سەرۆکی ئەمەریکا و کلمانسۆ-ی سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا، لە پاریس بەدابەشکردنی میراتی *«پیاوە نەخۆشەکەی ئەورووپا»*وە خەریک بوون. ئەم دابەشکردنە لەشێوەی ڕێککەوتنێک بوو کە لە شاری سیڤەری نزیک پاریس ئیمزا کرا، بەڵام هەرگیز ناوەرۆکەکەی جێبەجێ نەکرا. کاتێ لە کۆتاییەکانی مانگی ئایار ناوەرۆکی ڕێککەوتننامەی نێوبراو بڵاوکرایەوە، دەوڵەتی عوسمانی ماتەمینیی نیشتمانی ڕاگەیاند؛ چونکە ناوەرۆکی ڕێککوتننامەکە زۆر توندو خەشن بوو و، تەنانەت لە پەیماننامەی ئاشتی ڤێرسای کە بەسەر ئەڵمانیای تێکشکاودا سەپێندرابوو، توندتر دەهاتە پێش چاو.

ئەم ڕێککەوتننامەیە بەشێوەیەکی یەکجار فراوان لە نێوخۆی تورکیادا دەنگی دایەوەو خەڵک لەو باوەڕەدابوون کە ئەگەر بەرەی مقاوەمەتی نیشتمانی پێک نەهێندرێت، وڵات لەنێو دەچێت و لەبەرئەوەی سوڵتان ملکەچی داواکانی هاوپەیمانانە، کەواتا تەنها یەک کەس دەتوانی تورکیا ڕزگار بکات. ئەگەر بهاتبایەو هاوپەیمانان لە پاریس پشتیوانی خۆیان بۆ مستەفا کەمال ڕاگەیاندبایە، ئەوا ئەودەم باشترین ڕێگایان هەڵبژاردبوو.

دەستبەجێ شەڕی نێوخۆیی نەماو بەهەزاران کەس پاڵیان دایە مستەفا کەمال و تەنانەت ژمارەیەک چەکداربۆ ماوەی دوو ڕۆژی تەواو ساختومانی بنکەی کۆمیسەری باڵای بەریتانیایان دایە بەر دەسرێژی گوللە.

دووەم هەڵەیەک کە هاوپەیمانان تووشی بوون و زۆر لە هەڵەی یەکەمیان گەورەتر بوو، ئەوەبوو کە ڕێگەیان بە یۆناندا تا بەکەیفی خۆی لە ئەنادۆڵدا پێشڕەوی بکات.

لەو کاتەدا هاوپەیمانان لەوەی کە لەگەڵ کێدا دانوستان بکەن توشی دوو دڵی و ڕاڕایی ببوون؛لەگەڵ ڕێبەری گەریلاکاندا دانوستان بکەن کە خاوەن هێز بوو، بەڵام دەسەڵاتەکەی یاسای نەبوو، یان لەگەڵ سوڵتاندا کە فیشۆڵ و بێدەسەڵات بوو؟
هاوپەیمانان پێیانوابوو کە دەبێ سەرەتا نائارامییە نێوخۆییەکانی تورکیا کۆتایی پێ بهێندرێت، ئینجا بکرێ پەیماننامەیەکی ئاشتیی عادیلانەو شەرافەتمەندانە ئیمزا بکرێت.
کابرایەکی پیری چاویلکە لەچاو ئامادەی کۆنفرانسەکەی پاریس ببوو کە ئەویش ڤنیز لوئیسی سەرۆک وەزیرانی یۆنان بوو.
ئێستاکە، وڵاتەکەی ئەزمیری داگیرکردبوو لە بیست ساڵ بەر لەو مێژووەوە خەونی بە دامەزراندنی ئیمپڕاتۆرییەتی یۆنانی لەسەر کەنارەکانی دەریای ناوەڕاستی ئەنادۆڵدا دەدیت.
لوید جۆرج دەیزانی کە یۆنان باشترین و تۆکمەترین هێزەکانی خۆی لە ئەزمیر مۆڵ داوەو بەکڕینی چەک و تەقەمەنیی زیادەی بەریتانیاو فەرەنسا بەنرخێکی هەرزان، ئامادەی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازییە. لەڕاستیدا، ئەوکاتە یۆنان لەڕووی سەربازییەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خاوەنی باشترین سوپابوو و ئامادەی هێرش بردنە سەر وڵاتانی دەوروبەربوو. ئەمەش لە کاتێکدابوو کە هەریەک لە هاوپەیمانان بەرەوڕووی گرفتەکانی دوای جەنگ ببوونەوەو توانای ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی نوێیان لە خۆیاندا بەدی نەدەکرد؛ ئیتالیا لە ئاستانەی شۆڕشی کۆمەنیستی دابوو، فەرەنسا لە سوریا گرفتار ببووو بەریتانیاش لەگەڵ شەڕی نێوخۆیی لە ئیرلەندا و ڕاپەڕینی هیندییەکاندا بەرەوڕوو ببۆوە. ئەمەریکاش لەبەر نەخۆشیی سەرۆک ویلسۆن و دژایەتیی کۆنگریس، نەیدەویست خۆی لەکاروباری نێودەوڵەتی وەربدات.
کەواتا ڤنیز لوئیس-ی سەرۆک وەزیرانی یۆنان، پێشنیازی ئەوەی بەهاوپەیمانان کرد کە بۆ سەرکوتکردن و بنبڕکردنی نائارامییە نێوخۆییەکانی تورکیا، سوپای یۆنان بخاتە ژێر دەستیانەوە. هاوپەیمانان بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئاییندەو ئەنجامی ئەم کارەیان چۆن و چی دەبێت، بەسوپاسەوە پێشنیازەکەیان پەسند کرد.
لەسەرەتای مانگی حوزەیران، کەلەکەشتی جەنگیی بەریتانیالە دەریای سپی ناوەڕاست و کەنداوی داردانێلدا مۆڵ دران و، لە ٢٢ی حوزەیرانیشدا، دوو سوپای یۆنانی لە ئەزمیرەوە بەرەو نێوخاکی ئەنادۆڵ کەوتنەڕێ.
دوژمنایەتی و نەفرەتی نێوان تورک و یۆنانییەکان زۆر بەناوبانگەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بیزانس و، وائێستاکە سیاسیەتمەدارانی وڵاتانی هاوپەیمان بەبێ گوێدانە ئەم پێشینە مێژووییە، فاکتۆری سەرەکیی یەکێتی و یەکگرتنی تورکەکانیان هێنایە کایەوەو بارودۆخێکیان خوڵقاند کە تێیدا تەواوی ئەو گروپانەی کە لە ئاکامی شەڕی نێوخۆیی دا لێک دابڕابوون و پارچەپارچە ببوون، لەبەرامبەر یۆنانییەکاندا لەیەک ڕیزدا بوەستن.

* * *

لە قۆناغی یەکەمدا تەنها یەکگرتوویی بەس نەبوو؛ ڕەنگبێ تورکەکان بیانتوانیبا لە قوستەنتەنییەو بە غافڵگیری چەند گوللەیەک بە بنکەی کۆمیسەری باڵاوە بنێن، بەڵام نەیاندەتوانی بەو گرووپە نارێک و پێخواسانەی کە چەکی دەستیان تاپڕو چەخماخی سەرپڕبوو، خۆیان لەبەرامبەر ئەو سوپا بە هێزەی یۆناندا ڕابگرن کە سەربازەکانی بە مۆدێرنترین چەکی سەردەم چەکدارکرابوون و، لەژێر چاودێریی ڕاوێژکارە ئینگلیزییەکاندا دەجولانەوە.

شەڕی نێوان تورک و یۆنانییەکان لە سێ قۆناغدا و لەسالانی ١٩٢٠، ١٩٢١، ١٩٢٢ دا ، ڕوویدا. لە قۆناغی یەکەمدا هێزە ڕەنگاوڕەنگە نیشمانییەکان کە بەپەلە پەل لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەلات کۆکرابوونەوەو ڕەوانەی بەرەی شەڕی ڕۆژئاوای تورکیا کرابوون، بەسەختی تێکشکان و تارومار کران. لە قۆناغی دووەمدا سوپای یۆنان، پێی نایە ویلایەتی (تراس)، واتا تورکیای ئەورووپاوە و، هێزەکانی سوپای یۆنان دوا سەربازی هێزە نیشتمانییەکانیان لەو ویلایەتە وەدرناو گەیشتنە نزیک قوستەنتەنییە.

لوید جۆرج نەیدەزانی لە خۆشیان چی بکات و، وەک ئەوەی ئاگای لە نەخشەی جوگرافیایی نەبێ، لە کۆنفرانسی هاوپەیمانان کە لە شاری (ئیسپا)ی بەلژیکا سازدرابوو گوتی: *«تورکەکان تێکشکاون و بەپەلە بەرەو مەککە لە پاشەکشێ دان.»*

لۆرد کۆرزن–ی وەزیری دەرەوە قسەکەی بۆ ڕاست کردەوەو گوتی: *«بەرەو ئەنقەرە.»*

لوید جۆرج وەلامی دایەوەو گوتی: *«سوپاسی لۆرد کۆرزن دەکەم کە وردەکارییەکانم بۆ ڕاست دەکاتەوە، بەهەرحاڵ تورکەکان تێکشکاون.»*

لەکاتێکدا کە قۆناغی یەکەمی شەڕ لە هاوینی ساڵی ١٩٢٠دا کۆتایی پێ دەهات، بارودۆخی قوستەنتەنییە سەیرو دیدەنی بوو.

سوڵتان سەر لەنوێ داماد فەریدی کردبۆوە سەرۆک وەزیران و ئەویش حکومەتێکی پێک هێنابوو کە چێرچیڵ پێی دەگوت: *«دەوڵەتی بووکەکانی بووکەڵەبازی.»*

سەرۆک وەزیران، شەو ڕۆژ لە دژی یاخییەکان قسەی دەکردو وتاری بۆ خەڵک دەخوێندەوە، بەڵام هیچی لەدەست نەدەهات و سەرنێزەی سەربازە یۆنانییەکان تەنها شتێک بوو کە کەوتبۆ نێوان ئەو و مستەفا کەمالەوە و لێکی جیا دەکردنەوە.

تێشکانە سەرەتاییەکان لێدانێکی کوشندەی لە ئابڕو و ئیحتوباری مستەفا کەمال دا؛ چونکە لەزۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەلات تێشکان و سەرکەوتن بەنێوی ڕێبەرەکانەوە دەنوسرێ و ئەگەر بهاتایە لە جەنگەکانی ساڵی ١٩٢١یشدا شکستی خواردبایە، ئەوا ڕەنگبوو هەر بەدەستی ئەو نوێنەرانەی ئەنجومەن بکوژرابایە کە بەخوێنی سەری تێنبوو بوون. بەڵام لەو ساڵەدا بارودۆخ بە قازانجی مستەفا کەمال گۆڕا و لە کاتێکدا کە هەمووان چاوەڕێی هێرشی سەر لە نوێی یۆنانییەکان بوون، مستەفا کەمال بە دانوستانی سیاسی لەگەڵ وڵاتانی بیانیدا خەریک بوو. ڕوسیا پارەو چەکی بۆ نارد، ئیتالیاش بەڕادەیەکی کەمتر لە ڕوسیا یارمەتی دا و فەڕەنساش دوای کۆمەڵێ تەماسی نهێنی، بەڵێنی ئەوەیدا کە یارمەتیی ئەنقەرە بدات. جگە لە سوڵتان و داروودەستەکەی، تەواوی تورکەکان یەکیان گرتبوو و لەیەک ڕیزدا دەجەنگان و

ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە یۆنانییەکان دوابەدوای کەوتنی کابینەکەی ڤنیز لوئیس، تووشی دووبەرەکی دەهاتن.
مستەفا کەمال، بەبێ ئەوەی هەست بە ماندوویەتی بکات و کات بە فیرۆ بدات، دەستی کرد بەوەی کە هێزە پارتیزانەکانی بکات بە سوپایەکی ڕێکخراو و لەهەندێ جێگەدا شێوازی سەیرو سەرەتایی بەکارهێنا. بۆنمونە فرمانیدا بەبێ جیاوازی، هەموو ماڵێک بە بوخچەیەک کە دەستێک جلی ژێرەوە، جوتێک گۆرەوی و جوتێک پێڵاوی تێدابێت، یارمەتی سوپا بدات. فرمانی بە ئافرەت و کچانی لادێی دا کە لە جیاتی گامێش و وشتر کە ژمارەیان کەم بوو، عارەبانە سەربازییەکان ڕاکێشن و بەم پێیە دوای ماوەیەکی کورت، بیابان پڕبوو لەو عارەبانانەی کە بەهۆی ئافرەتانەوە ڕادەکێشران.
سەرەڕای سەفەر بەرکردنی گشتیی پیاوان، ئافرەتانیشی سەفەر بەرکرد تا لەگەڵ مێردەکانیاندا فێری مەشق و هونەرە سەربازییەکان بن و لە پشت بەرەکانی شەڕدا خزمەت بکەن. بەم شێوەیە لە پشتی بەرەکانی جەنگدا، ئەو ئافرەتانەی کە منداڵەکانی خۆیان لە کۆڵی کردبوو، شان بەشانی پیاوەکان چالاکییان دەنواندو سەرەڕای ڕاکێشانی عارەبانەکان، گوللە تۆپیان لەسەر شان دادەناو تا نزیک تۆپەکانیان دەبردن.
مستەفا کەمال، بارەگاکەی خۆی گواستبۆوە گوندی چانکایا کە(٦)کیلۆمەتر لە ئەنقەرە دوور بوو. ئەو سەردەمە باری دەروونیی زۆر تەواو نەبوو و زۆربەی کات تورە دەهاتە پێش چاو.
ئەم بارودۆخەی تا گەیشتنی یەکێ لە خزمە جوان و لاوەکانی بەنێوی خاتو فکرییە، درێژەی هەبوو. فکرییە کچێکی باریکەی، قژ ڕەشی، ناسک و هێمن بوو. ئەو کچە جوان و چاوگەورەیە، ئامۆزای مستەفا کەمال بوو کە لە کۆنەوە یەکترییان دەناسی. بەڵام ساڵێک پێشتر لە سالۆنیک چاویان بەیەکدی کەوتبۆوەو هۆگری یەکتری ببوون. فکرییە جارێک شووی کردبوو، بەڵام لە مێردەکەی جیاببۆوەو کەیفی بە گاڵتەو پێکەنین و غەیبەت کردنی خەڵکی دەهات، حەزی لە عەشقبازی بوو و بۆ پیاوێکی وەکو مستەفا کەمال کە قەت لە جنس تێرنەدەبوو، زۆر گونجاو و لەبار دەهاتە پێش چاو. بۆیە دەستبەجێ مستەفا کەمال لای خۆی گلی دایەوە.
فکرییە سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆح سووک و بەگفت و لفت بوو، زۆر وریاو ژیریش بوو و هەرگیز دەخالەتی لەکارەکانی مستەفا کەمالدا نەدەکردو کاتێ مستەفا کەمال لە ماڵەوە لەگەڵ برادەرەکانیدا لێک کۆدەبوونەوە، لەدەست و پێی مستەفا کەمال نەدەئاڵاو لەبەرئەوەی کە کچە مامیشی بوو، وەک خانمی ماڵەوە خزمەتی میوانەکانی دەکرد.
فکرییە چێژی ژیانی هاوسەرێتی بە مستەفا کەمال بەخشی کە تائەو دەمە لێی بێ بەش بوو و ئەمەش بۆ پیاوێک کە تەنها لایەنی سێکس و ڕابواردنی لە ئافرەتدا دەدۆزییەوە، شتێکی یەکجار بەلەززەت بوو.
لەو کاتەدا تورکیا دوو سوڵتانی هەبوو: یەکیان لە ئەنقەرە لەگەڵ ئامۆزاکەیدا

خەریک بوو و ئەوەی دیکەشیان لە قوستەنتەنیە گرفتاری گوشارو دەست تێومردانەکانی هاوپەیمانان ببوو.
سوڵتان وەحیدەدین کە لەتەمەنی (٦٠)ساڵیدا بوو، عاشقی کچە باخەوانێکی (١٧) ساڵان بەنێوی نوساد ببوو و لەیەکێ لە ڤیللاکانی کۆشکی یلدزدا نیشتەجێی کردبوو کە بێگومان زۆر لە ماڵەکەی فکرییە پرشکۆتر بوو، بەڵام خەزێنەی سوڵتان بە تاڵ بوو و مانگانە لەلایەن بەریتانیاوە برە پارەیەکی گونجاوی دەدرایە.
لە مانگی تەممووزی ساڵی١٩٢١دا، بۆ جارێکی دیکە یۆنانییەکان لە ئەنادۆڵدا دەستیان بەهێرشێکی گەورەکردو هەرچیەک کەهاتە سەر رێگەیان و بەر دەستیان هات، لەنێویان بردو تێکوپێکیان شکاند. وە سەرئەنجام گەیشتنە (ئێسکی شەهیر) کە شوێنی یەکتربڕی هێڵی شەمەندەفەری رۆژهەڵات و رۆژئاوای تورکیایە. سوپای یۆنان لەم پێشرەوییانەیدا زەرەروزیانێکی زۆریشیان لێ کەوت. ئێرنێست هێمینگوای کە ئەو کاتە پەیامنێری رۆژنامەی *تۆرێنتۆ ئێستار* بوو، لە تەلگرافێکدا بۆ رۆژنامەکەی ئاوا باسی شەڕەکەی کردووە: «*بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا، سەربازی کوژراوی دیون کە دامێنی سەمای باڵەو پێڵاوی نوک هەڵگەڕاوەی بە گوڵینگەیان لە پێ بووە.*» کە ئەڵبەتە مەبەستی لە سەربازانی گاردی تایبەتیی یۆنان بووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زەرەرو زیانە نەیدەتوانی ئەو مەترسییە گەورەیە بڕەوێنێتەوە کە هەڕەشەی لە مستەفا کەمال و دراودەستەکەی دەکرد. پلانی یۆنانییەکان ئەوەبوو کە دوای دەست بەسەراگرتنی یەکتربڕی هێڵی شەمەندەفەری ئێسکی شەهیر، بەشی هەرەزۆری سوپای تورکەکان گەمارۆ بدەن. لەو کاتەدا مستەفا کەمال لێهاتوویی سەربازیی خۆی بەدیار خست. مستەفا کەمال دەیزانی ئەگەر دژە هێرش بکاتە سەر یۆنانییەکان، ئەوا بە دڵنیاییەوە تێک دەشکێ و ئەگەر ئەو ناوچەیەش بەجێ بێڵێ ئەوا خەڵکی بێدیفاع و سیڤیلی دانیشتووی ئەوێ دەکەونە بەر هەڵمەتی دڕندانەی هێزە یۆنانییەکانەوە. بۆیە بڕیاریدا ناوچەکە بە گشتی چۆڵ بکرێ و سەربازو خەڵکەکە بەدرێژایی (٣٠٠) کیلۆمەتر پاشەکشێ بکەن و هیچ کەسێک و تەنانەت پیرو پەککەوتەکانیش بەجێ نەمێنن. تورکەکان (٣٠٠) کیلۆمەترو تاسەر لێواری ڕووباری ساکاریا پاشەکشێ یان کرد و، بەم کارەیان هەم دەرفەتی خۆ ڕێکخستنەوەیان بۆ دەرەخسا و هەمیش دەیانتوانی بە پاراستنی ئەنقەرە، بەرەی جەنگ و مەیدانی بەبەرەو ڕووبوونەوەکان پەرە پێبدەن، کە ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی پەیوەندی هێڵی پێشەوەی سوپای یۆنان لەگەڵ پشت خۆیدا لاواز ببێ.
لە ٢٤ی ئابی ساڵی ١٩٢١دا، تورک و یۆنانییەکان لەسەر لێوارەکانی ڕووباری ساکاریا کەوتنە بەرامبەری یەکدی و شەڕ دەستی پێکرد.
لەو شەڕەدا کە مستەفا کەمال بۆخۆی سەرکردایەتی تورکەکانی دەکرد، ماوەی سێ هەفتەی تەواو لە جەبهەیەکی (١٠٠) کیلۆمەتریدا شەڕێکی بێ ئامان و خوێناوی لە ئاردابوو و، هیچکام لەلایەنە شەڕکەرەکان ئامادەنەبوون پاشەکشێ لە پێگەکانی خۆیان بکەن. جاری واهەبوو یەک، یان چەند یەکەیەکی سەربازی لەسوپاکەیان جیادەبوونەوەو ناچار دەبوون بۆ پاراستنی گیانی خۆیان بەسە نێزە

لەگەڵ سەربازەکانی دوژمندا بجەنگن. سەنگەرەکانی هەردوولا زۆر لێک نزیک بوون و مستەفا کەمال دەیتوانی لە جێی خۆیەوە بەبێ بەکارهێنانی دووربین سەربازە یۆنانییەکان ببینێ.

لەیەکێ لەو شەڕانەدا، لەشکرێکی تورک ٧٥٪ی سەربازەکانی کوژران و (٧) سەرلەشکریش لەهەردوولا کوژران کە ئەغڵەبیان بەسەر نێزەکوژرابوون. سەرئەنجام هەمان ئەو فاکتۆرەی کە مستەفا کەمال پێش بینی کردبوو، بووە هۆی تێکشکانی یۆنانییەکان. هێڵی پەیوەندیی یۆنانییەکان بە پشتەوەی بەرەکانی جەنگەوە پچڕا و لەژێر خۆری سووتێنەری ئەنادۆڵدا، بێ نان و ئاو مانەوە. لەکۆتایی هەفتەی سێیەمدا، هێڵی بەرگریی یۆنانییەکان تێک و پێک شکاو لە پڕێکا دەنگ و سەدای شەڕ کپ بوو. یۆنانییەکان بەبێ دەنگی سێ سەد کیلۆمەتر پاشەکشێ یان کردبوو و مستەفا کەمال وەک گوللە بەدوایانەوە بوو.

یەک ساڵی پێچوو تا تورکەکان خۆیان بۆ هێرشێکی دیکە ئامادە کردەوە، بەڵام سەرکەوتنەکەی مستەفا کەمال لە شەڕی ساکاریادا، لە وڵاتانی دەوروبەردا، دەنگدانەوەیەکی یەکجار گەورەی هەبوو.

چەند مانگێک دوای سەرکەوتنەکەی ساکاریا، مستەفا کەمال خۆی غەرقی کاروباری سیاسی کردو ژەنراڵەکانیشی بە ڕێکخستنەوەو ئامادەکردنی سوپاوە خەریک بوون کە نیازیان وابوو هێرشی کۆتایی پێ بکەنە سەر یۆنانییەکان. پێنج هەفتەی دوای ئەم سەرکەوتنە، هێزە نیشتمانییەکانی تورکیا ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ فەرەنسایەکاندا مۆر کرد کە بە پێی ڕێککەوتنەکە، فەرەنسا، مستەفا کەمال-ی بەڕێبەری ڕاستەقینەی تورکیا دەناسی و بەڵێنی ناردنی بڕێکی زۆر چەک و تەقەمەنیی پێ دەدان.

مستەفا کەمال، ڕێککەوتنی لەو چەشنەی لەگەڵ هەریەک لە ئیتالیاو ڕوسیاشدا مۆر کرد.

دەوڵەتی بەریتانیا لەو ڕێککەوتنە نیمچە نهێنیانە نارەحەت بوو و نارەزایەتی خۆشی بەناردنی سیخوڕێک بۆ ئەنقەرە کە بۆ کوشتنی مستەفا کەمال ڕاسپێردرابوو، نیشاندا. سیخوڕی نێوبراو کابرایەکی هیندی بوو کە بەڵێنی ئەوەی پێدرابوو دوای کوشتنی مستەفا کەمال سەد هەزار لیرەی بدرێتی و ناویشی *(مستەفا سەغیر)* بوو. مستەفا سەغیر، وەک نوێنەری «*کۆمیتەی لایەنگرانی خەلافەتی موسڵمانانی هیند*» بە ئاشکرا هاتە ئەنقەرەو پروپاگەندەی ئەوەی بڵاوکردەوە کە گوایە هاتووە ئەو یەک ملیۆن لیرەیەی کە لە هیند بۆ هێزە نیشتمانییەکانی تورکیا کۆیان کردۆتەوە، تەسلیم بە مستەفا کەمال بکات. لەسەرەتادا لە ئەنقەرە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، بەڵام ماوەیەکی بەسەردا تێپەڕی و یەک ملیۆن لیرەکە هیچ سەرو سۆراغی نەبوو.

ئینجا دوای ئەوە، لێی بەشک کەوتوون و دەستیان کرد بە پشکنینی و دەرکەوت کە بەمەرەکەبێکی نادیار نامە لەگەڵ ئینتیلی جێنت سرویس (دەزگای سیخوڕی بەریتانیا-وە) دا، دەگۆڕێتەوە.

مستەفا سەغیر گیراو، لەمیانەی لێکۆڵینەوەکاندا دانی بەوەدانا کە موچە لە دەوڵەتی بەریتانیا وەردەگرێ و، لەسەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، لە ئێران وسویسرا سیخوڕیی بۆ بەریتانیا کردووە. کاتێ دادوەری لێکۆڵینەوە لێی پرسی بۆچی کارێکی وا مەترسیدار و ناهەمواری لە ئەستۆ گرتووە؟ (مەبەست کوشتنی مستەفا کەماله-وە)، لە وەڵامدا گوتی: «*چونکە ماوەیەک بەر لە ئێستا کارێکی لەو چەشنەم بەسەرکەوتوویی ئەنجام داوەو ئەویش کوشتنی پاشای ئەفغانستان بووە!*»

ئەو سیخوڕە سەیرە کە بەدرێژایی دادگایی کردنەکەی زۆ پشوو درێژو بەئەدەب دەهاتە پێش چاو، بەسێداره حوکم درا و زۆر بە ئاسایی گوێبیستی بڕیارەکەی دادگا بوو. بەپێی نووسینی ڕۆژنامەکانی تورکیا، کاتی دەیانویست پەتی سێدارەکە بخەنە ملیەوە، مستەفا سەغیر لەسەر زەوی دانیشت، جەللاد لە ڕێگەی وەرگێڕەوە پێی گوت کە دەبێ لەوکاتەدا بەپێوه بوەستێ. سەغیر بە ئەدەبەوە لە وەڵامدا گوتی: «*دەبێ بمبوورن؛ چونکە ئەوە یەکەم جارمە کە لە سێدارە دەدرێم!*»

* * *

لە ماوەی ئەو یەکساڵەی کەبەسەر سەرکەوتنەکەی ساکاریادا تێپەڕدەبوو، تورکیا زۆر دیمەنی سەیرو سەمەری بەخۆوە دیت.

ئەگەرچی مستەفا کەمال وەکو سەرۆکی وڵاتێک و لەسەر ئاستی هاوتای خۆیدا لەگەڵ سەرۆکی وڵاتە گەورەکانی جیهاندا گفتوگۆو دانوستانی ئەنجام دەدا، بەڵام بارودۆخی حکومەتە کاتییەکەی ئەنقەره، پتر بە فلیمە وێستێرنەکان دەچوو. تالارێکی بچوکیان لەسەر شێوەی وێستگەی شەمەندەفەر لەدەوروبەری شاردا درووست کردبوو کە ئەنجوومەنی نیشتمانی دانیشتنەکانی خۆی تێدا گرێ دەدا.

نوێنەرەکان لەسەر ڕەحلەی قوتابخانەکان دادەنیشتن و ئەوانەیش کە لە ڕێگەی دوورەوە هاتبوون، ئەسپەکانی خۆیان لە نەردەکانی دەوروبەری ساختومانەکە دەبەستەوە.

لەکاتەدا بەلێشاو چەک و تەقەمەنی لە فەڕەنساو ڕوسیاوە دەگەیشتە دەست هێزە نیشتمانییەکان و، ئەمەش وایکرد کە مستەفا کەمال بتوانێ لە هاوینی ساڵی ١٩٢٢دا، دوالێدان لەجەستەی سوپای یۆنان بدات کە لە ئاکامی ناکۆکیی نێوخۆییدا زۆر لاوازببوو. لە سەعات چواری بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٦ی ئابی ٩٢٢ادا، فرمانی هێرش بردنە سەر سوپای دوژمنی بەم شێوەیە دەرکرد: «*سەربازەکان بۆ پێشەوە، ئامانجی ئێوه گەیشتن بە دەریای سپی ناوەڕاستە.*»

یۆنانییەکان بە تەواوەتی غافڵگیربوون. مستەفا کەمال تا بەرەبەری ڕۆژئاوای ڕۆژی یەکەمی هێرشەکەی، توانی بەشی هەرەزۆری سوپای یۆنان دوولەت بکات و ناچاریان بکات سەراسیمەو سەرگەردان پاشەکشێ بکەن. لە کۆتایی مانگی ئابدا، پاشماوەی ئەو هێزانە بەجلوبەرگی دڕاو کون کونەوە، بەڕاکردن سواری ئەو کەشتییانە بوون کە چاوەڕێیان دەکردن. بەڵام هێشتا کاربەدەستە یۆنانییەکانی ئەزمیر لە باوەڕەدابوون کە ئەو کۆنفرانسەی کە لەلەندەن گرێ دراوە، بەرلەوەی تورکەکان بگەنە ئەزمیر، بیرێک لە چارەنووسیان دەکاتەوە. سەرەڕای ئەمەش گەلە

کەشتی جەنگیی بەریتانیاو ئەمەریکا لەسەر کەنارەکانی ئەزمیر لەنگەریان هاویشتبوو و ئەمە بۆ کاربەدەستە سەربازییەکانی یۆنان مایەی دڵگەرمی و پشت ئەستوری بوو. لە دوا ڕۆژەکاندا گەشبینییەکی درۆیین باڵی بەسەر زەین و هۆشی دانیشتوانی ئەزمیردا کێشابوو و، یۆنانییەکان پێیانوابوو کە هیچ شتێک ڕوو نادات. وەک جاران شەونشینیی جیاجیا لەسەربانی هوتێل نەعیم بەرپا دەکران و گروپێکی ئۆپەرێتی ئیتالیایی لە یانەی وەرزشیی شاردا، ئۆپەرێتی دیگۆلتۆی پێشکەش دەکرد .ئەم گەشبینییە

تا ئەوکاتەی کە لە پڕێکا وردە وردە یەکەم دەستەی برینداەرەکانی جەنگ هاتنە نێو شارەوەو لەکاتێکدا کە بۆ پارچە نانێک سواڵیان دەکردو دەپاڕانەوە، داستانی سامناکیان لە دڵڕەقی و بێ بەزەییەتی تورکەکان دەگێڕایەوە، درێژەی کێشا. دەستبەجێ بازاڕی شار داخراو ترس دایگرتن. لە هەفتەی یەکەمی مانگی ئەیلول، واتا تەنها دە ڕۆژ دوای دەست پێ بوونی هێرشی تورکەکان، سوپای تورکیا توانیبووی ۳۰۰ کیلۆمەتر پێشڕەوی بکات و پێشقەڕاوڵەکانی گەیشتبوونە دەوروبەری شاری ئەزمیر.

مستەفا کەمال بە ئەنقەست لە پشت بەرەی شەڕمابۆوە؛ چونکە ئیدی دڵنیابوو لەوەی کە سەردەکەوێ و حەزی لەوەنەبوو تا بەر لە کۆتایی هاتنی کارەکە، پێبنێتە گۆڕەپانەوە. دەست بەسەراگرتن و ڕزگارکردنی ئەزمیر بۆ مستەفا کەمال و سوپای تورکیا تەنیا سەرکەوتنێکی سەربازی نەبوو و، بگرە بەڕەمزی سەرکەوتن بەسەر هەموو سوپا بێگانەکاندا لە قەڵەم دەدرا.

لە ڕۆژی نۆی ئەیلول کە ئاگری شەڕ دامرکا، مستەفا کەمال سەرکەوتوانەو لە پێشەوەی کاروانێک لەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەچڵە زەیتون ڕازێندرابوونەوەو لەنێو هاواری شادی و پرمەی گریان و دوعای خێری تورکەکاندا، پێی نایە ئەزمیرەوە.

ئەو ڕۆژە ڕەنگبێ پڕشانازیترین ڕۆژی ژیانی مستەفا کەمال بووبێ، بەڵام بەهۆی کردەوەیەکی شێتانە لەکەدار کرا.

* * *

فەسڵی پازدەهەم

ئاگر کەوتنەوەکەی ئەزمیر

ئەزمیر کە لەو سەردەمەدا هێشتا بە گوتنی یۆنانییەکان بە «ئیسمیرنا» نێودەبرا، هیچ بە شارەکانی دیکەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی نەدەچوو. ئاو وهەوایە فێنک و زەوییە بە پیتەکانی، بارودۆخێکیان هێنابۆوەکایەوە کە تەنانەت هەژارترین لادێییەکانی ئەو ناوچەیە بۆ تێرکردنی زگیان بە ئەندازەی پێویست نان و پەنیرو میوەیان دەست دەکەوت.

ئەزمیر کەوتبۆ نێو جەرگەی ئەو ناوچەیەی کە پڕبوو لە بۆن و بەرامی شکۆفەکانی بادام و گوڵە ئاوریشمەکان و، دانیشتوانی ئەم بەندەرە کە هەناردە بازرگانییەکەی تەنانەت لەهی قوستەنتەنییەش پتر بوو، تورک، یۆنانی، ئەرمەنی، یەهودی و ئەوروپاییەکان بوون کە هەرکامیان لە گەڕەکی تایبەت بەخۆیاندا دەژیان، بەڵام لەشەقامە نێوەندییەکانی شاردا، ئاوێتەی یەکتری دەبوون و جلوبەرگە جۆراوجۆرو ڕەنگاوڕەنگە ناوچەییەکانیان، شێوەی کەرنەڤاڵێکی هەمیشەیان هەبوو. خێزانی دەوڵەمەندەکانی شار، لە دەوروبەری بەندەردا کە شێوەکەی لە هیلالەکەی نێو ئاڵای تورکیا دەچوو، لە ڤێللای جوانی دووقاتدا دەژیان کە گەلێک لە خانووەکانی قوستەنتەنییە جوانتر بوون.

عەمبارەکانی بەندەر پڕبوون لە سندوقی هەنجیر، قەیسی، ترێ و هەنار و، کەشتییە بارهەڵگرەکان بە ئاڵای وڵاتانی جۆراوجۆر چاوەڕێی بارکردن و گوێزانەوەیان بوون بەرەو چارگۆشەی جیهان.

خەڵکی ئەزمیر بەوە بەنێو بانگ بوون کە حەزیان لە قومار و سەمایەو ئافرەتەکانیشیان لەڕادەبەدەر جوانن. زۆربەیان سێ چوار زمانیان دەزانی و یانەکان، چێشتخانەکان، قایەغەگەشت و گوزارییەکان، کۆڕەکانی سەما، یاری گۆڵف و پێشبڕکێیەکانی ئەسپ تاودان، بە بەردەوام هەبوون و پڕیش بوون لە مشتەری.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ئەزمیر بە تێکەڵەیەکی سەیری دنیای دوێنێ و دنیای داهاتوو لە قەڵەم دەدرا. لە گۆشەیەکی ئەم شارە گەڕەکێک هەبوو کە پێی دەگوترا «*پارا دیزۆ*» واتا بەهەشت، کە جالییەی ئەمەریکایی تێدا نیشتەجێ بوون و، پڕبوو لە باخی جوان و ڕازاوە، قوتابخانەی ئەمەریکایی و یانەی وەرزشیی کچان و کوڕان و وەک پارچەیەک لەخاکی ئەمەریکا دەهاتە پێش چاو. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەو

کاروانانەی کە هەموو ڕۆژێ بە ڕێگایە کۆن و خۆڵاوییەکاندا دەهاتنە نێو شارەوە، ئەم ژیانە ئارام و ئاسوودەیەیان تێک دەدا.

ئەزمـیـر شـارێکە ڕابردوویەکی پڕ لە مـەینەتیی هەیە؛ لەیەکـەم ڕۆژەوە کـە بنیادنراوە، بووە بەلانکی ئەفسانە یۆنانییەکان و هۆمێری شاعیری نابیناو بەنێو بانگ کـە خـەڵکی ئـەم شـارە بووە، بۆ خـەڵقـاندنـی «ئۆدیسـە» ئیلهـامـی لەو شـارە وەرگرتووە.

دواتر ڕۆمییەکان داگیریان کردو ناویان لێ نا «*جوانترین شاری ئاسیا*.» مـاوە ماوە ئەم شارە تووشی بوومەلەرزەو هێرشی بێگانەکان بووە. سەرەتا ئێرانییەکان و دواتر لەسەدەی پازدەهەمدا تەیموری لەنگ، وێرانیان کردو لە ساڵی ١٤٢٤ (٨١٩ی کۆچی)، یۆنانی و ئەرمەنییەکان کە بابو باپیرانیان بۆ مـاوەی ١٥٠٠ سـاڵ لەو ناوچەیەدا ژیابوون، بەشێوەیەکی نەخوازراو بوونە کۆیلەو ڕەعیەتی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی.

* * *

بەرەبەیانـی ڕۆژی شـەممە ١٩٢٢/٩/٩، بەندەرە پان و بەرینەکـەی ئەزمـیـر، هێندەی کەشتی تێدا ڕاگیرابوو کە ئەگەر یەکێک مەبەستی بوایە دەیتوانی بەبازدان لەو کەشتییەوە بۆ ئەو کەشتی، لەوسەری بەندەرەکەوە بچێتە ئەو سەری بەندەرەکە. لە پشت سەری ئەو کەشتییانەوە، واتا لەزارکی کەنداوەکە، گەلەکەشتی جەنگیی بەهێزی چوار وڵات بەرچاو دەکەوتن. لەم گەلەکەشتییە جەنگییانە، پێنجیان ئینگلیزی، سێیان ئەمەریکایی، سێی دیکەش فەرەنسایی و یکیان ئیتالیایی بوون کە کۆی گشتییان دەیکردە دوازدەکەشتی.

گەلەکەشتی نێوبراو بەمەبەستی پاراستن و داکۆکیکردن لە هاووڵاتیانی خۆیان هاتبوونە بەندەری ئەزمێر و، فرمانی ئەوەیان پێدرابوو کە بەتەواوەتی بێلایەن بن؛ چونکە هاوپەیمانان نەیاندەویست تا ئەوکاتەی پەیمانی ئاشتییان لەگەڵ تورکیادا مۆرنەکردووە، بەهیچ شێوەیەک خۆ لە کاروباری نێوخۆیی ئەزمیر وەربدەن. ڕۆژی ١٩٢٢/٩/١٠، مستەفا کەمال لە کاتێکدا کە جلێکی سەربازیی ئاسایی پۆشیبوو و هیچ کام لەڕووتبەو نیشانەکانی خۆی بەجلەکانییەوە نەکردبوو، هاتە نێو شارەوەو یەکسەر بەرەو ئەو ساختومانەچوو کە بارەگای حکومەتی یۆنانییەکان بوو و کەوتبۆ سەر کەناری دەریاو ئاڵای یۆنانیان وەک فەرش لەسەر قالدرمەکانی ڕاخستبوو. بەڵام مستەفا کەمال نەچووە نێو ساختومانەوەکەوەو گوتی: «*ئێـرە، بەرەمـزی سەربەخۆیی وڵاتەکەمان دەژمێردرێت*.»

لەبەرەبەیانی ئەو ڕۆژەوە شەڕوپێکدادانی پەراگەندەی سەر شەقامەکان و خەراپەکاری لە گۆشەو کەناری شاردا بەرچاو دەکەوت و، تاڵان و بڕۆی ماڵەکان دەستی پێکردبوو.

هاتنی هەزاران پەنابەری تۆقیوی یۆنانی لە شاروگوندەکانی دەوروبەر، نارەحەتی و گرژیی فەزای شاری پتر دەکرد.

ئەو پەنابەرانە هیچ شـوێنێکیـان بۆ حەوانەوە نەبوو و ئەغلەب برسی بوون.

بەهەزاران ئافرەت و منداڵ وپیاو، لە کاتێکدا کە تەواوی دارونەداریان لە بوخچەیەکدا گرێ دابوو و بە کۆڵیان دادابوو، لەسەر شەقامەکان دەنووستن و لەترسی ئەوەی تورکەکان تۆڵەیان لێ بکەنەوە، دەلەرزین. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا توونددو تیژییەکی ئەوتۆ بەرچاو نەدەکەوت. ئەوشەوە مستەفا کەمال بەنەناسراوی بە شەقام و کۆڵانەکانی شاردا گەڕاو، چووە یەکێک لەو هۆتێلانەی کە شوێنی مانەوەی بیانییەکان بوو و خزمەتکارەکە پێی گوت مێزی بە تاڵیان نییە، بەڵام لەو کاتەدا یەکێ لە تورکەکان مستەفا کەمالی ناسییەوەو کەوتە سەر پێی و مێزەکەی خۆی بۆچۆڵ کرد. هەر کە مستەفا کەمال یەکەم پێکی هەڵدا، ڕووی لە ژمارەیەک لەو یۆنانییانە کرد کە لە مێزەکەی تەنیشتییەوە دانیشتبوون و گوتی: «*ئایا کۆنستانتین-ی پاشای یۆنانیش وەک من بۆ مەشروب خواردنەوە دەهاتە ئێرە؟*» یۆنانییەکان سەریان باداو مستەفا کەمال گوتی: «*کەواتا بۆچی زەحمەتی داگیرکردنی ئەزمیری دایە بەرخۆی؟*» ڕۆژی دواتر کە یەکشەممە بوو، مستەفا کەمال بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتبوو نابێ بەهیچ شێوەیەک سەربازانی تورک پەلاماری کەس بدەن و ئەگەر هاتوو شتێکی وا ڕوویدا، ئەوا دەستبەجێ سەربازەکە لە سێدارە دەدرێت، بەڵام ئەم بەیاننامەیە تەنها قسەبوو و بەس؛ چونکە هەر ئەو ڕۆژە یەکێ لە فەرماندە تورکەکان کە نێوی ژەنەڕاڵ نورەدین بوو و بەدڵڕەقی بەنێو بانگ بوو، ناردی بەدوای عالیجەناب کریسۆ ستۆمووس-ی ئۆسقۆفی یۆنانییەکان لە ئەزمیر. کاتێ ئۆسقۆفی پیرهاتە ژوورەکەی، نورەدین تفێکی لە دەموچاوی کردو ئاماژەی بەو دۆسیەیە دا کە لەسەر مێزەکەی دانرابوو و گوتی: «*دادگای ئەنقەرە بڕیاری لە سێدارەدانی تۆی داوەو ئێستاش دەبێ خەڵک عەدالەت بەجێ بێنن.*» ئینجا هاواری کرد: «*ئێستا برۆ لەبەرچاوم ون بە!*»

لە کاتێکدا کە ئۆسقۆفی پیر لە قاڵدرمەکانی ساختومانەکە دەهاتە خوار، ژەنراڵە تورکەکە هاتە سەر بەلەکۆنەی ژوورەکەی و ڕوو لە خەڵک هاواری کرد: «*شایستەی چییە، ئاوا ڕەفتاری لەگەڵدا بکەن.*» گروپێک لە مەلەوانە فەرەنسایییەکان ئۆسقۆفیان تا بەردەگا کە هێنابوو، بەڵام فرمانی ئەوەیان پێدرابوو بە هیچ شێوەیەک دەخالەت نەکەن و ئێستا بەبەرچاوی ئەوانەوە خەڵک ئۆسقۆفیان پارچەپارچە دەکرد. خەڵک چاوەکانی ئۆسقۆفیان دەرهێناو گوێ و لووت و دەستەکانییان بڕی.

کوشتنی ئۆسقۆف مانای ئەوەبوو کە ڕێگە بە تورکەکان درا یۆنانیەکان بکوژن و تاڵانیان بکەن. خاتوو ئاننا بیرج کە هاوسەری میسیۆنێرێکی ئەمەریکایی بوو و لە دوا ساتدا توانیبووی لە ئەزمیر ڕابکات، بەچاوی خۆی دیتبووی کە چۆن سەربازە تورکەکان هەڵیان کوتابۆ سەر ماڵەکەی و دواتر گێڕایەوە کە: «*ئەوان بە سامناکترین شێوە پەلاماری خەڵکیان دا و ماڵەکانیان بەتاڵان بردن و کوشتیانن. تاقمە سەربازێک دەچوونە نێو دوکانێکەوەو چی بەردەستیان هاتبایە، تاڵانیان دەکرد. مامۆستای قوتابخانەی کچان لە پشت پەنجەرەی پۆلەکانەوە بەچاوی خۆیان دیتیان کە چۆن سەربازانی تورک خەڵکی سیڤیلیان لەسەر شەقامەکەی بەرامبەری قوتابخانەدا دەکوشت، دەچوونە نێو ماڵی خەڵکەوەو تەواوی ئەندامانی خێزانەکەیان*

دەکوشت و دواتریش تەرمەکانیان هەڵدەدانە سەر شەقام. ئەو ڕۆژە کاتێ ڕۆژئاوابوو، سەرڕووی شەقامەکانی ئەزمیر بە تەرمی کوژراوەکان داپۆشرابوو.»

لەماوەی چەند سەعاتێکدا، بیست ئافرەتی یۆنانی کە پەنایان برد بۆ بەر ماڵە بەریتانیاییەک، دۆزرانەوەو پەلاماری ناموسیان درا. تورکەکان بەوەش نەوەستان و هێرشیان کردە سەر گۆڕستانی مەسیحییەکان و تەرمی مردووەکانیشیان لە گۆڕ دەرهێنایەوەو فڕێیان دان. یۆنانی و ئەرمەنییەکان بەرەو کەناری دەریا ڕایان دەکرد، بەڵام تورکەکان پێشیان پێ دەگرتن و بەتایبەتی کچە لاوەکانیان دەگێڕانەوەو، بەرچاوی خەڵکەوە پەلاماری ناموسیان دەدان و ئەگەر بهاتایە باوک، یان برای ئەو کچانە نارازیەتیان دەربڕیبا، هەر لەوێ دەیانکوشتن. بەهەزاران یۆنانی و ئەرمەنی لەکەنار دەریا کۆببوونەوە. ژمارەیەکی زۆریان خۆیان هەڵدایە ئاوەوە و، بە مەلە بەرەو کەشتییەکان ڕۆیشتن ، بەڵام گەلە کەشتی جەنگیی هاوپەیمانان بۆ ئەوەی بێلایەنی خۆی پاراستبێ، مافی ئەوەیان نەبوو ڕێگەیان پێبدەن بێنە نێو کەشتییەکانیانەوە.

ڕۆژی چوارشەممە ١٣ی ئەیلول ،ئاگرکەوتنەوە گەورەکەی ئەزمیر دەستی پێکرد، واتا لەیەک کاتدا چەند شوێنێکی شار ئاگری تێبەربوو. یەکێ لەو کەسانەی کە بەر لە هەموان چاویان بە بڵێسەکانی ئاگرەکە کەوت، خاتوو مینی میلز-ی بەڕێوەبەری قوتابخانەی کچانەی ئەمەریکاییەکانە لە ئەزمیر، کە بەو شێوەیە ڕووداوەکەی گێڕاوەتەوە: *«دەستبەجێ دوای نیوەڕۆ، یەکەم ئاگر لەیەکێ لە خانووەکانی تەنیشت قوتابخانە کەوتەوەو بەخێرایش پەرەی سەند. من بەچاوی خۆم دیتم کە ئەفسەرێکی تورک بەدەبە بەنزینێکەوە خۆی کرد بەو ماڵەداو دوایش ماڵەکە ئاگری لێ هەستا. مامۆستایان و قوتابیانی قوتابخانەکان بەچاوی خۆیان دیتیان کە چۆن ئەفسەرو سەربازە تورکەکان شاپڵیتەیان هەڵدەدایە نێو ماڵەکان. ئاگر کەوتنەوەکە لە گەڕەکێکی ئەرمەنی نشین کە کەوتبۆ بەرامبەر قوتابخانەکەی ئێمەوە دەستی پێکرد و، دوای چەند سەعاتێک سێ لەسەر پێنجی ماڵەکانی ئەو گەڕەکە ئاگریان تێبەربوو.*

هەرچەندە بایەکی ئەوتۆی نەدەهات، بەڵام ئەو کزە بایەی کە دەهات بووەهۆی ئەوە ئاگرەکە خێراتر پەرەبستێنێ.»

تاقمێک لە سەربازە تورکەکان، بە دەبە نەوت و بەنزییان بە ساختومانەکانی کەنار دەریاو شوێنی بارکردنی کەشتییاندا دەکرد. یەکێ لە نوێنەرانی خاچی سوری نێو دەوڵەتی کە نێوی کۆلۆنێل دێویس بوو، بەچاوی خۆی دیتبووی کە چۆن تورکەکان ڤیللا و خانووەکانی ئەو ناوەیان بەنەوت دەکردو دواتر ئاگریان تێ بەردەدان.

بازرگانێکی خەڵکی ئەزمیر کە نێوی سوقرات ئوناسیس بوو لەنێو ئەو یۆنانیانە دابوو کە ئەو ڕۆژە کەوتنە زیندانەوەو، لەبەر ئەوەی کە لەسەردەمی داگیرکردنی ئەزمیر لەلایەن یۆنانییەکانەوە یارمەتیی یۆنانییەکانی دابوو، نێوی کەوتبۆ نێو لیستی ڕەشی تورکەکانەوە. هەر ئەو ڕۆژە برایەکەیان لە سێدارەدا و، خوشکەکەشیان لەگەڵ ٥٠٠ کەسی دیکەدا لە کەلسیایەکدا سووتاند، بەڵام خۆی لە

مردن ڕزگاری بوو، ئەویش بەوەی کە کوڕەکەی چند سندوقێک وێسکی بە بەرتیل و لەبەرامبەر ئازادکردن و بەڕێکردنی باوکی بەرەو ئەمەریکا، دابووە ژەنراڵێکی تورک و یاریدەدەرێکی باڵیۆزی ئەمەریکا.

تا دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، پتر لە بیست هەزار خانوو شەواتە بوون و بوونە خۆڵەمێش. ئاگر کە، بەرەو کەنار دەریا دەڕۆیشت و دەتگوت سەری لە دووی ئەو خەڵکە بەدبەختەناوە. شار، بۆن کرووز و بۆنی گۆشتی برژاوی لێدەهات. بەرەبەری نیوەشەو، تەواوی ئەو ڤێللایانەی کە لەسەرکەناری دەریابوون، لەیەک کاتدا ئاگریان تێبەربوو. دانیشتوانی ئەو خانوانە وەک شێتان خۆیان هەڵدەدایە نێو ئاوی دەریاو بە پێی قسەی بێرتڕام تسایجری فەرماندەی کەشتی جەنگیی جۆرجی پێنجەم-ی سەر بە بەریتانیا، «*ئەو شەوە، سامناکترین ڤیژەییەکی بیستووە کە ڕەنگبێ لە قورگی مرۆڤ دەربچێت.*»

ئێرنێست هێمینگوای لە ڕاپۆرتەکەیدا کە بۆ ڕۆژنامەی تۆرێنتۆ ئێستاری ناردووە، نووسیویەتی: «*ئێمە لەبەندەربوون و بەرەبەری نیوەشەو دیتمان بەهەزاران کەس لەوێ کۆببوونەوەو لێکرا هاواریان دەکرد.*» وارد پریسی پەیامنێری ڕۆژنامەی (دەیلی میل)یش کە لەگەڵ کەشتی جەنگیی ئایرۆن دیوک چووبوووە ئەزمیر، لەو بارەیەوە نووسیویەتی: «*سەر ڕووی دەریا وەک مسی تواوەی لێ هاتبوو. بڵێسەی ئاگر، لە بیست گرەکانی تورەوە نزیک بە سی مەتر بەرەو ئاسمان بەرز دەبۆوە. دەکرا لەبەر ڕووناکیی ئاگرەکە بە باشی سەیری بورجی کەلسیای یۆنانییەکان و گومەزی مزگەوتی موسڵمانان و سەربانی خانووەکان بکەی.*»

هەزاران کەس لەو یۆنانی و ئەرمەنییانەی کە لەبەندەر کۆببوونەوە، بەڕادەیەک جێگەیان تەسک بوو کە کاتێ یەکێکیان گیانی لە دەستدا، تاماوەیەکی درێژ بەهۆی گوشاری ئەوانەی لەو بەرو ئەوبەری وەستابوون، بەسەر پێوە مابوو. لەنێو ئەو جەهەننەمەدا، لە دوورەوە دەنگی مۆسیقا دەهات و ئەو دەنگەش لە کەشتی جەنگیی جۆرجی پێنجەمەوە دەهات کە گەمیەوانەکە وەک نەبای هاتبێ و نەباران، وەک ڕۆژان لەسەر ڕووی کەشتییەکە فرمانی بە جوقی مۆسیقای سەربازی دابوو، مۆسیقا لێدەن. بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر، گەلە کەشتی جەنگیی هاوپەیمانان، چیدی نەیانتوانی بێلایەن بمێننەوە، تەواوی قایەغ و بەلەمەکانی خۆیان بۆ ڕزگارکردنی ئافرەت و منداڵەکان ڕەوانەی کەنار دەریا کرد.

کەشتی جەنگیی ئایرۆن دیوک، دوو هەزار پەنابەری لەخۆدا جێکردەوەو کەشتییەکانی دیکەش بەو شێوەیە چەند هەزار کەسێکی دیکەیان سوار کرد. بەڵام ئەو ژمارە لە چاو ئەو هەموو خەڵکەی کە چاوەڕێی ڕزگاربوونیان دەکرد، زۆرکەم دەهاتە پێش چاو. ئێستاکە ئێدی سەرانسەری ئەزمیر جگە لەو گەڕەکە تورک نشینەی کە کەوتبۆ داوێنی کێوی پاگۆس و لەبەرزایی دابوو، لە ئاگردا دەسوتا و، ئەوێ تاکە شوێنی شاربوو کە بەدەست لێنەدراوی مابۆوە.

* * *

لە نێو ئەوشارەی کە لە ئاگردا دەسووتا، دوورگەیەکی هێمن و خامۆشی دیکەش

هەبوو کە ئەویش نێوەندی سەرکردایەتی مستەفا کەمال بوو کە لەو کاتە شوم و پڕ لە مەینەتییەدا، جارێکی دیکە کەوتبۆ داوی عەشقەوە. مستەفا کەمال تازە هاتبۆ ئەو شوێنەوە کە ئافرەتێکی لاو داوای کرد ببینێ، بەڵام دەمرکەوانەکەی ڕێگەی نەدەدا ئافرەتەکە بچێتە ژوورەوە. ئیدی وای لێهات ئافرەتەکە ملی لەبەر ملی کابرای دەرکەوان ناو بە زۆر خۆی کرد بە ژووری مستەفا کەمالدا. مستەفا کەمال کە گوێی لە کێشمەکێشی دەرکەوان و ئافرەتەکە و دواتر هاتنە ژوورەوەی ئافرەتەکە بوو، زۆر تووڕەبوو و دەیویست بەسەر ئافرەتەکەدا بقیژێنێ و دەستبەجێ دەریکاتە دەرەوە. کەچی کە ئافرەتەکەی دیت، واقی وڕما؛ چونکە ئەوەی هاتبۆ ژوورەوە ئافرەتێکی لادێی نەبوو، بگرە بە پێچەوانەوە ئافرەتێکی شۆخ و شەنگی سەر ڕووتی دامێن لەبەربوو.

ئەو ئافرەتە نێوی لەتیفە بوو، لەتەمەنی ٢٤ ساڵیدا بوو، باوکی یەکێک بوو لەبازرگانە دەوڵەمەندو بە نێو بانگەکانی ئەزمیر و خاوەنی چەندین کەشتی بوو. کچێکی کورتە باڵای ناسک و چاوگەورەو ژیر بوو. دایک و باوکی بەمەبەستی پشوودان چووبوونە فەرەنسا و بە قەولی خۆی ئەو لە فەرەنساوە بۆ *«پیرۆزبایی کردن لە قارەمانی تورکیای نوێ»* کە وێنەکەیی لە مەدالیایەکی بچوک هاویشتبوو و بەملی خۆیدا کردبوو، گەڕابۆوە ئەزمیر.

لەتیفە سەبارەت بەو وێنەیەی مستەفا کەمال کە خستبوویە نێو مەدالیاوە، لە مستەفا کەمالی پرسی: *«خۆ پێتان ناخۆش نییە وێنەی ئێوەم وا لێکردووە؟.»*
مستەفا کەمال لە وەڵامدا گوتی: *«پێناخۆش بوونی چی؟ زۆریشم پێ خۆشە.»*

لەتیفە پێشنیازی ئەوەی کرد ماڵی باوکی کە ڤێللایەکی خۆش و ئارامە، کەوتۆتە دەوروبەری ئەزمیرەوە، چۆڵەو کەسی تێدانیەو وا باشە مستەفا کەمال بارەگای سەرکردایەتیی خۆی بگوازێتەوە ئەوێ. هەروەها گوتی خۆشی چەند زمانێکی بیانی دەزانی و خۆشحاڵ دەبێ ئەگەر بتوانێ یارمەتی مستەفا کەمال بدات.

مستەفا کەمال، بەبێ ئەوەی دڵ لە دڵ بدات ئەم پێشنیازەی پەسند کردو خانووەکە بەکەیفی ئەو دەرچوو. بەتایبەتیش کە کچێکی زۆر جوان میوانداری لێ دەکرد کە دەستبەجێ عاشقی ببوو.

هەر لەو شەوەیدا کە ئاگر کەوتنەوەکە لە ئاردابوو، مستەفا کەمال میوانداریيەکی سازداو ژمارەیەکی زۆر میوان و ڕۆژنامەنووسی بانگهێشت کرد. لەو شەوەدا لەتیفە سەرنجراکێشانە لەسەر ئەو قاڵدرمەیەی کە بەسەر باخەکەدا دەیڕوانی، وەستابوو و بەخێرهاتنی میوانەکانی دەکرد. لەکاتەدا، ئەزمیر وەک کورەی ئاگر دەسوتاو لە هەموو لایەکییەوە بڵێسەی ئاگر بەرزدەبۆوەو، لە ولاتر تارمایی خۆڵەمێشیی گەلەکەشتی جەنگیی وڵاتانی هاوپەیمان دەدیترا.

مستەفا کەمال ئاماژەی بەم دیمەنە کردو بەمیوانەکانی خۆی گوت: *«ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە تورکیا لە بوونی هەموو جۆرە خائین و بێگانەپەرستێک پاک دەبێتەوەو لەمەودوا تورکیا هی تورکەکانە.»*

کاتێ کە میوانەکان ماڵئاواییان کردو ڤێللاکەیان جێ هێشت، مستەفا کەمال

مەبەستی سەرەکی خۆی ئاشکرا کرد. بۆ پیاوێک کە تەنها وەکو کالآیەک سەیری ئافرەتی دەکردو ئەغلەبی ئافرەتانیش لەبەرامبەریدا خۆیان بەدەستەوە دەدا، ڕەفتاری خۆبەدوورگرانەو خاتوونانەی لەتیفە، مایەی نارەحەتی و دڵتەنگی بوو. لە کاتی ماڵئاواییدا، لەتیفەڕێگەیدا مستەفا کەمال ڕوومەتی ماچ بکات و پێی گوت ئامادەیە ببێتە هاوسەری، بەڵام ئافرەتێکی ئازادەو بەهیچ شێوەیەک ئامادەنییە ببێ بە ماشقەی و ئەو لەگەڵیدا ڕابوێرێ.

بەبیستی ئەم قسەیە مستەفا کەمال تووڕەبوو و دەستی کرد بە هات و هاوارو هەڕەشەکردن، بەڵام ئەمانە هەمووی بێ سوود بوو و لەتیفە خۆی بەدەستەوەنەدا. کاتێ مستەفا کەمال لە کۆتایی مانگی ئەیلول ئەزمیری بەجێ دەهێشت، هێشتا دەستی بەلەشی لەتیفە نەکەوتبوو و لەتیفە وەکو جاران هەر کچ بوو.

* * *

ڕۆژی هەینیش ئەم کوشتن و برین و تاڵانکارییە درێژەی کێشاو پەیامنێری ڕۆژنامەی دەیلی تەلگراف لە ڕاپۆرتێکیدا بۆ لەندەن، لەو بارەیەوە نووسیویەتی: *«سێ لەسەر پێنجی شاری ئەزمیر بووە بە خۆڵەمیش. ئەمڕۆ بەیانی کە دوا بڵێسەی ئاگر دامرکا، دەرکەوت کە پتر لە (٣٠٠) هەزار کەس بێ جێ و ڕێ بوونە. تەواوی گەڕەکە یۆنانی و ئەرمەنی نشینەکان کاول بوونە. ژمارەی کوژراو و بریندارەکان و ئەو زەرەروزیانانەی کە کەوتۆتەوە، مەزندە ناکرێ. تەواوی کەشتییەکانی هاوپەیمانان، بە ڕزگارکردنی پەنابەران و تیمارکردنی بریندارەکانەوە خەریکن. شەقامەکانی شار بە تەرمی مردووەکان داپۆشراوەو سەرەڕای ئەو هەموو بەڵێنانەی کە کەمال پاشا دەیدان، پێدەچێ تورکیا قەرزەکۆن و نوێیەکانی پاکردبێتەوە.»*

* * *

ئێستاکە، ڕەوتی ڕووداوەکان ڕووەو ئاقارێکی دیکەدەچوو؛ لە ١٦ی ئەیلول، مستەفا کەمال بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتبوو کەوا دەبێ تەواوی ئەو نێرینە ئەرمەنی و یۆنانییانەی تەمەنیان لە نێوان ١٥ تا ٥٠ ساڵە، تا ٣٠ ئەیلول ڕەوانەی ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملێیی نێو تورکیا بکرێن.

ئەوانی دیکەش، واتا پەنابەرە ئافرەت و منداڵ و بەساڵاچووەکان، دەبوایە تا هەمان ڕۆژ ئەزمیر بەجێ بێڵن، ئەگینا ئەوانیش بەهەمان شێوە دەستگیر دەکرێن و ڕەوانە ئۆردوگاکانی کاری زۆرە ملێیی دەکرێن. بەقەولی دکتۆر *لاوجوی*، تاکە پزیشکی ئەمەریکایی دانیشتووی ئەزمیر: *«ئەم فرمانە لە بڕیاری مەرگیش خەراپتربوو، چونکە چارەنووسی پیاوەکان ئەوەبوو کە بەرلەوەی بمرن وەک کۆیلەیان لێ بێت، بەڵام چارەنووسی ئافرەتەکان لەهی پیاوەکانیش سامناکتربوو.»*

لە ٢٦ی ئەیلول، واتا چوار ڕۆژ بەر لە کۆتایی هاتنی ماوە دیاریکراوەکە، نۆزدە کەشتیی نەفرهەڵگر، بەمەبەستی گوێزانەوەی دانیشتوانی ئەزمیر، گەیشتنە سەر بەندەرەکانی ئەزمیر.

سەربازە تورکەکان خەڵکەیان ڕیزکردبوو و یەک بەیەک دەیانپشکنین و ئەوەی پێیان بایە لێیان دەستاندن.

بەهۆی پاڵەپەستۆو زۆری حەشاماتەکە، هەندێ لەو ئافرەتانەی کە بەتەمەن داچووبوون یان ئەوەتا دووگیان بوون، کەوتنە دەریاوەو خنکان. تورکەکان هەر ئافرەتێکی پۆشتەو پەرداخیان بدیبایە لە ڕیزدەریان دەهێناو جوان جوان نێو پێڵاو گۆرەوییەکانیان دەپشکنی و ئەوەی پێی بایە لێیان دەستاند، ئەزمیر لە دوا ساتی چۆڵ کردنی لە دانیشتوان، دیمەنی دژبەیەکی سەیرو سەمەرەی تێدا دەبیندرا.
خاتو مارجۆری هوسپیان، لەو بارەیەوە نووسیویەتی: *«لە شەقامی سەرەکیی شاردا، پیاوێک (٥) تابوتی بەپەتێکەوە بەستبوو و بەدوای خۆیدا ڕایدەکێشان. کابرایەکی دیکە تەباغێکی گەرمی لە باوەش کردبوو و بەرەو کەنار دەریای دەبرد. سەماکەرە تورکەکان لەوەی کە لە مۆسیقاژەنە یۆنانییەکان دوورخرانەوەو بازاڕیان نەدەما، دەگریان و لەخۆیان دەدا. بەڵام سەرتاشە تورکەکان خۆشحاڵ بوون؛ چونکە توانیبوویان بە خۆڕایی ببن بەخاوەنی کورسیی ددانسازە یۆنانیەکان.»*
لە یەکی تشرینی یەکەمدا، گەلەکەشتی هاوپەیمانان توانی ١٨٠,٠٠٠ ژن و منداڵ بگوازرێتەوە. ئا لەو کاتەدا ماوە دیاریکراوەکە کۆتایی پێ هات، بەڵام مستەفا کەمال (٦) ڕۆژی دیکەشی خستە سەر ماوەکەی بۆ ئەوەی (٦٠) هەزار کەسی دیکەش کە مابوونەوە بگوێزدرێنەوە. دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوەدا هێشتا ژمارەی تەواوی ئەو کەسانەی کە گیانیان لە دەستداوە دیار نییە، بەڵام ڕەنگبێ ڕاپۆرتەکەی جۆرج هۆرتۆن-ی باڵیۆزی ئەمەریکا لە ڕاستییەوە نزیک بێت کە تێیدا ئاماژەی بەوەداوە کە لەم ڕووداوەی ئەزمیردا، (١٠٠) هەزار کەس گیانیان لەدەستداوە.
ئێستا تەنیا یەک پرسیار ماوە بیکەین ئەویش ئەوەیە ئاخۆ تورکەکان بەدەستی ئەنقەست ئەزمیریان ئاگر تێبەردا، یان ئەوەتا وەکو مستەفا کەمال دەڵێ یۆنانییەکان سیاسەتی زەوی سووتاویان پیادەکردو شارەکەیان کاول کرد بۆ ئەوەی کەس خێری لێ نەبینێ؟
هەندێ کەس بڕوا بە مستەفا کەمال دەکەن و هەندێکیش لەوانەی کە سۆزیان بەلای یۆنانی و ئەرمەنییەکاندایە، پێیان وایە تورکەکان بە ئەنقەست ئەم کارەیان کرد بۆ ئەوەی ئەسەواری یۆنانی و ئەرمەنییەکان لەو شارەدا بسڕنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا گێڕانەوەی ئەو کەسانەی کە لە ئەزمیر بوونەوەو بەچاوی خۆیان ئاگر کەوتنەوەو ڕووداوەکانی دوای ئاگرکەوتنەوەکەیان دیووە، لەم کارەدا تورکەکان بە بەرپرسیار دەزانن. بەڵام وڵاتانی ئەوروپایی و ئەمەریکا کە بەرژەوەندییەکی زۆریان لە تورکیادا هەبوو، ئەمەیان بەهەند وەرنەگرت و چیدی بە دووی باسەکە نەکەوتن و دوای ئەم ڕووداوە هەریەکەو بەجۆرێ خۆیان لە مستەفا کەمال و ڕژێمە نوێیەکەی نزیک کردەوە.

* * *

فەسڵی شانزدەهەم

دیکتاتۆر

سەرکەوتنەکەی مستەفا کەمال لە ساکاریا، گەلێ دەرئەنجامی گرنگی هەبوون کە هێشتا ولاتە ئەورووپیەکان هەستیان پێ نەکردبوون. لە کاتێکدا کە ئاگرکەوتنەوەکەی ئەزمیر بەرەمزی تۆڵەستاندنەوەی تورکەکان لە قەڵەمدەدرا، بەڵام مستەفا کەمال هێشتا ڕێگەیەکی سەخت و پڕ پێچ و پەنای بۆ گرتنەدەستی یەکجارەکی دەسەڵات لە پێشدابوو. ئەگەرچی لە هەموو شوێنێک وەک ڕێبەری تورکیای نوێ پێشوازیی لێدەکراو لە ئەنقەرەشدا زۆر دەسەڵاتدار بوو، بەڵام هێشتا سێ کۆسپی لەسەر ڕێ بوو: یەکەمیان، سوپای یۆنان دوای ئەوەی ڕایان کردبوو، لە ڕێگەی دەریاوە چوبوونە ویلایەتی تراس و لەوێ مۆڵیان خواردبوو و لەلای باکورەوە هەڕەشەیان لە قوستەنتەنیە دەکرد. دووەمیان، هێزی داگیرکەری هاوپەیمانان کەوتبوونە نێوان هێزەکانی ئەو و یۆنانییەکانەوە و سێیەمیان، مەسەلەی سوڵتانی پیرو پەککەوتە بوو کە هێشتا چنگی لە پاشماوەی دەسەڵاتەکەی قوستەنتەنییە گیرکردبوو.

تەنها ڕێگەیەک کە مستەفا کەمال دەیتوانی بەهۆیەوە بەرەورووی یۆنانییەکان بێتەوە ئەوەبوو کە بە گەرووی داردانێلدا تێپەڕببێ، بەڵام (چاناک کالێ) کە کەوتبۆ سەرکەنارەی ئاسیایی گەرووەکەو حەوت ساڵ پێشتر مستەفا کەمال و عارف لەو شوێنەدا لەگەڵ ئینگلیزەکاندا جەنگابوون، ئێستا بەدەست هێزی هاوپەیمانانەوە بوو. تاکە شوێن، پارچە زەوییەک بوو کە لەهەردوولای بسفۆڕەوە وەک ناوچەیەکی بێلایەن، یان لە چەک داماڵدراو لە قەڵەم دەدراو پەلاماردانی بەمانای دووژمنکاری لەگەڵ هێزە هاوپەیمانەکان لێک دەدرایەوە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، مستەفا کەمال بڕیاریدا بە داگیرکردنی ئەو ناوچەیە، مەسەلەکە بکا بە کێشەیەکی نێو دەوڵەتی. هەرچەندە دواتر دانی بەوەدانا کە هەمیشە هیوای ئەوەی هەبووە کە ئەم مەسەلەیە لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە چارەسەر بکات و هەروەها لەو بڕوایەشدا بووە کە ئینگلیزەکان سەرەڕای هێزو باڵادەستییان لە ناوچەکەدا بەرەو ڕووی نابنەوە؛ چونکە مەبەستی تەنها دەرکردنی هێزە یۆنانییەکان بووە. بەڵام ئینگلیزەکان بەوچاوە لە مەسەلەکەیان نەدەڕوانی و بەدیتنی یەکەم جموجۆڵی سوپای تورک، بەڵێنیان لەوڵاتانی فەڕەنساو ئیتالیا وەرگرت تا لەکاتی پێویستدا شان بەشانیان بەشداری لە جەنگی دژ بە تورکەکاندا بکەن. وردە

ورده که هەڕەشەکانی مستەفا کەمال توندتر بوون، چێرچیڵ که ئەو کاتە وەزیری کۆڵۆنییەکانی بەریتانیابوو، بەیاننامەیەکی توندی لە دژی تورکەکان دەرکرد.

بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەیە لەلایەن کەسێکەوە کەتا دوێنێ و بەدرێژایی سێ ساڵی رابردوو لە بەرامبەر لوید جۆرجدا داکۆکی لەتورکەکان کردبوو، سەیر دەهاتە پێش چاو. ڕەنگبێ دیمەنی هێزەکانی تورک لە گۆشەی کیشوەری ئەوروپا و کۆنترۆڵکردنی گەرووەکان لەلایەن تورکیاوە، بەو شێوەیە ڕقی چێرچیلی هەستاندبێ و وای لێکردبێ بەبێ ئەوەی پرس بە وەزارەتی دەرەوە بکات، بەیاننامەیەکی لەو بابەتە دەربکات. بەڵام ڕای گشتی لە بەریتانیا دژی شەڕبوو و ڕۆژنامەی دەیلی میل ئەم ڕستەیەی کردەمانشێت: «*پێش بەو شەڕە نوێیە بگرن.*» وڵاتانی ژێر فەرمانڕەوایی *(Dominion)* بەریتانیا؛ واتا *کەنەدا*، ئوسترالیا، نیوزلە*ندا* و ئەفەریقای باشور کە لە سەرەتادا بەڵێنی پشتیوانییان بە بەریتانیا دابوو، ئێستاکە پاشەکشێ یان لە هەڵوێستی خۆیان کردبوو و باسیان لە سیاسەتی کۆڵۆنیالیستیانەی لەندەن دەکرد.

لە هەموو ئەوانەش گرنگتر ئەوەبوو کە بەیاننامەکەی چێرچیڵ بیانووی ئەوەی دایە دەست وڵاتانی ئیتالیا و فەڕەنسا تا لەو بەڵێنەی لە سەرەتادا بەنابەدڵییەوە سەبارەت بە پشتیوانی و هاوکاری بە بەریتانیایان دابوو، پاشگەز دەبنەوە.

ئێستاکە چاناک کالێ، تەنها هێزی ئینگلیزەکانی لێ بوو، فەرماندەی ئەو هێزانەش بەدەست ژەنراڵ سێرچارلز هرینگتۆن- ەوەبوو و لەحاڵەتی ئامادباشیدا بوون.

ورده ورده مەوای نێوان هێزەکانی ئینگلیزو تورک کەم دەبۆوەو تا وایلێهات تورکەکان تەنها بیست مەتر لە ئینگلیزەکان دوور بوون و هیچ کامیشیان ئامادەنەبوون لەبەرامبەر ئەوەی دیکەدا بکشێنەوە. کاربەدەستانی لەندەن فرمانیان بەهرینگتۆن دا کە خۆی بۆ شەڕ لەو ناوچە بێلایەنەدا ئامادە بکات. مستەفا کەمالیش بە تەلگراف بە هرینگتۆنی ڕاگەیاند کەوا ناوچەی بێلایەن بە ڕەسمی ناناسێت و بۆ ئەوەی قسەکەی خۆشی بسەلمێنێت، نزیکەی سەد هەزار سەربازی تورکی نارده بن تەلدرووی ئۆردوگای ئینگلیزەکان، بەڵام فرمانی بە هێزەکانی دابوو لولەی تفەنگەکانیان ڕووەو زەوی بێت و بەهیچ شێوەیەک تەقە نەکەن.

هرینگتۆنیش فرمانی بەسەربازە ئینگلیزەکان دابوو تا ئەوکاتەی تورکەکان تەقەیان نەکردووە ئەوانیش تەقە نەکەن. بەقەولی مولازم پەتریک کە فەرماندەی بەشێکی هێزە ئینگلیزەکان بوو: «*بەتەواوەتی دیاربوو کە ئەم نیشاندانی هێزە تەنها گەمەیەکی جەنگییەو هەریەک لەلایەنەکان دەیەوێ هێزو توانا و ورەی خۆی بە ئەوی دیکە نیشان بدات. تا سەر ئەنجام سەربازانی هەردوولا دۆستانە بەرولای یەکتری هاتن و دەستیان لە نێو دەستی یەکدی ناو، تەنانەت لاچاوی یەکتریشیان ماچ کردو مستەفا کەمال و هرینگتۆن پەیامی دۆستانەیان ئاڵو وگۆڕ کرد.*» هرینگتۆن ئەو کەسە بوو کە نەیهێشت ئەم شەڕە بکرێ و بە پێچەوانەی قسەی سیاسەتمەدارانی لەندەن کە بەنیازی ئەوەبوون ئۆڵتیماتۆمێک بدەنە تورکەکان، دەجولایەوە.

سیاسەتمەداران لە لەندەن بەنیازی ئەوەبوون لە ڕێگەی خودی ژەنەڕاڵەوە بە تورکەکان ڕابگەیەنن کە یان شەڕ، یان کشانەوە. بەڵام هرینگتۆن ئاگاداربووبوو کە فەڕەنساییەکان پەیوەندییان بە مستەفا کەماڵەوە کردووەو بەدوای ڕێگەیەکی ئاشتییانەدا دەگەڕێن. بۆیە گوێی بە فرمان و ڕاسپاردەکانی لەندەن نەداو، بڕیاریدا دان بەخۆیدا بگرێ و چاوەڕێ بێت. لەولاشەوە مستەفا کەمالیش وەکو ئەو دانی بەخۆیدا گرتبوو و بەکلۆر شریدان-ی پەیامنێری مەیدانیی بەریتانیای گوتبوو: «*من هێندە دان بە خۆم دادەگرم تا ئەوان دەرفەتی پێویست بۆ پاشەکشێیەکی ئابڕومەندانەیان هەبێ.*»
هەڵسوکەوتی ژیرانەی هەردوو فەرماندەکەو ئەو سەبرو لەخۆبووردوویەی کە بۆ دەست پێ نەکردنی کردەوەی سەربازی لە خۆیانیان نیشاندا، بووەهۆی ئەوەی شەڕ دەست پێ نەکات.

لە کاتێکدا کە هێزە یاریدەدەرەکان لە ماڵتاو میسرەوە دەگەیشتنە ناوچەکەو گەلەکەشی سەربازیی بەریتانیا لە دەریای ناوەڕاستەوە بەرەو داردانێل کەوتبۆ ڕێ، نوێنەری فەڕەنسا بەڵێنی بە مستەفا کەماڵدا کە هاوپەیمانان یۆنانییەکان ناچار دەکەن خاکی تورکیا بەجێ بێڵن. بەریتانیا لە ڕازی بوون پتر چیدیکەی لەدەست نەدەهات و مستەفا کەمال بەبێ ئەوەی یەک گوللەی تەقاندبێ، سوپای یۆنانی لە خاکی نیشتمانەکەی دەرپەڕاند.

کێشەی ئاڵۆزی ناوچەی بێلایەنیش بۆ ئەو کۆنفرانسە هێشترایەوە کە لە شاری مودانیا بەسترا. تاکە شوێنی شیاو بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکانی کۆنفرانسەکە، بینایەی کونسوڵگەریی پێشووی روسیا بوو کە بەپەلەپەل خاوێن کرابۆوە و ڕازێندرابۆوە.

دانوستانەکان لە ڕۆژێکی بارانیدا دەستیان پێ کراو، ئەگەر چی لە بنەڕتدا هرینگتۆن دەسەڵاتی ئەوەی پێدرابوو کە قۆناغ بە قۆناغ ناوچەکە لە هێزەکانی بەریتانیا چۆڵ بکات، بەڵام جاری وا هەبوو نوێنەرانی هەردوولا چەندین سەعات لە مەسەلەیەکی لاوەکی و کەم بایەخ دەدوان. هرینگتۆن دواتر گێڕایەوە: «دیمەنی ئەو ژووره بچوکەو ئەو لامپایەم هێشتا لە پێش چاوە. من لەنێوەڕاستی ژوورەکەدا پیاسەم دەکردو کۆڵۆنێل عیسمەت-ی نوێنەری تورکەکانیش بە پێچەوانەی من پیاسەی دەکردو پەیتا پەیتا دەیگوت ناچمە ژێرباری مەرجەکانی ئێوەوە، بەڵام لە پڕێکا وەستا و بەزمانی فەڕەنسی گوتی: «*زۆر باشە، قەبوڵمە. من لە ژیانمدا بەقەدەر ئەکاتە شاگەشکە نەبووم.*»

هرینگتۆن لە ترسی ئەوە نەبادا جارێکی دیکە تورکەکان پاشگەزبنەوە، پێی لەسەر ئەوە داگرت کە دەبێ دەستبەجێ ڕێککەوتننامەکە ئیمزا بکەن، بەڵام ١٥ سەعاتی پێچوو تا ناوەرۆکی ڕێککەوتننامەکە نووسراو لە ڕێگەی ئەو نووسینگە بچوکەی کە لە مودانیا هەبوو، وەرگێڕدرایە سەر (٥) زمان و تایپ کرا.
ئێستا، مستەفا کەمال بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتی ڕەها، تەنها یەک لەمپەری لەسەرڕێگا مابوو.

* * *

هەستی لێکدانەوەو خۆگونجاندن، یەکێ لەسەرنجڕاکێشترینی ئەو تایبەتمەندییانە بوون کە مستەفا کەمالیان پێیان دەناسرایەوە.

کاتێ باسی لە بابەتێک دەکرد کەڕەنگبوو خەڵک کەیفیان پێ نەیەت، یان دژی بوەستن، هیچ خۆی تێک نەدەداو، بەلێزانی و شارەزاییەوە سنووری بۆ قسەکەی خۆی دادەناو هەوڵی دەدا خۆی لەگەڵ بارودۆخەدا بگونجێنێ و ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو ئەو شوێنە بەرێت کە مەبەستی بوو.

ئێستا، سەبارەت بە لادانی سوڵتانیش هەمان شێوازی گرتبۆبەر، بەڵام بەسەرنجدان لە هەستی ئایینیی خەڵک، دەیزانی کەوا هەر هەڵەیەک کە لەو بارەیەوە بیکات، یەکسانە بە خۆکوژیی سیاسی؛ بۆیە بە شارەزایی و لێزانیەکی زۆرەوە دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی ژەهراوی لە دژی کارو کردەوە سیاسییەکانی سوڵتان و دارو دەستەکەی و بە *«دەستەمۆی بێگانەکان و خائین* بە *بەرژەوەندیی نیشتمانی»* بەخەڵکی ناساندن.

هەر کە هەستی خەڵک وورووژاو خەڵک لە سوڵتان ودارو دەستەکەی بەقین داچوون، مستەفا کەمال، ژیرانە دەستی کرد بە داکۆکیکردن لە پلەوپایەی ئایینیی سوڵتان و گوتی نابێ ئایین و سیاسەت تێکەڵی یەکدی بکرێن.

سوڵتان، خەلیفەی موسڵمانانەو لەو ڕووەو جێی ڕێزو ستایشی خەڵکە، کەواتا بۆچی سەڵتەنەت، کە پلەیەکی سیاسییە پوچەڵ نەکەینەوەو، خەلافەت کە پلەیەکی ئایینییە نەپارێزین؟ ئەم پێشنیازە بەو مانایە بوو کە بەرەبابی عوسمانی وەک ڕێبەری ئایینی خەڵک بمێننەوە، بەڵام سیاسەتیان لە چەنگ دەربهێندرێ و بدرێتە سیاسەتمەداران.

کاتێک کە ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانی لە ئەنقەرە لەو بارەیەوە دەستی بە دانوستان کرد، مستەفا کەمال هەستی کرد کە ژمارەیەک لە نوێنەران حەز ناکەن دەنگ بەو پێشنیازەی بدەن کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە لێدانێکی کوشندە لە شان و شکۆی مێژوویی تورکیا دەدات. بۆیە ژمارەیەک لە برادەرەکانی کە لە هەمانکاتدا چەکداریش بوون لە خۆکۆکردەوەو، پێشنیازی ئەوەی کرد ککە ئەم باسە بەشێوەیەکی ئاشکرا بخرێتە بەر دەنگدانەوەو دەست بەرز بکرێتەوە، ئەمەش بووەهۆی ئەوەی کە دەنگی ناڕەزایەتی ئەو نوێنەرانە کپ بێت کە داوای ئەوەیان دەکرد دەنگدانەکە بەنهێنی بێت.

لەکاتێکدا کە برادەرەکانی دەمانچەکانی خۆیان هەڵکێشابوو، مستەفا کەمال گوتی: *«من دڵنیام لەوەی کە ئەنجومەن بە زۆرینەی دەنگ ئەم پێشنیازە پەسند دەکات، بۆیە تەنها دەست بەرزکردنەوە بەسە.»*

چەند نوێنەرێک دەستیان بەرزکردەوەو، سەرۆکی ئەنجومەن ڕایگەیاند: *«بەزۆرینەی دەنگ پەسندکرا.»* نوێنەرانی تووڕەو هەڵچوو، چووبوونە سەر کورسییەکانیان و ناڕەزایەتیان دەردەبڕی و دەیانقیژاند و هەندێکیشیان تفیان بەسەروچاوی یەکتری داکردو پێک هەڵپڕژان.

سەرۆکی ئەنجومەن لە کاتێکدا کەچاوی لەنێو چاوی مستەفا کەمال بڕیبوو، ڕایگەیاند: «*ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانیی تورکیا، بەزۆرینەی دەنگ پوچەڵ کردنەوەی سەڵتەنەت ڕادەگەیەنێت.*»

هات و هاوار قیژەقیژی نارازییانەی نوێنەران، چەندە دەقیقیەکی دیکەشی خایاندو دوای ئەوسوڵتانەکانی عوسمانی کە ٧ سەدەبوو حوکمیان بەسەر ئەوە وڵاتەدا دەکرد، چوو نێو پەڕەکانی مێژووەوە.

چەند هەفتە دواتر، کۆڵۆنێل ڕەفعەت چووە قوستەنتەنییەو جڵەوی کاروباری ئەوێی گرتە دەست و ، تێکڕای دەسەڵات و تواناکانی لە سوڵتان وەحیدەدین ستاندەوەو لە کۆشکی یڵدزدا بە تەنیای هێشتەوە. بەڵام سوڵتان سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بمێنێتەوەو بەرگری بکات تا هەندێ پڕوپاگەندەی سەبارەت بەوەی کە لەلایەن هێزە نیشتمانییەکانەوە دادگایی بکرێ، بەرگوێ کەوت. لەو کاتەدا سوڵتان جگە لە سەرۆکی ئۆرکێستراى کۆشکەکەی کە لە هەمانکاتدا خەزووریشی بوو، متمانەی بەکەسی دیکە نەبوو. بۆیە زۆر بەنهێنی ئەو کابرایەی ناردەلای ژەنراڵ هرینگتۆن کە ئەودەم خەریکی خۆئامادەکردن بۆ چۆڵکردنی خاکی تورکیا بوو لە هێزەکانی ئینگلیز. نێردراوەکەی سوڵتان بە ترس و لەرزەوە، بەدەم پیامەکەی سوڵتانی بەهرینگتۆن گەیاند کە تێیدا داوای یارمەتی و پشتیوانیی لە دەوڵەتی بەریتانیا کردبوو، بەڵام هرینگتۆن نەیدەویست بەوە تاوانار بکرێ کە لە خۆیەوە یارمەتی سوڵتانی داوەولە تورکیا ڕزگاری کردووە، بۆیە لە وەڵامدا گوتی: «*دەبێ سوڵتان بەشێوەی نوسراو ئەم داوایەی بخاتەڕوو.*» سوڵتانیش نامەیەکی نووسی و کاتێ هرینگتۆن نامەی سوڵتانی پێ گەیشت، پلانێکی بۆ ڕزگارکردنی سوڵتان داڕشت.

دوو ڕۆژ دواتر، کەمێک بەرلەوەی خۆر هەڵبێت، ئەمبۆلانسێک لەبەرامبەر دەرگای پشتەوەی کۆشکی یڵدز وەستا. سوڵتان و منداڵە بچوکەکەی و یەکێ لە خواجەسەراکان بە چەند باوڵێکەوە، لەژێر بارانێکی بەخوڕدا لە کۆشکی یڵدز هاتنەدەرو پەرستارێکی پیاوی ئینگلیزی یارمەتی دان تا سواری ئەمبۆلانسەکە بوون.

لەکەنار دەریا، قایەغێک چاوەڕێ بوو تا سوڵتان و هاوڕێیەکانی بگەیەنێتە کەشتی جەنگیی مالایا. دەریا سالارە ئینگلیزەکە پێشوازییەکی شایستەی لە سوڵتان کرد، بەڵام کاتێ سوڵتان زانی یەکێ لە باوڵەکانی ون بووە، دەستی بەهات و هاوارو نەڕاندن بەسەر خواجەسەراکەیدا کرد. سەرئەنجام باوڵەی سوڵتان کە لە قایەغەکەدا بەجێ مابوو، درایەوە دەست سوڵتان و سوڵتان ئیسراحەتی کرد.

یەک سەعات دوای ئەوە، لەبەرەبەیانی ڕۆژی ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢، کەشتی جەنگیی بەریتانیا، ئاوەکانی بسفۆری جێ هێشت و دوا سوڵتانی عوسمانیی گەیاندە شاری سان ڕیمۆی ئیتالیاو سوڵتان بە گومناوی لەو شارەدا نیشتەجێ بوو و عەبدولەجیدی ئامۆزای، کە یەکێ لە کوڕەکانی سوڵتان عەبدولعەزیز بوو، لەلایەن حکومەتی نوێوە بە خەلیفەی موسڵمانان و ئەمیرەلموئمینین دیاریکرا.

دوا داواکاریی سوڵتان لە هرینگتۆن ئەوەبوو کە لە کاتێکی گونجاودا وا بکات (٥) هاوسەرەکەی بگەنە لای، بەڵام باسی کچی باخەوانەکەی نەکرد.

هرینگتۆن توانی ئەم داوایەی سوڵتان بێنێتەجێ و دوای چەند ڕۆژێک یەکێ لە خواجە سەراکان گەڕایەوە قوستەنتەنیە و ئەو (٥) ئافرەتەی لەگەڵ خۆیدا بردە ئیتالیا. ئەمجارەیان ئیدی بەنهێنی نەبوو و هاوسەرەکانی سوڵتان بە ئاشکرا لە قوستەنتەنییەوە بەرەو ئیتالیا بەڕێ کەوتن و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە تەلگرافێکی سەیر بگاتە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە قوستەنتەنییە. یەکێ لە بەڕێوەبەرانی نمایش (پیشاندان)ی نیویۆرک لە تەلگرافێکدا نووسیبووی: «*سێرکی هیپۆردووم-ی نیۆریۆک، حەز دەکا هاوسەرانی سوڵتانی پێشوو دامەزرێنێ. تکامان وایە بەو کەسەی کە دەتوانێ ئەو ئافرەتانەمان بۆ بنێرێ ڕابگەیەنن کە پەیوەندیمان پێوە بکات.*»

*   *   *

هەرچەندە ئێستا دەسەڵات کەوتبۆ بەردەستی مستەفا کەمال، بەڵام سەرەڕای ئەوەش زەینی بە بابەتێکی دیکەوە خەریک بوو. ئەو ئیتر لەفکرییەی ئامۆزای بێزاربیوو و سەرەڕای ئەوەی کە مستەفا کەمال تووشی ئاگری عەشقی لەتیفە ببوو، فکرییەش تووشی نەخۆشی سیل ببوو. بۆیە کاتێک بەمەبەستی چارەسەر فکرییەی ناردە ئەڵمانیا، تەنها لەبەرئەوەنەبوو کە دەیویست چارەسەری بکات، بگرە دەیویست بەو شێوەیە لەخۆی دووری بخاتەوە. مستەفا کەمال نەخۆشی خۆی پێ تەحەمول نەدەکرا ئینجا نۆرەی فکرییە بوو. هەرچەندە فکرییە لە ڕابردوودا بەخۆیەوە خەریکی کردبوو، بەڵام ئێستا ئیدی کاتی ئەوەهاتبوو کۆتایی بەم باسە بێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر فکرییەی ناردە ئەڵمانیا، هەستی بەوەکرد کە جێگەکەی پێویستی بەیەکێک هەیە کە گەرمی کات.

هەندێ جار لەشارەوە ئافرەتیان بۆ دەهێناو بە پێی گوتەی کۆڵۆنێل عارف کە هێشتا برادەری خۆشەویستی مستەفا کەمال بوو، لەو شەوانەدا مستەفا کەمال بێ ئەندازە مەشرووبی دەخواردەوەو سەر ئەنجامی ئافرەتەکانیشی بەشەق و پێلاقە لە ژوورەکەی وەدەردەنان.

بێگومان دو شت مستەفاکەمالیان ناڕەحەت دەکرد؛ یەکیان بیرەوەریی فکرییە بوو کە ڕەنگبێ تاکە ئافرەتێک بوو کە لە قووڵایی دڵیەوە خۆشی دەویست و ئەوەی دیکەشیان بیرەوەری ئافرەتێک بوو کە خۆی بە دەستییەوە نەدابوو.

هەر ئەوەبووە هۆی ئەوەی کە شەوێکیان لە پڕێکا بە سایەقەکەی گوت خۆی بۆ سەفەرێکی درێژ ئامادە بکات و سەعاتێک دوای ئەوە لە تاریکی شەودا بەرەو ئەزمیر کەوتەڕێ.

هەر کە گەیشتە ئەزمیر، یەکسەر بەرەو گردەکانی بورنوا کەوتەڕێ و، بەنێو باخە سەر سەوزەکاندا تێپەڕی و گەیشتە ماڵی لەتیفە.

مستەفا کەمال لە دەرگای دا، بەڵام لەبەرئەوەی لەتیفە لەقاتی سەرەوە نووستبوو، گوێی لە دەنگی دەرگانەبوو، بۆیە مستەفا کەمال بەشانی دەرگاکەی شکاندو بە

خێرایی خۆی گەیاندە قاتی سەرێ و بەبێ ئەوەی سڵاو بکات؛ وەک ئەوەی درێژە بە گفتوگۆ ناتەواوەکەی شەوی ئاگرکەوتنەوەکەی ئەزمیر بدات، گوتی: *«زۆرباشە، رازیمە، مارەت دەکەم و، دەتکەم بە هاوسەری خۆم، بەڵام هەر ئێستاو بەبێ هەراو هۆیاو میوانداری و شتی لەو بابەتە...»،* بەڵام ئەو شەوە نەدەکراو، مستەفا کەمال ڤیللاکەی باوکی لەتیفەی جێ هێشت. بەڵام بەیانی زوو گەڕایەوەو دەستی لەتیفەی گرت و سواری ئۆتۆمبێلی کردو لە ڕێگادا تووشی مەلایەک بوو. هەر لەوێ لەسەر ڕێگا مەلا لێکی مارەکردن و بەم پێیە لەتیفە و مستەفا کەمال بوونە هاوسەری یەکتری.

ژن و مێردی نوێ، مانگی هەنگوینی خۆیان لە گوندەکانی تورکیادا بردە سەر، بەڵام مستەفا کەمال لای کەس نەیدرکاند کە ژنی هێناوە تا ئەو کاتەی ڕۆژێکیان لەکاتی نمایشی سەربازیدا، لەتیفە وەکو یەکێ لە بەردەستەکانی مستەفا کەمال، شان بە شانی مستەفا کەمال وەستا و ئەو کاتەبوو کە ئەفسەرەکانی زانییان ئەو ئافرەتەلاوە، هاوسەری ڕێبەری تورکیای نوێیە.

هەواڵی ئەم ژن هێنانەی مستەفا کەمال بەڕێکەوت لە مونیخ بەر گوێی فکرییە کەوت. جالییەی تورکەکانی دانیشتووی ئەڵمانیا کە ئاگایان لە پەیوەندی نێوان فکرییەو مستەفا کەمال بوو، سەرەڕای ئەو نەخۆشییە سەختەی کە فکرییە لێی بوو، میوانداریەکی شاهانەیان لێ دەکردو ئەویش دەیگوت بڕیارە دوای چاک بوونەوە لەگەڵ مستەفا کەمالدا ببن بە ژن و مێرد.

کاتێ یەکێ لە برادەرەکانی هەواڵی ژن هێنانی مستەفا کەمالی بە فکرییە ڕاگەیاند، لە حەژمەتان ڕەنگی لەبەردانەماو وەک بووکەشووشە بەسەر جێگەکەیدا بەربۆوە، بەڵام برادەرەکەی پێی نەگوتبوو کە لەتیفە دەستبەجێ دوای هاتنی بۆ ماڵی مستەفا کەمال، فەڕشەکەی فکرییەی فڕێ داوەو ، پەردەکانی دڕاندوون و شێوەو ڕووخساری نێو ماڵ و تەنانەت باخەکەشی گۆڕیوە.

* * *

یەکێ لە سەرسووڕهێنەرترین لایەنەکانی ژیانی سیاسیی مستەفا کەمال ئەوەبوو کە وەک هیتلەر لە ساڵانی دواتردا، چین و توێژەکانی خەڵک دەیانپەرست، بەڵام ڕۆشنفکران بڕوایان پێی نەبوو. ڕەنگبێ مستەفا کەمالیش وەک پیاوە مێژووییەکانی دیکە، جارجارە تووشی «نەخۆشی گەورەیی» دەبوو و پێیوابوو مومکین نییە کەسێکی دیکە بتوانێ لە تورکیا ڕۆڵی ئەو ببینێ. وردە وردە وا باوەڕی بەم مەسەلەیە پەیدا کرد تا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە بۆگەیشتن بە ئامانجەکانی دەتوانێ هەموو ئامرازێک بەکاربێنێ و، بە کورتیەکەی هەموو شتێک لە پێناو سەرکەوتن د ا بوو بە درووشمی.

کاتێ خەڵکی تورکیا مستەفا کەمال و دیکتاتۆرە هاوچەرخەکەی مۆسۆلینی یان خستە تای یەک تەرازووەوە، مستەفا کەمال تووڕەبوو و گوتی: *«بە هیچ شێوەیەک ڕاست نییە من و ئەو پیاوە لە خۆبابییە لە تەنیشت یەک دابنێن و بەیەکچاو لێمان بڕوانن. ئەو کەمتیارە چەکمە پۆشە دەتوانێ بەبێ هیچ دوودڵییەک وەحشییەکانی*

حـەبەشـە لەنێوبەرێت، بەڵام من لە پێناو گەلەکەی خۆمدا، پتر لە هەمـوو شـتێک بۆ وەحشییەکانی خۆمان جەنگاوم.»

مستەفا کەمال لەیەک ڕووەوە جیاوازییەکی سەرەکیی لەگەڵ مۆسـۆلینی و دواتر لەگەڵ هیتلەریشدا، هەبوو و ئەویش ئەوەبوو کە بەردەوام دووپاتی ئەوەی دەکردەوە کە تورکیا نیازی داگیرکردنی خاکی کەسی نییەو ئەوەشی بەکردەوە سەلماند. هەر کە شەڕی نێوان تورکیاو یۆنان کۆتایی پێ هات، دەست بەجێ لەگەڵ یۆنانییەکاندا ئاشت بۆوەو هەردوولا دەسـتیان کرد بە گۆڕینەوە یەخسیرەکان. مستەفا کەمال وازی لە هزری تورکچیەتی، عوسمانیچیەتی و ئیسلامچیەتی هێنابوو و، تەنها و تەنها دەیویست تورکیا شوێنی شایستەی خۆی لەنێو گەلانی پێشکەوتوودا بەدەست بێنێ.

دەمێک بوو گەیشتبۆ ئەو باوەڕەی کە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، دەبێ تورکیا ببێ بە کۆماری. چەندین هەفتەی بەردەوام ئەم بیروباوەڕەی لە نێوبرادەرو لایەنگرانیدا کە ئێستا سەرو شکڵیان گۆڕابوو، بڵاوکردەوەو گفتوگۆی لەسەر کرد. مستەفا کەمال زۆر جەختی لەسەر مۆدێرنیزم دەکردو پێی وابوو کە دەبێ تورکیا هەنگاو بۆ بەمـۆدێرن بوون بـهاوێ و، ئەمـەش وایکرد کـە نەیارەکـانی بێـدەنگ بن و دژایەتی بۆچوونەکانی نەکەن. کاتێ یەکێ لە پیاوانی ئایینی لە مستەفا کەمالی پرسی: «مۆدێرن» چیە؟

مستەفا کەمال لە وەڵامدا گوتی: واتا مرۆڤ بوون.

بیروبۆچوونەکانی خۆی لە ڕێگەی دیمانەیەک لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی ئۆتریشییەوە گەیاندە بەرگوێی دنیای دەرەوەو بەڵگەی ئەوەشی هێنایەوە کە ئێستاکە تەنها بە ناو نەبێ، ئەگینا لە هەمـوو ڕوویەکەوە تورکـیا خـاوەنی ڕژێمێکی کـۆمارییـە و لەو بارەیەشـەوە ئەمـەریکای بەنموونەی وڵاتێکی کـۆماری هێنـایەوە کـە تێیـدا هەمـوو تاکەکان بەشێوەیەکی یەکسان سوود لە ئیمکاناتی ژیان وەردەگرن و بەچاوی مرۆڤ سەیر دەکرێن.

وەکو هەمـوو سـیاسـەتمەدارێکی کارامـەو ژیر، سـەرەتا چوارچێوەو بنـەمـاکـانی بیروباوەڕەکانی خۆی لە وتارێکی کورتدا، بۆ ئەندامانی حزبەکەی شی کردەوە. لە ڕاستیدا لایەنگرەکانی چاوەڕێی ئەوەبوون کە مستەفا کەمال لەوە پتر قسەیان بۆ بکات، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو ڕۆژە ددانە تاقمەکانی نێو دەمی نوێ بوون، نەیتوانی لە چەند ڕسـتیـەک زیاتر قسە بکات و لە بری ئەو وەزیری داد بە دوورودرێژی قسـەی کردو ژیرانە بـەڵگەی ئەوەی هێنایەوەیە کە دەستووری نوێ هیچ شتێکی نوێی تێدا نییەو مەبەستی تەنها ڕوونکردنەوەو جێگیرکردنی ئەو یاسایانەیە کە هەنە.

کاتێ ڕەزامەندیی ئەندامانی حزبی وەرگرت، ئیتر ڕازی کردنی پەرلەمان کارێکی سەخت نەبوو و بە ئاکامی سروشـتیی لە قەڵەم دەدرا. پەرلەمـان بە زۆرینەی دەنگ دامەزراندنی کـۆماری تورکیای پەسندکردو مستـەفـا کـەمـالیشی بەسـەرۆکی ئەو کۆمارە هـەڵبژارد. ئەڵبەتە لەگەڵ ئەو *«بەزۆرینـەی دەنـگ»*ەشـدا، نزیکەی (١٠٠) نوێنەر، یان کاغەزی سپییان خستبۆ سندووقی دەنگدانەوە، یان ئەوەتا بەشداریی

دانیشتنەکەی پەرلەمانیان نەکردبوو. کاتێ کە نرکەی (١٠١)تۆپ، لە دایکبوونی تورکیای نوێیان لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٣دا ڕادەگەیاند، مانای وابوو لەمەودوا مستەفا کەمال بەهێزترین و دەسەڵاتدارترین کەسی تورکیایە.

ئێستا، دەیتوانی سەرۆک وەزیران و وەزیرەکانی خۆی هەڵبژێرێت وەک فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان سەرکردایەتی دەزگای سەربازیی وڵات بکات. بەو پێیە مستەفا کەمال کۆنترۆڵی ڕەهای گەل، دەوڵەت و سوپای بەدەستەوە گرت.

* * *

هێشتا گرفتێکی دیکەش مابوو و ئەویش مەسەلەی خەلافەت بوو. خەونەکانی مستەفا کەمال بۆ بنیادنانی تورکیای مۆدێرن تاڕادەیەکی زۆر دژی بیروباوەڕە ئایینییە دێرینەکانی خەڵکی تورکیا بوون و جیاوازییەکی تەواویان لەگەڵ یەکتریدا هەبوو. مستەفا کەمال باوەڕی بە ئایین نەبوو و جارێکیشیان بە گۆڵۆنێل عارفی گوتبوو: *«ئایین وەک لێفەیەکی ئەستوور وایە کە بەسەر خەڵکی تورکیادا دراوەو خەواندونی و نایەڵێ ڕابنەوەو پێش بکەون.»* بەم پێیە لە چالاکییە دژە ئایینیەکانی خۆیدا، ڕووی تیژی شمشێرەکەی لە عەبدولمەجید کرد کە کابرایەکی تەمەن پەنجا ساڵان بوو و هیچ جۆرە ئیدعایەکی سیاسی نەبوو.

ئەگەر چی عەبدولمەجید چیدی نازناوی سوڵتان بەدواوە نەبوو، بەڵام کەیفی بە شان و شکۆو گەورەیی دەهات. کاتێ لە ڕۆژانی هەینی بۆ بەشداریکردن لە مەراسیمی نوێژی هەینیدا، خەڵکی قوستەنتەنیە لەسەر ڕێگای ڕۆیشتنی ئەودا دەوەستان و هەلهەلەیان بۆ دەکێشا، چێژی لەم کارەیان دەبرد. بەڵام مەوکیبە پڕشکۆکەی دژایەتییەکی تەواوی لەگەڵ ژیانی هەژارانەو پڕ لە مەینەتیی خەڵکی تورکیای دواجەنگدا هەبوو. لەیەکێ لە ڕۆژەکانی هەینیدا، عەبدولمەجید مەندیلەکەی سوڵتان محەمەدی فاتیحی لەسەرناو بۆ جارێکی دیکە شمشێرە بەنێو بانگەکەی سوڵتان سەلیمی سێیەمی لە پشتی بەست. ڕۆژێکیشیان سواری قایەغی سەڵتەنەتی بوو کە چواردە سەوڵ لێدەر لێیان دەخوڕی و ئاڵای خەلیفەش بەسەر قایەغەکەدا دەشەکایەوەو بەم حاڵە شاهانەیەی بە بسفۆڕدا سووڕایەوە. ئەمە دوا دڵۆپ بوو کە ڕژایە سەر جامی سەبری مستەفا کەمال. مستەفا کەمال کە لە ئەنقەرەوە بە وردی چاودێری هەڵسوکەوتی خەلیفەی دەکرد، بەم کارەی خەلیفە لە ڕادەبەدەر تووڕەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دوانمایشەی خەلیفە هاوکات بوو لەگەڵ ئەوەیدا کە خەلیفە داوای زیادکردنی بودجەی خۆی کردبوو. مستەفا کەمال ئەم داوایەی بە توندی ڕەت کردبۆوەو، لە وەڵامدا پێی گوتبوو: *«چاوەڕوانیی ئێوە لە خەڵکی تورکیا بۆ پاراستن و بەهێزکردنی ئەو شتەی کە هی سەردەمی کۆنە، بەڕای من جۆرە گوستاخیێکە بەرامبەر بە خەڵک.»*

نەیارانی سیاسیی مستەفا کەمال کە لە هەمانکاتدا دژی دامەزراندن و بەرپایی کۆمار بوون، لەوەی کە ناکۆکی کەوتبۆ نێوان خەلیفەو مستەفا کەمالەوە، لەڕادەبەدەر خۆشحاڵ بوون. ئەگەر بۆ جارێکی دیکە بەخت یارمەتی مستەفا کەمالی نەدابایە، تەنانەت خۆشی لە خەباتەکەی خۆی دوودڵ دەبوو. بەختی ئەمجارەی

لەوەدابوو کە ئاغاجانی مەحەلاتی نامەیەکی نووسیبوو و تێیدا نارەزایەتی خۆی لەهەمبەر ئەو سوکایەتیانە دەربڕیبوو کە بە خەلیفە دەکرێن. مستەفا کەمال دەستبەجێ سوودی لەم دەرفەتە وەرگرت و هەڵەکەی لەکیس نەدا. نامەکەی ئاغاجان بەرلەوەی کە بگاتە دەستی مستەفا کەمال، لە رۆژنامەکاندا بڵاوکرابۆوە. مستەفا کەمال لە وەڵامدا گوتی رەنگبێ ئاغاجان کەسایەتییەکی موسڵمان و گرنگ بێت، بەڵام لەبەریتانیا دەژییەت، جلی ئینگلیزی دەپۆشێ، ئەسپی ئینگلیزی بەخێو دەکات، لەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلیزدا هەڵدەستێ و دادەنیشێ و لەڕاستیدا سیخوڕو پیاوی ئینگلیزەکانە.

ئەم وەڵامەی مستەفا کەمال بەشێوەیەکی فراوان لە نێو ئەندامانی پەرلەمان و خەڵکدا دەنگی دایەوەو، هەمووان بەدڵ و گیان هاودەنگی خۆیان بۆ مستەفا کەمال دەربڕی. مستەفا کەمال بەلێزانی و کارامەیی و بە تێکەڵ کردنی ڕاست و هەڵەو گەورەکردنی بابەتەکە، شەڕێکی گەورەی ڕاگەیاندنی لەدژی لایەنگرانی خەلافەت بەرپا کردو لە هەمانکاتیشدا هۆشداریی ئەوەی بە ئەندامانی ئەنجومەن دا کە ئەمانە بەم کارانەیان دەیانەوێ کۆمارە ساواکە لە نێو بەرن و سوڵتانی پێشوو بگەڕێننەوە سەر دەسەڵات.

چیوای نەبرد کە ئاغاجان لەنێو خەڵکی تورکیادا بوو بە ڕەمزی خەراپەو زەبوونیی سیاسەتی ئینگلیز کە مەبەستی پارچەپارچەکردنی خاکی تورکیایەو، هۆشدارییەکەی مستەفا کەمال بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکی تورکیا هەست بەوە بکەن کە سیاسەتی هێزە نیشتمانییەکان لە مەترسی دایەو پێویستە پشتیوانیان لێ بکەن. بەڵام هێشتا کەسانێک هەبوون کە لایەنگری خەلیفە بوون.

مستەفا کەمال هەموو جۆرە هاتوچۆیەکی زیادو نمایشیی خەلیفەی یاساغ کردو بودجەکەشی کردە نیوەو سزای لە سێدارەدانی بۆ هەموو ئەو کەسانەدانا کە هەوڵ بۆ گێڕانەوەی سەڵتەنەت بدەن. ئیدی ڕووداوەکانی دوای ئەمە بەریان پێ نەدەگیردرا. لە ٣ی ئازاری ساڵی ١٩٢٤دا، مستەفا کەمال بەرنووسی بڕیارێکی دایە پەرلەمان کە تێیدا باس لە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت دەکراو خەلافەت بە «*گرییەک کە لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە ماوەتەوەو دەبێ نۆژداریی بۆ بکرێت*» نێوبرا. بەرنووسی نێوبراو بەبێ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، لەلایەن پەرلەمانەوە پەسند کراو دەستبەجێ عەبدولمەجیدیان لە وڵات وەدەرناو، ڕەوانەی سویسرایان کرد. لەوێش بۆ دواجار سوکایەتی پێ کرا؛ چونکە ڕاسپێردراوانی سنووریی سویسرا لەبەر زۆریی هاوسەرەکانی، ڕێگەی چوونە نێو سویسرایان پێ نەدەدا. مانگێ دوای ئەمە، هەموو دادگا شەرعییەکانی نێو تورکیا هەڵوەشێندرانەوەو زمانی تورکی بوو بەزمانی ڕەسمی وڵات و ئەنقەرەش کرابە پایتەختی کۆماری نوێ. لە کاتێکدا کە مستەفا کەمال بەم بۆنەیەوە لە چانکایا میوانداریەتی بەرپاکردبوو، یەکێ لە کۆنترین هاوسەنگەرانی کە لە ڕووداوەکانی سالۆنیکدا شان بەشانی جەنگابوو و نێوی تۆفیق ڕەشتۆ بوو، لە پڕێکا خۆی بە هۆڵی میوانداریەکەدا کردو بەحەماسەتەوە دیکتاتۆری نویی تورکیای بەسێیانە پیرۆزەکەی مەسیحییەکان

چواند. مستەفا کەمال بە پێکەنینەوە پێی گوت: «*مەبەستت باوک و کوڕو ڕۆحی پیرۆزە؟ کەواتا ئاگات لێ بێ ئەم نهێنییە بەکەس نەڵێی!.*»
گومانی تێدانییە کە ئەو گەرم وگوڕی و جیدییەتە سەرسوڕهێنەری کە مستەفا کەمال لە کارکردندا لەخۆی نیشانی دەدا، سەرچاوەی لە ناکامیی لە ژیانی خێزانی و نێوخۆییدا بوو. ئەو ئێستاکە سەرەڕای سەرکەوتنە سەربازی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی، پیاوێکی کامڵی ورگنەی تەنیا بوو؛ چونکە دوای یەک مانگ بەسەر هاوسەریەتیی لەگەڵ لەتفیەدا، لەتیفە هەستی کرد کە مستەفا کەمال خیانەتی لێدەکا و پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتی دیکەدا هەیە. لەتیفە کە ئافرەتێکی لەڕادەبەدەر ژیربوو و لەئەورووپا خوێندبووی، زوو تێگەیشت کە مستەفا کەمال تەنها بەمەبەستی چێژ لێوەرگرتن کردوویە بە هاوسەری خۆی و هاوسەرییەتیەکەشی لەو ڕوانگەیەوە بووە کە بۆ چێژ لێ وەرگرتنی هیچ ڕێگەیەکی دیکەی شک نەبردووەو لە ناچاری پەنای بردۆتە بە ئەو شێوازەو ئێستاش مستەفا کەمال ئەوی لەبەرچاو کەوتووە. یەکێ لەو کەسانەی کە لە مستەفا کەمالەوە نزیک بوو دەڵێ: «*لەتیفە شارەزایی لە کاروباری سیاسیشدا هەبوو و لەزۆر بواردا بەری بە زێدەڕۆییەکانی مێردەکەی دەگرت.*»
مستەفا کەمال، هیچ ئافرەتێکی بەو تایبەتمەندییانەوە پێ تەحەمول نەدەکرا، بەڵام لەتیفە دەیویست ڕۆڵی هاوسەرێک ببینێ کە هەوڵی دەدا مێردە هەڵەکەرەکەی بگەڕێنێتەوە سەر ڕێی ڕاست و ئاگاداری هەموو نهێنییەکانی ببێت و، وانیشان بدات کە کاریگەریەتی بەسەر بڕیارەکانی مێردەکەیەوە هەیە. کاتێ لەتیفە بە ئینگلیزییەکی پاراو بە وراد پریس-ی پەیامنێری ڕۆژنامەی دەیلی میلی گوت: «*دەتوانی ئەوەی من دەیڵێم بەڕای مێردەکەمی لە قەڵەم بدەی*»، مستەفا کەمال لەڕادەبەدەر تووڕەبوو.
کاتێ ناخۆشییەکیان دەبوو، لەتیفەش وەک مستەفا کەمال هەڵدەچوو و تانەو تەشەری دەوەشاند. دەمەقاڵێی نێوانیان بەڕادەیەک پەرەی سەندو زیادی کرد تا وایلێهات مستەفا کەمال بە باشی زانی لێک جیابنەوە؛ بۆیە بەدەستی خۆی تەڵاقنامەکەیی نووسی و ئیمزای کردو بەیاننامەیەکی کورتیشی نارده پەرلەمان و ڕۆژنامەکان و ئینجا بە لەتیفەشی گوت ماڵەکەی بەجێ بێڵێ.
چیوای پێ نەچوو کە مستەفا کەمال لەگەڵ هاوسەری چەند کەسێک لە سەرانی وڵاتدا پەیوەندی پەیدا کرد. لەنێو ئەو تاقمەدا پاشایەک هەبوو کە هاوسەرەکەی پەیوەندی ئەوینداریی لەگەڵ مستەفا کەمالدا هەبوو و ڕۆژێکیان بە مستەفا کەمالی گوت: «*هەرچەندە کە خەڵک سەبارەت بە هاوسەرەکەم و جەنابتان قسە دەکەن، بەڵام من دڵنیام لەوەی کە ئەوانە هەمووی پڕوپاگەندەن.*» مستەفا کەمال بەسەریدا قیژاندو گوتی: «*من باشت دەناسم، تۆ پێشتر لە دژی من پیلانت دەگێڕا. بەڵێ من پەیوەندیم لەگەڵ هاوسەرەکەتدا بەرقەرار کردووە بەس بۆ ئەوەی تۆڵەت لێ بکەمەوە.*»
لەو کاتەدا، فکرییە هێشتا بەدەست نەخۆشییەکەیەوە دەیناڵاندو لە نەخۆشخانەبوو، بەڵام هەر کە هەواڵی جیابوونەوەی لەتیفە و مستەفا کەمالی بیست

بەبێ ئەوەی بە کەس بڵێ، دەستبەجێ گەڕایەوە تورکیاو هەر کە گەیشتە ئەنقەرە بە پەلە خۆی گەیاندە چانکایا.
شەو تەواوێکی لێ ڕۆیشتبوو کە فکرییە لە حاڵەتێکی نیمچە بێهۆش و لەوپەڕی بێ هێزیدا و لەکاتێکدا کە خۆی پێ لەسەر پێ دانەدەگیردرا، گەیشتە شوێنی دانیشتنی مستەفا کەمال.
بێگومان ئەو شەوە دیکتاتۆر لە ماڵەوەبوو؛ چونکە بەردەستەکەی دەرگای کردەوە. دواتر بەردەستەکە گێڕایەوە: *«کاتێ فکرییەم دیت، پەشۆکا بوو. داوای کرد مستەفا کەمال ببینێ، بەڵام ڕێگەم پێ نەدا؛ چونکە سەروشکڵی ئاسایی نەدەهاتە پێش چاو و لێی ترسام و گوتم نەوەکا نیازێکی خەراپی هەبێ. بۆیە بەئەرکی خۆم زانی کە ڕێگەی نەدەم بێتە ژوورەوە.»*
نازانین ئاخۆ بەردەستەکە بە مستەفا کەمالی ڕاگەیاندبوو کە فکرییە هاتووەو دەیەوێ بیبینێ یان نا؟ تەنها ئەوەندە دەزانین کە ڕۆژی دوایی پاسەوانەکان تەرمی بێ گیانی فکرییەیان دۆزییەوە کە گوللەیەکی لەسەر دڵی خۆی دابوو و خۆی کوشتبوو.
لەو ڕۆژە بەدواوە، وردە وردە کەسایەتیی مستەفا کەمال گۆڕا. عەلی فەتحی یەکێ لە هاوسەنگەرە کۆنەکانی دەڵێ: *« لاوازو کەم دوێ و گۆشەگیرببوو. نیگایە قوڵ و کاریگەرەکەی ئیتر کاریگەریی لە کەس نەدەکردو سارد دەهاتە پێش چاو. واپێ دەچوو کە ئیدی کەیفی بەهیچ شتێک و هیچ کەسێک نەیەت.»*
کاتێ کە دوای ماوەیەکی زۆ ناچاربوو لەبەردەم خەڵکدا ئامادەبێ، بەتەواوەتی گۆڕابوو. زەردەخەنە هەمیشەییەکەی کە سەرنجی لادێیەکانی پێ ڕادەکێشاو زەیرەکییە سیاسییەکەیی دەشاردەوە، نەمابوو و جێی خۆی دابوو بە توونددتیژی و خوێن ساردی.
بەحاڵەتێکی جیدی و بێ ڕەحمانە لە بەرامبەر خەڵکدا دەردەکەوت.تەنانەت برادەرە کۆنەکانی لێی دوور دەکەوتنەوەو خۆیان لێ بەدوور دەگرت، لەوانە عارفی ئازا کە شان بە شانی ئەو لە گالیپۆلی و دواتر لە ئانادۆڵدا جەنگابوو. دوای ئەو هەموو ساڵەی کە عارف وەکو هاوخەبات و هاوسەنگەرو نزیکترین برادەری دەژمێردرا، چارەنووسێکی شومی وەکو چارەنووسی فکرییە چاوەڕێی دەکرد.

* * *

ئەگەر چی تورکیای نوێ لە گەرمەی گۆڕانکاریەکاندا بووە وڵاتێکی سەربەخۆ، بەڵام بە قۆناغێکی سەختدا تێدەپەڕی و خەڵکەکەی برسی بوون. خۆراک دەست نەدەکەوت و پارەش کەم ببۆوەو ئەرمەنی و یۆنانییە کان کە زۆربەی کارە سوودبەخشەکانیان لە دەستدابوو، یان کوژرابوون یان ئەوەتا دەرکرابوون و ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی تورکەکان بەرەو ڕووی قەیرانێکی سەختی ئابووری ببنەوە.
باجەکان زیای کردو خەرمانەکانیش بەهۆی بانگکرانی وەرزێرە لادێیەکان بۆ خزمەتی سەربازی ، لە نێوچوون. خەڵک بەگشتی لەشەڕ بێزار و ماندووبوون و نارەزایەتیان دەردەبڕی، بەڵام پێ دەچوو مستەفا کەمال ئاگای لە ڕاستییەکان نەبێ

تا ئەو ڕۆژەی کە کوردەکانی دانیشتووی باشووری ڕۆژهەڵات و نزیک سنوری ئێران، بەدرووشمی *«بمرێ دیکتاتۆر»* و *«بژی سوڵتان»* لەدژی دەسەڵاتەکەی مستەفا کەمال ڕاپەڕین و، ئەو دەمە بوو کە مستەفا کەمال بەخۆهاتەوە. وەک چۆن سوڵتانەکانی پێشوو بە دڵڕەق و بێ بەزەییانە یۆنانی و ئەرمەنی و بولغاریاییەکانیان قەتڵوعام دەکرد، ئاواش مستەفا کەمال بەهەمان شێوە هەڵیکوتایە سەر کوردەکان و قەتڵوعامی کردن و، ئینجا دادوەرێکی جێی متمانەی خۆی بەنێوی بەلەدعەلی نارده ناوچەکە تا دادگای تایبەتیی سەربەخۆیی بۆ کوردەکان ساز بدات و ناوچەکە هێور بکاتەوە.

بەهەزاران کەس کەوتنە زیندانەوە، ئەشکەنجەدران و لە سێدارەدران و لوتکەی ئەم توندوتیژییەش لە سێدارەدانی ١٦ سەرکردەی کورد بوو لە مەیدانی گەورەی شاری دیاربەکر.

داوێنی ئەو خوێنڕێژی و دڕندایەتییە بەڕادەیەک فراوان بوو کە تەنانەت نزیکترین هاوڕێکانی مستەفا کەمال خۆیان پێ ڕانەگیراو دەنگیان هەڵبڕی و لە دژی وەستان.

کۆڵۆنێل عارف–یش لەزومرەی ئەو سیاسەتمەدارە ناڕازییانە بوو کە دەست لەکار کێشانەوەی خۆیان لە نوێنەرایەتی پەرلەمان ڕاگەیاندو پارتێکی ئۆپۆزسیۆنیان بەنێوی *«پێشڕەوی گەل»* دامەزراند. مستەفا کەمال دانی بەخۆ داگرت و چاوەڕێی دەرفەتێکی لەباری کرد بۆ ئەوەی تۆڵە لەو کەسانە بکاتەوە کە لە دژی وەستابوون و ڕوویان لێ وەرگێڕابوو. ئەم دەرفەتە لەبەهاری ساڵی ١٩٢٦دا، هاتە پێش و ئەویش ئەو کاتەبوو کەکابرایەک بەنێوی ضیاء خورشید ئیدعای ئەوەی کرد کە نیازی کوشتنی مستەفا کەمالی هەبووە. دیار نییە ئاخۆ عارف تا چ ئەندازەیەک پەیوەندی بەم پیلانەوە هەبووە، بەڵام دەرکەوت کە جارێکیان خورشید چووەتە ماڵی عارف.

خورشید لە ١٤ی حوزەیران، واتا دوو ڕۆژ بەر لەسەردانە ڕەسمییەکەی مستەفا کەمال بۆ ئەزمیر، هاتە ئەو شارەو لەیەکێ لەو هوتێلانەی کە کەوتبۆ سەر سەر ڕێگای مستەفا کەمال، ژوورێکی بەکرێ گرت و چەند بۆمب و نارنجۆکێکی لەژێر تەختە خەوی هوتێلەکەدا حەشاردا، بەڵام شەوی بەر لە ئەنجامدانی پەلامارەکە، یەکێ لە هاودەستەکانی خورشید خەبەری لێدا. لەنیوەشەوداو لەکاتێکدا کە خورشید لە سەرخۆشیان تەخت لێی نووستبوو، پۆلیس بەسەری داداو، بۆمب و نارنجۆکەکانیان دۆزییەوەو خورشیدیشیان دەستگیر کرد.

ئەم ڕووداوە بووەمایەی ناڕەحەتی خەڵک، بەڵام ناڕەحەتی گشتی کاتێ پەرەی سەند کە پۆلیس دەستی دایە دەستگیرکردنی سیاسەتمەدارە ئۆپۆزیسیۆنەکان کە کۆڵۆنێل عارفیشیان لە نێودابوو.

دادگایەکی نمایشی وەکو دادگایەکەی میدحەت پاشا لە سینەما ئەلحەمرا پێک هێندرا کە تێیدا تاوانباران بەبێ پارێزەر ئامادەبوون و بەلەدعەلیش بەبێ سێ و دوو و بەبێ جیاوازی تەواوی سیاسەتمەدارە دەستگیرکراوەکانی بەسێدارە حوکمدا.

لە دانیشتنەکانی ئەم دادگایە نمایشییەدا، عارف لەکاتێکدا کەلەپچەی لەدەست بوو، بەزەردەخەنەیەکی ساردو بەدڵنیایی لەوەی کە بێتاوانە، لە ڕیزی دووەم

دانیشتبوو و گوێی بۆ قسەکانی بەلەد عەلی ڕاداشتبوو کە لەو ساتەدا باشترین هاوڕێیانی دێرینی مستەفا کەمالی بەسێداره حوکم دەدا. مستەفا کەمال بەدەستی خۆی بڕیاری لە سێدارەدانی ئەو تاقمەی ئیمزا کردو کاتێ گەیشتە سەر ناوی عارف تەنها کارێک کە کردی ئەوەبوو کە جگەرە نیوە سووتاوەکەی خۆی لە نێو پەنجەکانیدا فیچاندەوەو، دوایی ئاختێکی هەڵکێشاو جگەرەیەکی نوێی داگیرساند.

ژمارەیەک لەو حوکم دراوانەیان دەستبەجێ لە سێدارەداو ئەوانی دیکە لەبارودۆخێکی سامناکدا کوژران؛ چونکە هەر ئەو شەوەی کە هاوڕێ دێرینەکانی مستەفا کەمال و ئەوانەی کە لە بنیادنانی تورکیا نوێدا یارمەتییان دابوو، لە سێداره دەدران، مستەفا کەمال میواندارییەکی گەورەی بۆ دیپلۆماتە بیانییەکان سازدابوو. تاقمێک جلی ڕەسمیی شەوانە (فراک)ی دەستکردی لەندەنی پۆشیبوو و زۆر بە کەیف بوو. ئەو شەوە تا درەنگ بە میوانداری لە میوانەکانییەوه خەریک بوو.

هەر لەو کاتەدا کە مستەفا کەمال خەریکی ئەو بەزمەبوو، شەش کیلۆمەتر لەولاترو لەمەیدانی گەورەی ئەنقەرە، بەبەرچاوی خەڵکەوه (١١) سێدارەیان داکوتاو، لەکاتێکدا کە حوکمدراوەکان ڕووپۆشی سپییان پۆشیبوو و دەستەکانیان لە دواوەڕا بەسترابۆوە، پەتی سێدارەیان خرایە مل. هاوکات لەگەڵ ئەو ساتانەیدا کە مستەفا کەمال لەگەڵ میوانەکاندا دەیخواردەوەو سەمای دەکرد، ڕێگە بەهەریەک لە حوکمدراوەکان درا وەک دوا قسە چەند وشەیەک بڵێن، یەکێ دوعای کرد، ئەوی دیکەیان چەند بەیتە شیعرێکی خوێندو یەکێکی دیکەیان هوتافی کێشاو...هتد. ئینجا هەر هەموویان بە پەتەوەکردن و خنکاندیانن و، بەلەد عەلیش بەپەلە بەرەو شوێنی میوانداریەکە کەوتەڕێ تا بە مستەفا کەمال ڕابگەیەنێ کە هەموو دوژمنەکانی لەنێو چوونە. کاتێ دوا میوان میوانداریەکەی بەجێ هێشت، مستەفا کەمال لەگەڵ چەند برادەرێکی تا بەرەبەیان پۆکەری کرد. هەندێ جار لە جێی خۆی هەڵدەستاو لە پەنجەرەوە لە دەرەوەی دەڕوانی. ڕەنگی دەموچاوی خۆڵەمێشی و چاوەشینەکانی زیندوویەتیان تێدا نەمابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ماندوویەتی پێوە دیارنەبوو و جلەکانی بێ گنج و لۆچ و خاوێن مابوونەوە.

لەکاتێکدا کە گزنگی خۆر لە گردە زەردەکانی دەوروبەری ئەنقەرەی دەدا و موژدەی ڕۆژێکی گەرمی دەبەخشی، مستەفا کەمال چووە ژووری نووستنی، بەڵام بەر لەوە بانگی بەردەستەکەی کردو فرمانی پێدا لەمەو دوا بە هەموو ئەو کەسانەی کە سەردانی دەکەن ڕابگەیەندرێت کە بە هیچ شێوەیەک لای ئەو نێوی کوڵۆنێل عارف نەهێنن.

* * *

مستەفا کەمال دوای لە نێوبردنی دوایین دوژمنەکانی، بەهێزو توانایەکی کەم وێنەوە بڕیاریدا ڕووخساری تورکیا بگۆڕێت.

سەرەڕای ئەو ڕاپەڕین و نائارامییانەی کە لە ناوچە جیاجیاکانی تورکیا لە ئارادابوون، بڕیاریدا لەسەرنانی فینە یاساغ بکرێت و، ئەم شتەش لەنێو کۆمەڵگای ئیسلامیی تورکیا بەقەدەر نوێژو ڕۆژ و بایەخی هەبوو. مستەفا کەمال بەبێنەوەی

گوێ بەو ناڕەزایەتییانە بدات، کڵاوێکی حەسیری پەنەمای لەسەرناو بەسەرانسەری تورکیادا سووڕایەوە. لە قسەکردنێکی لەشاری کاستامۆنیا گوتی: «هەندێ کەس دژی ئەوەنە کە لە جیاتی فینە، کڵاو لەسەر بنێن کە ئەمە کارێکی دەبەنگانەیە. بۆچی دەبێ ئێمە هێندە دژی کڵاو بین، بەڵام کەیفمان بە فینە بێت لەهەمان کاتدا تایبەتە بە یۆنانییەکان و یادگاری سەردەمی بیزانسە؟ ئەو جلانەی کە ئێوە دەیانپۆشن و تەنانەت شەڵوارە فشەکانتانیش یادگاری سەردەمی بیزانسە کە سوڵتانەکانی عوسمانی، واتا ئەو کەسانەی کە لاوەکانی ئێمەیان بەخۆڕایی بە کوشت دەدا، پاراستوویانە. دەزانن ئەو جلانە لە بنەڕەتدا هی چ کەسانێک بوونە؟ ئەم جلانە هی قەشە بیزانسی و یۆنانییەکان و هی حاخامە یەهودییەکان بوونە. لەسەردەمی پێشوو تەنها زانایانی ئایینی مەندیلیان لەسەردەنا کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەی زانست و زیرەکیان بوو، بەڵام دوای ماوەیەک بۆ فریودانی خەڵک هەرچی ڕاست بۆوە مەندیلێکی لەسەر نا.

بۆ گەلێکی زیندوو و شارستانی، مایەی شەرمەزارییە ئەگەر بیەوێ پەنا بۆ مردووەکانی بەرێت و داوای یارمەتییان لێبکات.»

لەو ڕۆژە بەدواوە پیرەمێردەکان دەسماڵێکیان لەسەریان دەبەست و دواتر کڵاویان لەسەردەنا، بەڵام پۆلیس دەسماڵەکانی دڕاندن. وەرزێرەکانی ئەنادۆڵ کە لە ژیانیاندا هەرگیز کڵاویان لەسەر نەنابوو، ئەغڵەب کڵاوی ڕوسییان لەسەر دەنا. لە ئەزمیر، لادێیەک عەمباری کڵاو فرۆشییەکی ئافرەتانی دۆزییەوە کە پڕبوو لە کڵاوی ئافرەتان و هی ئافرەتێکی یۆنانی بوو کە ڕای کردبوو. عەمبارەکە تەژێی کڵاوی ڕەنگاوڕەنگی ئافرەتان بوو کە کابرا بە لادێیەکانی دەوروبەری دەفرۆشت.

پیاوەکان کڵاوە هاوینیە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئافرەتانیان لەسەر دەناو بەو کڵاوانە هاتوچۆی بازاڕیان دەکردو لە کێڵگەکانیشیاندا کاریان دەکرد!

هەر جارەی مستەفا کەمال چاوی بە فینە بەسەرێک کەوتبایە، بەڕق دادەچوو، تەنانەت جارێکیان کە باڵیۆزی میسر بە فینەیەکی سوورەوە لە ئەنقەرە بەشداریی لە میوانداریيەکی دیپلۆماتیکدا کردبوو، مستەفا کەمال بە تووڕەییەوە لێی چۆ پێشەوەو پێی گوت: «بە پاشاکەتان بڵێن من کەیفم بە کڵاوەکەتان نایەت.»

دوای ئەوە دەستی دایە لادانی عەبای ئافرەتان. لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لە شاری ئیستەنبوڵ گوتی: «من زۆر لە خوشکانم بینیووە هەر کە پیاوێک لێیانەوە نزیک بۆوە، خێرا ڕووی خۆیان دادەپۆشن. ئاشکرایە کە ئەم کارە لەو هەواکەرمەی هاویندا ناڕەحەتیان دەکات. بۆچی ئێمەی پیاو هێندە خۆویست بین و بهێڵین خوشکەکانمان لەو بارودۆخەدا بژین؟ باشتر وایە بێڵین ڕووی خۆیان نیشانی دنیا بدەن و بواری ئەوەیان پێبدەین سەفەر بکەن و چاویان بە شوێنە جیاجیاکان بکەوێ. نابێ لە هیچ بترسێین. هیچ گەلێک بەبێ هاوکاری و بەشداریی ئافرەتەکانی ناتوانێ پێش بکەوێ. ئایا ئافرەت و کچانی دنیای پێشکەوتوو ئاواو بەم شێوەیە جل دەپۆشن و هەڵسوکەوت دەکەن؟ ئاشکرایە نەخێر...»

بەڵام لادانی عەبا لەسەر ئافرەتان بەرەوڕووی کۆمەڵی گیروگرفت دەبۆوە،

بەتایبەت لە لادێیەکان کە ئەگەر کچێک بە پێی یاسا جولابایەوەو بەبێ عەباچووبایە دەرەوە، لەکاتی گەڕانەوەیدا دایک و باوکی چینێکی باشیان دەکوتا. سەرئەنجام مستەفا کەمال وای بە باشی زانی جارێ هەوڵەکانی بەشێوەیەکی چڕوپڕ لە شارەکاندا بخاتەگەڕو لادێیەکانی هێشتەوە بۆ ئەوەی وردە وردە ئەم گۆڕانکارییانە قەبوڵ بکەن.

ڕێبەری تورکیای نوێ، دوای هەڵوەشاندنەوەی حەرەمسەراکان و بوچەڵکردنەوەی فرەژنی، داهێنانێکی دیکەشی ئەنجامداو ئەویش دامەزراندنی قوتابخانەی تێکەڵاو بوو لە قوستەنتەنییە. هەروەها مۆسیقای کلاسیکی ڕۆژئاوای هێنایە نێو تورکیا، بەڵام چاکسازییەکانی دیکەی گەلێ لەو شتانەی کە باسکران قوڵترو پڕ بەهاتربوون. یاسای مەدەنی نوێی بۆ وڵات دانا کە لەبەر گیراوەی یاسای مەدەنیی سویسڕابوو، ڕۆژمێری ڕۆژئاوایی قەبوڵ کردو ڕۆژی یەکشەمەی بە ڕۆژی پێشووی گشتی ڕاگەیاند. بەر لەوە ڕۆژی هەینی ڕۆژی پشووی موسڵمانان، شەموان ڕۆژی پشووی یەهودییەکان و یەکشەموانیش ڕۆژی پشووی مەسیحیەکان بوو و، بەم شێوەیە جاران لە هەفتەیەکدا سێ ڕۆژ پشووی گشتی هەبوو. سەلاموعەلێکی بەزمانی عەرەبی یاساغ کردو لە جیاتی ئەمە بڕیاریدا خەڵک لەکاتی دیتنی یەکتریدا تەوقە بکەن. ڕۆژمێری کۆچیی مانگی کە تێیدا هەر سەدەیەک ۹۷ ساڵە، بوچەڵ کرایەوەو ڕۆژمێری زایینی جێی گرتەوە، کاتی تورکیای لەگەڵ گرینویچدا گونجاند و سیستەمی پێوانەی مەتریی هێنایەکایەوە.

گرنگترین تازەگەری مستەفا کەمال، داهێنانی ئەلفوبێی نوێی بۆ تورکەکان بوو. لەکاتێکدا کە بە تەباشیرو تەختەڕەشی بەدواوە بوو، بەسەرانسەری تورکیادا گەڕاو خەڵکی لەگەڵ ئەلفوبێی دا ئاشنا کرد. مامۆستایانی زانکۆ لە تورکیا لەماوەی (٦) هەفتەدا ئەلفوبێی لاتینی زمانی تورکیایان نووسیبۆوەو، مستەفا کەمال یەکەم کەس بوو کە فێری ببوو.

مستەفا کەمال ماندووبوونی پێوە دیارنەبوو و کۆڵنەدەرانە هەوڵی دەدا. فرمانی بە قوتابخانە بیانییەکان دا ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی تورک کە هەرچەندە ئاستیان لە خوارێ بێت و زانیارییەکانیان کرچ و کاڵ بێت، دابمەزرێنن و چیدیکەش ڕێگەی نەدا قوتابخانەی بیانی نوێ دابمەزرێندرێن. کارکردنی بیانییەکانی لە زۆر بواردا یاساغ کرد، سواڵکردنی بە کارێکی نایاسایی ڕاگەیاندو گەمەکردن بە شێتەکانی بە تاوان لە قەڵەمدا. وردە وردە نێوی شارەکانی تورکیاشی گۆڕی، ئەسمیرنای کرد بە ئەزمیرو ئەنقەرەشی کردە ئانکاراو، تەنانەت نێوی قوستەنتەنیەشی گۆڕی. ئەو شارە مەزنەی کە یۆنانی و ڕۆمییەکان بە بیزانتیوم، عەرەبەکان بە *«دەروازەی کامەرانی»* و ئەسکەندەناڤییەکان بە *«شاژنی شارەکانی جیهان»* نێویان دەبرد، کرا بە ئەستەمبوڵ کە تەحریف کراوی تورکیی ئەو ڕستەبوو کە یۆنانیەکان لەسەر تابلۆ کۆنەکانی ڕێنوێنی ڕێبوارادا دەیاننووسی و بەمانای *«بەرەو شار»* بوو.

*   *   *

بەدرێژایی ئەو ساڵانە، هەردوو دوژمنی دێرین، واتا تورکیا و ڕووسیا، هاوتەریب و پێ بە پێی یەکتری گۆڕانیان بەسەردا هاتبوو. شۆڕشی ڕوسیا لە ساڵی ١٩٠٥ و شۆڕشی تورکە لاوەکان لە ١٩٠٨ هەردووکیان لە ویستێکی قوڵەوە سەرچاوەیان گرتبوو ئەویش بەرپایی دیموکراسی بوو لە دوو ئیمپراتۆرییەتی نیمچە ئاسیایی و نیمچە ئەوروپایی کە بەهۆی کاریگەری شۆڕشی پیشەسازی شێوە ڕووخساریان گۆڕابوو.

هەردوو وڵات لە شەڕی یەک بە دوای یەکدا تێکشکابوون و بەرەو ڕووی سەعاتی چارەنووسیان ببوونەوە. کۆمەڵێ خاڵی هاوبەشی دیکە لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا بەدی دەکرا؛ هەردووکیان ئایینیان لە سیاسەت جیاکردبۆوەو هاوکات لەگەڵ ئەوەیدا کە قوستەنتەنییە ببوو بە ئەستەمبوڵ و ئانکارا بە پایتەخت ڕاگەیەندرابوو، لە ڕوسیاش سەنپترسبۆرگ، ببووە پترۆگرادو دواتر لینینگرادو، پایتەختیش دەگوێزرایەوە بۆ مۆسکۆ. ئەم پایتەخت گۆڕینانە لەهەردوو وڵاتدا بەمانای ئەوەبوو کە دەیانەوێ پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ڕابردووی پڕ لە کارەسات و نوشوستیدا بپچڕن و سەردەمێکی نوێ دەست پێ بکەن.

بەڵام لەهەمانکاتدا جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ئەو دوو وڵاتەشدا هەبوو. ڕوسیاش بەدەست مەسایلی ئایدۆلۆژیکیەوە دەیناڵاندو ئەوەش وایکردبوو کە لە زۆر بواردا هەوڵی بۆلشۆڤیکەکان بۆ چاکسازییە نێوخۆییەکان تووشی نوشوستی و شکست بێت، بەڵام بە پێچەوانەوە کاروکردەوەکانی مستەفا کەمال لە خۆماڵیکردنی بانکەکان و گەیاندنی وزەی کارەبا بە گوندەکان، هەرگیز بەرەوڕووی ئەم جۆرە ئاستەنگانە نەبۆوەو، لەو جێیەیڕا کە بنەمای بیروباوەڕەکانی مستەفا کەمال لەسەر دامەزراندنی تورکیایەکی مۆڕێرن لەسەر شێوەی ڕۆژئاوا بنیادنرابوو، دەیتوانی هەموو جۆرە ئاستەنگێک لەسەر ڕێگا هەڵگرێت و ئەو چاکسازی و ڕیفۆرمانەی کە مەبەستی بوون لە ڕێی پەرلەمانەوەو لەکاتی خۆیاندا ئەنجامیان بدات.

* * *

پوچەڵکردنەوەی ئەو نازناوانەی کە بە درێژایی چەندین سەدە وەک بەشێک لە مێژووی عوسمانییان لێهاتبوو، بەیەکێ لە دوایین چاکسازییەکانی مستەفا کەمال لە قەڵەم دەدرا. نازناوەکانی پاشا، بەگ، ئەفەندی و..هتد، کە لە زمانی بیانییەوە هاتبوونە نێو زمانی تورکییەوە، پوچەڵ کرانەوەو بە پێی یاسا خەڵک ناچارکرا شۆرەتێک بۆخۆی هەڵبژێری و دەبوایە شۆرەتەکەشی تورکی بێت. تا ساڵی ١٩٣٤ خەڵک بەلکاندنی پیشە، یان شوێنی لە دایک بوونی بەنێوی خۆیەوە، بەنێو بانگ بوو. بۆنموونە ئەگەر باخەوانێک نێوی عەلی بایە و خەڵکی ئەنقەرەش بوایە، یان پێی دەگوترا عەلی بۆستانجی، یان بە عەلی ئەنقەرەیی نێویان دەهێنا. مستەفا کەمال تەنانەت نێوی خۆیشی کە ڕەگ و ڕیشەی عەرەبیی هەبوو، گۆڕی و خۆشبەختانە توانی وشەیەکی تورکی پڕمانای بۆ بدۆزرێتەوە. ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانی تورکیا، لە دانیشتنێکی پڕجۆش و خرۆشدا نازناوی «ئەتاتورک»ی بە مستەفا کەمال بەخشی و لەو ڕۆژە بە دواوە مستەفا کەمال بوو بە کمال ئەتاتورک کە ئەتاتورکەکە

بەمانای باوکی تورکەکان بوو.
کەسایەتی کەمال ئەتاتورکیش گۆڕانی بەسەرداهاتبوو و لە ڕادەبەدەر خۆپەرست ببوو.لەساڵی ١٩٢١، زۆر بە شانازییەوە گوتبووی لە ماڵی دنیا هیچی نییە، بەڵام ئێستا دەست نووساو پارەپەرست ببوو و، ئیرەیی بە هەموو شتێک دەبرد. کێڵگە بچوکەکەی کە بەشێوەیەکی سرووشتی لەدەشتەکانی چانکایا درووست ببوو، ئێستا ببوو بە گەورەترین کێڵگەی بەخێوکردنی ئاژەڵ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. حەزی لەوەبوو وەکو ئاغایەک هەڵسوکەوت بکات و دەستی لە هەموو کارێک وەردەدا.
جارێکیان کە لەگەڵ کەم ئاویدا بەرەوڕوو بۆوە، ناردی بەدوای ئەندازیاری ئاودێری دا و، فرمانی پێدا عەمبارێکی نوێ دروست بکات. لەو کاتەدا، یەکێ لە برادەرەکانی پێشنیازی ئەوەی پێ کرد کە بۆچی لەجیاتی ئەو عەمباراوە گۆلێکی لە شێوەی گۆلەکەی ژنێڤ لە چانکایا درووست ناکات. ئەتاتورک پێشنیازی برادەرەکەی پەسند کرد، بەڵام فرمانی دا پانتایی گۆڵەکە بەقەدەر دەریای مەڕمەڕە بێت.
ڕۆژ بەڕۆژ پتر مەشرووبی دەخواردەوە، قوماری دەکردو لەگەڵ ئافرەتانداکاتی بەسەر دەبرد. ئەگەرچی ئەم کارانەی لە کۆڕوکۆمەڵە جیاجیاکانی تورکیادا دەگێڕدرایەوەو دەکەوتە سەرزاری خەڵک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارانەی کەمترین زیانێکیان لە ئابڕو ناوبانگی نەدەداو خەڵک چاوپۆشییان لەکارەکانی دەکرد. تا ئەوەی کە جارێکی دیکە کۆنە نەخۆشییەکەی واتا ئەو نەخۆشییەی لە سۆفیا تووشی ببوو، لێی هەڵدایەوە. مستەفا کەمال هەرگیز بە باشی ئەم نەخۆشییەی چارەسەر نەکرد و ئێستا وا زیانی بە جەرگی گەیاندبوو. بەپێچەوانەی قسەی دکتۆرەکان کە پێیان گوتبوو مەشرووب نەخواتەوە، ڕۆژ بەڕۆژ بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی پتر پەنای دەبردە بەر مەشرووب. لە ساڵی ١٩٣٨، بە ئاشکرا دیاربوو کە پێکهاتەی لەشی هێندە بەهێز نییە کە بتوانێ بەرگەی ئەو نەخۆشییە کوشندەیە بگرێت؛ بۆیە پزیشکە تورکەکان بەبێ ئاگاداری ئەو، پرۆفیسۆر فیسینگر-ی فەرەنساییان هێنایە تورکیاو ئەویش دەستبەجێ نەخۆشییەکەی مستەفا کەمالی بە ئاوسانی جگەر دیاری کردو بەسەر ئەتاتورکدا قیژاندی. *«ئێوە ڕەنگبێ فەرماندەیەکی گەورەبن و لە زۆر جەنگدا سەرکەوتنتان بەدەست هێنابێت، بەڵام ئێستا من فەرماندەی تۆم و دەبێ فەرمانەکانم جێبەجێ بکەی.»*
ئەتاتورک سەری لەو شێوە دوانە ڕاشکاوانەی پرۆفیسۆرە فەرەنساییەکە سوڕما، بەڵام وا کاری تێکرد کە وازی لە خواردنەوە هێناو، پارێزەکانی قەبوڵ کردو ڕازی بوو لەسەر ئەوەی بۆماوەی سێ مانگ بحەسێتەوەو تەنها ڕۆژانە بۆماوەی نیو سەعات هەستێتەوەو بە کاروباری وڵات ڕابگات. فرمانیدا کورسییەکی حەسانەوەی تایبەتییان بۆ لە بەریتانیاوە هێنا کەتێیدا ڕادەکشاو بەخوێندنەوەی نامەو دەرکردنی بڕیارەکانەوە خەریک دەبوو، بەڵام دوای مانگێک بەدزییەوە لە جێگەکەی دەهاتە دەرو دوور لە چاوی بەردەستە وەفادارەکەی (ساڵح)، کە لە شەڕی گالیپۆلییەوە بەجێی نەهێشتبوو و لەگەڵیدا بوو، دەجولایەوەو ئەم جولانەوەیەش لە ڕادەبەدەر مەترسی بۆ

سەر ژیانی هەبوو.

هەندێ لە مێژوونووسانی تورک لەو باوەڕەدان کە ئەتاتورک لە دڵەوە حەزی لەوە نەبوو چاک بێتەوەو، وای پێ باش بوو لە لوتکەی دەسەڵات و شانازیدا جیهان بەجێ بێڵێ و هەمیشەش ئەو پەندە تورکییەی دووپات دەکردەوە: *«هەر کاتێ خانوو سەری گیرا، ئیزرائیل لە دەرگای ئەو خانووە دەدات.»* ئێستاکە، کۆماری تورکیا لە تەمەنی ١٥ ساڵی دابوو و، سەیر ئەوەبوو کە دامەزرێنەرەکەی دوا ڕۆژەکانی تەمەنی خۆی لەسەر تەختە خەوێکی گەورەی قاتی دووەمی کۆشکی دۆڵمە باخچەدا بەسەردەبرد کە بە قەنەفەو کەلوپەلی دوا سوڵتانی عوسمانی ڕازێندرابۆوە.

مستەفا کەمال لە سەعات ٩,٠٥ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٨، لەو ژوورەیدا کە پەنجەرەکانی بەسەر ئاوەکانی بسفۆڕدا دەکرانەوە، لەتەمەنی ٥٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. هەر ئەو ڕۆژەو لەکاتێکدا کە خەڵک لەسەر شەقامەکانی قوستەنتەنییە دەگریان و لەخۆیان دەدا، ساڵح-ی وەفادار بە مستەفا کەمال، لەیەکێ لە ژوورەکانی کۆشکی دۆڵمە باخچەدا، گوللەیەکی لەسەر دڵی خۆیدا و خۆی کوشت.

بەدرێژایی ئەو ڕۆژو شەوی دواتر، بێدەنگییەکی کوشندە باڵی بەسەر شاردا کێشابوو. ئەو هەیکەل و وێنانەی ڕێبەری کۆچکردوو کە لە گۆشەو کەناری شارو لە جامخانەی هەموو دوکانێکدا بەرچاوی دەکەوتن، پەڕۆی ڕەشیان لێ ئاڵێندرا. سێ شەو و سێ ڕۆژ تەرمی ئەتاتورکیان لە کۆشکی دۆڵمەباخچەدا هێشتەوە بۆ ئەوەی خەڵک ببینن. تابوتە عەبەنووسەکەی ئاڵای تورکیای پێ دادرابوو و، چوار ئەفسەر بە شمشێری هەڵکێشراوەوە ئێشکەیان لێدەگرت و بەسەدان هەزار ئافرەت و پیاو بەگریان و ڕۆڕۆوە بە تەنیشتیدا ڕادەبوورین. زۆربەیان کە پەیتا پەیتا وشەی *«ئاتا، ئاتا»*یان دووپات دەکردەوە، هەرگیز باوکی خۆیان بەچاوی خۆیان نەدیبوو.

بەڵام لەو جێگەیەیرا کە لە قوستەنتەنییەدا هیچکەس ناتوانێ خۆی لە مێژووی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کەسەردەمێک دەسەڵات و هێزەکەی دنیای دەلەرزاند بدزێتەوە، ئەو خەڵکە زۆرەی کە بۆ ڕێزلێنان لە تەرمی باوکی تورکیا پێیان دەنایە کۆشکەوە، ستایشی باخە سەرسەوزو تالارە پڕشکۆکانی کۆشکی سوڵتانەکانی عوسمانیان دەکرد. دیار نییە ئاخۆ دەبێ چەند کەسیان زانیبیان کە ئەو گوڵانەی کە لە باخچەکانی سەر ڕێگایان دەیانبینن، لە زەوییەکدا چێندراون کە (٥٠٠) ساڵ پێشتر بەهۆی ١٦ هەزار کۆیلەی مەسیحییەوە ئامادەکراوە وژێندراوەتەوە.

تەرمی ڕێبەری تورکیا لە تالاری تەختی سەڵتەنەت ولەژێر میچێکی گومەزی دا، داندرابوو کە بەدەستی عەبدولەجیدی دەست بڵاوەوە، واتا هەمان ئەو کەسەی کە بە میعمارەکەی گوتبوو دەمەوێ کۆشکێکم بۆ دروست بکەی لە دنیادا نموونەی نەبێ، بنیادنرابوو. لەهەمان ئەو تالارەیدا کە شەربەتیان لە پەرداخی زێڕدا دەخواردەوەو دواتر عەبدولەجیدی بەدبەخت و ترسنۆک تێیدا پێشوازی لە ئیمپراتۆری ئەڵمانیا کردبوو، بەڵام لە ترسی ئەوەی ژەهر خوارد بکرێ، خۆی تەنها پلاوێکی ساکاری لێندراوی چێشتخانە تایبەتیەکەی خۆی خواردبوو.

دوای سێ ڕۆژ تەرمی ئەتاتورکیان لە کۆشکی سوڵتانەکان بردە دەرو مەراسیمی ناشتنی ڕەسمییان بۆ ئەنجامدا. سەرانسەری شەقامەکانی قوستەنتەنییەو تەنانەت لق و پۆپی درەختەکان و منارەی مزگەوتەکانیش خەڵکیان پێوەبوو و ڕەش دەچوون. هەموان دەیانویست تەنانەت ئەگەر بۆیەکجاریش بێت، چاوێکیان بەتابوتی باوکی تورکیای نوێ بکەوێ. تابوتەکەیان لەسەر تۆپێک دانابوو و ئەفسەرانی سوپا لە تەنیشتیەوە دەڕۆیشتن. لە پشت ئەوانەوە ئەفسەرێک تەنها یەک نیشانی مستەفا کەمالی لەسەر بالیفێک دانابوو و بەدوای تابوتەکەدا دەڕۆیشت، ئەو نیشانەش هی شەڕەکانی سەربەخۆیی بوو.

لەکاتێکدا کە مەوکیبی بەخاک سپاردنی تەرمەکە هێدی هێدی ڕێگەی دەبڕی، لەبەرامبەر بینایەکی کورتی لەبەرد دروستکراودا تێپەڕی و ئەو شوێنەش ئارامگەی خەیرەدینی ڕیش سوور، ئەمیرولبەحری بەناوبانگ بوو کە لەسەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونیدا دەریای ناوەڕاستی کرد بۆ بە دەریاچەیەکی تورکی. ئەویش وەک ئەتاتورک بێ بەزەیی و دڕندەو دڵڕەق بوو، بەڵام بەیەکێ لە گەورەترین کەسایەتییەکانی سەردەمی خۆی لەقەڵەم دەدرا کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لەبنیادنانی ئیمپراتۆرییەتدا هەبوو.

مەوکیبەکە گەیشتە سەر ئەو پردەی کە لەسەر کەنداوی داردانێل دروووست کرابوو، لێرەدا مەوکیبەکە بۆماوەیەکی کورت ڕاوەستاو لەوماوەیەدا تەرمی ئەتاتورکیان لەسەرووی زەوییەکی شێوە سێگۆشە دانا کە سەرای کۆنە سوڵتانەکانی پێک دەهێناو دنیایەک کتێبی مێژوویان لەبارەوە نووسیووە. ئێرە هەمان ئەو شوێنە بوو کە ڕوکسلانە، سوڵتان سلێمانی ناچارکرد مارەی بکات و پیلانی لە دژی کوڕە خۆشەویستەکەی سوڵتان سلێمان گێڕاو بە کوشتی دا، ئێرە شوێنێک بوو کە محەمەدی سێیەم نۆزدە برای خۆی تێدا خنکاندو مورادی چوارەم لەماوەی یەکساڵدا (٢٥) هەزار کەس لە هاووڵاتیانی خۆی تێدا لەسێدارەداو هەندێکیانیشی بەدەستی خۆی کوشت. ئەگەر یەکێ لەوانەی کە بەدوای تەرمەکەی مستەفا کەمالەوە بوو بە وردی لەو شوێنەی بڕوانیبایە کە پێشتر حەرەمسەرای سوڵتانی لێ بوو، دەیتوانی پەنجەرەکانی ئەو ژوورەی قاتی سەرەوە ببینێ کە ئیبراهیم (٢٢) ساڵی تەمەنی خۆی تێدا بەسەربردبوو.

ئەتاتورک وەسیەتی کردبوو لە ئانکارا خۆشەویستەکەیدا بینێژن، بۆیە بڕیاریاندا سەرەتا بە کەشتی تەرمەکەی ببنە بەندەری ئیزمیت کە کەوتبۆ سەرکەناری ڕۆژهەڵاتی دەریای مەرمەڕەوە. تەرمی مستەفا کەمال سواری کەشتییەکی جەنگی تورکی کراو دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە گەیەندرایە ئیزمیت و لەوێشەوە سواری شەمەندەفەری تایبەتی سەرۆک کۆمار کراو بەرەو دەشت و دۆڵەکانی ئەنادۆڵ کەوتەڕێ. ئێرە بەلانکی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەژمێردرا کە تێیدا مورادی چوارەم لەماوەی ١١٠ڕۆژدا پێیدا تێپەڕی بوو و گەیشتبۆ بەغداو، لەوێ لە شەڕێکی دەستەویەخەدا بەدەستی خۆی ئازاترین ئەفسەری سوپای ئێرانی کوشتبوو و (٦٠) هەزار کەس لە دانیشتوانی بەغداشی قەتلوعامی کردبوو. هەر لەو شوێنەدا کە

ئێستا لەوپەڕی بێدەنگیدا، تەرمی ئەتاتورک گوزەری دەکرد، ئەتاتورک یۆنانییەکانی لەشەڕی چارەنووسسازی ساکاریادا بەچۆک داهێنابوو و، دواتر لە تەنیشت لوتکە پڕ لە بەفرەکانی کێوەکانی ئۆلۆمپەوە کە چەندین سەدە سەهۆڵی پێویستی سوڵتانەکانی دابین دەکرد، سەربازەکانی خۆی ڕووەو قوستەنتەنییە ڕێبەرایەتی کردبوو، هەر لێرەوە بوو کە ئەتاتورک هێزەکانی خۆی بردە داردانێل و ملی پێ لەبەرملی هێزە داگیرکەرەکانی ئینگلیز نان و، بەبێ خوێنڕێژی لە چاناک کالێ ی وەدەر نان.

لۆرد کین ڕاس کەیەکێ لە باشترین ژیاننامەنووسانی ئەتاتورکە، نووسیویەتی: *«لەو شەوەدا، بەهەزارن کەس لە لادێ نشینەکانی ئەنادۆڵ، گوندەکانی خۆیان بەجێ هێشتبوو و لەولاو ئەولای هێڵی شەمەندەفەر کۆببوونەوەو چاوەڕێی ئەو شەمەندەفەرەبوون کە «باوکیان»ی تێدابوو، ئەوان شاپلیتەکانی خۆیان ڕادەوەشاندو بەشە نەوتە کەمەکەی خۆیان دەڕشتە سەرزەوی و ئاگریان تێ بەردەدا تا بەڵکو بتوانن بە باشی شەمەندەفەری هەڵگری ئەتاتورک کە بە بەرامبەریاندا تێپەڕ دەبێ، باشتر ببینن.»*

شەمەندەفەری نێوبراو بەرەو شارێک دەچوو کە تێیدا ئەتاتورک ئەویندارێ لەگەڵ فکرییەی مەلولدا کردبوو و ئەو ئافرەتە بەدبەختە لەوێ بە شێوەیەکی مەینەتبار مردبوو. دواتر لەتیفەی هێنابوو و وەک دوو هاوسەری خۆشبەخت تێیدا نیشتەجێ ببوون و دوای ماوەیەک ئەویشی لەوێ تەڵاق دابوو. شارێک کە مستەفا کەمال هاوکات لە گەڵ لە سێدارەدانی (١١) کەس لە هاوڕێیە دێرینەکانی، میواندارییەکی پڕشکۆی تێدابەرپاکردبوو و بەڕابواردنەوە خەریک ببوو.

شەمەندەفەری سەرۆکایەتی، تەرمی ئەتاتورکی دەبردە گوندێکی نێو کێوەکانی ئەنادۆڵ کە خۆی کردبوویە پایتەختی ئەو تورکیا نوێیەی کە دایمەزراندبوو. ئەو دەستی بەسەر ئیمپراتۆرییەتێک داگرت کە بە ئازایەتی و نەبەردی درووست ببوو و بەهۆی گەندەڵییەوە لەبەریەک هەڵوەشابۆوەو بەقەولی کین ڕاس: *«لەماوەی ١٥ ساڵدا لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە گەیاندبوویە ئاستانەی دنیای نوێ و تەنانەت ئەولاتریشی.»*

* * *

کۆتایی خەونەکە

ئێستاکە، هەموو شتێک گۆڕانی بەسەردا هاتووە. شاری پڕ لە جەنجاڵ و هەراو هۆریای ئەستەمبوڵ بە دووپردی هەڵواسراوەوە کەبەسەر کەنداوی داردانێلدا لێدراون، هێندە نیگەرانی ئاییندەیە کە دەرفەتی ئەوەی نییە بیر لە ڕابردوو بکاتەوە. لە ڕوانگەی دەوڵەتە مۆدێرن و بە ڕووخسار ڕۆژئاواییەکەی تورکیا، مێژووی ئەو وڵاتە بە ئەتاتورک دەست پێ دەکات و لە ڕوانگەی خەڵکی سەر شەقام و نێو کۆڵانەکانیش، دەرباری پڕشکۆی سوڵتانەکان هی سەردەمی ڕابردوون.

لە ڕۆژانی گەرم و خۆرەتاویی هاویندا، مامۆستاکان پۆ پۆل قوتابیە چەنەبازەکانی خۆیان بۆ دیتنی حەوشەوبانی ساختومانە پەڕاگەندەکانی کۆشکی سوڵتان دێنن کە ئێستاکە بووەتە مۆزەخانەی *«تۆپکاپی»*.

ئەوانیش وەکو هاوکارانیان لە وڵاتانی دیکە کە منداڵەکان بۆ گەشتی زانستی و سەردانی مۆزەخانەکان دەبەن، ماندوو دیارن و بە دڵنیاییشەوە منداڵەکان ئەم گەشتە وەک وانەیەکی پرەکتیکیی مێژوو لەقەڵەم نادەن و بگرە بەلای ئەوانەوە ئەو ڕۆژە ڕۆژێک بووە کە توانیویانە لە قوتابخانەو ئامادەبوون لەسەر پۆل ڕزگاریان بێ.

هێشتا نێوی قوستەنتەنیە بەگوێی دانیشتوانی ئەستەمبۆڵ ئاشنایەو نامۆنییە، بەلام لە کاتێکدا کە ئۆتۆمبێلەکانیان بەهۆڕنی نەپساوە و برێکە بەردەوامەکانیان لە گۆشەیەکی نزیک مزگەوتی ئەیاسۆفیا، یان لە تەنیشت عەمباراوی هەزار ستون ڕادەگرن، هێندە بەهاتوچۆی هاووڵاتیان قەرەباڵغیی بازاڕەکەوە خەریکن کە دەرفەتی ئەوەیان نییە بە وردی سەرنجی دەوروبەری خۆیان بدەن.

ڕەنگبێ ئەو گەڕیدانەی کە بە کۆمەڵ دەکەونە دوای ڕێبەرە زمانزانەکانیان و بە کۆریدۆرە تاریک و ژورە ڕووناک و ڕوو لە هەتاوەکانی حەرەمسەرای سوڵتانەکاندا تێپەڕدەبن، بۆ وەرگرتن و تێگەیشتن لە مێژوو ئامادەگییەکی باشتریان هەبێ. ئەوان بە کتێبی ڕێبەر و هاوێنە فۆتۆگرافییەکانیان، گەشتێک بەنێو مەملەکاتی پڕشکۆی ڕابردوودا دەکەن کە لە دنیای نوێماندا هەموو شتێکی لەنێوچووە.

لەو گۆڕەپانەیدا کە کاتی خۆی بیزانسییەکان پێشبڕکێی تاودانی ئەسپیان تێدا سازدەداو سوڵتان موراد بە کەوانەکەی خۆی تیرێکی لەو گۆشەیەوە بۆ ئەو گۆشەی هاوێشت، کۆمەڵی تەختی بەردین دەبیندرێن کە بەدەگمەن خەڵک لەسەریان دادەنیشێ؛ چونکە گۆڕەپانی نێوبراو ڕەونەقی ڕابردووی نەماوەو کاول بووە. لەگۆشەیەکیدا تاقمە منداڵێکی سەر بزێو تۆپێن دەکەن. پیرەژنێک لەسەر تەختێکی بەردێن دانیشتووەو بەدەستێکی دان دەداتە کۆترەکان ودەستەکەی دیکەشی لەسەر لەچەکەکەی سەریەتی تا ئەگەر لە پڕێکا وێنەگرێک لێی نزیک بۆوەو ویستی وێنەی بگرێ، ڕووی خۆی لێ بگرێتەوە.

لەژێر هەتاوی سووتێنەری هاویندا، هەندێ جار مارمێلکەکان سەریان لە کەلێنی ئەو بەردانەی کە لەسەردەمی قوستەنتەنییەوە ماون دەردێنن و، بەنیگایەکی ماتی وەک نیگای مردووەکان، چاوەڕێی ڕاوکردنی گیانلەبەرێکی بچوک دەکەن و هەر کەڕاویشیان کرد، دەستبەجێ بە قەڵشتەکانی حەسارە درزاوییەکەی شاردا ڕۆدەچنەوە.

جاری وایە زۆر زەحمەتە مرۆڤ لەبەر سێبەری مزگەوتە جوان و پڕشکۆکانی ئەستەمبوڵ دانیشێت و بیر لەوە بکاتەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم شارە دڵی ئیمپراتۆرییەتێکی بەهێز بووە کە دنیای ڕۆژئاوا لەبەری لەرزیووە. ڕەنگبێ سەرەڕای چەندین سەدە گەورەیی، سەرکەوتن، ستەمکاری، پیلانی ئافرەتانی حەرەمسەراو بەدبەختی و بێ بەشیی ملیۆنەها کەس لە دانیشتوانیشی، لەخەو خەیاڵ پتر هیچی دیکە نەبووە.

کۆتایی

پەراوێزەکان

١- ئەگەرچی کۆمیتەی ئیتیحاد و تەرەقی لە هەندێ بواردا ڕێگەی دەدا کە تورکە پیرەکانیش لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا پۆستیان هەبێ، بەڵام لە کۆی گشتیدا دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە دەست تورکە لاوەکان دابوو.

٢-بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی دەوڵەتی ئەڵمانیا. تەلگرافی وانگنهایم بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا، ژمارە:٤٠٤ ڕێکەوتی ٢ ی ئابی ساڵی ١٩١٤.

٣-تەلعەت لە یەکێ لە دیدارەکانی لە گەڵ باڵوێزی ئەمەریکا،ناوەرۆکی یەکێ لەو تەلگرافانەی بۆ باڵوێزی ئەمەریکا خوێندبۆوە کە لە واشنتۆنەوە بۆ باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە قوستەنتەنیە نێردرابوو و هێشتا نەگەیشبۆ دەستی مۆرگنتاو و ئینجا بە خۆشحاڵییەوە درێژەی پێدابوو و گوتبووی:« حەتمەن ئەو تەلگرافەتان بەدەست دەگات؛ چونکە من فرمانم داوە دوای ئەوەی تەلگرافەکانی ئێوەم خوێندەوە، پێش هەموان هی ئێوە بگەیێننە دەستتان.»

٤-ئەنوەر دوای ماوەیەک چووە ڕوسیا و لە ساڵی ١٩٢٢ لە کاتێکدا کە لەدژی سوپای سوور سەرکردایەتی تاقمێکی دژ بە شۆڕشی دەکرد، لە تورکستان کوژرا. تەلعەت لە ساڵی ١٩٢١ لە بەرلین بە دەستی ئەرمەنییەکان کوژرا و جەمالیش چووە ئەفغانستان و لەوێ بە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی سوپای ئەو وڵاتەوە خەریک بوو، بەڵام ئەویش لە ساڵی ١٩٢٢ لە تەفلیس تیرۆر کرا.

٥-وەحیدەدین چوارەمین کوڕی سوڵتان عەبدولمەجید بوو کە دوای موراد، عەبدولحەمید و ڕەشاد کرا بە سوڵتانی عوسمانی.

٦- لە ساڵی ١٩٢١ دا، ئەو ئەفسەرانەیان لە گەڵ ئەو نوێنەرانەدا گۆڕییەوە کە پێشتر هاوپەیمانان بەرەو دوورگەی ماڵتا دووریان خستبوونەوە.

Books consulted

Abbott, G. F., *Turkey, Greece and the Great Powers* (London: Robert Scott, 1917).
Ahmad, Feroz, *The Young Turks* (Oxford University Press, 1969).
Alderson, A. D., *The Structure of the Ottoman Dynasty* (Oxford University Press, 1956).
Anderson, M. S., *The Eastern Question 1774–1923* (London: Macmillan, 1966).
Armstrong, Harold, *Turkey in Travail* (London: John Lane, 1925).
Armstrong, H. C., *Grey Wolf (Mustapha Kemal)* (London: Arthur Barker, 1932).
Barker, Capt. B. Granville, *The Passing of the Turkish Empire in Europe* (London: Seeley Service, 1913).
Barker, Thomas M., *Double Eagle and Crescent* (New York University, 1967).
Benjamin, S. G., *The Turk and the Greek* (New York, 1867).
Benson, E. F., *Crescent and Iron Cross* (London, 1918).
Bierstadt, E. H., *The Great Betrayal* (London: Hutchinson, 1924).
Blanch, Lesley, *The Wilder Shores of Love* (London: John Murray, 1954).
Brandier, M., *The History of the Imperial Estate of the Grand Seigneur* (London, 1635).
Busbecq, Ogier Ghiselin de, *Turkish Letters* (Oxford University Press, 1927).
Cassels, Lavender, *The Struggle for the Ottoman Empire* (London: John Murray, 1966).
Castle, Wilfrid T. F., *Grand Turk* (London: Hutchinson, 1943).
Cavavelas, J., *The Siege of Vienna* (Cambridge University Press, 1925).
Chishull, Rev. Edmund, *Travels in Turkey and Back to England* (London, 1747).
Coeck, Peter, *The Turkes in MDXXXIII*, ed. Sir William Maxwell (privately printed, 1874).
Coles, Paul, *The Ottoman Impact on Europe* (London: Thames & Hudson, 1968).
'Consul's Daughter and Wife, A', *The People of Turkey*, 2 vols (London: John Murray, 1878).
Covel, Dr John, *Early Voyages and Travels in the Levant* (Cambridge: Hakluyt Society, 1893).
Cowles, Virginia, *The Russian Dagger* (London: Collins, 1969).
Creasy, Sir Edward, *History of the Ottoman Turks*, 2 vols (London, 1878).
Cuddon, J. A., *The Owl's Watchsong* (London: Barrie & Rockliffe, 1960).
Davey, R., *The Sultan and His Subjects* (London, 1897).
Davis, Fanny, *The Palace of Topkapi* (New York: Charles Scribner's Sons, 1970).
Davis, W. S., *A Short History of the Near East* (London: Macmillan, 1923).
Davison, Roderic H., *Reform in the Ottoman Empire* (Princeton University Press, 1953).
Devereux, Robert, *The First Ottoman Constitutional Period* (Baltimore: Johns

Hopkins University Press, 1963).
Djemal Pasha, *Memories of a Turkish Statesman 1913–1919* (London: Hutchinson, 1922).
Donaldson, H. E., *Ibrahim Pasha* (New York: privately printed for a Columbia University thesis, 1911).
Edmonds, C. J., *Kurds, Turks and Arabs* (Oxford University Press, 1957).
Efendi, Evliya, *Narrative of Travels in Europe, Asia and Africa in the Seventeenth Century*, 3 vols (London: Oriental Translation Fund, 1834, 1846, 1850).
Elliot, Sir Charles, *Turkey in Europe* (London: Edward Arnold, 1900).
Elliott, Frances, *Diary of an Idle Woman in Constantinople* (London: John Murray, 1893).
Ellison, Grace, *Turkey Today* (London: Hutchinson, 1928).
Emin, Ahmed, *Turkey in the World War* (New Haven, Conn: Yale University Press, 1958).
Eton, W., *A Survey of the Turkish Empire* (London, 1801
Eversley, Lord, and Chirol, *The Turkish Empire from 1288 1914–1922* (London: T. Fisher Unwin, 1922).
Farley, J. L., *Modern Turkey* (London, 1872).
Finlay, George, *History of Greece* (Oxford University Press, 1877
Flachat, *Observations sur le Commerce et sur les arts d'une Partie de l'Europe, de l'Asie, de l'Afrique et même des Indes Orientales* (Lyon, 1766).
Freeman, Edward A., *The Ottoman Power in Europe* (London, 1877).
Froembgen, Hans, *Kemal Ataturk* (London: Jarrolds, 1937).
The Fugger News Letters, 2 vols (London: John Lane, 1924, 1926)
Furneaux, Rupert, *The Siege of Plevna* (London: Anthony Blond, 1958).
Garnett, Lucy M., *Turkey of the Ottomans* (London: Putnam, 1911).
Gibbons, H. A., *The Foundation of the Ottoman Empire* (Oxford University Press, 1916).
Graves, Philip P., *Briton and Turk* (London: Hutchinson, 1941).
Grosvenor, E. A., *Constantinople*, 2 vols (London, 1895).
Hammer, Joseph von, *History of the Ottoman Empire* (Paris, 1841).
Harington, Gen. Sir Charles, *Tim Harington Looks Back* (London: John Murray, 1940).
Harvey, A. J., *Turkish Harems* (London, 1871).
Haslip, Joan, *The Sultan: the Life of Abdul Hamid* (London: Cassell, 1958)
Hemingway, Ernest, *The Fifth Column* (London: Jonathan Cape, 1939).
Hepworth, Rev. George, *Through Armenia on Horseback* (London, 1898).
Herbert, W. V., *The Defence of Plevna* (London, 1895).
Housepian, Marjorie, *The Smyrna Affair* (New York: Harcourt Brace Jovanovich, 1966).
Hubbard, G. E., *The Day of the Crescent* (Cambridge University Press, 1920
Hutton, W. H., *Constantinople* (London: Dent, 1900
Jarman, T. L., *Turkey* (Bristol: Arrowsmith, 1935
Jones, D., *A Compleat History of the Turks*, 3 vols (London, 1701
Kritovoulos, *The History of Mehmed the Conqueror* (Princeton University Press, 1954
Kemal, Ismail Bey, *Memoirs* (London: Constable, 1920
Kinross, Lord, *Ataturk, the Rebirth of a Nation* (London: Weidenfeld & Nicolson, 1964
Knolles, Richard, *The History of the Turkish Empire 1679–99* (London, 1700

[illegible], *The March of the Barbarians* (London: Robert Hale, 1941).
— [illegible] (London: Robert Hale, 1952).
[illegible] *Turkey* (London, 1888).
[illegible] (London, 1890).
[illegible] *Turkey, Its History and Progress from the Journals of Sir James* [illegible]
[illegible] *of Modern Turkey* (Oxford University Press, 1961).
[illegible] (London: Ernest Benn, 1955).
Lewis, [illegible], *Everyday Life in Ottoman Turkey* (London: Batsford, 1971).
Luke, Sir Harry, *The Making of Modern Turkey* (London: Macmillan, 1936).
— *The Old Turkey and the New* (London: Geoffrey Bles, 1955).
Lusignan, Princess Anne de, *The Twelve Years Reign of Abdul Hamid II* (London, 1889).
Lybyer, A. H., *Government of the Ottoman Empire in the Time of Suleiman the Magnificent* (Cambridge, Mass., Harvard University Press, 1913).
McCoan, J. Carlile, *Our New Protectorate: Turkey in Asia*, 2 vols (London, 1879).
MacFarlane, Charles, *Turkey and Its Destiny*, 2 vols (1850).
Mango, Andrew, *Turkey* (London: Thames & Hudson, 1968).
Maxwell, Sir Robert, *Life and Letters of the 4th Earl of Clarendon* (London: Edward Arnold, 1913).
Mayes, Stanley, *An Organ for the Sultan* (London: Putnam, 1956).
Melling, A. I., *Voyage Pittoresque de Constantinople* (Paris, 1819).
Menzies, Sutherland, *Turkey Old and New*, 2 vols (London, 1880).
Merriman, R. B., *Suleiman the Magnificent* (Cambridge, Mass.: Harvard University Press, 1944).
Mikusch, D. von, *Mustapha Kemal between Europe and Asia* (London: Heinemann, 1931).
Miller, Barnette, *Beyond the Sublime Porte* (Newhaven, Conn.: Yale University Press, 1931)
— *The Palace School of Muhammed the Conqueror* (Cambridge, Mass.: Harvard University Press, 1941).
Miller, William, *The Ottoman Empire and Its Successors 1801–1927* (Cambridge University Press, 1927).
Montagu, Lady Mary Wortley, *Complete Letters* (Oxford University Press, 1965).
— *Letters during Travels* (London, 1789).
Moorehead, A., *Gallipoli* (London: Hamish Hamilton, 1957).
Morgenthau, Henry, *Secrets of the Bosporus* (London: Hutchinson, 1918).
Mourad, Bey, *Le Palais de Yildiz et la Sublime Porte* (Paris, 1897).
Muller, Herbert J., *The Loom of History* (London: Museum Press, 1959).
Mundy, Peter, *The Travels of Peter Mundy in Europe and Asia 1608–1667* (Cambridge: Hakluyt Society, 1907).
Nicolson, Harold, *Lord Carnock: a Study in the Old Diplomacy* (London: Constable, 1930).
Oeconomos, Dr Lysimachos, *The Martyrdom of Smyrna and Eastern Christendom* (London: Allen & Unwin, 1922).
Orga, Irfan and Margarete, *Ataturk* (London: Michael Joseph, 1962).
Osman Bey, *La Turquie sous Abdul Aziz* (Paris, 1868).
Pallis, Alexander, *In the Days of the Janissaries* (London: Hutchinson, 1951).
Pardoe, Miss, *The City of the Sultan*, 2 vols (London, 1837).
Pears, Sir Edwin, *Life of Abdul Hamid* (London: Constable, 1917).

Penzer, N. M., *The Harem* (London. Spring Books, 1966).
Porter, Sir James, *Turkey, Its History and Progress*, 2 vols (London, 1854).
Postel, Guillaume, *De la République Turke* (Poitiers, 1560).
Ramsaur, E. E., *The Young Turks* (Princeton University Press, 1957).
Ramsay, Sir William, *Impressions of Turkey* (London, 1897).
— *The Revolution in Constantinople and Turkey* (London: Hodder & Stoughton, 1919).
Ranke, Leopold, *The Ottoman and Spanish Empires in the Sixteenth and Seventeenth Centuries* (London, 1843).
Reis, Sidi Ali, *The Travels and Adventures of Admiral Reis* (London, 1899).
Remak, Joachim, *Sarajevo* (London: Weidenfeld & Nicolson, 1959).
Remaleddin Bey, D. J., *Sultan Murad V* (London, 1895).
Rosendale, Rev. H. G., *Queen Elizabeth and the Levant Company* (Oxford University Press, 1904).
Rycaut, Sir Paul, *History of the Turkes to 1699* (London, 1700).
Sanders, Liman von, *Five Years in Turkey* (Annapolis: U.S. Naval Institute, 1928).
Shah, Ikbal Ali, *Kemal - Maker of Modern Turkey* (London: Herbert Joseph, 1934).
Sherley, Sir Thomas, *Discours of the Turkes* (London: Royal Historical Society, 1936).
Smith, Albert, *A Month in Constantinople* (London: David Bogue, 1851).
Stoye, John, *The Siege of Vienna* (London: Collins, 1954).
Sykes, Sir Mark, *The Caliphs' Last Heritage* (London: Macmillan, 1915)
Thornton, Thomas, *The Present State of Turkey*, 2 vols (London, 1809).
Tott, Baron de, *Mémoires* (London, 1786)
Trumpener, Ulrich, *Germany and the Ottoman Empire* (Princeton University Press, 1968).
Tugay, E. F., *Three Centuries* (Oxford University Press, 1967).
Upham, Edward, *History of the Ottoman Empire till 1828*, 2 vols (Edinburgh, 1829).
Walder, David, *The Chanak Affair* (London: Hutchinson, 1969).
Weber, Frank G., *Eagles on the Crescent* (Ithaca, N.Y.: Cornell University Press, 1970).
White, Col. Charles, *Three Years in Constantinople*, 3 vols (London, 1845).
Withers, Robert, *Edited Version of Grand Seigneur's Seraglio* (London, 1650).
Wittek, Paul, *The Rise of the Ottoman Empire* (London: Royal Asiatic Society, 1938).
Wittlin, Alma, *Abdul Hamid, Shadow of God* (London: John Lane, 1940).
Wortham, H. E., *Mustafa Kemal* (London: Holme Press, 1930).
Young, George, *Constantinople* (London: Methuen, 1926)

Documents

Bon, Ottaviano, *A Description of the Grand Seignor's Seraglio* (Venice, Library of St Mark, 1625).

Brassey, Thomas, M.P., *The Eastern Question* (London, 1877).

Brown, Joseph, Q.C., *The Idolatry, Superstition and Corruption of the Christians of Turkey* (London, 1877).

Chishull, Rev. Edmund, *Antiquitates Asiaticae* (London, 1728).

Constantinople reports 1730; Constantinople reports 1736 (Public Record Office 97/26 and 97/28).

Cooper, Joseph, *Turkey and Egypt* (*Consular Reports on the Slave Trade*) (London, 1876).

Dispatches from Envoys in Constantinople, Vienna, St Petersburg and Paris (Public Record Office 97/25-31; 80/54-8; 78/207-21).

'The Armenian Question', speech, 1898

The Bulgarian Horrors (London, 1876)

Gladstone, W. E., M.P., 'The Eastern Question', speech, 1877.

Lessons in Massacre, Conduct of Turkish Government in Bulgaria (London, 1877).

Greek Atrocities in Turkey (Constantinople: Ministry of Interior, 1921).

Hierosolimitano, Domenic, 'Relations della gran citta di Constantinopii' (MSS. Room, British Museum).

Lara, Chrysaphides and Rene, 'The Last Sultan of Turkey', *Nineteenth Century and After*, June 1909.

Parliamentary Papers on the Eastern Question (London: H.M.S.O., 1854).

Reports received from H.M. Ambassador and Consuls relating to the Christians in Turkey. Presented to House of Commons, 1867 (Public Record Office).

Richard, Henry, M.P., *Evidences of Turkish Misrule* (London: Eastern Question Association, 1877).

Taylor, Sedley, *The Conduct of H.M. Ministers on the Eastern Question* (London: Liberal Central Association, 1877).

Vambery, Arminius, 'The Future of Constitutional Turkey', *Nineteenth Century and After*, March 1909.

'Personal Recollections of Abdul Hamid and His Court', *Nineteenth Century and After*, June 1909.

'Vindex Veritatis', *That Unconscionable Turk* (London, 1877).

وێنەکان

وێنەیەکی ڕوکسلانە کە لەلایەن نیگارکێشێکی ڕۆژئاواییەوە کێشراوەتەوە

مەوکیبی سوڵتان سلێمانی قانونی کە سەربازانی یەنیچەری لەگەڵدا دەبیندرێن



خەیرەدینی ریش سوور «بارباڕۆسا» کە بە کاپودان پاشا بەنێو بانگ بوو

دیمەنی کوشتنی مستەفای کوڕی سلێمانی قانوونی کە لەلایەن نیگارکێشێکی ڕۆژئاواییەوە کێشراوەتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا بەم شێوەیە نەبووە و، نێوبراو بە پەت خنکێندرا



سەرۆک وەزیران لە ساڵی ١٧٨٨ لە تاوڵەکەی خۆیدا پێشوازی لە باڵیۆزی بەریتانیا دەکات

ئێمێ دوبوک دوریۆری

مەراسیمی بەڕێکردنی بووک

چەنەلێدان لەسەر نرخی کچان لە بازاڕی کۆیلەفرۆشیی قوستەنتەنییە

سولتان عەبدولحەمیدی یەکەم

عەبدولحەمیدی یەکەم لەکاتی چوونی بۆ نوێژی هەینی

سوڵتان مەحمودی دووەم

کۆشکی دۆڵمەباخچە

کەنیزەکە چەرکەسییەکان کە جوانترین ئافرەتانی حەرەمسەرا بوون و، سەردەمێک
لە کێڵگەی کۆیلەکاندا پەروەردە دەکران



مەراسیمی نوێژی هەینی لە مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم«مەلعون» دوا سوڵتانی
دیکتاتۆری عوسمانی لەکاتی پیریدا

ئەنوەر پاشا

کەمال ئاتاتورک و خاتو لەتیفەی هاوسەری



کەلیسای سەنت صوفی کە لە سەردەمی عوسمانییەکان کرا بە مزگەوتی ئەیاصۆفیا

ئەو تەختە بە مرواری ئەخشێندراوەی کە نادرشا لە هیند بە دەستکەوت هێنابووی
و، پێشکەشی کرد بە سوڵتانی عوسمانی

دیمەنێکی شاری قوستەنتەنییە کە لەبەشی پێشەوەدا، مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد بە شەش
منارەوە، گۆڕەپانی ئەسپ تاودان، مزگەوتی ئەیاصۆفیا و لە دوورتریش و لەو شوێنەی کە
گەرووی بسفۆڕ و دەریای مەڕمەڕە یەکدەگرنەوە، کۆشکی تۆپقاپی دەبیندرێن .



دیمەنێک لە مزگەوتی سولتان سلێمان کە کەوتۆتە تەنیشت کەنداوی داردانێل

دوابەدوای گۆڕینی ئەلفوبێ و بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی، ئەتاتورک بۆخۆی
کارمەندانی دەوڵەت لە بەکارهێنانی ئەم ئەلفوبێیە نوێیەدا تاقی دەکاتەوە

کتێبە چاپکراوەکانی دەزگا

١ – جوگرافیای کوردستان
٢ – نەژادی کورد
٣ – باڵە سیاسییەکان لە ئێران
٤ – کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی مووسڵ
٥ – اربیل ٨٨ هەولێر ٩٩
٦ – جمعیه خویبون
٧ – اماره بابان
٨ – اماره بوتان
٩ – اماره بادینان
١٠ – جیهانگیری
١١ – حقوق الانسان والمجتمع المدنی بین النظریه والتطبیق
١٢ – الفدرالیه وامکانیه تطبیقها فی العراق
١٣ – تەقریرستان
١٤ – شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاری دا
١٥ – کردستان – فی القرن الثامن الهجری
١٦ – فەرهەنگی لێک حاڵی بوون
١٧ – ئینسکلۆپیدیای ئابووری
١٨ – ئەودیوی مەرگ
١٩ – فریدریک نیتشە
٢٠ – چەند بابەتێکی ڕێزمان و زمان